لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

قاموسی زمانی کوردی

بەرگی دووەم



عبد الرحمن محمد أمين زەبیحی

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا

١٩٧٩

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

قاموسی زمانی کوردی

بەرگی دووەم



عبد الرحمن محمد امین زەبیحی

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا

١٩٧٩

خوێنەرانی خۆشەویست !

ئەوا بەرگی‌دووەمی « قامۆسی زمانی کوردی » کە بریتییە لە ووشەکانی دەنگی (ب) کەوتە بەردەستتان ، هیوام‌وایە زۆی ئەوەی هـەبێ و بەختـی ئەوەندە یاربێ کە لەریزی کتێبی‌کوردیدا شوێنێکی دەست‌کەوێ تێیدا ستار بگرێ ، یان بەجۆرێکی‌تر بڵێم کتێبی کوردی ئەوەندە دڵفراوان‌بن لەرێـزی خۆیاندا جێگای‌بکەنەوە •

بەرگی‌یەکەمی ئەم قامۆسە لەبەر گەلێ هۆیـان نرخـەکەی گران بو ، ئەمەش بۆیەنەبو کە من چاوم لەوەبوبێ لەم رێگایەوە قازانجێ بکەم بەلکو بۆ ئەوەی بو کە ئەوەندەی دەفرۆشرێ بتوانێ ببێتە دەسمایە بۆ چاپکردنی بەشەکانی‌تر ، چونکو خۆتـان دەزانن بـازاڕی کتێبی کوردی ئەوەنـدە تەنگەبەرە و هێندە تەنگ‌پێ‌هەڵچنراوە کەم کتێب هەیە مایەی خۆی دەرێنێ و کەم کتێب هەیە هەموی بفرۆشرێ و پارەکەی کۆبێتەوە • هەرچۆنێ‌بێ ئەوا ئەوجارە « کۆڕی زانیاری کورد » ئەم بەشەی لەسەر حیسابی خۆی چـاپ کرد و بێ‌گومان ئەمەش وەکو هەمو چاپکراوەکانی (کۆڕ) نرخی هەرزان دەبێ ، ئێوەی خۆشەویست دەتوانن بیکڕن و منیش گلەیی نرخ‌گرانیـم لەکۆڵ دەبێتەوە • بۆ بەرگی سـێیەمیش کە لەوانـەیە هەر دەنـگی (پ) بگرێتەوە ، خواکەرتمـە •



هێندێ سەرچاوەی دیکە کە بۆ ئەمبەشە کەلکیان لێوەرگیراوە

١/٨١ ــ **ئاسك** : (شانۆگەریەکی شیعریە لە پێنج تابلۆدا) ، شێرکۆ بێکەس، لە (چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد) بەغدا ، ١٩٧٨ [ئاسك] .

٢/٨٢ ــ **ئاگر و گوڵ** : خالید دلێر ، بەغدا ، ١٩٧٠ [ئاگر] .

٣/٨٣ ــ **دیوانی مەحوی** : (مەلا موحەممەدی کوڕی مەلاعوثمانی بالخی) لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا کەریم ، لە (چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد) بەغدا ، ١٩٧٧ [مەحوی] .

٤/٨٤ ــ **دیوانی وەفایی** : (میرزا عەبدوڕڕەحیمی سابلاخی) ، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی ، لە (چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد) ، بەغدا ، ١٩٧٨ [وەفایی] .

٥/٨٥ ــ **فرهنگ لری** : (فەرهەنگی زمانی لوڕی) ، گردآوردەء حمید ایزد پناه (انجمن فرهنگ ایران باستان) ، تهران ، ١٣٤٣ [لوڕی] .

هێندێکی دیکە لە کورتە نیشانەکانی ناوی : سەرچاوە ، دانەر و بڵاوکەرەوە کە لەم بەرگەی « قاموس » زیادکراون .

نیشانە	ناوی سەرچاوە ... و ژمارەی لە لیستەی سەرچاوەکاندا	
ئاسك	شانۆگەریەکی شیعریە لە پێنج تابلۆدا	٨١/١
ئاگر	کۆمەڵە شیعری مامۆستا خالید دلێر	٨٢/٢
بیکس	مامۆستا شێرکۆ بێکەس (شاعیرو ئەدیب)	ــ
دلێر	مامۆستا خالید دلێر (شاعیرو ئەدیب)	ــ
قزلجی	مامۆستا حەسەنی قزڵجی (نوسەر و ئەدیب)	ــ
لو	لوڕی (یەکێك لە بن لەهجەکانی لەهجەی جنوبی زمانی کوردی)	
لوڕی	فرهنگ لری ــ فارسی	٨٥/٥
مەحوی	دیوانی مەحوی	٨٣/٣
نێو	لەهجەی ناوەندی زمانی کوردی	ــ



١ ــ ب ــ یەکێکە لە دەنگەکانی زمانی کوردیٚ ، لەو ئەلفوبێتکەیەدا کە ئێستا کوردیٚ پیٚ دەنوسریٚ بە چوار شێوە خۆ دەنوێنیٚ : ١) لە سەرەتای ووشەدا (بـ) ، ٢) لە نێوەڕاستا (ـبـ) ، ٣) لە دوایی ووشەدا (ـب) ، ٤) بە سەربەخۆیی (ب) ، ناوی پیتی نیشانەی ئەم دەنگە (بیٚ)یە .

٢ ــ ب ــ (پێبف .)١ــ دەچێتە سەر ڕەگی فیعل و فیعلی ئەمری لیٚ دروست دەکا :: بخۆ ، بچۆ ، بلیٚ ، بنوسە ، بڕۆین ، بنوین . □ « ئەوە جلان دەشۆی دە بشۆ بشۆ ! » . تێب ــ لە جیرانەتیٚ هەندیٚ دەنگاندا ، دەنگی (پ)ی لێوە دێت . پخۆ ، پشۆ . ٢ ــ دەچێتە سەر ڕێشەی هەندیٚ مەصدەران و (ناو)یا (صفەتی فاعیلی)یان لیٚ پێکدێنیٚ :: بگێڕ ، لە (گێڕان) ، بگر ، لە (گرتن) ، بخۆر ، لە (خواردن) ، زۆربلە ، ڕەشبگێر ،(بلوێر) (بلۆر)، بکوژ . تێب ــ ئەو صفەتانەی بەم (پێبف .)ە دروست دەبن ڕەنگی (مبالغە)یان پێوەیە .

١ ــ با ــ (بن .) وەلامێکی ئیجابییە بۆ پرسیارێکی بەشێوەی (سەلبیٚ) بکریٚ :: ئەریٚ نەچویە مالی خالت ؟ ــ با . **بابا** تەئکیدێکی زیاتری تێدایە هەر بەو شێوەی سەرەوە :: هەر نەچویە لای دوکتۆر ؟ ــ با با چوم . ٢) وەلامێکە قسەیەکی پیٚ (نفی) دەکریٚ کە (نفی) کارێکی کردبیٚ :: تۆ بیٚ و ئەو کتێبەم بۆ ناهێنیتەوە ! ــ با با بۆت دێنمەوە مەترسە ! .

٢ ــ با ــ (ئم .) ئامرازی سوربونە لەسەر شتیٚ ، کاریٚ ، ... ...و ئەم مانایانە دەبەخشیٚ : بهێلە، لیٚبگەڕیٚ ، بهێلن ، لیٚبگەڕێن، :: با بڕۆین ، با بچن ، با سبەینیٚ بێتە لام ئیشەکەی بۆ جێبەجیٚ دەکەم،جا با واشی گوتبیٚ قەیدیٚ ناکا . ٢ ــ ئامرازی شەرتە :: با بابیٚبێنم خۆم دەزانم چیٚ پێدەلێم (ئەگەر دێتم .. هتد) . **دەبا** ــ (ئمت .) بۆ تەئکیدە لە هەردو حالەتەکەی سەرەوە دا :: دەبا بڕۆین ، دە با بیٚبێنم ★ (مک .) بلا/٢ .

٣ ــ با ــ [ست : ڤاتە ، یە : ڤات] ، (نا .) ١ ــ ئەنجامی بزوتنەوە و جولانی هەوایە ، کە لە ناوچەیەکی ئەوشار(ضغط) بەرزەوە بۆ لایەکی ئەوشار نزم ڕەوانە دەبیٚ ★ (بک .) با ، بیٚ . (فیـ.) باگ (لو .) بای . **بایوادە** ــ (نت .)

تە : بای وەعدە . **بای وەشت** — (نت .) بایەکی سۆکە کە بارانی بە دوادا دێت . **بای وەعدە** — [کو . عا .] ، (نت .) بایەکە هەژدە ڕۆژی بمێنێ بۆ نەورۆز هەڵدەکا و بەفر دەتوێنێتەوە □ « بای وەعدە بەفری بردەوە بەخبەندی کردەوە + خەملێوە گوڵ ، وە شەڕاژاتی جەمرە مردەوە » ، (حاجی : گم ، ل — ٣٣) ● **بە بایە و بە بارانێ لە عومری بەفرێ کەم دەبێتەوە** — (کن .) بە هەر بارێکدا بێ هەر زیان دەبێنێ ، کارێکی لە هەمو سەرێکەوە زەرەربێ .

نە بای دێوە و نە باران — (کن .) وەك هێچی لێ ڕۆنەدابێ و هێچی بەسەر نەهاتبێ تەمبێ‌گرتۆ نەبوە. **هەتا با لەم کونەوە بێ** — (کن .) تا حال بەو جۆرە بێ کە هەیە ، تا وەزع ئاوابێ . **بای باڵدان** — (مصت. لا.)پیاسە و ڕۆیشتنی لەسەرخۆ و بە نیازی ئیسراحەت و هەوا خۆری . ٢ — بەرهەمی جۆلاندنی هەوا بە ئامرازێکی دەسکرد :: بای پانکەش هەر گەرمە. ٣— گاز (غاز)ێکی لە زگی ئادەمیزاد و هەندێ گیانداری ترا ، لە دەروونی (دەزگای عەزم)دا کۆدەبێتەوە تێبـ — ئەم (غاز)انە ئەگەر لە (مەعدە)دا بن بە ڕێگای گەرۆدا (قرپ و قرقینە)و ئەگەر چۆبنە ناو (ڕێخۆڵە) کانیش ، ئەوا بە ڕێگای خوارەوەدا (تڕ ، تس) دەر دەچن :: منداڵەکە بایەکی لێ بۆوە دایکی چەپۆکێکی پێدا دا . ٤ — یەکێکە لەو چوار (عنصر)ەی کە زانایانی پێشو وایان دانابو هەمو شتێکی ئەم دنیایە دەچێتەوە سەر ئەوان (خاك ، ئاو ، ئاگر ، با) . ٥ — لوت‌بەرزێ ، غرۆر ● **بای ڕەگوێیان نێشتوە** — (کن .) خۆی لێ‌گۆڕاوە ، مەغرۆر بوە . **خۆ بادان** (مصد. لا.) ، أ) فێز و ئیفادە لە خۆ دیاری‌کردن ، دەعیە و تەکەبور فرۆشتن ، . ب) ڕاسان و تۆڕەبون بۆ پەلاماردانی کەسێ . ٦ — ئێش و ئازارێکی لە لەشی ئینساندا جێ‌گۆڕکێ دەکا و هەر جارە لە شوێنێکی سەر هەڵدەدا (تە : باداری). **بای مەمبارەك** — (نت.)، (مک.) تە : بای سور :: **سوری** محەممەدی خات بە سێ بای مەمبارەکێتی . **بای سۆر** — (نت.) ، (مک.) نەخۆشێکە تۆشی پێستی لەشی ئادەمیزاد دێت و دەی‌پەنمێنێ و ڕەنگی سورێکی مەیلە و مۆر هەڵدەگێرێ ، ئاوساویەکەی تا توێژی بنەوەی پێست دادەخزێ ، زیاتر لە دەم و چاو دەدا و یەك لەیەکی دەگرێتەوە، مێکرۆبی ئەم نەخۆشیە (ستریپتۆکۆك Streptocoque)ە و بە زاراوەی بژیشکی نەخۆشیەکە (ئیریسیپێل Erysipele)ی ناوە . ★ بای مەمبارەك . (سنـ .) بنەوشێ. (جنو.) بای سۆر . تێبـ — لە کوردەوارێدا بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشیە (چاك)ی تایبەتی لە گەلێ شوێنی کوردستان هەن ، نەخۆش لە ڕۆژێکی چوارشەممۆدا

دەچێتە سەر (چاك)ی و گیسك یا
کەڵەبابێ لە ناو (قسن)ەکەیدا
دەکۆژێتەوە و هەندێ لە گلی
سەر (چاك)ەکە تێکەڵ بە خوێنەکەی
دەکا و دەو جێگایانەی لەشی دەدا
کە بای سوری گرتوە . ٧ــ (مجـ.)
، ١) هێچ . ب) بێ‌فایدە .
□«ئەگەرچی قەنەکەی تۆ کاردەبایە»
« بەڵام تەرکی بکە ، ئەم کارە بایە »
(نالی : گـ ــ چ)
:: با هەر قسە بکا وەبزانە بای دێ.

٤ ــ با ــ (نا .) پێچ ، خول ،
باد □ « بای دەدا و بای دەدا » ::
بەنەکەی باداوە .

٥ ــ با ــ (نا .) قیمەتی شتێك ،
نرخ :: ئەم‌کتێبە بایی چەندە ، ئێمڕۆ
بایی نێو دینار هەر ماستیان کڕیوە
★ (بک .) بەها .

٦ ــ با ــ (نا .) ئارەزۆ و
هەوەسێکە لە (دێل) ی هەندێ
گیانداری چەشنی (سەگ) دا پەیدا
دەبێ و هەوای جوتبۆن دەگەڵ
(گۆڵ) دەکەوێتە سەری :: باغەباغە
وەبا هاتوە . تێبـ ، لە زمانی فارسێ و
عەرەبیدا (باە) بە مانای (هێزی
جنسێ) بۆ ئینسان بەکاردێت ،
بەڵام ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا
بۆ هەندێ گیانداری وەکو سەگ و بە
تایبەتیش بۆ سەگ بەکاردێت
★ (سنـ .) هۆك . هس : (لو .)
هۆك = وازوازی .

١ــ باب(نا.)، (مک.) ١ــ نێرینەی
ئادەمیزاد کە ژنی هێنابێ و منداڵی
بوبێ ، دەبێتە بابی منداڵەکان . ٢ ــ
(مجـ .) هەر ئەو حاڵەتەی ژمارە
(١) بۆ هەندێ گیانداری کەوێ وەکو
ئەسپ و . . . □ « لە ئێستریان
پرسێ بابت کێیە ؟ کوتی خاڵم
ئەسپە » ، (فۆلکلۆر) . تێبـ ــ
ئاوێستایێ هاو مانای ئەم وشەیە
زۆر گۆڕانی بەسەر هاتوە : پەتەر
پیتەر ، پتەر ، پیتهەر ، فیذر (تە :
یکد ، پد . جـ ٢ ، ل ــ ١١) و تەنیا
لە لەهجەی جنوبێ زمانی کوردیدا لە
قالبی (پیەر) و لەبن لەهجەی
سلەیمانیشدا لە وشەی
(باوەپیارە) دا دەبیندرێ ، کەچێ
زمانی فارسێ (پدر) و فرەنسێ
(پێر) و ئینگلیسی (فاذر)یان
پاراستوە. بەڵام ئەم وشەیە (١ــباب)
لە (پاپ)ی پەهلەوێ کەوتۆتەوە
(تە : ژابا ــ ٣٣) . هس : پاپەك،
پاپەکان ، بابەك ، بابەکان (بک .)
باڤ . (کعر .) باوك ، باو .
(جنو .) پیەر ، بۆوە .

٢ ــ باب ــ (صـ .) ، (کئیز.)
١ ــ شایان ، لایق (بۆ شتێك).
٢ ــ ڕێ‌وشوێن . ٣ ــ دەستە ،
جەماعەت :: نۆکەرباب
بابی ددان ــ (سنـ.) هەر خواردنێکی
بە دڵی ئینسان بێ ، هەر شتێکی
دەگەڵ سەلیقەی کەسێ ڕێك بکەوێ
★ باو ، مۆد .

٣ ــ باب ــ [عا .] ، (نا .)
١ ــ دەرگا ، دەروازە . ٢ــ بەشێکی
کتێب .

بابا ــ (نا .) ، (کك) ١ ــ تە :
باپیر . ٢ ــ کەس ، شەخس ::
بابایەکی وەکو شێرۆ چێ بەسەر ئەو
جۆرە کارانە داوە . ئێمە بابایەکی

فەقیرترین دانۆمان دەگەڵ ئـەوان نـاکولێ . ٣ ــ تمـ : بـابە / ٤ .
بابان ــ [١ ــ باب ١ + ٢ ــ ئان ١/] ، (نت.) ماڵە باوکی ئافرەتێك تێبـ ــ أ) ئەم ووشـەیە ئەگەرچی لە باری زمـانەوانییـەوە جەمـعی (باب)ە ، بەڵام قـەت بەم مانایە دەکار ناکرێ و ناگوترێ : (بابانـی ئەفراسیاو هەمۆی پیاوی چـاك بۆن) و بۆ ئەم مەبەستە (بـاب و باپیر ، بەکار دێت . ب) ئەم ووشـەیە بەم مانا مەجازیەشی کە بە تـەواوێ وەکۆ حەقیقی لێهاتوە ، تەنیا بـۆ ئـافرەت دەگوتـرێ . ★ باوان ● **بابـانت خـەرا (پ) بـێ** (کن .) تۆك و نزایە و تەنیا لە نـاو ژناندا باوە ، گەلێ جار هەر وەکـۆ قسەیەکی ئاسایێ دەگوترێ و لـە دڵان گران نایە ، بـەڵام لـە کاتـی دەمەقاڵێ و شەڕە دندۆکێدا بـە (جنێو) حیسـاب دەکرێ و شەڕەکـە بەتینتر دەکات. ★ بابانت شێوێ ، بابانت کوێربێتەوە . **بابانتشێوێ** ــ (کن.) تم : بابانت خرابێ . **بابانـت کوێربێتەوە** ــ (کن.) تم : بابانـت خرابێ .
بابان وێران ــ (صمف.) کەسێکی ماڵە بابی وێران بۆبێ . تێبـ ــ ئـەم ووشـەیە لە نـاو ئافرەتـاندا دەکار دەکرێ و شەرتێش نیە کە ئـەو ژنەی بـەم صفـەتە ڕۆی قسـەی تێدەکرێ بە ڕاستی تۆشی بەڵایەکی وا بۆبێ .
بابابردۆلە ــ [بابابردۆ+ئەڵە/١]، (صمف .) تم : بابردەڵە . تێبـ ــ لەم ووشـەیەدا (ۆ)ی ووشـەی (بابردۆ) دەگەڵ (ئە)ی (ئەڵە/١) تەرکیـب بوە و (ئۆ)ی لێ پەیدا بوە . تەنیـا خوالێخۆشبۆ مامۆستا گیـو ئـەم ووشـەیەی لە (مەهاباد)ا نۆسیوە .
بابردۆ ــ [٣ ــ با/١ + بردۆ] ، (صمف.) ، (مجـ.) هەر شتێـکی لەدەس دەرچۆبێ . ● **دوای کڵاوی بابردۆ** (کەوتن . . .) ، (کن.) کاری بێ نەتیجەکردن ، هەوڵدانێکی نەگاتە ئەنجـام .
بابردەڵە ــ [بابردۆ + ئەڵە/١]، (صمف.) ، (مکـ.) ١ــ هەر شتێکی سۆکەڵەی با بتوانێ ڕایڕفێنێ . ٢ــ (مجـ.) ئینسـانی بـێ تاقـەت و کزەڵۆکە . □ « منێش بابردەڵەی بەر گێژەڵۆکەم + دەمێك لەو قوڵکە، تاوێك لەو چڵۆکەم » ، (هێمن) . تێبـ ــ لەم ووشەیەدا (ۆ)ی ئـاخری (بابردۆ) دەگەڵ (ئە)ی سەرەتـای (ئەڵـە/١) تێـك هەڵەنگـۆتۆن و (ئە)یەکە (ۆ)یـەکەی داپۆشیـوە و لەناوی بردوە .
بابڕ ــ [٣ ــ با/١ + بڕ (بڕین)]، (صفا.) حاڵی سمێڵی زۆر گەورە و ئەستۆر .
بابنە پێچ ــ (نتـ .) ، (مکـ.) گیایەکی بۆنخۆشی لاسك سـەوزی بارێکی گەڵا ووردی بەهاریە ، گوڵی سپییە و لە ناوەڕاستیـا تـۆزێ زەردە و بۆنی خۆشە ، بۆ هەندێ داودەرمان بەکاردێـت ، زیـاتر گوڵەکەی ئیشك دەکرێ ، وەکۆ (چا) دەمی دەکەن و دەیخۆنەوە یارمـەتێ (هەزم) دەدا و ئەگەر خەستبێ ،

بۆ (ڕەوانی) باشە . ★ بابۆنە .

باب و باپیر ـ (نت .) چەند پشتی ئینسانێك . ★ باووباپیر .

بابۆ ـ [٥ـ با/٦ + بۆ (بۆن)] ، (صت .) ، (مکـ.) حـالی گوڵـه صه‌گێکی بەشوێن دێڵـه بەبـادا هەڵوەدابێت . // بەبا .

بابۆڵه [٤ـبا + ب ؟ + ئۆڵه/٢] (نت.) ١ـ (مک.) نانی لوولدراو کـه پێخۆرێکی زیاتر (ماست ، پەنیر ، ڕۆنی کەرە ، ...) و ئەو جـۆرە شتانەی دە ناودا بێت . ساندوێچی کوردی . ٢ـ (سن.) منداڵی ساوا کە دە پارچەیەکەوە پێچرابـێ و بەسترابێ ★ (مـک.) قۆنداغـه ، مەلۆتکە . (لو.) قۆناغە . ● کردنه

بابۆڵه ـ ا) دانانی هیندێ پێخۆر لە ناو نان و پێچـانەوەی :: کوڕم ڕۆنەکە دە نانەکە هەڵسوو بێـکە بابۆڵە و بیخۆ . ب (ـ کەسێك) ، (مجـ.) تێکەوەپێچان و زاڵبوون بـه سەرێدا :: کوڕە لەسەر پـەت و سینگی خۆت دانیشە، دەنا هەڵستم دەتکەمە بابۆڵە . **بابۆڵەی باسك** ـ (نت.) ، (کن .) ئەستوورایێ قۆڵی ئینسان ★ (سیمه.) بازوڵه .

بابۆڵه پێچ ـ (نتـ.) ، (سنـ.) تێزماڵکه پەڕۆیەکە منداڵی ساوای پێ دەپێچنەوە .

بابۆڵه پێچ‌کردن ـ (معت. مت.) ، (سن.) پێچانەوەی منـداڵی سـاوا بە شکڵی مەلۆتکە .

بابه ـ [١ـ باب /١ + ٢ـ ئه /١]، ١ـ ووشەی (باب)ە و لە حاڵەتـی بانگهێشتن دایه ، منداڵانی باوکێك ـ بۆ (خطاب) و (نداء) بەکاری دێنـن ★ باوکە ، باوە (بک.) بابۆ . ٢ ـ (مجـ.) گەورەش بۆ ڕۆی قسـه دە کەسێ‌کردن بـەکاری دێنـێ :: بابەگیان ئەو قسانەی تۆ ئاسمان و ڕێسمانیش نیـن . ٣ـ (مـجـ.) جاروبارە خـۆی دەبێتـه ئـامرازی بانگهێشتن :: بابە ! خەڵکینە، بابە! عالەمینە ، بابە ئەی خەڵکی گەڕەك ئەوە چەند ساڵە خراپەیەکتان لەم کابرایە دیـوە ؟ ٤ ـ نازناوێـکە دەکەوێتە پێش نـاوی شـێخ و دەروێش و چاك و پیـران :: بـابە قەتار ، بابە گوڕگوڕ ، تەکیەی بابە غەلیفەی لە گەڕەکی سێ ئاشان بۆ ★ بابا/٣ ، باوە .

بابەت ـ [= عا : البابة] ، (نا.) ١ـ جۆری کاڵا ، نەوعی شتومەك . :: ئەم مەغازەیە هەموو بابەتێکـی تێدایە . ٢ـ هەر شتێکی بۆ کاری یا کەسێ دەس‌بدا ، لایقی ئـەو کەسە بێ ، بە کەڵکی ئەو کارە بێت. :: ئەم جلکانە بابەتی ئێوەمانانن ، قرتی بابەتی بێ ددانیە . □ «پاڵان قەجەریەکی باش بابەتی کوێخـا سجیللی موحتەڕەم » ، (کابرایەکی سەقزی) ٣ـ لە باتی ، لە جێگەی ، دەربارەی . :: ئەو دە تەغار گەنمـه بابەتی دەو و دوو ئەدی زەکاتەکە ؟ تێبـ ـ بە مانای سێیەم لە فارسی‌ڕا پەڕیوەتە نـاو کوردی ★ (سـنـ.) باوەت .

بابەڕۆ ـ (شر.) ، (مک.) لە : باوکەڕۆ .

بابه عەمره ـ [بابە /٤ + عەمر

(عومەر) + ٥ــ ئە/١] ، (نت.) ، (سیمـ.) ئادەمیزادی بــە دیمـــەن منداڵی بە تەمەن پیر . تێبـ ــ ئەم حاڵەتە هۆی فیزیۆلۆژی هەیــە و زیاتر ئینسـانی وا کۆسە دەبێ .

بابەگەورە ــ [١ــباب /١ + ٣ ــ ئە /٢ + گەورە] ، (نت.) ١ــ تمـ : باپیر . ٢ــ منداڵان بۆ بانگکردن و ڕۆی قسـەتێکردن ، دەگەڵ بـاوکی باوکیان بەکاری دێنن . :: بابە گەورە گیان منیش دەگەڵ خۆت بــەرە . تێبـ ــ لەم حاڵەتەدا (٢ــئە/١) دەگەڵ دەنگی (ئە)ی دوایی ووشـەی گەورە تێکەڵ بوون ★ باپیرە .

بابەلێ ــ (شر.) ، (مکـ.) تمـــ : باوکەلێ .

بابێ بابێ ــ [؟] ، (نت.) ، (کەر.) یاریەکی منداڵانەی کوردەواریە . تێبـ ــ منداڵەکان دەبنە دوو دەستە و هەر دەستە بەکیـــان (تێ کەوت) سەر بە دیـــوارەوە دەنێـــن و دەستەکەی تر بە پرتاو دێن خـــۆ داوێنە سـەر شانیان ، ئەوجـــار هەریەکەیان چەند پەنجەی دەســتی جیا دەکاتەوە و لەوەی تێ کەوتــوە دەپرسێ : « بابێ بابێ ، چەنــد بابێ » ، ئەگەر هەڵیهێنا چەنـــد پەنجەیە هەڵدەستێنەوە و بــــەو جۆرە یاری درێژەی پێدەدرێ .★ (مکـ.) کەری سوری پشت درێژ .

با پشکێو ــ (نت.) ، (مکـ.) زیپکەیەکی پچکۆلەی نێرتــكدارە لە قولینچکی چاودێت . ★ (کەر.) قینچکـــە سلاوە . (سنـ.) قنچکە ســەلام . (لو.) ســیتکە ســەلام . تێبـ ــ لەکوردەواریدا وا باوە ئەگەر چاوێك ئەم زیپکەیەی لێ بێ ، چاوەکەی دێ بە (کل) دەڕێژن ، گۆیا لــە داخـی ئەوەی نەیان ڕشتوە چاك دەبێتەوە تا کلی تێکەن .

باپەڕبون ــ [٣ ــ با/ + پەڕ + بــون] (مصد. لا.) حاڵەتێــــکی نەخۆشی سەرمابونە پاش ئـــەوەی مرۆڤ ئارەق دەکاتەوە و هەوا لێی دەدا ئارەقەکەی سارد دەبێتـــەوە و لەرزی لێدێ .

با پەستیو ــ [٣ــ با/١ + پەستیو] (نت.) ، (مکـ.) تمـ : با پەنا .

با پەنا ــ (نت.) شوێنێـــکە بـا نەیگرێتەوە // باگر . ★ (مکـ.) بـا پەستیو .

١ــ باپێچ [٣ ــ با/١ + پێچ] ، (نت .) ئەو شوێنەیە کە (با) لەبــەر ئەوەی توشی بەرهەڵست (کێو ، شێو ، دۆڵ و ...) دەبێ لە ڕێگای خۆی لادەدا و بە لایــەکی دیـــکەدا دەڕوا و دەبـــکاتە گێژەڵـــوکە و گەردەلوول .

٢ــ باپێچــ [٣ ــ با/ ٣ + پێچ]، (نت.) ١ــ ســوڕان و خولخـــواردنی باوبڕی ناو زگی ئادەمیـــزاد ٢ــ ژانەزگێکی لەم کارە پەیدا دەبێ . ★ (مکـ.) پێچ .

باپیر ــ (نت.) ١ــ باوکی دایك یا باوکی بابی کەسێك . ★ بابا ، باوا، بابەگەورە ، باپیرە . تێبـ ــ ئــــەم ووشـەیە لە دوو کەرتی [با = باب] و [پیر] پێکهاتوە بە لای منەوە ئــــەم [پـیر]ە هەر (پیــەر)ی لەهجــەی جنوبی زمانی کوردیە کە بە مانای

باوکە (تە : باب ، تێبـ ـ). ٢ ـ ناوە بۆ پیاوان .

باپیران ـ [باپیر + ٢ ـ ئان/١| ، (نت.) تە : ئاژداد .

باپیرە ـ ١ ـ [باپیر + ە ـ ئە /١] ، (نت.) تە : باپیر/١ . ٢ ـ [باپیر + ٢ ـ ئە/١] (باپیر)ە لە حاڵەتی بانگکردنا ، تە : بابە گەورە / ٢ . تێبـ ـ جیاوازییەك لە نێـوان مانای ئەم ووشەیە و هاوماناکەیـدا هەیە ، هەرچی (بابەگەورە / ٢)ە تەنیا منداڵ کاتی ڕۆیقسـە دەکەنـە باوکی باوکیان یا بانـگی دەکـەن ، بەکاری دێنن و هەرچی (باپیرە/ ٢)شە ، هەم منداڵ بۆ مەبەستی سەرەوە دەکـاری دەکـەن و هـەم باوکی باوکیشیـان بۆ دەربـڕینی خۆشەویسـتی خـۆی بەرامبـەر نەوەکانی دەیڵێ .

باپیرەگەورە [باپیر / ١ + ٣ـ ئە/٢ + گەورە] ، (نـت.) بـاوکی باپیری کەسێك ، بابپیری بـابی کابرایەك ، پشتی سێیەم ، ئەگەر لە باوکی کەسێکڕا دەستپێبـکرێ و چوارەم ئەگەر لەخۆیەوە حیسـابی کەیـن .

باپیری ـ [باپیر/٢ + ٣ ـ ئی|، (نت .) ، (کمر.) جۆرە هەنارێکی ترش و شیرن (مزر)ە .

بات ـ [؟] ، (نا.) هەرشتێکی جێگای شتێتر بگرێتەوە یا پێـی بگیرێتەوە ، هەر کار یا شتێکـی وەبەر شتێ یا کارێکی دیکە بکەوێ یا وەبەری بخرێ . ☐ « لە باتـی خوێنی خۆم ڕازیم بە ماچێ + دەسا بێدە هەتازیندوم و ماوم » :: لـە باتی ئەوەی وا دەستەوئەژنـۆ دانیشتوی هەڵستە بڕۆ هەوڵـێ بدە . تێبـ ـ ئەم ووشەیە هەمیشـە (لە)ی لە پێشەوە دێت و بە تەنیایی دەکار ناکرێ . ★ لە جیاتی ، لـە بری ، لە برێتی . (عا.) عوضا عن ... ، بدیلا ل ... .

باتسکە ـ [٣ ـ با/١ + تس (= تز = تیژ (خێرا) + ئك + ە ـ ئە /١] ، (نت.) تە : با هەنجیر . تێبـ ـ أ) مانای حەرفی ئەم ووشەیە بـەو جۆرەی کەرتەکانی نیشانی دەدەن ، دەبێتە : شتێکی (بـا) پەلـەی لـە پێگەیشتنی کردبـێ و زوتر لـە وەختی ئاسایی گەیاندبێتی . ب) ووشـەی (تەز) لە زمانی فارسیدا بە مانـای گیایەکە تـازە سـەری دەرهێنابێ و لە زمانی (پەهلەوی)شدا بەکێك لە مانـاکانی (تیـز) خێـرا (سەرێع)ە (تە : فرە ، پفا ، ل ـ ٤٣٢) . ج) تەنیـا (معـر.) ئـەم ووشـەیەی نوسیوە (تە : کشـت ، ج ١ ، ل ـ ٢٥) . هـس : تیژە تیز (= پەلەپـەل) ، تیـژە (تیژکـە ، تیسکە)ی تفەنگ .

باتمان ـ [بات + مان؟] ، (نت.) ١ـ سەنگێکە بۆ کێشانەی شـت و لە هەرشوێنە و ناوچەیەکی (کمر.) دەگۆڕێ و تا ٢٨ کیلۆ دەڕوا ، بەڵام لە (کێیر.) هـەروەك (بادینـان) ناگۆڕێ و ١٦ کیلۆیە ، ☐ « ... ناردی بیست باتمانی پەمبۆ بـۆ کرێ ، میر شێخیان دەنێونا ... » (تحفه ، ج١ ، ل ـ ٣٧٣) . تێبـ ـ

به لای‌منه‌وه (مان)ی دوایی ئـــــه‌م
ووشـه‌یه هه‌ر (مه‌ن ، من)ه کـــه
ئه‌ویش سه‌نگێکه و له گه‌لێ ناوچه و
مه‌لبه‌ندی کوردستانا باوه ، لـــه
زمانی سانسکریتیدا (مانه) به مانای
« سه‌نگێکی دیاری‌کراو »ه و له زمانی
(ئاکه‌دی)شدا (مه‌نه) هه‌ر بــــه‌و
مانایه هاتوه (تم : معین ، فه‌رهه‌نگ،
ج ٤ ، ل — ٤٣٦٦) . ٢ —
ناوی‌شارێکه له کوردستانی تورکیا.

باتۆ — [؟] ، (نا.) ، (مک.) گونی
ئاده‌مێزاد :: ئه‌و منداڵـــه باتۆی
ئاوساوه .

باتێدان — [٣ — با/٦ + تێ
(ده + ی) + دان] ، (معتـ. لا .) ،
(کعر.) تۆشی نه‌خۆشی باداری بۆن
:: شێرکۆ قاچی باتێداوه .

باج‌ئه‌ستاندن — (مصتـ. متـ.) ١—
پاره ، زێڕ ، زێو یا هه‌ر شتێـــکی
به‌قیمه‌ت که پاتشایه‌کی تێشکاو له
شه‌ڕا (به‌پێی ڕێککه‌وتن و په‌یمان)
ده‌بۆ بیدا به پاتشای سه‌رکه‌وتۆ .
٢ — ئه‌و پاره‌یـــه‌ی لـــه ده‌وری
ده‌ره‌به‌گایه‌تیدا ، هه‌ر ده‌ره‌به‌گێك له
ناوچه‌ی ده‌سته‌لاتی خۆیا له‌و کالا و
ڕێبوارانـه‌ی ده‌ستانـد کـه بـــه
مه‌لبــــه‌ندی حـوکمڕانی ئــــه‌وا
تێده‌په‌ڕین . تێب — له کوردستانیش
ئه‌م ڕه‌سمه هه‌بـوه و له جه‌نـگه‌ی
شه‌ڕی دوه‌مـدا سه‌رله‌نـــوێ لـــه
کوردستانی ئێران بۆژاندرایــه‌وه .
٣— ئه‌و پاره‌یه‌ی ده‌وله‌تان له بـــه‌ر
ده‌روازه‌ی شاران ، له‌و کالایانه‌یان
ده‌ستاند که له دێهاته‌وه بۆ شاره‌کان
ده‌هات . ★ بارانه ، ڕادارانه .
٤ — ئه‌و پاره‌یه‌ی که ئێستا ده‌وله‌تان
له کاسب و بازرگان و شه‌ریکه و . . .
(به‌پێی ده‌سکه‌وتیان) ده‌ی ئه‌ستێنن
★ (کئێر.) مـالیات . (کعـر.)
زه‌ریبه . ٥ — (مجـ .) هه‌رپاره‌یه‌کی
به زۆر و ناهه‌ق یه‌کێکی ده‌سته‌لاتدار
لـه بێ‌ده‌سته‌لاتێـکی بستێنێ ★
(کعر.) خاوه ، (کئێر.) سه‌رانـه
(مجـ .) . (جنو.) قووه ● **بارله‌باج**
ناناڵێ — (کنـ.) که‌سێك مه‌به‌ستێکی
هه‌بێ ، له پێناو جێ‌به‌جێ‌کردنیــدا
نابێ گوێ بداته چه‌رمه‌ســه‌رێ و
گێره و کێشه و پاره .

باج‌ئه‌ستاندن — (معتـ. متـ.) ١ —
کۆکردنه‌وه‌ی مالیات ، وه‌رگرتنـی
باج ★ باج سه‌ندن . باج‌وه‌رگرتن
٢— (مجـ .) به زۆرێ و به ناهــه‌ق
شتێ له که‌سێ ئه‌ستاندن :: باجه و
لێت ده‌ستێنم چت له ده‌ســت دێ
لێی ڕامه‌وه‌سته .

باج‌ئه‌ستێن — [بـــاج /٣ +
ئه‌ستێن (ئه‌ستاندن)] ، (نتـ.) تم :
باجگر .

باج‌سه‌ندن —(مصتـ.متـ.) (سیمـ.)
تم : باج‌ئه‌ستاندن .

باجگر — [باج/٣ + گر (گرتن)]،
(نتـ.) ئه‌و که‌سه‌ی به فه‌رمـــانی
ده‌وله‌ت ده‌سته‌لاتی وه‌رگرتنی باجی
هه‌بێ . □ « ڕێی نه‌وتـــه‌که ڕۆژ
باجگری گه‌ر زۆره ده‌فه‌رموێ+ڕێی
خاسه به شه‌و خالییه بابێ به بلاغا
(ره‌زا — ٣)
★ باج‌ئه‌ستێن . (سنـ.) باجه‌وان .

باج‌گرتن — (صـــتـ . صـــتـ .)
باج‌ئه‌ستاندن .

باجلێگرتن ــ (صت. مت.) باج لە کالایەك ئەستاندن .

باجەوان ــ [باج/٣ + ٣ ــ ئە/٢ + وان] ، (نت .) ، (سن .) تە : باجگر .

باجێ ــ [= تو : خوشك] ، (نا.) ، (کعر . کئێر .) .
١ ــ لەقەبێکە ژنێکی لە خۆ گەورەتری پێ بانگ دەکرێ :: باجی گوڵێ . باجی وەنەوش .
٢ ــ لەقەبێکە خوشك و برای بچوك بۆ ڕێزلێگرتن ، خوشکی لە خۆیان گەورەتری پێ گاز دەکەن :: باجێم چۆتە ماڵی پۆرم ★ (مک.) داد . دێد .

باخ ــ (نا .) ، (کعر .) ، (سن .) ١ــ تە : باغ ٢ــ تە : باخچە/١ .

باخچە ــ [باغ + چە (ئە . بچوکی)] ، (نت .) ١ ــ (کئێر .) پارچە ئەرزێکە لە ناو حەوشەی ماڵ ، بۆ چاندنی گوڵ و شێناوەرد تەرخان دەکرێ . ٢ ــ (کعر .) پارچەیەك زەوییە کە سەوزە و گیا و گوڵی خواردەمەنی لێ دەچێنرێ . ★ (کئێر .) سەوزێخانە . تێب ــ دەنگی (غ) لە جێرانەتێ دەنگی (چ) بۆتە (خ) .

باخڵـە ــ [؟] ، (نت .) ، (سن .) ١ ــ دوکانی کشتوکاڵ کە بۆ شەتلی هەندێ شێناوەرد و گیا و گوڵ وەکو (باینجان ، تەماتە ، ڕەیحانە ، تۆتن و ..) تەرخان دەکرێت و پاشان دەگوێزرێتەوە بۆ جێگای تایبەتێ . (عا.) مەشتەل . ٢ــ قوڵکەیەکە لە دەوری ئەمامی دار یا بڕکەی شێناوەردێك دەکرێ تا ئاوی تێدا ڕا بوەستێ و دار یا گیایەکە ئاو باش بخواتەوە . ٣ ــ تۆرەکەیەکە جوتێران تۆوی تێدەکەن و دەیوەشێنن ★ (مک.) تۆمەدان . تێب ــ تەنیا مردۆخ ئەم ووشەیەی نوسیوە و من بۆ ئەوە دەچم کە بەم جورە [باخ + ئەڵە/٢] پێکهاتبێ و کەم کەمە (ئە)ی (ئەڵە/٢) سوابێ و (باخڵە)ی لێ کەوتبێتەوە .

باخۆش ــ [؟] ، (مک.) گەورەتر لەچاو شتێکی دیکە :: ئەو کەوشە تۆزێ بە پێم بچوکە ئەگەر هەوایەك باخۆشتربێ باشترە . شێروان تۆزێ لە نەرێمان باخۆشترە .

باخەڵ ــ (نا .) ، (مک.) تە : باغەڵ .

باخەوان ــ [باخ + ٣ ــ ئە/٢ + وان] ، (نت.) ، (کعر . ، سن.) تە : باغەوان .

باخەوانی ــ [باخەوان + ٢ ــ ئی] ، (حمص .) ، (کعر .) تە : باغەوان .

باد ــ (نا.) ، (مک.) تە : ٤ ــ با ☐ « دەسماڵەکەی دۆ بادە + ماڵی بابم سەیزادە » (فۆلکلۆر) .
تێب ــ وا دێتە بەرچاو کە ئەسڵی ئەم ووشەیە (بادراو)بێ و کورت بۆبێتەوە .

بادار ــ [٣ ــ با/٦ + دار (پە .)] ، (صت .) حالی کەسێکی تۆشی نەخۆشی ڕوماتیزم بێ ، ئەو

کەسەی لەشی (با)ی تێدایە .

باداریێ ـ [بادار + ٢ ـ ئێ] ، (نت .) نەخۆشێ ڕۆماتیزم . تێبـ ـ نەخۆشییەکە تۆشی ئادەمێزاد دەبێ و لە جمگە و ماسۆلکە و ئەندامەکانی دەروون (جەرگ ، دڵ ،..) دەدات، چونکو ژانی ئەم نەخۆشییە لە جێیەك ڕاناوەستێ و هەڵدەکشێ و دادەکشێ، پێشونیانی کورد وایان زانیوە (با)یە و لە لەشی ئینساندا دەگەڕێ و ناویان ناوە (باداریێ) .

بادام ـ [پە : ڤاتام] ، (نا .) میوەیەکە دەخورێ ، دارەکەی دەسچێنە (کێوێشی هەیە) ، لە کوردستان زۆرە ، هەر دەنکێکی دەناو قاپێلکێکی سەخت دایە (هەڵدەکەوێ دۆیان دە قاپێلکێکدابن)، پڕە لە مادەی چەورێ و شەکری میوە ، بە فەرێکێ قاپێلکەکە شێن و نەرم و تۆکنە و ناوکەکەشی سپێ و نمەیوە و بە خوێوە دەخورێ ، بەڵام کە ووشك بۆ قاپێلکەکە سەخت و زەرد و کونکون و ناوەکەشی ڕەق دەبێ ، لەو دەمەدا ناوکەکەی توێکلێکی زەردی پێوە نۆساوە و دۆ (لەپە)ی بادامەکەی توند پێکەوە نۆساندوە ، لە کوردستان بۆ خواردن و داوودەرمان بەکاری دێنن و بۆ کاروباری بژیشکێ ڕۆنی لێدەگرن ★ (سیمە . ، کک.) بائام (بەو جۆرەی دەنگی (د) لە سلەیمانێ بە دەما دێت) ، (هل . ، کـ.) باوێ . (بکـ.) بایێف ، بەهێف . (لو .) بایم .

بادامە تاڵە ـ [بادام + ٣ ـ ئە/٢ + تاڵ + ٥ ـ ئە/١] ، (نت .) بەری دارێکی کێوییە لە جسنی بادام،خۆش دەکرێ (بە شێوەیێکی تایبەتێ تاڵایێ لێ دەبڕن) و دەیخۆن

بادامی ـ [بادام + ٣ ـ ئێ] ، (صە .) ١ ـ هەر شتێکی لە دروستکردنێدا (بادام)ی تێکەڵ بکرێ . :: باقلاوەی بادامێ . ٢ ـ هەر شتێکی شکلی وەکو بادام وابێ

بادان ـ [٤ ـ با + دان (فعـ.)]، (مصـ. متـ.) ١ ـ سوڕاندن و پێچدانی بەن و دەزوو و ئەو جۆرە شتانە بەدەوری خۆیاندا بۆ ئەوەی زیاتر کرژبن . ٢ ـ سوڕاندنی هەر شتێکی دیکە بە دەوری خۆیا بۆ هەر مەبەستێك بێ :: ئەو بورغییە لۆزێ بادە با توند بێ . کچێ خێرا ئەم بەنە دۆلاکەوە و بایدە ● **بەنی (کەسێکە) بەمن با نادرێ** (کـ.) دەرەقەتێ ... نایەم ، پێی ناوەستم، سەر لە فرۆفێڵی ... دەرناکەم .

بادانەوە ـ [٤ ـ با + دانەوە] ، (مصـ. لا.) ١ـ پەشێمانبۆنەوە ، هەڵگەڕانەوە . ☐ «بادانەوە عەیب نیە». ٢ـ ڕێگاگۆڕێن و بە ڕێگایەکی ترا (چ ماددێ چ مەعنەوێ) ڕۆیین. :: هەر سەری ئەسپەکەی بادایەوە و بە غار ڕۆی کردە ماڵی کوێخا . ٣ ـ هەر بە ڕێگای خۆدا ڕۆیین بەڵام بە کەوانەیەك یا زاویەیەك کەوتنە سەر اتجاهێکی پێچەوانەی پێشو ☐ « ساقیا وا بادەوە ، وا بادەوە » « ڕۆ دە لای منکە بە جامێ بادەوە » (هێمن)

بادانەوەسەر .. (کـ .)

وازهێنان لە شتێ ، لە کارێ یا لە کەسێ و گــەڕانەوە سەر ئـــی دوێنێ حـــەمـــەم دێت دێســـان بایداوەتە سەر کەبابچێتێ .

● **بادکێش** ــ | فر. کو . | ؛ [باد (فر.) + کێش (کێشان)] ؛ (نت .) ؛ (کئیر.) تم : باکێش /٢ . تێب ــ ئەم ووشەیە لە (بادکەش)ی فارسی‌ڕا شێوەی کوردێ دراوەتێ

بادە ــ |پە : باتەك|، (نا.) شەڕاب ◻ « بە جامێ بادە تێرنـــابم ئەگەر مەیلت هەیە ساقی + گلێنەی خۆم دەنێرمە خزمەتت بۆم تێکە تا بێبا» (هێمن ، تارێك و ڕۆن ، ل ــ ١٣٩)

بادەرکردن ــ ٣| ــ با/٦ +دەر+ کردن] ؛ (مصد. مت.) ١ ــ بـــە دەستوری کۆنی کوردەواری ، چونە سەر چاك و پێران بۆ چارەکردنـــی نەخۆشی باداری (ڕۆماتیزم) :: هەمۆیان چونە سەر پێری شەوکێڵ با لە خۆیان دەرکەن . ٢ ــ کردنەوەی زارکی هەمبانە و کونـــدە و . . ی فوکراو بۆ ئەوەی هەواکـــەیان لـــێ بێتەدەر و بپوچێتەوە .

بادەڵێن ــ [٣ ــ با/١ + دەڵێن (دەلاّندن) | ؛ (نت.) کەلەبـــــەر ، درزو قەڵشتی پچکۆلە کە لە دەرگا و پەنجەرە و دێوارانـدا (با)ی پێدا بێتــە ژورەوە :: هەمو بادەڵێنـــی ژورەکەمان ئاخنیوە ، ئەو سەرمایە بە کوێدا دێتەژور ؟

بادەوە ــ [٣ ــ با/١ + دەو ؟ + ٥ ــ ئە/١ | ؛ (نت .) ؛ (مک.) کاغەزێکی چوارگۆشە یا درێژۆکەیە، چەند کەوانەی قامیشـــی لێ قایـــم دەکەن و کلکێکی پەڕۆ یا ئاڵقەکاغەزی تێدەخرێ ، چوار پارچـــە دەزوش لە چوار قولنچکی دەبەستن و پێکەوە گرێ دەدرێن،ئەوجار هەندێ دەزوی تێدەخەن و کاتێ (با) هەڵدەکــا ، منداڵان هەڵێدەدەن بۆ حـــەوا ★ (کعر .) کۆلارە . (سنە .) بازێ هەوایێ ، بەرزە هەوایلە /١ ، بەرزە حەوایلە .

بادیە ــ | = عا : باطیة]، (نا.) (مک.) جامی مـــی گەورە . تێبـــ ــ ا) ئەم قاپە بنی تەختە و دەنێشێتە سەر زەوێ و بەرەبەرە دەمی فرەوان دەبێتەوە تاوەکو (شێوە مەخروت)ێکی لێدێ کە لە هەر دو ســـەران لێـــی بڕابێتەوە ، لـــە کوردەواری زیـــاتر (دۆ) یا (ماستاو) یا (شەربەت)ی تێدەکرێ و لەسەر سفرە دادەندرێ . ب) باطیەی عەرەبێ کە ئەم ووشەی لێ وەر گـــیراوە ، گلێنەیـــەك بـــوە شەڕابیان تێکردوە .

بادیهەوا ــ [٣ ــ ٣ــبا/٥ + ٣ــ ئێ + هەوا] ؛ (صت.) ؛ (مک.) لەخۆگۆڕاو ، کەسێکی نابەجێ و هەر لە خـــۆڕا (بە هـــەوا) مەغـــرور بـــێ ◻ « بەوەی بادیهەوایە + جێـــرانی میرزا بابایە » (فۆلکلۆڕ) ★ باغر . بوغڕا . بایێ . غەڕڕە .

بادیهەوایێ ــ (حمصـ.) ؛ (مک.) لەخۆگۆڕان . (عا.) غرور ، تکبر .

١ــ بار ــ [پە : بار] ؛ (نا.) ١ــ کالاّ و کەل‌وپەل یا هەر شتێکی‌تر کە دە دەفرێکەوە پێچـــرابێ یـــا تونـــد بەسترابێ تا لە ووڵاغ (کەر ، ئێستر ، بارگین ، ووشتر) یا هەر هۆیـــەکی

دێکەی ئازوگوێز (گارێ ، عـارەبە ، لۆرێ ، ...) بندرێ و لە شوێنکەوە بۆ شوێنێکی‌تر (دوور یا نێزیك) بگوێز رێتـەوە :: بـارەتوتن ، بـارەدار ، بارەگوێنی . ٢ــ قورسایێ شتومەکێ کرابێتـە بـار و ئەوەنـدە گـرانبێ وولاغێکی بارێ هەڵێبگرێ :: بـاری ئێسترێ گەنممان ناردۆتە شار ، ئەمە هەر باری کەرێك دەبێ . ٣ــ (مجـ.) ئەرك و قورسایێ مەعنەوی کارێـك :: ئەو بارە بەمن هەڵناگیرێ (ئـەو کارە بەمن نـاکرێ) . ٤ــ ئـازار ، ئەزێت ڕەنج ● « لەش‌بەبار بێ »ــ (کن.) دۆعایەکی ژنانەیە بە مانـای : نەخۆش بکەوێ **« لەش‌بەبار خۆم »** ــ (کن.) قسەیەکە ئافرەتان لە حاڵێدا کە هەست بە ناڕەحەتی (مـــاددێ یا مەعنەوێ) دەکەن دەیلێن . ٥ــ (کمر.) تم : ٥ــ بەر :: منداڵی لەبار چوە .

٢ــ بار ــ (نا .) ١ــ چلۆنایەتی و شێوەی هەڵکەوتنی شتێکی مـاددێ :: فەڕشەکە بە باری خۆیدا ڕاخەن. ٢ــ حالەتێکی کارێـك بە خۆیـــەوە دەگرێ :: ئـەم ئێشــە بە بارێـکدا بخـەن. ٣ــ (نمصـ.) ئامـادەبێ ، قابیل‌بوون بۆ ...، بەکاری ...هاتن :: ئەوەی لەباراندا هەیە دۆ و دۆشاو تێکەڵ کا . هێچی لەباراندا نیـە .

٣ــ بار ــ [؟] ، (نا.) توێژێـکی سپێ زەرد باوە ، لە ئەنجامی هەندێ نەخۆشێ (لەرزو تا ، قەبزێ ...) لەسەر زمان و لێو دەنێشێ :: زمانی دەرهێنا باری لەسـەر نێشتبوو ، ئەو هەموو بارە چیـە بە لێوتـەوە ؟ ★

(کمر.) بەلغ / ٢ .

٤ــ بار ــ [؟] ، (نا.) لەباتی ، لەجێگەی ، بەرامبەربە ... تێب ــ ئەوەندەی پێم شك‌بێ ئەم ووشـــەیە تەنیا لە ووشـەی (بـاری کەڵـلا) و (بارمتە)دا دەبیندرێ ، بەلای منەوە ڕەنگە ووشـەی (بات) یا (بەر)بێ کە لە (وەبەرخستن)دا دەیبینـین و جەڕابێ یا بە مەعنای (هاوسـەنگ) دەگەڵ (کەللا) و (متـە)دا تەرکیب کرابن .

باری‌کەللا ــ [٤ ــ بار +١ ــ ئی/١ + کەللا] ، (نت.) ، (مک.) ئەو (متە)یە کە لە هێندێ یارێ منداڵانـدا بۆ کەسێکی دادەکەن کە هەموو (مایە)ی دۆڕاندبێ و تەنیا دەسکەلای مابێ . تێب ــ لە هەندێ یارێ کوردەوارێدا وەکـو (مۆشـێن) ، (مـــاتێن) ، (جەغزێن) و ... و ... کە هـەر یاریکەرێ (دەسکەللا) و (مایە)ی خۆی هەیە ، ئەگەر هاتو یەکێکیـان هەموو (مایە)کەی دۆڕاند و بیەوێ هەر یارێ بکا،بە یەکێ لە یاریکەرەکان دەڵێ (باری‌کەللا) م بۆ داکە و دەبێ بۆی داکا ، ئـەگەر ئەم جـارەش دۆڕانـدی (کـەللا)کەی لەبـاتی (قەرز)ەکە هەڵدەگرن و لە یارێ وەلادەکەوێ ، خۆ ئەگەر بردیشیەوە ئەوا دەکەوێتەوە (مایە) قەرزەکەی دەداتەوە .

٥ــ بار ــ (پـ.) ئەم ووشـەیـە پاشـبەندی جێـگایە و ئەوەنـدەی من پێم شك‌بێ تەنیا لە ووشــەی (ڕۆبار) و (جۆبار)دا دەبێنرێ . تێب ــ ئەم ووشـەیـە لـە زمـانی

پەهلەویدا (بار)ە و چەشنی ووشەیەکی سەربەخۆ مانای (کەنار ، لێوار ، قەراغ و ساحیل) بوە (تم : فرە ، پفا ، ل ـ ٦٩) و لە زمانی سانسکرێتیدا (ڤارە) هەر ئەو مانایانەی هەیە (تم : معین ، فەرهەنگ ، ج ١ ، ل ـ ٤٤٥) . واتێدەگەم ووشەی (وار) و (هەوار) بەمانای جێگای‌دابەزین ، کەمپ معسکر ، مەنزڵ ، قۆناغ ، هەروەها ووشەی (وار)ی قومار کە مانای (هەقی جێگا)ی وەرگرتوە و لە (ڤەرە)ی ئاوێستایێ وەرگیراون ئەسڵی (٥ بار) بن . هس : دەوار (ڕەشماڵ) .

٦ ـ **بار** (پب.) بەدوای هەندێ ناوانەوە دەلکێ و دەیکاتە؟ صفەتێك و پێشانی دەدا (موصوف) مەدلۆلی ئەو ناوەی تێدایە یا هەیەتی کە (صفەت)ەکەی لێ دروست بوە :: گوناحبار ، هەتیوبار . تێب ـ دوور نیە ئەم (پب.) هەر (١ ـ بار) بێ و مەبەست ئەوەبێ (موصوف) ئەو ناوەی لێ بارکراوە .

باراش ـ [١ـ بار/١ + ١ـ ئاش /١] ، (نت.) ١ـ دەغڵ (گەنم ، جۆ) کە ئامادە کرابێ تا بێنێرنە ئاش و بێکەنە ئارد . ٢ـ (مجـ.) ـ أ) ئەوەندە دەغڵەی کە بە یەکجار دەچێتە ئاش و دەکرێتە ئارد . ب) ئەو دەغڵەی کە چۆتە ئاش و کراوە بە ئارد جا یا لە ڕێگایە و یا کە هاتبێتەوە ماڵێ هێشتا بەتاڵ نەکرابێ . :: بچن لە ماڵی کوێخا تۆفێق مشتێ ئارد قەرزکەن تا باراشەکەمان دەگەڕێتەوە .

باراش‌لێکردن ـ(مصت. مت.) بردنی (باراش) بۆ (ئاش) و کردنی بە (ئارد) ★ باراش‌هاڕتن .

باراش‌هاڕتن ـ (مصت. مت.) تم : باراش‌لێکردن .

باران ـ [په : ڤاران] ، (نا .) ١ـ (نم) و (شە)یەکی لە حەوا کۆبۆتەوە و بە شکڵی (دڵۆپ) لە ئاسمانێرا دەڕژێتە سەرزەوێ . ★ (بک.) باران . (جنو. ، هو.) واران . (زا) ڤاران . (مک.) بارانە ٢ـ دەگەڵ هێندێ ناوان تەرکیب دەبێ و ناوێکی تازە پێکدێنێ کە دەگەیێنێ میقدارێکی زۆر لەو شتەی (ناو)ەکەپێشانی دەدا (وەکۆ باران) لە شوێنێکەوە (بەتایبەتێ لە بەرزایێڕا) بەسەر کەسێ ، شتێ یا جێگەیەکدا فڕێ دەدرێ . :: گوڵباران ، بەرد (،) باران ، بۆمباباران ، تیر (،) باران .

باراناو ـ [باران/١ + ١ـ ئاو/١] ، (نت.) موتڵەقی ئاوێ کە لە باران پەیدا دەبێ ٢ـ ئاوی باران کە لە شوێنێکدا کۆبۆبێتەوە .

باران‌بارین ـ[باران/١+ بارین]، (مصت. لا.) هاتنەخوارەوەی باران لە هەورانڕا بۆ سەرزەوێ ★ باران‌دادان ، دادانە باران (نە) ، کردنەباران ● **باران بباری ئاشم دەگەڕێ ، باران نەباری جۆتم دەگەڕێ** ـ (کن.) دنیا هەرچۆنێ بسوڕێ کاری من پەکی ناکەوێ .

باران‌بڕان ـ (نت.) ئەو مانگەیە ئیتر باران نابارێ ، سێیەم مانگی

بەهار ★ جۆزەردان .

بارازداران ــ [بـــاران/١ + دا (پێبڤ) + دان (فعـ.)]، (مصـد.لا.) تم : بـاران بـــارین . :: تـۆزێ خێراکەن خەرێکە باران دابـــدا . کەمێ پێ هەڵگرن خەرێکە بـــاران دایدەدا .

باراندن ــ (مصـد. مـد.) بۆنەهۆی هاتنەخـــوارەوەی بـــــاران . ٢ــ بەردانـــــەوەی یەكلەدوای‌یـــــەكی (چەشنی باران) شتێـــك بەســـەر جێگایەك یا کەسێکدا ☐ « بـــاران باراندت خوێیەکەت شوشتمـــەو ، تەرزە باراندت کەرەکەت کوشتمەو، چراخ هەڵ مەکەی خۆم ئەدۆزێتەو» (فۆلکلۆڕ) .

١ــ بارانە [باران/١ + ٥ ــ ئە /١] ، (نـد.) ، (مکـ.) ١ــ تمـــــ : باران/١ . ٢ــ هەوایەکی گۆرانـــێ کوردییە ☐ « بارانە و بارانـــــە ، هەوای بارانەی تازە ، ...» .

٢ــ بارانە ــ [١ــ بار/١ + ئانە /٢] ، (نـــــد.) ١ــ پارەیێـــــکە کاروانسەرادار و خـــــانچێ لـــەو (بار)انەی دەستێنن کە بۆ ماوەیەك (شـەوێ یا زیاتر) لە (خان)ەکانیان دەخرێـــن ، بەپێـــــی ژمـــــارەی (بار)ەکان و ئەو (شـەو)انـــــــەی دەمێننەوە زیاد و کەم دەکا . ٢ ــ باجێکە دەرەبەگ و دەستەڵاتداران بە ژمارەی بـــار لەو کاڵایانەیـــــان دەستـــاند کە بـــە مەڵبەنـــــدی دەستەڵاتیاندا تێدەپەڕێ .

بارانێ ــ [باران /١ + ٣ــئێ]، ١ــ (صـد.) هەرچی و هەرشتێـــکی پێوەندێ و نیسبەتی دەگەڵ (باران) هەبێ . ☐ . « موبەددەل بۆ بـــــە چەندین لەحزە ئاوی سافی بـــارانێ بە یەك دەریایی عوممانێ کە هێـــــچ تاریخ نیشان نادا » (مەلا مـــــارفی کۆکەیێ) ٢ــ (نـد.) سـەر بەرگێکـــە ئاو دانادا و ڕۆژانی بەفر و بـــاران دەبەردەکرێ ★ (کعر .) مشـەمما.

باربردن ــ [١ــ بار/١+بردن] ، (مصـد . لا.) پەیدابۆنی توانایێ لە وولاغێـــکدا بـــۆ ئـــەوەی بـــاری لێ‌بندرێ . :: ئەم ئێستـرە بار نابا (توانـــایێ هەلگرتنی بـــاری نیـــە ، یا ناکرێ ــ لەبەر هەر هۆیەكبێ ــ باری لێ بندرێ) . ★بارهەڵگرتن/١ .

باربۆ ــ [؟] ، (نـد.) ، (مکـ.) پێشکێش‌کردنی شتومەك، کەلوپەلی ناو ماڵ، پارە، یا هەر شتێکی دیکە، لەلایەن چەند کەسێکەوە بە یەکێـــك بـــۆ هەڵســـوڕاندنی کارێـــکی وەکو ژن‌هێنـــــــان ، مـــــاڵ‌پێـــکەوەنان و خانوودروست‌کردن و ...و... ★ باروبۆ .

باربەست‌کردن ــ [١ ــ بار/١ + بەست (بەســـتن) کردن] ، ١ــ (مصـــد. مـد.) تم : باربەســـتن ٢ــ (مصـــد. لا.) خۆســـــازکردن بـــۆ ئەنجـــامدانی کارێ. :: باربەســـتی خۆیان کردوە شـەوەکی وەڕێ‌دەکەون

باربەستن ــ (مصـد. مـد.) ســـاز کردن و پێچانەوەی (بار) بۆ ڕەوانە کردن و گواســـتنەوەی :: بارەکان بەستراون و لـــە (خان)ەکەن . ★ باربەست‌کردن/١ .

باربەند ــ [١ــ بار/١+ ٢ــبەند]،

(نت.) ، (کئێر.) بارێکە گورێسێکە لە (گوش) یا لە (مۆ) دروستدەکرێ و پاش پێچانەوەی بار بەم گورێسەش دەیبەستن تا قایمتربێ و لە ڕێگا هەڵنەوەشێ.

بارتەقا ــ (نت.) ١ــ هاوتا ، هاو سەنگ . (عا.) معادل . ٢ــ لەبـاتی ، لـەبری . ٣ ــ بەئەندازە ، بەقەدەر :: بارتەقای دە پـوتێك دەبـو نازانم چـۆنی بـۆ هەلگیرابـو . تێب ــ ا) بەلای‌منەوە زیاتر لەوەدەچێ ئەم ووشەیە لـە (١ــ بار/١) وەرگیرابێ ، سەرەڕای ئەو ڕێ‌تێچۆنانەی لـە (ب)دا باس دەکرێن . ئـەگەر باری بارەبەرێك تەواو نەبۆبێ بۆ ئەوەی (تا) کانـی بارەکە هەرتکیـان بە یەك‌ئەنـدازە قورس بن شتێکیان خستۆتە سەر (تا) سۆکەکە و ئەم ووشەیان بەمانای (وسیلة التعـادل) بۆ داهێنـاوە و بەرەبەرە بۆ شتی دیکەش غـەیری (بار) بەکارهێندراوە ، بەلاّم بۆچێ لە (تا) قورسەکەیان دەرنەهێناوە و نەیان‌خستۆتە سەر (تا)بە سۆکەکە؟ کارێکی وانیـە کە بـە هـاسانێ بدۆزرێتـەوە و زۆر ڕێی تێدەچێ یەکەم جار کە ئـەم کارە ئەنجـام دراوە و ئەم ووشـەیەی بۆ داتاشراوە هەردۆ (تا)ی بـارەکە یەك‌جـسن نەبۆبن و تێکەڵ‌کردنیـان مومکـین نەبۆبێ و...و... ب) ڕێی دەچێتێ ئەم ووشەیە لەم کەرتانە پێکهاتبێ : ١ــ [١ــ بـار/١ + دەق + ەــ ئە/١] ، ٢ــ [٢ــ بار + تـەقا (؟)] ، ٣ــ [٤ــبار + دەق + ها].

بارچەوت [٢ــ بار/١+ چەوت]، (صت.) (مج.) حاڵی کەسێکی قسەی کەسـی بەگوێدا نەچێ ، کەسێکی کردەوەی پێچەوانەی باو و نەرێتی کۆمەڵبێ .

بارچەوتێ ــ (حمص .) ئەنجامی کار و کردەوەی ئینسانی بارچەوت

بارخانە ــ [١ــ بار/١ + خانە] ، (نت.) ، (مکـ.) ١ــ کاتی پێگەیشتنی هەنـدێ حاسـلاّتی کشتـوکاڵ :: بارخانەی تۆتنێ ، بارخانەی خورێ، بارخانـەی لۆکەی . ٢ــ موتڵەقی پێگەیشتنی تۆتن و هاتنە بازاڕی بۆ فرۆتن :: مـیرزا گیـان هێنـدێك شـتمەك هەڵدەگرم بـە وەعـدەی بارخانـەی . ٣ــ لەسـەریـەك هەلچنینی کۆمەڵێ بار :: تۆتنەکان بارخانە بکەن ، ئەو بارانە لە هۆو بەرهەیوانە لە بارخانە بدەن. تێب ــ ا) وەکو دەزانن (خانـە) بە مانای ماڵ و ژۆر هاتوە ، ئەم ووشـەیە ــ وەکو هـەندێ ووشەی دیـکە کە دەگەڵ (خانە) تەرکیب بوون وەکـو (نانەواخانە ، ئاتەشخانە ، چاخانە ، ... ، ...) بەپێی ڕێزمانی کوردێ پێکهاتوە . ٢ــ دەبا ئـەم ووشـەیە ماناکەی (جێگەی بـار) بێ بەلاّم دەبینین مانـاکانی ، هێچکامێکیان دەلالەتێکی ئاوایان نیە ، بۆیە من وای بـۆ دەچم کە مەبەستی ئـەم ووشـەیە لە پێشدا هاتنەوەی باری حاسلاّت لە دەشتەوە بۆ ماڵ (خانە) بۆبێ و ڕێی دەچێتێ لە قۆناغی پێش ئێستایدا (باربەخانە) بۆبێ . ب) بـۆ مـانای سـێیەم (هەلچنێنی

بارلەسەریەك) چونکو ماڵ (خانە) تەنگەبەرە و جێگای باری زۆری لە چاو شتیتردا تێدا نابێتەوە ، باریان کە هێناوەتەوە ماڵ لەسەریەکیان داناون ، جا دەبێ مەدلولی ئەم ووشەیە لە (تایبەتی) ڕا بۆ (گشتی) گەشەی کردبێ و موتلەقی هەڵچنینی بارلەسەریەك بۆتە مەدلولی (بارخانە) .

بارخانەکردن ــ [بارخانە/٣ + کردن] ، (مصد. مت.) ، (کێر.) هەڵچنینی فەردە و بار (هەرچێکی بێ) لەسەریەك ، لە عەمبار یا هەر جێگەیێکی ترا .

بارخستن ــ(مصد. مت.) داگرتنی بارەکانی کاروانێك لە پشتی ووڵاغان، لە (خان) یا هەر جێگایەکی ترا بۆ ووچان و ماندوو حەسانەوە★ خستن . // بارکردن/١ .

بارداگرتن ــ (مصد. مت.)هێنانە خواری (بار) لە پشتی ووڵاغ یا هەرجۆرە بارەبەرێکیتر بە یەکجاری :: خێرا بارەکان لەو لۆرییە داگرن.

بار ڕاستکردنەوە ــ (مصد . مت.) ١ــ یارمەتی کاروانی یا هەر کەسێکی دیکە بۆ ڕاستکردنەوەی بارێکی لاسەنگ بووبێ . ٢ــ (کن.) یارمەتی دانی کەسێکی تووشی گیروگرفت و نارەحەتی بووبێ بەتایبەتی لە لانی پارە و پوولەوە :: ئازاد حاڵی شڕبوو شێرکو فریای کەوت و باری ڕاستکردەوە.

بارست ــ [پە : بالیست = بڵیندترین ، بەرزایی] ، (نا.) ، (کی .) تە : بانە/٢ .

بارستایی ــ [پە : بالیستیە .] ، [بارست + ئایی/٢] ١ــ بەرزایی شوێنێ یا شتێ کە لەچاو دەورو بەری خۆی بەرزتربێ . لە نزمایی دەوروبەری‌ڕا حیساب دەکرێ تا دەگاتە پۆپەی بەرزایی خۆی . :: بارستایی دوو پەنجە زیاتر تۆز لەسەر قەنەفەکان نیشتوە ٢ــ هەر شتێکی سێ (بعد)ی هەندەسی هەبێ :: بە بارستایی ئەم کێوە خەم لە دڵم بارە . (عا.) حەجم . تێب ــ بەلای منەوە کەرتی دوەمی ئەم ووشەیە هەر (ستا)ی ئاوێستاییە کە صفەتە و ئێستا ووشەی (ڕاوەستاو = قائم ، عامودی)مان بەرامبەری هەیە ، بەم‌پێیە مانای ووشەکە دەبێتە (الوضع العامودی لشیء) .

بارسوك ــ [١ــ بار/١ + سوك]، (صت.) ١ــ حاڵی ئینسانی بێ‌ئەرك، حاڵی کەسێکی کە چوە شوێنێ ، خەڵکی ئەم جێیە زۆر بەخۆیەوە ماندوو نەکا . ٢ــ (مجـ.) پیاوی فەقیر و نەدار . تێب ــ بەو مانایەیە کە ئەگەر هات و ماڵی بارکرد ئەوەندەی نیە قورسایی بخاتە سەر پشتی بارەبەر ● کەرکوڵ و بارسوك ــ (کن.) ، أــ هیچ ئەرکی بەسەر کەسەوە نیە . بــ نەدار و بێ‌سامانە .

بارسوك‌کردن ــ (مصد. مت.) ١ــ کەم‌کردنەوەی قورسایی باری ووڵاغ یا هەر هۆیەکی تری گواستنەوە . :: ئەم سەربارە داگرێ و هەندێ باری گوێدرێژەکە

سۆك كەی باشە ، دەنا لەم هەورازە سەرناكەوێ . ٢ـ كار لەكۆل كەسێ كردنەوە ، تەكلیف لەسەر لابردن ئەرك كەمكردن . :: ئەگەر ئەم دەفتەرەیان تۆ بینۆسیتەوە بارم سۆك دەكەی،خۆزگە دەڕۆیشتن و باریان سۆك دەكردێن .

بارسۆكێ ـ [بارسۆك +٢ـ ئێ]، (حمصـ) ، (كنـ) ١ـ بێ‌ئەركێ ، بێ‌تەكلیفێ . ٢ـ بێ زەحمەتێ ، بێ‌دەردیسەرێ :: ئەگەر ئیمڕۆ ئیشەكانت تەواوكەی بارسۆكیە بۆ بەیانێ . چابۆ ئەمەش بارسۆكیەكە بۆ شاسوار .

بارشت ـ (نمصـ) ، تە : بارتن :: وادیارە ئەو شۆ هەوای بارشتی هەیە .

باركردن ـ (مصتـ . لا.) ١ـ خۆسازكردنی كاروان و (بار) خستنە سەر پشتی ووڵاغان★ بار لێنان . ٢ـ كۆچ‌كردنی ماڵێك یا خەڵكی شوێنێك لە جێگەیێكەوە بۆ جێیەكی دێ :: ماڵی مام برزۆ دوێنێ باریان كرد . دە ڕۆژی تر باردەكەین دەچینە هەواری . ☐ « ماڵم لێرە باردەكا ، دەچمە دار و بێ‌دارێ + هەركەس تۆی ناوێ بەردی لێ‌بارێ » (فۆلكلۆر) ٣ـ (مجـ .) موتڵەقی گواستنەوە و ڕۆیشتن . ٤ـ (مصتـ . متـ .) ، (كنـ .) زیاد لە توانستی خۆی كار بە كەسێ ئەسپاردن بۆ جێبەجێ‌كردنی .

باركەوتن ـ (مصتـ . لا.) ١ـ كەوتنەخوارەوەی بار لەسەر پشتی ووڵاغ. ٢ـ (مجـ.) تۆشی ناڕەحەتێ (ماددێ و مەعنەوێ) و بەڵابۆن و لە ئەنجاما لەناو كۆمەڵدا بێ‌قەدربۆن .

باركەوتۆ ـ [١ـ بار/١ + كەوت (كەوتن) + ٢ـ ئۆ] ، (صمفـ .) كەسێك باری كەوتبێ (تە : باركەوتن/٢) ★ باركەوتە .

باركەوتە ـ [١ـ بار/١ + كەوت (كەوتن) + ٢ـ ئە/٦] ، (صمفـ.) تە : باركەوتۆ .

بارگران ـ [١ـ بار/١ + گران]، (صتـ .) ١ـ حاڵی بارەبەرێكی باری قورسبێ . ٢ـ (مجـ.) ، أ) ئادەمیزادی تەمبەڵ . ب) ژنی زگ‌پڕ .

بارگرانایێ ـ [بارگران +ئایێ/١] ، (حمصـ) ئەو ئەنجامەی بارێكی گران (ماددێ و مەعنەوێ) لە ئینسان یا گیان‌لەبەرێكدا بەدێ دێنێ .

بارگرانێ ـ [بارگران + ٢ـ ئێ] ، (نمصـ) ١ـ كەل‌وپەلی زۆر دەگەڵ خۆ بردن بۆ سەفەر و ... :: كوڕە جا بۆ دۆ ڕۆژ ئەم هەمۆ بارگرانییەی بوچییە ؟ ٢ـ كاری ئەرك و تەكلیفی زۆر خستنە سەر كەسێ :: ئەگەر بۆتان نابێتە بارگرانێ ئەم جانتایەم بۆ دەگەڵ خۆت ببە بۆ فەرامەرز .

بارگە ـ [١ـ بار/١ + گە (جێگە)] ، (نتـ.) كەل‌وپەلی سەفەر، ڕاو ، شەڕ و ...و... چەشنی ئازۆقە ، نوێن ، جلوبەرگ ، تفاقی چێشت‌لێنان و ...و... كە جاران دەخرایە ناو خورجێنێكی گەورەی

تایبـــەتی و بـــارزگان و پیـــاوی دەســــــتڕۆیو و میرەکـــــانی کوردستان، دەگەڵ خۆیان دەیانبرد

بارگەتێکنان ــ [بـــارگە + تێك (دەیەك) + نان (فعـ.)] ، (مصد ، مد .) سازکردن و پێچانەوەی ئەو کەلوپەل و شتومەکانەی دەگەڵ خۆ دەبرێن بۆ سەفەر. □ «کە بارگەت بـۆ هەوار تێکنا عەزیزم + شـــکا ئەستوندەکی تاولێ مرادم »

(هێمن)

بارگەچی ــ [کو : بارگە + تو : چی] ، (نـ.) ، کەسێکی کاری ئـــــەوەبێ بارگــــــە ســــــــازکا و بێپێچێتەوە و کە گەیشتنە مەنزڵ کەلوپـــەلی پێویــــــــت دەربێنێ ، خاوەنی بارگە هەرچی لازم بۆ لەوێ داوادەکا و مشتوری ئەو شتانەش دەخوا کە دەبرێنەوە . تێبـ ــ لــــە دیوەخــانی دەرەبـــەگ و میرەکانی کوردستان ، یەکێك بە تایبەتی بۆ ئــــــەم کـــارە تــــەرخان دەکرا ، کاربەدەســـــتان و گەورەپیــــاوانی دیوان و پیـــاوانی دەوڵەمــــەند و دەستڕۆیویش بارگەچیان هـــەبوە ، ئاشکرایە ئێستـــا ئـــەم کارە بەلاوە نراوە .

بارگەوبنە [بارگە + و + بنە ۲/]، (نـ.)، (مک.) هەمۆ کەلوپەلی پێویست بۆ سەفەرێکی کاتـــــی هیندێك دوورودرێژ ، کە کەسێ یا کەسانێ دەگەڵ خۆیان دەیبەن .□ «بابم حاکم بۆ لـــە ئیسفەهـــــانێ ئەمنێتیشیان تەڵەب دەکـــرد حوکمـــم دەهاتەوە سەرە ، تەدارەکم دەگرت بارگە و بنـــە ، چـــەندم ڕەنگێــــن دەکردنەوە نۆکەرە » ، (تحفە ، ج ۲، ل ــ ۲۸۰) .

بارگیر (نـ.) ، تە : بارگین .

بارگین [۱ ــ بـــار/۱ + گـــــین (گیر)] ، (نـ.) ، (مک. ، سـنـ. ، کعر.) ۱ــ ئەسپێکی یەختە کرابێ و بۆ بارهەڵگرتن کەلکی لێ وەربگیرێ. ۲ــ ئەسپ . ۳ــ (مجـ.) جنێوە بـــە مانای : بــێ ئەقـــڵ و حـــەیوان ، پەخمە و بێکارە و ئەگەر بە توڕەیی نەگوترێ لە دڵان زۆر گران نایێت . :: ئەم کابرایە هەر دەڵەی بارگینە کوڕە بڕۆ هەی بـــارگین ★ (بکـ.) بەرگیر . بارگیر (تە : ژابا ــ ۳٤). (جنو.) یابۆ .

بارلێنان [۱ــ بار/۱ + لێ (لە + ی) + نان (فعـ.)] ، (مصد. مد.) تە : بارکردن/۱ .

بارمتە [٤ــ بار + متـــە ؟] ، (نـ.) ئەو شتەیە کە لەباتی هەقێ لای کەسێ بە گرێو دادەندرێ ، یا یەکێك لەباتی هەقی خۆی لــە کەسێــکی ئەوســـا لێی وەردەگیرێتـــەوە یـــا گلدەداتەوە ، تا هەقەکە دەدرێتەوە ئەوســـــا لێی وەردەگیرێتـــەوە یـــا دەیداتەوە .تێبـ ــ ئەم ووشەیـــە وەکو لە سەرەوە نیشان دراوە لـــە دۆ کەرت پێکهاتوە ، کەرتی دوەمیان کە (متە)یە لە موکریان بەو (گوێز) یا (پارە)یە دەڵێن کە لــە یـــارێ (مێشێن = مۆشێن)دا دادەکرێ ، من بۆ ئەوە دەچـم ئەسڵـــــەکەی (متاع)ی عەرەبی بێ و جەڕابێ .

بارنامە [۱ــ بار/۱+نامە]، (نـ.)،

(کئێر.) نامە یا کاغەزێکی چاپکراوی تایبەتییە ، ئەوەی (بار) بەڕێ دەکا بۆ ئەو کەسەی دەنوسێ کە بارەکانی بۆ دەچێ ★ (کعر.) سەرتەمێ . تێبـ ــ ئەم کاغەزە دەدرێتە دەستی چاروێدار یا شۆفێر و تێیدا دەنوسرێ کە چەند باری بۆ ناردوە و بۆ هەر (واحیدێکی کێش) دەبێ چەندێ کرێ بدرێتێ و چەندێشی پێشکرێ دراوەتێ .

بارنەبـردن ــ (مصد. لا.) ١ــ قبوڵنەکردنی وولاغێك کە باری لێ بندرێ ، جا لەبەر چەموشێ بێ یاخۆ لەبەر لاتێ و کەنەفتێ . ٢ــ (مج.) بە کەڵکی کار نەهاتنی ئینسانێك .

بارنەبەر ــ [١ــ بار/١ + نە (ئم : نەفی)+ بەر (بردن)] ، (صت.)، ١ــ حاڵی وولاغێکی قبوڵ نەکا باری لێ بندرێ یا لەبەر لاتێ و لەغەری باری پێ هەڵنەگیرێ. ٢ــ حاڵی کەسێکی تەمبەڵ و بێکارەبێ . ★ بارنەوەر.

بارنەوەر ــ (صت.) تم : بارنەبەر.

باروبارخانە ــ (نت.) ، (مک.) هەموو ئەو بارە کاڵا و شتومەکەی بە کاروان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك دەگوێزرێتەوە و زیاتر بە ناوی خاوەنەکەی هەڵدەدرێ . :: باروبارخانەی میرزا حاجی لە مەسکەوێڕا گەیشتە جێ . باروبارخانەی حەمە قەددۆی موسڵێش وانابێ .

باروبنە ــ [١ــ بار/١ + بنە/٢]، (نت.) ، (مک.) تم : بنەوبارخانە .

باروبۆ (نت.) ، (کعر.) تم : باربۆ .

بارۆژگ ــ [١ــبا/١ + ڕۆژگ ؟] ، (نت.) ، (مک.) شوێنێکە (با) زۆر بێگرێتەوە . تێبـ ــ ڕێی دەچێتێ کەرتی (ڕۆژگ)ی ئەم ووشەیە یا (ڕۆگە) بێ یا لە (ڕۆشاندن) وەرگیرابێ .

بارهەڵگر ــ [١ــ بار/١ + هەڵگر (هەڵگرتن)] ، (صت.) ١ــ حاڵی وولاغێکی بار قبوڵ کا یا وەختی ئەوەی هاتبێ باری لێ بنێن . ٢ ــ (مج.) کەسێکی نارەحەتێ و زەحمەتێ بۆ قبوڵ بکرێ ، دەنارەحەتیدا هەڵبکا.// بارنەبەر.

بارهەڵگرتن ــ [١ــ بار/١ و ٣ + هەڵگرتن]، (مصد.لا.) ١ــ تم : باربردن . ٢ــ (مج .) توانابوونی کەسێك بۆ جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی فەرمانێك و کارێك. :: ئەم بارە قورسە چۆن بەو منداڵە بەستەزمانە هەڵدەگیرێ (ئەم ئیشە گرانە چۆن بەو منداڵە دەکرێ) .

بارە ــ [٢ــ بار+٥ــئە/١] ،(نت.) تم : بابەت/٣ . تێبـ ــ ئەم ووشەیە بە تەنیابێ دەکار ناکرێ ، یا (لەبارەی ..) دەوێژرێ یا (دەربارەی ...) کە ئەمەی دوایی زیاتر فارسییە تا کوردێ . :: دەربارەی شێرکۆ دڵتان هیچ خەتەرە نەکا . لە بارەی (خانێ) شاعیری گەورەی کورد زۆر شت نوسراوە .

بارەبەر ــ [١ــ بار/١ + ٣ــ ئە/٢ + بەر (بردن)] ، (نت.صت.) ١ــهەر وولاغێ کە باری لێ بندرێ .::

بارەبەرمان هەر ئەو گوێدرێـــژەیە

١ــ بارەپێمەڕە [١ــ بار/٢ +٣ــ ئە/٢ + پێمەڕە] ، (نتـ.) ، (مکـ.) ئەوەندە قوڕ یا خۆڵە کە بە جارێك (پێمەڕە) هەڵێدەگرێ . :: چەند بارەپێمەڕە قوڕ دەو قوڵکەیەکەن بـا پڕبێتەوە .

٢ــ بارەپێمەڕە [٢ــ بار/١ + ٣ــ ئە/٢ + پێمەڕە] ، (نتـ.) ، (مکـ.) بچێتە خوارەوە . :: قوڵکەیەك لـە هۆ و قولینچکە هەڵقەنن دوو ســێ بارەپێمەڕە قوڵ بێ .

بارەقەڵڵا [محر. عا.] (ڕستە)، (مکـ.) تە : بارەکەڵڵا .

بارەکەڵڵا [= عا : بارك‌الله] ، ڕستەیەکە بە مانای ئافەرینی خوات لێبێ ، بۆ هاندان و قەدرزانـــین بەکاردێت . ★ بارەقەڵڵا .

بارەگێ [١ــ بار/١ + ١ــ ئـەك/١ + ٣ ئێ] ، (صـتـ.) حـــاڵی وولاغێکی هاتبێتە ئەوەی بتـوانـێ بار هەڵگرێ ، بــــەڵام هێشتـــا نەهێنرابێتە بەربار . :: ئێســـترە زەرد بارەگێ بوە (وەختی ئـەوەی هاتوە باری لێ بندرێ) .

بارەگا

[بار + ٣ــ ئە/٢ + گا (جێگە)]، (نتـ.) ، ١ ــ کۆشـــك و ســەرای پاتشایان. ٢ــ دیوەخانی پاتشایان و ئەمیران ، کە وەزیر و کاربەدەستانی گەورە لەولاولای پاتشا دادەنیشتن و هەرکەسێ کارێکی هەبا و پاتشـــا ئیجازەی دابا ، دەهـــاتە ژوورێ و قسەی خـۆی دەکرد ★ (کئێر.) دەربار . (کمر.) بیلات (بلاط) ٣ــ (نتـ.) جێگای پارتی سیـاسێ و نەقابە و یەکێتێ و تیپی وەرزش و یارێ (فوتبۆل و . .) . تێبـ ــ ئەم ووشـــەیە بــەڵای منەوە ئەســــڵی فارسییە و (بارگاە)ە و وای بۆ دەچم کە لــە ڕێگەی (شـــانامە) و (ئەســـکەندەرنامە) و ئـــەو جۆرە چیرۆکانە هاتبێتە ناو زمانی کوردێ و شـێوەی کوردێ وەرگـــرتبێ . ووشـەی (بـــار) لە تەرکیبی ئــەم ووشـەیەدا فارسێ بە مانای (ئیجازە، ئیزن ، ڕوخـــصەت) دەکاری دەکا ، بە دوورێشـی نازانم کە لــە ئەسڵی پەهلەوێ بە مانای (بەرز ، بلیند)ە وەرگـیرابێ ، ئـــەگەر ئـــەوەیان قبـووڵ‌کەین ووشــــەکە دەبێتــــە ووشـەیەکی کە فارسێ لــە کوردێ وەرگرتوە ، تەنیا شتێك وام لێدەکا کەمتر بۆ ئــەم لایــەی داشـکێنم ئەوێش ئەوەیە کە نــەمدیوە زمانی پەهلەوێ ووشـەی (بارگا) یا (بارەگا)ی تێدابێ .

بارەنداز ــ [١ــ بار/١ + ٢ــ ئەنداز] ،(نتـ.) ، (کئێر.) بەربێڵایەکە لە خـــان و کاروانسەرایان دروستی دەکەن ، کاروانچێ بارەکانیان لەوێ دەخەن ، تا بەفر و باران و هەتاو لێیان نەدا . تێبـ ــ کەرتی (ئەنداز) لـــە مەصـــدەری (هــەنداختەن) پەهلەوێ وەرگێراوە ، کە لە زمانی کوردیدا شکڵی گۆڕاوە ، و بە مانا پەهلەوییەکەیەوە بۆتە (هاوێشتن ، ئاویشتن) ، زمانی (فارســێ)ش ئەم ووشـــەیەی بـــە شـــێوەی (ئەنداختەن) وەرگرتوە . ئــەم بڕە

ووشـــەیە لـە تـەرکیبی چـەند ووشـەیەکی دیـکەی کوردیشـدا وەکو : تیرەنـداز ، چاوەنـداز ، سەرەنداز و ...و... دەبیندریٚ .

بارەنگێو ــ [۱ــ بار/۱ + ئەنگێو (ئـەنگاوتن)] ، (صـت.) ، (مک.) چلۆنایەتیٚ شوێنێکە لە ریٚوبانان کە بەردیٚکی گەورە ، بەرزایی زەوی ، قەدپاڵی کێو یـا لقوپۆپی داران لە باری وولاغ بدات .

باریٚ ــ [= فر : باریٚ (جارێك)] ، (بنت.) ، (کئێر.) ، هەرچۆنیٚ بیٚ ، کەوابوو ، بە هەرحاڵ .

بارێك ــ [پە : بارێك] ، (صت.) ۱ــ حاڵی هەر شتێکی پانایی کەم و درێژایی زۆربیٚ // پان . □ « پردی سیراتیٚ لە موو بارێکتر و لە ئەڵماس تیژترە » . ۲ــ حاڵی هەرجیسمێکی قوتر (قطـر)ی بچـووك بـیٚ // ئەستوور . □ « کوچەی فـەیزاوا تەنگ‌وتارێکە + ماتیشقەی رووسیٚ ناوقەد بارێـکە » (فۆلکلـۆر) . ● **مل لە موو بارێکتر** ــ (کن.) زۆر گویٚ لە مست و مطیع . ۳ــ (مجـ.) لاواز، لەغەر ★ (بکـ.) زراف .

بارێکان [بارێك/۲+ ۲ــ ئان/۷]، (نت.) بەنێکی بەدانستە و بـارێـك رێسـرابیٚ . ● **بارێـکان دەرێسیٚ** ــ أ) بە تەشیٚ خوریٚ دەکاتە بەنێکی بارێك . ب) ، (کن.) قسەکانی زۆر درێژ دەکاتەوە، هەر لێی نابڕێتەوە، زۆر ڕێنگەڕێنگ دەکا .

بارێکـایی [بارێك ۱/۲ + ئـایی ۱/] ، (نت.) ئەو شوێنەی شتیٚ کە لە جێگاکانی تری کەمتر ئەستـوور بێت . :: دارەکە لە بارێکاییەکەیڕا ببڕنـەوە .

بارێك و بنێسیٚ (نت.) ، (کمر.) ، ۱ــ لاوازێکی لەبەر نەخـۆشیٚ زۆر درێژ کە تـوشی کەسـێك دەبیٚ و رۆژبەڕۆژ کزتر و زەبوونتری‌دەکا . :: خدر لێی پێسی‌کردوە و داویەتە بارێك و بنێسیٚ . ۲ــ تم : ۱ــ ئازار (ئازاری سیل) ★ (مک.) بنێسیٚ . صەبنێسیٚ . (جنو .) بارێکوو .

بارێکە [بارێك/۱ + ٥ــ ئە/۲]، (نت.) ۱ــ درومـانی پـەڕاوێزی جل‌وبەرگ. ۲ــ(مجـ.) خۆشاردنەوە، خۆدزینەوە ، پێدزکیٚ . :: بارێکەی دایە و بـۆی دەرچوو . ۳ــ نـاوی دێیـەکە لـە دەوروبـەری شـاری سلەیمانیٚ .

بارێکەڕیٚ [بارێك + ۳ــ ئە/۲ + ڕیٚ] ، (نت.) ، ڕێگایەکە تەسك و خۆش‌نەکراوبیٚ بەڵام هاتوچۆی پێدا بکریٚ

بارێکیٚ [بارێك + ۲ــ ئیٚ] ، (نت.) موتلەقی بارێکاییٚ . (تم : ئەستووریٚ ــ تێبـ.) .

بارین [پە : ڤارێتەن] ، (مصـ. لا.) ۱ــ هاتنەخوارەوەی بـاران ، بەفر و تەرزە لە هەورانڕا بـۆ سەر زەویٚ . ۲ــ (مجـ.) هـاتنە خـوارەوەی هـەر شـتێك لە بڵیندایێکی نیسبیڕا بۆ سەر شوێنیٚ یا کەسیٚ . :: گوللە وەك تەرزە بـە سەرماندا دەباریٚ ★ (بکـ.) بارین . تێبـ ــ لە زمـانی ئاوێستـایێدا (ڤارێنگتی) بە مانای (دەباریٚ)

هاتوە (تە : ژاباـ ٣٤) .

باریە [؟] ، (نا.) ، ئامرازێکە بۆ جوڵاندن و بەرزکردنەوەی شتی قورس لە شوێنی خۆی . تێبـ ـ ئەم ئامرازە لە ساکارترین حالەتیدا تێلایەکی‌دار ، یا ئاسنێکی ئەستورە کەسەرێکی تۆزێ دەکوترێتەوە و هێندێ پان دەکرێ و برێکیش دەشکێندرێتەوە بە جۆرێکی ئەوتۆ زاویەیەکی کراوەوە (منفرجة) دروست‌دەکات . تێبـ ـ لە کاتی ئیش‌پێکردندا سەرە پانەکەی دەخرێتە ژێر ئەو شتە قورسەی کە مەبەستە بجوڵێندرێ ، لەو کاتەدا دێوی دەرەوەی زاویەکە دەبێ لەسەر جێگایەکی پتەو ڕابوەستێ ـ لە (فێزێك)دا بەم شوێنە دەگوترێ (نقطة اتكاء) ـ ئەوجار باسکە درێژەکەی بۆ لای خوارەوەدادەگرن و بە هێزێکی کەم قورسایێکی زۆر دەجوڵێنێ . ئارشیمیدۆس زانای بەناوبانگی یۆنانێ گوتویە : « ئەگەر (نقطة اتكاء)یەکم دەست‌کەوێ ، زەوێ لە جێی خۆی دەبزوێنم » . ★ (کئیر.) ئەهرەم (فارسیە) . (سنە.) چل‌مێردە ، لۆسە (هس . لەوازە) . نوێڵ .

١ـ باڕ [؟] ، (صە.) ناکامڵ ، پێ‌نەگەیشتو ، جحێڵ . تێبـ ـ أ) ئەم ووشەیە تەنیا بۆ پەلەوەر و باڵندە بەکاردێ کە دەوری (زەڕنەقوتەیێ) تەواوکردبێ بەڵام هێشتا نەبوبێتە باڵندەیەکی کامڵ و سەر :: باڕەکەو ، باڕەهەوێردە ، باڕۆکە . □ « قەل بە صەت ساڵ باڕە » . ب) وا دەزانم ئەم ووشەیە دەگەڵ (پورنای) زمانی پەهلەوێ خزمایەتێکی هەبێ کە بە مانای جحێڵ و نابالقە .

٢ـ باڕ [ئینگلیسی] ، (نا.) ئەو شوێنەیە کە بۆ فرۆشتنی خواردنەوەی ئالکۆلدار (مشروبات) تەرخان‌دەکرێ و خەڵکی لە بەردەم پێشخوانێك بە پێوە ڕادەوەستن و دەخۆنەوە و هێندێ‌جاریش لەسەر کورسێ بڵیندی تایبەت دادەنیشن .

باڕانـدن [نـد.] ، (مصـ. لا.) دەنگی خۆدەرخستنی ئاژاڵ :: بزنەکە دەباڕێنێ . ★ باعاندن . (سنـ.) باقانن .

باڕن [٢ـ با/١ + ڕن (ڕنین)]، (نت.) کزێوەی بەفر بێ ئەوەی لە هەوران بباریێ ، بەڵکو بایەکی بە قەوەت لە شوێنێکەوە بەفر هەڵدەگرێ (دەیڕنێ) و بۆ بەرزایێ دەبا کاتێ دەگاتە جێگایەکی وا کە بایەکە تەووژمی کەمە دەباریتەوە سەر زەوێ و چەشنی کزێوە دێتە بەرچاوان . :: بەرخی بابم ئەمە کزێوە نیە باڕن دەکا .

باڕۆکە [١ـ باڕ + ئۆکە] ، (نت.) مریشکێکی هێشتا گەورە نەبوبێ ، فڕۆجێکی کەوتبێتە هێلکەکردن . □ « ... بۆکە بەبارانی دەوێ ، هێلکەی باڕۆکانی دەوێ » (فۆلکلۆڕ) .

بـاڕۆت [؟] ، (نـا.) ، ١ـ ماددەیێکی ووشکی ڕەشە کە ئاگری وێکەوت کلپە دەکا ، بۆ هاوێشتنی گوللەی تۆپ ، تفەنگ ، تاپۆ و ...

و ... بەکاردێت . تێب ــ ١) ئـەم ماددەیە گەردوتۆزێـکی ڕەشـە ، جاران نێچیرەوانـانی کورد لـە (شۆرە) و (گۆگرد) و (ڕەژی) دروستیان دەکرد ، چاکترین خەڵوز بۆ ئەم کارە (ڕەژێ دارەبێ)یـە . ب) بۆ تاقی‌کردنەوەی چاکی و خراپی باڕوت ، تۆزێکی لەسەر لەپی دەست یا پەڕە ستێفار ڕۆ دەکەن و ئاگری جگەرەی لێ نێزیك دەکەنەوە ، کڵپە دەکا و دەچێ بە عاسمانا ، ئـەگەر پەڕە ستێفارەکە یا بەری دەستی نەسوتاند ئەوا باڕوتی چاکە . ★ (مک.) دەرمان ، باڕوتی ڕەشۆکێ . ٢ــ (مج.) پیاوی توندە میجاز کە زۆ تۆڕە دەبـێ و هەڵـدەچێ .

باڕوتی بێ دوکەڵ ــ (نت.) جۆرێك باڕوتە کە لە فابرێقـە دروسـت دەکرێ و ڕەنگی سپی واشە . تێب ــ ئەو ماددانەی کە ئەو جۆرە باڕوتەیان لێ‌دروست دەکرێ هەر ئەوانەن کە بۆ دروست‌کردنی باڕوتی ڕەشۆکێ دەستدەدەن ، لە باتی شـورە جەوهەری شۆرە (ئەسیدنیتریك) و لە باتی گۆگرد جەوهەری گۆگـرد (ئەسیدسولفوریك) و لە بـاتی خەڵوزیش ماددەیەکی (سیلولـوز)ی لە بابەتی (لوکە) دەکاردەکرێ ★ باڕوتی سپی . **باڕوتی ڕەشۆکێ** ــ [باڕوت /١ + ١ــ ئێ/ + ڕەش + ئوك/١ + ٣ــ ئێ] ، (نت.) ، (مک.) تم : باڕوت /١ **باڕوتی سپی** ــ (نتـ.) ، (مکـ.) تم : بـاڕوتی بێ‌دوکەڵ .

باڕوت‌پێژ | باڕوت /١ + پێـژ (پێژتن) | ، (صفا.) (بک.) ئـەو کەسەی بـاڕوت دروسـتدەکا . تێب ــ لە لەهجـەی ناوەنـدێ و بن‌لەهجەکانێدا هـاوتای ئـەم ووشەیەم نەبێستوە .

باڕوتخـانە (نت.) ، (کعر.) جێگایەکی تایبەتییـە چـەك و تەقەمەنێ و کەڕەستەی شەڕی تێدا دادەنێن ، عەمباری تەقەمەنێ . ★ (کێیر.) جبەخانە ، قورخانە .

باڕوتێ | باڕوت /١ + ٣ــ ئێ|، (صت.) ، (مک.) تۆچـای وورد ، چایەکی وەکو باڕوت ووردبێ .

باڕوشـــە | ٣ــ با/١ + ڕوش (ڕوشاندن) + ٥ــ ئە/١ | (نت.) ، (سند.) تم : باوەشێن .

بارە [ند.] دەنگی مەڕ و بزن ★ باعە . بالە .

بارەبار | ند.| ، ١ــ دەنگی یـەك لە دوای یەکی ئاژاڵ . ★ باعەباع، بالەبال . ٢ــ (مجـ.) قێژەقـێژ و هەرای زۆری ئادەمیزاد . :: بـە بارەبار کابرایان لە ماڵێ دەرهێنا و کوشتیان . هەر بارەبارێ بو کەس گوێی نەدەدایە .

بارەش | ٣ــ با/١ + ڕەش | ، (نت.) ،(کعر.) تم : ڕەشەبا .

بارەکەو [١ــ بار + ٣ــ ئە/٢ + کەو] ، (نت.) بەچـکەی کەو کـە هێشتا سەرنەبـوبێ ، کـەوی پچوك‌ساڵ .

١ــ بارێزە [؟] ، (نت.) ، (هلـ.) خۆشناوەتێ) ، گیایەکە لاسـکی درێژ و ڕەش باوە ، گەڵای وورد و سێ‌گوشەیە ، وە کەروز دەچـێ ،

لە شاخان لەو شوێنانەی کەمێ ئاویان هەیە ، شێن دەبێ . تێبـ ــ لە کوردستان ئەم گیایە بۆ نەخۆشی (مێز گیران) کەڵکی لێ‌وەردەگیرێ و دەڵێن یەکاو یەکە . ☐ « بازێزە شێن‌بوون بە شاخانەوە + با گولە بمرێ بە داخانەوە » (فۆلکلۆر) . ★ خاڵەڕەش ، خاڵەڕەشە .

٢ــ بازێزە [٣ــ با/١ + ڕێز (ڕێژ) + ٥ــ ئە/١] ، (نت.) ، (مک.) بارانێکی بە (با) بباری :: وەکو بازێزە فرمێسکی بە چاواندا دەهاتە خوار .

١ــ باز [پە : باچ ، باج] (نا.) باڵندەیەکی گۆشتخۆری ووریای خێرایە ، نێزێکەی سێ چل سانتیمیتر درێژ دەبێ ، باڵی کورت و بارێکە ، دندوکی خوارە و بەرسینگی پەڵەپەڵەی ڕەشی تێدایە . ☐ « سیا بازێك بۆم ، سیا بازێك بۆم لە ئەوجی گەردوون ، تێژ پەروازێك بۆم». (پیرەمێرد ــ ٢٣١) تێبـ ــ أ) ئەم باڵندەیە دەتوانێ مەلانی تر بە عاسمانەوە ڕاوکا ، بۆیە پاتشا و گەورە پیاوانی قەدیمی وەکو یەکێك لە کەرەستەی نێچیرەوانێ بەخێویان دەکرد و لە بارەگا و دیوەخانەکانیان کاربەدەستی تایبەتێ بۆ نیگاداری و خزمەتی تەرخان دەکرا . ب) باز چەند جۆرێکی هەیە : تەوار ، تەڕلان ، جوڕڕە ، تۆلك ، فەرخ . (تە : سجادی ، کوردواری ــ ١٥٦ ج) «باز (باڵندەی ڕاوی) و باشە (واشە) کە ئەوێش باڵندەیێکی دێکەی ڕاوییە ، هەردوکیان یەك مەعنایان هەیە و دەبێ لە (ڤەزە) بە مانای (بزندە)وەر گیرابێ کە ئەویش لە مەصدەری ئاوێستایی (ڤەز) یانی (بزین) وەرگیراوە . » (تە : معین ، بورهان ، ج ١ ، لـ ٢١٧ ، پەراوێزی ژمارە ٧) دوکتور معینیش ئەمەی لە (پورداوود) فەرهەنگی ئێرانی باستان ، ج ١ ، ل ــ ٣١٤ خواستوتەوە) . ★ قوش .

بازی دەوڵەت ــ (نت.) ، (باز)ێك بوە کە بە پێی چیرۆکە کۆنەکانی کوردەوارێ بۆ دیارێ‌کردن و هەڵبژاردنی حاکم ، مێر یا پاتشا هەڵیان داوە و لەسەر هەر کەسێ نیشتبێتەوە کردویانە بە گەورە و حوکمدار . ★ بازی پەقێن .

بازی هەوایێ [١ــ باز + ١ــ ئێ /١ + هەوایێ] ، (نت.) ، (سنە.) تە : بادەوە . **بازی پەقێن** ــ (نت.)، (مک.) تە : بازی دەوڵەت . ☐ « سبحەینێ کە زۆر کراوە ، مەجلیسی تاقیقی گێراوە ، بازی پەقێنیان‌هێناوە ، هەردوك چاوی بەستراوە ، هەڵیان ئاوێت ڕاوەستاوە ، لە هەوای لەنگەر بەستراوە ، سەربەرەژێر هات گەڕاوە ، ئیکلامی فەرخی کێشاوە » (تحفه ، ب٢ ، ل ــ ١٤١/١٤٢) .

٢ــ باز [پە : ڤاز] ، (نا.) ، ١ــ بەگوڕ بەرزبونەوە لە شوێنێك و خۆ فڕێدانە شوێنێکی دیکەی دوورتر . ئەنجامی بازدان . ٢ــ تە: سێ‌باز ★ (مک.) بازد . (زا.) ڤاز.

(جنو.) واز . تێب ــ بە لای منەوە
ئەسڵی ووشەکە (بازد)ە و دەنگی
(د) بەکەم لەبەر قورسێ لەم
شوێنەدا و دوەم چونکو دەگەڵ
مەصدەری (دان) سەرف
دەکرێت ؛ لەسەر زمانان سواوە.

٣ــ باز [؟] ، ١ــ (نا) ڕێگای
تایبەتێ کە دەستەیەك بۆ ئێشێکی
دیار پێیدادەڕۆن :: بازی بێریان ،
بازی پاڵان (پاڵە) ٢ــ (پب.) بە دوای
هەندێ ناوانەوە دەلکێ و مەدلولی
تێپەڕین و عبور لە ماناکانیان زیاد
دەکا. :: ڕێباز ، دەرباز ، بەردەباز،
پردەباز . **بازیبێریان** ــ [٣ــ باز
/١ + ١ــ ئێ/١ + بێری
+ ٢ــ ئان/١] ، (نت.) ئەو ڕێگایەی
هەمو ڕۆژێ (بێرێ) بۆ مەڕدۆشێن
پێیدا دەڕۆن . ☐ « بازی بێریان
دۆڕەدێیە + بێرێ دێن شێر
مەشکیان پێیە » (فۆلکلۆڕ) .

٤ــ (ــ باز) ، (پب.) ، ١ــ بە
دوای هەندێ ناوانەوە دەلکێ و
دەیانکاتە (صفا.) یا (نفا.) و
نیشان دەدا ئەو کەسەی ئەم
صفەتەی وەپاڵ دەدرێ یا ئەم ناوەی
لێ دەنەدرێ ، لەو ئێشەدا کە
مەدلولی ناوەکەیە ماهیر و لێزانە یا
خۆی پێوە گرتوە :: حێلەباز ،
جادۆباز ، فێڵباز ، قومارباز ،
کۆترباز ، مێباز . ٢ــ بە دوای
هێندێ ناوانەوە دەنوسێ و مانای
دۆڕاندن ، بەخشتکردن و
فیداکردنیان لێ زیاد دەکا .::
سەرباز ، (ئەو کەسەی سەری خۆی
بەختدەکا .) گیانباز (ئەو
کەسەی گیانی خۆی لە پێناو شتێکا
فیدادەکا) .

بازاڕ [پە : ڤاچار] ، ١ــ
جێگای کڕین و فرۆتنی کەلوپەل و
کالای جۆراوجۆر . تێب ــ شوێنێکە
وەکو کۆڵان ئەوبەرەوبەرەکەی
دوکان و موغازەی زۆری لێ
دروستکراوە (ئەگەر سەری
داپۆشرابێ پێی دەڵێن قەیسەرێ)
بازرگان و کاسبکار یا ووردە
سەنعاتکاری وەکو جلدرۆ ،
چەخماخساز ، ئاسنگەر و ... و
... هەریەکە لە دوکانێکدا کالای
خۆیان دادەنێن و دادەنیشن تا
خەڵکی بچن لێیان بکڕن یا خەریکی
سەنعاتەکەی خۆیان دەبن . لە
شارانی گەورەدا هەر سنفەی بازاڕی
تایبەتێ خۆی هەیە :: بازاڕی
شێرگەران ، بازاڕی کەوشفرۆشان
بازاڕی بەزازان . ٢ــ مەیدان یا
هەر جێگایەکی بەرین لە شاران کە
لادێیی هەمو ڕۆژێ کالای
لادێییانەی خۆیان وەکو : دار ،
خەڵوز، ماست، ڕۆن، سەوزەگیای
خواردن ، ئاژەڵ و پاتاڵ دێنن و
لەوێ دەیفرۆشن . تێب ــ ئەم جۆرە
شوێنە زیاتر بە مەیدان ناودەبرێن.
:: مەیدانی ئاردی (لە مەهابات) ،
مەیدانی ماستفرۆشان (لە
سلەیمانێ) و ... و ... بەلام
وەبەر مەدلولی بازاڕ دەکەون و لە
ڕاستێشدا هەر (بازاڕ)ن . ٣ ــ
هەمو ووردە بازاڕەکانی لە شارێکدا
هەبن :: بازاڕی بەغدا ، بازاڕی
تاران ، بازاڕی تەورێز ٤ ــ (مجە.)

سەودا و موعامەلە ، کاری کڕین و فرۆشتن :: ئیمڕۆ بازاڕ نیە ، خولاّ بازاڕت بدا . ٥ــ جێگایەکی لە نێوان چەند گوندانێدا کە ناوبەناو (هەفتەی جاریێ ، ١٥ ڕۆژ جاریێ ...) لادێیی دەوروبەر و کاسبکارانی شارێکی نێزێك ، بە خۆیان و کالاّ و کەلوپەلیانەوە لەویێ کۆدەبنەوە و لە بەیانیێڕا هەتا ئێواریێ خەریکی کڕین و فرۆشتن دەبن و ئێواریێ هەرکەسە دەگەڕێتەوە جێگای خۆی ، لەو جۆرە بازاڕانەدا گۆڕینەوەی کالاّ بە کالاّ (المقايضة)ش شێوەیەکی کڕین و فرۆتنە کە وێرای کڕین بە پارە ، باوە . تێبـ ــ ١) دوکتۆر معین دەربارەی ووشەی بازاڕ دەلّیٚ : « لە پەهلەویدا (ڤاچار) ، لە پارسی کۆنا (ئەباجاری)یە کە پێکهاتوە لە (ئەبا) لە سانسکریتیدا (سەبهە) بە مانای (شوێنی کۆبوونەوە) و کەرتی دوەم مەصدەری (جەڕیێ)یە بە مانای (لەوەڕان) ، » تە : معین ، بورهان ، جـ ١ ، ل ــ ٢١٨ ، پەراوێز) . ب) ئەو چەشنە بازاڕەی لە ژمارە (٥)دا باس‌کرا ، بە لای منەوە ئیٚ ئەو سەردەمانەیە کە هێشتا (شار) دروست نەبوون و ڕەنگە بێری کۆبوونەوەی خەلّکی هەمە ڕەنگە لە جێگایەك و پێکەوەنانی ئاوەدانییەك بە ناوی شار ، هەر لەم چەشنە بازاڕانەوە پەیدا بوبیٚ و پاش سازبونی (شار)انیش ، بازاڕەکان هەروا مابنەوە ، لە لەهجەی باکوری زمانی کوردیدا (باژێڕ) بە (شار) دەلّێن . ج) لە مێژوودا هەندیێ بازاڕانی ژمارە (٥) ناوبانگیان دەرکردوە : سوق عکاظ (لە مەککە) ، سوق الاهواز (لە ئەهواز) ، بازاڕی مەکارە (لە ڕوسیای قەیەریێ) . د) لە کوردستان خۆشمان ئەو جۆرە بازاڕە هەبون و تا شەڕی دوەمیش لە دەوروبەری شاری مەهابات (بازاڕی قەباکەندیێ) و (بازاڕی مەحمەد یار)ی هەر مابون . هـ) ئێستا پێشانگەکان (المعارض)ــ کە هەمو سالّیٚ ئەغلەب دەولەتان دایدەنێن و دەولەتانی دیکەش هاوبەشیٚ دەکەن و کالاّی خۆیانی تێدا پێشان دەدەن تا ئەندازەیەك جێگای شێوەی سەرەتایی (بازاڕ ٥/)یان گرتوتەوە . :: پێشانگەی دەولیٚ بەغدا (عێراق) . پێشانگەی دەولیٚ دیمەشق (سوریا) . پێشانگەی لایپزێك (ئەلّمانیای دیموکرات) . ★ (بکـ. ، جنو.) بازاڕ . (هل.) باژێڕ . **بازاڕی خۆش** ــ (نت.) بازاڕێکە سەودا و مامەلّەی زۆری تێدا بکریێ ★ بازاڕی گەرم . **بازاڕی کەساد ــ** | کو. عا. | ، (نت.) بازارێکی کڕین و فرۆتنی کەم بیٚ ، بازاڕیێ ڕەمێنی‌لەسەر نەبیٚ **بازاڕی گەرم** ــ (نت.) ١ ــ تە : بازاڕیێ خۆش . ٢ــ هاتوچۆی زۆری خەلّك بۆ شوێنیێ . تێبـ ــ ئەم مانایە تەوس و تانۆتی تێدایە و بۆ مەبەستی (سەلبی) بەکار دێت.:: حەمەشەل

ئیمڕۆ بازاڕەکەی گەرمە . **بازاڕی مردوو** ـ (نت.) بازاڕێکی سەودا و مامەڵەی ئەوەندە کەم بێ وەك نەبوون وابێ .

بازاڕخۆشی (حمص.) کڕین و فرۆتنی زۆر لە بازاڕا ، دەستاودەستکردنی کاڵا و کەلوپەل بە خێرایی ★ بازاڕگەرمی .

بازاڕکردن [بازار/٤ + کردن]، (مصت. لا.) قسەکردنی کڕیار و فرۆشیار لەسەر نرخی کالا ، هەوڵدانی کڕیار بۆ سووککردن لە نرخی کەلوپەلدا . ★ سەوداکردن .

بازاڕگەرمی ـ (حمص .) تم : بازاڕخۆشی .

بازاڕی ـ [بازاڕ/١ + ٣ـ ئی] ، (صت.) ١ـ کالای خراپ ، کالایەکی بە دانستە دروست نەکرابێ ★ جەڵەبێ . ٢ـ (مجـ.) ئادەمیزادی سووك و هەرزە بەتایبەتی ئافرەت.

بازبازانێ ـ [٢ـ باز + ٢ـ باز + ئانێ] ، (نت.) ، (هلـ.) تم : بازبازێن .

بازبازۆکێ ـ [٢ـ باز + ٢ـ باز+ ئۆك / ٢ + ٥ـ ئێ /٢] ، (نت.) تم : بازبازێن .

بازبازێن ـ [٢ـ باز+٢ـ باز + ئێن] ، (نت.) ، (سیـم.) یاری مندالانە کە بۆ خۆخافلاندن و کەیف لە جێیەکی بەرز (نسبیا) خۆیان فڕێ بدەنە نزمایی. تێب ـ ئەم یارییە دۆڕاندن و بردنەوەی تێدا نیە . ★ بازبازانێ ، بازدبازدێن، بازبازۆکێ، بازدبازدۆکێ .

بازبردن ـ [٢ـ باز/١ + بردن]، (مصت. لا.) ، (سیـم.) **بازد** تم :

بازد ـ(نا.)، (مک.)تم : ٢ـباز/١

بازدبازدۆکێ ـ [بازد + بازد + ئۆك/٢ + ٥ـ ئێ /٢] ، (نت.) ، (مک.) تم : بازبازێن .

بازدبازدێن ـ [بازد + بازد + ئێن] ، (نت.) ، (مک.) تم : بازبازێن.

بازددان ـ (مصت. لا.) ، (مک.) تم : بازدان/١ .

بازددان (مصـت. لا.) ، (مک.) بازدان /١ و ٣ .

بازدان ـ [٢ـ باز/١ + دان] ، (مصت. لا.) ١ـ گورزبەستنەوە و خۆکۆکردنەوە و خۆهەلاوێشتن و بە تاو خۆفڕێدانە شوێنێکی دوورتر. ٢ـ لە بەرزاییڕا خۆهەلداشتنە شوێنێکی نزم ٣ـ (بک.) هەلاتن و ڕاکردن (زیاتر لە دەست کەسێ یا لە ترسان) .

بازرگان ـ [فـر.]، (نتـ.) ١ـ (سیـم.،کعر.) کوتاڵ فرۆش، ئەو کەسەی قوماش دەفرۆشێ . ★ (کئیر.) بەزاز. ٢ـ (کئیر.) تاجر. تێب ـ أ) ئەم ووشەیە شێوەی داتاشین و داڕشتنی بە لای فارسیدایە ، ئەگەر کوردیبا ، بە لای منەوە دەبوو پاشبەندەکەی کە بۆ (نسبة و اتصاف)ە دەبوو (وان) بێ و بە (٣ـ ئە/٢) بە (بازاڕ)ەوە لکابا ، ئوسا ووشەکە دەبوو بە (بازاڕەوان) هەروەکو دەڵێن (دەشتەوان) یا (توتنەوان) . ب) فەرهەنگستانی ئێران چەند سالێ پێش شەڕی دوەم ئەم ووشەیەی لە جیاتی

(تاجر) بۆژاندەوە و لەوســـــاوە خۆی و لکوپۆپیِ لە کوردســتـــــانی ئێران وەبرەو کەوتون .

بازرگانیِ ــ [بــازرگان + ٢ــ ئیِ] ، (فر. کو.) ، (نمصد.) ١ــ (کئێر.) کاری کڕین و فرۆتـــنی کالآی جۆراوجۆر . (عا.) التجارة. ٢ــ (سیمـ. ، کعر.) کۆتاڵ‌فرۆشیِ، قوماش‌فرۆشیِ . ★ (کئێــر . بەزازیِ .

بازرەقە ــ [؟] ، (نتـ.) ، (سیمـ.) تە : بازرەقەبەستن .

بازرەقەبەستن ــ (مصتـ. لا.) ، (سیمـ.) ١ــ تە : بازرەکردن /٢ . ٢ــ دەرپەڕێنی شتێك یا کەسیِ بە خێراییِ و لە نەکاو . :: مارەکـــە بازرەقەی بەست . ٣ــ فێتچقەکردنی خوێن و ئەو جۆرە شتانە . (عا.) فوران .

بازرەکردن ــ [بازرە ؟ + کردن]، (مصـــتـ. لا.) ، ١ــ (مـــکـ.) خۆدزێنەوەی کەروێشك لە نـــاو تمەاڵ بیِ ئەوەی ڕاوکەر پیِ بزانیِ. ٢ــ (سنـ.) هەڵبەزێنەوەی شـــتیِ (گولله ، بەرد ، ...) لە ئەرزیِ و لە شوێنێکی دیکە وەزەوی‌کەوتنی . ★ کەوانـــەکردن . (ســـیمـ.) بازرەقەبەستن /١ .

بازگ ــ (صـ.) ، (جفـ.) تە :١ــ بازە .

بازگەشت ــ [فر.] ، (نمصـ.)، (مکـ.) پەشیمانیِ .

بازگەشت‌بونەوە ــ [فر. کو.]، (مصتـ. لا.)،(مکـ.) پەشیمان‌بونەوە، پاشگەزبونەوە :: خوایە تۆبە لـــە گوناحی خۆم بازگەشت بومەوە . تێبـ ــ أ) فارسیِ (بازگەشت) بـــە مانای گەڕانەوە لە شوێنێك دەکار دەکا . ب) لە نێـــوان (پاشـــگەز)ی سلەیمانیِ و ئەم (بازگەشـــت)ەدا پێوەندیِ هەیە و بـــە لای منـــــەوە (بازگەشت) بۆتە (باشگەزت) و لە پاشان (پاشگەز)یِ لیِ‌کەوتۆتەوە.

بازن ــ (نا.) ، (سیمـ.، سنـ.) تە : بازنە/ ١ هس : (بکـ.) بازان = چۆلمە . لای پێشەوەی شـــان (تە : کف ــ ٦٥) و هس : (مکـ.) بازند .

بازند ــ [؟] ، (نتـ.) ، (مکـ.) ١ــ تە : باسك/١ . ٢ــ هێندێك بە ڕەژۆری جمگەی دەست ، ئەو شوێنەی بازنەی تێدەکریِ .

بازنە ــ [؟] ، (نتـ.) ، (مکـ.) ١ــ ئاڵقەیەکە بە شکڵی جۆراوجۆر لە زێڕ ، زێو یا شوشەواڵە و... دروست دەکریِ و ئافرەت بۆ جوانیِ دەیکەنە دەستیان ★ (ســنـ . ، سیمـ.) بازن (تە : مردۆخ ، ب١ ، ل ٧٦٤ . (بکـ.) بازن ، بازند . ٢ــ تۆقێکی ئاسن یا هەر مەعدەنـێکی ترە ، بۆ قایمیِ یا بـــەرگریِ لـــە زیادبونی شکاویِ یا پێکەوەبەســتنی دوِ شت تێیان دەکریِ :: گۆچانەکەی درزی بردبۆ بازنەیەکی لای وەستا مهێدێن تێکرد .

بازۆکا ــ [ئینگلیسی : بازوکا] ، (نا.) ، (کعر.) چەکێکی ئاگرێنـــە دژی تانك و زرێپـــۆش و ... ، فێشەکە شێتـــە (ســـاڕۆخ = مۆشەك)ی پیِ‌داوێژریِ ، بۆ یەکەم

جار لە شەڕی دوەما دەکارکراوە .

بـازۆڵە ــ [١ــ بـازۆ + ٢ــ ئۆڵە] ، (نت.) ، (سیم.) ئەستوورایی باسك :: ئەوە بازۆڵەی باسکیبوو . هس : (مک.) بابۆڵەی باسك .

١ــ بازۆ ــ [ستە : بازۆ . پە : بازۆك] ، (نا.) ، (سیم.) یەکەم بەشی دەستی ئینسـان لە لای شانیڕا ، ئەو بەشەی دەست کـە دەکەوێتە نێوان شان و قـۆڵ ★ باهۆ . (مک.) باهۆ . باسـك ::
« بازۆ هەم جەتار ، بلور ڕەخشان »
« مەیگون لەب چو لەعل ، دانـەی بەدەخشان »
(خانا ــ ٧٦)

٢ــ بازۆ ــ (صە) ١ــ (مک.) حاڵی گایەك کلك و لاقی سپی بێ . ٢ــ (جف.) تە : ١ــ بازە تێب ــ (بـاز) لە لەهجـەی جنوبیـدا (بن‌لەهجەی لوڕی) بـۆ گایـەك دەگوتـری نێوچـاوان و کلـکـی پەڵەپەڵەی سپی تێدابێ .

بازۆبەن ــ (نت.) ، (سنـ.) تە : بازۆبەند .

بازۆبەند ــ [١ــ بازۆ + بەند] ، (نت.) ، (مک.) ١ــ نوشتە و دوعـا کە بۆ مەبەسـتی جۆربەجـۆر دە بەرگێکی چەرم دەگیـرێ ولـە باسکی دەبەستن . ٢ــ بازنەیەکە لە باتی ئەوەی دە قۆڵ بکرێ لە پشت ئانیشکەوە ژنان دەیکەنە باسکیان . ★ (سنـ.) بازۆبـەن ، قۆڵبـەن ، قۆڵەوان ، بـازیوەن . (مک.) بازێبەند . (بک.) بازبەند . (جنو.) بازۆوەن .

١ــ بازە ــ [أ] ، (صـ.) ١ــ حاڵی هەر شتێکی پەڵەپەڵەی لـە دوو ڕەنگی ڕەش و سپی یـا ڕەش و بۆر پێکهاتبێ . ٢ــ حـاڵی هـەر شتێکی خەتخەتی ڕەنگی ڕەش و سپی بێ . ★ ئەبلەق . بەڵەك . (سنـ.) پلپلـی ، ڕەشکەووگ ، ڕەشکەوە ، پلپلێن (تە : مردۆخ ، ب ١ ، ل ــ ١٩٩ ، ٣١٠ و ب ٢ ل ــ ٨٨٠) ، (جف.) بازگ ، ٢ــ بازۆ/٢ (هو.) بێلا . هس : (مک.) ٢ ــ بازۆ/١ و (باچکە) و (باسکە) لە قەلەباچکە و قەلەباسکەدا .

٢ــ بازە ــ [أ] ، (نا.) ، (کمر.) کوتاڵێکە لە پەمبۆ دروستدەکرێ و دیوێکی تۆزێ تێسکنە . ★ (کئێر.) بەمبازێ .

بازەبەران ــ [٢ــ باز + ٣ــ ئە / ٢ + بەر (بردن) + ٢ــ ئان /١] (نت.) ، (مک.) هەفتەی دوایی زستان کە هەتـاو هەمـوو ڕۆژێ جێگەی ئاوابوونی خۆی دەگۆڕێ .
تێب ــ بەپێی ئەو نیشانە و کەڵـەکە بەردانەی لە هێنـدێ شـوێنی کوردستان بۆ ڕاگرتنی حیسـابـی ساڵ و فەسڵەکان دروستکراون ، بێجگە لەم هەفتەیە ، باقی وەختەکان هەتاو لە کاتی ئاوابوونا هەموو ڕۆژێ جێگۆڕکێ ناکا و چەنـد ڕۆژێـکی یەك لەدوای یەك هەر لەیەك نوختە ئاوادەبێ .

بازەڵە ــ [أ] . ١ــ (نت.) تە : بزەڵە . ٢ــ (صت.) حاڵی منداڵی چاوقایمی خۆتێهەڵقرتێن و فێڵباز کە وەختێ قسـەدەکا ، ئاشکرا دیارە

دەیەوێ گەورەتر لەخۆی بخەڵەتێنێ .

بازەڵە خوێندن ـ (مصت. لا.) ، (کعر.) زۆرزان و فێڵباز بوونی منداڵێك ، چاوقایمبوونی .

بازەڵێن ـ [بازەڵە ؟ + ئێن] ، (نت.) ، (مک.) یاریەکی منداڵانەیە لە کوردەوارێدا زیاتر کچۆڵە دەیکەن . تێب ـ ئەم یاریە بە چەند کەسان دەکرێ ، هەر یەکەیان سێ یا پێنج پارچە زیخی پان دێنێ و پاش ئەوەی بە (لێك‌داهێنان) یا (تەڕوویشك‌کردن) دیاری دەکەن کێ لەپێش هەمواندا یاری‌دەکات ، پارچە خێزەکانی دەدەنەدەستی و ئەویش لەسەر بەری دەستی ڕیزیان دەکا و بە تەکانێکی سوك هەڵیان داوێ و خێرا دەستی وەردەچەرخێنێ و هەوڵدەدا هەموویان بکەونە سەرپشتی دەستی و لەوانەیە هێندێکیان بکەونە سەرزەوێ و هەندێکیش سەرپشتی دەستێ ، لەم حاڵەتەدا دەبێ بە دۆقامکی گەورە و شادەی ئەوانەی سەرعەرزی بچنێتەوە ، کە ئەم کارەی تەواوکرد ئەوجار ئەوانەی سەر پشتی دەستی هەڵداوێ ، ئەگەر هەمووی بە لەپی دەستی گرتنەوە ئەوا بەردێك لادەدا و سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە تا تێدەکەوێ بەردەکانی ماون دەدا بە یەکێکی‌تر . لەم یاریەدا بە سێ جۆر یاریکەر تێدەکەوێ : ١) ئەگەر ئەو کاتەی بەردەکانی سەر بەری دەستی هەڵداوێ هێچیان نەکەونە سەر پشتی دەستی ٢) ئەگەر ئەو کاتەی خەریکە بەردەکانی کەوتۆنەتە سەرزەوێ دەچنێتەوە یەکێ لە بەردەکانی سەرپشتی دەستی بکەوێتە خوار ٣) لەو کاتەدا کە بەردەکانی سەرپشتی دەستی هەڵداوێ بۆی نەلوێ هەموان بە لەپی دەست بگرێتەوە . یاری هەر بەم جۆرە دەڕوا تا هەموو بەردەکان لە یاری دەردەچن و لای یاریکەران کۆدەبنەوە و تەنیا تاقە بەردێك دەمێنێتەوە . لەسەر شێوەی یاری‌کردن بە تاقە بەردی دوایی ، لە پێشەوە قسەدەکرێ کە هەروەکو ئەوانیتر یا بە شێوەی (قامچی) یاری پێدەکەن . کە ئەمەش تەواو ئەوجار دێن حیساب دەکەن کێ هەموو بەردەکانی خۆی نەهێنابێتەوە بە قەد بەردە کەمەکان سزای دەدەن . سزاکانی ئەم یاریە ئەمانەن : پلاو ، ماری‌کونێ ، قوزبزن ، ناوی باڵندەیەك و سزایەکی دیکەش ئەو کەسەی سزا دەدا خۆی لە یاری دەکا (شێوەی ئەم سزایانە لە شوێنی خۆیان باس‌دەکرێ) . بۆ دیاری‌کردنی ئەوەی (دۆڕاو) دەبێ کام سزا وەربگرێ بەردەکانی دۆڕاندۆیەتی هەرچەندێکی بن لەسەر پشتی دەستی دادەنێن (بە ئانقەست لە شوێنی ئاستەم دادەندرێن) و هەر بەردەی بە ناوی یەکێك لە سزاکانی یاری دەکرێ ، ئەوجار هەڵیان داوێ و دەبێ بە بەری دەستی بیان‌گرێتەوە هەر کامێکیان کەوتە

خوار یا بۆی نەگیرایەوە ، ئەو سزایەی دەدرێت .

بازەوان ـ [١ـ باز + ٣ـ ئە ٢/ + وان] ، (نت.) کەسێکی لە بارەگای پاتشا و ئەمیر و گەورەپیاوانی قەدیمیدا خزمەتی (باز)ی دەکرد و لە وەختی ڕاوا دەچوو و بازی دەدا دەست پاتشا و ... بۆ تێبەردان یا بە فەرمانی ئەو خۆی تێی بەردەدا □ « ... بازەکە بازەوانێکی هەبوە ، بازەوانەکە دەستکێشی قایشی لە دەست ئەکرد ...» (سجادی ، کوردواری ـ ١٥٥) ★ قوشچی .

بازی ـ (نا.) ، ١ـ (کک.) بە شتێکەوە خەریك بوون یا خۆخەریك‌کردن و خافڵاندن ★ گاڵتە ، گەپ ، گەمە ، کایە ، وازی، یاری. ٢ـ (کێر.) قومار. تێب ـ بەم مانایە لە فارسیڕا هاتۆتە ناو کوردی ★ (کعر.) یاری . ●

بازی‌بازی ، بە ڕێشی باباش بازی؟ ـ (کن.) بە ڕدێنی (بابا) یاری ناکری ، تۆ ناتوانی فێڵ لەمن بکەی . تێب ـ (بابا)ی عەیار لە چیرۆکی ئەسکەندەرنامەدا ، پیاوێکی زۆرزانی فێڵبازە و کۆسەیە ، چەند داوە مۆ نەبی بە چەنەگەیەوە نیە بۆیە یاری پێ‌ناکری .

بازێبەند ـ [بازی = ١ـ بازو + بەند] ، (نت.) ، (مک.) تم : بازوبەند . □ «... ماڵماڵ کوتی کاکە ناسر ، بە خولای چاك دەلێن ، ئەوان لەمە بە غیرەت‌ترن ، بازێبەندیان لە قۆڵی خۆیان دەرهێنا ...» (تحفە ، ب٢ ، ل ـ ٥) .

بازی‌وەن ـ (نت.) ، (سن.) تم : بازوبەند .

باژەڵە ـ [؟] ، (نا.) ، (کعر.) تم : باژێلە .

باژۆر ـ [٣ـ با/١ + ئاژۆ (ئاژۆتن) + ٢ـ ئە/٢] ، (نت.) ، (مک.) ئەم ووشەیە تەنیا لە مەصدەری (وەباژۆرکەوتن)دا دەبێندرێ و نەبێستراوە بە هێچ جۆرێکی‌تر دەکار بکرێ ، لە کەرتەکانی ئەم ووشەیە من واتێدەگەم کە مانای (ئەوەی (با) دەی‌ئاژوێ) بێ .

وەباژۆرکەوتن ـ (مصت. لا.) هەوا و کەلکەلەی‌کردنی کاری کەوتنە سەری کەسێ :: نازانم نەوزاد بۆچی وەباژۆر کەوتوە هەر دەیەوێ بچێتە شار . ئەم کچە وەباژۆر کەوتوە بۆ مێردکردن .

باژێلە ـ [؟] ، (نت.) ، (کعر.) « نەخۆشێکە ئەدات لە بەر مسوڵدانی ساوا بەتایبەتی نێرێنە و مێزی پێ‌ناکرێ» (تم : معر ، کشت، ب١ ، ل ـ ٢٨) . تێب ـ مامۆستا تۆفیق وەهبی ئەم ووشەیەی بە نەخۆشییێکی پێست تایبەتی منداڵان داناوە . (تم : هبێد ـ ٦) .

باژێڕ ـ (نا.) ، (هل.) تم : بازاڕ.

باس ـ [=عا : بحث] ، (نا.) ١ـ قسە لەسەر شتێك ، دەربارەی کەسێك (ناوهێنانی بە چاك یا خراپ ، بەدەم یا بە نوسین) :: ئەم نامەیە هێچ باسی تۆی تێدا نیە .

ڕۆژنامەکان پڕن لە باسی شۆڕش . □ « هەباسە ! لە دیوانان چ باسە ؟ » . ٢ـ لێکۆڵینەوەی ووردی گشت لایەنە ، لەسەر مەسەلەیێك ، کارێك یا شتێك . :: باسێکی دوورودرێژم لەسەر کۆلێژا خوێندۆتەوە . □ « باسی زولفی درێژ و چاوی بەخەو + نەبڕاوە بوە تری خوسرەو » .

(حاجی ، کە ــ ٧٥).

باستان ــ [پە : باستان] ؛ (نا. صـ.) ، (کئێر.) کۆن ، قەدیم . تێب ــ مامۆستا تۆفیق وەهبی ئەم ووشەیەی لە (فەرهەنگی کوردیـ ئینگلیزی)دا نوسیوە ، وەکو لە سەرەوە نیشان درا ئەسڵەکەی (پەهلەوی)یە و بە مانای (هەمیشە و دایم ، قەدیمی و بێ پسانەوە) هاتوە ، من هەر ووشەیەکی لە بنج و بناوانی (پەهلەوی) بێ ، بێئەوەی لێی بپرینگێمەوە بە کوردی ڕەسەنی دەزانم با زمانی (فارسی)ش زۆری بەکاربێنێ وەکو ئەم ووشەیە و دەبێ وا حیساب بکرێ کە (فارسی) لە (کوردی) خواستۆتەوە .

باستاناس ــ (نتـ .) زانای ئاساری کۆن (العالم الاثری) .

باستاناسی ــ (حمصـ.) زانستی ئاساری کۆن (علم الآثار) .

باستانی ــ (صتـ.) هەر شتێکی پێوەندی بە زەمانانی کۆنەوە هەبێ ، کۆنینە ، قەدیمی .

باسترمە ــ [تو.] ، (نا.) ، (کعر.) گۆشتی کوڵاوی پوختەکراو، کە بەهارات و داودەرمانی دیکەی تێکەڵ کرابێ و لەناو ڕیخۆڵەدا ئاخندرابێتەوە ، لە کاتی پێویستا دە ڕۆنا سووری دەکەنەوە و هێلکەی بەسەردا دەکەن ، بە ساردی و برژاویش دەخورێ . ★ (کئێر.) گالباس . تێب ــ ئەم ووشەیە تورکییە و مانای ئاخنراوە و پەستێوراو دەدا . هاوتاکەشی لە (کئێر.) لە زمانی ڕوسی وەرگیراوە.

باسریشك ــ [٣ـ با/١ + سریشك (= فرمێسك)] ، (نتـ.)، (مکـ.) کرێوە و باران بە (با)وە .

باسقەندە ــ (نتـ.) ، (کعر.) تم: باسقەننە .

باسقەننە ــ [باس (باسك) + قەننە] ، (نتـ.) ، (مکـ.)١ـ سەبێلەیەکە دارێکی ئالوبالۆی درێژی ڕاستی بۆ سمرابێ و خرابێتە سەری . ٢ـ هەر ئەو دار بەلاڵۆکە بە تەنیایێ و بێ ئەوەی سەرە سەبیلەی وەسەر خرابێ . ★ (کعر.) باسقەندە (تەنیا بۆ مانای دوەم) . تێب ــ ئاشکرایە لەبن لەهجەی سلەیمانیدا دەنگی (د)ەکە کلۆر دەکرێ و دەنگی سوکە (گ)ێکی لێ دەردەکەوێ .

باسك ــ (نا.) ، ١ـ تم : ــ بازو . ٢ـ ئەو شوێنەی شاخ و کێو کە بەرەو نزمایێ لێژ دەبێتەوە. ★ (نو. ، جنو.) پاڵ . ، کلکە . (سنـ.) باهو . ٣ـ تم : باسکێش.

باسکردن [عا. کو.] ، (مصتـ. لا.) ١ـ کۆلینەوە و دوان لە شتێ یا مەبەستێ . ٢ـ قسەکردن دەربارەی کەسێ یا هەرچێ .

باسکلاو ــ [أ] ، (نت.) ، (مک:) ڕێواسی نێرتك .

باسکەصەگ ــ [باسك + ٣ــ صەگ] ، (أ) ، (نت.) ، (مک.) صەگی ناوقەد بارێك .

باسکەمەلە ــ [باسك/١ + ٣ــ ئە/٢ + مەلە] ، (نت.) ، (کعر.) یەکێکە لە جۆرەکانی (مەلە) کـە پیاو بە هێـزی باسكهــاوێشتن دەکەوێتـە سەرئـاو . ★ (مک.) مەلەباسکە .

باسکەوجاڕ ــ [(باسك /٣ + ە ــ ئە/١) + هەوجاڕ] ، (نت.) ، (کعر.) تم : باسکێش .

باسکێش ــ [باســـك /٣ + هێــش] ، (نتــ.) ، (مکــ.) ، پارچەیەکە لە (ئامۆر) ، دارێــکی درێژی ڕاستە سەرێکی لە (نێر) دەبەسترێ و سەرەکەی دیــکەی (دەندە) و (پاشبارە)ی ڕێدەخرێ. ★ (مک.) مژان ، باسك ، (کعر.) باسکەوجاڕ . تێب ــ هێــش لــە تەرکیبی ئەم ووشەیەدا ووشەیەکی پەهلەوییە و هیچ نەگۆڕاوە و بــە مانای (گاسن)ە .

باسوخ ــ (نا.) ، (سن.) تمـ : باسۆق .

باس‌وخواس [عا.] . (نت.) قسە دەربارەی چلۆنایەتی ڕۆداوەکانی ناو دەوڵەتان ، ووڵاتان ، زانســـت و هونەر و چلۆنایەتی کۆمەڵایــەتی و ... ★ دەنگ‌وباس . (عا.) خەبەر، ئەخبار . :: باس‌وخواسی لوبنان چیە ؟ ڕۆژنامەکانی ئیمڕۆ باس و خواسێکی ئەوتۆیان تێدا نەبوّ .

باسۆق ــ (نا.) ، (ســـیمە.) جۆرێك شیرینـاتە نیشـــاستە و شیرەی ترێ پێکەوە دەکوڵێنن تا پەیت دەبێتەوە ئەوجار دایدەگرن و لێی‌دەگەڕێن ئیشك بێتەوە . تێب ــ ا) بە لای منەوە ئەم ووشەیە و هاوتا سنەیی‌یەکەشی (باسوخ) هەرتکیان لە مەصدەری (باسمق) بە مانـای تورکێن لە مەصدەری (باسمق) بــە مانای شــیرن و پەســتاوتن ، وەرگیراون . ب) لە هێندێك شوێنی کوردستان وەکوّ (سلەیمانی) پاش ئەوەی (شێرە)کە پەیت بــوّوە لەسەر سێنیی ڕۆی دەکەن و کـــە ئیشك بۆوە بە چەقوّ پارچەپارچـە دەیبڕن و لە (کئێر.) کاکڵە گوێز یا بادام بە بەنەوە دەکەن و ئەم شێــرە پەیتــەی لە دەور لـــوولدەدەن و هەڵێداوەسن تا تــەواو ئیشـــك دەبێتەوە و لەناو ئاردا هەڵێدەگرن بوّ زستان . ★ (سن.) باسوز .

باسەر ــ [٣ــ با/١ + سەر]، (نت.) ، (مک.) بای توند و بەرز .

باسەڕە ــ [پــە : ڤاســـتر ، ڤاستەر] ١ــ چێمەن ، لەوەڕگە . تێب ــ ئەو مانایـــانە ئێ ووشـــە پەهلەوییەکەیە و ئێستــا لە زمـانی کوردیدا لەبێر چۆنــەوە ڕەنــگە بوّژاندنەوەیان بێ‌کەڵك نەبێ هــەر بوّیەش ئەم ووشەیەم نوّسی . ٢ــ ناوە بوّ دەربەند و ڕۆبارێك لـــە کوردستانی عێراق ناوچەی سەنگاو .

١ــ باش ــ [أ] ، (صە.) ١ــ سروشتی چــاکە لە شـــتێ یـــا کەسێکدا . :: پیــاوێکی بــاش ،

قەڵەمەکەت باش نانوسێ ، باشت نەکرد تۆزە بۆی . ★ چاك ، قنج . (بک.) قەنج . (جنو.) خاس ، خۆ . ٢ــ (مجە.) زۆر ، گەلێــك . :: دوێنێ چوینە باخی ئاشــێ ترێی باشمان خوارد . خەڵکێکی بــاش هاتبونە سەر قەبران .

٢ــ باش ــ [= تو = ســەر] ، سەرۆك ، گەورە . تێبـ ــ ئــەم ووشەیە لە پێشمــــەوە و دوایــێ دەگەڵ ووشەی کوردێ تەرکیــــب دەبێ و مانای (سەرۆك و گەورە)یان لێ زیاد دەکات . :: باشچاوەش ، تاجرباشێ ، باشدەوڵەمەندی شار .

باشارکردن ــ [تو : باشار + کر : کــردن] ، (مصــت . مــتـ.) دەرەقەتهاتن . دەروەستهاتن . چارەپێکران (کارێ یا کەسێ) :: ئیمپریالیزم بە هــەمو هێزیــــەوە باشــاری خەبــاتی میللەتــان ناکا. هەرچەند ئەم پەلە توتنــە بــــژار دەکەین باشاری گیاکەلە نــاکرێ□ « ... سۆلتــانی ئەستەمبــۆلێ دەسەرێ کردوم بــۆ فەرشێــکی ، سەد کەسم هێناوە ، کەس باشاری ناکا ...» (تحفــە ، ب١ ، ل ــ ٣٨٧) .

باشبــون ــ [١ــ بــاش/١ + بون] ، (مصت. لا.) ١ــ گۆڕانــی حالی شتێ یا کارێ لە خراپـــێڕا بۆ چاکێ :: ئێستا دنیا زۆر باشبوە جاران کێ دەیوێرا بەم ڕێگایــانەدا بڕوات . ٢ــ بەرەو چاكبونەوە یــا هەر چاكبونەوەی کەسێکی نەخۆش :: دوور لە گیانت حەمــەی کــوڕم دوێنێ زۆر نەخۆشبو بەڵام شــوکر ئێمڕۆ باشبوە .

باشتر ــ [١ــ باش/١ + تر]، (صـت.) ١ــ حالی هەر شتێکی یــا هەر کەسێکی لــە لانی چاکییــەوە بەسەر هاوچەشــنی خۆیــدابێ :: قەڵەمەکەی کنێر لە ئێ ئەســــتێ باشتر دەنوسێ. ★ چاتر. چاکتر. قنجتر خاستر . (جنو.) خۆوتر . ٢ــ حالی هەر شتێ یا کەسێ کە بۆ کەسێ یا بۆ کارێ لە هاوچەشنێکی خۆی زیاتر دەستبدا :: هۆو قاتــە شێنەی ئەولایان بۆ تۆ باشترە .

باشترین ــ [باشتر + ئێن] ، (صـت.) سروشتی شتێ یا کەســێ کە لە هەمو هاوچەشنانی خــۆی چاتربێ . لە هەموان چــاکتر . :: باشترین ڕێگا بۆ ئازادێ میللەتــان ڕێگەی خەباتە .

باشکردن ــ [١ــ بــاش/١ + کردن] ، ١ــ (مصت.متـ.) گۆڕینی حالی شتێك ، کارێك یا کەسێ لە هەر بابەتێــکەوە بێ ، لــە خراپێڕا بارەو چــاکێ :: حــوکمی زاتــێ (ئۆتۆنۆمێ) لە کوردستانی عێراق، حالی نەتەوەی کورد بــاش دەکا . یاسای چاککردنی کشتوکاڵ ژیــانی جوتیاران باش دەکا . ٢ــ (مصت. لا.) ئەنجامدان یا نەدانی کارێــك کە بە لای کەسێکەوە ئەوەی کراوە مەسلەحەت بــوە :: باشــتکرد وەڵامت نەدایەوە دەنا لێتان دەبو بە شەڕ . باشتکردوە سەرتلێــــدا ئەگینا گلەیێ نەدەبڕایەوە .

باشۆکە ــ [باشۆ + کە (ئە :

پچۆکی)] ، (نتــ.) ، (سیــه.)
باڵندەیەکی دەنوك کەوانەیی‌یــه ،
له واشه پچۆکتره ، ڕاوه چۆلەکەی پێدەکرێ.» (خا. ب١ ، ل ــ١٠١).
باشۆ ــ [باش+٢ــ ئۆ] ، (نتـ.)، (مکـ.) باڵندەیەکی ڕاوکەری بچکۆلەیه که درێژایی دەوری سێ سانتیمیتر دەبێ ، چـاوی زەردن ، پشـتی کەوەڕەنگ و بــەر زگی‌سـپییه بەلەپەڵەی زەردی تاریکی تێدایـه ، لــه حەوا باڵنـدەی‌تر دەگـرێ و جـاروبارەش هێلـکەی پەلەوەران دەخوا ، له کوردستانی خۆمــان هەیه . ★ (کعر. ، سنـ. جنو.) واشه . تێبـ ــ ١) بۆ کەرتی یەکەمی ئەم ووشـەیه (باش) تم : ١ــ باز ، تێبـ ــ ج . ب) ئەگەرچێ له بـەرگی یەکەمدا (٢ــ ئۆ) به ئامرازێـك داندراوه که دەگەڵ ڕێشـەی هەندێ مەصدەران صفـەتی مـەفعوڵێ دروســتدەکا ، بـەڵام لەبەرچـاو ڕاگرتنی (تێبـ ــ ج)ی ووشــــەی (١ ــ باز) واماں لێدەکا بڵەین ئـەم ئامرازه صفەتی فاعیلێتیش پێکدێنێ.
باشه ــ [١ــ باش/١ + ١ــ ئه]، (شــی.) بـۆ قبـوڵکردن بــا بـەڕاستـزانێنی قســەی کەسێك بەکاردێت :: ئێـواری بچــۆ لای دوکتۆر (ــ باشه) . له بیترت نەچێ نامەیەك بنوسه بۆ عەزیز (ــ باشه).
٢ــ وەڵامی پرسیاره دەربــارەی کەسێ یا شتێ :: نەخۆشـەکەتــان ئیمڕۆ چۆنه ؟ (ــ باشه) . دەگەڵ شێرکۆ نێوانتان چۆنه ؟ (ــ باشه)
★ چاکه ، خاسه ، قنجه . (جنو.)

خووه .
باعاندن ــ [ند.] ، (مصتـ. لا.)
تم : باڕاندن .
باعه ــ [ند.] تم : باڕه .
باعەباع ــ [ند.] تم : باڕەباڕ/١.
باغ ــ [ستـ : باغه . ، پهـ : باغ]، (نا.) ، (مکـ.) پارچه ئەرزێکه داری میوەی لێ نێژرابێ (جمی) باغات .
★ (بکـ.) باغ . (جنو. ، کعر.) باخ .
بــــاغبڕین ــ (مصتـ . متـ .)ــ هەڵەپەرتاوتنی لقوپۆپی زیـاده و زۆڵەکی دار و درەختـان پێــــش ئەوەی بکەونه گوڵەوه و بپشکوێن. بەبێ ئەم کاره دارەکان یا بەرناگرن و میوه نادەن یا بەریان خراپ و کــەم دەبێ .
باغچه ــ [بــاغ + چه (ئمــ : پچـــۆکی) ، (نتـ.) ، (مکـ.) تم : باخچه/١ .
باغر ــ [؟] ، (صتـ.) ، (کعر.)
تم : بادیهەوا .
باغربۆن ــ [مصتـ. لا.] ، (کعر.)
تم : بایێبۆن .
١ــ باغه ــ [؟] ، (نا.) ، (مکـ.) نەخۆشییه تۆشی سمـی ووڵاغـی یەکسم دێت و کاسەی سمێ درێـژ دەکا و کەڵکی سوارێ پێوه نامێنێ.
٢ــ باغه ــ [؟] ، (نا.) ماددەیێکی نەرمــــه وەکۆ هــــەوێر ، لــــه (نیترۆسێلۆلــــۆز) و (کافــــۆر) دروســـتدەبێ ، به هەر شـکڵێکی ئارەزۆ کەلوپەلی ژیانی ئیمڕۆی لـێ دروست دەکەن ، ئەگەر به ئـاگری ڕابدێرن نەرم دەبێتەوه ، زۆر زۆ

گز دەگرێ :: تەسبیحی باغە ، دارجگەرەی باغە ، بازنەی باغە .

باغەڵ ــ [؟] ، (نا.) ، (مک.) ١ــ بەتاڵایی نێوان کەوا یا مرادخانێ و لەشی ئادەمیزاد کە لای خوارەوەی بە پشتێند دەبەسترێ و دەبێتە گیرفانێکی زل ، جاران وەکو گیرفان شتی تێدەخرا . ٢ــ (مجـ.) باوەش :: وەرە باغەڵی بابی خۆت ، بچۆ لە باغەڵی دایکتدا بنوو . □ « ... لەشکری شاعەبباسی هاتنە سەری ، کاغەزەکەیان لە باغەڵی دەرهێنا ... » .

(تحفه ، ب١ ، ل ــ ١٨١)

★ باڵ (کمر.) باخەڵ . (سنـ.) بەخەڵ . **دەباغەڵی کەسێدابوون ــ** (کنـ.) خێزانی ئەوکەسە بوون ، ژنی کەسێ بوون :: کچە کەی مام برزۆ دەباغەڵی ئەحەی رۆستەمدایە .

کەسێك دەباغەڵدابوون ــ (کنـ.) مێردی ئافرەتێ بوون :: ئەحەی رۆستەم کچەکەی مام برزۆی دەباغەڵدایە .

باغەوان ــ [باغ + ٢ــ ەوان]، (نـ.) ، (مک.) ئەو کەسەی سەرپەرشتێ باغێ دەکا ★ (کمر. سنـ.) باخەوان .

باغەوانێ ــ [باغەوان + ٢ــ ێ]، (حمصـ.) ١ــ کار و پیشەی ئەو کەسەی ئاگای لە باغ دەبێ و سەرپەرشتێ دەکا :: ئەو ساڵ بێتەوە ئیدی من بێ و باغەوانێ ناکەم. ٢ــ سەرپەرشتیکردنی باغ ، نیگاداریکردن و ئاگا لەباغبوون .

بـافتە ــ [فـر.] ، (نا.) تیسماڵێکە پانایی سانتیمیترێك یا زیاتر ، لە ئاورێشم یا دەزوو چندراوە ، بۆ (کۆبە)ی هەندێ شوێنی جلوبەرگ دەکاردەکرێ و نابەڵێ قوماشەکە هەڵوەشێ یا ڕێشاڵی لێهەڵبێ . تێبـ ــ (أ) گەڵێجار لەباتی ئەمە هەر لە قوماشەکە خۆی یا قوماشێکیتر بۆ ئەم مەبەستە کەڵك وەردەگرن . ب) ئەم ووشەیە سێغەی مەفعوولی مەصدەری فارسێ (بافتەن)ە بە مانای (تەنێن) و (چنێن) و (هۆنینەوە)ی کوردێ .

بافڵ ــ [؟] ، (نا.) ، (قەڵاسێوکە) ١ــ تە : ئاوشار . ٢ــ ناوە بۆ نێرینە :: بافلەکەی چەمی ڕەزان سەیرانگایەکی خۆشە .

بافێش ــ [٣ــ با/٧ + فێش]، (نـ.) ئەنجامی خۆڕانان و گوڕەگوڕێکی بێکردەوەیێ پێوە دیاربێ . تێبـ ــ بۆ مانای کەرتی دوەمی ئەم ووشەیە هس : فێشاڵ، فێز .

بافێشکردن ــ (مصـ. لا.) خۆهەڵکێشانی درۆزنە ، خۆڕانانی بێجێ .

باقاندن ــ [ند.] ، (مصـ. لا.) تە : باڕاندن .

باقان ــ [ند.] ، (سنـ.) تە : باڕاندن .

باقر ــ [محر. تو : پاکر = مس] ، (صـ.) ، (مک.) حاڵی حاجەتی لە مس دروستکراو کە (قەڵایێ) لێبۆبێتەوە و ڕەنگی سووری (مس)ەکەی دیاری دابێ .

باقربون ـ [تو. کو.] ، (مصد. لا.) ، (مک.) لێبونەوەی قەڵایێ لـە تاپ و قاچاغی مـس ، دەرکەوتنی رەنگی سوری (مس) لەو جـورە دەفرانەدا .

باقلاوە ـ [أ] ، (نت.) ١ـ جورێك خـواردنی کوردەواریـیە . ٢ـ جورێك شیرنیاتە لە ئارد و شەکر و رون و بادام یا بستـە یا گرێـزی کوتراو دروستدەکرێ . تێب ـ من وایبودەچم کە ئەم ووشەیە لـە . باقل أ + ٣ـ ئـە/٢ + وا] پێکهاتبێ ، کەرتی دوایێ (وا = با)یە کە لە ووشەی (دوغەوا) و (شوروا = شوربا) و ناوی هێندێ چێشتی ترا دەبێندرێ .

باقلە ـ [ئیتالێ = باچیـلی ، یونانی = باکیلـوس] ، (نـا.) ، (کئێر.) ١ـ گیایەکە سالەوسـال دەچێندرێ ، هاوچەشنی (لوبیا)یە ، جار هەیە گەزێـك بەرزدەبێتـەوە ، خواردنی بەری ئەم گیایە ئینسانی پێ تێردەبێ ، هەر بویەشە مێـژوی دەستچێنێ دەچێتـەوە چاخەکانـی بەر لە مێژو (تە : لارۆس ، چاپی عـادێ. ١٩٦٠ ، ل ـ ٤٣١) ٢ـ بەری ئەم گیایە ، کە هەرچـەند دەنگی دە (کەلو)ێك دایـە . ★ (کەر.) پاقلە (سن.، جنو.) باقلە. (بک.) باقلا .

باقڵ ـ [بە + ئاقڵ/١] ، [کو. عا.] ، (بنت.) تە : ئاقڵ .

١ـ **باقو** ـ [أ] ، (نا.) ، (مک.) جورێك ماسێ زلی بێ پولەکەی بێ درکە ، دەمی لە باتی ئەوەی وەکـو ماسێ دیکە لە لەشی بارێـکتربێ پانترە و جوتێ سمێڵی یـەك داوی ئەستور کە لە هەر لایـەکەوە دە سانتیمتر درێـژ دەبێ لەولاولای لفاوەی رواوە ، گوشتی زور خوشە بە شەرتێ پارچەیەك چەورایێ کە لە سەلکێرا بەسەر تێفەرەی پشتێدا تا سەر کلکی گرتوە ، فرێبدرێ تا بونی نەمێنێ . شێعە خواردنـی گوشتی ئەم ماسییەیـان بـەلاوە حەرامە . (عا.) جـوزرێ . ★ نەقە .

٢ـ **باقو** ـ [أ]، (نا.) هەنجیرێکی پێش ئەوەی بە چاکێ بگا ، وەرێبێ.

١ـ **باقە** ـ [ند.] ، ١ـ دەنگی کیسـك و کارێلە . ٢ـ (مجـ.) دەنگی گریانی منداڵی ساوا .

٢ـ **باقە** ـ [أ] ، (نا.) ، (مک. ، سن. ، سیم.) هێندێك گەنـم ، جو یا گیا کە پـاش درونـەوە بەسـترابێ . ★ (بـک.) بـاق . (جنو.) باقە .

باقەباق ـ [ند.] تە : بارەبار

باقەبەس ـ [٢ـ باقە + بەس (بەستن)] ، (نت.) ، (سن.) تە : باقەبێن .

باقەبێن ـ [٢ـ باقە + ٢ـ بێن]، (نت.) ، (مک.) چڵە گیایەکی درێژی ئەستور یا چـەند چڵە گیـای پێکەوەیە ، کە لە ناوەراستی (٢ـ باقە)ی دەهاڵێنن و گرێی دەدەن ـ ئەوەی باقەی پێدەبـەستن . ★ (سن.) باقەبەس .

باقێ ـ [= باقیە = بەخیە] ، (نا.) ، (مک.) جورێك درومانـی

ووردە . بۆ جلوبەرگ و ئارەخچن و ... :: کەژاڵ ئارەخچنێکی بە (قرمە) و (باقیٖ)ی دروە شتی وا جوان هەر نەبوە . کەوشەکەت بەرە لای عەولاّ چاولەحەوا بۆت جوت‌باقیٖ‌کا .

باقیٖ ــ [عا.] ، ١ــ (صە.) پایەدار ، بەردەوام .

☐ «بێبەنە خزمەت عەرشی عێراقیٖ»
«بڵێن یار باقیٖ و هەم سوحبەت باقیٖ»
(پیرەمێرد ــ ١٠٢)

٢ــ هەر شتێکی کە لە شتیٖ مابێتەوە ، پاشماوە :: دە دینار باقی حیسابەکەی پێشوش ماوە . ٣ ــ فەرقی نرخی دوٖ شتان کە پێکیان دەگۆرنەوە :: سەعاتەکەی دایە و پێنج دینارێشی باقیٖ دایەوە و ڕادیۆکەی لیٖ وەرگرت .

باقیٖ‌وساقیٖ‌کردن ــ (مصە . لا.) ئالوگۆڕکردنی شتان پێکەوە و لەسەردانەوە یا لەسەر ئەستاندنەوەی . :: ئەم کابرایە ڕۆژیٖ هەزار باقی‌وساقیٖ دەکا ، کەس تێی‌ناگا خەرێکی چیە .

باك ــ [ئا] ، (نا.) پەروا . ترس.

★ (جنو.) باك .

باکردن ــ [٣ــ با/٣ + کردن] ، (مصە. لا.) ئاوسانی زگی ئادەمێزاد لە ئەنجامی خواردنی هەندیٖ خواردەمەنیٖ کە زگ دەئاوسێنن وەکوٖ بامیٖ و پیواز و ... یا هەر لەبەر زۆر خواردن و خواردنەوە . :: ئەوەندەی خوارد بای‌کرد و لەجێیی خۆی لیٖی تخێلّ بوٖ .

باکوٖر ــ [ستە : ئەپاختەرە . ، پە : ئەپاختەر] ، (نا.) یەکێکە لە چوار (لا)ی جوغرافیایی . تێب ــ ئەگەر وا ڕاوەستێن کە دەستی ڕاستەمان دەلای ڕۆژهەڵاتیٖ بیٖ و دەستی چەپەشمان دەڕۆژاوایە ، ڕوٖبەڕوٖمان (باکوٖر)ە . (عا.) شیمال . // جنوٖب .

باکوٖریٖ ــ [پە : ئەپاختەرێك]، [باکوٖر + ٣ــ ئیٖ] (صە.) حالّی هەر شتیٖ کە پێوەندی بە لای (شیمال)ەوە هەبیٖ . :: کوٖریای باکوٖریٖ ، ئەمریکای باکوٖریٖ .

باکێش ــ [٣ــ با/١ + کێش (کێشان)] ، (نە.) ١ــ دەلاقە یا کەلەبەرێکە لە دیواری ژوٖر و خانوٖدا (با)ی لێڕا دێتە ناو ماڵەوە و فێنکی دەکا . ٢ــ (کئێر.) پیالەیەکی تایبەتییە لە شێوەی ئیستیکان بوٖ لابردنی ئێش و ئازاری هێندیٖ شوێنی لەش بەکاردێت . تێب ــ بە ئیسپیرتوٖ یا دەنکە شقارتەیەکی هەڵکراو هەوای ناو پیالەکە دەسوٖتێنن و خێرا دەینێن بەو شوێنەوە کە ژان دەکا (بە تایبەتیٖ ژانی سەرمابوٖن و ...) جا چونکوٖ خوٖی هەوای تێدا نەماوە هەوای ژێر پێستی لەش هەڵدەمژیٖ و کەمێك لە پێست دێتە ناو پیالەکەوە و گەرم دادیٖ . پێش ئەم ئامرازە پچکوٖلە فەرەنگییە لە کوردستان (کوٖپە)یان بەکارهێناوە و هێشتاش (کوٖپەگرتن) لە باو نەکەوتوە . ئەگەر لە جێیەك باکێشی تایبەتیٖ نەبوٖ ئیستیکانی چای

بەکاردێنن . ★ بادکێش ، بانکە/٢:
جنو.) بای کەش .
باگر ـ [٣ـ با/١ + گر (گرتن)]،
نت.) ، (مک.) جێگایەکی لە هــەر
لایەکەوە (با) هات بێگرێتەوە .
★ باگێر .
باگردان ـ [با (بان) + گردان
،گەردان)] ، (نت.) ، (مک.) بـەرد
یا کوتـەرە دارێـــکە لە شــکڵی
ئوستوانە ، لێك و لوس و بێ گرێ و
گوڵ ، لە نێوەراستەوە بە بـــای
درێژایدا سەرانــەر کونەودێـــو
کراوە یا ئەو سەرەوســـەرەکەی دو
قولفی ئاسنی تێدەخرێ و گورێسێك
دەکونەکە یا قولفەکان هەڵدەکێشن،
بۆ کوتانەوە و درزبڕین لە سەربـان
تلی دەدەن . ★ (مک.) باگردێن .
(سیم.) بـانگردێن . (سنـ.)
بانگلێن ، بانگلێر . (بک.) بانتلێن .
(جنو.) بۆ گلۆو .
باگردێن ـ [با (بان) + گردێـن
(گەردان)] ،(نت.) ، (مک.) تم :
باگردان .
باگونە ـ [٣ـ با/٦ + گون +
٥ـ ئە/١] ، (نت.) « بایەکە ئەدات
لە گونی ئادەمێـزاد یا حــەیوان
هەڵیئەئاوسێـنێ بـــە هـــۆی
غرۆریەوە. » ، (معر، کشت، ب١،
ل ـ ٢٩) .
باگێژە ـ [٣ـ با/١ + گێـژ +
٥ـ ئە/١] ، (نت.) بایەکە بـــە
دەوری خۆیـــا گێژ دەخـــوا و
دەسوڕێ . ★ (مک.) گێژەلوکە .
(سیم.) گەردەلول ، گەردولول .
(سنـ.) گەردەبـا ، گەردەلـول ،
گێجەبا . (بک.) باهۆز . (جنو .)
بادغێژە ، بادگێژە .
باگێر ـ [٣ـ با/١ + گــیر
(گرتن)] ، (نت.) تم : باگر .
باللۆره ـ (نت.) ، (مک.) تم :
بالۆرە .
بالۆرە ـ [٣ـ با/٤ + لـۆرە
(ند.)] ، (نت.) ، (کعر.) جۆرێ
گۆرانێ کوردیيە . تێـب ـ ژنـانی
کورد ، کاتێ لە چیا و شاخ و داخان
بە دەم ئێتش ، ڕۆییشـــتن یــــا
دانیشتن و ماندوحەســاندنەوەدا ،
گۆرانێ دەڵێن گەردنی خۆیان دەکەنە
ئامرازی مۆسـیقـــا و پەنجـەکانی
دەستیان گرد دەکەنەوە و بە هەوای
گۆرانیەکەی دەیڵێن لە دەمارەکانـی
ملیان دەدەن و لە (گەرو)شیان هەر
بە عەینی هەوا دەنگی (ئەوەوەوە ،
... ، ...) دەردەخەن و لە نێوان
پەنجە لە گەردندان و (ئەوەوەوە)دا
ووشەکانی گۆرانیەکەیـان درێـــژ
دەبێتەوە و پیاو کەمتر تێیدەگا .
جاروبارەش کە دۆ دەستە کچ یـا
ژن لەوشانەوشانی شـــاخێ یـــا
ئەوبەرەوبەری دۆڵ و دەرەیـــەك
تێكهـەڵدەنگون ، دەســـتەیەکیان
دەس‌دەکا بە (بالۆرەلێدان) و ئەوێ
دێکەشیان بۆی دەگێڕێتەوە و لـە
ناویانا دەبێتە بێن‌بـڕکێ و هـــەر
دەستەیەی تێدەکۆشێ (بالۆرە)ی
درێژتر و خۆشتر بێ . ٢ـ (مجـ.)
قسەی بەقەو کە کەس تێی‌نەگا .
بالۆرەلێدان ـ (مصد. متـ.) بـە
شێوەی بالۆرە گۆرانێ‌کوتن .
بالۆکە ـ [بال (٤) + ئۆکە] ،

(نت.) ، (مك.) زتیكەیەكی پچـوكی ڕەقە لە دەستوپل و جێگای تـری لەشی ئینسان دێت . (تێبـ ـ ١) كەرتی (بال) لەم ووشەیەدا بـەلای منـــەوە (بـەل)ە كە بـە مانـای (قێت) هـــاتوە . (ب) لەنـــاو كوردەوارێدا وا قاوبۆ كە هەركەسێ دەستی وە (بۆق) كەوێ یا (بۆق) وە جێگایەكی لەشی بكەوێــت ، بالۆكەی لێدێ .) بۆ چاركردنی بالۆكە چەند شێوەیەك لە كوردستان باوبۆ : ١ــ حـەوت دەنكە گەنـم و حەوت كلۆ (خوێ)یان دەهێنـا و حـەوت (قل هو الله)یان بەسەردا دەخوێند و دەپەڕۆیەكیانـــەوە دەپێچا و لە شوێنێـكی شـــەدار دەیانخستە ژێر خاكەوە ، دەگوترا هەر دەمایەكی ئەو گەنم و خوێیـە ڕزێن بالۆكەكەش هەڵدەوەرێ . ٢ــ گیایەكی سـاقەت ئەسـتورە لـە كوردستان هەیـە (تێـرۆك) یـا (داربالۆكە)ی پێدەڵێن ، ئەوكەسەی بالۆكەی لێهاتبا دەچۆ پەلێكی ئەو گیایەی بادەدا و لایان وابۆ بەم كارە بالۆكەكەی ئیشك دەبێ . ٣ــ بـە جەوهەری گۆگـــرد (ئەســـید سۆلفۆرێك = حامض كبریتیـك) دەیانسۆتاند . ★ (سیمـ.) بالۆكە. (بك. ، سنـ.) بالۆك .

بالۆك ــ (نت.) ، (سنـ. ، بك.) تم : بالۆكە .

بالۆكە ــ (نت.) ١ــ (سیمـ.) تم : بالۆكە . ٢ــ (مك.) بالۆكەیە ، لـە شوێنی بێ تۆكی یەكسمان دێت .

١ــ باڵە ــ [ند.] تم : بازە .

٢ــ باڵە ــ [أ] ، (نا.) ، (سنـ.) دەستەوانەیەكی چەرمە (بازەوان) لە وەختی عاملاندن و چەشتكردنی بازی تازەگیراو ، یا لە كاتی ڕاوا بۆ هەلگرتنی بازی ڕاوكەر دە دەســتی دەكا ، تا پەنجەی باز دەستی برینداز نەكات .

باڵەبال ــ [ند.] تم : بازەباز .

باڵێبۆنەوە ــ [٣ــ با/٣ + لێ (لە + ی) + بۆنەوە] ، (مصد. لا.) غاز و هەوای ناوزگی كەسێك بە ڕێگای خوارەوەدا دەرچۆن . □ « ... منداڵەكە بایەكی لێ بـۆوە ، ژنـەكە چەپـۆكێكی پێدادا ... » (فۆلكلۆر) .

بالێف ــ [پە : بالێن] ، (نت.) (هل.) كیسـەیەكی خامە پڕدەكرێ لە: لۆكە ، پـــەڕ یا وورده خـوری و دەخرێتە ناو بەرگێكی قومـــاشی جوانەوە ، بۆ پاڵوێدان و ئانیشك لەسەر دادان بەكاردێت و لە وەختی نوستنا سەری وێدەكرێ ، شكڵی بە پێی داب و دەســتوری هــەر ناوچەیەك دەگۆڕێ ، پان و درێژۆكە، ئوستوانەیی ، پانی چوارگۆشــە و گەورە و پچۆك . ★ (مك.) سەرین، سەنێر . (سنـ.) باڵشت . (سیمـ.) پشـــتێ . (كك.) سەرەنـــگیا ، سەرینگا . (بك.) بالێف ، بالێفك ، بالگە ، بالگێ ، بالگێف . (جنـو.) بالشت . (زا.) بالیشنە .

بالیفە ــ [بالێف + ١ــ ئەك/١]، (نت.) ، (مك.) دۆشەكەڵەیەكە لەناو لانكێدا بۆ منداڵی ساوا ڕادەخرێ. تێبـ ــ دەنـــگی (ك)ی (١ــ ئەك/)

کەوتوە و دوایێ ئەم ووشـەیە وەکو
ە ــ ئە/١) دێتە بەرچاوان .

١ــ باڵ ــ [ستـ : پەرێنە . ، پە : پەر ، پەرەك] ، (نــا.) ١ــ ئامرازی فڕێنی مەل و پەلـەوەر و حەشەڕات . تێب ــ باڵی مـەل و شەمشەمەکوێرە لەشوێن دەستیانە و ئێ مێش و مەگەزان بە یەکێ لـە دوو ئالقەی دوایێ سینگیانەوەیە . ★ (بک.) پەڕ . (زا.) پـەل (هس : پەلەوەر) . (هو.) باڵێ ٢ــ دەستی ئادەمێزاد لە سەرشانێڕا تا دەگاتە سەری قامکان ★ (جنو.) باڵ . (هس : پێل) . ٣ــ هەریەك لـەو دوو پارچـە پانانـەی کە بـۆ لەنگەرڕاگرتنـی فـڕۆکە بـە لاتەنیشتەکانیەوە نوسـاون □ « سمێل باڵی تەیارێ + بە دەروێدا دێتە خوارێ » (فۆلکلۆڕ) . ٤ــ واحیدی پێوانەی درێژایێ ، لـە سەری لوتەوەیە تا سەری پەنجـەی ناوەڕاست :: ئەو گوریسـە حەوت باڵ درێـژە . تێب ــ ووشـەی (پەرێنە)ی ئاوێستایێ بە مانـای (فڕین)یش و (باڵ)یش هاتوە . **باڵ بەسەرکێشان ــ** (کن.) ١ ــ بلاوبونەوەی شتێك بەسەر شوێنیدا :: تاریکایێ باڵی بەسەر هەمـو لایەکدا کێشاوە . ٢ــ تە : خستنە ژێر باڵ /٢ :: وەکو جوامێـران باڵی بەسەر ئەو هەتیوانەدا کێشا و نەیهێشـت پەرتەوازەبـن . **چۆنەبن‌باڵ ــ** (کن.) ١ــ شـانی خۆخستنە بنەنگلی کەسێکی ناتوانێ لە جێی خۆی هەڵستێ ٢ــ خۆدانە پەنای کەسێك . ٣ــ تە : دەستدانە باڵ ★ چۆنەژێرباڵ . **چۆنەژێرباڵ ــ** (کـنـ.) تـە : چۆنـەبن‌بـاڵ . **خستنەبن‌باڵ ــ** (کنـ.) تـە : خستنەژێرباڵ . **خستنەژێرباڵ ــ** (کن.) ١ــ پەنادانی یەکێـك . ٢ ــ پاراستنی کەسێك لە مەترسێ یـا لـە دەسـتدرێژێ خەڵـك ★ باڵبەسەرکێشان /٢، خستنەبن‌باڵ، گرتنەبن‌بـاڵ ، گرتنەژێربـاڵ . **دەستدانەبـاڵ ــ** (کنـ.) یارمەتی‌دان ★ چۆنەبن‌باڵ /٣ . **گرتنەبن‌بـاڵ ــ** (کنـ.) تـە : خستنەژێرباڵ . **گرتنەژێرباڵ ــ** (کن.) خستنەژێربـاڵ . **لـە شەققەی‌باڵدان ــ** (کن.) هەڵفڕینی بە گوڕی باڵندە و پەلـەوەر بـە جۆرێ کە دەنـگی وێك‌کەوتنـی سەرباڵیان دەبیسترێ □ « ... کچی شامەڵشای پەریان جلەکانـی خۆی دەبـەرکردەوە و بۆ بـە کۆترێك و لە شەققەی‌باڵانی‌دا ...» (فۆلکلۆڕ) .

٢ــ باڵ ــ (نا.) ، (مک.) ١ــ تە : پاڵ :: لەو حەوشەدا چەند مـاڵ دەباڵ یەك‌دان . خۆیـان جێیـان نابێتەوە ماڵێکیشیان دەباڵ خۆیـان ناوە . ٢ــ تە : باغەڵ /٢ :: ئەرێ ئازاد کچی کێی دەباڵدایە ؟ .

باڵا ــ [پە : بالاد = بەرزایێ] ، ١ــ (نا.) درێژایێ بەژنی ئادەمێزاد □ « ... باڵای بە باڵای گرتوە ، دوو پەنجە کورتێ دێنێ » (فۆلکلۆڕ). ٢ــ (صـ.) سەر ، بەرەژوور ، درێژ :: دەستێکی باڵای لە کێمیادا هەیە.

بالآبسته ــ [بالآ/١ + بست + ەــ ئــه/١] ، (صـــتـ. ، نتـــ.) ئادەمێزادی کورتەبالآ (بالآی بـــه قەدەر بستێکه) ، (عا.) قزم .

بالآبەرز ــ (صتـ.) ١ــ حـــالّی ئینسانی درێژ ، حالّی کەسێـــکی بالآی درێژبێ ★ کەلّــــەگەت ٢ــ (کنـ.) ئادەمێزادی شۆش و بارێك و بەژن ڕێك و پێك . □ « خاستەر جه زومرۆەی ئەو بالآ بەرزان + بـــه ڕێزەی ڕازان شەکەر کەرد ئەرزان» (خانا ــ ٢٠٦) .

بالآبەرزه ــ [بالآبەرز + ەــ ئــه /١] ، (نتـ.) ، (سیمـ.) پەنجـــەی هەرە درێژی دەستی ئادەمێزاد ، قامکی ناوەڕاستی دەست .

بالآبەژن ــ (نتـ.) ، (مکـ.) تم : ئاوێنه (ئاوێنەی بالآبەژن) .

بالآپۆش ــ (نتـ.) ، ١ــ [بالآ/١ پۆش (پۆشێن)] هەر جلوبەرگێکی سەرتاپاخواری مـــرۆڤ داپۆشـــێ □ « ئەگەر مەیلەکەت فەرامۆشـــم بێ + سفیێدی کەفەن بالآپۆشم بێ» (فۆلکلۆڕ) .

بــالآدەس ــ (صتـــ.) تمـــ : بالآدەست .

بالآدەست ــ [بالآ /٢ + دەست]، (صتـ.) ، (مکــ.) دەســتڕۆیـیو ، دەستڕۆیشتو ، حالّی کەسێکی دەستی بڕوا و خاوەن دەستەلآتبێ □ « مـــن قـــاپێ جـــەو بـــۆن جه تۆ نەبەستم ! + یانی بزورگم ، یا بالآدەستم » .

(خانا ــ ٥٠٨)

بالآدەسته ــ [بالآ / ١ + دەسته (نەگەورەونەپچۆك)] ، (صتـ.) ، (مکـ.) حالّی منداڵێکی خەرێكبـێ هەڵبدا ، بالآی دەستیکردبێ بـه درێژبۆن .

بالآدەســـتی ــ (حمـــصـ.) دەستڕۆیشتویی ، دەستـەلآتداری ، بە دەستەلآتی .

بالآڕوان ــ [بـــالآ / ١ + ڕوان (ڕوانـــێن)] ، (نتـ.) تم : ئاوێـــنه (ئاوێنەی بالآڕوان) .

بالآشمه ــ (نا.) ، (سنـ.) تمـ : بالێـشمه .

بالآفڕ ــ [بالآ /٢ + فڕ (فڕێن)]، (نتـ.) ، (بکـ.) فڕۆکه ، تەیـاره . تێبـ ــ ئەم ووشەیە لە جەنــگەی شەڕی دوەمـــدا ، کە ڕادیـــۆی (بێڕۆت) دەنگوباسی بە زمانـــی کوردی بلآودەکردەوە ، داتاشراوە.

بالآکردن ــ (مصتـ. لا.) ، (مکـ.) ١ــ زیادبۆنی درێـــژایی بەژنـــی درێژایی بەژنی ئادەمێزاد . ٢ــ (کنـ.) گەورەبۆنی مەعنەوی :: زۆرم پێخۆشبۆ تەشرێفتان هێنا ، باوەڕ فەرمۆن گەز گەز بالآم کرد . ٣ــ بەرزبۆنەوەی گژوگیا ، هەڵچۆن و گەشەکردنی شێناوەرد .

بالآگرتن ــ (مصتـــ. لا.) تمـ : بالآکردن . تێبـ ــ بالآکردن وەختێك دەکـــاردەکرێ کە گەورەبـــۆن ، درێژبۆن و گەشەکردنەکە ، شتێکی پێویست و تەبیـــعی بێ ، بـــەلآم بالآگرتن بۆ کارێـــکی چـــاوەڕوان نەکراوە .

بالآنشین ــ (نتـ.) کەسێکی جێگای لەلای سەرۆی مەجلیســـان بێ ،

پیـــاوی گــــەورە و ماقــوڵ □ " ئەمێستەش شێخ عەلی باڵانشینی ئەوجی ئیرشادە + ئەوێــــش وەك باوك و باپیری لە زومرەی ئەولیا مەعدوّد » (شێخ رەزا ـ چـــاپی ئەنجومەنی ئەدیبان) .

باڵانشـــینی ـ (حمـصـ .) ١ـ لەلای ژۆروّی مەجلیسان دانیشتن . ٢ ـ (کنـ .) ماقوڵی ، گەورەیی .

باڵانوان ـ [باڵا/١ + نـــوان (نواندن)] ، (نتـ .) تم : ئـاوێنە (ئاوێنەی باڵانوان) .

باڵانوێن ـ [باڵا/١ + نوێـــن (نواندن)] ، (نتـ .) تم : ئاوێنـــە (ئاوێنەی باڵانوێن) .

باڵباز ـ [ف] ، (نتـ .) ، (کعر .) سەربـاز ، عەســکەر . هــس : بلباس (ناوی عەشیرەتێکی کوردە) .

باڵبەستکردن ـ [١ـ باڵ /٢ + بەست (بەستن) + کردن] ، (مصـ . متـ .) تم : باڵـــەبەستن . تێبـ ـ ووشەی (بەست) لـــــەم ووشـەیەدا (بەستە)یە بە مانـــای (بەستراو) کە سیفەی مەفعوّلە لــە مەصدەری (بەستن) .

باڵبەستن ـ [١ـ بـــاڵ/٢ + بەستن] ، (مصـــ . متـ .) هەردوّ دەستی کابرایــەك لە پشتـــــەوە بەستن . :: خێرا باڵی ئەو دێلانــە ببەستن و بیانبـەن بوّ چـــەم . ئەمنیە باڵی (عەولای ئـــاغا)یـان بەستبوّ هێنایــانە لای ئاغـــای (مادڕوج) . ★ باڵبەستکردن .

باڵچوغە ـ [ف] ، (نـــا .) ئەو جێگایەی شیر کە دەستی پێدەگرن . دەســکی شمشـێر . □ «. . . دەستت بوّ باوێمە سەر باڵچوغەی شێران ، کێلانانت بوّ بەجێ بێڵم لە بنەبانێی (دمدمییە) .

(تحفە ، ب١ ، ل ـ ٢٠٢)

باڵدار ـ [١ـ باڵ/١ + ٢ـ دار (پـ .)] ، (نتـ .) ئەو گیاندارانەی باڵیان هەیە و دەفڕن . ● **باڵدار هاتوە باڵی وەرانـــدوە ، نـاڵدار هاتوە ناڵی وەرانـــدوە** ـ (کنـــ .) جێگایەکی پڕ مەترسییە کە هەرکەس ڕوّی تێکردوە ڕزگاری نەبـوە ★ باڵندە ، پەلەوەر ، مەل . (جنـــو .) باڵوّنە . (سنـ .) باڵنە .

باڵشکان ـ (مصـــ . لا .) ١ـ توانستی فڕینەمانی بـاڵندەیەك لەبەر ئەوەی باڵی ئازارێکی پـــێ گەیشتبێ یا شکابێ . ٢ـ (کنـ .) توشی بەدبەختیبوّن ، بێچارەبوّن ، سەرنەکەوتن .

باڵشکاندن ـ (مصـ . متـ .) ١ـ شکاندنی باڵی پەلــەوەرێك . ٢ـ (کنـ .) بێچارە و بێ دەستەڵاتکردنی کەسێك ★ لەباڵدان .

باڵشـــکاو ـ (صمـــــف .) ١ـ پەلەوەرێکی باڵی شکابێ . □ «هەر دەڵەی لەگڵەگی باڵشکاوە » ٢ ـ بێچارە ، تێشکاو ، سەرنەکەوتوّ .

باڵق ـ [محر . عا : بالـغ = پێگەیشتوّ] ، (صـ .) ، (مـکـ .) حاڵی کوڕ یا کچێکی شەیتـــانی پێکەنێبێ ، کوڕێکی هـــەوەسی ژن بکا ، کچێکی هەوای شوّی کەوتبێتە سەر . تێبـ ـ أ) بەگشتی لە دەوری ١٤/١٥ ساڵیدا هـــەوای (ژن) و

(پیاو) دەکەوێتە سەری (کوڕ) و (کچ) . ب) لە کوردەواریدا باوبوو بۆ ئەوەی بزانن کوڕێك بالق بوە یان نا ، لێیان دەپرسی : (خوێ) قورسترە یا (گەنم) ؟ ئەگەر ووتبای (خوێ) ، ئەوا دەیانگوت بالق بوە و دەزنوێژی لێ دەشکێ .

بالق‌بوون — [عا. کو.] ، (مصد. لا.) پێگەیشتنی کوڕ یا کچ ، گەیشتنە تەمەنێکی ئینسان هەوەسی ژن‌هێنان یا مێردکردن دەکا .

باڵ‌گرتن — [١— باڵ/١ + گرتن] ، (مصد. لا.) ١— فێرە فڕین‌بوونی بەچکەی باڵندە :: ئەم بێچوە چۆلەکەیە تازە خەریکە باڵ دەگرێ . ٢— (کن.) خێرا ڕۆیین :: ئای‌ئای ! خۆ وەتمان هەر دەڵەی باڵی‌گرت ، چ زوو دەربەڕێ . ★ باڵ‌گرتنەوە .

باڵ‌گرتنەوە — (مصد. لا.) ١— هەڵفڕینی مەل لە شوێنێکی کە بۆ ماوەیێکی کەم لێی نیشتبێتەوە :: کۆترێك لەسەر ئەم دارە بۆ پێش پێی تۆ باڵی‌گرتەوە . ٢— تە : باڵ‌گرتن /٢ .

باڵنج — [پە : بالێن] ، (نت.) ، (مک.) سەرینێکی چوارگۆشەی درێژۆکەیە لەکاتی نوستنا دەخرێتە بان سەرینی خۆ ، یا لە دانیشتنا شانی (١— باڵ /٢) لەسەر دادەدەن . تێب — ١) دەنگی (ج) لە دوایی ئەم ووشەیەدا بەلای منەوە یا (چە)ی ئامرازی پچوکییە و گۆڕاوە یا ووشەی (جێ)یە و کورت بۆتەوە . ب) ناواخنی باڵنج زیاتر پەڕە مریشکە و دەکرێ لۆکە یا ووردە خوریشی‌بێ .

باڵندە — [١ — باڵ /١ + ئندە] ، (نت.) تە : باڵدار .

باڵنگ — [پە : ڤاترەنگ] ، (نت.) ، (کئێر.) میوەیەکە لە جسنی پرتەقاڵ و نارنج ، توێکڵی زر و ئەستوور و زەردە ، درێژۆکە و گەورە و قورسە ، بۆنی خۆشە ، دەکرێتە مرەبا و شەربەت. (عا.) کەباد . ★ تورنج .

باڵویز — (نا.) تە : بالیۆز .

باڵویزخانە — (نت.) تە : بالیۆزخانە .

١— باڵەبان — [؟] ، (نا.) باڵندەیەکی ڕاوکەرە ، لە باز پچوکترە ، باڵی و کلکی درێژن ، ڕەنگی کەوەیە و پەڵەپەڵەی ڕەش و سپی تێدایە ، تیژباڵ و خێرایە (عا.) صقر . ★ چەرخ ، (سن.) باڵەوان .

٢— باڵەبان — [ڕۆسی : بارابان] ، (نا.) ١— تەپڵی گەورە ٢— (مج.) پیاوی زەبەلاح و ناقۆڵا . ٣— (مج.) ئێستری زەلام . ★ (سن.) باڵەوان

باڵەتەپە — [١— باڵ/١ + ٣— ئە /٢ + ٢— تەپ (ند.) + ٥— ئە/١] ، (نت.) ، (مک.) باڵ‌لێکدانی پەلەوەرێك کە تەقەلای فڕینێتی و توانستی نیە . تێب — ئەم باڵندەیە یا هێشتا ساوایە و فێرە فڕین نەبوە ، یاخو باڵی ئازارێکی پێگەیوە و پەکی فڕینی خستوە ، بۆیە باڵەکانی لێکدەدا و

تەپەتەپی لێوە دێ . ★ باڵەتەپێ ،
باڵەفڕکێ ، باڵەفڕێ .

باڵەتەپێ ــ [١ــ باڵ/١ + ٣ــ
ئە/٢ + ٢ــ تەپ + ئێ] ، (نت.)
، سیمە. ، سنە.) تم : باڵەتەپە . ::
ئەم قەلەباچکەیە هەر باڵەتەپێی
(باڵەتەپەی) بۆ منێش گرتم . تێب ــ
١ ، وا وێدەچێ (ئێ)ی دوایێ ئەم
ووشەیە و گەلێ ووشەی تری لەم
چەشنەش ، یا ئەسڵی (ئێن) بێ یا
لە ئەسڵا (ئێن) بوبێ ، کە ووشەکە
دەبێتە (باڵەتەپێن) بە مانای
تەپەتەپ بە باڵکردن . ب) من لە
بەرگی یەکەمی ئەم قاموسەدا (ئێن)م
نوسیوە بەڵام هەستم بەم کارەی
کە لەم ووشەیە و هاوچەشنەکانیدا،
(ئێ) دەیکا ، نەکردوە و نەمنوسیوە.

باڵەخانە ــ [باڵا/٢ + خانە] ،
(نت.) ، (مک. ، سیمە. ، سنە.) ،
ژور یا چەند ژورێ کە لە سەرەوەی
خانو دروست دەکرا (چونکو
خانوی کۆنی کوردەواریێ زیاتر یەك
نهۆم بون) . □ « ... جا ناردیە
کن کوڕی خۆی : ڕۆڵە تەدارەکم بۆ
گرتوی ، ڕۆڵە ڕۆژی جومعەی دەبێ
واربد بیی بە کۆشك و باڵەخانەی
خۆت » (تحفە ، ب١ ، لــ ٢٢٥).
★ (سنە.) ، سەرخان (جنو.)
باڵاخۆنە .

باڵەشۆرە ــ [١ــ باڵ/١ + ٣ــ
ئە/٢ + شۆڕ + ٥ــ ئە/١] ،
(نت.) ، (مک.) دەردێکە تۆشی
مریشك و جوجەڵە دێت ، باڵیان
فش دەبێتەوە و بەلادا دێن . ★
(سنە.) باڵەشۆڕێ . پەلەپسکێ

باڵەشۆڕێ ــ [١ــ باڵ/١ + ٣ــ
ئە/٢+شۆڕ + ئێ] ، (نت.) ، (سنە.)
تم : باڵەشۆرە . تێب ــ بۆ کەرتی
(ئێ) تم : باڵەتەپێ (تێب ــ ب) .

باڵەفڕکێ ــ [١ــ باڵ/١ + ٣ــ
ئە/٢ + فڕ (فڕین) + ٥ــ ئە/١]،
(نت.) فڕینی کەمماوەی مەلێکی تازە
باڵی گرتبێ . هس : باڵەتەپە .

باڵەفڕێ ــ [١ــ باڵ/١ + ٣ــ
ئە/٢ + فڕ + ئێ] ، (نت.) تم :
باڵەتەپە . تێب ــ بۆ کەرتی (ئێ) تم :
باڵەتەپێ (تێب ــ ب) .

باڵەکەو ــ [باڵا/١ + ٢ــ کەو] ،
(نت.) ، (مک.) لە (کەو) و
بێژینگدانی خەرمان پاش سورکردنی
بۆ ئەوەی (چەت)ی لێ
جودابێتەوە . تێب ــ ئەم کارە بە
پێوە دەکرێ و (کەو)ەکە بەقەد باڵا
بەرز دەکرێتەوە .

١ــ باڵەوان ــ [؟] ، (نا.) ،
(سنە.) تم : ١ــ باڵەبان .

٢ــ باڵەدان ــ (نا.) ، (سنە.)
تم : ٢ــ باڵەبان .

باڵۆن ــ [لەفرەنسێ : بالون
کە لە (پالۆن)ی ئیتالیێ وەرگیراوە]،
(نا.) ، (کئیر.) تم : باڵافڕ تێب ــ
ئەم ووشەیە لە هێندێ زمانانی
ئوروپایێدا بە مانای (کورە)یەکی
گەورەیە کە لە قوماشی تایبەت
دروستدەکرێ و پڕی دەکەن لە
(غاز)ێکی سوکتر لە هەوا و بەرز
دەبێتەوە بۆ ئاسمان ، بەڵام لە
موکریان ناوێکە بۆ (فڕۆکە)
وادەزانم چونکو بۆ یەکەمجار فڕۆکە
لە جەنگەی شەڕی یەکەمدا هاتوتە

ئاسمانی موکریان و ئەوکاتە لەشکری عوسمانیی لێ بوە ، ئەم ناوە بە مانای فڕۆکە لە زمانی ئەوانەوە کەوتۆتە سەرزمانی کوردان ، ئاشکرایە کە لە باری زانستەوە جیاوازیی زۆر لە نێوان (باڵۆن) و (فڕۆکە)دا هەیە .

باڵیۆز ــ (نا.) ١ــ نوێنەری دەوڵەتێك لەلای دەوڵەتێکی دیکە . ٢ــ بەگشتیی هەرکەسێك لە دەوڵەت یا کەسێکەوە پەیامێ بۆ دەوڵەت یا کەسێکی تر بەرێ . ★ ئێلچیی ، باڵوێز ، سەفیر ، قاسید . تێب ــ عوسمانیی ئەم ووشەیان لە قالبی (بالیۆس)دا لە زمانی ئیتالیی یا یۆنانیی خواستۆتەوە و بە شکڵی (باڵوێز ، باڵیۆز) هاتۆتە ناو زمانی کوردیی .

باڵیۆزخانە ــ (نت.) ، (تت.) ئەو خانوبەرەیەی دەزگا و دایرەی سەفیری دەوڵەتێکی لە وولاتێکدا ، لێ دادەمەزرێ . :: باڵیۆزخانەی عێراق لە مۆسکۆ . ★ باڵوێزخانە (کمر.) سەفارەت . (کئێر.) سەفارەتخانە .

باڵیشمە ــ [؟] ، (نا.) داریی یا دارانێکن کە بەسەر دیواری خانوّدا درێژ دەکرێن و ئەوسەرەوسەری دارەکانی دارەڕای خانونیان دەخرێتە سەر ، تا ڕاستەوخۆ قورسایی نەکەوێتە سەر دیوارەکە . تێب ــ بەلای منەوە ئەم ووشەیە دەگەڵ (بالیشنە)ی زازایی بە مانای باڵیف، سەرین (تە : ژابا ــ ٣٦) یەکن ، لە ڕاستیشدا داری دارەڕا سەردەکەنە سەر (باڵیشمە) هەرووەکو مرۆڤ سەر وەسەرین دەکا .

باڵێ ــ [محر. عا : بلی] ، (بن.)، (مکـ.) تە : بەڵێ . تێب ــ هەرچەندە ئەم ووشەیە هەر ووشەی (بەڵێ)یە، بەڵام شێوەی تایبەتیی بەدەمدا هاتنی وای لێکردوە کاری (بەڵێ) نەکا و سەرسوڕمان و گاڵتەپێکردن بگەیێنێ .

بام ــ (ئـم .) ، (سیمـ.) تە : ٢ــ با/١ .

بامجان ــ (نا.) ، (سنـ.) تە : باینجان /١ــ ب .

بامجانفەرەنگی ــ (نت.) ، (سنـ.) تە : باینجان /٢ــ ب .

بامێ ــ [؟] ، (نا.) ١ــ گیایەکی دەسچێنی گەڵا پانی یەکسالەیە ، گەڵاکانی وەگەڵای گوڵە هێرۆ دەچێ، گوڵێکی جوانی سپیی مەیلەو زەردی شێنباوی هەیە ناوەڕاستەکەی قاوەیی مەیلە و سورە . ٢ــ بەری ئەم گیایە کە درێژۆکە (وەکو بەڕۆ)و پڕتوو ، نوك تیژ و تراشە . دەگەڵ گۆشت و تەماتە دەکرێتە خۆرشت (شلە) یا شۆربای گۆشت . ٣ ــ جۆرێك شیرنیاتە بە شکڵی بامیە /٢ ، لە ماست و نیشاستە دروست دەکرێ و دەڕۆنا سوردەکرێتەوە و دەشیرەی شەکر یا هەنگوینی قالکراو هەڵدەکێشرێ .

١ــ بان ــ [پە : بان]، (نا.) ١ــ تەختایی سەرەوەی خانو لە دێوی دەرەوە ، پاش ئەوەی دارەڕا و گڵەبان دەکرێ و سواغ دەدرێ .

ئەو شوێنەی خانوکە هاوێنان خەڵك
لەبەر گەرما لێی دەنوون . ★ (مکـ.)
سەربان. (بکـ.) بان ، سەربان بانێ.
(جنو.) بۆ ، سەربۆ ● **بانێکە و
دوو هەوا** ــ (کنـ.) فەرق و جیاوازی
لە تاقە شتێکا بۆ کەس یا بۆ دوو
مەبەست . ٢ــ دەشتایێکی لەچاو
دەوروبەری خۆی بلیندتر بێ ::
بانی هۆبەتو ، بانی مەقان ★ (مکـ.)
بانۆ ، (بکـ.) بانی . ٣ــ سەر ، ژوور
:: « بێخەرە بانی » ، کڵاوەکەی نایە
بان سەری ، تانجیەکە نێشتە بان
کەروێشکەکە ، کتێبەکە وا لە بان
مێزەکە . ٤ــ (ئمـ.) بۆ نیشاندانی
حاڵی دوو شتان کە لەچاو یەکتری لە
حاڵەتی بەرزی و نزمیدابن ، یەکیان
لەوی دیکەیان بەرزتر بێ .

٢ــ بان ــ [؟] ، (ر.. فعـ.) ،
(مکـ.) کاری وەخۆگرتنی بەرخ و
کارێلە لەلایەن مەڕ و بزن . ●
بە سەر دەبانێ ، بە قوون نابانێ
ــ أ) بە مەڕی دەگوترێ کە بەرخ
وەخۆ بگرێ و بێلێسێتەوە بەڵام
نەیەڵێ بێمژێ . ب) ، (کنـ.) ژنێکی
تەواو ڕام نەبوبێ و خۆ بە دەست
مێردەوە نەدات . تێبـ ــ أ) ئەم
وشەیە بەو شێوەیەی کە لە
مەتەڵەکەی سەرەوەدا دەکارکراوە ،
دەبێ لە مەصدەرێکەوە هاتبێ ،
هەروەکوو دەڵێن دەنازێ لە
مەصدەری (نازین) یا دەبارێ لە
مەصدەری (بارین) ، کاتێ
دەشڵەین (دەبانێ) یا (نابانێ) بەو
جۆرەی لە مەتەڵەکەدایە ، دەبێ
بڵەین دەبانێ لە مەصدەری (بانین)
هاتوە ، بەڵام ئەم مەصدەرە لازمە
قەت نەبیستراوە ، ب) ئەوەندەی
پێم شك بێ لەو مەصدەرە
نەبیستراوە یا گومبوە ٢ وشەی
(بانۆك) و (نەبان) کەوتونەوە و لە
مەتەڵەکەشدا لە حاڵەتی مضارعی
(دەبانێ) و (نابانێ)دا دەیبینێن .

بانئەنو ــ [١ــ بان + ئەنو] ،
(نتـ.) ، (هو.) تم : بانەناو . تێبـ ــ
کەرتی (ئەنو) ڕێشەی مەصدەری
(هەنوون)ە کە لە (هەندووتەن)ی
پەهلەوی کەوتۆتەوە .

بانانەن ــ [؟] ، (مصتـ. متـ.)
کارێلە و بەرخی ساوا وەبەر بزن یا
مەڕ (غەیری دایکیان) خستن .
کارێکی (بانۆك) دەیکا . تێبـ ــ تەنیا
خوالێخۆشبو ماموستا (گیو) ئەم
وشەیەی نوسیوە (تم : مەهاباد ــ
٦٢) و ئاوای مانا لێداوەتە : معاینه.
تعطیف الحیوان علی غیر ولیده .
هس : ٢ــ بان (تێبـ ــ أ).

بانبارگە ــ [١ــ بان/٣+بارگە] ،
(نتـ.) بەربۆك یا هەر ژنێکی دیکە ،
کە لەسەر بارگەی جیازی بوکەوە
سوار دەبێ و لە ماڵی بوکێڕا
دەچێتە ماڵی زاوا .

بانبانك ــ [؟] ، (نتـ.) ، (مکـ.)
گیاندارێکی کێوییە لە شێوەی
(سموره) ، دەستەکانی لە قاچی
کورتترن ، ڕەنگی بەپێی فەسڵی
ساڵ دەگوڕێ ، کەوڵەکەی بو
هێندێ شتی وەکو (کیسەباخەڵ) و
(بەرگەکالان) بەکەڵك دێت ، بۆیە
لە زستانا کە ڕەنگی سپێ و جوان
دەبێ زیاتر هەوڵی ڕاوکردنی

دەدرێ ، لەناو (غەڵ)ە بەردانـــدا دەژێ ، لەناو کوردەوارێ دەڵێـن ئەم گیاندارە پارەی زێڕ دەدزێ و دەیشارێتەوە .
بان‌بانه‌گا ــ [١ــ بـــان/٣ + بانه‌گا] ، (نتـ.) ، (ســنـ.) تمـ : بەسولدان .
بان‌پۆشێن ــ [١ــ بـان/٣ + پۆشێن] ، (نتـ.) خشـڵێکی ژنانەیە، لە ئاڵتون یا زێو دروست دەکرێ و لەسـەر (هەورێ) دەبەسترێ . ★ (مکـ.) لاگیرە .
بان‌تلێن ــ [١ــ بان/١ + تلێن (تلاندنەوە)) ، (نتـ.) تمـ : باگردان.
بانجێلـه ــ [١ــ بـان/١ + جێله ؟] ، (نتـ.) ، (سنـ.)١ــ تمـ : بانێژە /١ و ٢ . ٢ــ سەکۆیەکە لە بەردەمی خانوٗدا دەکرێ (تمـ : مردۆخ ب ١ ، ل ــ ١٠٩) .
بـــان‌دان ــ [١ــ بان/٣ + دان (فعـ.)] ، (مصتـ. متـ.) شـــتێك بەسەر شـتێـــکی دیـــکە دادان ، وەســـەرکردن ، وەســـەردان ، پێدادان :: ناشتمان و خۆڵمـــان باندا ، «بخەفه بانت دەم » بخەوە تا لێفەت پێدادەم یا دات‌پۆشـــم ، دوێشـەو بان خۆی نەدابۆ سەرمای بوە .
باندرۆل ــ [فرەنسێ] ، (نا.)، (کئێر.) تێزمالـــکە کاغەزێـــکی درێژۆکەیە، دێوێکی هەندێ نەخشی لەسـەر چـاپ دەکرێ و دێوەکـەی دێکەشی چرێشـــی لێ دەدرێـت ، میقدارێك پارە (دە فلس ، پێنـج قران ، ... ، ...)ی لەســـەر دەنوٗســـن و بە هەنـدێ شتـــەوە (پـاکەتی جـــگەرە ، شوٗشـــەی ئـارەق و ... ، تریـــاك و ...) دەنوٗسێندرێ و نیشـــان دەدا کە دەوڵەت (ڕەسم)ی خۆی لەم شتە وەرگرتوە . تێبـ ــ ئەم ووشەیە لـە فرەنسێ ڕا بۆ زمـــانی فارســـێ خوازراوەتەوە و لەم ڕێگایەشـــەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردێ و پاشان فەرهەنگستانی ئێران ، لە ســاڵانی پێش شەڕی دوەمـدا ووشـــەی (نەوارچەسپ)ی بەرامبەر داناوە. ★(کعر.) عا : مەکـس ، مەکۆس .
بان‌سەرەــ [١ــ بان/٣ + ١ ــ سەر + ەــ ئە/١] ، (نتـ.) خشـڵی ژنانەیە ، دراوی زێڕ یا زێوە کە لە تەپڵەسەری تەقێله یا تاسکڵاو ... بۆ جوانێ دایدەدروٗن .
بانق ــ (نا.) ، (کعر.) تمـ : بانك /١ .
بـــانقۆ ــ (نا.) ، (کعر.) تمـ : بانك /٢ و ٣ .
بانك ــ [فرەنسێ] ، (نا.) ، (کئێر.) ١ــ ڕێکخراوێکی ئابۆرێ ، دەوڵەتێ یا تایبەتییـــە کە خەڵـــکێ پارەوپوٗلی خۆیانی بە ئەمانەت لـــێ دادەنێن و لەکاتی پێویستا چـەك (صـەك) دەنوٗسن و چەندی بیانەوێ خۆیان یا ئەو کەسەی چـەکەکەی بەناوەوە نوٗسرابێ وەریدەگرنەوە . هەر وەها بەپێی بـڕوای خـــۆی (ئیعتیبـــار) بۆ هێنـــدێ کەس دیارێ‌دەکا ، ئەو کەســـانە ئـەگەر پارەی خۆشیان لە بانـــکا نـەبێ دەتوانن تا ئەو ئەندازەیەی بانك بۆی

داناون ، پارە وەربـــگرن . کاری بانکەکان ئێستـــا زۆر لقی لـــێ بۆتەوە ، بۆ گەلێ لایەنەکانی ژیانی ئابوری وولاتێك بانکی جیاجیا پەیدا بون . :: بانکی کشتوکاڵ . بانـکی ڕەهنێ بانکی عەقاریێ و ... و ... ★ (کعر.) بانق. ، (عا.) مصرف.
٢ــ قومارێکە بە پەڕان دەیـکەن .
٣ــ ئەو پارەیەی کە لەو یاریەی لــە ژمارە دوّدا باس‌کرا کۆدەبێتەوە و یاریکەرێ بە ڕێـکەوت هەمـــوی بەجارێ دەباتەوە . ★ (کعر.) بانقۆ (بۆ ٢ و ٣). تێبـ ــ ئەم ووشەیــە لە ڕێگای زمانی فارسی‌ڕا هاتۆتــە ناو زمانی کوردێ لە کوردستـــانی ئێران و هاوتایەکەشی (بانق) لــە دەوری دەســتەڵاتی عوسمـــانیێدا بەهۆی ئەوانەوە هاتۆتە ناو زمـــانی کوردێ لە کوردستـــــانی عێراق . زمانی فرەنسێش ئەم ووشـەیەی لە ووشـەی (بانکا)ی ئیتالێ بە مانـــای (پێشـخوانی سەڕافان) خواستۆتەوە (تم : لارۆس ــ ٨٨) .

بان‌کوتان ــ (مصد. مت.) تم : بان‌کوتانەوە .

بان‌کوتانەوە ــ [١ــ بان/١ + کوتانەوە] ، (مصد. مت.) شێلانی بانی خانو بە قاچ و پێ‌لەقە ، لـــە وەختی باران و دڵۆپەی کەمدا ★ بان‌کوتان .

بانکە ــ [ڕۆسی] ، (نا.) ، (مک.)
١ــ کۆپەڵەیەکی شـــوشـەیە لـــە شێوەی ئوستوانە دروست‌کراوە ، شێرینات و مرەبـا و ئەو جـــۆرە شتانەی تێدا هەڵدەگیرێ . ٢ــ تم : باکێش /٢ تێبـ ــ ئەم ووشـەیــە لــە ڕێگەی زمانی ئازربایەجـانیێ یـــا بازرگانی ڕاستەوخۆی کوردستـــان دەگەڵ ڕۆسیای پێــش شـــۆڕشی ئۆکتۆبەر هاتۆتە ناو زمانی کوردێ .

بانگ ــ [پە : ڤانگ] ، (نـــا.)
١ــ دەنگی بەرز :: کچێ دە بێبڕەوە ئەم بانگ و هاوارەت لە چیە ؟ ★ (بك.) بان ، بانگ . (زا.) ڤێنگ (تم : ژابا ــ ٣٧) . هاوار ، قاو . هس : (هر.) وانا : خوێندن . ٢ ــ ئەو دوعـــا و قســـــانەیە کە بەپێی ڕێ‌وشوێنی ئیسلامەتێ ، شـــەو و ڕۆژێ پێنج جاران لەسـەر بـــانی مزگەوتان یا لەسەر منارە (ئێستا بە میکرۆفۆن) ، بەکێك پڕ بە دەنگی خۆی دەیانخوێنێ و مسولمانـــــان ئاگادار دەکا کە وەختی نوێژە . ★ (جنو.) ئەزۆ (لە عارەبێ : اذان)
● **بانگی محەممەدی بە ئاشـــکرا خۆشە** ــ (کن.) کاری چاك پێویست بە شاردنەوە ناکا .

بانگ بـــەگوێدادان ــ (مصـد. مت.) خوێندنی ئەو دوعایانەی کە لە دینی ئیسلامـــا بۆ (بانـــگ /٢) دیارکراوە ، لەبن سەری منداڵـــی ساوای تازە لەدایك‌بۆ . تێبـ ــ ئەم کارە چەند ڕۆژێ پاش بۆنی منـــداڵ دەکرێ ، شەوێك بەپێی حاڵ خێزانە خـــاوەن منداڵەکـــە ، دۆســـــت و خزم و کەسی خۆیان و مەلایـــــەك بانگ دەکەن بۆ نانخواردن و ناونانی منالەکەیان قۆنداغەی منداڵەکە لە شوێنێك دادەنێن و (مەلا) لەلای ڕاستی سەری‌ڕا دەوەستێ و بانـــگ

دەدا ، پاشان بە دەنگێکی بەرز ئەو ناوە دەڵێ کە دایك و بابی منداڵەکە پەسندیـــان کردوە و دەبێــژێ : « ئەوە ناومان نا ...» . **بـــانگی بێ‌ واده** ــ (نت.) ئەو بانگەیە (بانگ /٢) ــ کە لە وەختی گیرانی مانـگ و ڕۆژ ، بڵاوبونەوەی کولێرا و تاعون یا هەر بەڵایەکی تری لەم بابەتە بـــە نیازی دورخـــستنەوەی بـــەڵا و دورکەوتنەوەی خەڵك لەو شوێنەی بەڵا لێیداوە دەدرێ ، هەروەها لـــە کاتی سوتمان و لافاو ... و ... بۆ ئاگادارکردنی خەڵك کە بچن بـــە هاوارەوە . چونـــکو بانگی نوێژان وەختیان دیارە ، هەر بانگێکی لـــە غەیری ئەم وەختانە بدرایە سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشا ، هەر بۆیەش ئەم نـــاوەی لێنـــــدراوە . ★ بـــانگی بێ‌وەخت ، بانگی ناوەخت . **بانگی بێ‌وەخت** ــ (نت.) تە : بانگی‌بێ‌وادە. **بانگی ناوەخت** ــ (نت.) تە : بانگی بێ‌وادە . ● **بانگی محەممەدێ بـــە ئاشکرا خۆشە** ــ (کن.) کاری چاك پێویــست بە شـــاردنەوە نـــاکا . **کەڵەبابێکی بێ‌وادە بـــانگ بـــدا سەری دەبڕن** ــ (کن.) کارێکی لـــە وەختی خۆیا نەکرێ زیـــانی بـــــە دواوەیە . تێب ــ پێشـــونیـــان کە کەڵەشێرێکی ئاوایـــان سەربڕیوە ، لەوە ترساون کە هەستی بە بەڵایەکی لابەلا کردبێ !! بۆیە بانگ دەدا .

بانگ ــ [١ــ بان/٣ + نگ] ، (صت.) ، (جف.) حاڵی هەر شتێکی لەسەرەوە . تێب ــ لە نێوان دەنـگی (ن.) و (گ)ی ئەم ووشـــــەیەدا ، بزوێنە کوردێ هەیە .

بانگدان ــ [بانگ /٢ + دان (فع.)] ، (مصت. لا.) ئاگادارکردنی خەڵکی لە وەختی نوێژان ، بـــەو جۆرەی ئیسلامـــەتی دایـنـــاوە ☐ « ئەڵلاهو ئەکبـــەر مەلابانگدانـــە + تارێك و لێـــڵێ ڕۆی ئاسمـــــانە » (گۆران) ★ (جنو.) ئەزۆهەن .

بانگدەر ــ [بانگ /٢ + دەر] ، (نفا.) ئەوکەسەیە تەرخان دەکرێ شەو و ڕۆژ پێنج جاران لەســـــەر بانی مزگەوتان خەڵـــکی لە وەختی پێنج فەرزەی نوێژ ئاگادار دەکا . ٢ــ هەرکەسێکە کە ئەم کارە بکا با تەرخانیش نەبێ و هەمۆ وەختێکیش نەبێ ★ (جنو.) ئەزۆچی . تێب ــ بۆ کەرتی (دەر) تە : ٢ــ ئە /٢ .

بانگەری گاڕان ــ (نـــت.) ، (کن.) گوێدرێژ .

بان‌گردێن ــ (نت.) ، (ســیمە.) تە : باگردان .

بانگ‌ڕاهێشتن ــ [بانگ /١ + ڕا (پێبف .) + هێشتن] ، (مصت. لا.) ١ــ بە دەنگی بەرز مەبەستێـــك بە جەماوەری خەڵکێ ڕاگەیاندن ★ جاڕکێشـان، جاڕدان. بانگەوازکردن ٢ــ (مجە.) تە : بانگ‌لێدان .

بانگ‌کردن ــ [بانگ/١+کردن]، (مصت. مت.) ١ــ بە دەنگی بـــەرز ناوی کەسێ هێنـــان و داوایـــــەك لێکردنی :: ئەوەندەی بانگیـــان‌کرد گوێی لێ‌نەبۆ . بڕۆ ماڵی شاسوار بانگی کە تا ئێرە بێ . ★ بانگێشتن . گازکردن . قاوکردن . ٢ــ مێمانی کردنی کەسێ ، دەعـــــوەت کردنی

بەکێك بۆ نانخواردن لە شوێنێك ★
ـنگێشتن کردن چڕین .
بانگ‌کردنەوە ــ (مصت. متـ.)
١ــ تم : باوەخون . ٢ ــ
گەڕاندنەوەی کەسێك کە دەستی
کردبێ بە دوورکەوتنەوە لە شوێنێك
:: خێرا بانگی‌کەنەوە با ئەو نامەیەش
هەر دەگەڵ خۆی بەرێ .
بانگ‌لێدان ــ [بانگ/١ + لێ
(پیبف.) + دان] ، (مصت. لا.)
هاوارکردن ، بەدەنگی بەرز
ناڕەحەتی و پەژارەی خۆدەربڕین.
□ «... چۆنە ماڵی هەیدەر
گۆرانی ، جەنازەی برایان
هەڵدەگرت و دەیان‌هێناوە ، بانگ
لەسەر بانگیان لێداوە ، دەڵی :
« هیچ کەس وای لێ نەقەوماوە. »
(تحفە ، ب٢ ، ل ــ ٢٦٩) . ★
بانگ‌ڕاهێشتن/٢ . (سنـ .)
هەڵدان .
بان‌گلێر ــ (نت.) ، (سنـ.) تم :
باگردان .
بانگوش ــ [١ــ بان/١ + گوش
(گوشێن)] ، (نفا.) ، (سیم.) تم:
بانگێڕ .
بانگ‌هەڵدان ــ [بانگ/١ +
هەڵ (پێبف.) + دان] ، (مصت .
لا.) ، (سنـ.) تم : بانگ‌لێدان .
بانگەشە ــ [بانگ/ ١+ ١ــ
ئاش/١ + ٥ــ ئە/١] ، (نت.) ١ــ
بانگێکی فرۆشیاری هەندێ کاڵای
لادێیی و کشتوکاڵی (وەکومێوەو
...) لە ئاواییدا دەیکا بۆ ئەوەی
خەڵك بزانن کە ئەو کاڵایە هاتۆتە
ناو دێیەکەیان . ٢ــ (تتـ.)
پڕۆپاگەندە ، دیعایە ، تەبلیغات .
تێبـ ــ أ) من وا تێدەگەم کە ئەم
ووشەیە لە کوردەوارێدا بۆ ئەو
مەبەستە بەکارهاتوە کە لە مانای
یەکەمدا نیشانم داوە ، چونکو
تەبلیغات و دیعایە کارێکی گەلێ
تازەترە لەوەی لە زمانی کوردێدا
ووشەیەکی ئاوا پەتی بۆ داندرابێ .
ب) خوالێخۆش بۆ مامۆستا گیو ئەم
ووشەیەی بە شکڵی (بالگاشە) و
(بانگاشە) بە مانای پڕوپاگەندە
نوسیوە (تم : مەهاباد ، ل ــ
٦١ و ٦٢). مامۆستا (مەلا
ئەسعەد بانیخێلانی)ش بەهۆی
مامۆستا محەممەدی مەلاکەریمەوە
ئەم ووشەیەی بە شکڵی (بانگەشە)
هەر بەو مەعنایەی کە مامۆستا گیو
نوسیویێتی ، دەگەڵ کۆمەڵێ ووشەی
تری ناوچەی (بانستێروان) بۆ
ناردبوم . ج) بەلای منەوە (بانگەشە)
شکڵێکی ووشەکەیە کە لە (بالگاشە،
بانگاشە) زیاتر گەشەی کردوە
(متطورترە) ، هەروەکو لە ووشەی
(بانگەواز)دا دەبینین (ئا)ی ئاواز
بۆتە (ئە) لەم ووشەیەش‌دا (ئا)ی
ئاش بۆتە (ئە.) .
بانگەواز ــ [بانگ/١ + ئاواز]،
(نت.) ١ــ دەنگێ کە بۆ گازکردنی
کەسێ لە دوورەوە ، بەرزدەکرێتەوە
٢ــ تم : بانگ‌ڕاهێشتن . ::
بانگەوازێکی لە شاسوار بکەن با بێ
چای بخواتەوە . بانگەوازیان کرد ،
ئیمڕۆ کەس لە ماڵی خۆی دەرنەچێ.
★ جاڕ ، قاو ، هاوار . (سنـ.)
هەڕاڵە .

بانگێڕ ــ [١ــ بان/١ + گێــڕ (گێڕان)] ، (نفا.) ، (مک.) ئەو کەسەیــە کاری ئــەوەبێ بە کــرێ سەربانی ماڵان بە باگردان دەگێڕێ. ★ بانگوش .

بانگــێڕان ــ (مصتــ. متــ.) گلێرکردنەوە و سوڕانــدنەوەی باگردێن لەوسەری بانی خانوو بــۆ ئەوسەری، بۆ پەستاوتنەوەی درز و قەڵشتەکانی و ئیشکبوونی دڵۆپەی ناو ماڵ .

بانگێشــتن ــ [بــانگ /١ + هێشــتن] ، ١ــ (مصتـ. متـ.) تە : بانگکردن / ١ . ٢ــ (نتـ.) مێمانی، دەعوەت ، زیافەت :: ئەوشەو ماڵی کاوێســی بانگێشتنیانە .

بانگێشتنکردن ــ [بانگێشــتن/٢ + کردن] ، (مصتـ. متـ.) ، (مک.) ئاگادارکردنی کەسێ یا کەسانێ بــۆ چوونە ماڵ یا هەر شوێنێکیتر بۆ : نانخواردن ، خواردنەوە ، شایی و خەنەبەنــــدان یا هــــەر جــــۆرە کۆبوونەوەیەکی لەم بابەتــانە . ★ دەعوەتکردن . (کعر.) زیافــەت . (مــک.) مێمــانیکردن . (ســنـ.) میرفانی .

بانگین ــ [١ــ بان/٣ + ئنگ + ئین] ، (صتـ.) (سنـ.) حــــاڵی شتێکی لە سەرەوە یا ســــەرووی هاوچەشنەکانی خــۆی بێت . :: ئەو کتێبەی بانگینم بۆ بێنە . تێبـ ــ لە نێوان دوو دەنگی (ن) و (گ)دا ، بزوێنە کوردێ هەیە .

بانماڵ ــ [١ــ بان/١ + مــاڵ (ماڵین)] ، (نتـ.) ، (سنـ.) بێڵێکە لە چەنــــد پارچــــە تەختــــە دروستکراوەو ئەوسەرەوسەرەکەی دەتەختەیەکی (أفقی) دەگیرێ ، بەفری لەوســــەری بانــــەوە پــێ ڕادەدەن بۆ ئەوسەر . ★ (کعر.) بەفرماڵ (خۆشناوەتی) شپارۆخ. (مک.) وەرووەرە .

بانۆك ــ [٢ــ بان + ئــۆك] ، (صفا.) ، (مک.) ، ئەو کەسەیــە کە بەرخ و کارێــــلە دەگـــرێ و دەیانخاتەوە بەر دایکیان کە لێیــان (نەبان) بوە ، یا بەر هەر مــەڕ و بزنێکی دیکە .

١ــ بانوو ــ [پە : بانۆك ، بانۆی]، (نا.) ١ــ ژنی گەورەپیاوان ، ژنــی بەڕێز و لە خانەدانی گەورە

□ « بانۆی پڕ تەمکین صاحێــب سایەی فەڕ »

« بە جای تەخت نیا پەرێـــش تەختەی زەڕ »

(خانا ــ ١٢٤)

★ خاتوون ، خانم . ٢ــ ناوە بــۆ ئافرەت تێبـ ــ ئەم ووشــــەیە لــە زمانی کوردیدا بەلاوە نرابوو ، تا ئەم ١٥/٢٠ ساڵەی دوایی لە چەنــــد ووشەیەکی مرکبدا (کەیبــــانوو ، ئاغابانو ، ...) نەبێ نەدەبێندرا ، هێشــتاش بە مانای یەکەمی هـــەر زۆر کەم دەکار دەکرێ ، ئەگەرچی ئەدەبیــــــاتی گۆرانـــــــی (خورشیدیخـاوەر ، شــیرین و خــــەسرەو ، بەدیعولمولــــك و بەدیعولجەمال ...) پــڕن لــەم ووشەیە .

٢ــ بانوو ــ [١ــ بان/٢ + ئوو] ،

نت.) ، (مکـ.) تە : ١ــ بان/٢ .
تێبـ ــ أ) کەرتی دووەمی ئەم ووشەیە بەلای منەوە (ئـــوك) ئـــامرازی بچکۆلەکردنەوەیە (هەروەکو لـــە ووشەی ــ بچۆك ــ دا دەبێندرێ) و ك)ەکەی سواوە و کەوتوە . ب) فەرقێك لە نێوان مەدلـولی ئـەم ووشەیە و (١ــ بان/٢)دا هەیە ، هـــەرچی (١ــ بـــان/٢)ە بـە دەشتایێکی بەرزی نسبتـا گـەورە دەگوترێ ، بـــەلام (٢ــ بانـــۆ) دەشتایێکە لەچاو دەوروبەری خۆی بەرزترە و لە (١ــ بان/٢) پچۆکتر .

بانە ــ [١ــ بان /٢ + ٥ــ ئـە /١] ، (نت.) ، ١ــ پارچەیێـــکی زەوێ کە جۆتێر پێش دەستکردن بە کێلان یا تـۆوکردن بـە گـاس جەغزی بە دەورەدا دێنێ بۆ ئەوەی دیاری بکا کە ئەوێ رۆژێ چەندەی کێلاوە یا تۆوی پژاندوە ★ (مکـ.) لات ، گاوەخـان . ٢ــ بـەرزایێ نێوان دۆ دێراوی بێستان ★ (مکـ.) بەستە ، پشت دێراو (پژدێراو) ، (کیـ.) بارست . ٣ــ ناوی شارێکە لە کوردستانی ئێران .

بانەگا ــ [١ــ بان /٣ + ئە/٢ + گا (جێگا)] ، (نت.) ، (سنـ.) تە : بەرگەدە .

بانەمەڕ ــ [١ــ بان/٣ + ٣ــ ئە/٢ + مەڕ] ، (نت.) ، (مکـ.) ١ــ کاتێکە کە مەڕداران لە کوردستـــان بۆ لەوەڕانـــدنی حەیوانەکانیـــان سەردەکەون بۆ کوێستانان ، فەسلێ چۆنە هەواران . ٢ــ مانگی دووەمی بەهار (لە ٢١ی) نێسانەوە تا ٢١ی مـــایس) ٣١ رۆژە ★ (کئێـــر.) ئوردیبەهیشت (فر.) .

بانەناو ــ [١ــ بان/١ + ئەناو]، (نت.) ، (سنـ.) تە : ٢ــ ئاویە .
تێبـ ــ کەرتی دووەمی ئەم ووشەیـــە (ئەناو) بە ڕای مـــن دەبێ لـــە مەصدەرێ مابێتەوە کە ئێستـــا لە قالبی (هەنۆن)دا دەبێندرێ و لەبن لەهجەی هەورامێشدا (بانئەنۆ) شکلێکی دێکەی ئەم ووشەیە .

بانی ــ [١ــ بان/٢ + ٣ــ ئێ]، (نت.) تە : ٢ــ بانۆ .

بانێژە ــ [١ــ بان/١ + ئێژە = ئێچە (ئە : پچـۆکی)] ، (نت.) ١ــ سەربانێکی پچـۆکە ، کە بـــە تەنیشت بانێکی گەورەتر و تـۆزێ بلێندترەوە بێ . ٢ــ بانی ژوورێکی کە لەبەردەمی ژوورێکی بەرزتـرەوە کرابێ و بۆ ژوورە بەرزەکە بۆبێتـــە هەیوان . ★ (سنـ.) بانجێلە /١ . ٣ــ شوێنێکی تەختە لە (ئـــاش) دەکەوێتـــە ژوور بەرداشـــەکانەوە ، دانی لەسەر ڕۆ دەکەن و لەوێڕا دەڕژێتە کونی بەرداشی سەرەوە و لە نێـــوان دۆ بەرداشـــەکاندا وورد دەبێ .

١ــ باو ــ (نا.) تە : ١ــ باب/١ .

٢ــ باو ــ [؟] ، (نا.) هەر ڕێ و ڕەسمێکی ژیان و کۆمەلایەتی و . . . کە برەوی بـۆبێ یـا هـەبێ . :: دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری لـەم زەمانەدا باویان نەماوە . ڕێـــژیمی پاتشـایەتی لە دنیای ئیمڕۆدا لە باو کەوتوە . جاران کەوای شـــۆڕ و سەلتە لە کوردستان باو بۆ . ★

نەرێت . □ «کەمەرلاڵ کەی سەر هۆردەر جە خاو + خاو سەرای سەنگ ، بە تۆنیەن باو »
(خانا ــ ٧٧١)

٣ــ باو ــ [؟] ، (نا.) ، (مک.) ١ــ پاڵێکە بە (جۆلانە)وە دەندرێ بۆ ئەوەی دەستبکا بە هاتوچۆ :: کچێ کنێر وەرە باوێکم پێوەنێ جا کە تۆش سواربوی من باوت پێوە دەنێم . ● **باوەلێ باوێکی بەسە ــ** (کن.) هەر تەکانێکی پێ بدە و بێخە جۆلەوە ئێتر ناوەستێتەوە . ٢ ــ ووشەیەکە لە یارێ (باوباوێن)دا وێژای لارکردنەوەی سەردەگوترێ.

٤ــ باو ــ [؟] ، (پب.) بە دوای ناوی ڕەنگانەوە دەلکێ و بۆ هەر شتێ کرا بە صفەت وادەگەیێنی کە ئەو شتە تەواو ئەو ڕەنگە نیە و نیزیکیێتی :: شینباو ، سوورباو ، ڕەشباو (مەیلەو ، شین ، مەیلەو ... و ...) .

باوا ــ (نا.) ، (کک. ، جف.) تم : بابەگەورە/١ تێب ــ ئەمە هەر ووشەی (بابا)یەکە لە (با)ی دووەمدا دەنگی (واو) بە شێوەی کۆنتری ماوەتەوە و نەبۆتە (ب) .

باوان ــ [١ــ باو + ٢ــ ئان/١]، (نت.) ، (کعر.) تم : بابان :: بەرەو باوان بۆتەوە .

باوانێ ــ [باوان + ٣ــ ئێ] ، (نت.) ، (سن.) کەلوپەل و ئەسپابی ناوماڵ و دیارێ و ... کە بوك لە ماڵی باوکێڕا دەگەڵ خۆی دەیباتە ماڵی مێرد . ★ (سن.) ناوتێلانە (مک.) جیاز . (جنو.) باو ، ونێ.

باوباران ــ (نت.) بایەکی بارانی دەگەڵ بیارێ :: هەڵێکردە با و بارانێکی نەبێتەوە .

باوباوێن ــ [٣ــ باو/٢ + ٣ــ باو/٢ + ئێن] ، (نت.) ، (مک.) یاریە ، گەورە دەگەڵ منداڵی ساوا دەیکا ، تێب ــ لەم یاریەدا گەورە دەم و چاوی خۆی لە پشت شتێك دەشارێتەوە تا منداڵەکە نەیبێنێ ، پاشان لە لایەکەوە سەری خۆی دەردەخا و بانگی منداڵەکە دەکا و دەڵێ : باو ! کاتێ منداڵە سەری وەردەچەرخێنێ تا بزانی دەنگەکە لە کوێوە دێت ، کابرای گەورە لە لایەکی ترەوە سەری دەردێنی و بانگ دەکا (باو !) ، ئەم کارە چەند جارێ دوپات دەکاتەوە و منداڵەکەی پێ دەخافڵێنێ .

باوبژ ــ [٣ــ با/١ + و + بژ ؟]، (نت.) بایەکی تۆز و خۆڵی دەگەڵ بێ . **باوبژ لە زگی خۆ دەرکردن ــ** (کن.) تۆڕەبوون و هەڕەشە و گوڕەشەکردنی بە قسە :: لێیگەڕێن با هەرچێ باوبژی لە زگیدایە دەرێکا . تێب ــ ئەم کینایەیە لە ئەسڵا بە مانای (تڕکەندن)ە (تم : ٣ــ با/٣) ، بەڵام ئێستا ئەم مانایەی لە دەست داوە و تەنیا بۆ بەسوك حیسابکردنی کەسێك بەکار دێت، هەروەکو هەڕەشە و گورەشەکانی بە (تڕکەندن) دابنێن .

باوك ــ (نت.) ، (کعر. ، سن.) تم : ١ــ باب/١ .

١ــ باوکە ــ [باوك + ٥ــ ئە/١]، (نت.) ، (مک.) نێرەی باڵندە و

بەەوەری وەکو چۆلەکە و پاساریّ و
بەزەسلێرکە و ... و ...
٢ـ باوکە ـ [باوك + ٢ـ ئە/١]،
ـ تم : بابە/١ و ٢ و ٣ ٢ـ هێندی
جزان دایك و باب بە منـــدالّی
خۆیانی دەلّێن (هەروەك بلّێـــن
ـوکەکەم) .
باوکەڕۆ ـ [٢ـ بـاوکە/١ +
ڕۆ] ، (شر.) ، (کعر.) ١ـ شێوە
ڕستەیەکە لە شێن و شەپۆڕی کاتی
بـــاوکمردن یا خۆشەویستێـــکا
بەکاردێت :: ئەی باوکەڕۆ پشتت
شکاندم . ٢ـ (مج.) لە دەربڕینی
خەم و خەفەتدا بەکاردێت . تێب ـ
وا تێدەگەم کە کەرتی (ڕۆ) ڕێشەی
مەصدەری (ڕۆیین) و (ڕۆیشتن)
بێ . ★ (مک.) بابەڕۆ .
باوکەلێ ـ (شر.) ، (کعـر.)
حالّەتی بانگهێشتنی تێـکەلّ بـە
خۆشەویستییە بۆ باوك ، بە مەجاز
بـــۆ بـــانگکردنی هەمـــوو
خۆشەویستێکیش بـە تـــایبەتی
مندالّ بەکاردێت . ★ باوەلێ .
(مک.) بابەلێ .
باوکبرا ـ (صت.) نیسبـەت و
پەیوەندی هەر مندالێکی نێرینـــەی
پیاوێك دەگەلّ هەموو مندالّەکانی کە
لە دایکێك نەبن و هەر باوکیـــان
یەك بێ . // دایكبرا .
باو و نەریت ـ [٢ـ باو + و +
نەریت] ، (نت.) ، (کعر.) ڕێ و
شـــوێن و داب و دەستـــووری
کۆمەلایەتی . .
باوە ـ [١ـ باو + ٢ـ ئە/١] ،
تم : بابە .

باوەخولە ـ [٣ـ باو/١ + ٣ـ
ئە/٢ + خول + ٥ـ ئە/١] ، (نت.)
تم : باوەگێژە .
باوەخولێ ـ [٣ـ باو/١ + ٣ـ
ئە/٢ + خول + ئێ (ئێن)] ، (نت.)،
(کعر.) تم : باوەگێژە .
باوەخوێن ـ [١ـ باو + ٣ـ ئە/٢
+ خوێن] ، (جف. ، سنـ.) ، (نت.)
یەکەم مێوانداری کە بۆ کچێکی تازە
بە مێرد درابێ ، لە مالّی بـــاوکی
دەکرێ. ★(مک.) بانگکردنەوە/١.
تێب ـ کەرتی (خوێن) لەم ووشـەیەدا،
ڕیشـەی مەصدەری خوێندنەوەیە بە
مانای (بە سەرکردنەوە) .
باوەر ـ [؟] ، (نا.) ، (سنـ.)
بەرزایی دەوری دوکانی کشتوکالّ ،
کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاو لـــە
(کەردۆ)دا ڕابوەستێ و ڕێگایەکیشە
خەلّك هاتوچۆی بە سەردا دەکەن
(تم : مردۆخ ، ب١ ، ل ـ ١١٣) .
هس : بانە/٢ .
باوەرێن ـ [٣ـ با/١ + وەرێن
(وەراندن)] ، (مک.) ١ـ (صت.)
حالّی مێوەیێکی بەهێزی (با) لـــە
درەخت بۆبێتەوە و کەوتبێتە خوار.
تێب ـ ئەو جۆرە مێـوەیە پەسـند
نیە و لە مێوەیەکی بـە دەســت
لێکرابێتەوە هەرزانتر دەفرۆشرێ ،
بۆیە مێوەفرۆشان ئەگەر بیـانەوێ
بلّێن مێوەکەیان هەرزانە هـــاوار
دەکەن : « وەرە هەلّیکرە بە نرخـی
بـــاوەرێنی » ٢ـ (نت.) هـــەر
مێوەیێکی بەم جۆرە لە دار بۆبێتەوە.
باوەڕ ـ [پە : ڤاڤەر] ، (نا.)
کاری بە ڕاست زانێنی شـــتێ ،

مەسەلەیێ و ... و... :: باوەڕکە ئەم کارە وانیە کە تۆ تێی‌گەیشتوی. باوەڕت بێ دروێت دەگەڵ ناکەم . ★ باوەڕێ، بڕوا ، بەقین، ئاقیدە. تێبـ ـ ١) ئەم ووشەیە هەروەکو نیشاندراوە ، وەچی ڕاستەوخۆی (ڤاڤەر)ی زمانی پەهلەویە کە ئەویش لە « دوو کەرت پێکهاتوە ، کەرتی دوەم لە پەهلەویدا (ڤەر) و لە ئاوێستاییدا (ڤەرەنە)یە لە مەصدەری ئاوێستایی و پارسی ـکۆن (ڤەر) بە مانای (ناسێنەوە و بڕواکردن) ، (تە : معین ، بورهان، ج ١ ، ل ــ ٢٣٠) . (ب) ڤەر لە دێنی زەڕدوشتا تەجرەبەیەك بوە بۆ دیاری‌کردنی ڕاست و درۆیی ئیددیعا ، یاگوناحباری و بێ‌گوناهی کەسێك و « ... دوو جۆرە (ڤەر) هەبوە : ڤەری سارد، ڤەری گەرم. لە ڤەری گەرمدا بۆ ئیسپات‌کردنی بێ‌گوناحی کەسی (ئاگر) و (ڕۆنی داغ‌کراو) و ... بەکارهاتوە و لە ڤەری ساردا شیرەی گیا و ژەهر و ... کەڵك وەرگیراوە . » (تە : فرە، پفا، ل ــ ٤٥٠) . ج) ووشەی (باوەڕ) کە بەکێك دەیڵێ بەم مانایەیە کە ڕاست دەکا و ئامادەبە (ڤەر)ی لەسەر تەجرەبە بکرێ و هەروەك ووتبێتی : (وەڤەر) ڕاست دەکەم وەکو ئێستا دەڵەین : وەسەری تۆ ، وە ...

باوەڕپێبوون ــ (مصد. مت.) تە : باوەڕپێکردن .

باوەڕپێکردن ــ (مصد. مت.) ١ــ قسەی کەسی بەڕاست‌زانین و هەرچی بێڵێ بەحەقیقەت دانان . ٢ــ قبوڵ‌کردنی قسە ، خەبەر ، ... ، ... و بەڕاست‌دانانی . ★ باوەڕپێبوون ، بڕواپێ‌کردن .

باوەڕکردن ــ (مصد. لا.) ١ــ بەڕاست‌زانین :: باوەڕ ناکەم ئەم ئیشە وابێ چونکو ئەم پیاوە درۆزنە ٢ــ تەقدیرکردن ، دوودڵ‌بوون لەڕوودان یا نەدانی کارێك :: باوەڕ ناکەم هێشتا هاتبێتەوە ماڵێ ٣ــ دانان ، بە خەیاڵداهاتن . :: قەت باوەڕم نەدەکرد ئەم کابرایە وابێ زۆر بەزێرەکم دەزانی . ★ بڕواکردن .

باوەڕگومان ــ (نت.) کەسێکە دەربارەی کارێ یا مەسەلەیەك لە نێوان شك و بەقینداییێ ڕاستی کار یا مەسەلەکەی بۆ ڕوون‌نەبوبێتەوە ★ دوودڵ . (عا.) متردد ، متشکك.

باوەڕگومانی ــ (نمصد.) لە نێوان شك و یەقینداپوون ★ دوودڵی، (عا.) تردید ، تردد ، تشکك .

باوەڕی ــ (حمصد.) ١ــ ئەنجامی باوەڕکردن . ٢ــ تە : باوەڕ .

باوەژن ــ [١ــ باو + ٣ــ ئە/٢ + ژن] ، (نت.) ، (کعر. ، سنە.) ژنی دوەمی هەر پیاوێ بە نیسبەتی منداڵەکانی لە ژنی یەکەمی . ژنانی پیاوێ کە لە ژنێك زیاتری هەبێ ، بە نیسبەت منداڵەکانی لە ژنەکانی دیکەی ★ . زڕدایك // باوەپیارە .

باوەش ــ [نا.] ، ١ــ شوێنێکە دەکەوێتە نێوان سینگ و دەستێك یا هەردوودەست ، کە لە شانەوە بۆ پێشەوە ڕاکێشرابن و لە ئانیشکا

بێشەوە بۆ بەرسینگ نوشتابنە .
٢ـ ئەوەندە گیا، دار یا هەر شتێکی تری لەم بابەتە کە پڕ بەو شوێنە بێ لە ژمارە (١)دا باسکرا . :: باوەشێك وێنجە بەرە دەبەر ئەسپەکەی کە . کا غەفور هەمو ڕۆژێ دەچوو سێ چوار باوەش داری دەهێنایەوە ★ (مـ‌ک.) ئامێز . (بک.) هەمێز ، هەمبێز .
دەباوەش‌گرتن ــ (مصد. مت.) دەست دە ناو قەد یا سەروتری کەسێ ودرهێنان تێب ــ ئەمەیان بۆ دەربڕینی هەستی خۆشەویستیە بەرامبەر کەسێ و زیاتر لە نێوان دڵداران و دۆدۆستیش کە دەمێك بێ یەکتریان نەدیتبێ ؛ باوە و ڕۆدەدا.
لەباوەش‌کردن ــ (مصد. مت.) هەڵگرتنی یەکێك و بەسینگی خۆوە نوساندن و بە دەستێ یا هەردوو دەست ڕاگرتنی تا نەکەوێتەخوار . :: کچی خانمۆڵ ، بڕۆ ئەو منداڵە لەباوەش کە و بیهێنە با هێندە نەگری .
باوەش پێدا (پێیا)کردن ــ (مصد. مت.) بە هەردوو دەست و بە گورجوگوڵی پڕ بە شتێ یا کەسێکدا کردن :: هەر باوەشی پێداکرد و خستیە سەر شانی ، باوەشی پێیا کرد و دای بە ئەرزا .
باوەشێن ــ [٣ـ با/١ + وەشێن (وەشاندن)] ، (نت.) ئامرازێکە بە هێزی دەست یا هەر هێزێکی تر بەم لاولای خۆیدا دەجوڵێندرێ، ئەویش هەوای دەوروپشتی خۆی دەجوڵێنێ و فێنکی دەکا . تێب ــ سادەترین جۆری پارچە مقەبایەکە ، بە دەست بە ڕاست و چەپا دەیجوڵێنن ، جۆرێکی دیکەی هەیە لە پۆشی خورما دەیچنن و دەسکێکی ڕێ دەخەن ، بەڵام ئێستا باوەشێنی کارەبایی پەیدابوە ، جاران حەسیر یا شتێکی تری لەم بابەتەیان بە میچی خانووە هەڵداوسی و پەتێکیان تێدەخست کەسێك دەیجوڵاند ★ (سنـ.) باڕۆشە . پانکە .
باوەگۆ ــ ا باو / + ٣ـ ئە/٢ + گۆ (گۆتن) ا ، (بنـ.) ، (هل .) لە نێوەڕاستی قسەی کەسێکا ، قسەیەك‌کردن بە نیازی بەڕاستزانینی قسەکەی یا زیاتر ڕزن‌کردنەوەی . (عا.) تعلیق .
باوەگێژە ــ [باوە (بابە) + گێژ + ٥ـ ئە/١] (نت.) ، (مک.) یاری منداڵانە لە کوردەواریدا . تێب ــ هەردوو دەستیان بەولاولادا بە (أفقی) ڕادەگرن و بە دەوری خۆیاندا دەسوڕێنەوە و دەڵێن : « باوەگێژە گێژم مەکە ، گێژت ناکەم » هەرکەسێ درەنگتر گێژبێ یاری دەباتەوە . ★ باوەخولە ، باوەخولێ . (سنـ.) مامانەگێجێ .
باوەڵ ــ [؟] ، (صـ.) ، (مک.) حاڵی بزن یا مەڕێ کە توشی نەخۆشی (باوەڵی) بوبێ .
باوەڵی ــ (نا.) ، (مـک.) نەخۆشییە توشی مەڕ و بزن دەبێ و گودیاندەکا و پەکی ڕۆیشتنیان دەکەوێ :: ئەم بزنە باوەڵبوە ، مەڕەکە توشی باوەڵی بوە .

باوێشك ــ [؟] ، (نت.) داپچڕانی دەمی ئادەمێزاد لە خۆیەوە . تێب ــ حاڵەتێکە لەبەر حەزلەخەوکردن ، خەواڵوّیی یا خوماریّ بەسەر ئینساندا دێت و دەمی لە خۆیەوە بەش‌دەبێتەوە . ئەگەر لەبەر خەو یا خەواڵوّیی بیّ ، پیاو خۆی لەبەریەك دەکێشێتەوە و دەستەکانی بەم‌لاولادا لەبەریەك بڵاودەکا و دەیانهێنێتەوە سەر سینگی و هەندیّ جار مستەکوڵەیێکیش لە سینگی خۆی دەدا .

باوێشك‌دان ــ (مصت. لا .) ، (کعر.) توشی حاڵەتی باوێشك‌بوون ★ باوێشك‌هاتن . :: مچوّل بەم نیوەڕۆیەش هێشتا خەواڵووە و باوێشك ئەدا .

باوێشك‌هاتن ــ (مصت. لا.) ، (مکـ.) تم : باوێشك‌دان :: باوێشکم دێتیّ ، باوێشکی دەهاتیّ ، باوێشکم دێنیّ .

باوی ــ (نا.) ، (هلـ. کیـ.) تم : بادام .

باویلکە ــ [٣ــ با/١ + ئیلکە]، (نت.) ، (سیمـ.) تم : بایلکە .

باویلی ــ [٣ــ با/١ + ئیلە + ئیّ/٢] ، (نت.) ، (سیمـ.) تم : بایێلکە .

باهاتن ــ [٣ــ با/١ + هاتن] ، (مصت. لا.) ١ــ دەست‌پێکردنی با. :: بایەکی وا توندیّ دەهات پیاوی دەفڕاند . ٢ــ (کنـ.) بە هیچ‌زانینی قسەی کەسیّ . :: لێی‌گەڕیّ با هەر قسەبکا وە بزانە بای دیّ .

باهوّ ــ (نا.) ، (مکـ.) تم : باهوّ .

● بە شان و باهۆی (کەسیّ)دا هەڵکوتن ــ بە چاکەباس‌کردنی ، باسی ئازایەتیّ و پیاوەتیّ و . . . کردنی . .

باهۆز ــ [٣ــ با/١ + هۆز ؟] ، (بکـ.) بایەکی زۆر توند کە شت لە جێی خۆی هەڵدەگریّ . (عا.) عاصفە .

باهوّ ــ (نا.) ، ١ــ (سنـ . ، سیمـ .) تم : بازوّ

□ « ئەلا ئەی نازەنێن ئاهوّ ، بە باهوّ »
« دڵی صەیادی خوّت ، هێنایە لەرزە »
(نالیّ ، کوّڕ ، ل ــ ٤٤٩)

٢ــ (سنـ.) ئاسن یا دارێکی ڕاستی درێژە ، کاسەی تەرازوّی پێوە هەڵداوەسریّ ، یا دەخرێتە سەری (بە پێی شکڵی تەرازوّ) ★ (مکـ.) شەهێن . (سنـ.) شایێن . ٣ــ (سنـ.) ئەو دوّ دارەیە کە لەولاولای دەرگای (زوّر) و (ماڵ)و . . بە قیتیّ دەچەقێندران ، بەکێکیان دەرگاکەی ڕێدەخرا و ئەویتریش ئالقەڕێز و دوّلایێ لێ‌دادەکوترا بوّ داخستن . تێب ــ ئەم تەرتیبە ئێستا کەم بوّتەوە و یا هەر نەماوە ، چوارچێوەی هاتوّتەشوێن . ★ (مکـ.) لاشێپان . ٤ــ (سنـ.) تم : بانە/٢ (مردوّخ ، جا ، ل ــ ١١٤) ٥ــ (سنـ) تم : باسك/٢ (مرووّخ، ج ١ ، ل ــ ١١٤) (تێب ــ أ) ئەم ووشەیە لە سانسکریتیدا **(باهو) و** لە ئاوێستایێدابوّتە (بازو) ــ دەنگی (و) لەهەردوّکیاندا کورتە ــ و

کوردیی و فارسیی بە واوی درێژ (بازۆ) بەکاری دێنن . (تم : معین ، فرهنگ ، ج ۱ ، ل ـ ٤٧٠) ئەم ووشەیە لە قۆناغی پەهلەویدا بۆتە (بازوك ـ باژاك) ، (تم : فره ، یفا ، ل ـ ٧٤) . بەلاّم لە کوردیدا (باسك)یشی لێ کەوتۆتەوە . ب) لە زمانی فارسیدا ئەم ووشە تەنیا بە مانای (تیلا) و (گۆپاڵ) ئەویش لە قامۆسەکاندا ماوە .

باهەڵکردن ـ (مصد. لا.) تم : باهاتن . :: بایەکی توند هەڵیکرد و سەیرانەکەی لێ تێکداین .

باهەنجیر ـ (نت.) ، جۆرەهەنجیرێکەزوتر پێدەگا و بێ تام و ناخۆشە . ★ باتکە . کەڵبەهەنجیر .

بای باڵ دان ـ (مصد. لا.) ، (کـ .) ۱ـ دەست لە بەریەك بلاوکردنەوە و خۆلەبەریەك کێشانەوە و ماندوێتی لەخۆدەرکردن . ٢ـ (مجـ.) پیاسەیەکی پچوك لە شوێنێك هەوای پاکی هەبێ (دەرەوەی شار ، ناو باخ و بێستان) :: ئێواران تۆزێ بای باڵی خۆت بدە . چۆینە تۆی مەلێك بای باڵی خۆماندا .

بایوق ـ (نا.) ، (سنـ.) تم : بایەخ .

بایەخ ـ [أ] (نا.) ، (کعر.) ۱ـ تم : ئیعتیبار ۱ ، ٢ . ٢ـ (مجـ.) ئەهمیەتێکی ئینسانێك لەبەر چاوی خەڵکی هەیەتی . هس ـ ٥ـ با ، (بکـ.) بەها . ★ (سنـ.) بایوق (تم : مردۆخ ، ج ۱ ، لـ ۱۱٥) .

بایەخ پێدان ـ (مصد. لا.) تم : ئەهمیەت پێدان .

بایەخدار ـ (صت.) حالی هەرکەسێ یا شتێ ئەهمیەت و ئیعتیباری هەبێ .

بایەقوش ـ [= تو . بایقوش ا]، (نا.) تم : کوندەبەبۆ □

« بایەقوش بەرشێ جە شێن و زارێش »

« بلبل بێزاربێ جە بێ قەرارێش»

(خانا ـ ٦٦٧)

بایینجان ـ [أ] ، (نا.) ۱ـ ۱) گیایەکی دەسچێنی ساقەت ئەستورە ، گەلاّی پان و درێژۆکەیە گوڵی وورد و بنەوشە ، ساڵە و ساڵ بۆ خاتری بەرەکەی دەچێندرێ ، تۆوێکی زەردی ووردی هەیە . ب) ، (کعر.) بەری ئەم گیایە کە زیاتر درێژۆکەیە بە شکلی خەیار، ڕەنگی پێستەکەی بنەوشێکی مەیلە و ڕەشە و بە شێوەی جۆربەجۆر ـ چێشت ، سورکراوەوە ، ترشیات ، مرەبا ـ دەخورێ . ★ (مکـ.) باینجانی ڕەش ـ (بکـ.) باجان ، باجانێ ڕەش . (سنـ.) بامجان . ٢ـ (مکـ.) ا) گیایەکی دەسچێنی یەکساڵەیە گەلاّی گرنج گرنج و بۆنخۆشە . ب) میوەی ئەم گیایە ، سور و گۆشتن و خڕە (هەندێ جار بە ڕەنگی زەردی کارەبایی و بە شکلی هەرمێ دەبیندرێ) تامی ترشە ، دەکرێتە چێشتەوە ، بە کاڵی و بە برژاوی دەگەڵ کەباب و هەروەها بە زەلاّتەش دەخورێ . ★ (مکـ.)

بایبنجانی سوور . (بکە.) باجانی سوور.
(کعر.) تەماتە . (سنە.) بامجـان فەرەنـگی . **بایینجـانی ڕەش ـ** (نت.) ، (مکە.) تە : بایینجان/١ـ ب.
بایینجانی سوور ـ (نت.) ، (مکە.)
تە : بایینجان/٢ ـ ب . **میـوانی بایینجانی** ـ (نت.) ، (مکە.) کەسێکی لە مەجلیسێکدا ڕۆی نەدرێتێ یـا بانگنەکرابێ لە خۆیەوە چـرببێ . (عـا : طفیلی) :: ئەوە بـۆچی وا گرژبوون خۆ ئێمە میوانی بایینجانی نین .
بایینجانی ـ [بایینجان/١ ـ ب + ٣ـ ئی] ، (صت.) ، (مـکە.) ڕەنگی بە ڕەنگی توێکلی بایینجانی ڕەش . بنەوشی تارێك .
بایی ـ [٣ـ با/٥ + ٣ـ ئی] ، (صت.) ، (کعر.) تە : بادیهەوا .
باییبوون ـ (مصت. لا.) ، (کعر.) خۆلێگۆڕان ، بەدەعیەبوون :: ئەوەندە لەخۆیباییبووە لـە بیری چۆتـەوە دوێنێ چبوو .
باییلکە ـ [٣ـ با/١ + ئیلکە]، (نت.) ، (سیھ.) گوڵی گیـایەکی دڕکاویە (گۆیا ـ کەڵەوی ـ یە)، پاییزان لە گیایەکە دەبێتەوە و بـە شکلی (گۆ)یەکی پچووك کە هەمۆی هەودا هەودای باریکە و لە ناوکێکی ڕەقی وەکو ئالقە هەڵچەقیون بـــە دەشت و چۆڵاندا بلاودەبێتەوە ★ (مکە.) پشتیلەپاییزە ، پەپۆلە پاییزە.
(سیھ.) باویلکە ، باوێلێ . (ھل.) پشتێلۆکە ، گەورەگلـــە . (سنە.) شەلەمێن کەرە .
ببڕ ـ [٢ـ ب/٢ + بڕ (بڕین)]،

(نفا. ، صفا.) ، ئەو شتە یـا ئەو کەســە باخۆ حـاڵی ئەو شتــە و کەسەی کە توانایی بڕینی هەبێ .
□ « بکوژ و ببڕ هەر خۆیەتی » .
★ بڕنـدە .
ببڕایببڕای ـ [ببڕ + ئای + ببڕ + ئای] ، (بنت.) هیچ کاتێ ، قەت . :: ببڕای ببڕای من بـم و جارێکی تر سەفەر ناکەم . (عا.) قطعا . ابدا .
بت ـ (نا.) ، (کعر.) تە : بوت.
بتپەرست ـ (ننا.) ئەو کەسەی (بت) دەپەرســـتێ ★ (کێتر.) بوتپەرست .
بتپەرســتی ـ (حمـصە.) ١ـ بەخۆدازانیـــــــنی (بـــت) وا عیبـــادەتبۆکردنی . ٢ـ (کـنە.) ملکەچبوون بۆ کەســـێکی هیـــچ لـەدەسنەهاتوو .
بتخانە ـ (نت.) ئەو شـوێنەی (بت)ی تێدادادەندرێ و بتپەرست بۆ عیبادەت دەیچنێ . ★ بوتخانە .
بچکۆلانە ـ [بچکۆلە + ٢ـ ئان /٧ + ٥ـ ئە/٢] ، (صت.) ، (مکە.) تە : بچووك . □ « بێنیەماچتکـــەم دەمبچکۆلانە . »
(فۆلکلۆر)
بچکۆلە ـ [بچك + ئۆلە] ، (صت.) تە : بچووك بچکۆلە ، بچـــکۆلە ، بچکۆلـــە .
بچکۆلانە ـ (صت.) تە : بچووك .
بچکۆلە ـ (صت.) تە : بچووك .
بچووك ـ [بچ + ئووك] ، (صت.) ١ـ حاڵی شتێکی لەهەر بابەتێکەوە (ئەندازە ، قــەدر و قیمـــەت ،

تەمەن و ...) گەورە نەبێ :: ئـەم خـانوە بچـوکە جێی ئێـوەی تێدانابێتەوە . ئەو کراسە دەبەرکە بزانە بە بەرت بچـوك نیـە . ★ بچکۆلە ، بچکۆلانە ، بچـکۆلانە ، بچـوك ، پچکۆلـە ، پچکۆلـە ، پچکـۆلانە ، پچکۆلانە ، چکۆلـە ، چکۆلە ، چکۆلانـە ، گچـکە ، گچکەلانە . (سنـ. ، جنو.) بوچك.
٢ــ (مجـ.) کەمـتر لە کەسـێ ، خزمەتکاری کەسێ . :: تا ئێستا بچوکتانبوم لەمەودوا نابم . ٣ــ (بکـ.) منداڵ . تێبـ ــ ١) وەکو دەبینن دەنگی (ب) و (ل) لەم ووشـەیەدا دەبنە (پ) و (ل) ، هۆی ئەم گۆڕانە جێرانەتی دەنگەکانە کە کار دەکەنە سەریەك و دەگۆڕێن . ب) بەلای منەوە ماکی ئەم ووشەیە لە قۆناغی ئێستای زمانی کوردیدا (بچ)ە کـە دوای تێپەڕین بە دوو سێ قۆناغـدا لە (ڤەچەك)ی پەهلەوی بە مانـای (منداڵ) کەوتۆتـەوە . ووشـەی (وەچ) بۆ گیاوگۆڵ و (بەچ) لـە ووشـەی (بەچکە)دا لە (بوچك)ی بنلەهجەی سنەیی و لەهجـەی جنوبیـدا ئەو قۆناغانەمـان پێشاندەدەن .

بچوکی ــ [بچوك + ٢ــ ئی] ، (حمصـ.) ١ــ کەمتری لە بـاری ئەندازە و قەدر و قیمەت و تەمەن و ... ٢ــ (مجـ.) خزمەتکاری . ★ بچۆکی .

بخواز ــ [٢ــ ب/٢ + خـواز (خواستن)] ، (صفا.) حالـی کەسێکی زۆر داوای شت لە خەڵکی بکات ★ خوازەڵۆك .

بخۆر ــ [٢ــ ب/٢ + خـۆر (خواردن)] ، (صفا.) ١ــ حالی کەسێکی زۆر بخوا ★ خـۆرا . زۆرخۆر . ٢ــ (مجـ.) حـالی کەسێکی زۆر حەز لە خواردن بکا. ★ نەوسن . (مکـ.) چلێس .

بخور ــ [عا.] . (نا.) هـەر ماددەیەکی بەسەر ئاگرەوە بکرێ و بۆنوبەرامەی خۆش بلاوبـکاتەوە . تێبـ ــ ١) لە کوردەواریی ئەسپەندەر ، کوندر ، ووشە و مەستەکی بـاوە. ب) لە ئەدەبیـات و چیـرۆك و داستاناندا (عود) و (عەمبەر) و (میشك) وەکو بخور باسکراون . ج) ئێستا هەندێ ماددەی بۆنخۆش بە چیلکە پێکەوە دەلکێنن و ئاگری پێوەدەنێن ★ بخورد ، بخـور ، بوغرد .

بخوردان ــ (نتـ.) دەفرێـکی تایبەتییە ، زەمـانی پێشو لـە دیوەخانی پاتشـایان و ئەمـیر و گەورەپیاوان دایاندەنا و بخوریـان تێدادەسوتاند .

بخورکردن ــ (مصـ. مـتـ.) سوتاندنی ماددەیێـکی بۆنخـۆش لەسەر ئاگر . تێبـ ــ ئەم کارە لـە ئەسلا بۆ بۆنخۆشکردنی هـەوای دیوەخان و مەجلیسـان بوە ، پاشان لە کاروباری جادوبازی و نوشتـو نوسینیشدا باوی سەندوە .

بـدەر ــ [٢ــ ب/٢ + دەر (دان)] ، (صفـ.) حالی کەسێکی شتێك بدا ، ببەخشێ . تێبـ ــ ١) ئەم ووشەیە زیاتر بۆ کاری جـوت

بۆنی ژن و پیاو و بە تایبەتی بـۆ ئافرەت دەکاردەکرێ . ب) بـۆ کەرتی (دەر) تە : ٢ـ ئەر ★ حێز . گاندەر .

بر ـ (نهص .) تە : برێتی .

برا ـ [ستە : براتەر] (نا.) ، ١ـ ئەولادی نێرینە کە دەگەڵ ئەولادی نێرینە و مێینەی دیکە دایك و بابیان یا یەکێك لەو دوانەیان یەکبێ . ٢ـ (مجـ.) بە نیشانەی خۆشەویستی و ڕێزلێنـــان ؛ لــە قســەکردن و نامەنوسێنـا بۆ خەڵـــکی تریـش بەکاردێت . □ « دەزانی کە حاڵمان چلۆن بۆ برا + لە پێشدا چ زوڵمێك لە کوردان کرا » (حافیدی) **برای باب ـ** (حافیدی) . (نت.) ، (مکـ.) تە : ١ـ ئام (مام) □« خزم برای بابێتیش بێ هەر باشە » (فۆلکلۆر) .

برای دایك و بابێ ـ ئادەمێزادێکی نێرینە کە دەگەڵ ئادەمێزادێـــکی دیکە لە دایك و بابێك بن . **بـرای دایکی ـ** ئادەمێزادێکی نێرینە کـە دەگەڵ کەس یا کەسانێکی تر دایکیان یەکبێت . ★ دایکبرا . **بـرای دینێ ـ** هەمۆ ئەو کەسانەی پەیڕەوی دینێکبن . :: مسوڵمان برای دینی یەکترین .

براباب ـ (نت.) ، (مکـ.) دۆ کەس کە باوکیان یەکبێ و لە دایکێك نەبن .

برابەش ـ (نت.) ١ـ کەسێکی لە ملکایەتی شتێکدا دەگەڵ کەسێ یا کەسانێ شەریك بێ . ٢ـ (مجـ.) کەسێکی ماڵی خەڵکی لــەلابێ و نەیداتەوە (هەروەکۆ برای بـێ و بەشی خۆی لێوەرگرتبێ .) :: ئەرێ کابرا ئەم قەرزانــەم بـۆ نادەیەوە ، خۆ تۆ برابەشی من نی !

براتۆتە ـ (نت.) ، (مکـ.) چوارەمێن قامکی دەست لە پەنجەی گەورەڕا .

برادەر ـ (نا.) تە : ئـــاواڵ :: شاماری برادەری شاسوار : دوێنێ لە بەغدا هاتۆتەوە .

برادەرایەتی ـ [برادەر + ئایەتی /١] ، (حمصـ.) ، (مـکـ.) تە : ئاواڵەتی .

برادەری ـ [برادەر + ٢ـ ئی]، (حمصـ.) تە : ئاواڵەتی :: دەگەڵ نەوزاد برادەریمان خۆشە .

برازا ـ [برا/١ + زا (زاگ . نمف . لە زان یا زایـین)]، (نت.) کوڕ ، کچ ، ژن یا پیاوێکی ئەولادی برای کەسێ بن ، ئەو منداڵانــەی باوکیان دەگەڵ پیاوێکی دیکە بـرا بن . □ «ڕۆمکردە بەزمی خاسـی برازا ئەزیزەکەم + ئەمشەو بە صەد تەوازوع و ئیخلاس و سەرکزی »، (ڕەزا ـ ٥٤) .

برازازا ـ [برازا + زا] ، (نت.) منداڵانی برازای کەسـێك ، ئـەو منداڵانەی کە باوکیـــان بـرازای کەسێك بێ .

برازاوا ـ [برا + زاوا] ، (نت.) ئـەو کەســەیە شەوی گواستنەوەی بوك دەچێ و پشــتێندی بـــۆ کێ دەبەستێ و لە تەنیشتیەوە دەڕوا تا دەیگەیێنێتە مـالی زاوا . تێبـ ـ دەشێ ئەو کەسە برای ڕاستی زاوا بێ یا هەر دۆست و برادەری بێ .

براژن ـ (نت.) ١ـ نیسبەتـی

ژنێك دەگەڵ خوشـــك و بـرای مێردەکەی خۆی . ★ (بکە.) ژنبرا.
٢ـ(مجـ.) ووشەیێکە لە کوردەوارێدا دۆســت و برادەری کەســێك ، خێزانی هاوڕێکەیانی پێ‌بانگ‌دەکەن.

براگەورە ــ (نت.) ١ ــ نیسبەتی کوڕی هەرە گەورەی ژن و مێردێك دەگەڵ منداڵەکانی‌تریان . ٢ــ ئەو کەسەی چەند دۆست و برادەر یـا بنەماڵێك (لەبەر هەر صفەتێکی بێ) لە ناو خۆیاندا بە گەورەی خۆیـانی دادەنێن و ڕێزی لێدەگرن و لــە قسەی دەرناچن .

براله ــ [بـرا + لە (پە.)] ، (نت.) بۆ دەربڕینی خۆشەویستـی کاتی بانگهێشتنی کەسێك دەگوترێ، هۆ برای خۆشەویست . □ « ... کاکە و برالـــەی خۆیـــان کرد و ئێشـەکەیـــان ئاوالێـــکرد کە کردیان ... » .

برایانە ــ [برا/١ + ئانە/١] ، (بنت.) وەکو برا ، بە شێوەی برا .

برایەتی ــ [برا/١ + ئایـەتی /١] ، (نـــت.) ، (حمـصـ.) ١ــ پێوەندێ نێوان ئەو کەسانەی دایك و باب یا یەکێك لەو دوانەیان یەك بن .
٢ــ (مجـ.) پێوەندێ دۆستانەی نێوان دوو یا چەند کەس یا نێوان میللەتان و نەتـــەوەکان :: برایـەتی کورد و عەرەب ★ برایێ .

برایێ ــ [برا/١ + ٢ــ ئێ] ، (حمصـ.) تە : برایەتی .

بـرج ــ (نـا.) ، (سیهـ.) ١ــ ژوورێکی خــڕی ئوســـتوانەیێ یـا چوارگۆشـەیە کە جاران لەســـەر شوورەی شار و ئاوایێ و کۆشك و قەڵاتی مێـران دروســـتدەکرا و سـەرباز و چەکدار بۆ پاسـەوانێ یا بەرگرێ هێرشی دوژمـنان تێیـدا دادەنیشـتن . ★ (مکـ.) بـورج ، قولله . ٢ــ هەر بەشێـــك لە ١٢ بەشی دایرەی (منطقة البرج) کــە بە ڕای ئەستێرەناســـانی کــۆن ، (هەتاو) هەر مانگەی بە یەکێ لـەم ١٢ بەشـەدا تێدەپەڕێ ، هەر بەشـەی ناوێکیشـیان لێنـاوە کە مانگێـــکی تەقویمـــی شەمسـیـــیە . تێبـ ــ ئەستێرەناســـەکانی کۆن ئـەم ١٢ برجانەیان بەســەر چـوار عنصری (خاك، با ، ئاو، ئاگر)دا بەش‌کردوە و هەرسێ برجیان داوە بە یەکێك لـەو عنصرانە . ناوی ١٢ برجەکان بـەو جۆرەی کە دابـــەش‌کراون بـــەم جۆرەیـــە : اــ برجی ئـاوێ کـە میجازیان سارد و تەڕە : سەڕەتان (قرژاڵ) ، عەقرەب (دوپشك) ، حوت (نهەنگ) . بــ برجی ئاگرێ کە گەرم و ئیشکن : حەمەل (بەرخ)، ئەسەد (شێر) ، قەوس (کەوان).
جــ برجی بای کە گەرم و تــەڕن : جەوزا (جمکە) ، مێزان (تەرازوو) ، دەلو (دۆلچە) . دــ برجی خاك کە سارد و ئیشکن : ســـوور (گا) ، سونبولە (گوڵەگەنم) ، جــــەدێ (گیـسك) . ★ (مکـ.) بورج ٣ــ هەر بەشێك لە بەشەکانی ئاخرمانگی زســـتان تێبـ ــ لە کوردەوارێـدا ئاخرمانگی زستان دەکەنە چەنـــد بەش و هەر بەشــەش ناوێکیـان لێناوە ، ژمــــارەی بەشـــەکان و

ناوەکانیان بە جێگا دەگۆڕێ ، لـە موکریان بەم جۆرەیە : خاتوزمەهەرتیز ــ یا ــ شینی برایان . سێ شەشی هەیاسی (سێشەش) . گیسکی بەلەس . سەرمای پیرێژنێ ــ یا ــ پیرێژن (بەردەلعەجوز) ★ (مکە.) حیساب . بورج . هس ١ــ بـۆ وشەی (برج) بە گشتێ ، بۆرگ لە زمانەکانی فەرەنگیدا بە تایبەتێ ئەلمانێ کە بە دوای ناوی شارانەوە دێت : پیترسبۆرگ ، هامبۆرگ ، ماگدبۆرگ ، لۆکزامبۆرگ . ٢ــ لە وشەی (بۆرژوا) یا (بۆرجوازێ)دا کە مانای (خەلکیشار)ە دەنگی (ژ) بەپێی دەستوری زمان لە دەنگی (گ) پێکهاتوە .

بردن ــ [ستـ : بەر . ، پە : بورتەن] ، (مصتـ. متـ.) ڕاگواستن و گواستنەوەی شتێك یا کەسێ لـە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك :: کتێبەکە دەگەڵ دەستی خۆت بەرە (سە). کوڕەکە بەرە بۆ مەکتەب . ئـەوە ئەم ڕادیۆیە بۆ کوێ دەبەی . ئاگام لێبۆ قەڵەمەکەی برد ★ (بکـ.) برن.

بردنەسەر ــ [بردن + ٤ــ ئە ٣/ + سەر] ، (مصتـ. متـ.) ١ــ تەواوکردن ، جێبـەجێکردن ، بەجێگەیاندن . ٢ــ (مجـ.) سەپاندن :: ئاخری قسەی خۆی بردەسەر .

تێبردن ــ (مصتـ. متـ.) ١ــ داخڵکردنی شتێ دە شتێکی دێکەی هاوجسنی خۆی . ٢ــ لەناوبردن ، ونکردن .

دەربـردن ــ (مصتـ. لا.) ئیدارەکردن دەگەڵ کەسێ :: جا تۆ چـۆن دەگەڵ ئەم دەمشـڕە دەردەبەی . **رابردن** ــ (مصتـ . لا.)، (مکـ.) تێپەڕین ، گوزەرکردن .

بردن ــ (مصتـ. متـ.) شتێ یـا کەسێ لە جێگەی خۆی هەڵگرتن و دوورخستنەوەی :: بەیانی تا دێم ئەم مێزە لەم ژوورە لابەرن . خۆزگە ئەم کاربەدەستە خراپەیان لادەبرد .

لێبردن ــ (مصتـ. متـ.) ١ــ شتێك بە زۆر دە شتێك پەستاوتن. تێبـ ــ ئەم مەصدەرە زیـاتر بۆ حاڵەتی تایبەتێ جوتبونی نێرومێی گیانداران بەکار دێت . ٢ــ شتێك لە دەست کەسێ دەرخستن بە زۆر، یا بە دزێ و . . . تێبـ ــ بەکارهێنانی ئەم مەصدەرە بەم مانایە زۆر کەمە و زیاتر بۆ گاڵتە دەکوترێ و مەبەست مانای یەکەمیێ :: گۆچانەکەشیان لێبرد .

بردنەوە ــ (مصتـ. متـ.) ١ــ گێڕانەوەی شتێکی لەشوێنێکەوە برابێتە جێگایەك بۆ جێگەی پێشوی :: ئەم کتێبە بەرەوە بۆ کتێبخـانە . ئەم ڕادیۆیەی ماڵی شاباز بۆچی نابەنەوە . دوێنێ هاتن بردیانەوە.

بـرژان ــ (مصتـ. لا.) ١ــ ئامادەبونی هەندێ خواردەمەنێ کـە ڕاستەوخۆ بە ئاگر ڕادێرابن . :: ئەم مریشکە بـاش برژاوە . ٢ــ (مجـ.) زۆر کارتێکردنی گەرما :: ئەم هاوینە هێندە گەرم بۆ خەڵـك وەختـابۆ ببرژێن . ★ (سنـ.) برژیان .

برژاندن ــ [پە : بریشتەن] ، (مصتـ. متـ.) ئامادەکردنی هەنـدێ

خواردەمەنی بە خستنەسەر ئاگر و پێڕاداشتنی :: خێراکەن دۆ سێ فرۆج سەربڕن و بۆمانبـبرژێنن . وەستا گیان کەبابەکەی من باش ببرژێنە ★ (بک.) براشتن ، (سنە) برژانن .

برژاندنەوە ــ (مصتـ. متـ.) ڕاگرتنی خوێن لە شوێنێکی لەشی ئادەمیزاد کە بە شتێکی تیژ (چەقۆ، خەنجەر ، شوشە ...) بڕابێ یا بە گوللە و هەر شتێکی دیکە برینداربوبێ و خوێنی لێ بێ . تێبـ ــ ئێستا دوکتۆران ئەم کارە بە داوودەرمانی تازە (تەنتۆریۆد ، مێرکورکرۆم ، ...) دەکەن. جاران لە کوردستان ، پەڕۆ و پاڵیان دەسوتاند و سوتوەکەیان دەخستە سەر برینەکە یا ڕۆنی داغیان بەسەردا دەکرد خوێنی ڕادەوەستا. بۆ برینی پچوك سوتوی جگەرە و گڵەسوریش بەکارهاتوە . ★ (سنە.) برژاننەوە .

برژانگ ــ [پهـ : موژەك] ، (نا.)، (سیهـ.) دۆ ریزە (مۆ)ی کە لە کەنارەکانی دۆپێڵوی چاوان دەبینـدرێن . ★ (مکـ.) مرۆڵ بژۆڵ . (سنە.) بژانگ ، موژە . (بک.) مژگان (تە : کف ــ ٥٣٨) تێبـ ــ ژابا (مژانگ)ی لەباتی (برژانگ) نوسیوە و (مژگان)ی بە جەمعی داناوە (تە : ژابا ــ ٣٩٧) .

برژانن ــ (مصتـ. متـ.) ، (سنە.) تە : برژاندن . تێبـ ــ دەنگی (ن)ی یەکەم لەم ووشەیەدا و لە هەمو

مەصدەرێکی دیکەشا کە لە ناوچەکانی بێجگە لە (سنە) بە (ئاندن) دوایی دێت و لە بنلەهجەی سنەییدا دەبێتە (ئانن) ــ تۆزێ دەگیرێ (مشدد)ە ، لە ڕاستیدا هەر دەنگی (د) ، کەی برژاندن دەچێتە ناو دەنگی (ن)ەکەوە (دەغم دەبێ) و ئەو گیراوییە پەیدادەکات. ئەمەش بە لای منەوە شێوەیەکی دیکەی (د)ی کلۆری بنلەهجەی سلەیمانیە کە لە بنلەهجەی سنەییدا لەباتی ئەوەی وەکو سلەیمانی دەنگی (گ)ێکی سوکی لە دوای (ن)ەوە لێ‌دەربچێ ، بە جارێك کلۆردەبێ و دەفەوتێ .

برژاننەوە ــ (مصتـ. لا.) ڕاوەستانی خوێنی برینی لەشی ئینسان . ★ (سنە.) برژیانەوە .

برژاو ــ (نمف . لە مصـ. برژان)، (مک. سیم . هل. کک.) ١ــ هەر شتێکی خواردەمەنی کە ڕاستەوخۆ بە هۆی ئاگرەوە لە حاڵەتی کاڵی و خاوی هاتبێتەدەر و بۆ خواردن ئامادەبوبێ :: گۆشتی برژاو . ماسیبرژاو ★ برشتە (تەنیا بۆ نان) . (سنە.) برژیاگ . (بک.) براشتی . ٢ــ زۆر شارەزا و لێزانبونی کەسێك لە کارێکا . ★ کولاو . سوتاو .

برژیاگ ــ (نمفـ. لە : مصـ. برژیان) ، (سنە.، جف.) تە : برژاو.

برژیان ــ (مصـ. لا.) ، (سنە ، جف.) تە : برژان .

برسیایەتی ــ [برسی + ئایەتی /١] ، (حمصـ.) ، (مکـ.) تمـ :

برسێتی .

برسێتی ــ [برسی + ئەتی] ، (حمصد.) حاڵەتێکە کە ئینســـان پێویستی بە خواردن هــەبێ . □ « برسێتی ڕەگی هــاری پێوەیــە » (پەندیپێشونیان) ★ برسیایەتی. (بکە.) برچێتی . برسیتی .

برسی ــ [پە : گورســـەك] ، (صد.) حاڵی ئەو کەسەی هەســت دەکا پێویستی بە خواردن هەیــە . ★ (بکە.) برچی. (جنو.) وورسی. // تێر. **لەبرسان** ــ (شر.) لەبەر برسێتی ، بە هۆی برسیبونەوە ، لە ئەنجامی پێویستــی بە نــان و خواردن □ « گەر لە برســـان و لەبەر بێجلکی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم + نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەســـەر هەردم ئەمن »

(هێمن)

:: کچی ئەم منداڵە لە برسان خەوی لێناکەوێ ، تۆزێ مەمــکی دەزاری نێ .

برش ــ [؟] ، (نا.) ، (مکە.) ١ــ توێژێکە ڕەنگی مەیلە و شێنە ــ هێندێ جار هەر شێن شێنە و جار جــارەش شینێکی کــاڵی مەیلــە و سپی ــ وەکو کولکە یا لۆکەیــەکی زۆر شیکرابێتەوە ، وایە . لــــە شوێنی نمدار ، لەسەر نان ، پەنیر ، ماست و هەندێ میوە پەیدا دەبێ . ★ کەڕو . تێبـ ــ أ) زانستی تــازە ئەم مادەیە لە ڕێزی کۆمەڵی گیای بێڕەگ و ڕیشە بە ناوی قارچــك دادەنێ و پەنسیلین لەم مادەیە کە بە زمانی فــڕەنسی (پێنسیلیــۆم)ی پێدەڵێن ، دەگیرێ (تە : لاڕۆس ــ ٦٨٠) ب) لـــە زۆر کۆنەوە لـــە کوردستان، بۆ چاکردنەوەی برین و کوان لە برشی نان کەڵك وەرگیراوە. دەگێڕنەوە مەحمود پاشای جــاف ئەسپێکی زۆر باشی هەبوە ، شانی بریندار دەبێ و هەرچی دەرمــانی دەکەن چانابێتەوە ، ڕۆژێ کابرایەکی کوردی خێڵەکی دێ کە چــــاوی پێدەکەوێ دەڵێ : چەند نانێك بــە گەرمی بکەنە (نردۆ) داپۆشن تــا بــرش هەڵـــدێنێ و ئەوســـا نانەبرشاوییەکان لــە برینی شـــانی ئەسپەکە دەنێ ، بە ماوەیەکی کــەم چادەبێتەوە. ٢ــ (مجـ.) ناڕەحەتی و تەنگەنەفەسی لەبەر گەرما یا تەنگی جێگا .

برشاوی ــ [برش /١ + ٢ــ ئاوی] ، (صتـ.) حاڵی هەر شتێکی کــەڕۆی هەڵێــنابێ . :: ئــەم نانەبرشاویانە چن داتاننــاوە ؟ . پرتــەقاڵەکان هەموویــان برشاوین کەڵکی خواردنیان پێوە نیــە . ★ کەڕواوی .

برشتە ــ [پە : بریشتەك] ، (صد.) ، (مکە.) نــــانێکی بــــاش برژابێ و گوڵی کردبێ . تێبـ ــ أ) ئەم ووشەیە لە مەصدەری (براشتن = براژتن)ەوە هاتوە کە لە لەهجەی باکوریدا مــــاوە و لە لەهجـــەی ناوەندیدا بوتە برژاندن . ب) لــــە موکریان ، تەنیا وەکو صفەت بــۆ (نان) دەگوترێ ، بەڵام لە لەهجــەی باکوریــــدا (براشـــتی) وەکــو (بریشتەك)ی پەهلەوی بۆ هەمــو

شتێ لە شوێن (برژاو)ی ناوەندی بەکاردێت :: گۆشتی براشتێ ، مریشکی براشتێ .

برش‌هەلاتن — [برش/٢ + هەڵ + هاتن] ، (مصت. لا.) ، (مک.) تەنگەنەفەس و نارەحەتبون لە گەرمان و تەنگەبەری جێگا . ★ پێش‌هەلاتن .

برش‌هەڵێنان — [برش/١ + هەڵ + هێنان] ، (مصت. لا.) ، (مک.) پەیدابونی برش لەسەر نان و شتی دیکە . ★ کەڕۆ‌هەڵێنان .

برك — [؟] ، (نا.) ، (مک.) ژانێکە لە ناوقەدی پیاو (ئەو شوێنەی پشتێندی لەسەر دەبەسترێ) بە دیوی (پشت)دا دەوەستێ . ژانی ناوقەد و مۆرەگەی لای خوارەوەی پشت .

برك‌دان — (مصت. مت.) ، (مت.) تۆڕهەڵدانی شتێ فڕێدان و هاوێشتنی شتێك .

برك‌کردن — (مصت. لا.) توشی ژان و ئازاری تیفەرەی پشت‌بون . :: برکی کردوە . برکی کردبو خوێمان بۆ گەرم کرد و لە پشتمان بەست .

برکە — [= عا : برکة] ، (نا.)، (مک.) تە : ئەستێل .

١ـ برنج — [سن : بێرێجیە . ، پە : ڤیرینج] ، (نا.) جۆرێك دانەوێڵەیە کە لە زۆر کۆنەوە ناسراوە و بۆ خواردن کەڵکی لێ وەرگیراوە ، گیایەکەی دەبێ ئاوی لەبن نەبڕێ ، بە شێنێ کە هێشتا نەدرواوەتەوە (مەرەزە)یە و زۆر بەرزدەبێتەوە ، بڕشتی زۆرە . دەنکەکانی لە ناو توێکلێکدان و پێش کڕەکردن و لە توێکڵ دەرهێنان (چەڵتوك)ە ، دەنکەکانی بە شێوەی گشتی ڕەنگیان لە زێزی (سپی)دایە. چەند جۆری هەیە : سەدری ، گردە (نەگازە) ، گەرجە ، ساردە ، عەمبەربو . لە چین ، هیندستان ، ئێران ، عێراق ، کوردستان ، یەکێتی سۆوێت ، بۆرما و تایلاند و گەلێ وولاتی دیکەش دەچێندرێ . تێب ـ ژابا (تە : ل ـ ٤٦) و مۆبەد فێرۆز ئازەرگشەسب (تە : بخشی از فرهنگ اویستا ، ل ـ ٢٥) ئاوێستایی ئەم ووشەیان وەکو لەسەرەوە نیشاندراوە نوسیوە ، بەلام دوکتۆر معین (تە : بورهان، جـ ١ ، ل ـ ٢٦٥) بە (ئورڤینج)ی داناوە . ★ (مک.) برینج .

٢ـ برنج — [فرەنسی : برۆنز] ، (نا.) مەعدەنێکی دەستکردی ڕەنگ‌زەردە ، لە تێکەڵ‌کردنی دو مەعدەنی (مس) و (قەلایی) پەیدادەبێ ، سەماوەر ، ئافتاوە و لەگەن و هەندێ خشڵی ژنانەی کەم‌قیمەتی لێ‌دروست‌دەکرێ . ★ (مک.) زەرد . (هل. کک.) تونج . (سن.) برنجە (بک.) برنج . پرینکوك .

برنج‌جاڕ — (نت.) ، (کمر.) تە : برنجەجاڕ .

برنج‌کوت — [١ـ برنج + کوت (کوتان)] ، ١ـ (نت.) ئامرازێکی تایبەتییە ، لە کوردستان برنجی پێ‌دەکوتن (توێکلی چەڵتوك

لێدەکاتەوە و دەیکاتە برنج) . ★ دنگ. دینگ. ٢ــ (صفا.) کەسێکی پێشەی ئەوەبێ ، بەو ئامرازە تایبەتییە چەڵتوك سپی کا و بێ هێنێتە حالی برنجی . ★ دینگچی .

برنجەجاڕ ــ [١ــ برنج + ٣ــ ئە/٢ + جاڕ] ، (نت.) ئەو مەزرایەی برنجی لێ چێندراوە پاش دروێنەوەی مەرەزە. ★ برنججاڕ . مەرەزەجاڕ.

١ــ برنجوك ــ [١ــ برنج + ئوك /٢] ، (نت.) ، (کعر.) کوانێکی سەخت و بە ئێشە لە جێگای زۆر ناڕەحەت (بە تایبەتی لە پەنجە) دێت ★ ٢ــ مێ (کە.) تێبـ ــ تەنیا ماموستا توفیق وەهبی ئەم ووشەیەی نوسیوە .

٢ــ برنجوك ــ [أ] ، (نت.) ، (کمر.) ، « شتێکی تەنکی کونکونی جوانە ژنان ئەیکەن بە کراس و دەسماڵ . » تم : خا. ج ١ ، ل ــ ١١٦) .

برنگ ــ (نا.) تم : برینگ .

برۆ ــ [ستـ : بروڤاز. ، پـە : بروك] ، (نا.) کەوانەیەکی توکە لەسەر ئێسقانی کەوانەیی لای خوارەوەی ناوچاوان بە دەوری نێوەی لای سەرەوەی چاواندا کشاوە . ★ (بک.) برو . ئەبرو (فر.) **برۆی سێ تاق** (نت.) ئەو برۆیەیە کە لە نێوانی هەردو برۆیاندا (لەو جێگایەی لوت دەبڕێتەوە و ناوچاوان دەست پێدەکا ، ئەوەندە توك هەبێ هەردوکی تێکەڵ کردبنەوە . □

« دلبەرا ! پەی ڕۆی فێراقت دڵ دەناڵێ وەك ڕوباب + بەو دو ئەبرۆیی سێ تاقت بەندی جەرگم بو کەباب . » (أ) .

برۆتێکنان ــ (مصـ. لا.) گرژکردن و وێك هێنانەوەی هەردو (برۆ)یان بە نیشانەی ناڕازیتی لە کردەوەیێ یا پێ خوش نەبونی قسەیەك . :: قسەکانی بە کەیفی نەبو برۆی تێکنا . هەتا دەی بینی برۆی تێکناوە .

برۆسك ــ (بک. ، مک.) ١ــ ڕوناکایێکی زۆر گورج و خێرا کە لە کاتی هەور و هەڵا و باراندا لە ئاسمان پەیدادەبێ . ★ (قد.) بریسو . بریسك . (سنـ ، کعر.) چەخماخە ، بروسکە . ٢ــ (مجـ.) خێرا . گورج . ٣ــ (مجـ.) ئازارێکی کتوپڕ کە خێرا لە شوێنێکی لەشی ئینسان (زیاتر لە سێبەندەی پشت ، سەر ، کەلەکە) پەیدادەبێ و لە شوێنێکی تر دەبڕێتەوە و لەش لە نێوانی ئەم دو جێگایەدا هەست بە ئێش و ژان دەکا . تێبـ ــ زانستی تازە دەری خستوە کە هەوران کارەبا (ئەلەکترێستێتە)یان تێدایە ، هێندێکیان کارەبای سارد (نێگاتێف ــ سالب) و هێندێکیان ئی گەرم (پوزێتێف ــ موجب) ، جا هەروەکو تێلی سارد و گەرمی کارەبا ئەگەر وێك کەون ــ پڕیشکیان لێ دەبێتەوە و ڕوناکایێکی خێرا ــ دەبیندرێ و (قرچەقرچ)ێکیشمان گوێ لێ دەبێ ، هەورەکانیش وەختێ

وێك‌دەكەون (برۆسك)یان لێ‌پەیدا
دەبێ ، چونكۆ كارەبای ناو هەوران
بێگجار زۆر بە هێزترە لەو كارەبایەی
كە لە ماڵان كەڵكی لێ‌وەردەگرین —
ڤۆڵتی كارەبای ماڵان زۆر زۆر ۲۲۰
ڤۆڵتە و ئی هەوران صەت هەزاران
ڤۆلت — بۆیــە پزیشكیشــیان
گەورەترە و لەباتێ قرچە قرچێكی
بچۆكی وێك‌كەوتنی دۆ تەلی كارەبا،
گوێمان لەو گرمە زل و بەســامەی
هەوران (هەورەترێشقە) دەبێ .
هێندێ جاران هەورێكی كارەبـای
گەرمی تێدایـە دەگـەڵ كارەبـای
ساردی (زەوێ) لێك‌دەدەن ، ئەو
كاتەیە كە برۆســكە لە جێگایـەك
دەدا و هـــەرچی بـــەرێ كەوت
دەیسۆتێنێ . هس : (فرەنسێ)
برویســك . ئیتــالێ بە مانـای
(توندمجاز) .

برۆسكاندن — (مصد. لا.) ۱—
پەیدابۆنی (برۆسك/۱) لە ئاسمان
:: هەروا دەبرۆسكێنێ و ناشبارێ
★ برۆسكەدان . ۲— پەیدابـۆنی
(برۆسك /۳) لە شوێنێكی لەشی
ئادەمیزادا :: لە دوێنێوە پشــتی
دەستی كردوە بە برۆسكاندن . ★
(سنە.) بروسكانن .

برۆســكانن — (مصــد. لا.) ،
(سنە.) ، تم : برۆسكاندن .

برۆسكانەوە — [بروسك/۱ +
۲— ئان/٤ + ۲— ئەوە/۲] ، (مصد.
لا.) تم : برێسكانەوە .

برۆسكە — [برۆسك/۱ + ٥—
ئە/۱] ، (نت.) ۱— تم : برۆسك/۱.
۲— (نت.) تێلگراف . (كعر.) برقية.

برۆسكەدان — [برۆسكە/۱ +
دان (فعە.)] ، تم : برۆسكاندن/۱
:: هەر برۆسكە دەدا .

برۆسكەلێدان — [برۆسكە/۲ +
لێ (پیبف.) + دان] ، (مصد. مت.)
بە تێلگراف مەبەســتێ بە كەســێ
ڕاگەیاندن . :: برۆسكەیان بــۆ
لێدابۆ كە دایكی نەخۆشە بە پەلــە
ڕۆێ .

برۆسكیان — (مصد. لا.)، (سنە.)
تم : برێسكانەوە .

برۆشە — [؟] ، (نا.) ، (مك.)
جۆرێكە لە جۆرەكانی كلۆی بەفر .
تێب — پێویستە ئەم ووشەیە دەگەڵ
(پرۆشە) كە جۆرێك بارینی بەفرە،
فەرق بكرێ .

رۆقە — (نا.) ، (مـك.) تـم :
بریسكە .

بردو — (نا.) ، ۱— ڕەمێن (بۆ
بازاڕ ، كاڵا و شتومەك) // كەساد.
۲— ڕێز و حورمەت (بۆ ئینسان).

برەوپێدان — (مصد. مـت.) ،
(سـیە.) ۱— وەرەواج‌خســتــنی
كاڵایەك . ۲— گەرم‌كردنی بـازاڕ ،
وەڕەمێن‌خســتن و لەكەســادێ
رزگاركردنی بازاڕ ۳— وەگەڕخستنی
كەسێ ، ڕێز و حورمەت بۆ كەسێ
سازكردن ★ (مك.) وەبرەوخستن.

برەوسەندن — (مصد. لا.) ،
(سیە .) ۱— ڕەواج پەیـداكردنی
كاڵایەك . ۲— گەرم‌بـۆنی بـازاڕ و
زۆربۆنی سەودا و مامەڵە تێیدا .
۳— قـەدر و حورمــەت‌پەیداكردنی
كەسێ . ★ (مك.) وەبرەوكەوتن .

بریا — [؟] ، (ئە.) ، (مك.) بــۆ

دەربڕینی دەرد و داخ و ئاوات و ئـارەزوو لەسەرەتـای مەبەستـا دەگوترێ . :: بریـــا بە بریـــایێ خولای با ئـەو ســەفەردەم هــەر نەکردبا . ★ (مـک. ، سـیه .) خـۆزگە . (بک. ، هل.) خـۆزێ (سیه.) کاشکە ، کاشکی .

بریان ـ (صـ.) تە : برژاو .

بریانێ ـ [بریان + ٢ـ ئێ] ، (نت.) ١ـ مرێشك ، قەلەمـوون ، بەرخ و مەڕ کە ناوزگیان پڕکرابێ لە برنـج و بـادام و بەهـارات و کشمیش و . . . و . . . و لە ڕۆنا سوورکرابنـەوە ٢ـ گۆشـتێ کـە دەگەڵ پـیاز و ڕۆن کرابێـتە ناو دیزە و (پاش نانکردن) خرابێتە تەندوورەوە (ئێستا فڕنیـــش) و لەسەرخۆ پیشابێ . ٣ـ مەڕ یـا بەرخ و . . . و . . . کە بە ساغێ بە شیشـەوە کرابن و دوور و نیزیـکی ئاگرێـکی خۆش ڕابـگیرێن و بـە هـەوای ئـاگرەکە ببرژێـن . ٤ـ (مک.)، (مج.) چەوەندەری لە تەنوورا پێشاو . تێب ـ أ) دەنـگی (ی)ی هەنـدێ ووشـەی ئاوێـستـایێ لـە قۆنـاغەکانی دوایێ گەشەکردنیـانا بوونە (ج) : ١ـ (سنـ.) یەڤە ، (پهـ.) یەڤ = جۆ . ئێستاش بن لەهجەی هەورامێ (یەو) و بە (جۆ) دەڵێـن . ووشـەی (جەژن ، جێژن)ی کوردێ لە (یەسنە)ی ئاویـستایێ بە مانای عیبادەت و پەرستن پەیدابوە . ٣ـ (یـاتوك)ی پەهلـەوێ لە کوردێ ئیمڕۆدا بۆتە جادوو . ب) لە زمـانی پەهلەویدا (برێج ، برێز) بە تەندوور گوتراوە (تە : یفا ، فرە ، ل ـ (٨) و (برێجەن ، برێزن) سوێنەیەکە (تاودی گڵ وەکو معێن نوسیویە) نانی لەســـەر دەپێـــژن (تر : فەرهەنگ ، معین ، ج ١ ، ل ـ ٥١٨) . ج) جا ئەگەر بێتو ئـــەو دەســــتوورەی کە دەنـــگی (ی)ی ئاوێستایێ لـــە قۆناغـانی دوایـێ (پەهلەوێ ، کوردێ)دا بۆتە (ج) لەبەر چاو ڕابگرێن و لە (برێج) و (برێجەن) وورد ببێنەوە ، بۆمان هەیە بڵەین کە ئەسڵی ئەو ووشە پەهلەوییانە لە قۆناغی ئاوێستـــادا (بــرێ ـ ی) و (برێ‌یەن)بــوە و بۆمـــاندەردەکەوێ کە ووشـــەی (بریانێ) شکڵی ئاوێستایێ خـــۆی ڕاگرتوە و لەو کاتەدا بە مانـــای (تەندورێ) یا ئەو شتـــەی لـــە تەنورا دەپێشێـندرێ گوتـــراوە و پاشان ئەو مانایانەی بۆ پەیدابـــوە کە لەسـەرەوە باسمان کردن

برێ ـ (نمصـ.) تە : برێتی .

برینج ـ (نا.) ، (مک.) تە : ١ـ برنـــج .

١ـ برینگ ـ [أ] ، (نا.) ، (هل.) ئەو بەشـەی خورێ مەڕان لەســـەر پێستیانەوە تا چەند سانتیمەترێك لە خورێ دیکە نەرم و نیانترە و چەورایێکی هەیە .

٢ـ برینگ ـ [أ] ، (نا.) ، (مک.) ئامرازێـــکە وەکو مقەســـت بـــەڵام گەورەترە ، دەمەکانی لەباتێ ئەوەی وەك ئێ مقەسـت لە ناوەڕاستا بـــە بزمـــارێك لێـــكداکوترابن ، لێك‌جودان و کاتی ئیتش‌پێکردن وەکو

نێرە و مێیە دەخرێنە سەریەك . ئەم ئامرازە بۆ بڕینەوەی مەڕ و بزن بەکاردێت ★ برنگ ، (هـ‌ل.) دوێرد ، جەو ، دۆکارد . (سنـ.) هەورینگ . (بکـ.) جەو ، جەور ، جەهرێ . تێب ــ من واتێدەگەم ئەم ووشەیە لە (بڕ) ڕیشەی مەصدەری (بڕین ، بڕینەوە) و (ئینگ) پاشبەندی دروستکردنی ناوی ئامرازان (ئیسمی ئالەت) پێك‌هاتبێ .

٣ــ برینگ ــ [؟] ، (صـ.) ، « ئیشك ، بە گشتێ لە ترکیبی (ئیشك و برینگ)دا » ، (هبێد ــ ١٧) .

برینگچی [گو• تو•] ــ ا ٢ــ برینگ + چی ا ، (صفا.) تم : برینگەوان.

برینگەوان ــ [٢ــ برینگ + ٣ــ ئە/٢ + وان] ، (صفا.) ، (مکـ.) ئەو کەسەی بە (هەورینگ) خۆری و مەڕ و بزنان دەبڕێتەوە ★ برینگچی ، جەوبڕ .

برێتی ــ [بر + ئێتی ا ، (نمصـ.) شتێ بخرێتە بەر شتێکی تر ، هەر شتێکی لە جێگەی شتێ دیکە دابندرێ یا بدرێ بە کەسێ یا کەلکی لێ‌وەربگیرێت ، (عا.) بدیل. :: ئەم قەڵەمە لە برێتی قەڵەمەکەی خۆت هەڵگرە . لوییسی شازدەهەم بە خەڵکی فرەنسای گوت لە برێتی نان با کێك بخۆن ★ لە باتی ، لە بری ، (مکـ.) لە جیاتی ، (سیهـ.) بر ، برێتی . تێب . ا) ئەم ووشە و هاوتاکانی بە تەنیایی و بەبێ (لە) لە پێشەوەیان دەکارناکرێن . ب) زۆر ڕێی‌دەچێ ئەسڵی ئەم ووشەیە (عبارة)ی عەرەبی بێ و جەڕێندرابێ . **برێتی‌بون لە ...** شامل‌بون ، پێکهاتن لە ... تێب ــ کە دەڵەین فلانە شت برێتییە لە فیسارە شت مەبەست ئەوەیە کە (فلان)ەکە لە (فیسار)ەکە دروست‌بوە و پێکهاتوە . :: کتێب برێتییە لە چەند لاپەڕە کاغەزێ مەبەستێکی لەسەر چاپکرابێ و جزوبەندکرابێ و بەرگی تێ‌گیرابێ .

برێشکە ــ [برێژ + کە (تم : پچوکی)] ، (نتـ.) ١ــ گەنم و گوڵەپێغەمبەرە (گەنمە شامی)ی ئیشك کە لەسەر ساج برژابێ . ٢ــ (مجـ.) هەر شتێکی زیاتر لەوەی پێویستە لەسەر ئاگر بمێنێتەوە و ببرژێ .

برێسك ــ (نا.) تم : برۆسك .

برێسکانەوە ــ ا برێسك + ٢ــ ئان/٤ + ٢ــ ئەوە/٢] ، (مصتـ. لا.) درەوشانەوە و پڕشنگ‌دانی شتێك لەبەر تیشکی زۆر یا هەر ڕوناکاییکی تر . ★ بروسکانەوە بریسکیان ، بریسکەدان ، بریقانەوە ، بریقەدان ، بریقەهاتن . :: هێچ نیە ، شوشەیە لە ناو خۆڵەکەدا دەبرێسکێتەوە ، ئەوە نەقێمی ئەنگوستیلەکەت ئەڵماسە وا دەبرێسکێتەوە ؟

برێسکە ــ [برێسك + ٥ــ ئە /١] ، (نتـ.) پڕشنگی درەوشانەوەی زۆر گورج و خێرا . تێب ــ هەندێ شت (ئاو ، ئاوێنە ، جەواهێرات ، شوشە ، هەندێ مەعدەن ، ... ،

...) ئەگەر تیشکی هەتاو یان
ڕۆناکایی دیکەیان لێبدا ، تیرێژ
(اشـعة)ی نۆر لە سەریـان
دەشکێتەوە و ئـەو شوێنەی بـەر
تیشـك کەوتوە بەولاولای خـۆیدا
پرشـنگ دەدات . ★ برۆقـە ،
بریقە ، بریق‌وباق .

بریســکەبریسك ـ (نتـ .)
بریسـکەی یەك‌لەدوای‌یـەك ،
بریسکانەوە ★ ئەوە چیـە لـەوێ
کەوتوە هەر بریسکەبریسکێتی .

بریسکەدان ـ (مصتـ. لا.) تم :
بریسکانەوە .

بریسۆ ـ [؟] ، (نا.) ، (مک.)
تم : بریسك/١ .

بریقانەوە ـ [بریقە + ٢ـ ئان
/٤ + ٢ـ ئەوە/٢] (مصتـ. لا.) تم :
بریسکانەوە . :: ئەرێ ئەو شـتە
چیە دەبریقێتەوە ؟

بریق‌وباق ـ(نتـ.) تم : بریسکە .

بریقە ـ [ی. عا کو.] ، [بریق
(عا.) + ٥ـ ئە/١] ، (نتـ.) تم :
بریسکە . تێبـ ـهەرچەندە ئـەم
ووشـەیە مانای بریسکە دەدا ، بەلام
فەرقێکیان هەیـە کە بریسـکە زۆ
دەبڕێتـەوە ، کەچـی (بریقـە)
درێژخایێن‌ترە .

بریقەبریق ـ (نتـ.) بریقـەی
یەك‌لەدوای‌یەك .

بریقەدار ـ [بریقە + دار (پب.
ملکیت)] هەر شتێکی بریسـکەی
هـەبێ و بدرەوشـێتەوە . ☐
« بزمـارە و بزمـارە ، سـوولی
بریقەدارە » (فۆلکلۆر) .

بریقەدان ـ (مصتـ. لا.) تم :
بریسکانـەوە . :: لـە دوورەوە
بریقەدەدا .

بریقەهاتن ـ (مصتـ. لا.) تم :
بریسکانەوە :: وەکـو ئەلمـاس
بریقەی دێ .

برین ـ [؟] ، (نا.) ، (مک . .
سنـ. ، هل.) ١ـ بـەروبۆی کاری
بڕانی ئەندامێکی لەشی گیـاندارانە
بە دار و تیلا ، بە ئامرازێکی بڕندە
(چەقۆ ، خەنجەر ، شیر ...) ،
بە گوللە یا بەربوونەوە و کارەساتی
لەم بابەتـە . ★ زام ، ڕێش ،
(بک.) برین . ٢ـ ئاوساوێکی ڕەق و
خڕە لە ئەنجامی کارتێکردنی هەندێ
میکرۆب یا ئالۆزی دەروونی ئینسان،
لە شوێنێکی لەشـی ئادەمێـزاد
سەرهەلدەدا و (کێم) و (هەوا)ی
تێداکۆدەبێتەوە ، پـاش ماوەیـەك
(لە خۆیەوە یا بە داوودەرمـان)
سـەری زەرددەبێ و هـەوا و
جەڕاحەتەکەی دێتەدەر و کەم کەمە
خۆش دەبێتەوە . ★ کوان .

برین‌پێچ ـ (نفا.) ، (نتـ.) ئەو
کەسـەیە برینان خاوێن دەکاتەوە و
خوێنیـان دەوەستێنێ و دەرمانیان
دەکا و دەیانبەستێ . (عا.) مضمد.

برین‌پێچان ـ (مصتـ. متـ.) ،
(تتـ.) خـاوێن‌کردنەوە و
بڕاندنەوە و دەرمان‌کردنی برینان.
(عا.) تضمید .

برینەدار ـ [برین /١ + دار] ،
(صتـ.) حالی ئەو کەسەی بـە
جۆرێك لە جۆران ئەندامێکی لەشێ
(برین/١)ی لێ‌پەیدابوبێ . تێبـ ـ
ئەم ووشـەیە بۆ (بریـن /٢)

ناگوترێ و دەڵێن دەســتم برێتــی
لێ‌هاتوە . ★ زامدار ، (ســنـ.)
زامار .

برێنداربوون ــ [مصـد. لا.] ١ــ
پەیدابوونی (برین/١) لە لەشــی
ئادەمیزاد :: دەستی شامراد بــە
چەقۆ برێــنداربو . ٢ــ وجــودی
(برین/١ و ٢) لە شوێنێکی لەش
:: چۆینە سەری هەمــو گیــانی
برێنداربو (برینی لێ‌بــو ، برینی
پێوە بو) .

برێندارکردن ــ (مصـد. متــ.)
دروستکردنی (برین/١) لـــە
شوێنێکی لەشی ئینسانێك . ★
برینلێکردن .

برێنداری ــ (حمصـ.) ئەنجامی
برێنداربون .

برینلێکردن ــ (مصـد. مت.) تە :
برێندارکردن :: وەبەرخەنجەرانی دا
تا توانیمان دەستی بــگرین هــەژدە
برینی لێکرد .

بریوبریو ــ (نت.) ، (مک.) ،
قەرەباڵغی و ئیزدیحام .

بڕ ــ (نا.) پارچەیەك لە شتێکی
گەورە . کەمێ لە شتێکی زۆر .
:: مامە گیان بڕێکم مێوژ بەش بدە ،
بڕێ چەڵتـــوك بەرن کڕەی‌کەن ،
بڕێکی تر لەم قوماشە بکڕە ، بڕێ
دار بخە ئەم زۆپایە . ★ ٢ــ تــوز،
تۆزاڵ ، تۆسقال (تۆزکاڵ) ، نەخت،
کەم ، هێند ، هەند ، (سنـ .) چك.
تێبـ ــ أ) بە لای منەوە ئەم ووشەیــە
لەئەسڵا (بڕدراو) سیغەی مەفعوولی
مەصدەری مورەکــکەبی (بڕدان)
بوە و کورتبۆتــەوە . ب) ئــەو
هاوتایانەی بۆ ئەم ووشەیە دیــار
کراون ، ئەگەرچــێ دەقــاودەق
ماناایان یــەکە بــەڵام شــوێنی
دەکارکردنیان یەك نیە ، ناتوانــین
بڵەین : تۆسقاڵێ دار بخەرە ئــەم
زۆپـایە .

بڕادە ــ (نــا.) ، (کێـیـر.)
وورده و خاکەیێکی کە بە کوتانەوە و
سونەوە و تاشین و بڕبەندکاری لە
مەعدەن (فلز)ێك دەکەوێتەوە . ::
بڕادەی ئاسن ، بڕادەی مــس ،
بڕادەی زێڕ .

بــڕان ــ (مصــد. لا.) ١ــ
تەواوبــوون ، پــەك‌کەوتن ::
ڕادیۆکە قسەی دەکرد لە خــۆڕا
دەنگی بڕا . کە وای پێ‌گوت کابرا
قسەی بڕا . ٢ــ پەیدابوونی برین
/١ بە چەقۆ و ... لە شوێنێکی
لــەش . لــەتبون دوکەرتبــونی
هەندێ شت :: تەلی تەلەفۆنەکەمان
بڕابۆ . ئەوە دەســتت بــە چی
بڕاوە ؟ **پێبڕان** ــ (مصـد.لا.) [پێ =
(بــە + ی = ز.) + بــڕان] ،
بەش‌بەرکەوتن . □ « کاڵەم دڕا و
چم پێ نەبڕا » . :: ئەوساڵ ٢٠٠
دێناری هـــەر لە توتنی‌پێ‌بڕاوە .
دابڕان ــ [دا + بڕان] ، (مصـد.
لا .) جودابۆنەوە ، دوورکەوتنەوە .
:: لە ڕێگا خدرمان لێ‌دابڕا، دۆستی
چاك قەت لێــك‌دانــابڕێن ، ئــەم
حەوشەیان لەو خانوە دابڕیوە ★
بڕبوون . **لێبڕان** ــ [لێ (لە + ی
+بڕان]، (مصـد. لا.) ١ــ بڕیاردان،
سووربوون لەسەر کارێك :: جوامێر

لێبڕابوو ئەو سەفەرە هەر بکا . پیاو
لێبڕێ هەموو کارێك دەباتەســەر .
٢ـ تەواوبوونی شتێك لە شــوێنێ
یا لە کەسێ . :: ئەودێیە زەلکاوی
زۆرە مەلاریــای لێنــابڕێ . کورد
خەباتکاری لێنابڕێ . چوینە مالێك
(چا) بخۆینــەوە شــەکر و چــایان
لێبڕابوو .

بڕاندنەوە ـ (مصــد. متـ.) تم :
بڕینەوە/ە :: پێویستــە ئەم شەڕە
ببڕێندرێتەوە . هەر بە دوو قســە
بڕاندیانەوە .

بڕانەوە ـ [بڕان + ٢ـ ئەوە/٢]،
(مصد. لا.) کۆتاییهاتنی شتێك ::
ئیتر ئەم باسە بڕایەوە ، قسە لــە
شتێکی دی بکەین . کوڕە دەبەسە !
نەبڕایەوە ، بۆ هێندەیلێدەلەی .
مالی جۆکلی بە جــارێك بڕانــەوە
کەسیان لێدەرنــەچوو □ « باســی
زولفی درێژ و چــاوی بە خەو +
نــەبڕاوە ! بوو تڕی خــــەسرەو »
(حاجی قادر)

بــڕاو ـ (نمف : بــــڕان) ١ـ
بڕینلێکراو بە تیغ و چــەقۆ ٢ـ
لەتکراو . جودابووە .

بڕبڕاگە ـ [بڕبــڕە + گە] ،
(نتـ.) ، (سیهـ.) تم : بڕبڕە . تێبـ ـ
لەم ووشـەیەدا (٥ـ ئە/١)ی دوایی
(بربرە)بوو بە (ئەلف) .

بڕبڕە ـ [بڕ + بڕ + ٥ـ ئە/١]،
(نتـ.) تیغەرەی پشتی ئادەمیــزاد و
ئەو گیاندارانەی بەچکەی خۆیان بە
شیری مەمــکان بەخێـــودەکەن ،
ئی ئادەمیزاد لە پشـــت ملــی/١
تاسەرکلێنچــکەی ٣٣ مــۆرەگەی
هەیە. بێجگە لەوەی کە کۆلەکەی
ئیسکلێتی بەدەنی ئینسانە (نخاعی
شۆکی)شی تێداپــارێزراوە . □
« بڕبڕەی پشـــتم ، دار عەســای
دەســـتم » ، (فۆلکــلۆر) . ★
تیغەرەی پشت ، (سیهـ.) تیرەغــە
(عا.) العامود الفقري .

بڕبــوون ـ (مصــد. لا.) تــم :
دابڕان .

بڕبەند ـ [بڕ (بڕین) + بەند؟]،
(نتـ.) ، ئامرازێــکی پــۆلای کونجر
کونجــرە ، بــۆ ڕنێــن و لێــك و
لووسکردنی مەعدەنان و دار و تەختە
بەکاردێت. چەشنی زۆرە : گردەبڕ،
سێسوو ، چوارپالوو ، پشتەماسی،
کلکەمشــك ، کارتێــخ (تێــغ) ،
چێوەسان (چێوهەسان) و هەربەك
لەوانە گەورە و پچووك و ئەستوور و
بارێکی هەیــە و هــەر چەشــنەی
شــوێنی دەکارکردنی جیــــایە ★
(سنـ.) بڕبەن ، ســوان ، مــۆرەد
(لە مبرد عارەبی) ، (بکر.) مەبڕەد.

بڕدان ـ [بڕ + دان (فد.)] ،
(مصد. متـ.) جوداکردنـــەوە ::
شەوێ دی گورگ لە ڕانەکەی دا و
چەند سەرێکی بڕداوە .

بڕس ـ (نمصد.) ، (سنـ.) تم :
بڕست .

بڕست ـ [بڕ (بڕین) + ئست]،
(نمصد.) ١ـ توانــایی هەلــگرتنی
(تحمل) ناخۆشی و قورســــایی
ئەوشاری مەعنەوی . ٢ـ (مجـ.)
هێز ، تاقەت . :: کوڕە دە نەختێك
بکشێوە بڕستت بڕیم .

بڕسکاندن ـ [؟] ، (مصد. متـ.)

تە : بزڕکاندن .

بڕشت ـ (نمص : بڕین) ، ١ـ جیاوازێ نێوان بنەتۆوی دانەوێڵە کە دادەچێنرێ و ئەو حاصڵـەی لێیهەڵدەگیرێ . :: ئەم گەنمـە یەکودە بڕشـتی دەبێ هەر کێلۆیەك تۆو دە کێلۆی لێهەڵدەگیرێتەوە (★ (مـک.) ڕێـــــژە و . ٢ـ ١) سەرمقەستی قوماش کە بـەرگدرۆ بۆ درۆنی جلك لەت و کوتی دەکەن و پارچەپارچەی پچۆکی لێدەکەوێتەوە بە کەڵکی هێچ نایە و فڕێی دەدەن . ب) تیزماڵکی کاغەز کە لە کتێب و دەفتەران پاش جزوبەنـــدکردن و لێكولۆس‌کردنی قەراغەکانیـان ، یا هەر کارێکی تر لەسەر کاغـەز . دەکەوێتـــــەوە . ٣ـ (مـجـ.) لێهاتۆیی و لێوەشاوەیی و توانایی بۆ ڕاپەڕاندن و جێبەجێ‌کردنی کاران. :: پیاوی وا بە بڕشـــت وەك ئەم کابرایە هەر نابێتەوە .

بڕشتلێدان ـ (مصت. مـتـ.) تە : بڕین/٤ .

برغـۆ ـ (نـا .) ، (کئێـر.) بزمـارێکە نەختێـکی بە شـــێوەی مارپێچی لەلـەکراوە ، بۆ لێـك تونـدکردنی دوۆ شـــت پێـــکەوە بەکاردێت . تێبـ ـ أ) ئەو جـۆرە بزمارە سەرەڕای ئەوەی کە لەباری گەورە و پچۆکی گەلێ شکڵێ هەیە . بە شێوەیەکی گشتێ دوۆ چەشنە ، یەکێکیان لە باتێ ئەوەی وەکو بزمار دابکوترێ ، ڕاستەوخـــۆ لەو دوۆ شتانەی مەبەستە لێك‌توندبکرێن ، بـــــادەدرێ و بـــە جەڕبــــادەر توندیدەکەن . دوەمیان ئەوەیـــە شوێنێـکی تایبـــەتێ بـۆ کراوە و تێی هەڵـــدەکێشرێ و پاشـــان (مۆرۆسەممون)ی لە سـەرەکەی بادەدرێ . ب) ئەگەر لـە جـۆری یەکەمیان بۆ ئاسن دەکاربکرێ دەبێ جێگاکەی بە شـێوەی لەلـــەکانی بزمارەکە بۆ لەلەکرابـێ . ج) بـە لای منەوە ئەم ووشەیە لە (بورمق)ی تورکێ بە مانای (بادان) وەرگێراوە. ★ (کعر.) بـورغێ . (کئێـر.) پێچ ، جەڕ .

بڕکردن ـ (مصت. لا.) بڕینـی ڕێـــگا ، لــــە شوێنێـــــکەوە گەیشتنەجێگەیەکی تر . :: ئـــەم کابرایە نەخۆشە بڕناکا بـە پێیـان بچێتە کەرکوك ، ئـــەم بارگێنـــە لەکەنتەیە چۆن بڕدەکا بۆ پێنجوێن .

بڕکە ـ [بڕ + ئك + ە ـ ئـە /١] ، (نـتـ.) بنجی هێندێك گیـا و شێتنـاوەرد کە (بەر)یـان هەیـە و بەرزنابنەوە و لە شوێنی خۆیـان بەولاولادا تەرز داوێـژن . :: بڕکە شوێی ، بڕکە ترۆزێ ، بڕکە خەیار.

بڕگە ـ [بڕ + گە] ، (نـتـ.) ١ـ هەریەك لە ٣٣ پـارچە ئێسقانـی تێغەرەی پشـتی ئادەمێـزاد . ★ مۆرگە ، (سنـ.) ترەختە ، مرۆخە، مۆرتخە . ٢ـ (تـتـ.) پارچەیێـکی سەربەخۆ لە نـوسراو ، قـانۆن ، مەقەلە و ئەو جـۆرە شتـانە ★ فەقەرە ، ماددە . تێبـ ـ وای بـۆ دەچم کە ئەسڵی ئەم ووشەیە (بڕکە) بۆبێ و پاشان دەنگی (ك)ەکەی بۆتە (گ) .

بڕنده ــ [بڕ (بڕین) + ئنده]، (نفا. ، صفا.) تم : ببڕ .

بڕنۆتێ (ممر. تو : = بــوڕون ئۆتی = گیای لۆت] ، (نــتـ.) ، (مک. ، ســنـ. ، سیه .) هەنــدێ داوودەرمانی بۆنخــۆشن تێــکەڵ دەکرێن ، بە پتە وەبــــەر لـــوتی هەڵدەدەن ، ئینســـان وەپشمێـــن دەخا و بۆرە (کەیف)ێکیش لەسەر سازدەکا . (عا.) انفیة .

بڕوا ــ (نا.) ، (مک.) تم : باوەڕ.

بڕواپێکردن ــ (مصـتـ. متـ.) تم : باوەڕپێکردن .

بڕواکردن ــ (مصـتـ. لا.) تــم : باوەڕکردن .

بڕوایــێ ــ (حمـــــصـ.) تــم : باوەڕێ .

بڕوێش ــ [؟] ، (نا.) ١ــ (مک.) دانــەوێڵەیێکە لە نێوان (گەنم) و (برنج)دا ، ڕەنگی لە گەنم سوورترە و چەشنی برنجڕۆنە ، دەنکەکانی وەکۆ برنج لە ناو کێفێکدایە (پەڕش)، بە زۆرێ لە کوردستانی ئێران ناوچەی موکریان دەچێندرێ ، وەکۆ برنــج دەکرێ بە (قبــوڵێ) و (پــلاو) ، وەکۆ (ساوار)یش بــە (شلــە) لێدەنرێ : (شلەبڕوێــش) ، دەگەڵ گۆشت یا قاوورمــەشدا دەکرێتــە ناو دێزە و کشمێــش و پێــوازی تێدەکرێ و پاش نانکردن دەیخەنــە تەندۆرەوە (تەنــدۆرپلاو) . ٢ــ (کعر .) أ) گەنمی بە دەستاڕ یــا ئاش قەڵت و بڕکرابێ ، بۆ چەند جۆرە چێشتێك بەکاردێت . ب) ووردەی ســــاوار . ٣ــ (سنــ.) بەفرێکی ووردی ڕەقە کە (دانە)کانی وەك بــەفری تر نــەرم نیــە . ★ (سـنـ.) تەرزەلۆکە ، گژنێژە . هس : (مك.) بڕۆشە ، بڕوێشــە . ٤ــ (مجـ.) قسـەی بێ سەرەوبــەرە ، قسـەی نازێك کە هێچی بە هێچەوە نەنوسێ .

بڕوێشە ــ [بڕوێش + ەــ ئە /١] ، (نتـ.) ، (مک.) پرۆشــەی بەفر . هس : (سنـ.) بڕوێش/٣.

بڕوێش‌کردن ــ (مصـتـ. متـ.)١ــ باش ئیش نەکردنی (ئاش) کە لــە باتێ ئەوەی گەنم بکا بە ئارد ، هەر قەڵت‌وبڕی‌کا (تم : بڕوێش/٢) :: ئاشەکە ئیمڕۆ بڕوێش‌دەکا (بــاش ناهــــاڕێ) . ٢ــ قســــەی بێ ڕێ‌وجــــێ‌کردن :: کوڕە کابــــرا دەبێبڕەوە ، ئەو بڕوێش‌کردنــــەت لە چیە ؟ بۆچێ قسەکانت هیچیــان بەسەر هیچەوە نیە ؟ .

بڕوێشێن ــ [بڕوێش + ئێن] ، (نتـ.) ، (سنـ.) چێشتی شلـەی بڕوێش ، شــۆربای بڕوێــش ★ (مک.) شلەبڕوێش . تێــب ــ لــە بەرگی‌یەکەمدا هەر چەندە بــۆ دۆ پاشبەندی (ئێن) و (ئێنە) ووتراوە کە لە (ناو) و (صفەت) ناوێکی تازە پێکدێنــن ، بــەلاّم لەبــیرچوە ئیشەکە تۆزێ زیاتر ووردکەینەوە و بڵەین کە ناوی گەلێ چێشتی شلەی کوردەوارێ بەمانە دروست دەبێ : نێسکێــن ، نیسکێنە ، ماشێــن ، ماشێنە ، ترخێنە .

بڕۆسکێك ــ [بڕ + (ــ ئۆچکە) +(ــ ئێك)] ، (بنتـ.) ئەندازەیەکی

کەم ، هێندێك . تێبـ ـ دەنگی (چ)ی پاشبەندی (ئۆچکە) لێرەدا بۆتە (مس) و لە هەندێ ووشەی تریشا دەبیندرێ ، لەوانەیە پێش ئەوەی ببێتە (س) بۆبێتە (ز) ★ بڕۆکێك، بڕێك ، بڕێ .

بڕووکێك ـ [بڕ + (ـ ئۆکە) + (ـ ئێك)] ، (بنتـ.) تمـ : بڕۆسکێك . تێبـ ـ هەرچەندە ووشەگەلی (بڕێ) ، (بڕێك) ، (بڕۆکێك) و (بڕۆسکێك) ئێستا مانایان یەکە ، بەڵام لە ڕاستیدا هەریەکەیان لە ئی پێش خۆی بچکۆلەیی زیاتر پیشان دەدات .

١ـ بڕە ـ [بڕ (بڕین) + ٥ـ ئە/١)] ، (نتـ.) کەڵبەی بەراز . ★ (مکـ.) شفرە . تێبـ ـ وا دەزانم ئەسڵی ئەم ووشەیە [بڕا١ = بڕ + ٦ـ ئا] و صفەتی فاعیلی مەصدەری (بڕین) بوە و بەرەبەرە (٦ـئا) کورتبۆتەوە و بۆتە (٥ـ ئە/١) .

٢ـ بڕە ـ (نا.) ، (سنـ.) ١ـ بەرزایی نێوان دوو هێڵی جوت کە لە ئەنجامی کێڵانی زەوی بە گاسن ، پەیدادەبێ . ★ (سنـ.) ناوگرە . ٢ـ تمـ : بڕیە/١ و ٢ .

بڕەبڕ ـ [؟] ، (نتـ.) هەراوهوریا، قاووقیژ (تمـ : گمـ ، مەهاباد ، لـ ـ ٩٠) .

بڕەبڕە ـ (بنتـ.) کەمکەمە ، تۆزەتۆزە ، نەختەنەختە ، ووردەوردە .

بڕەك ـ [بڕ (بڕین) + ٣ـ ئە ٢/ + ١ـ ئەك /٣ ب] ، (نتـ.) ، (مکـ.) نێرەی بەراز ، گۆلەبەراز ، ★ یەکانە ، خوگ . // مالۆس .

بڕیار ـ [بڕ (بڕین) + ئار ٣/] ، (نتـ.) ١ـ (هلـ.) شێوەی بڕینی جلوبەرك بە تایبەتی کراس و دەرپێی کوردی پیاوانە . ٢ـ (تـ.) گەیشتنە نەتیجە لە ئیشێکدا کە دوو یا چەند کەس ، دەوڵەت و ... خیلافیان لەسەری هەبێ و کۆتایی پێهێنانی و دیاری کردنی ئەوەی کە چی لێدەکرێ :: چین و سۆڤیەت بڕیاریان داوە ناکۆکی خۆیان بە ووتوویژ لابەلابکەن . ٣ـ گەیشتنە حەڵلێك بۆ هەر مەسەلەیەك بێ :: بڕیار دراوە زەوی وزار بەسەر جوتیاراندا دابەش بکرێت . ٤ـ قەراردان لەسەر کردن یا نەکردنی کارێ . :: شێرکۆ بڕیاری داوە جگەرەنەکێشێ .

بڕیە ـ (نتـ.) ١ـ نرخی کردنی کارێك لەسەر تەواوبوون، بەبێ حیسابی ئەو وەختەی پێویستە :: لە بڕیە ئەم خانوەمان بە چەند بۆ تەواو دەکەی . ★ مەختە (مەقتوع) ، (سنـ.) ٢ـ بڕە/٢ . ٢ـ نرخی شتێك بەبێ کێشان یا هیچ جۆرە ئەندازەگرتنێ . ★ گۆترە . (سنـ.) ٢ـ بڕە/٢ .

بڕێ ـ [بڕ + ٣ـ ئێ] ، (بنتـ.) تمـ : بڕێك .

بڕێك ـ [بڕ + ئێك] ، (بنتـ.) ئەندازەیەکی کەم لە شتێ . ★ بڕێ ، تۆزێ ، نەختێ ، هێندێ ، تۆزێك ، نەختێك ، هەندێك ، هێندێك .

بڕین ـ [ستـ : برای . ، پە :

برێبەن.، سانسکریتی: بهدێتانێ]. (مصت.مت.) ١ــ جیاکردنەوەی پارچەیەك لە شتێك بە ئامرازێکی بڕندە (چەقۆ ، مقەست ، ...) :: کوڕە ئەوە کێ ئەو چنارانەی بڕیوە ؟ ئەو گورێسە چیە شۆڕبۆتەوە بزانە نایبڕی . با ئارام دانیشێ دەنا سمێلی دەبڕم ٢ــ بریندارکردنی جێگایەکی لەش بە چەقۆ و کێرد و ... :: ووشیاربە چەقۆکە زۆر تیژە دەستی خۆت نەبڕی،ئەو شۆشەیە فڕێدە دەستت دەبڕێ . ٣ــ ڕۆیشتن (بە ڕێگادا) :: ئەو ڕێگا دوور و درێژەمان بڕێ و هیچیشمان بە هیچ نەکرد . ٤ــ (کعر.) تێکەڵکردنی پەڕی قومار ، بۆ ئەوەی گزێ دە یارێدا نەکرێ :: فەرموون کێ دەیبڕێ بیبڕێ پاشان نەلێن فێلت‌کرد . ★ (کئێر .) بڕشت‌لێدان . ٥ ــ توانایێ لەت‌لەت‌کردنی و پارچە لە شتێ کردنەوە دە ئامرازێکی بڕندەدا :: کورە ئەو چەقۆیە زۆر کولە هیچ نابڕێ . ٦ــ توانایێ سەرکەوتن و زاڵبونی شتێك بەسەر شتێکی دیکەدا :: جا خۆ قسەی من قسەی تۆ نابڕێ . **تێبڕین** ــ (مصت. مت.) بە زۆر شتێك پەستاوتنە ناو شتێکەوە :: سینگێکیان تێبڕێ . دەلەی داریان‌تێبڕیوە وا لاجەولاج دەڕوا .

دابڕین ــ (مصت. مت.) ــ جیاکردنەوە یا دوورخستنەوەی بەشێکی شتێ لە ئەسلی خۆی . :: نیوەی خانوەکەی بۆ خۆی دابڕیوە و هێشتاش چاوی لە نیوەکەی دیکەیەتی . پۆلیس کەوتنە ناو خۆپێشاندانەکە و بەشێکیان دابڕی .

هەلبڕین ــ (مصت. مت.) ١ــ بەرزکردنەوەی شتێ لە شوێنی خۆی . □ « دار هەلبڕە صەی دز دیارە» :: وا خەریکی خوێندنەوە بۆ هەر سەری هەڵنەدەبڕی . چاوی هەلبڕی پڕبو لە فرمێسك . ٢ــ دوورخستنەوەی گیاندارێك لە شوێنێ و دەرکردنی بە زۆر و ناچارکردنی بەڕاکردن بە جۆرێ تا ماوەیەك وا تێبگا ئەو کەسە یا ئەو شتەی بۆتە هۆی ئەم حالەی هەر بە دواوەوەیەتی.:: صەگان کابرایان هەلبڕی . بە بەردان هەلیان بڕی تا لە ئاوایێ دەریان‌کرد . ٣ــ لەت‌کردنی شتێك (گوریس ، تەل ، تەناف ، ... ، ...) بە ئامرازێکی بڕندە ، بە جۆرێ کە لە لای خوارەوە هێز بدرێتە ئامرازەکە بۆ لای سەرەوە . :: چۆ بۆ تەلی کارەبا هەلبڕێ گرتبوی و کردبوی بە خەلۆز .

بڕینەوە ــ [بڕین/١ + ٢ــ ئەوە /٢] ، (مصت. مت.) ١ــ لەت‌کردنی دار و تەختە و ئاسن ، ... بە مشار ٢ــ جوداکردنەوەی دار و درەختی بە پێوە لە ڕیشەی خۆیان ، بە مشار و تەور و بێور و ئامرازی لەم بابەتانە . ٣ــ دەرهێنانی هەنگوین لە کەندو ــ تێب : لە پێشدا بە هۆی دوکەڵ (هەنگ) لە (کەندو) دووردەخەنەوە و ئەوجار هەنگوینەکە

دەردێنن :: هێشتا هەنگەکانمان
نەبڕیوەتەوە بەڵام وا دەزانم ٨ ــ ٩
حۆقەیێ هەنگوینمان دەبێ . ٤ــ
لێکردنەوەی خوریێ و مۆی مەڕ و
بزنان بە برینگ :: خێرا مەڕەکان
ببڕنەوە تا ساڵ درەنگ نەبوە . ٥ــ
کۆتاییهێنان بە ئیش و کاران ،
دواییپێهێنان ، :: ئەوە چیە ئەم
شەڕەتان هەر نابڕنەوە ؟ کوڕە دە
ببڕنەوە مێشکی سەرمان چوو .
وەسمان و پیرۆت لە دەمێکەوە
قسەیان پێکەوە بڕیوەتەوە .

١ــ بز ــ (نا.) ، (هو.) تە : بزن.

٢ــ بز ــ [؟] ، (صە.) ١ــ
دەرپەڕیو ، زەق (تەنیا بۆ چاو) ::
ئەم کابرایە چاوی بزە ، لە ژێر
لێفەکەدا چاوی بز دەچوەوە . ٢ــ
قیت ، قوچ . هەس : دۆبز
(شارۆکەیەکە لە دەوری کەرکوك)،
بستو (بزتو ؟) .

٣ــ بز ــ (نا.) ١ــ ئەنجامی
بزپێوەکردن ★ (مکە.) جۆز . ٢ــ
پەنجە . قامك . تێبـ ــ ا) ئەم
وشەیە بە مانای دوەمی ، ئەوەندەی
من پێم شكبێ تەنیا لە (مصد.)ی
بزپێوەکردندا ماوە و لە هەموو
لەهجەکانی زمانی کوردیدا
لەبیرچۆتەوە . ب) ژابا لە باسی
وشەی (بازن)دا ئاوای نوسیوە :
« هەروەکو لە زمانی (بریتۆنی)دا
(بیزۆن)بە مانای (ئاڵقە)یە ،
لە (بز) بە مانای پەنجە (تە : ژابا
ــ ٣٥) لەوانەیە کەرتی (بز) یا (بزم)
لە وشەگەلی بزمار ، بزماتە ،
بزملدا هەر ئەم وشەیەبێ .
هەروەها (بز) و (پز)ی بە مانای
درەوشە هێناوە (تە : ژابا ــ ٤٩ ،
٧٨) . ج) ١ــ زمانی « بریتۆنی »
کە ژابا باسی دەکا زمانی دانیشتوانی
کۆنی خەڵکی (ئارمۆریك)ە کە لە
بریتانیا و ئیرلەندەوە کۆچیان
کردوە و لە چەرخی پێنجەمەوە لەو
شوێنە کە ئیستا پێی دەڵێن
(بریتانێ) و دەکەوێتە ڕۆژاوای
فەرەنسا نیشتەجێ بون . (تە :
لارۆس ، **چاپی** ١٩٦٠ ، ل ١٢٢٥ و
١١٦٢) .

بزافتن ــ (مصد. متە.) ، (کیـ . ،
بکـ .) تە : بزاوتن .

بزاوتن ــ (مصد. متە.) ١ــ
جوڵاندنی شتێك لە شوێنی خۆی
بۆ جێگەیەکی دی ، بێ ئەوەی
بەرزبکرێتەوە . ٢ــ (مجـ.) هاندانی
یەکێك ، بە توڕەکردنی ، بۆ ئەوەی
لە حالی خۆی دەرچێ و کارێك
یا قسەیەك بکات . :: مەیبزێوە
با دەستەکا بە قسەی حەلەق و
مەلەق . ★ بزواندن . (کیـ . ،
بکـ .) بزافتن .

بزپێوەکردن ــ (مصد. متە. ،
بزپێوەکردن ــ (مصد. متە.)
(کعر.) ١ــ پەنجە دە پاشەڵی کەسێ
ڕاکردن ، بۆ توڕەکردن یا
گاڵتەپێکردنی . ٢ــ (مجـ.)
هەڵفریواندن . جۆزپێوەکردن .

بزر ــ [؟] ، (صە.) ، (کعر. ،
سیە .) حالی کەسێکی لەبەر چاوان
نەبێ :: دۆ سێ ڕۆژێکە جوامێر
بزرە . شازاد ئەوە لە کوێی
ماوەیەکە بزری . ★ (مکە.) وون .

(سنـ . سيهـ.) گوم ، (بكـ.) بەرزە، وونداً .

بزربوّن ــ (مصتـ. لا.) ، (كعر.) ١ــ لەبەر چاوان نەمانی شتیّ یا کەسیّ :: هەبـاس سەعـاتەکەی لیّ بزربـوە . ٢ــ (مـجـ.) ڕێ لیّ تێکچوّن ، ڕێگاهەڵەکردن :: شەوێك لە چۆلی (قورفە) دوّ سیّ سەعات بزربـوّین ڕێگاکەمـان نەدەدوّزیەوە . ★ (مكـ.) وونبوّن. (سنـ . ، سیهـ .) گوم‌بوّن . (بكـ.) بەرزەبـوّن ، وونـدابـوّن . (لو.) گوم‌بییە .

بزرکردن ــ (مصتـ. متـ.) ، (کعر.) ١ــ لەدەسـت دەرکردنی شتیّ بیّ ئەوەی ئینسان ئاگای لیّ بیّ :: قەڵـەمەکەی بـزر کردوە. ٢ــ هەڵبژانی کەسیّ لە کوّمـەڵیّ بـیّ ئەوەی بە خوّیـان بزانـن . :: زوّر نەژوّیشتبوّین پیّروّتمان بزرکرد ★ (مكـ.) وونکردن . (سـنـ. ، سیهـ .) گوم‌کردن . (بكـ.) بەرزەکرن، وونداکرن . (لو.) گوم کردە .

بزّبزّ ــ (صتـ.) ، (مكـ.) حالی شیر یا ماستیّ کە تێکچوّبیّ . هس: لیندوّلیندوّ . تە : بزرّکان .

بزرّکان ــ (مصتـ. لا.) ، (سیهـ.) ١ــ تەفاعولی کیمیایی شیر و ماست لە ناو خوّیـاندا ، لە ئەنجـامی گەرم‌کردنیـان لەسـەر ئـاوور و تێکچوّنی فیزیکی شکلی دەرەوەیان جیـابوّنەوەی « ئاو » لێیـان و لیندوّلیندوّبوّنی باقیّ ئـەو شتانەی لە تەرکیبیاندا هـەیە . ★ (مكـ.) هەڵـگەڕان . ٢ــ شـێوان و سەرلیّ تێکـچوّنی ئینسـان و پەڕینیڕەنگی دەم‌وچاوی لە ترسان ★ (مكـ.) پەشوّکان .

بزرّکاندن ــ (مصتـ. متـ.) ١ــ قسەپەڕاندن لە وەختی نوّستوّیی و نەخوّشـیدا ، هەروەهـا لە کاتی سەرەمەرگا . ٢ــ (مجـ.) قسەی بیّ ڕیّ‌وجیّ کردن لە حالی ئاسایی‌دا :: قسان دەبزرّکێنیّ . کـوڕە ئەوە چتە دەبزرّکێنی . ★ ڕاواندن . ووڕێنەکردن .

بزرّکاو ــ (نمفـ. بـزرّکان) ١ــ شیر یا ماستێکی تێکچـوّبیّ ٢ــ ئینسـانێکی ڕەنگی پەڕیّ بیّ . :: ئەم ماستە بزرّکاوە چیە کڕیوتە ؟ ئەوە بوّ وا بزرّکاوی .

بزگوّڕ ــ [؟] ، (نتـ.) ١ــ پـارچە قوماشی کوّنی بیّ کەڵك . ٢ــ (مجـ.) هەر پارچەیێکی جلك . :: هەمـوّ جـلەکانی لەبەر خـوّی داڕنیّ و بزگوّڕێکی دەبەر خوّیدا نەهێشت .

بزماتە ــ [؟] ، (نـا.) ، (هـلـ.) توێژێکی ئەستـوّرە لە ئەنجـامی ئیشك‌هەڵاتنی خوێن لەسـەر برینی لەشی ئینسـان دەبەسـتیّ و نیشانەی خوّشەوەبوّنی برینەکەیە . ★ (مكـ.) قرتمـاغە . (سیهـ.) قرتماخە ، قەتماخە .

بزمار ــ [؟] ، (نا.) ، (کئیر . ، کعر .) شتیشێکی پوّڵای بچکوّلەیـە (نسبیا) ، سـەرێکی تـوّزیّ پان‌کراوەتەوە و نوّکەکەی تیژکراوە، تەختە چەرم و ئەو جوّرە شتانەی پیّ لێك‌قاییم دەکەن ، لـە دار و دیواریـش دادەکوتریّ و شـتی

پێوەهەڵداوەسن. زۆر جۆری هەیە: خڕ ، چوارسوچ ، سێ‌سوچ ، وورد و درشت . ★ (سنـ.) بسمار . (بکـ.) بسمار ، بزمار . (جنو.) مێخ . تە : ٣ـ بز/٢ .

بزمارڕێژ ــ (صتـ.) حاڵی هەر شتێکی بزماری زۆر لەسەر داکوترابێ .

بزمارکوت ــ ١ـ (نتـ.) هێشوی ترێ کە بۆڵەکانی زۆر تێکچڕژابێ . ٢ـ (صتـ.) تە : بزمارڕێژ .

بزمارلێدان ــ (مصتـ. متـ.) ١ـ (بزمار) لە شتێك داکوتان . :: وەستا گیان یەك دۆ بزمارم بۆ لەو کەوشە بدە . ٢ـ (کنـ.) فێڵ لە کەسێ‌کردن ، فرتێودان و دەست‌بەزاخاکردنی یەکێك .

بزمارە ــ [بزمار + ٥ـ ئە/١] خرابونی شوێنێکی پێستی ئینسان (زیاتر بەری پێ) و ڕەق‌هەڵاتن و ڕێشاڵ‌ڕێشاڵ‌بونی . ★(سنـ.) بسمارە . (مکـ.) مێخەکە .

بزمك ــ (نتـ.) ، (باڵەکایەتێ) تە : بزمۆك . تێبـ ــ ئەم ووشەیە کاتێ لە دەم دێتەدەر دەبێتە دۆکەرتێ (بز) و (مکـ.) و لە نێوان دەنگی (ب) و (ز) و هەروەها نێوان (م) و (ك)دا بزوێنە کوردێ هەیە .

بزمۆك ــ [بزم + ئـوك/٢] ، (نتـ.) ، (هلـ.) دارێکی پچکۆڵەیە بە ئەندازەی قامکێك درێژ و ئەستور دەبێ بەنی دەوسەرەوسەری دەخەن و دەیکەنە دەمی کارێلەی ساوا و بەنەکانی لە شاخی دەبەستن ، بۆ ئەوەی دایکی نەمژێ.

★ بزمك ، بزمەك . (مکـ.) ، (سیهـ.) بلامك . (سنـ.) دەمبەس ، (جنـ.) بلۆمە . تێبـ ــ ژابا (بزمك)ی بە (دانەلفاو) مانـاڵێداوەتەوە (تە : ژابا ــ ٥٠) . هس ٣ـ بز/٢ .

بزمەك ــ [بزم + ئـەك /٦] ، (نتـ.) تە : بزمۆك .

بزن ــ [ستـ : بۆزە . پە : بوج . بوز] ، (نا.) گیاندارێکی گیاخۆری کاوێژکەرە ، دۆ شاخی هەیە بەرەو دواوە دەشکێنەوە ، ڕدێنێکی درێژ و کلکێکی کورتی هەیە ، لە زۆر کۆنەوە کەوێ‌کراوە . گۆشتی دەخورێ ، شیر دەدا و لەشی (مۆ) داپۆشیوە .

بزنانە ــ [بزن + ئـانە/٣] ، (نتـ.) جۆرە باجێکی ئاغایەتییە بە پێی سەری بزنـان لە خـاوەنی دەستێندرا .

بزن‌تڕێنە ــ (نتـ.) ، «گیایێکە بەهارێ ، سەلکی بە قەد پیـازێکی پچوك ئەبێ ، بزن ئەیخوات و لەبەر تێژێ ئەتڕێ . » . تێبـ ــ باسی ئەم گیایـەم لە « فەرهەنـگی کشـتوکاڵ (ج١ ، ل ــ ٣٥)ی مامۆستا شێخ مـارفی قـەرەداغێ وەرگرتوە .

بزنمژ ــ (نتـ.) ، (سنـ.) تمـ : بزنمژە .

بزنمژە ــ [بزن + مژ (مژین) + ٥ـ ئە/١] ، (مکـ.) ، گیاندارێکە چوار دەست و قـاچی هەیـە و پەنجەکانی درێژن ، دەسـتی وە دەستی‌ئینسان دەچێ ، کاوێژدەکا ، لەشێ بە قەد پشیلەیـەك گەورە و

ئەستورە . بە کلکە درێژەکەیەوە تێزێکەی میترێك درێژ دەبێ . لە دەشت دەم بە گوانی بزنانەوە دەنێ و دەیانمژێ ، هەر بزنێکی ئەم دەعبایە بیمژێ گوانی لە کەرەم دەکەوێ و شیرنادا ، لە کوردستان کەولەکەی دەکەنە بەرگی کالانی خەنجەر . ★ (سنە ، سیهە.) بزنمژ . بزنمشك . (سنە.) تێزتێزە قومقومە . (جنە.) بوزمژنەك .

بزنمشك ــ (نتە.) ، (سنە . سیهە.) تە : بزنمژە . تێبـ ــ بەلای منەوە ئەم ووشەیە لە پێشدا بزنمژە [بزن + مژ (مژین) + ١ــ ئەك/٣] بوە ، ووردە ووردە (ئە)ی (١ــ ئەك /٣) سواوە و بۆتە (بزنمژك) ، ئەوجار دەنگی (ژ) لە جیرانەتی دەنگی (ك)دا بۆتە (ش) . بەلام لە ووشەی (بزنمژە)ی موکریانیدا دەنگی (ك)ی (١ــ ئەك/٣) کەوتوە .

بزنەدۆخە ــ [بزن + ٣ــ ئە/٢ (نتە.) ئەو بزنەیە کە هەر خاوەن بزنێك بۆ (ئاغا)ی دەنارد تا شیر و ماستی بخوا و پاش ئەوەی ووشکی دەکرد وەریدەگرتەوە .

بزنەقسر ــ (نتە.) بزنێکی کە سالێك نەزابێ .

بزنەکوڕانە ــ [بزن + ٣ــ ئە/٢ + کوڕ + ئانە/٣] ، (نتە.) ئەو بزنەیە کە کاتێ (ئاغا) کوڕی دەبۆ ، دەبوایە مسکینەکانی گوندەکەی سەروبزنی پێشکێش کەن .

بزنەکێوی ــ [بزن + ٣ــ ئە/٢ + کێو + ٣ــ ئی] ، (نتە.) ١ــ گیاندارێکی گیاخۆرە ، وەکو ئاسك دەچێ ، نۆکی شاخەکانی خوارە ، لە جێگای سەخت دەژی و بە (ڕەوەز) و (زەرد) و ماهان هەلدەگەڕێ ، ڕەنگی زەردێکی کالە، تێسکی (مۆ)ی زۆر کورتە بەر پەنجە ناکەوێ لە چیاکانی کوردستان زۆرە و نێچیروان بۆ خاتری گۆشتی ڕاوی دەکەن . ٢ــ (مجە.) أ) ئادەمیزادێکی بتوانێ بە جێگای سەخت هەلگەڕێ ؛ شاخەوانیچاك . ب) کەسێکی زۆر لەسەر دیواران و شوێنی بەرز هەلوەستێ . ★ (بکە.) بزناکوڤی .

بزنەگەل ــ [بزن ــ ٣ ــ ئە/٢+ گەل] ، (نتە.) ، (مکە.) کۆمەلێ بزن پێکەوە . ڕانی بزن .

بزنەمەرەز ــ [بزن + ٣ــ ئە/٢ مەرەز] ، (نتە.) چەشنێك بزنە ، لەباتێ (مۆ) مەرەزی بە لەشەوەیە.

بزواندن ــ (مصتە. متە.) تە : بزاوتن . تێبـ : ئەمە دوەمین مەصدەری متعدی‌یە .

بزواندنەوە ــ (مصتە. متە.) جۆلاندنەوەی لەسەرەخۆی شتێ بێ ئەوەی لەو شوێنەی لێیەتی بگوازرێتەوە . :: مەی‌بزوێنەوە با نەکەوێتەخوار . ◻ « دەستم لێمەدە و مەم‌بزوێنەوە .

بزۆز ــ (نفا. ، صفا.) ١ــ کەسێکی ئارام ناگرێ ؛ ئەوەی هەر دەجۆلێتەوە . ٢ــ (مجە.) ، (صفا.) ئادەمیزادی هار و هاج.:: مندالێکی بزۆزە ★ بزێو/١ . (سنە.) بزۆك . تێبـ ــ أ) ئەم ووشەیە لە ڕێشەی (مصتە. متە.)ی بزۆتن

داتاشراوه . بەلای منەوه داتاشرانی ئەم ووشەیە دوو ڕێی تیدەچێ . یەکەم لە ڕیشەی مەصدەری بزوتن (بزو) و ووشەی ئاوێستایی (ڤەز) کە یەکێک لە ماناکانی (جوولان و بزوتن)ە داتاشرابێ کە مەصدەری (بزوتن)ی ئێستای زمانی کوردیش دەبێ هەر لەو ووشە ئاوێستاییە کەوتبێتەوه . دووەم ــ دیسان هەر ڕیشەی مەصدەری بزوتن (بزو) دەگەڵ ووشەی پەهلەوی (ئوج) بە مانای : هێز ، زۆر ، توانست تێکەڵاوبوبن و دەنگی (ج) بوبێتە (ز) ، لەوانەشە لە قوناغێکی پێش ئێستادا بوبێتە (ژ.) .

بزۆك ــ [٢ــ ب/٢ + زا (زان، زایین) + ئۆك/١] ، (صفا.) ، (سنـ.) ١ــ حالی ئافرەتێکی سکوزا زۆر . ٢ــ حالی هەرگیانداریکی هەموو ساڵێ بەچکەی ببێ . // نەزۆك . قسر . تێب ــ بە پێی ئەو کەرتانەی کە ئەم ووشەیان لێ پێکهاتوه ، دەبێ ئەسڵی ووشەکە لە پێشدا (بزائۆك) بوبێ و قوناغ بە قوناغ گۆڕانی بەسەرا هاتوه .

بزوت ــ [؟] ، (نا.) ، (مکـ.) بزه دارێکە خرابێتە ئاووورگ و تەندوورەوه و هێندێکی سوتابێ و گڕی دامرکابێتەوه و هەندێ جێگای هێشتا ئاگری مابێ و بسووتێ و دوکەڵی لێ هەڵبستێ . ★ سەرەبزوت . سەلکەبزوت . تێب ــ من وا تێدەگەم ئەسڵی ئەم ووشەیە لە قوناغی پێش ئێستایدا (بسوت)بێ و لە [٢ــ ب/٢ + سوت (سوتان)] پێکهاتبێ و پاشان دەنگی (س) بوبێتە (ز) .

بزوتن ــ (مصد. لا.) ١ــ چونی کەسێك لە شوێنێکەوه بۆ شوێنێکی تر . :: ئەم هەموو تەق و توقە بۆ لە جێگای خۆشی نەبزوت . ٢ــ گۆڕانی جێگای شتێك :: ئەو ڕادیۆیە لە جێی خۆی بزوتوه کێ دەستی لێداوه . ★ جوڵان . ٣ــ (مجـ.) دەستپێکردن :: گەرما بزوت . ڕاوەستە با سەرما ببزوێ دەیان بێنینەوه .

بزوتنەوه ــ (مصد. لا.) ١ــ جوڵانەوه بێ ئەوەی جێ گۆڕکێی تێدابێ ، حەرەکەت کردنی شتێ هەر لە شوێنی خۆی . :: لق و پۆپی دارەکان هەموو دەبزوتنەوه . لە دوورەوه ڕەشایی یەکمان دێت دەبزوتەوه . ٢ــ (تە.) حەرەکەی سیاسی :: بزوتنەوەی دژی ئیمپریالیزم. بزوتنەوەی کوردایەتی، بزوتنەوەی گەلی فەلەستین بزوتنەوەی ئازادیخوازانە .

بزۆك ــ [بزودبزوتن + ئوك (پـ.)] ، (سنـ.) ، ١ــ (صفا.) تە : بزۆر ٢ــ (صـ.) حالی پیاوی کارلەدەستهاتوو ، ئەوەی لە کاراندا بە دەست و بردبێ . ★ زرنگ . چالاك .

بزه ــ [؟] ، (نا.) پێکەنینی بێ دەنگ ، زەردەخەنده . تێب ــ ئەم جۆره پێکەنینە ، جاروبار بۆ گاڵتەپێکردن و گاڵتەپێهاتن بە کەسێ و بە کردەوەی زۆردەدا . □

« نرخی بزەیەك بارە لەسەر لێوانم »
« پارسەنگە دڵی گەرم و هەناسەی سەردم »
(خەیامی هەژار ــ ٢٣)

بزەڵە ــ [بز ؟ + ئەڵە/٢] ، (نت.) بەچکەی بەراز ★ (مک.) کۆدەڵە . (جف.) چۆخەبازەڵە .

بزێ ــ [٢ــ ب/٢ + زێ (زان ، زایین)] ، (صفا.)، (مک.) مانگایەکی کەوتبێتە چوارساڵیەوە .

بزێو ــ (صفا : لەبزاوتن) ١ــ ئەوکەسەی زۆر دەجوڵێ و نارەحەتێ بۆ دەوروبەری خۆی سازدەکا . ★ بزۆز . بزۆك /١ . ٢ــ (پد.) بە دوای ناوێکەوە دەلکێ و (صفا.) دروستدەکا.:: سەربزێو، بنبزێو ، دەستبزێو .

بژ ــ [ست : بەریشە . ، پە : بوش ، بۆش] ، (نا.) ، (مک.) ١ــ یالی ئەسپ و ماین و ... ★ (بک.) بژێ . ٢ــ (سیه.) لاسکە بارێکەکانی گوڵی گەنم و جۆ و گیاوگژی تری وەکو ئەوان ، کە وەکو دڕۆ تیژ و ڕەقن ★ (سند.) ، (سیه .) بژ/١ . (مک.) داسۆ . هس : (بک.) بز و پژ . ژابا ئەم دوانەی بە مانای (درەوشە) هێناوەتەوە (تە : ژابا ٤٩ و ٧٨). ٣ــ (صـ.) حاڵی هەر شتێکی (گیا، تۆك ...) کە سەرێکی بە بنجی خۆیەوە بەندبێ و سەرەکانی دیکەی بەولاولای خۆیدا بلاوبۆبێتەوە :: تۆکی سەری ئەم منداڵە بژبۆتەوە . ★ پڕژ ، پەرش ، پژ/٢ ، هس : فش .

بــژار ــ (نا.) ١ــ کاری خاوێنکردنەوەی کشتوکاڵ و شتێناوەرد ، لە گیا و گوڵی بە زیان. ٢ــ (سند.) ئەنجامی خۆدۆزێنی ئینسان و مرێشك و پەلەوەری دیکە . ٣ــ (مجـ.) ، (مک.) گیا و گوڵی زیاندار کە لە ناو شتێناوەردا ڕوابێ :: ئەم باخچەیە بژاری زۆربوە ★ (سند.) بژارە/٢ . هس (جند.) بژەر : ئەوەی بێژنگ دایناداا .

بژاردن ــ (مصد. مت.) ١ــ تۆڵەکردنەوەی زەرەر و زیانێکی لە کەسێ کەوتبێ . (عا.) تعویض :: ئەسپەکەی شامراد لە ژێر کوێخا تۆفیقدا سەکەتبۆ . بۆی بژارد . ٢ــ خاوێنکردنەوەی دانەوێڵە لەو شتانەی هاوجسنی خۆی نین :: برنجەکە ببژێرە. ساوار بە بژاردن پاناببێتەوە دەبێ بەردەشۆرکرێ . هس : (فر.) بۆجارێ = لە بێژینگدانی دەغڵ و دانەوێڵە . ٣ــ (مجـ.) ئەژمارتن لە هەندێ بنلەهجەی موکریانێدا . ★ (بک.) بژارتن . **پێبژاردن ــ** (مصد. مت.) تۆڵەی زەرەر و زیانی خۆ لەو کەسەی زەرەرەکەی داوە ئەستاندن :: نەرێمان قەڵەمەکەی فەرهادی وونکردبۆ پێیبژارد .

هەڵبــژاردن ــ [(پیبــف.) + بــژاردن] ، (مصد. مت.) ١ــ جوداکردنەوەی هەندێ شت لە ناو کۆمەڵێ هاوجسنی خۆی . (عا.) انتقاء . :: خۆت کێلۆیەك ترێی چاکم بۆ هەڵبژێرە . ٢ــ (تـت.) دیاریکردنی نوێنەری کۆمەڵێ خەڵك

بۆ کۆڕ و ئەنجومەنان :: هەلبژاردنی
نوێنەر بۆ پەڕلەمان مافی میللەتە .
(عا.) انتخاب .
بژاردنــەوە ــ (مصــتـ. لا.) ،
(سنـ.) گێڕانــەوەی خــەو (تە :
مردۆخ ، ب١ ، ل ــ ١٦٧) .
بژاردە ــ (نمف : لەبژاردن) ،
(محر.) ، (مکـ.) تە : ئەژماردە ::
نەچێ هــەروا بێــدەیە دەســتێ ،
بژاردە تەسلیمی کە . **هەلبژاردە ــ**
١ــ شتێ کە لە نــاو کۆمــەلێ
هاوجــنی خۆی جیاکرابێتــەوە .
٢ــ کەسێکی کە بۆ کار و مەبەستێ
ئینتیخاب‌کرابێ . □ « بەلام ئــەی
هەلبژاردەی خۆم + ئەم ڕێکایــەم
گرتوە و ئەگرم » ، (دلێر ، ئاگر ،
ل ــ ٧٢) .
بژارکردن ــ (مصد. متـ.) ١ــ
هەلکێشانی گیبای هەرزە و بە زیان
لە باخچــە و کشتــوکاڵ . ٢ــ
خاوێن‌کردنەوەی هــەموشتێ لــەو
شتانەی هاوجــنی خۆی نین. (عا.)
تطهیر ، تنقیح .
بژارە ــ [بژار/٢ + ٥ــ ئە/١]
١ــ (نمــصـ.) ، (مــکـ.)
لێك‌جوداکردنەوەی ڕایەڵ و پــۆی
تێکالاو یا پاش‌وپێش‌کەوتەی (کر).
٢ــ (نمصـ.) ، (سنـ.) وەرگێڕان لە
زمانێکەوە بۆ زمانێك . تەرجــەمە
(تە : مردۆخ ، ب١ ، ل ــ ١٦٧)
تێبـ ــ مردۆخ بەرانبەر بەم ووشەیە
چەند ووشەیەکی فارسێ : (پەچۆ،
نۆرەند ، دەستێ دازە ، پایخوان و
هەم‌ســـراز)ی نوســـیوە ، لە
« بورهانی قاتیع »دا هەمو ئەوانــە
بە مانای (وەرگێڕان لە زمانێکەوە
بۆ زمــانێك) نــوسراون ، بــەلام
« معین » یەکێکیشیانی نەنوسیوە .
ئەوەی ســەرنجی ڕاکێشام ووشــەی
(پەچۆ)ە کە لە لەهجەی باکوریدا
دپاچفە ، هەیە بە مانای تەرجەمە .
٣ــ (نا.) ، (سنـ.) تە : بژار/١و٢.
٤ــ (نا.) ، (سنـ.) تۆلەی زەرەر و
زیان کە بۆ کەســێ دەکرێتــەوە ،
ئەنجامی کاری بژاردن/١ .
بژاڵ ــ [بژ + ٣ــ ئاڵ] ،(نتـ.)،
(سنـ.) ١ــ ئیشکەلی دار و درەخت.
٢ــ پوش و پەلاش کە پاش دارەڕای
خانو دەخرێتە سەربان و لە پاشان
گلەبان دەکرێ و سواغ‌دەدرێ . ★
هەژگ ، بژاڵ ، هەژگەل .
بژانگ ــ (نا.) ، (سیهـ. ، سنـ.)
تە : برژانگ .
بژوێن ــ [٩] ، (صتـ.) ، (مکـ.)
١ــ گیبای زەمــەند و چــڕ . ٢ــ
لەوەڕگەیێکی گیــای زۆربــێ . ::
لەوەڕەکەی بژوێنــە . ★ (بکـ.)
بژۆن . (تە : ژابا ــ ٥١) . هس :
(با.) بژۆن = خاوێن ، پاك. وهـس:
(مکـ.) دژوێن = چلکن ، پێس .
بژۆل ــ (نا.) تە : برژانگ .
بژیشك ــ [ب/٢ + ژێ (ژێن)
+ شك (چکـ.)] ، (بکـ.) دوکتۆر ،
حەکیم ئەو کەســەی نەخۆشــان
چاك‌دەکاتەوە . تێبـ ــ بەلای منــەوە
ئەم ووشــەیـان لە (پزیشــــك)
کوردیترە .
بژیــوی ــ (٢ــ ب/٢ + ژێ
(ژێن + ٣ــ ئی)] ، (نتـ.) ، (مکـ.)
هەرچێ بۆ ژیان پێویســــت بێ ،

هەرچی پێوەندیی بە ژیانەوە هەبێ .
★ (سنە.) ژێوار .
بست ــ [ستە : ڤیتاســتی] ، (نا.) ، (مکە.) ئەندازەیێکە بۆ پێوانی درێژیی شت (واحد طول) کە بــە شێوەیەکی نێونجی ٢٢ ســانتیمتر دەبێ و لەســەری قامکە گەورەی دەستی ئادەمیزادرا دەستپێدەکا و دەگاتە دوایی پەنجەتوتە و پەنجەکانی دیکەی دەست لێکبلاّودەکرێنەوە و تێردەکرێن . ★ بۆست . (سنە.) بنگیس ، (هو.) بنگۆس . (بکە.) بهۆست ، بۆست (جنە.) بگس .
بستۆ ــ [بست + ٢ــ ئۆ] ، (نتە.) ١ــ تەپۆلکەیەکی بەرزایی و درێژایی کەمبێ . ٢ــ کلکەی شاخ کە هێندەی نامێنێ دەگەڵ دەشتایی تێکەڵبێتەوە ★ پاڵ .
١ــ بستە ــ [بست + ەــئە/١]، (نتە.) ، (مکە.) ١ــ شیشێکی ئاسنی درێژ و پانە ، لە بەرداشی بنــەوە دێتە دەر و دەچێتە ناو (تەوەرە)وە و بەرداشی سەرەوە دەسوڕێنێتەوە.
★ (سیهە.) بلۆسك . بلّســك ، بلّۆسك . ٢ــ پارچە ئاسنێکی پانە (٤رە سانتیمتر) و درێژایی بــە پێی پێویست ، بەسەر ئــاوورگ و تەندورا ڕایەڵدەکرێ و مەنجەڵ و دێزە و ئەو جۆرە شتانەی دەخرێتە ســـەر . ٣ــ ئەنجـــامی کاری بستەلێدان . هس : « بســـت ، بستەك »ی باکوریی (تە : ژابــا ــ ٥١) و « بلۆسك »ی فارسیی (تە : معین ، فەرهــــەنگ ، ب١ ، ل ــ ٥٦٧) بە مانــــای شـــێشی گۆشتبرژاندن .
٢ــ بستە ــ (محر : یۆنانیی = پێستــاکیۆن] . (نا.) ، (مکە.) بەری دارێکەو دەخورێ ، وەکۆ بادام و.. وایە ؛ لە هەندێ شوێنی کوردستان دەچێنــدرێ و لــە داری قــەزوان موتوربەی دەکەن . ★ (کئێــر.) پستە . (کعر.) فستق .
٣ــ بستە ــ [؟] ، (صە.) حــالی کەسێکی باکی بە هیچ نەبێ ، :: برۆ لە ئێمەوە بستە بە چەدەکەی بــکە ★ بەرەڵلاّ ، ئازاد ، سەربەست .
بستــەلێدان ــ [بستــە ؟ + لێدان] ، (مصتە. لا.) بە دۆ پەنجەی دۆشاومژە (قامکی شادە)ی هەردۆ دەستان ، یــا بە قـــامکەگەورە و دۆشاومژەی دەستێك ، لەســـەر هەوای مۆسیقـــا و هەڵپــەڕکێ دەنگدەرخســـتن . ★ (مـکە.) چەقەنەلێدان . (سنە.) پلتەقاندن .
بسك ــ (نا.) ، (مکە.) تمـ : ئەگرێجە . تێبـ ــ ژابا ئەم ووشەیەی بە مانای (مۆیلۆل) و هەروەهــا بە مانای (کلك) هێناوە (تە : ژابا ــ ٥١) و دوکتۆر (معین)یش لــە باسی ووشەی بۆسۆك)دا (تە : فەرهەنـــگ ، ج١ ، ل ٥٣٥) ؛ ووشەی (بسك)ی کوردیی وەکـو شایەد هێناوە و دەڵێ مانای(مۆی لۆل)ە و (بشك)یشی بە کلك مانا لێداوەتــەوە .
بسکە ــ [بــزە + کە] ، (نتە.) نیشانەی دڵخۆشیی و بە دەماغــیی و سەرکەوتــن کە لــە دەموچــاوی ئادەمیـــزادا دەردەکــەوێ ●

هەربسکەی سمێڵی‌دەهات ــ (کن.) کەیفی خۆش‌بۆ ، دەماخی سازبۆ . ★ تۆکە .

بسکەبسك ــ (نت.) دلخۆشی و بەدەماغی ، نیشانەی کەیف‌خۆشی.

بخورد ــ [عا. محر.] ، (نـا.) تە : بخۆر .

بخۆر ــ [عا. ممر.] ، (نا.) تە : بخۆر .

بڤ ــ (ند.) ووشەیەکە ، منداڵی ساوای زمان نەپشکوتۆی پێ لـــە شتێك دەترسێنـدرێ تا دەسـتی لێ‌نەدا .

بڤە ــ [بڤ + ٥ــ ئە/١] ، (ند.) ١ــ ووشەیەکە منـاڵی سـاوای زمان‌پشکوتۆ دەیلێ و گەورەی پـێ لە ژان و ئێشی جێگایەکی لەشـی ئاگادارەدەکا . ٢ــ گەورە بە منـداڵی دەلێن بۆ مەنع‌کردنی لــە کارێك . ٣ــ (مجـ.) گەورەش جاروبارە هەر بە مانای مەترسێ بەکاری‌دێنن .

بکـــوژ ــ [٢ــ ب/٢ + کـــوژ (کوشتن)] ، (صفا.) ١ــ کەسێکی خەڵك بکوژێ . ٢ــ تابختێکی چـاك ڕاوبکا . ٣ــ (مجـ.) بەدەستەڵات ، دەست‌ڕۆیو . □ «بکوژ و ببڕ هەر خۆیەتی » .

بگار ــ [أ] ، (نا.) ، (سنـ.) تە : بوار . تێبـ ــ بە لای منەوە ئـــەم ووشەیە شێوەیەکی کۆنتری (بوار)ە.

بگاردن ــ (مصتـ. متـ.) ، (سنـ.) تە : بواردن ، ڕابواردن ، هەڵبواردن ★ (سنـ.) بگیرانن .

بگارە ــ [بگار + ٥ــ ئە/١] ، (نت.) ، (سنـ.) تە : بوارە . تێبـ : بگار (تێبـ.) و هس : (بیارە) کە وا تێدەگەم شێوەی تازەتری (بوارە) بێت .

بگربگر ــ (نت.) ، (مک.) تە : بگرەوبەردە .

بگردگ ــ (نمف.) ، (سنـ.) تە : ڕابوردو ، تێ‌پەڕیو .

بگردن ــ (مصتـ. لا.) ، (سنـ.) تە : بوردن .

بگرە ــ [٢ــ ب/١ + گر (گرتن) + ئە (ز.)] ، (شر.) وای دابنێ ، وا بزانە ، فەڕزکە .

بگرەوبەردە ــ (نت.) هەراوهۆریا، هەراوبگر ، پیشێوێ ★ بگربگر .

بگێــڕ ــ [٢ــ ب/٢ + گێـــڕ (گێڕان)] ، (نفا. ، صفا.) ، (مک.) ئەو کەسەی نەمەد دروسـتەدەکا . ★ (سیـهـ.) کـارگەچێ ، (مک.) نەمەرماڵ . (سنـ.) نەووگەماڵ .

بگێڕێ ــ (حمصـ.) کارێـــکی نەمەدماڵ دەیکا . کارگەچێتی .

بگیربگیر ــ [فر.] [٢ــ ب/٢ + گیر (گیران)] ، (نت.) ، (کثیر.)، گرتنی خەڵك بە ژمارەی زۆر بۆ هەر مەبەستێکی بێ .

بلا ــ (سیفەی ئەمرە) ، (سنـ.) تە : بلآ .

بلانە ــ (سیفەی ئەمـــرە) ، (سنـ.) ، تە : بلآ .

□« بلانە بەندەی خوا » .

١ــ بلاو ــ [أ] ، (نا.) ، (سنـ.) دانە لغاو . (تە : مردۆخ ، ب١ ، ل ــ ١٧٨) .

٢ــ بـــلاو ــ [٢ــ ب/٢ + لاو (لاواندنەوە)] ، (صفا.) ، (سنـ.)

ئەو کەسەیە مردۆ دەلاوێنێتەوە و پێی‌هەڵدەڵێ (تە : مردۆخ ، ب ١ ، ل ــ ١٧٨) .

بلبل ــ (نا.) ، (کعر.) تە : بولبول .

بلچ ــ [؟] ، (نا.) ، (هو. ، سنـ.)، بەری دارێکە لە لێڕەوارەکانی کوردستان زۆرە ، دارەکەی زۆر گەورە نیە و تۆزێ دڕاویە ، گوڵی سپێ و بۆنخۆش دەکا . بەرەکەی دەخورێ هێندێك مزرە ، سوور و زەردی هەیە ، پاییزان پێدەگا . ★ (کعر.) گۆییژ ، (مکـ.) گێوژ .

بلچەزەردە ــ [بلچ + ٣ــ ئە/٢ + زەرد + ٥ــ ئە/١] ، (نتـ.) (سنـ.) گێوژی زەرد .

بلچەسوورە ــ [بلچ + ٣ــ ئە/٢ + سوور + ٥ــ ئە/١] ، (نتـ.) ، (سنـ.) گۆیژی سوور .

بللور ــ (نا.) ، (مکـ.) تە : بلور.

١ــ بلوێر ــ [٢ــ ب/٢ + لوێر (لوراندن)] ، (نتـ.) ئامرازێکی مۆسیقای کوردییە ، لە قامیش دروستدەکرێ ، حەوت کونی تێدایە ــ بە ئەندازەی حەوت پێتی ــ نۆتەی مۆسیقای کە تازە دۆزراونەوە (دۆ ، رێ ، می ، فا ، سۆل ، لا ، سی) ــ و هەمووهەوایەکی پێ لێدەدرێ . ★ (بکـ.) بلور، بلوڵ. (سنـ.) بلور ، لولە (تە : مردۆخ ، ب١ ، ل ــ ٣١١ و ب٢، ل ــ ٦٠٠). (جنـ.) بێك .

٢ــ بلوێر ــ (نا.) ، (مکـ.) لولەیێکی دارە ، بستێك درێژ دەبێ و سەرێکی تۆزێ لە لاسکەکەی دێتە پێشەوە . لە بالێفەی بێشکەی منداڵ ــ هەڵدەکێشرێ ، تا کاتێ منداڵەکە مێزدەکا بە (بلوێر)دا بچێتە ناو (ئاوەخانە)کە بە ژێر لانکەکەوە دەیبەستن . بە پێی شکڵی ئەو بەشەی کە لە لاسکەکەی دێتە پێشەوە دەبێتە کوڕانە و کچانە . تێبـ ــ من وا دەزانم کە (١ــ بلوێر) و (٢ــ بلوێر) یەك ووشەن و دوەم لەبەر نیمچە و وێکچوێنێکی شکڵی لە یەکەمیان خوازراوەتەوە و من بە ئانقەست کردۆمنە دۆ (واحید)ی سەربەخۆ . (ککـ.) ★ بلوێن .

بلوێربەزێن ــ [٢ــ بلوێر + بەزێن (بەزاندن)] ، (صتـ.) ، (مکـ.) ١ــ حاڵی منداڵێکی کە لە بێشکەدا زۆر دەجوڵێتەوە و خۆی لە (بلوێر) رزگار دەکا و (مێز)ەکەی دەکاتە بن خۆی . ٢ــ (مجـ.) پیاوی چەقاوسۆ . ئادەمێزادی پەتپسێن و بێ چاو و ڕۆ. ★ (سنـ.) بلەربەزێن.

بلوێرپێچ ــ [٢ــ بلوێر + پێچ (پێچان)] ، (نتـ.) ، (مکـ.) پارچە (پەڕۆ)یەکە لە لێواری (بلوێر)ی دەپێچن تا ناوگەڵی منداڵ ئازار نەدات .

بلوێرژەن ــ [١ــ بلوێر + ژەن (ژەندن)] ، (نتـ.) کەسێکی بلوێر لێدەدا ، کەسێکی بزانێ هەوای جیاجیای مۆسیقا بەم ئامرازە لێبدات .

بلوێرلێدان ــ (مصتـ. متـ.) دەرهێنانی دەنگ لە (١ــ بلوێر) بە هەوای مۆسیقا . ئەم کارە بە (فو) پێداکردن و پەنجەبزاوتن و

گواستنەوە، لەسەر حەوت کونەکانی (١ــ بلوێر) جێبەجێ‌دەبێت . ●

بلوێربۆگالێدان ــ (کن.) قسەکردن بۆ کەسێ کە هیچی تێ‌نەگا .

بلوێن ــ (نا.) ، (کک.) تە : ٢ــ بلوێر .

بلۆق ــ [؟] ، (نا.) ، (مک.) هەڵتۆقینی شوێنێکی لەشی گیاندارە (ئادەمیزاد و . . .) کە لە ئەنجامی سوتان یا لەبەر رێ رۆیشتنی زۆر، پەیدادەبێ و زنچکاوێکی زەردباوی رۆنـی تێداکۆدەبێتەوە . ★ تلۆق . (سن.) گۆزاوڵە .

بلۆك ــ [فرەنسێ] ، (نا.) ١ــ کۆمەڵێ دەوڵەت کە لە یەکێتیەکدا کۆبۆبنەوە و یەك رێبازی سیاسیان هەبێ :: بلـۆکی رۆژاوا ، بلۆکی رۆژهەڵات ، بلۆکی کۆمەنوێلس ٢ــ (کعر.) خشتی چیمەنتۆ .

بلـور ــ ا ممر . یۆنـانی : بێریللۆسی ا ، (نا.) ١ــ ماددەیەکی تەبیعییە ، وەکو شوشـە رۆنـە و شتی لەپشتەوەڕا دیار دەبێ ، لـە کان دەریدێنن و دەیتاشن و شتی جۆر بە جۆری لێ‌دروستدەکەن . ٢ ــ ماددەیـەکی دەسـتکردە ، لاسـاکردنەوەی مـاددەتە تەبیعییەکەیە و هەر ئەو کەڵکەی هـەیە ، کە لـە تەبیعییـەکە وەردەگیرێ . ★ (مک.) بللور . کریستاڵ . ٣ــ (کعر.) بـۆزی شوشە کە بەسەر لامپای نـەوتێ‌دا دەکرێ و گڕی چراکەی لەنـاودا دیارە . ★ (کئیر.) شوشەلامپا ، شوشەچرا .

١ــ بلۆرێ ــ ا بلور /١ و ٢ + ٣ــ ئێ] ، (صت.) ١ــ هەر شتێکی لە بلور دروستکرابێ :: کاسـەی بلۆرێ . ٢ــ هەر شتێکی وەکـو بلور ، ورشەدار و رۆن و بێگەرد وابێ .

٢ــ بلۆرێ ــ [؟] ، (نا.) ، (کعر.) قوماشێکی سپیـە لـە لـۆکە دروستدەکرێ و لە کوردستان بۆ کراس و دەرپێ و بـەرگە لێفـە و کفنی مردو و . . . بەکاردێت . ★ (کئێر.) مەڕمەڕشا ، هومـایێ ، هومایل .

بلۆسك ــ (نا.) ، (سیە.) تە : ١ــ بستە/١ .

بلۆك ــ [؟] ، (نا.) ، ١ــ (کئێر) ، کۆمەڵە دێیەك لە مەڵبەندێکا ٢ ــ (کعر.) کۆمەڵە خەڵك ، واحیدێك بوە لە سوپای عوسمانیدا .

بلەوەز ــ (صـ.) ، (مکـ.) ١ــ کەسێکی زوڵم لـە خەڵکی‌بـکا ٢ــ ئەوەی کاران هەر بە قسەی خۆی دەکا و گوێ ناداتە ڕا و تـەکبیری کەس . ★ دیکتاتۆر . مستبد . ملهوڕ . تێب ــ ا) بـە لای مـنەوە ئەسڵی ئەم ووشەیە (بو الهوس)ی عارەبییە و خـۆی و مانـاکەشی جەڕێندراوە . ب) لەو قامۆسانەی لەبـەر دەستم بـون ، تەنیـا خوالێخۆش‌بۆ ، مامۆستا گیو ، ئەم ووشەیەی نۆسیوە و بە (کسلان)ی مانالێداوەتەوە . (تە : مهاباد ــ ٩٧) .

بلێت ــ (نا.) ، (کعـر.) تە : بلێت . تێب ــ ئەم ووشـەیە لـە

ڕێگای زمانی ئینگلیسیڕا هاتۆتە کوردستانی عیراق و پەڕیوەتە ناو زمانی کوردیی .

بلیمەت ــ (نا. ، صـ.) ١ــ (سیهـ. ، کمر.) پیاوی زۆر بەکار و لێهاتو ، ئادەمیزادی کارزان و زۆرزان . (عا.) نابغە ، داهیە . ٢ــ منداڵێکی لەچاو تەمەنی تێگەیشتن و فامینی زۆربێ . ★ (مکـ.) سۆدرە ، سەرەسۆدرە (تەنیا بۆ کچۆڵان) . ٣ــ (سنـ.) هەر شتێکی سەیر و عاجباتیی (تم : مردۆخ ، ب١ ، ل ــ ١٨١) . تێبـ ــ من وا تێدەگەم کە ئەسڵی ئەم وشەیە (بو الهمة)ی عەرەبییە و بە ماناکەیەوە جەڕاوە .

بڵ ــ (صـ.) ١ــ حاڵی کاڵەك و شەمامە و هەنار و پرتەقاڵ و . . . کە زۆر گەییبن و لە دار و بڕکە کرابنەوە و لەناوەوە کەمیان کردبێ و توێکلەکەیان پڕنەکەنەوە و کاتێ ڕێك بکوشرێن . لە لەلایەکەوە بقوپێن و کەمکەمە لە خۆیانەوە وەکو خۆیان لێبێتەوە . ٢ــ حاڵی مەمکی ئافرەت کە تورتی و شەقی خۆی لە دەست دابێ . :: ئەم کاڵەکە هێندە بڵ بوە کەڵکی خواردنی پێوەنەماوە. مەمکی ئەو کچە ئەوەندە دەستکاریی کراوە بڵبوە .

بلا ــ [= بهێڵە ، بێڵە . سیغەی موخاتەبی ئەمرە لە مەصدەری (هێڵان)] ، (سیهـ . ، سنـ.) تم : ٢ــ با. ★ (بکـ.) بلا، بلانێ. (مکـ.) بەڵا . (سنـ.) بلا ، بلانە ، بلانـە ، بێلا . بێلانە .

بلامك ــ (نتـ.) ، (مکـ.) تم : بزمۆك . تێبـ ــ لە نێوان دەنگی (م) و (ك)دا بزوێنە کوردیی هەیە و دەبێ (بلام ، ك) تلفظ بکرێ. هس: دەمامك .

بلانە ــ (سنـ.) ، تم : بلا .

بلاو ــ [؟] ، (حمصـ.) حاڵی کۆمەڵێ شت یا گیاندار کە لە شوێنێك بن بەڵام بە تەنیشت یەکەوە نەبن ، لێكدوربن . // کۆ، پڕ ، چڕ

☐ « زولفت بە قەدت داکە پەرێشان و بلاوە »

« ئیمڕۆ لە منی شیفتە ئاڵۆز و بە داوە »

(مکب ، نالی ، ل ــ ٥٣٢)

★ (بکـ.) بەلاف .

بلاوبونەوە ــ (مصتـ. لا.) ١ــ لێكدورکەوتنەوە :: شوانەکە نوستبو مەڕەکانیش لەو دەشتە بلاوبونەوە . قەرەچیی بە هەمو دنیادا بلاوبونەوە . ٢ــ تەشەنەکردن (قسە ، دەنگوباس ، نەخۆشیی و درم و پەتا .) :: دەنگی شکانی ئیسرائیل لە شەڕا دەگەڵ عەرەبان بە هەمو دنیادا بلاوبۆتەوە . ئەنفلوانزایەکی گران بلاوبۆتەوە . ناوبەناو کۆلێرا لە هەندێ شوێن بلاودەبێتەوە . ٣ــ (تن.) دەرچونی ڕۆژنامە ، کتێب ، بەیاننامە و. . .و گەییشتنەدەستی خەڵك .

بلاوکراوە ــ (نمـفـ.) ، (تـتـ.) نشریات ، منشورات . تێبـ ــ ئەم وشەیە تەنیا لە کاروباری سیاسیی و چاپکردنی کتێب و ڕۆژنامە و . . .

بەکاردێت ، و دەبێ لە مەصدەری تێکەڵی (بلاوکردنەوە) داتاشرابێ ، بۆیە دەبێ ئەسڵەکەی (بلاوکراوەوە) بێ و لەبەر ئەوەی بەم شکڵە لە سەر زمان زۆر قورسە ، هەر زۆر زۆ بە چەند ساڵێك خۆی کورت بۆتەوە و پیاو وا دەزانێ کە لە مەصدەری (بلاوکردن) داتاشراوە.

بلاوکردن ــ (مصت. مت.) لێكدوورخستنەوە ، لێكجیاکردنەوە :: شانە تۆکی سەر لێكبلاودەکا .

بلاوکردنەوە ــ (مصت. مت.) ١ــ بەشینەوەی شتێ بەسەر خەڵکا :: پارەیەکی زۆری بە ناو مەنگوڕاندا بلاوکردۆتەوە ڕۆنی لێسەلەمکردوون. ٢ــ (تن.) دابەشکردنی ڕۆژنامە و بەیاننامە ... :: لەوەتێ دەوڵەتی عێراق دامەزراوە ، گەلێ کتێب و ڕۆژنامەی کوردێ بلاوکراوەتەوە . ڕادیۆ دەنگ و باسان بلاودەکاتەوە. (عا.) ، نشر ، اذاعة .

بلاوە ــ [بلاو + ٥ــ ئە/٢] ، (نت.) لێكدووری ، جودایی .

بلاوەپێکردن ــ [بلاوە + پێ (بە + ی) + کردن] ، (مصت. مت.) بە کۆمەڵێ خەڵك لێکتر یا لە شوێنێ دوورخستنەوە . :: پۆلیس خۆپێشاندانەکەی بلاوەپێکرد ، لەشکرەکەیان بلاوەپێکرد .

بلاوەکردن ــ (مصت. لا.) بەولاولادا ڕۆیشتنی کۆمەڵێ خەڵك کە لە شوێنێکا کۆبوبنەوە :: کابرا قسەکانی هێندە بێڕێوجێ بوون خەڵکەکە زۆ بلاوەیان کرد . ★ بلاوەلێکردن .

بلاوەلێکردن ــ (مصت. لا.) تە : بلاوەکردن .

بلح ــ [؟] ، (صـ.) ١ــ (مکـ.) حاڵی کەسێکی کردەوەی سەیربێ ، ئەمدا و ئەتواران دەرێنێ ، بە فێز و ئیفادە بڕوا ، هەر لە خۆیەوە بداتە قاقای پێکەنین . :: کچێ بلمێ ئەو ترتریقەتریقەت لە چیە ؟ ٢ــ (سنـ.) حاڵی ئەو کەسەی درەنگ تێدەگا .

بلحانە ــ [بلح + ئانە/١] ، (بنت.) بە شێوەی بلح ، وەکو بلح ، بە بلحی . :: وەها بلحانە بە ڕێدا دەڕوا پیاو بێزی هەڵدەستێ .

بلحێتی ــ [بلح + ئێتی] ، (حمصـ.) ئەنجامی کردەوە و ئاکاری کەسێکی بلح :: ئاخر بلحێتیش ــ ئەندازەی هەیە ! . ★ بلحی .

بلحی ــ [بلح + ٢ــ ئی] ، (حمصـ.) تە : بلحێتی .

بلسك ــ [؟] ، (نا.) ، (سیهـ.) تە : ١ــ بستە/١ .

بلق ــ [ند.] (نا.) ، (مکـ. ، سیهـ.) پۆرگی پچکۆلەیە : ١ــ بە زەبری قورسایی تنۆکی باران لەسەر ڕوی ئاوی چۆم و حەوز ، یا هەر ئاوێکی لە شوێنێکا کۆبوبێتەوە ، سازدەبێت . ٢ــ لە ئەنجامی کوڵینی ئاو یا هەر تراوێکی دیکە ، بە زەبری هاتنەدەری هەوایەکی لە ناو تراوەکەدایە بەدێ دێت. ★ (سنـ.) بلقاو .

بلقاو ــ (نت.) ، (سنـ.) تە : بلق .

بلۆدان ــ (مصت. لا.) وەکوڵهاتنی ئاو یا هەر تراو و

چێشتێکی شل بە جۆرێ لە هەمو لایەکەوە (بلّق)ی لەسەر پەیدابێ. :: کچێ خێراکە ئەو مەنجەڵە داگرە، هەروا بلّقاندەدا .

بلّقه ــ [بلّق + ە ــ ئە/١] ؛ (نت.) دەنگێ کە لە بلّقدانی ئاو یا هەر شتێکیتر دەبیسترێ .

بلّقەبلّق ــ (نت.) ١ــ دەنگێ کە لە ئەنجامی چۆنەخواری ئاو بە خوڕ، بە لۆلەیەکی تەنگدا و هەوالێ دەرخستنی پەیدادەبێ . ٢ــ دەنگێ کە کاتی پڕکردن یا بەتاڵکردنی گۆزەیەکی زارتەنگ دەبیسترێ . ٣ــ دەنگێ کە کاتێ ئینسانێك خەریکە لە ئاوا دەخنکێ (ئاو دەچێتە دەروونییەوە و هەوای لێوەدەردەنێ) دەگاتە گوێ .

بلّقەدەرە ــ [؟] ، (نت.) جۆرە مارمێلکەیەکە . تێبـ ــ خوالێخۆشبو ماموستا گیو بە گیانداریکی ژەهرداری دەزانێ (تە : مەهاباد ، ل ــ ٩٨) .

بلّمەبلّم ــ (ند.) ، (نت.) قسەی لەخۆوە کە ئەوانەی گوێیان لێیە تێینەگەن ، لەبەر ئەوەی کە دەنگەکان بە چاکێ لە (خانی دەنگ) نایەنەدەر .

بلّن ــ (صە.) ، (سنـ.) تە : بلّند . تێبـ ــ دەنگی (ن) لەم ووشەیە و لقوپۆپەکانیدا تۆزێ دەگیرێن .

بلّنایی ــ (حمصـ.) ، (سنـ.) تە : بلّندایی .

بلّند ــ [پە : بولەند] ، (صە.) ١ــ حالّی شتێکی کە لە شوێنی خۆیەوە قیتبۆبێتەوە و هێندێك لە (فضا)ی بەرەژوور خۆی داگیرکردبێ . :: ئەم خانۆبەرەیە پازدە گەز بلّندە ؛ شاخی (تەرەغە) لە کوردستانی ئێرانە و زۆر بلّندە . ★ (بکـ.) بلند . (جنـ.) بولنگ . (مکـ.) بلّیند . (کعر. ، بکـ.) بەرز. ٢ــ حالّی شتێکی کە لە زەوێڕا بەرەو ئاسمان چوبێ و تا ئەندازەیەك لە زەوێ دوورکەوتبێتەوە . :: ئەم فڕۆکەیە هێندە بلّندە بە قەد لەگەکێل دیارە . ٣ــ حالّی (مانگ) و (ڕۆژ) کە لە ئاسۆی ڕۆژهەلاّت دووردەکەونەوە . :: مانگی یەکشەوە وا بلّند نابێ . تا ڕۆژ بە قەد ملە ووشترێك بلّند ئەبێ ، نابێ نوێژی چێژن بکرێ .

بلّندایی ــ [بلّند + ئایی/١] ، (نت.) ، (سیمـ.) ١ــ ئەندازەی بەرزێ شتێك بە باری قیتیدا ، لە زەوێڕا تا دوایی شتەکە . (عا.) ارتفاع . :: چیای هەلگورد ڕەنگە بلّندایی سێ هەزار میتر بێ . ٢ــ جێگا و شوێنی بەرز . :: لە بلّندایی ٥ میتر کەوتە خوارەوە و هێچیشی لێنەهات . تێبـ ــ مانای ئەم ووشەیە مەحدۆدە و نیسبیێ ؛ بەلاّم ئی (بلّند) موتلەق و نامەحدود . ★ (کعر.) بلّندێ بلّیند (بلّ + ئیند) بلّ = بەرز = لەپاش پەیدابونی دەنگی (لام) لە زمانی کوردیدا (ئاوێستایی) + ئیند ؟ ، بەرزایی . (سنـ.) بلّنایی . (مکـ.) بلّیندایی ، بلّیندێ ، (بکـ.) **بلّندایی** . (جنـ.) بولەنێ .

بلندبوون ـ (مصت . لا.) ١ـ دوورکەوتنەوەی (زۆر) و (مانگ) لە ئاسۆی خۆرهەڵاتەوە . :: مانگ زۆر بڵندە . ٢ـ ڕاستبوونەوەی کەسێکی دانیشتوو لە جێی خۆی بۆ ڕێزگرتنی کەسێ یا هەر مەبەستێکی دیکە . :: هەر هاتەژوورێ خەڵکەکە یەکپێ لەبەری بڵندبوون . ★ لەبەهەستان . لەبەرهەڵسان.

لێبڵندبوون ـ (مصت. مت.) ، (کنـ.) تووڕەبوون لە کەسێ و لە شوێنی دانیشتنی خۆ کەوتنە جموجۆڵ و هەڕەشە و قسە بە توندکردن . ★ لێدەرپەڕین ، لێدەرهەڵبوون ، لێڕاستبوونەوە .

بلندبوونەوە ـ (مصت. لا.) هەڵبەزینەوەی شتێ پاش ئەوەی وە عەرزێ دەکەوێ. ★ هەڵستانەوە .

بلندکردن ـ (مصت. مت.) ١ـ هەڵگرتنی شتێك و لە شوێنی خۆی بەرەو حەوا بردن یا جوڵاندنی . :: کەمێك سەری ئەو دارە بڵندکەن . دەستێکی دەگەڵ بدەنێ و تێژەکەی بۆ بڵندکەن . ٢ـ هەڵچنینی دیوار و خانووبەرە و... :: خانووەکەی وەها بڵندکردوە ماڵی مەی خنکاندوە . ئەو دیوارەتان بۆچی وا بڵندکردوە . ٣ـ هەڵبڕینی دەست و قاچ و سەر و ... :: تۆزێ قاچت بڵندکە . کوڕە دەستت بڵندکە . ٤ـ (کنێر.) أ) دزینی شتێك، سووکەدزێ:: کیفی کابرایان بڵندکرد (جزدانەکەیان دزی) . ب) سازکردن و هەڵگرتنی ئافرەت بۆ کەیف و ڕابواردن . تێبـ ـ بەم دوو

مەعنایە ، ئەم دوایانە لە (فارسی)ڕا پەڕیوەتە ناو زمانی کوردی .

بلندی ـ [بڵند + ٢ـ ئی] ، (نت.) ، (حمصـ.) تم : بڵندایی .

بلۆسك ـ [أ] ، (نا.) ، (سیمـ.) تم : ١ـ بستە/١ .

بلیند ـ (صـ.) ، (مکـ.) تم : بڵند.

بلیندایی ـ (نت.) ، (مکـ.) تم : بڵندایی .

بلێسە ـ [بڵ أ + ئایس (ئایسان) + ٥ـ ئە/١] ، (نت.) ١ـ گەرمایی ئاگر کە لە دەوروبەری ئاگردان و .. هەست بە بزووتنەوە و زیاد و کەمبوونی دەکرێ . تێبـ ـ سووتەمەنی (دار ، نەوت ، ڕەژێ ...) لە کاتی سووتانیاندا هەندێ (غاز) دروستدەکەن کە وێڕای سووتەمەنی ئەوانیش هەر دەسووتێن و گەرمایەکی (متمرك) لە دەوری خۆیان پەیدادەکەن کە هەندێ جار کەم و هەندێ جاریش زۆر دەبێ ـ بە پێی ئەندازەی ئەو (گاز)انەی لە سووتانی سووتەمەنی و تەرکیببوون دەگەڵ هەوای دەوروبەر ـ ئەوەیە کە ئەو کەسانەی لە نیزیك ئاگردان ، سۆبە و ... دادەنیشن ، وا هەستدەکەن کە تینی گەرما هێرشیان بۆ دێنێ . ٢ـ (مجـ.) تەووژمی گەرمای زۆری هاوێن کە (با) دەیجوڵێنێ . ★ (جنـ.) بلێز . (مکـ.) پێت .

بلێت ـ (نا.) ، (کنێر.) پارچە کاغەزێکە بە چاپ شتی لێدەنووسن و بۆ چوونە ناو سینەما ، تەماشاخانە (تیاترۆ) و سواربوونی (پاس) و

شەمەنەفەر و ... دەیفرۆشن ★ (کعر.) بلیت ، بێتاقه ، تیکت . تێب ـ فارسەکان ئەم ووشەیان لە فرەنسێ وەرگرتوە و لە ڕێگای زمانی فارسیێڕا هاتۆته ناو زمانی کوردیێ لە کوردستانی ئێران .

بلێتمانه ـ |ئا| ، (نت.) ، (مک.) کێم و جەڕاحەتێکه بە هۆی هەندێ نەخۆشیێ مەعدە و ڕێخۆڵە ، لە ئەندەرۆنی ئادەمێزادا دروستدەبێ و بە شکڵی گرمۆلەگرمۆلەی تۆزێ سەخت و ڕەق کۆدەبێتەوە و بە ڕێگای پاشەوەدا دێتەدەر .

بن ـ [ست : بۆنه ، پە : بون] ، (نا.) ١ـ لای خوارەوەی ئەوان شتانەی کەم یا زۆر قوڵن . (بە دێوی ناوەوەیاندا) . :: بنی هەمبانەکەی هێنایە دەرەوە (دەستی دە هەمانەکە ڕۆکرد هێچی تێدانەبۆ ، بۆ ئەوەی نیشانی بدا لە دێوی ڕایکێشایە دەرەوە) ، بنی کۆم (ئەو شوێنەی کە دەگاتە سەر خێزی .) ٢ـ لای خوارەوەی هەندێ شت (لە دێوی دەرەوەڕا) کە دەکەوێتە سەر زەویێ :: بنی کەوش★بنك● **لە بنی کۆلەکەی‌دا ـ** (کن.) هەرچێ هەبۆ ئاشکرای کرد. تێب ـ بە گشتێ جیاوازێ نێوان ئەو دۆ مانایە ، بە شوێنی دەکارهێنانی ووشەکە دەردەکەوێ کە مەبەست دێوی دەرەوەیە یا ژۆرەوە . :: چۆڕێ ئاو بکه بنی ئەم جامەوە (دێوی ژۆرەوە) ، بنی جامەکە لەسەر زەوێ دامەنێ (دێوی دەرەوە) . ٣ـ مەودای نێوان زەوێ و هەر شتێکی تری وەکۆ مێچی خانۆ ، بەرزایێ کەم بێ یا زۆر :: خۆمان هاوێشته بن پردەکه تا فڕۆکەکان ڕەتبۆن . یا لە بن ئەم ساباته دانیشین تۆزێ ماندۆمان بحەسێتەوە . ٤ـ دوایێ هەر شتێکی بە پێوە ، لەسەر زەوێ وەستابێ . :: بن دێوار ، لەبن ئەوداره دانیشین تا شێرکۆش دەمانگاتێ . ٥ـ پەردەیەکی تەنکه لە ناودشەرمی کچاندا . ★ (مک.) کچێنێ . (جنـ.) دوخترۆنێ ، (بک.) کچانێ (سنـ.) کەنیشکێ . ٦ـ ئاخری هەندێ شت . :: بچێته بنی دنیاش دەستم هەر دەیگاتێ . ٧ـ ڕەگی هێندێ گیا و سەوزه کە زۆر یا کەم گەورەدەبێ و هێندێکیان وەکۆ : (تور ، گێزەر ، شێلم و...) بە کەلکی خواردن دێن . ٨ـ ژێر . :: لەبن لێفەکەوە چاوی زێت دەچۆوە . پارەکانم لەبن دۆشەگەکه داناوه بۆمبێنه . تێب ـ ئەم مانایه دەگەڵ ئێ (٣) تۆزێ لێكجیاوازن ، لێره ئەو شتەی دەکەوێته (بن) شتێکەوە دەنوسێن بەڵام لە مانای سێیەمدا لێكدۆردەبن .

بناچه ـ [بن/٦ + ئاچه أ] ، (نت.) تە : بنەچەکه .

بناخه ـ [بن/٦ + ٢ـ ئاخ/١ + ٥ـ ئە/١] ، (نت.) ١ـ ئەو بەشەی دێوار کە دەکەوێته خوار ئاستی زەوی . تێب ـ بۆ دانانی بناخه ، زەوێ هەڵدەقەنن تا دەگاته سەر (خار) و ئەوجار بە بەرد و قسڵ (ئێستا چیمەنتۆ و ...)

دایدەڕێژن تا دەیگەیێننەوە ئـاستی زەویٚ ، پاشان دیواری لەسـەر بەرزدەکرێتەوە . ★ **(گکە) تەمەڵ**، (مکـ) بنـاغە ، بنەڕەت . (سیمە) بنچێنە . (بکـ) بنگە . (جنە) **پیی**. ٢ــ ئەساسی هەر ئیش و کارێك . ★ بنیات ، بنیاد .

بنار ــ [بـن/٤ + ئـار/٥] ، (نتـ) ئەو شوێنەیە کە چیا و کێو دەگـەڵ زەویٚ لێکدەدەنـەوە و پێدەشت دەس پێدەکا . :: سلەیمانیٚ لەبنـاری **گۆیژەیـە** . بنـارگل مەڵبەندێکی کوردستانە لە گەرمیان. ★ (جنو) **بنەتار** . هس : (جنە) بنـار . بنـاری ، هـەوراز ، سەربەرەوژوور .

بناغە ــ (نتـ) ، (مکـ) تـە : بناخە .

بناغەدانان ــ (مصتـ. متـ.) ، (مکـ) ١ــ دامەزراندن و داڕشتنی ئەو بەشەی دیوار کە لـە ئاستی زەویٚ نزمتـرە و ئـەرزی بـۆ هەڵکەنـدراوە . ٢ــ (مـجـ) دەسـت کردن بـە دامەزرانـدن و بنیاتنانی هەر کارێك و هەر شتیٚ :: تۆ جـاریٚ بنـاغەی کارەکـەت دانەناوە قازانجەکەی بەشدەکەی ؟ ئەم کچۆڵەیە تازە بناغەی مەمـکی داناوە . ★ بنیاتنان . بنیادکردن.

بناغەدانەوە ــ (مصتـ . متـ.) (مـکـ) هەڵکەنـدنی زەویٚ و گەیـاندنیە سـەر (خـار) و ئامادەکردنـی بۆ هەڵچنینـی ئـەو بەشەی (دیوار) کە لە ئاستی زەویٚ نەویٚترە .

بناگوێ ــ [بن/٦ + ئا (= ٣ــ ئە/٢) + گوێ] ، (نتـ) ، (سیمە) تە : بنانگوێ .

بنانگوێ ــ [بن/٦ + ٢ــ ئان/١ + گوێ] ، (نتـ) ، ١ــ پشـتی **گوێچکە** ، نێوانی **لالەی گوێچـکە و** کاپۆلی سەر بەلای پشتەوەدا . ٢ــ (مجـ) زۆر نیزێك . :: مردن لـە بنـانگوێیانە . لـە **بنـاگوێی** دەنـگیدایەوە . ★ (سـنـ) بناگوێچکە . بنگوێ ، بنگوێچکە . (سیمـ) بناگوێ . (بکـ) بناگوه .

بناو ــ [؟] ، (نـا) دارێـکی پڕلـق و پۆپە ، گـەڵاکانی خڕ و درێژۆکەن ، دەوریان ددان ددانە ، وەکو چەتر رادەوەستن . دارەکـەی پتەوە و شلـکە ، لە دارتـاشیدا بەکاردێت و بۆجوانیش لە کەناری چۆگە و خەیابانانیش دەنێژریٚ .

١ــ بناوان ــ [بنـە/١ + وان (ئە : ڕاگرتن)] ، (نتـ) ، (مکـ) ئافرەتێـکە ئیش و کاری مـاڵ ڕادەپەڕێنیٚ و دەگەڵ پیاوی خاوەن ماڵ مشوری دەخوا ، جا حەزدەکا ژنی بیٚ یا دایك و خوشکی یا هەر ئافرەتێکی دیکە ، بێجگە لـەوەی کە پێی دەگوتریٚ کارەکەر یا کڵفەت. ★ (سنـ) بنەوان .

٢ــ بناوان ــ [بن/٦ + ١ ــ ئاو/١ + ٢ ــ ئان /١] ، (نتـ) ، ئـەو ئاوەیە بە هۆی هەڵبەستن (بەند) لە شوێنێك پۆنگ دەخواتـەوە و بـۆ کشتوکاڵ کەڵکی لیٚوەردەگیرێت.

بناوانهەڵبەستن ــ [٢ــ بناوان + هەڵبەستن] ، (مصد. متد.) ، (مک.) دروستکردنی دیوارۆکەیێك (بە هەر جۆرە کەرەستەیەك بێ) لەبەردەمی ئاوێکی ڕەوان بۆ کۆبوونەوە و بەرزبوونەوەی ئاستی تا لابدرێ بە جێگایەکی ترا بڕوا ، لە کوردستانی خۆمان ئەمە هەر بۆ کشتوکاڵ دەکرێ .

بناوبوون ــ [بن/١ + ١ــ ئاو/١ + بوون] چۆنەخواری شتێك بە ئاوی چۆم و ڕۆبار و ...دا و لەبەر چاوگومبوونی (گرینگ نیە چەندە بە ئاودا دەچێتەخوار ، هەر ئەوەندە بەسە ئاوی بەسەر بکشێ و وونبێ .

بنباخەڵ ــ (نت.) ، (کعر.) تە : بنەنگڵ .

بنبار ــ (نت.) تەمبەڵێتێکە لە ژێربارەوە دەخرێتە سەر پشتی وولاخ . // سەربار .

بنباڵ ــ [بن/٨ + ١ــ باڵ/٢]، (کعر.) ١ــ تە : بنەنگڵ :: « هەر دەستیدایە بن باڵی کابرا ، ڕاستیکردەوە و داینیشاند و پێیگوت یاڵلا نانەکەت بخۆ » . ٢ــ تە : خاڵگە .

بنبڕکردن ــ (مصد. متد.) ١ــ ڕیشەدەرهێنانی گیاوگۆڵ و دارودرەخت . ٢ــ (مجـ.) دوایپێهێنانی کار و مەسەلەیەك ، بڕینەوەی کێشە و هەرایەك بە یەکجاری ★ (سیمە. ، سنە.) بنەبڕکردن .

بنبزیو ــ (صت.) ، (مک.) تەبیعەتی گۆڕانێ و بەستەی سۆك

کە ئادەمیزاد بە بیستنی لە شوێنی خۆی دەکەوێتە جموجۆڵ .

بنپاڵ ــ [بن/٨ + پاڵ] ، (سنە.) تەنیشت بە تەنیشتەوە ★ (مک.) بنچغ ، تەنیشت . (سنە.) بنتەك .

بنپژان ــ [بن/٥ + پژان] ، (مصد. لا.) ، (کعر.) تە : بنڕژان .

بنپژاندن ــ [بن/٥ + پژاندن]، (مصد. لا.) ، (سنە.) ، (کعر.) ١ــ دڕاندنی پەردەی کچێنی کچێکی مێردی نەکردبێ . ٢ــ (کنـ.) جووتبوونی پیاوێك دەگەڵ کچێك . تێبـ ــ ئەم مەصدەرە وەختێ بەکاردێت کە مەسەلەی ژن و مێردایەتی لە گۆڕێ نەبێ ★ (مک.) بێبەنکردن . (سنە.) کەنیشکی هەڵگرتن .

بنپشك ــ (صت.) کچێکی بە منداڵی ژن بەژنەی پێکرابێ و بۆ برای یا هەر کەسێکی خزمی خۆی درابێ بە ژن .

بنپەرگ ــ (نت.) ڕێزێك چنینە لەسەر بنی کەڵاشی کوردێ ، وەکو بناغەیەك دەیچنن پاشان ئەسڵی کەڵاشەکەی لەسەر دەچنن ★ پەرگەما .

بنپەل ــ (نت.) گەڵای تووتنە کە لەبن گەڵای ئەسڵێ دەردەچێ و لە پێش شکاندنەوەی تووتنا لێدەکرێتەوە .

بنپێتل ــ (نت.) ، (مک. ، کیـ.) تە : بنەنگڵ .

بنتێك ــ [کو. تو .] ، [بن/٦ + تێك] ، (نت.) ، تە : بندرۆ .

بنج ــ [بن/٤ + ج ٤] ، (نت.)،

(کعر . ، سنـ.) ١ـ ڕەگ و ڕیشەی گژوگیا . ٢ـ لق و پۆپی ئەو گیاوگژانەی بەرز نابنەوە و هەرسەریان لە زەوی دەرهێنا بەولاولای خۆیاندا دەشکێنەوە ★ (مکـ.) پنج .

بنجداکوتان ـ (مصتـ. لا.) ، (کعر.) ١ـ گۆڕانی شەتلی هێندێ گیا و گژ و شینبون و لق و پۆپدەرکردنیان :: فرێزەکە بنجیداکوتاوە . ٢ـ (کنـ.) سەرگرتن و چەسپانی کارێك . جێقایمبونی کەسێك لە کارێك یا وەزیفەیەکدا :: ئەم شەریکەیە بنجیداکوتاوە . ٣ـ (کنـ.) زۆردانیشتنی کەسێ یا کۆمەڵێ خەڵك لە شوێنێك . :: هەرهەڵناستن دەڵەی بنجیانداکوتاوە . ★ (مکـ.) بنجداکوتان ، ڕیشەداکوتان .

بنجۆ ـ [عا. کو.] ، [بن = ابن + جۆ] ، (کعر.) ، (نتـ.) ، (صتـ.) حاڵی کەسێکی بنەچەکەی جولەکەبێ و خۆی مسولمان بوبێ. ★ (مکـ.) بنەجۆ .

بنچاڵ ـ (نتـ.) دەغڵ و دانێ کە دوای دەرهێنانی چاڵی گەنم یا جۆ، لەبنەوەدا دەمێنێتەوە و تێکەڵ بە کاوکۆتی چاڵەکە بوە و پێویستی بە خاوێنکردنەوەیەکی باش هەیە.

بنچغ ـ [بن/ ٨ + چغ ؟] ، (نتـ.) ، (مکـ.) تە : بنپاڵ . :: کوڕە دە لاچۆ لە بنچغم .

بنچك ـ [أ] ، (نتـ.) ، (سنـ.) داری بێبەر کە زۆر کەم بەرزدەبێتەوە و بۆ سوتاندن و ... کەڵکی لێوەردەگیرێ ★ (مکـ.) بنچك . (سنـ.) متك . (سیمـ.، سنـ.) دەوەن .

بنچینە ـ [بن/٨ + چین (هەڵچنین) + ٥ـ ئە/١] ، (نتـ.) تە : بناخە/١ .

بنخەرمان ـ (نتـ.) ئەو دەغل و دانەیە کە پاش هەڵگرتنی خەرمان، لە جێخەرمان دەمێنێتەوە و بۆ کۆکردنەوەی جێخەرمانەکە دەماڵن و خاك و خۆڵی تێکەڵاودەبێ . ★ (مکـ.) بنەپێت .

بندرخە ـ [أ] ، (نتـ.) ، (هلـ.) هەفتەی شەشەمی زستانە بە حیسابی کوردەواری لەمەڵبەندی هەولێر ، دەکەوێتە نێوان (بەند) و (مەیرەم) .

بندرۆ ـ [بن/٨ + درۆ (درۆن ـ یا ـ دروێنە)] ، (صتـ.) ١ـ شێوەیەکی درۆنی زارکی جەواڵ و تێر و ئەو جۆرە دەفرانەیە ، کە ڕاست لەسەر ئەو شوێنەی شتی ناو دەفرەکە دەبڕێتەوە (ئەگەر بلوێ) دەیدرۆن تا بارەکە قایمتربێ . ٢ـ جۆرێك دروێنەی دەغڵ و دانە کە بەشی زۆری ساقەتی گەنم و جۆی دەگەڵ دەدرۆنەوە بۆ ئەوەی (کا)ی زۆر بێ .

بندانەوە ـ (مصتـ. متـ.) ، (مکـ.) هەڵقەندن و دەرداني خاك و خۆڵی دەوری بنجە گیایەك یا دارێك بۆ ئەوەی بە بنە هەڵکەندرێ .

بندیان ـ [عا. کو.] ، [بن =

ابن + دیان] ، (نت. ، صت.) ، (هل.) ١ـ هەر کەسێکی بنەچەکەی عێسایی و خۆی مسولمان بوبێ . ٢ـ ناوی عەشیرەتێکی کوردە لە پارێزگەی هەولێری کوردستانی عێراق مەڵبەندی ئۆتۆنۆمی (حوکمی زاتی) .

بن‌ڕدێن ـ (نت.) ، (مک.) ئەو شوێنەی دەکەوێتە ژێر چەنەی پیاوان ، ئەوەندەی مۆی لێ دەڕوێ.

بن‌ڕدێن‌هەڵدانەوە ـ (مصت. مت.) تاشینی مۆی ئەو شوێنە تا حاستی چەناگە .

بن‌ڕژان ـ [بن/٥ + ڕژان] ، (مصت. لا.) ، (مک.) نەمانی کچێنی کچێك ـ کە شوی نەکردبێ ـ لە ئەنجامی هەر زەبرێکی بەو شوێنەی (بێجگە لەجوت‌بون دەگەڵ پیاو) :: کچێ ئەو بازبازێنەت لە چیە بنت دەڕژێ . ★ (کمر.) بن‌پژان .

بن‌ڕێسمە ـ (نت.) ، (مک.) پارچە دارێکە (تەختە یا کوتەرە) قوڵی‌دەکەن (یا کونەودێو) ، زمانەی خوارەوەی لاشێپانەی دەرگای دەچێتە ناو و دەبێتە هۆی کرانەوە و پێوەدرانی دەرگا . // سەرڕێسمە.

بنژێل ـ [بن/٨ + ژێل ؟] ، (نت.) ، (مک.) کاڵای خراپ و دەغڵ و دانی ئاشاغە کەپاش‌فرۆشتنی چاکەکانی ، لە بنی عەمبار و دوکاندا دەمێنێتەوە ★ (سنـ. ، جنـ.) بنجوڵ .

بنك ـ [بن + ئك] ، (نت.) تە : بن/١ و ٢ . ٢ـ تە : ئاغزە . تێب ـ لە نێوان دەنگی (ن) و (ك)دا بزوێنە کوردێ هەیە .

بنکڕ ـ [بن/١ + کڕ (کڕاندن)]، (نت.) ١ـ ئەو بەشەی قبوڵێ و پلاو کە بە بنی مەنجەڵەوە دەنوسێ و سوردەبێتەوە . ٢ـ بەشێك لە هەمو چێشتێکی‌تر کە وای بەسەر هاتبێ :: بنکڕێ فڕنی خۆشە .

بنکۆڵ ـ (نا.) ، (مک.) تمـ : بنکۆڵ‌کردن .

بنکۆڵ‌کردن ـ [بن/٤ کۆڵ (کۆڵین) + کردن] ، (مصت. مت.) ، (مک.) ١ـ کۆڵینەوە و هەڵکۆڵینی بنی شتێ (دار ، دیوار ...) بە نیازی هاسان‌کردنی خستن و ڕوخاندنی. ٢ـ (مجـ.) کنەکردن و پیلان‌گێڕان دژی کەسێ یا هەیئەتێکی کۆمەڵایەتی ، بە شێوەیەکی ئەوتۆ تا بە خۆی دەزانێ پرزەی بڕابێ . ★ (سیمـ ،، سنـ.) بنکەن ، بنکەند (کردن) .

بنکە ـ [بنە/١ + کە (ئمـ : پچوکی)] ، (نت.) ، (تد.) ئەو شوێنەیە لە شەڕی پێشمەرگەیێدا (پارتیزانی) ، پارتیزانەکان (پێشمەرگەکان) لێی‌کۆدەبنەوە و پاش پەلاماردانی دوژمن دەگەڕێنەوە ئەوێ . (عا.) القاعدة العسكرية .

بنکەجغارە ـ (نت.) ، (مک.) تمـ : ئاغزە .

بن‌کەڵێشە ـ [؟] ، (نت.) ، (مک.) ١ـ دەروونی ئادەمیزاد ، ناو قەپێلك و قاڵبی ئینسان . ٢ـ (مجـ.) ناو بیرو هۆش . ● **شەیتان چوتە بن کەڵێشەی ـ** (کنـ.) ، هانی‌دەدا بۆ کردەوەی نالەبار .

بنکەن ــ (نت.) ، (سیم. ، سن.) تم : بنکۆڵ .
بنکەند ــ (نت.) ، (سیه . ، سن.) تم : بنکۆڵ .
بنکەن (د) کردن ــ (مصت. مت.)، (سیه . ، سن.) تم : بنکۆڵکردن.
بن‌کەوش ــ [بن + کەوش ؟]، (نت.) ، (هل. ، کی.) تم : بنکەنگڵ.
بنگۆس ــ (نت.) ، (هو.) تـم : بست .
بنگیس ــ (نت.) ، (سن.) تم : بست . تێب ــ لەوە دەچێ ئـەم وشـەیە و (بنگۆس) هەورامێ و (بکس)ی لـوڕێ (جنـوبێ) هەرسێکیان لە (بن) و (ئەنگوست) پێکهاتبن .
١ــ بنۆك ــ [بن/٨ + ئۆك/١٢ ، (نت.) ، (مک.) ١ــ تێسکی کورتـی خوریبە کە پاش بەشانەکردنی خورێ بە بنی (شانە)وە دەمێنێ و بـۆ گوریس و گورەوێ خراپ و ... بەکاری‌دێنن .
٢ــ بنۆك ــ [؟] ، (نت.) «گیایەکی دەشتییە وەك توێسێ وایە ، بـە ووردێ ئەکرێتە برێنـی ئاژاڵـەوە چاکی ئەکاتەوە . » (تم : خا. ، ب١ ، ل ــ ١٢٩) .
بنە ــ [پە : بونەك] [بـن/٧ + ٥ــ ئە/١] ، (نت.) ١ــ ماڵـی ئەسڵێ ئەو کەسانەی لە ماڵێـك زیاتریان هەیە . ماڵی ناو ئاوایـێ ئەوانەی هاوێنان بۆ خاتری مەڕ و ماڵاتیان دەچنە هەوارێ . :: بنـەی تیرەی (ڕۆغزایێ) جافـان لـە (گامەخەڵ)ە . ٢ــ کەلوپەلی ژیانی

تایبەتێ ئەوانەی بـە کاروان لـە وولاتێکەوە بۆ وولاتێك یا شارەوشار بـۆ سەوداوکرێـن و فرۆتـن دەڕۆیشـتن . ٣ــ نوختـەی ناوڕاستی خەرمانێك کە بە (گـا) گێرەدەکرێ ٤ــ یەك دێ گونـدن . لە دەوری چەمچەماڵ لە کوردستانی عێراق :: بنەوبنەکان .
تێب ــ گایەکی بەتێن و توان دەخرێتە ناوەند و (گا)کانی دێ بەسـەر (کلـۆش)دا بڵاودەکرێنـەوە و دەستدەکەن بە سۆڕان لەسـەر خەرمانەکە ، بـەڵام (گا) یـەکەی نێوەڕاستێ هەر بە دەوری خۆیـا دەسوڕێتەوە و جێـگۆڕکێی زۆر کەمە (هەروەك نەبێ وایە) ، جـا بۆیە ووتراوە « دەڵەی گای بنەیـە هەر نابزوێ » . ٤ــ أ) کۆختەیەکە ، ڕاوکەر بە پـوش و پـەڵاش و چڕوچێلکە دەیـکەن و لـەوێڕا تفەنگ دەتەقێننە نێچیر . ب) هەر بن پنچك و دەوەنێك کە بۆ مەبەستی خۆشاردنەوە لە نێچیر ، ڕاوچـێ کەڵکی لێوەربگرن . ★ (مکـ.) سێپە/١ . حاشارگە .
بنەبان ــ [بن/٦ + ٣ــ ئە/٢ + ١ــ بان/٣ ج] ، (نت.)ئاخریـن شوێن لە جێگەیێکی مەحدوددا . :: تا بنەبانی ئەشکەوتەکە چوین . ئەو کتێبەی بنەبانێم بۆ بێنە .
بنەبڕکردن ــ (مصت. متـ.) ، (سیه. ، سن.) تم : بن‌بڕکردن .
بنەپێت ــ (نت.) ، (مک.) تم : بنخەرمان .
بنەتا ــ (نت.) ، میقدارێـك

(کالاّ)کە لە نێوەی لاباریێك کەمتــر جێگا بگریّ و لــە بنــی گونیــە و جەوال و . . .دا دابنــــدریّ . :: تۆتنەکەمان داگرت پێنج فەردە بۆ بە قەدەر بنەتایەکێش ماوەتەوە .

بنەتار ــ (نت.) ، (جــف.) تە : بنار .

بنەتۆ ــ (نت.) ، تە : بنــەتۆو

بنەتۆم ــ (نت.) ، تە : بنەتۆو.

بنەتۆو ــ [بن/٧ + ٣ــ ئە/٢ + تۆو] ، (نت.) ، (مک.) ئەوەندە گەنم و جۆ (یا دانەوێڵەی تر) کە دەکرێ بە (تۆ) و دادەچێندریّ . :: ئەم گەنمە بنەتۆوی سێ تەغارە . ★ بنەتۆ . بنەتۆم . بنەتو . (جنو.) بۆتۆم .

بنەتو ــ (نت.) تە : بنەتۆو .

بنەجۆ ــ [عا. کو.] ، (نت.)، (مک.) تە : بنجۆ .

بنەچە ــ [بن/٦ + ٣ــ ئە/٢ + چە (چەك) ؟] ، (نــت.) تــە : بنەچەکە .

بنەچەکە ــ [بن/٦ + ٣ــ ئە/٢ + چەك ؟ + ٥ــ ئە/١] (نت.) ، (مک.) **ئەسڵێکی** خێزانی کەسێــکی دەچێتەوەسەر . پشتاوپشتی کەسێ یا خێزانێ . :: بەبنەچــــەکەیدا چوەخوارێ (ناوی چەند پشــــتی هەڵدا ، جوێنی بە چەند پشتیدا) . ★ بناچە ، بنەچــە ، بنیچــــە ، ڕەچەڵەك . ★ (جن.) بنچێنــە ، ڕچڵەك .

بنــــەدار ــ (نت.) کۆتــــەرەو پاشاوەی دارێــکی بڕابێتــــەوە و هێندێکی مابێ .

بنەڕەت ــ [بن/٦ + ٣ــ ئە/٢ + ڕەت] ، (نت.) (مک.) ١ــ تە : بناخە . ٢ــ ڕەگ و ریشەی دارانە.

بنەگرتۆ ــ [بنە + گرتۆ (نمف : گرتن)] ، (صمت.) حاڵی هەر شتێ یا کەســێ یــــا کارێ کە ڕەگــــی داکوتابێ و سەریگرتبێ . :: ئەوەی میللەت نەیەوێ قەت بنەگرتۆ نابێ.

بنەگۆگەم ــ [بن/٧ + ٣ــ ئە/٢ + گۆگەم] ، (مک.) ، (نت.) ١ــ بنی گیای گۆگەم بە کەڵکی سوتاندن دێ و ئــاگری درەنگ دەکوژێتەوە، دەیکوتن کەفێکی لێپەیــدا دەبـــێ دەیکەنە گۆمەوە ماسێ دەکوژێ . ٢ــ پیاوی کورتەبنەی تێكسمڕاو.

بنەماڵ ــ [بنە + ماڵ] ، (نت.) ١ــ خیزانی ئەشراف و نەجیــب . ٢ــ هەر ئینسانێکی لە خێزانێکی ئاوا کەوتبێتەوە ★ خانەدان .

بنەماڵە ــ [بنەماڵ + ٥ــ ئە/١]، (نت.) ، (مک.) کۆمەڵێ خزم و قەومی یەکتر (دوور و نیزیك) کە بنەچەکەیان دەچێتەوە ســەر کەســـێك . :: بنەماڵەی شێخان گەلێ لق و پۆپی لێبۆتەوە . بنەماڵەی ئەردەڵان چەند پشــت لە سنە والێ بــون . ★ (بک.) مالبات .

بنەمێو ــ [بن/٨ + ٣ــ ئە/٢ + مێو] ، (نت.) تاکە دارێکی ترێ . :: ڕەزی مەلا قادری سێتەك هەزار بنەمێو دەبۆ .

بنەنگڵ ــ [بن/٨ + هەنگڵ] ، (نت.) ، (مک.) ئەو شوێنەیە کە لە ژێر شانی ئادەمیزادەوە دەکەوێــتە نێوان (باسك) و (تەنیشت) . ★

(سیمە.) بن‌باڵ ، بن‌باخەڵ . (هلە.، کیە.) بن‌کەوش . (مکە.) بن‌پێتڵ .
بنەوان ــ [بنە/١ + وان (ئمە.)]، (نتە.) ، (سنە.) تم : ١ــ بناوان .
بنەوبارخانە ــ [بنە/٢ + و + بارخانە/٣] ، (نتە.) بار و بارخانەی (تم : ــ٢ بازرگانێ دەگەڵ کەل و پەلی ژیانی تایبەتێ خوێ و چاروێدار و کاروانچیەکان . ★ (مکە.) باروبنە .
بنەوش ــ (نا. ، صە.) ، (مکە.، سیهە.) ڕەنگێکە لە تێکەڵبونی دوو ڕەنگی‌شین و سوور پەیدادەبێ . تێبـ ــ ئەم ووشەیە لە ناوی گوڵی (وەنەوشە) وەرگیراوە ★ (مەنگوڕایەتی) مۆر . (سیمە.) بنەوشەیی . (سنە.) وەنەوش . (بکە.) بنەفش . (جنە.) بنۆوش .
بنەوشان ــ [بنەوش + ٢ــ ئان/٧] قەزوانە کە دەوری‌فەریکی بەسەر چوبێ و تەواوێش ڕەق‌هەڵنەهاتبێ و هێشتا شنکابێ و ناسکێ تیدامابێ ، لەو وەختەدا توێکڵەکەی دوڕەنگ دەبێ هێندێکی بنەوشی مەیلەو شین و توزێکیشی سووری بارە و زەرد .
بنەوشەیی ــ [بنەوشە + ٣ــ ئی] ، ١ــ (صتە.) هەر شتێکی پێوەندی و نیسبەتی دەگەڵ گوڵی (وەنەوشە هەبێ ، هەر چێکی ڕەنگی وەکو گوڵی وەنەوشە وابێ . ٢ــ (نا.) ، (سیمە.) تم : بنەوش .
بنەوشی ــ [بنەوش + ٢ــ ئی]، (نتە. ، سنە.) تم: ٣ــ با/٦ (بای‌سور)
بنیات ــ [پهـ : بوندات] ؛ (نتە.) تم : بناخە/ ٢ .
بنیاد ــ (نتە.) تم : بناخە/٢ .
بنیاتنان ــ (مصتە. متە.) تم : بناغەدانان .
بنیادکردن ــ (مصتە. متە.) تم : بناغەدانان .
بنیادەم ــ [= عا : بنی‌آدم = کوڕانی ئادەم] ، (نتە.) تم : ئادەمیزاد .
بنێسك ــ [بن/٨ + ئێسك]، (نتە.) پاشماوەی صابون ، پارچەیێکی بچکولەی صابون کە دوای دەست‌پێ‌شوشتن یا شێو و کوڵ دەمێنێتەوە و دەست نایگرێ. تێبـ ــ ووشەی (ئێسك) لەم ووشەیەدا بە مانای (ڕەق)ە کە هەر بۆیەش بە (ئێسقان) گوتراوە .
بنێسی ــ [؟] ، (نا.) ، (مکە.) تم : بارێك و بنێسی .
بنێشت ــ [بەن + ئێشت ؟] ، (نتە.) (جەوێ)یەکی زەردباوە کە لە دارەبەن دەتکێتەوە و بۆ خۆش‌کردنی تامی دەم دەیجون . تێبـ ــ لە چەند شوێنێك دارەبەن (دارقەزوان) بریندار دەکەن و لە قوڕێکی کوچێلەیەك سازدەدەن و بە جێگا برینداره‌کانیانەوە دەنێن پاشان کە پڕبون لێیان‌دەکەنەوە و بەتاڵیان دەکەنە ناو مەنجەڵەوە ، ئەو جەویە لەم کاتەدا ڕەنگی بۆرزەرد و ڕەگەڕەگی ڕەشی تێدایە و تامی تاڵە ، دەیکوڵێنن تاڵایەکەی دەڕوا و ڕەنگی سپی مەیلە و زەرد دەبێ . بێجگە لە جاوێن بۆ داوودەرمان و سەنعاتیش

بەکاردێت و یەکێکە لەو کاڵایانەی کە لە کوردستان دەنێردرێتە دەرەوە ★ (سنە.) جاچك . جاچکە . (بکە.) بەنۆشت (تە : ژابا ــ ٥٧) بەنێشت (تە : کە . ٧٣) (هو.) وێژەن . (جنە.) جاچك . ● **کردن بە بنێشتەخۆشەی ژێردان** ــ (کنە.) ، (سیمە.) زۆر دووپاتەکردنەوەی قسەیەك . زۆر باسی شتێ کردن .

کردن بە بنێشتی مەلای مەزبوورە ــ (کنە.) ، (مکە.) ئاگاداریکردن و پاراستنی ماڵیخۆ . تێبـ ــ گۆیا مەلای مەزبوورە بنێشتی جاوێوە و کاتێ زاری شل‌بوە دەری هێناوە و بەسەری لۆتیەوە نوساندوە ، گوتوویانە مەلا ! ئەوە بۆ وا دەکەی ؟ گوتوویە دەمەوێ ماڵی خۆم هەمیشە لەبەر چاوم بێ .

بنێشتخۆش‌کردن ــ (مصتە. متە.) ١ــ کوڵاندن و پاڵاوتن و قاڵ‌کردنی بنێشت . ٢ــ جاوین و نەرم کردنەوەی بنێشتی ڕەق . تێبـ ــ بنێشت پاش کوڵاندنی ڕەق و تورت دەبێ و منداڵ نازانن بیجاون ، هەر لە دەمیاندا ووردبو فوتێ دەدەن، بۆیە یەکێك (دایکیان ، خوشکی گەورەیان لە پێشدا بۆیان دەجوێ تا نەرم‌دەبێتەوە و لەبەر یەك دەکشێ .

بنێشتەتاڵ ــ (نتە.) بنێشتێ کە هێشتا نەکوڵێندرابێ و خۆش‌نەکرابێ . جاچکەی نەکوڵێندراو ، بنێشتی خاو . تێبـ ــ لە کوردەواریێ ئەم جۆرە بنێشتە بۆ گەیاندنی هێندێ (کوان) بەکاردێنن . ★ (سنە.) جاچکەتاڵە.

بنێشتەخۆشکە ــ (نتە.) ، (مکە.)، (کنە.) تە : بنێشت ● کردن بە بنێشتەخۆشەی . . .

بنێچە ــ [بن/٦ + ئیچە ؟] ، (نتە.) تە : بنەچەکە .

بوار ــ [؟] ، (نا.) ، (مکە.) تەنکایێ نیسبیێ لەو چەم و ڕووبارانە، کە پیادە دەتوانێ پێیاندا بپەڕێتەوە. □ « هەتا مەلا ، مەلا بۆ ئێرە بواربۆ . » ★ (سنە.) بگار . (بکە.) بۆر .

بواردان ــ [١ــ بوار + دان]، (مصتە. لا.) تەنك‌بوونی هێندێ جێگەی چۆم و ڕووبارانە کە ماوەی لێدانی بۆ ئینسان هەبێ . :: « جەغەتۆ » قەت بوار نادا . « خاسە » و «ئاوەسپێ» بەهاران بوار نادن .

بواردن ــ (مصە. متە.) بەجێ‌هێشتنی شتێ و بە حیساب نەهێنانی ، بە هیچ‌دانانی :: هەر دوان بژمێرە و سێ‌یەمینیان ببوێرە لەو مەجلیسەدا کەسی نەبوارد و قسەی بە هەموویان گوت . ★ هەڵبواردن .

پێ‌ڕابواردن ــ [پێ (بە + ی = پێبفە.) + ڕابواردن /١] ، (مصتە. متە.) ١ــ گاڵتەکردن بە کەسێ . ٢ــ سەرخستنەسەر یەکێك . ٣ــ خۆخافڵاندن بە شتێکەوە . :: کابرایان بەگێر هێنابۆ پێیان ڕادەبوارد . وازی لێ بێنن پێی ڕامەبوێرن . ئەم ڕۆژانە بەچێ ڕادەبوێرن . **ڕابواردن** ــ [ڕا

(پێبف.) + بواردن] ، (مصتـ. لا.) ١ــ وەخـــت دەربـازکردن . ٢ــ کەیفکردن :: وەختەکەی بە هیچێ ڕادەبوێرێ . ئەمە کەی ژیانە ئێمە ڕایدەبوێرین . ٣ــ (نتـ.) کەیف و خـۆشی . :: □ «... ســـەری سورما لەو شوێنەی نەك لە مـاڵ ، لە ڕابواردنێشا پڕی کردبۆوە ...» (بلە ، ژان ، ل ــ ٧٥) .

هەڵبواردن ــ [هەڵ (پێبف.) + بواردن] ، (مصتـ.متـ.) تە : بواردن.

بوارە ــ [بوار + ەــ ئە/١] ، (نتـ.) ماوە ، دەرفەت . (عا.) مجال. (سنـ.) بگارە .

بوارەدان ــ (مصتـــ. متـــ.) ڕێگاپێدان ، ماوەدان بە کەسێ بـۆ کردنی کارێ :: دە بوارەی ئێمـەش بدەن با دوو قسە بکەین . ★ (سنـ.) بگارەدان .

بوت ــ [ستـ : بوئێتی = خوای درۆزنە] ، (نا.) ، (کئێر.) ١ ــ هەیکەلێکە بە شێوەی ئینسان یـا گیاندارێك لە بەرد، دار، مەعدەن و ...، ... دروستیـان دەکرد و دەیانڕازاندەوە و بە خوایان دەزانی و دەیانپەرست ٢ــ (مجـ.) یـار ، دڵدار ، مەعشوقە □ « هەر ئـەو بوتی فەرخارە هەر ئەو دولبـەری پارەم + هەر ئەو گوڵ و گوڵـزار و هەر ئەو تازە بەهارەم » (ئەدەب ، گمـ. ، ل ــ ٣٩) . ★ (کمر.) بت.

بوتپەرست ــ (نفا. ، صفا.) ، (کئێر.) تە : بتپەرست .

بوتپەرستی ــ (حمـصـ.) ، (کئێر.) تە : بتپەرستی .

بوتخانە ــ (نتـ.) ، (کئێر.) تە : بتخانە .

بوتری ــ [محر. بوتل] ، (نا.)، (کئێر.) تە : بوتڵ .

بوتڵ ــ [= ئینگلیسی : بوتل] ، (نا.) ، (کمر.) دەفرێکی شوشەیە بە شکڵی ئوستوانە دروستکراوە و پاشـان تەنگ دەبێتەوە تا زارکەکەی بە قەدەر (تەپەدۆر)ێـکی لێـدێ، تراوی جۆربەجۆری تێدەکەن . :: بوتڵێك ئاوی سارد . بوتڵێك نەوت. بوتڵێك ویسکی ★ (کئێر.) بوتری. (سیهـ.) قاپ .

بوختان ــ [محر. عا : بهتان] ، (نا.) کردەوە یا قسـەی ناڕاست کە وەپاڵ کەسێك بدرێ . ★ . (بکـ.) بوختان. (جنـ .) بۆخت ، بۆختۆم.

بوختان پێکردن ــ (مصتـ . متـ.) بە ناڕاست قسەیەك یا کارێك دانە پاڵ کەسێ . :: بوختانی پێدەکەن . بوختانی پێکرد گوتی هەزار تمەنم قەرزدارە .

بوختـــان کردن ــ (مصتـ. لا.) قسەی ناڕاست وەپاڵ خەڵکی دان، کردەوەی وەها وەپاڵ خەڵـکی دان کە نەیان کردبێ . ★ (بکـ.) بوختان کرن . (جنـ.) بۆختڕختە .

بوخچە ــ (نـا.) ١ــ پارچـە قوماشێکی چوار گۆشەی گەورە یا پچووکە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە بەکاردێت . أ) لە ماڵی کوردەواریدا ژنان جلوبەرگی تێدەدەپێچن و لەسەر تاقەی دادەنێن یـا دەنێو یەغدانـی دەنێن . ب) ئـافرەت کەلوپـەلی حەمامی تێدەنێن و دەگەڵ خـۆیانی

دەبەن . ج- بۆ هاتۆچۆ و سەفەران پێداویستی کەمی تێدەبەستن . د- فەقێیان کەلوپەل و کتێبی تێدەخەن . ٢- ئەو قوماشە بە بە ئامادەکراوی (بە کەلوپەلەوە) بۆ هەریەك لەو مەبەستانەی سەرەوە. □ «... تەنکە هەی تەنکە ، تەنکەی شێرازێ ، بوخچەکەی هەلگرت بۆ مالی قازێ » (فۆلکلۆر) . تێب - ئێستاکە چلۆنایەتی ژیان و باو و نەریتی کوردەوارێ دەستی بە گۆڕان کردوە ، بوخچەش لە مۆدە کەوتوە و (چانتا) و (ساك) و .. جێگەیان گرتۆتەوە . ★ (جنـ.) بۆشخە . بوخچەی نەکراوە. (نتـ.)، (کنـ.) کوڕێکی هێشتا ژنی نەهێنابێ.

بوخچەبگەردانێ - (نتـ.) ، (مکـ.) یاریەکی کوردەوارییە ، گەورە و بچوك دەیکەن، کۆمەلێك دەوراندەور دادەنیشن و (پرێسکە) یێك بۆ یەکتر هەلدەدەن و یەکێکیش کە (تێکەوتوە) لە دەرەوەی کۆڕەکە بە دەوریاندا هەل دەخولێ و هەولدەدا پرێسکەکە بگرێتەوە و لە دەستی هەر کەسی قۆستەوە ؛ ئەو کەسە تێدەکەوێ و جێگەیان دەگۆڕنەوە . ★ (کعر.) بوخچە بەگەردانێ . (سنـ.) بوخچەگەردان .

بوخچەبەگەردانێ - (نتـ.) ، (کعر.) تە : بوخچە بگەردانێ .

بوخچە تێکنان - (مصـ. متـ.) پێچانەوەی کەلەوپەل لەناو (بوخچە) یێکدا ، بۆ هەر مەبەستێ بێ .

بوخچەگەردان - (نتـ.) ، (سنـ.) تە : بوخچەبگەردانێ .

بوڕغێ - (نـا.) ، (کعر.) تە : بڕغۆ .

بوغ - (نا.) ، (مکـ.) ١- هەمۆ هەلم و دۆکەلێ ووشك و گەرم کە لە سوتانی سوتەمەنێ یا لەهەر شتێکی دیکە هەلدەستێ و گیانداران تەنگەنەفەس دەکات . ★ (سیـ.. سنـ. ، جنـ.) بۆق. ٢- غازێکە لە سوتانی سوتەمەنێ وەکو دار و خەلۆز هەلدەستێ و ئەگەر زۆر کونبڕ بێ ئەو خەلکەی تێدا دانیشتۆن سەریان دەکەوێتە ژان و هێندێ جار لە هۆش خۆیان دەچن و ئەگەر نوستبن و هەستی پێنەکەن دەشیانکوژێ . تێب. ئەم ووشەیە مانای دوەمی لە موکریان کە زستانان بۆ گەرمکردنی زۆر (کورسی) باوە ، بەکاردێت ناوی عیلمێ ئەو گازە (ئۆکسیدی کاربۆن)ە کە لە تەرکیبی کیمیایێ (کاربۆن) و (ئۆکسیژێن) پەیدادەبێ .

بوغارێ - [بوغ/١ + ئار/٥ + ١- ێ/٣] ، (نتـ.) ، (مکـ.) ئاگردانێکە لە دیواری خانوی کۆن دروست دەکرا ، زستانان بۆ گەرم داهێنانی زۆر ئاگریان تێدا دەکردەوە ، وەکی دیش بۆ چێشتلێنان کەلکیان لێ وەردەگرت ، دۆکەلەکەی بە دۆکەلکێشێکی تایبەتیدا کە لەناو دیوار بۆیان دەهێشتەوە دەڕۆیشت و لەسەربان دەردەچۆ . ئێستاش لە هێندێك خانوی تازەدا هەر بۆ جوانێ لە قولینچکێکی زۆر دروستدەکرێ . تێب - من وا دەزانم ئەم ووشەیە

لەو کەرتانەی پێکهاتووە کە نیشانم داون ، بەڵام دوکتۆر معین (تم : فەرهەنگ ، ج ١ ، ل ــ ٤٧٥) ووشەی (بوخاری) کە لەزمانی فارسیدا پێشان هەر مانای (بوغاری) کوردیی هەبوە و پاشان کە (کۆرەی فەرەنگی) جێگای بوغاری گرتۆتەوە بۆتە ناو ئەویش ، ئەم ووشەیە نیسبەت دەدا بە (بوخار)ی عارەبی و (ژابا)ش هەر (بوخاری) نوسیوە و دەگەڵ (بوخاری) فارسی بەراوردی کردوە (تم : ژابا ــ ٣٩) . و (مردۆخ)یش هەر بوخاری نوسیوە (تم : ب١ ، ل ــ ١٢١) . ★ (سیه.) مفەیری .

بوغرد ــ (محر. عا.) ، (نا.) تم : بخۆر .

بوغزا ــ [؟]، (ص.) ، (مک.) تم : باغر . □ « ماڵەکەڕە زۆر بوغزایە، هەر وا دەڕوانێ لە کلیسایە» (بەیتی جۆلەکان) .

بوغزابون ــ (مصد. لا.) ، (مک.) تم : باغربون .

بوغز ــ [عا : بغض] ، (نا.) ڕق، قین . :: بوغزی لە دڵ گرتبو .
بوغزلەزگ ــ (صت.) ، (مک.) حاڵی ئادەمیزادێ کە ڕق لە کەسێ هەڵبگرێ و لە وەختێکا دەریبڕێ.

بوغزاندن ــ [عا. کو.] ، (مصد. مت.) ، خۆش نەویستن ، ڕقلێبون :: من کەس نابوغزێنم . پیاوی دۆ زمان خوداش دەیبوغزێنێ .

بوغە ــ [بوغ + ە ــ ئە/١] ، (صت.) ، (مک.) حاڵی گای قەڵەوەی مل ئەستور :: تەماشای تەماشای دەڵەی گای بوغەیە . تێب ــ وەکو لە دۆستی شاعیرم مام هێمنم بیستوە مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی لە بابەت ئەم ووشەیە ڕای وایە کە بە گایەك ووتراوە دایانبەستبێ بۆ ئەوەی بیکەنە (قوربانی) ، مامۆستا (هێمن)یش خۆی لەو باوەڕەدایە کە بە گایەك ووتراوە بۆ (پەرستن) تەرخانکرابێ . هس : (بەغە) و (بەگە) لە زمانی ئاوێستایدا و (بهەگە) لە سانسکریتێدا بە مانای (خودا) و (بەگ)ی ئێستای کوردی و (بێگ)ی ئینگلیسی بە مانای پیاوی گەورە و چتی گەورە .

بولبول ــ (نا.) ، (مک.) ١ــ باڵندەیێکی پچکۆلانەیە بە ئەندازەی چۆلەکەیەك ، ڕەنگی پشتی کەوەیەکی ئاماڵ سور و بەرزگی زەردە ، دندوکی پچوك و خۆی بە تێکڕایی جوان و ژیکەڵەیە ، دەنگی زۆر خۆشە، هەر بۆیە دەیگرن و دەیکەنە قەفەزەوە . ٢ــ (صت.) ، (مج.) ا ــ حاڵی ئینسانێکی بێگرێ و گۆڵ و ڕەوان قسە بکا. ب ــ حاڵی کەسێکی دەمی ڕاناوەستێ و زۆر قسە دەکا . زۆربڵە .

بوڵغار ــ [؟] ، (نا.) ، (مک.) تم : جێر . :: تۆپی بوڵغار (تۆپی پچکۆڵەی یاری کە لە لاستیك دروستدەکرێ) . هەر دەڵەی بوڵفارە لەبەریەك دەکشێ .

بووار ــ (نا.) ، (هل.) تم : بەهار .

بووە ــ (صفا : هەبون) دەوڵەمەند ماڵدار ، حاڵخۆش .

بوهار ــ (نا.) ، (هـلـ.) تـم : بەهار .

١ــ بۆ ــ [ستـ : بەئۆذی . پە : بـۆذ ، بۆی] ، (نا.) غاز (گاز)ێکە لە هێندێ شتان هەڵدەستێ ، بە چاو نابیندرێ ، بەڵام لوت (حسی شامە) هەستی پێدەکات . ★ بۆن، بێن . (بـکـ.) بێهـن . تێبـ ــ أ) هێندێك شتی تەبیعی لە ئەنجامی تەفاعولی کیمیایی ناو خۆیانەوە ، بەشێك لەو ماددانـەی کە لێیـان پێکهاتون دەکەنە گازێــك کە لـە هەوادا بڵاودەبێتـەوە و ئەگەر لـە نێزیکیانەوە بێن بە لوتمان هەستیـان پێدەکەین جا لەوانەیە بە لامانـەوە خۆش بێ یا ناخۆش . ب) بۆنی شتــانی دەســتکرد ئەنجـامـی تێکەڵکردنی بۆنی تەبیعی‌یە دەگـەڵ ئەو ماددانەی شتەکانیان لێ دروست دەکرێ . ج) لە زمانی ئاوێستایێدا (بەئۆذی) هــەر بە بۆنـی خـۆش گوتراوە و ئێ (پەهلەوی)ش هەروایە.

٢ــ بۆ ــ (نا.) ، (خۆشناوەتی)، دێراوی هێندێ شتێنـاوەرد وەکـو تەماتە و تۆتن و خەیار و ... تێبـ ــ ئەم ووشـەیە لە (بێستان)دا گۆڕاوە (تم : ــ) .

٣ــ بۆ ــ (ئم .) ١ــ ئامـرازی پرسیارکردنە و لە سەرەتای ڕستـەی پرسیارەوە دێت و مانای (لەبەرچی؟) دەدات . □ «ئەی خوایە لـە کـام بادەیە دەرخواردت دان + بێهۆشن و بۆ هەتاهەتا سەرخۆشن ؟» (خەیامی هەژار ، ل ــ ٢٥) :: بۆ واتکرد ؟ بۆ چوبـە لای ئـەم کابرایـە ؟ بـۆ دەرسەکەت ڕەوان ناکەی ؟ ★ بۆچ، بۆچی ، چما ، چمان ، لۆچی ، لەبۆ . (سنـ.) بۆچە . تێبـ ــ ئەم ئامرازە تا ئەندازەیێکیش سەرسوڕمان تێکەڵ بە پرسیارەکە دەکات . ٢ــ [پە : بێ‌ئۆ = بۆلای ئەو] ، أ) لای ڕێگای پـێ دیار دەکرێ :: دەچێ بۆ سەر ئێشی. دڵشاد ڕۆیی بۆ کەرکوك . □ «هەمۆ ڕێیەك ئەچێتەوە بۆ بانە » (خـا ، پەنــــــد ، ل ــ ٤٩٤) . ب) لای دەستاودەستکردنی شتێ لە نێوان دۆ یا چەند کەساندا پێشان دەدا . □ «بەو قورئانەی خوا بۆ پێغەمبەری بە خەڵات ناردوە » :: حەسەن ئـەو قاموسە بەرە بۆ دڵشاد. ٣ــ ئامرازی تەعلیلە بە مانای (لەبەر) ، (لەپێناو) :: بۆ کتێبەکە هاتوم ، ئەم قامۆسەم بۆ کوردان نۆسیوە . ★ (هـو.) پەرەی ، پەی . ٤ــ ئامرازی کردنـە مڵك (تملیك) :: ئەو کتێبە بۆ تۆ . « بۆ کوردستان » کۆمەڵە شیعرێکی هەژارە . ٥ــ وەکو (پیبف.) دەچێتە سەر هێندێ مەصدەران و مانـای (توانسـتی) فــاعیل بــۆ جێبــەجێ‌کردن و نــەکردنـی لە (فیعل) زیاد دەکا :: خۆی بـۆی نەکرا، بۆم ناشۆرێ، ئەو هەموەم بۆ نانۆسرێتەوە . تێبـ ــ ئەم ئامـرازە دەگەڵ زۆر مەصـدەران تەرکیـب دەبێ و لە هێندێکیاندا هەر کردونی بە مەصــدەرێکی نــوێ :: بـۆ ڕێك‌کەوتن ، بۆ لوان ، بـۆ کران ، بۆ قڕاندن (تم : هبێد ، ل ــ ١٩). و لە هێندێکیشیاندا بەپێی جێگا دێتە ناو ڕستەوە .

بۆ ئەژماردن ــ [٤ــ بــۆ /٢ + ئەژمــاردن] ، (مصــت. مــت.) حیساب‌کردنی پارە یا هەر شتێکی دیکەی کە دە ئەژماردن بێت لەبەر چاوی کەسێــکی تر ، تا پاشــان تەسلیمی بکرێ .

بۆبا ــ [١ــ بۆ + ٣ــ با/١] ، (نت.) ، (مکـ.) بۆنێکی تایبەتییە بـۆ (ڕۆن) و (پەنیر) و (کاڵـەك) و ... تێب ــ ئەم جـۆرە شتـانە ئەگـەر سەریان دانەپۆشرێ هــەوا کاریـان تێدەکا و چونکو دەگەڵ ئۆکسیژێنی هەوا تەرکیب دەبن و دەبنە ئۆکسید (ئۆکسیدێ دەبــن ، تەئەکســود دەکەن) و تامیان دەگۆڕێ و ئــەو بۆنەیان لێ پەیدا دەبێ .

بــۆ بــژاردن ــ [٤ــ بـۆ/٢ + بژاردن] ، (مصت.لا.) تۆڵەی شتێکی لە دەست کەسێدا زایە بۆبـێ یــا زەرەری پێگەیشتبێ ، تۆڵە بـۆ خاوەنی شتێك کردنەوە .

بۆ بەرامە ــ (نت.) ، (سنـ.) تمـ : بۆن و بەرامە .

بۆپڕۆز ــ [١ــ بۆ + پـڕۆز] ، (نت.) ، (سنـ. ، سیهـ.) تمـ : بۆکڕۆز.

بۆتە ــ [أ] ، (نا.) ، (کئێر.) تاپۆچکەیەکە ، لە گڵێکـی تـایبەتێ (گڵی حیکمەت) دروستدەکرێ و زێڕنگەر (زێڕ) و (زێو) و (مس)ی تێدا دەتوێننەوە ، شکڵی وەکو هێلکە وایە کە لــە سەرێــکەوە نەختێــکی خشت بڕابێتەوە . تێب ــ هەر ئــەم ووشەیە کراوە بە عارەبێ و بوە بــە (بوتقة) و (بودقة) .

بۆتەگە ــ [١ــ بۆ + تــەگە] ، (نت.) ، (مکـ.) بۆنێــکی ناخۆشــە ، پێش تێ‌بەربوون لە نێری دێ .

بۆچاڵ ــ [١ــ بـۆ + چـاڵ] ، (نت.) ، (مکـ. ، سـیهـ. ، سـنـ .) بۆنێکە لەو گەنم و جۆیە و ئاردی ئەوان دێت کە لە چاڵێکی (شەدار)ا ڕاگیرابن . تێب ــ گەنم و جۆ ئەگەر چاڵەکەیان نمی هەبێ و ئەوەندەش نــەبێ کـــە بیـــانڕزێنێ و بـــە جـارێك لــە کەرەمیـان بخا خۆیان دەخۆنەوە و کاتێ دەکرێنـە نان بۆنێکی تایبەتیان لێ دێ کە نــەك هەر بە لوت هەستی پێدەکرێ بگرە بە تـامیشیانڕا دەزانــدرێ کـە بۆچـاڵیان گرتـوە . ★ (سنـ.) بۆنماوێ .

بۆچرۆك ــ [١ــ بۆ + چرۆك] ، (نت.) ، (مکـ.) ئەو بـۆنەیە کە لــە برژاندنی گۆشت و سـوتانی ڕۆن و لە هەوادا بڵاودەبێتەوە ، ئەو بۆنەی لە کەبابخـانان هەڵدەستــێ . ★ (سیهـ.) بۆ چرۆك .

بۆچۆن ــ [٣ــ بۆ/٢ + چۆن] ، (مصت. لا.) ١ــ بەرەو کەسێك یــا شتێك ڕۆیشتن :: بۆیان چــون ڕایان کرد. ٢ــلێکدانەوە و گەیشتنە ئەنجام لەسەر مەسەلەیەك بە جۆرێکی وا کە تەواو دڵنیایێ تێدا نەبـێ :: من وای بۆدەچم کە ئەم ماصتە بـێ مۆ نیە . زۆربەی زانایان بۆ ئــەوە چۆن کە زمانی کوردێ ، زمـانێکی هیند و ئورووپاییە .

بۆچەك ــ [١ــ بۆ + چەك] ، (نت.) ، (مکـ.) بۆنی دێزەی چێشت لێنان کە پاش ماوەیەك دەکارکردن و

چەوری تێچۆنیان ، بە بەتـالی دەیانخەنە ناو تەندوری پاش نان کردن تا چەور و چڵێکییەکە بسـوتێ و دەفرەکە تازەبێتەوە (بزرینگێتەوە) . بۆنی شیشی کەباب کە کەبابچێ دەیانخەنە سەر ئاگر بۆ ئەوەی چاك خـاوێن ببنـەوە . ★ (سنـ.) بۆچەکەووڕ .

بۆخاو ـ (نتـ.) بـۆنی شـیری نەکوڵاو ، ڕۆنی بـاش نەقرچـاو ، گۆشتی کاڵ و . . .□ « هێشتا بۆنی شیری خاو لە دەمی دێ » .

بـۆدان ـ [١ـ بـۆ + دان] ، (مصتـ. متـ.) شێوەیێکی برژاندنی هێندێ خواردەمەنییە ، وەکو : نۆك، گەنم ، قاوە و ئەو جۆرە شتـانە لەسەر ساج .

بۆدراو ـ [١ـ بۆ + دراو (مف : دان)] ، (مکـ.) ١ـ (صمفـ.) هـەر شتێکی بـۆدرابێ :: قاوەی بـۆ دراومان نەماوە . ٢ـ (نتـ.) گەنمێکە توێکڵی لێ کرابێتەوە و سپێ کرابێ و لەسەر ساج بۆیان دابێ و پاشـان بە دەستاڕ قەڵت و بڕیان کردبێ . دەکری بە چێشتێکی شل و پێواز و ڕۆنی بۆ داغ دەکەن بـە سـەری‌دا دەکرێ ، یاخۆ وەکو ساوار و برنـج دەیکەن بە قبۆڵێ و پلاو .

بۆدڕن ـ [١ـ بۆ + دڕن ؟] ، (نتـ.) ١ـ بۆنی چڵکنێ کە لە لەشی ئادەمیزاد و جل و بەرگی دێت . ٢ـ بۆنی ئارەقەی بنەنگل و قاچ و . . . ★ (سنـ.) بۆکلێشـــە . (بـا.) بێهن قتك .

بۆدۆکەڵ ـ (نتـ.) بۆنێکە کە ئەگەر ئاگری بن چێشت لە (گڕ) بکەوێ و دۆکەڵ بکا و لە چێشتەکە بدا ، لە کاتی خواردنا هەم بە لوت و هەم و بە چێژتن هەستی پێ دەکرێ .

١ـ بـۆر ـ (صتـ.) ڕەنـگی خۆڵەمێشی ★ (سنـ .) کەووگ . (جـفـ.)کەوە . تێبـ ـ لە زمـانی ئاوێستایێدا (بەئرە) و لە پەهلەوێدا (بۆر) و لە سانسکرێتیدا (بەبهرو) بە مانـای سـۆر یا سـۆری مەیلەو قاوەیێ هاتوە (تە : معین ، بورهان ، ج ١ ، ل ـ ٣١٤) . لەبن لەهجـەی (لوڕێ)دا کە یەکێکە لە بن‌لەهجەکانی لەهجەی جنوبی زمانی کوردێ (بۆر) ڕەنگێکی سـپێ ئامـاڵ زەردە و لە بن‌لەهجـــەی (زازا)یدا (بوێــر) قاوەیی‌یە و لە زمانی (تەبەری)دا کە کۆن لە مازندەران قسـەی پـێکراوە (بور) بە ڕەنـگی زەرد بـێژراوە و فارسی ئیمڕۆ (بۆر) بەسوور دەڵێن .

● **زۆربێ و بۆربێ** ـ (کنـ.) چەندێتێ مەبەستە جۆنێتی هەرچێ بێ هـەر باشە .

٢ـ بۆر ـ [أ] (نا.) ناوی دەنگ بزوێنێکی زمانی عەرەبییە (ضمة) . تێبـ ـ لـە موکریـان کەڕستەیێـکی عەرەبێ بە حونجەی دەخوێننەوە ئەم دەنگ بزوێنە بە (بەر) ناو دەبەن و دەڵێن : دال ، بەر ، دو . یا دال دۆبەر دون کەچێ ناوەکەی (بۆر)ە و ناشزانم بۆچێ ئەو ناوەی لێ‌نراوە . فارسێ بۆ ئەم دەنگ بزوێنە ووشـەی (پێش)یان هەڵبژاردوە . ★ بەر .

بۆران ـ [أ] ، (نا.)، (مکـ.، سیهـ.، سنـ.، بکـ.) بای توند و بە تەووژمی

زستانان کە بارانی دەگەڵ بێ یا بەفر لە شوێنی خۆی هەڵگرێ و گێژی بدا و بیباتە جێگایەکی دیکە . :: ئەسپی با و بۆران .

بۆرانی ــ [أ] ، (نتـ.) ، (مکـ.) چێشتێکە . هێلکە یا باینجان یا کولەکە لە ڕۆنا سور دەکەنەوە و ماستی بۆ خاو دەکرێتەوە و دەیکەن بە سەریا و تۆزێ گەرمی دەکەن . تێبـ ــ دەشێ ئەم ووشەیە لە [١ــ بۆر + ٣ــ ئانی/٢] پێکهاتبێ .

بۆراو ــ [١ــ بۆر + ١ــ ئاو/٢]، (نتـ.) ، (سیهـ.) شۆربای بڕوێش (هبێد ، ل ــ ٢٠) تێبـ ــ ا) مەبەست (بڕوێش /٢ ــ ا)ە . ب) بەلای منەوە ئەم ووشەیە دەبێ (بۆدراو) بۆبێ و دەنگی (د)ەکەی لە باتێ ئەوەی وەك لە لەهجە سلەیمانیدا دەبیندرێ، کلۆر بۆبێ بە جارێك فڕێ دراوە .

بۆرایی ــ [١ــ بۆر + ئایی/١] ، ١ــ پەڵەی بۆر لەسەر هەر شتێکی بێ . ٢ــ شتێکی لە دوورەوە هەروا بۆر بچێتەوە و نەزانری چیە . ٣ــ (مجـ.) قوون □ « حێزباب چەندت ڕق لە منە + بۆرایەکەت بەو دوو گونە » (ووردێ ، بەردەشانێ ، ل ــ ٩٠) .

بۆرباو ــ [١ــ بۆر + ٤ــ باو] ، (صتـ.) تم : بۆرەلۆك .

بۆرجوازی ــ (نا.) ، (کعر.) ١ــ تم : بۆرژوا . ٢ــ تم : بۆرژوازی . تێبـ ــ ئەم ووشەیە لە زمانی ئینگلیسیڕا و بە ڕێگای زمانی عەرەبیدا هاتۆتە ناو زمانی کوردی لە کوردستانی عێراق و دەگەڵ بۆرژوا و بۆرژوازی یەکن و جیاوازیان لە دەنگی (ژ ــ ج) دایە کە بەرامبەرەکەیان بە خەتی لاتینی (G) یە و فرەنسی بە(ژ)و ئینگلیسی بە (ج)ی دەخوێننەوە .

بۆردومان ــ (نا.) ، (سیهـ.) تم : بۆمباران . تێبـ ــ ئەم ووشەیە (بۆمباردمان)ی فرەنسییە و جەڕاوە، وای بۆ دەچم کە لە ڕێگای تورکی عوسمانیڕا هاتبێتە ناو زمانی کوردی لە کوردستانی عێراق .

بۆرژان ــ [أ] ، (مصتـ. لا.) ، (هلـ.) خەوتنێکی سووکە ، کە پیاو بە تەواوی ئاگای لە دنیا نابڕێ ، چاوی دەچێتە خەو بەڵام تا ڕادەیەك هەر ووشیار دەبێ . :: هەندێ بۆرژام دەنگەدەنگ نەیهێشت خەوم لێ بکەوێ . ★ (مکـ.) بێروهۆش ، بێرەخەو .

بۆرسوار ــ (نتـ.) پیاوێکی سواری ئەسپێ (بۆرە) بێ . تێبـ ــ لە لەهجەی (دێزفوولی)دا (بۆرسوار) بە (لوڕ)ان دەڵێن ، لەبەر ئەوەی کە (لوڕ)ەکانی خوزستان سواری ئەسپی (بۆر) دەبوون . (تم : معین ، بورهان ، ج ١ ، ل ــ ٣١٤) .

بۆرمس ــ (صتـ.) ، (مکـ.) حاڵی بزنێکی مووی ڕەش بێ و دێغدێغی بۆری بە لا چاویدا هاتبێ .

١ــ بۆرە ــ [١ــ بۆر + ٥ــ ئە /٢] ، (صتـ.) ، (مکـ، سیهـ.) ١ــ ئەسپ ، ماین ، سەگ و تانجی کە ڕەنگیان (بۆر) بێ . تێبـ ــ بۆ یەکسمان بەپێی ڕەنگیان کە بە لای ڕەش یاشێن‌دا بێ ، ڕەش بۆرە یا شێن

بۆرەیان پێ دەگوترێ . ٢ـ (مجـ.) پێش ناوانەوە دێت و لە (معرفه)یێ‌را دەیانکاتە (نکره) . :: بـۆرەزەلام ، بۆرەپیاو .

٢ـ بۆره ـ (نا.) ، (مکـ.) تم : ١ـ بۆرەك .

بۆرەبنار ـ (نتـ.) دەمەقـاڵێ . تێبـ ـ تەنیا مامۆستـا خـاڵ ئـەم ووشـەیەی نوسـیوە و کەسی تر ، منیش هەر لەوانم وەرگرتوە .

بۆرەپیاگ ـ (نتـ.) ، (سنـ.) تم : بۆرەپیاو .

بۆرەپیاو ـ [١ـ بۆر + ٣ـ ئە /٢ + پیاو] ، (نتـ.) ئەو کەسـەی لە بنماڵەی ئاغا و خـان و بـەگ نەبێ . ئادەمیزادی ئاسایێ . ★ (سنـ.) بۆرەپیاك . (جنو.) بۆرەپیا ، بۆرەکە .

بۆرەپنە ـ [؟] ، (نتـ.) ، (سنـ.) قەلەصابونێ .

بۆرەخزم ـ (نتـ.) خزمی دوّر .

بۆره خزمایەتی ـ [١ـ بۆره/٢ + خزم + ئایەتی /١] ، (نتـ.) پێوەندی دوّری بنەماڵەیی کە دوّ یـا چەند کەس یـا خێزانـان پێکەوە دەبەستێ . خزمایەتی دوّر .

بۆرەزەلام ـ [١ـ بۆره /٢ + زەلام] ، (نـتـ.) ١ـ کابرایـەکی نەنـاسراو . □« وەعەلەیـکە سسەلام ، ئەی بۆرەزەلام ، ترخێنەی بێ‌تام ، لە بەرت هەڵنەستام . ٢ـ (مجـ.) پیـاوی‌کەتەی گـەورە . ★ (هلـ.) شێتنەزەلام .

بۆرەسوار ـ [١ـ بـۆره/٢ + سوار] ، (نتـ.) سوارێکی نەناسراو ، سوارێکی لات .

بۆرەقنە ـ [؟] ، (صتـ.) ، تم : بۆرەلۆك . (خا ، ب ١ ، ١٣١) .

١ـ بۆرەك ـ [پهـ : بـۆرەك] . (نا.) خوێیەکی کیمیاییە و نـاوە عیلمیەکەی (بۆراتی سۆدیوم)ە ، لە تەرکیبی کیمیایێ ئاسـێد بۆرێك دەگەڵ سۆدیۆم دەکەوێتەوە ، لـە ئاوی دەریادا بە حاڵی تەبیعێ هەیە و بۆ داوودەرمـان و لـە سەنعـاتدا بەکەلـك دێت ، لـە کوردستـان زێڕینگەران بۆ تواندنەوەی زێـڕ و زیو و مس بەکاری دێنن، چونکو گەرمێ کورەی ئاسایێ ئەو جـۆرە مەعدەنانەی پێ‌ناتوێنەوە . تێبـ ـ مەعلوم نیە ئەم ووشـەیە کەنگێ کراوە بە عەڕەبێ و چۆتە قالبی (بورق)ەوە و لە زمانی عەڕەبێ‌را چۆتە ناو زمانی لاتینێ و ئەوجار پەڕیوەتە زمانانـی ئێستای ئەوروپـا و لـە زمـانی فڕەنسیدا بۆتە (بـۆڕاکس) . ★ (مکـ.) بۆره .

٢ـ بۆرەك ـ [؟] ، (کمر.) جۆرە خواردنێکە . تێبـ ـ أ) هەویرێکـی تایبەتـی لە ئاردێـکی گەنـمەکەی توێکڵی لێ‌کرابێتەوە ، دەشێلن ، ئەو هەویرە کە توزێ چێڕ دەبـێ و لەبەریـەك دەکشێـتەوە ، پـانی دەکەنـەوە و کوت‌کوتـی دەکـەن ، گۆشتی قیمەکراو ، پەنیری لـە ڕەندەدراو یـا گژوگیای کوڵاو (وەکو ئەسپەنـاغ) لەسەر هەرکوتێـك ڕۆدەکەن و چەشنی بابۆڵە لـوولێ دەدەن و لە ڕۆنا سۆری دەکەنەوە . ب) زیاتر لەوەدەچێ ئەمە ووشەیەکی

توركی بێ و له مه‌صده‌ری (بورمق = بـادان ، لـوولدان) وه‌رگـیرابێ ، هه‌رچۆنێ بێ ئه‌م ووشه‌یه له ده‌وری ده‌سته‌لاتـی عوسمانیـانـدا لـه كوردستانی عێراقی ئیمرۆ كه‌وتۆته ناو زمانی كوردیێ .

بۆره‌ئاڵۆك ـ [١ـ بۆر + ئاڵۆك] ، (صت.) ڕه‌نگێكی ته‌واو (بۆر) نه‌بێ . مه‌یله‌و بۆر بێ . ★ (سیه.) بۆرباو. بۆره‌قنه . (كك.) بۆره‌واش . تێب ـ بـه پێچه‌وانـه‌ی گه‌لـێ ووشـه‌ی تێكه‌ڵی كوردیێ كه به (٣ـ ئه/٢) تێك ده‌بنه‌وه ، من بۆ ئه‌وه چوم كه ئه‌م ووشه‌یه له [١ـ بۆر + ئاڵۆك] پێكـهاتوه و كه‌رتی دووه‌م (ئاڵـــۆك) شكلێـكی تازه‌تـری (ئالـوته‌ك)ی په‌هله‌وییه كه زمانی فارسیێ (ئالوده)ی خۆی لێ وه‌رگرتوه .

بۆریه ـ (نا.) ١ـ جۆرێكه لـه جۆره‌كانی قامیش . ٢ـ جـۆرێ حه‌سیری ته‌نـكه له‌و قامیشـه دروست‌ده‌كرێ . تێب ـ أ) لوولـه قامیشـه كه به درێژایێ سه‌رتاپا خوار ده‌قه‌ڵێشن و پـانی ده‌كه‌نـه‌وه و ڕاست‌وچه‌پ تێكیـان‌هه‌ڵده‌كێشن ب) زمانی ئارامیێ ئه‌م ووشـه‌یه‌ی له زمـانی سۆمه‌ریێ وه‌رگرتـوه و له‌وێڕا له قالبی (بورياء ـ بورية)دا كه‌وتۆته ناو زمانی عه‌ره‌بێ و به شكلێ (بۆریێ = بۆریه) هاتۆته ناو زمـانی كوردیێ و (فارسیێ)ش به (بۆریـا) وه‌ری‌گرتوه .

١ـ بۆریێ ـ [١ـ بۆر + ٢ـ ئیێ]، (حمص.) حاڵه‌تی شتێكه كه ڕه‌نگی بۆر بێ .

٢ـ بۆریێ ـ [؟] ، (نا.) ، (كعر.) ١ـ لووله و (گونـج)ی جۆربه‌جۆره له مه‌عده‌ن یا هـه‌ر مادده‌یـه‌كی تر دروست ده‌كرێ و بۆ گواستنه‌وه‌ی ئاو ، نه‌وت ، غاز . . . له شوێنێكه‌وه بـۆ شـوێنێـك و . . كه‌ڵـكی لی‌وه‌رده‌گیرێ . بارێك و ئه‌ستوری هه‌یه :: بۆریێ (ئیستراتیژی) نه‌وتی كه‌ركوك ده‌باته (فاو). ئه‌م ماڵه هێشتا بۆریێ ئاویـان بۆ ڕانـه‌كێشراوه .

بۆریێ لامپا ـ تم : بلور/٣ .

بۆرێنه ـ [١ـ بۆر + ٢ـ ئێنه]، (صت.) به‌هۆی (٣ـ ئه/٢) به دوایێ هه‌ندێ ناوانه‌وه ده‌لـكێ و مـانای (مه‌عهود ، هه‌ر ئـه‌وه‌ی جـاران ، ئه‌وی پێشو)یان لێ زیاد ده‌كـا :: كلاوه بۆرێنه (تم : هبید ، ل ـ ٢٠) .

١ـ بۆڕ ـ (نا.) ، (مك. ، كعر.) تێشـكاوێ و ژێركه‌وتـه‌یێ لـه شیعرێن و شه‌ڕه قسه و شـه‌ڕه جنێو و هه‌موو جۆره ده‌مه‌قـاڵێ و مجاده‌له‌یه‌كدا . ★ (مك.) قژ. هس: (جن.) بۆر = شه‌رمه‌زار . تێب ـ نازانم ئه‌سڵی ئه‌م ووشه له‌كوێ‌ڕا هاتوه ، بـه‌ڵام (بـۆر) له زمـانی فارسیێ‌دا هه‌م به ڕه‌نگی سـوری مه‌یله و قاوه‌یێ ده‌ڵێن (تم : ١ ـ بـۆر ، تێب ـ) و هه‌م بـه مـانای سه‌رشكاوێ و خه‌جاڵه‌تێ هاتوه و دوكتۆر معین (تم : بورهان ، ج ١ ، ل ـ ٣١٤) ده‌ڵێ چونكو ئینسان كـه خه‌جاڵه‌ت بوه ، سور هه‌ڵده‌گه‌ڕێ، بۆیه ووشه‌ی (بۆر) مانای خه‌جاڵه‌ت بوونه‌وه‌شی وه‌رگرتوه .

٢ــ بۆڕ ــ [أ] ، (نا.) «جێگایەکە لـە زەویدا چاك ئەکرێت و مێوەی تێدا هەڵئەگیرێت و پوش و پەلاشی بە دەورەدا دائەنرێت . » (معر. ، کشت ، ب ١ ، ل ــ ٣٩) .

٣ــ بۆڕ ــ (نا.) ، (مک.) دەنـگی گڕ و گەورە چ ئێ ئادەمیزاد و چ ئێ ئامرازەکانی مۆسیقا . :: ئەم کوڕە دەنگی بۆڕ بوە . تێب ــ بەلای منەوە ئەم ووشـەیە (دەنگەناو)ە . هس : بۆڕە .

٤ــ بۆڕ ــ (نا.) ، (مک.) گیایەکی دەشتەکییە ، گـەلای ووردە وەکـو گەسك ، لە نیو میتـر زیـاتر بەرز دەبێتەوە ، لە پایێزا دەیدروێن و لـە شوێنێ کۆی دەکەنەوە ، زسـتـانان دەیدەن بە مالات و گاوگۆل .

بۆڕانـدن ــ (مصـتـ. لا.) ١ــ دەنگی خۆدەرخستنی ڕەشـەوولاغ :: گاڕانەکە هەر بە ڕۆکاری ئاوایيدا شۆڕ بۆوە تێکڕا بۆڕاندیـان . ٢ ــ (مجـ.) کەسێك (لەبەر هەرچێکی بێ) بە دەنگی بەرز دەنگێـکی چەشنـی دەنگی گا و ... لە خۆی دەرخا . :: دارێکیان لێدا وەك گا بۆڕاندی .

بۆڕخـواردن ــ [١ ــ بـۆڕ + خواردن] ، (مصـتـ. لا.) تێشکـان ، ژێرکەوتن ، قسە پێ نەمـان :: کۆنەپـەرست لـە بەرانبەر پیاوی ئازادیخوازا زۆ بۆڕ دەخوا .

بۆڕدان ــ [١ــ بۆڕ + دان] ، (مصتـ. متـ.) شکاندن و ژێرخستنی یەکێك لەو کارانـەدا کە حـالەتی (بۆڕێ) دروسـت دەکـەن . :: شێرکۆ و نەوزاد شـەڕە شیعریـان دەکرد نەوزاد شێرکۆی بۆڕ دا . پیاوی بێ مەنتیق زۆ بۆڕ دەدرێ .

بۆرژوا ــ (نا.) ، (کێر.) تـاکە کەسێك لە چینی بۆرژوازی . تێب ــ أ) ئەم ووشـەیە لە زمانی فڕەنسـیـڕا هاتۆتە ناو زمانی فارسی و لەوێشڕا کەوتۆتە ناو زمـانی کوردی لـە کوردستانی ئێـران . ب) زمانـی فڕەنسـی ئەم ووشـەیەی لە بـۆرگ (Bourg) ی ئەڵەمانی بە مـانای (شارۆکە) داتاشـیوە و مانـای (بۆرژوا) دەبێتە : (خەڵکی بۆرگ ، دانیشـتوی بۆرگ) و مانای دێکەشی هەیە ، بەلام لە زمانی کوردیدا هـەر مانا سیاسییەکەی مەبەستە . ج) لە زمـانی کوردیـدا ووشـەی (شارەزا)مـان هەیـە کە لەلانـی لۆغەتەوە ماناکەی دەبێتە : (ئـەو کەسەی لە شـار ــ زاوە ــ لە دایـك بوە) کە دەقاودەق مانای (بۆرژوا)ی فڕەنسـی‌یە ، بەلام وەکو دەزانین ئەم ووشـەیە ئێستا تەنیا بە مانـای (کەسێکی ڕێ‌وشوێنی کارێك بزانی یا بەلەدی جێگایەك بێ) بەکاردێت . ★ (کعر.) بۆرجوازی /١ .

بۆرژوازی ــ (نا.) ، (کێر.) چینی سەرمایەدار کە لـە قۆناغـی سەرمـایەداریدا دەسـتـەلاتی دەوڵەت و هەمـو ئامـرازەکانی دروستکردنی (وسائل الانتاج) بـە دەستەوەیە . ★ (کعر.) بۆرجوازی /٢ .

بۆڕە ــ [٢ــ بۆڕ + ٥ــ ئە/١] ، (نتـ.) دەنگی پاتاڵ ، دەنـگی ڕەشـە وولاغ .

بۆڕەبۆڕ ــ (نتـ.) ١ ــ چەند بۆڕەی یەك لە دوای یەك ، بۆڕەی چەند پاتاڵ بەسەر یەکەوە . ٢ــ (مجـ.) دەنگی ناخۆش و نــاســازی ئادەمیزاد :: ئەرێ ئــەم کابرایــە چ بۆڕە بۆڕێکیتی ؟ .

بۆڕیە ــ (نا.) ، (کئیر.) ئامرازێکی مۆسیقایە قەدیم لــە (کەڵەشاخ) دروستیان‌کردوە ئێستا لە مەعــدەن (بە کەمێك گۆڕێنەوە) هەر لەسەر شێوەی کەڵەشاخ دروست دەکرێ، فوی پێدا دەکەن دەنگی لێوەدێت . ★ شێپۆر . کەڕەنا . (سنـ.) بوق .

بۆڕیەژەن ــ (نفا.) ، ئەو کەسەیە بۆڕیە لێدەدا .

بۆز ــ (صـ.) ١ــ ڕەنگــێکە لــە نێوان ڕەش و سپی‌دا نێزیکە لــە رەنگی خۆڵەکەوە ، زیاتر بۆ ئەسپ و گوێدرێژ و ئێــستر بەکاردێت . :: ئەسپە بۆز . کەرە بۆز . ئێــسترە بۆز . ٢ــ (مجـ.) هەر ڕەنگێکی کاڵ بۆبێتەوە و ڕەنگێکی دەڵبی لێ بەجێ مابێ . ٣ــ حــاڵی سەرورڕێــش و سمێڵێ کە بەتەواوێ سپی نەبوبێ و ڕەنگی خۆشیان لەدەست دابــێ . ▢ « تۆکی سەرورڕێشم لە غەمــا بۆز و درێژ بۆ + بەم وەزعیەتــی ڕێشەوە ، وەك خواجە حەنا خۆم » (عارف) .

بۆژۆ ــ [١ــ بۆ + ئاژو (ئاژنین)]، (صتـ.) ، (مکـ. ، سنـ.، سیهـ .) ١ــ حاڵی ئالیکی پــاش ئــاخوڕی وولاغی بەرزە کە بۆنێکی تایبەتی لێ پەیدا دەبێ و واز لە خواردنی دێنێ و ئەگەر بکرێتە بەر وولاغێکی دیکەش نایخوا . ٢ــ (مجـ.) حاڵی هەمــو کارێکی کە بە شێوەیەکی ناڕاســـت دەسکاریێ کرابێ و لەبــەر چــاوی خەڵك کەوتبێ . (عا.) مبتذل . تێبـ ــ بەو جۆرەی مردۆخ (تە : ب١ ل ــ ١٩٨) نوسیویە ، دەبێ ئەسڵی ئەم ووشەیە لە [بــۆ + ئــاژۆ] پێکهاتبێ ، من لام وایە کەرتی (ئاژۆ) ڕەگی مەصدەری (ئاژنیـــن) بــێ کە مانای ووشەکە دەبێتە (بۆئاژن) شتێکی (بۆ) ئاژنیبێتێ و چوبێتــە ناو هەمو کەلێنێکیەوە (هــس : سۆژناژن ، دەرزی ئاژن) . جــا ئەگەر ڕاستی بۆ چوبم دەتوانین بڵێین کە ئەم ووشەیە ، یەکەم ووشەیەکــە لــە تەرکیبێڕا ڕەگــی مەصــدەری (ئاژنین) لەباتی ئەوەی وەکو خۆی (ئاژن) ــ بمێنێتەوە گۆڕانێکی بــە سەردا هاتوە و بۆتە (ئاژۆ) .

بۆسار ــ [١ــ بۆ + سار] ، (صتـ.) ، (سنـ.) حاڵی هەر شتێکی بۆنی کردبێ بە تایبەتی خواردەمەنــێ (تە : مردۆخ ، ب ١ ، ل ــ ٢٠٢).

بۆسارد ــ (صتـ.) ، (مکـ.) بۆنێکی ناخۆشە کە ئینسان ئازاربدا، بۆنی گۆشتی‌کاڵ ، ماصێ ، . . تێبـ ــ دیارە کە خۆشی و ناخۆشی گەلــێ لە بۆنەکان بە پیاو کەوتوە .

بۆسان ــ [٢ــ بۆ + ئستان/١]، (نتـ.) ، (سنـ.) تە : بێستان .

بۆست ــ (نا.) تە : بست .

بۆسۆ ــ [١ــ بۆ + سۆ (سوتان)]، (نتـ.) ، ١ــ بۆنی سوتانی لۆکە یــا قوماشێ کە لە لۆکە دروست کرابێ. ★ (با.) بیهن کەون (هل.) بۆنسۆ .

٢ـ تامی ماستێکی شێرەکەی زۆر کولابێ . ★ (هل.) تام سۆ . (جن.، سیه.) بوکز /٢ . (با.) بۆسـی ● **ئاگری پێوەنیی بۆسۆی لێ هەڵناستێ** ـ(کن.)زۆر ڕۆت و ڕەجاڵ و نەدارە.

بۆسە ـ (نا.) ، (مک.) دارێکـی ئەستورە داهێنراوە و خـوار کراوەتەوە وەکو ئاڵقە ، دەخرێتە ناوێرە و بە (هیرتە قایم دەکرێ و سەری ئامۆری تێ هەڵدەکێشری . ئەو ئاڵقەیەی کە (نێر) و (ئامۆر) لێك توند دەکا .

بۆش ـ[تو.] ، (صـ.) حاڵی هەر شتێکی لە بەر چاوان قـەوارەی هەبێ و بتەو دیار بکا بەڵام لە ناوەوە هڵۆڵ بێ . :: ئێرە بنی بۆشە. ئەم تەنەکەیە بۆشە . کابرایەکی کەللە بۆشە .

بۆشایێ ـ [تو. کو.] ، [بـۆش + ئایێ /١] ، (نـت.) ١ـ ئـەو جێگەیەی کە (زەوێ) لە ڕێـزی کۆمەڵە ئەستێرەی سەر بە هەتـاو تێیدا دەگەڕێ ، (عا.) فضاء . ٢ـ پارچە زەوێ یا جێگایەکی بەرێن . ٣ـ جێگای یەك یا چەند زەلام لە ناو کۆمەڵێ خەڵکا کە بەڕێز ڕاوەستابن. ٤ـ پلە و پایـەیەکی ڕەسـمێ و کۆمەڵایەتێ لە دەزگای دەوڵەت یـا وڵاتێکدا کە خاوەنەکەی لادرابـێ یا بە هەر جۆرێکی دیکە شوێنەکەی بەتاڵ بوبـێ :: مـردنی جەمـال عەبدوناسر بۆشایێکی زلـی لـە (میسر)دا بەجێ هێشت .

بۆشکە ـ [ڕۆسێ : بۆچـکا]، (نا.) ، (کێر.) تە : بەرمیل .

بۆشناغ ـ [؟] ، (نا.) ، (مـک.) ئادەمـیزادی کـوڵك و پۆشـتە و حاڵخۆش کەفیز و ئیفادەش لێدەدا. تێبـ ـ واتێدەگەم ئەسڵی ئەم ووشـەیە تورکی بێ .

بۆغمە ـ [تو.] ، (نا.) ١ـ (سنـ.) نەخۆشی‌یەکە ئـاڵۆ لە دێوی ناوەوە دەئاوسێ . تێبـ ـ دەربارەی ئـەم نەخۆشییە لە ووشـەی (دۆشـاخە)دا بـاس دەکەین . ٢ـ جنێوێـکی سوکەڵەیە زیاتر بە منداڵی زۆربڵە دەدرێ . تێبـ ـ مانای ئـەم ووشـە تورکییە (خنکان)ە ، جا ئەو کەسـەی جوێنەکەی پێ دەدرێ وەکو پێـی بڵێن : یاخوا بخەنکێی و ئیتر قسـەت پێ نەکرێ ، وایە .

١ـ بۆق ـ (نا.) گیاندارێکە لـە ووشکانێ و ئاوا دەژی ، پێستێکـی لینجی هەیە ، پنۆك پنۆکی ڕەش و قاوەیی تێدایە ، لە ئـاوا (گـەرا) دادەنێ ، بـەگەراکەی دەڵێـن (سەرمێکوتە) . تێبـ ـ ا) ئـەم گیاندارە لە نێوان گیاندارانۆدا بـە دەستەیەك حیساب دەکرێ کە زۆر چەشنی هەیە ، بە پێودانی زانستێ تا ئێستا ١١٦ چەشنی ناسراوە . ب) ئەم گیاندارە ماددەیێك بە ڕێگای پێستی‌دا لە لەشی خۆی دەردەخا کە (ژەهر)ە و بۆیە نابێ دەستی لـێ بدرێ . ڕەنگە هەر بۆیەش بێ لـە کوردەوارێدا دەڵـێن هەرکەسـێ دەست لە بۆق بدا دەستی (بالۆکە)ی لێدێ . ★ (سنـ.) قورواق . (بک.) بەق . (جن.) قۆرواق .

٢ـ بۆق ـ (نا.) ، (سنـ.) تە :

بۆڕیە .

٣ـ بۆق ـ (نا.) ، (سنـ.) تم :
بوغ/١

٤ـ بۆق ـ (نا.) ، (کەر.) کارێکە، کە یەکێك کەسێکی‌تر بۆلایەك ڕادەدا و لە جێی خـۆی دەیرەتێـنێ . ★ (مک.) پـاڵ .

٥ـ بۆق ـ (نا.) ، (سنـ.) چـاوی زەق ، چاوی دەرپەڕیو .

بۆق پێوەنـان ـ (مصـدـ. مـتـ.) پاڵپێوەنان .

بۆقڕانـدن ـ [٤ـ بـۆ/٢ + قڕاندن] ، (مصدـ. متـ.) دەربڕینـی نیازێکی خراپ بۆ کەسێ . کردنـی قسـەیەك دەربـارەی کەسێ کـە وا لێك‌بدرێتەوە ئاواتێکی خراپە بـۆی دەخوازرێ . :: ئەرێ ئـەوە بۆچێ هێندە بۆی دەقڕێنی .

بۆقژە ـ [؟] ، (نـا.) ، (مکـ.) نەخۆشییەکە منداڵ تۆشی دەبـن ، نێودەم و لێو و لچیان بلۆق‌دەکا . تێبـ ـ لە کوردستان ئەم نەخۆشییە بە مەرەکەبی ڕەش (مەرەکەبی مەلایان) چـــاردەکەن و دەم و لغـــاوەی نەخۆشەکەی پێ هەڵدەسوون .

بۆق‌مل ـ (نتـ.) ، (سنـ.) تـم : بۆقەتە . تێبـ ـ ووشەی (بۆق) بە تەنیایێ لە بنلەهجەی سنەیێدا بـە مانای (چاوی زەق) دەکار دەکرێ ، وام بۆ دەردەکەوێ کە ئەم ووشەیە خۆی بە تەنیایێ مانای : دەرپەڕیو ، هەڵتۆقیـــو ، زەق ... بێـــت . (هس : بلۆق) .

بۆقە ـ [؟] ، (نتـ.) حاڵەتـێکە بەسەر دەغڵدا دێ و ئەو شوێنانەی کە پاشـان دەبنـە گـوڵ تـۆزێ هەڵدەمسێن . :: ئەو گەنمە بۆقـەی کردوە . تێبـ ـ بۆ (بـــۆق) لـــەم ووشەیەدا . تم : بۆق‌مل (تێبـ ـ) .

بۆقەتە ـ [؟] ، (نا.) ، (سـیـه .) لای خوارەوەی ملی ئادەمیزاد لـــە پشتەوەڕا ، پشتی‌مل . تێبـ ـ ا) ئەم ووشەیە زیاتر ئیزافەی (مل) دەکرێ و دەبێژرێ (بۆقەتەی مل) . ب) بـۆ کەرتی (بۆق)ی ئەم ووشەیە تـم : بۆق مل (تێبـ.) ★ (مک.) پشت‌مل (پژمل) . (سنـ.) بۆق‌مل .

بۆقەمەلە ـ [١ـ بۆق + ٣ـ ئـە/٢ + مەلە] ، (سیه.) جـــۆرێك مەلەوانییـە کە بۆ سەرئـاوکەوتن دەست و قاچ وەکــو ئێ بــۆق دەجوڵێندرێ ★ (مک.) مەلەبۆقە . (جنـ.) قۆرواق مەلە .

بۆکرۆز ـ [١ـ بۆ + کرۆز] ، (نتـ.) ، (مکـ. ، سیه.) بێنی سوتانی هەندێ شـت کە لـە گیـانداران دەکەونەوە ـ ئـەوەی لە زانستـی کیمیادا پێی دەڵێن : موادی عضوی ـ وەکو : خورێ ، مو ، ئێسك، شاخی گاوگوڵ و ... ★ (سنـ.، سیه.) بۆپرۆز . (با.) بێهن زوێرهە . (جنـ.) بۆکز .

بۆکز ـ [١ـ بۆ + کز] ، (نتـ.) ، (مکـ.) ١ـ بۆنی چێشتێ کە بە بنی مەنجەڵەوە سـوتابێ و لـە کـاتی خواردنیا هەستی پێ دەکرێ . ٢ـ (سیه . ، جنـ.) تم : بۆسۆ /٢ .

بۆکلێشە ـ (نتـ.) ، (سنـ.) تمـ : بۆدڕن .

بۆگنخ ـ [١ـ بۆ+گنخ (گنخان)]،

(نت. ، مك.) بۆنێکە ، لە دانەوێڵەی نمدار پەیدادەبێ پاش ئەوەی لە دەفرێکا هەڵدەگیرێ و سەری دادەپۆشرێ خۆی دەخواتەوە و بۆنۆدەکا . یان لە شوێنێکی شەدار دادەندرێ و بۆنی ئەو جێگایە دەگرێت . ★ (هل.) بۆ گەمرخە . (سنـ.) بۆنماوێ .

بۆگەمرخە — [١— بۆ + گەمرخە ؟]، (نت.) ، (هل.) تە : بۆگنخ .

بۆگەن — [١— بۆ + گەن (گەنین)] ، (كعر .، سنـ.) ١— (نت.) بۆی ناخۆش کە لە دەرکەوتنی باوبڕی ناوزگی گیانداران ، لە ئاودەست ، لە ئاوێ کە ماوەیێك لە شوێنێکدا مابێتەوە و لەبەری نەڕوا ، بلاّودەبێتەوە . ★ (مك.) بۆگەنیو . (با.) بێهنگەنێ . (جن.) بۆگەن . ٢— (مجـ.) ، (صت.) ، (تت.) ، (كعر.) ا— حالّی کەسێك یا ڕێژیمێکی بیروباوەڕی کۆنەپەرستانەی هەبێ . ب — حالّی یەکێکی کردەوە و ڕەووشت و خۆی خراپ بێ . تێبـ— لە ئاوێستادا (بەئۆذە ، بەئۆذی) و لەزمانی پەهلەویدا (بۆذ ، بۆی) هەر بە (بۆنیخۆش) گوتراوە و بۆ ئەوەی کە ئێستا لە زمانی کوردیدا (بۆگەن ، بۆگەنیو)ی پێدەڵێین ، لە زمانی ئاوێستاییدا (گەئبینێ) و لەپەهلەویدا (گەند) هاتوە . ئێستاش ووشەی (گەندە ، گەند) لە لەهجەی ناوەندێ زمانی کوردیدا بە تەنیایێ و لە تەرکیبی هیندێ ووشەشدا و لەبن لەهجەی (لوڕێ و فەیلێ)دا (گەن) بە مانای (خراپ) دەکاردەکرێ .

بۆگەننك — [١— بۆ + گەنت (گەند) + ئك] ، (نت.) ، (سیم.) « جۆرە بۆگەنێکە لە مێوەی ڕزێو و هێندێ شتیتر دێ . » (خا ، ب١ ، ل — ١٣٥) .

بۆگەنکردن — (مصت. لا.) ، (كعر.) . ١— ڕزین و بۆن لێ پەیدا بونی مێوەجات . ٢— مانەوەی گۆشت و ئەو جۆرە شتانە و بۆنگرتنیان . ٣— مانەوەی مردوی ئادەمیزاد و کەلاکی گیاندارانی دیکە و بۆنلێهەستانیان . ٤— (مجـ.) ، (كن.) بونی مانەوەی هەمۆ شتێك و هەمۆ کەسێك لە شوێنێك یا بێ ئەوەی گۆڕانیان بەسەردابێ . :: ڕێژیمی پاتشایەتێ بۆگەنێ کردوە و بە کەڵکی ئەم زەمانە نایەت .

بۆگەنیو — [١— بۆ + گەنیو (مف : گەنین)] ، (نت.) ، (مك.) تە : بۆگەن .

بۆگەنیوبوون — (مصت. لا.) ، (مك.) تە : بۆگەنکردن .

بۆلووان — [٤— بۆ/٢ + لووان] ، (مصت. لا.) ، (كعر.) لە کاراندا باش‌هاتن ، چاك هەڵکەوتن ، سەرگرتن . بەخت‌هێنان لە دەست هاتن ، پێکران (هەمۆی بۆ کەسێ یا کەسانێ) :: بۆی نالوێ ئیمڕۆ بچێتە لای گۆرۆن . وەك بۆتۆ لواوە بۆ کەس نەلواوە . ئەگەر بۆم بلوێ سەرێکی خاڵم دەدەم .

بۆڵ — (نا.) ، (سیم. ، سنـ.) دەنکی ترێ . :: ریشی بابا بۆڵی درێژۆکەیە. ترێ ڕەشکە بۆڵی خڕە.

★ (مکـ.) گلۆ . (سنـ.) گلە ، گلێ . تێبـ ــ لە لەهجەی جنوبێ زمانی کوردیدا : گلۆ = هەڵمات گلە = کلۆ ، دەنك ، گلەگلە = دانەدانە . (تە : لوری ، لـ١٢٤) . هس :

بۆلاندن ــ (مصتـ . لا.) ١ــ لەبەرخۆوە و بەنارازێتی بە جۆرێکی وا قسەکردن کە خەڵکی نیزیك گوێیان لێبێ بەڵام هەموی تێنەگەن و قسەکان بە تەواوی و ڕێکوپێکی لە دەم دەرنەچن . :: هەر دەڕۆی و دەیبۆلاند . ٢ ــ دەنگێکی لە دەمی وورچی تورە دێتە دەر . :: هەر دەلەی وورچە دەبۆلێنێ . ★ (سنـ.) بۆلانن بۆلەکردن ، خۆتەکردن . بۆلەبۆل کردن .

بۆلمازۆ ــ [بۆل + مازۆ] ، (نتـ.) ، (مکـ. ، سیمـ.) جۆرە ترێیەکە ، دەنکی خڕە وەکو مازۆ هەر بەقەد مازۆیێکیش گەورەیە ، هێشوی پڕ و توێکلی ئەستور و ڕەنگی زەردی شێنباوە . □ « (بۆلمازۆ) و (مسکێ) و (مێخێ) و (ڕەزاقێ) و (گونتولە) و (کلکەڕێوی) و (عوشاقی) »

(پیرەمێرد ، ل ــ ٢٧٩)

بۆلە ــ (نا.) قسەی لەبەرخۆوە کە خەڵك لێی حاڵی نەبن . ئەنجامی بۆلاندن . :: پیرێژن هەر هەنگاوێك دەرۆیشت و بۆلەیێکی لێوە دەهات . ★ (سنـ.) خوتە .

بۆلەبۆل ــ (نتـ.) بۆلەی زۆر ، بۆلەی یەك بە دوای یەکا . :: ئەوە چیە دەلەی پیرێژنی دۆ لێ ڕژاوی ، هەر بۆلەبۆلتە . ★ (سنـ.) خوتەخوت .

بۆلەبۆل کردن ــ (مصتـ. لا.) تە : بۆلاندن .

بۆلەکردن ــ (مصتـ . لا.) ، (سنـ.) تە : بۆلاندن .

بۆم ــ [محر . فرەنسی : بۆمب] ، (نا.) ، (کئێر.) تە : بۆمبا .

بۆمادەران ــ [أ] ، (نتـ.) ، (مکـ.) گیایەکی دەشتەکییە ، گوڵی زەرد و سپی دەگرێ ، گەڵای ووردە ، بۆنی زۆر توندە و نیزیکەی میترێك بەرز دەبێتەوە ، لە کوردستان ڕەگ و گوڵەکەی بۆ داوودەرمانی کوردەواری بەکاردیت و بەگشتی لە لادێ قاپ و قاچاغی پێ دەشۆن . ★ (سیمـ . ، سنـ.) بۆمارانە . (جنـ.) برنجداس . سنـ.) تە : بۆمادەران .

بۆمارانە ــ (نتـ.) ، (سیمـ . ، سنـ.) تە : بۆمادەران .

بۆمب ــ [فرەنسی] ، (کئێر.) ، (نا.) تە : بۆمبا . تێبـ ــ ئەم ووشەیە خوێندەوار دەیلێن و لادێیی و کوردی ئاسایی هەر (بۆم) دەلێن . **بومبی ئاتۆمی ــ** (نتـ.) ، (کئێر.) تـە : بۆمبا (بۆمبای ئەتۆم) . **بومبی باڵدار ــ** (نتـ.) ، (کئێر.) جۆرێك تەقەمەنییە کە لە خۆیەوە ــ بێ ئەوەی بە فڕۆکە فڕێ بدرێ یا بە تۆپ و . . . بهاوێژرێ ــ دەچێتە سەر شوێنی مەبەست و بەسەریا دەتەقێتەوە . تێبـ ــ یەکەم شتی لەم بابەتە ئەڵمانیای نازی ساڵی ١٩٤٤ دایهێناوە و ئەوسا بە ناوی (ڤ ــ ٢) ناوبانگی دەرکرد . **بۆمبی دەستی ــ** (نتـ.) ،(کئێر.) تـە : نارنجۆك .

بۆمبی هیدرۆژێنی ــ (نت.) ، (كنێر.) جۆرێك بۆمبی ئاتۆمییه ، كه له باتێ ئاتۆمی قورسی وەك (ئۆرانیۆم) له ئاتۆمی سوكەڵەی هیدرۆژێنی كەڵك وەردەگیرێ و توانستی تەقینەوە و وێران‌كردنی له بۆمبی ئاتۆمی زۆر زۆر زیاترە . ★ (كعر.) بۆمبای هایدرۆجین .

بۆمبا ــ [= ئیتالی : بۆمبا] ، (نا.) ، (كعر.) « گوللەیێكی هلۆلە ناوەكەی پڕدەكرێ لەو شتانەی كە دەتەقنەوە یا ئاگر دەوولآت بەردەدەن، جاران (له چەرخی ١٦ ــ ١٩) هەر بە تۆپ دەهاوێژرا ، ئێستا بە فڕۆكەش بەردەدرێتەوە . » (تە : لارۆس ــ ١١١) تێبـ ــ له كوردستان ــ (بۆمبا) تەنیا بەوە دەڵێن كە فڕۆكە فڕێی دەداتە خوارەوە . **بۆمبای ئەتۆم** ــ (نت.) ، (كعر.) بۆمبێكە لە تەقینەوەی ئاتۆمی ئۆرانیۆم پێكدێت و توانستی وێران‌كردنی لە بۆمبای دیكە گەلێ زیاترە ، بە فڕۆكە بەردەدرێتەوە . تێبـ ــ بۆ یەكەم جار ئەم جورە بۆمبایە ساڵی ١٩٤٥ لەلایەن ئەمریكاوە دژی ژاپۆن بەكارهێنراوە و دوو شاری (هیرۆشیما) و (ناگازاكێ) خاپور كرد و نیزیكەی ١٢٠ هەزار كەسی لە دانیشتوانی ئەو دوو شارانەی كوشت . **(بۆمبای دەستێ** ــ (نت.)، (كعر.) تەـ : نارنجۆك . **بۆمبای هایدرۆجین** ــ (نت.) ، (كعر.) تە : بۆمب (بۆمبی هیدرۆژێنی) .

بۆمباباران (نت.) ، (كعر.) تە : بۆمباران .

بۆمباران ــ [بومب + باران/٢]، (نت.) ، (كنێر.) بەربۆنەوەی یەك لەدوای یەكی (بۆمبا) بەسەر جێیەكدا . ★ (كعر.) بۆمبابلران . تێبـ ــ دەنگی (ب) یەك لەم ووشەدا لەناوچوە . بۆردومان .

بۆمباران‌كردن ــ (مصد. متـ.) بەردانەوەی یەك لەدوای یەكی (بۆمبا) بەسەر شوێنێكدا .

بۆمباهاوێژ ــ [بۆمبا + هاوێژ (هاویشتن)] ، (نت. ، صت.) ، (نت.) فڕۆكەی شەڕ كە (بۆمبا) هەڵدەگرێ و بەسەر شوێنێكیدا بەردەداتەوە (بۆمبارانی دەكا) . تێبـ ــ ئەم ووشەیە ئەگەر بە تەنێ دەكار كرا (ناو)ە :: بۆمباهاوێژەكانی عێراق . ئەگەر لەپاش ناوی (فڕۆكە)شەوە هات ئەوا صفەتە :: فڕۆكەی بۆمباهاوێژ . فڕۆكە بۆمبا هاوێژەكان .

بۆمچ ــ [١ــ بۆ + مچ] ، (نت.) بۆنی هەندێ شتی وەكو گوێز و بادام كە (شە) دەكێشن و خراپ دەبن . (تە : مردۆخ ، ب ١ ، ل ــ ٢٠٥) . ★ (سنـ.) بۆمچەو ، بۆمچەوە .

بۆمچەو ــ (نت.) ، (سنـ.) ، تە : بۆمچ .

بۆمچەوە ــ نت.، سنـ.، تە : بۆمچ .

بۆن ــ (نا.) تە : ١ــ بۆ . تێبـ ــ وەكو دەبینین ئەم ووشەیە دەنگی (ن)ی زیاترە لە (١ــ بۆ) كە نە لە (ئاوێستایێ) وە نە لە (پەهلەوێ)یەكەیدا دەنگێكی وابەوە و پێشم شك نایە كە دەنگی (ذ)ی ئاوێستایێ بوبێتە (ن) ، لەلایەكی تریشەوە ڕەوتی

گۆڕان و گەشەکردنی زمانان کە هەمیشە بەرەو ساکاربوونە ماوەی ئەوە نادا بڵێن ئەم دەنگی (ن)ە ، پاش ساکاربوونەوەی ووشەکە لە (بەئۆذی) ئاوێستایی‌ڕا بۆ (بۆذ)ی پەهلەوی و (بۆ)ی دوا قوناغی ووشەکە ، هاتۆتە گۆڕێ . بۆیە من بۆ ئەوە دەچم کە (بۆن) ، (بێن) ، (بێهن)ی باکوری لە (بۆ) کۆنتربن و زیاتر ڕێی تێدەچێ کە ووشەیێکی (مادیّ) بن .

بۆنپێوەکردن — (مصتـ. متـ.) ١— تە : بۆنکردن /٣ . ٢— شتێك لە لوتی خۆ نێزیك‌کردنەوە ، لەبەر ئەوەی بۆنێکی خۆشی لێدێت :: شەمامەیێکی بەدەستەوە بۆ خێرا خێرا بۆنی پێوە دەکرد . ٣— (کنـ.) دانانی شتێك و کەڵك لێوەرنەگرتنی :: ئەوە ئەو باقلاوەتان بۆچی داناوە، بۆنی پێوەدەکەن ؟

بۆنخۆش — (صتـ.) تە : بۆندار .

بۆنخۆشکە — (نتـ.) گیایەکی بۆنخۆشە ، لە زەوی بۆرە دەڕوێ ، نێو میترێك بەرز دەبێتەوە ، لاسکی درێژە و لق‌وپۆپی چڕوپڕە ، گوڵی وەکو ئی بابونە وایە ، شیرەیێکی لێ دەگیرێ زۆر تاڵە ، ژهرە و زەمانی پێشو بۆ چارکردنی نەخۆشی ئیفلیجی ، لۆغە، لەرزۆکی، فێداری، نەخۆشی مەعدە و جەرگ و کرمی ناوزك ، کەڵکیان لێوەرگرتوە .

بۆندار — [بۆن + دار (پبـ.)] ، (صتـ.) هەر شتێکی بۆنی خۆشی لێ هەڵبستێ :: توتنی بۆندار ، برنجی بۆندار . ★ بۆنخۆش ، بێندار . ★ (بکـ.) بیهندار تێبـ — لەم ووشەیەدا (بۆن) وەکو (بەئۆذی) ئاوێستایی بە موتڵەقی مانای (بۆنی خۆش)ە .

بۆنسۆ — (نتـ.) ، (هلـ.) تە : بۆسۆ/١ .

بۆنکردن — (مصتـ. لا.) ١— هەست‌کردن بە بۆن :: کەپۆی گیراوە و بۆن ناکا . ٢— پەیدابونی بۆنی ناخۆش لە هەندێ شت کە لە ئەنجامی تەفاعولی ناوەوەی خۆیان یا تەفاعول دەگەڵ هەوای دەوروبەر، بۆنیان دەگۆڕێ . ٣— (مجـ.) تۆزێ ئاگاداربون لە کارێکی نهێنی :: ئازادیخوازان گورج بۆنی پێلانەکانی ئیمپریالیزم دەکەن . ٤— (مصتـ. متـ.) وەبەر لوت دانی شتێ بۆ ئەوەی بزاندرێ بۆنی لێدێ یان نا . ★ بۆنپێوەکردن .

بۆنگ — [أ] ، (نمصـ.) ، (هلـ.) کاری خاوێن کردنەوە و خۆش‌کردنی پێستەی هەندێ گیانداران ، بۆ مەشکە .

بۆنگچێتی — [کو. تو.] ، [بۆنگ + چێ + ئەتی] ، (حمصـ.)، (هلـ.) پێشەی خۆش‌کردنی پێستە بۆ مەشکە .

بۆنگچێ — [کو. تو.] ، (هلـ .) ئەو کەسەیە کە پێستە خۆش‌دەکا بۆ مەشکە .

بۆنگ‌کردن — (مصتـ. متـ.) خۆش‌کردن و ئامادەکردنی پێستەی هەندێ گیانداران (گا ، مەڕ ، بزن) بۆ مەشکە .

بۆنوبەرام — (نتـ.) ، (مکـ.) تە :

بۆنوبەرامە .

بۆنوبەرامە ــ (نت.) ، (کعر .) بۆنێکی لە شتێك هەڵدەستێ و بەدەوروبەری خۆیدا بڵاودەبێتەوە :: بەیانێ چۆنیە باغی مکایلی بۆنوبەرامەی گوڵان دەمار بە دەمار دەڕۆێ . بۆنوبەرامەی پەلاوی سەدرێ هەمۆ کۆچە و کۆڵانی پڕکردوە . ★ (مک.) بۆنوبەرام . (سن.) بۆبەرامە ، بەرامە . تێب ــ أ) لەم ووشەیەشدا مەبەست لە کەرتی (بۆن) وەکۆ (بەئۆذە)ی ئاوێستایێ ، هەر بۆنی خۆشە . ب) کەرتی (بەرامە) بەڕای من لە پێشدا (ڤەراما) بۆبێ کە لە (ڤەر)ی پەهلەویێ بە مانای (بۆ لای سەرەوە)و (ئاما)ی ئێستای هەورامێ بە مانای (هات) پێکهاتوە و مانای ووشەکە بە تێکڕایێ دەبێتە : بۆنێکی لە شتێك بۆ لای سەرەوە دێت. بۆنێکی لە شتێ هەڵدەستێ .

بۆنە ــ [پە : بۆن = هۆ ، عیللەت] ، (نا.) ، (کعر. ، سن. ، جن .) لەبەر ، بۆ خاتری ، :: کورد بە بۆنەی جێژنی نەوڕۆزەوە هەمۆ ساڵێ ئاهەنگ دەگێڕن . هس : بەهانە ، بیانۆ .

بۆهەڕنەمۆت ــ [؟] ، (نت.) ، (مک.) بۆنێکی ناخۆشی نامەعلۆم .

بۆیاغ ــ [تو = ڕەنگ] ، (نا.) ، (کعر.) ١ــ ئەو دەرمانانەی تۆکی سەر و سمێڵی پێ ڕەنگ دەکرێتەوە :: سەری بۆیاغ کردوە . خاڵۆ ڕەمەزان تۆکی ڕەشی بە سمێڵەوە نەماوە بۆیاغی دەکا . ★ ٢ــ بۆیە ٢/ . ئەو دەرمانانەی کەوشی پێ ڕەنگ دەکەنەوە . ★ (مک.) ماز . (کئێر.) واکس .

بۆیاغچێ ــ [تو.] ، [بۆیاغ ٢/ چێ] ، (نفا.) ، (نت. ، صت.) ئەو کەسەی کەوشان ڕەنگ دەکاتەوە .

١ــ بۆیە ــ [٤ــ بۆ ١/ + ١ــ ئە] ، (شر.) لەبەر ئەوە ، لەبەر ئەم هۆیە . تێب ــ ئەم (شر.) وەڵامی (بۆچی ؟) پێدەدرێتەوە و بێ ئەوەی باسی (هۆ) بکات و کاتێك دەگوترێ کە کەسێك نەیەوێ کردەوەی خۆی تەعلیل بکا . :: ئەوە بۆچێ ریشت نەتاشیوە ؟ ــ بۆیە ! ★ بۆیەکا ، بۆیەکانێ ، بۆیەکو ، بۆیەکە.

٢ــ بۆیە ــ [تو = ڕەنگ] ، (نا.) ، (کعر.) ١ــ ئەو دەرمانانەی دارودیوار و دەرك و پەنجەرەی پێ ڕەنگ دەکەن . ٢ــ تم : بۆیاغ ١/ □ « سمێڵی بۆزە و بۆیەی نەماوە + ئەو ڕەزا قورسە بۆیە تۆراوە.»؟

بۆیەچێ ــ [تو.] [٢ــ بۆیە ١/ + چی] ، (نت. ، صت.) ، (کعر.) ئەو کەسەی پیشەی ڕەنگکردنی دەرك و پەنجەرە و دارودیواری خانووانە ★ (کئێر.) نەققاش .

بۆیەکا ــ (شر.) تم : ١ــ بۆیە .

بۆیەکانێ ــ (شر.) تم : ١ــ بۆیە .

بۆیەکو ــ (شر.) تم : ١ــ بۆیە .

بۆیەکە ــ (شر.) تم : ١ــ بۆیە .

بوچك ــ (صت.) ، (سن. ، جن.) تم : بچوك .

بۆدڕ ــ [؟] ، (نت.) ، (نا.) کەلەبەر و قەڵشت لە زەویدا ، شوێنێکی وەکۆ ئەشکەوتی بچکۆلە ، لە کێوا کە دڕندە و جانەوەر خۆیانی

تێدا حاشار دەدەن . تێبـ ــ وا وێ
دەچێ کە ئەم ووشـەیە لە [بۆم +
دڕ (دڕان)] پێکهاتبێ .

بۆدەڵە ــ [أ] ، (نت.) ، (مک.) .
ئادەمیزادی دەست و پێ سپێ هیچ
لەدەست نەهاتو ، بێ شەخسیەت .
تێبـ ــ من وا تێدەگەم ئەم ووشەیە
لە پێشدا (نابۆتەڵە) بوە و
(نا)یەکەی کەوتوە . یاخۆ لە
(بۆتەك)ی پەهلەوێ و (پیب. ئەڵە)
پێکهاتوە کە ماناکەی دەبێتە :
(مەوجودێکی پچکۆلە) .

بۆر ــ (نا.) ، (مک.) تە : بۆرە .

بۆرانەوە ــ (مصتـ. لا.) کتوپڕ
بەهۆی عاملێکی نەفسێ وەکو ترس ،
خەم و خەفەت یا لەبەر هۆیەکی
فیزیۆلۆژێ وەکی نەخۆشێ و
برسێتێ و ... و ... لەهۆش
خۆچون و ئاگا لەخۆ نەمان . ★
بوردنەوە . تێبـ ــ لە کوردەوارێ
بۆ وەهۆش‌هێنانەوەی کەسێکی
بۆرابێتەوە (بۆسۆ)ی وەبەر لوتی
هەڵدەدەن تا بێتەوە هۆش خۆی .

بۆردن ــ (مصتـ. لا.) ١ــ تە :
رابوردن . ٢ــ تە : لێبوردن . ::
ببۆرە نەمتوانی دوێنێ بێمە
خزمەتتان . ٣ــ زۆرگەیشتنی
تەڕەکاری (کاڵەك ، شوتی ،
هاروێ و ...

ڕابوردن ــ (مصتـ. لا.) ١ ــ
تێپەڕینی شتی ماددێ لە شوێنێکەوە
یا بە شوێنێکدا . :: خدر دوێنێ
بێرەدا ڕابۆرد . ٢ــ بەسەرچونی
زەمان :: دوو ساڵێش ڕابوردوە
هێشتا نەگەڕاوەتەوە . ★ (مک.)
ڕابوردن . (بک.) بەهورتن .

لەخۆبوردن ــ (مصتـ. لا.) فیداکاری
لە پێناو دین ، بیروباوەڕ ، نەتەوە و
نیشتمان ــیا هەرشتێکی تر .

لێبوردن ــ (مصتـ. متـ.) خۆش‌بون
لە کەسێ کە خراپەیەکی کردبێ .
دەست‌هەڵگرتن لە شتێ :: لێمان
ببورە خۆ من لە سەعاتەکە بوردوم
دەترسم شتی تریشم لێ داواکا .
★ عەفوکردن . خۆش‌بون .

بوردنەوە ــ (مصتـ. لا.) ، (کعر.)
تە : بورانەوە .

بوردو ــ (حمـف .) حالی
تەڕەکاری زور گەیبو . (تە :
بوردن /٣) .

بورە ــ [أ] ، (نا. ، صـ.) زەوێ
کە ساڵێك نەکێڵدرابێ . ★ بۆر .
(جنـ.) بورە = زەوێ کە هەر
نەکێڵدرابێ . هس : بەیار . تێبـ ــ
وا تێدەگەم ئەم ووشەیە و
هاوتاکەشی هەرتکیان عەڕەبین .

بۆر ــ (نا.) ، (مک.) دارێکی
خۆڕسکە لە جەنگەڵان ، گەڵای
وەگەڵای (دارتو) دەچێ و لقوپۆپی
تێکچڕژاوە ، کاتێ گەڵای هەبێ وەکو
تۆپەڵێ بەسەر دارەکەوە دیار دەکا .
قۆزاخەیێك دەگرێ پڕە لە مێشولە.
لە لێڕەوارەکانی کوردستان هەیە .
★ (کعر.) بەوز . دار مێشولە .
(سنـ.) دارتوفانە .

بۆزۆ ــ [أ] ، (نا.) قوماشێکی
تایبەتی کوردستانە ، جۆلای کورد
لە (مەرەز) دەیکەن و دەکرێتە
ڕانك‌وچۆغە و شاڵ وشەپك . ★
(کعر.) شاڵ .

بوزەلە ــ [بۆز (بۆزۆ) + ئەڵە /٢] ، (نتـ.)، (مكـ.) بەرهەڵبێنەیەکە لە هێندێ مەڵبەندی کوردستان : (شارویران ، هەوشـار ، محاڵی چارداوڕۆ ...) ، لەباتی خامـی سپی یا شێن ، لە بوزوی دەکەن .

بۆژاندنەوە ــ (مصـ. متـ.) ١ــ هێنانەوە حاڵ. ٢ــ وەباوخستنەوە. وەگەڕهێنانەوە. ٣ــ زیندوکردنەوە. :: نەتەوەی کورد دەبێ فۆلکلۆری خۆی بیۆژێنێنەوە .

بۆژانەوە ــ (مصـ. لا.) ١ ــ هاتنەوە حاڵی گیاندارێك کە لەبەر نەخۆشی یا هەر هۆیەکی دیکە ، کەنەفت بوبێ :: سەرما کەسیرەی کردبۆ باش دامان پۆشی ، تـۆزێ بـۆژایەوە . گرانەتـا یەکی ئینسـان دەخاو زۆر درەنگ دەبۆژێتەوە . ٢ــ زیندۆبۆنەوە و وەباوکەوتنەوەی شتێك یـا ڕێوشوێنێـك کـە کزبۆبێ یا هاتبێتە لەناوچۆن . :: نەوروز جێژنێکی کۆنی کوردانـە و تازە بۆژاوەتەوە . ئیمپریالیزم تازە نابۆژێـتەوە . هـسـ : (پهـ.) : بۆژێتەن ، ڕزگاربۆن ، رزگارکردن.

بۆسە ــ [؟] ، (نا.) شوێنێکی نەدیوە ، خۆی لێ حـاشار دەدەن تا نەبێندرێن بۆ هەر مەبەستێـك بێ . تێبـ ــ ئەمەیان زیاتر بۆ نیازی خراپ (شەڕ ، دزێ ، ...) و ئەو جۆرە کارانـەیە لـە حـالێکدا (ستێپە) ، (حاشارگە) و (بنە) کە هەر بۆ خۆ تێدا شاردنەوە ، تەنیـا بۆ ڕاو دەگوترێن . ★ کەمێن .

خۆ لە بۆسەدان ــ (مصـ. لا.) خۆشاردنەوە لە شوێنێکی نەدیـو بە نیازی خراپ . ★ کەمێن کردن .

بۆسەدانانەوە ــ [١ــ بۆسە + دانـانەوە] ، (مصـ. متـ.) خۆشاردنەوەی کەسێ یا کەسانێ لە شوێنـێکی نەدیـو بە نیـازی دەگیرخستن و پەلاماردانی دوژمـن (لە شەڕا) یا ڕێبـوار و کاروانـی (بە نیازی ڕوتکردن) .

بۆك ــ (نا.) ١ــ کچێکی بە شۆ درابێ ، لەو ڕۆژەڕا کە دەسـت بە سازکردنی دەکرێ بۆ چۆنـە ماڵە مێرد و پاشانیش تا ماوەیەك . (هو.) وەوێ . (بکـ.) بۆیك ، (با.) بێك . (جنـ.) بوێ . ٢ــ نیسبەتـی ژنێ دەگەڵ هەمۆ خیزانی مێردەکەی :: بۆکی ئایشەخان (ژنـی کـوڕی کوێخا ئایشـەخان) ، بۆکـەکانی ماڵی کوێخـا بارام (ژنی کوڕەکانی کوێخابارام) . ٣ ــ داوەڵێـکی پچۆکە ــ کچۆلان لە چێلکە و پەڕۆ دەیکەن و ئێستا لە پلاستێك و ئـەو جۆرە شتانەش دروسـتدەکرێ . ★ (سنـ.) وەوێلە . (جنـ.) بیتی . تێبـ ــ ئەم ووشەیە و (بـێوە) و (بێوە) لە (بێوەژن)دا و (وەوێ) هەورامێ و سنەیێ لە (ڤەذۆ)ی سانسکریتێ کەوتۆتـەوە ، لـە ئاوێستادا (ئوپەڤـەذ) بە مـانای ژنهێنان یا مێردکردن هاتوە .

بۆكبردن ــ (مصـ. متـ.) تم : بۆكگواستنەوە .

بۆكانی ــ [بۆك /١ + ئانی/١]، (صـ.) بە شێوەی بۆك ، کارێکی وا کە وەکو بۆ بۆك بکرێ . :: بۆکانی

تفەنگیان دەتەقاند .

بۆكبۆكێن ــ [بۆك/١ + بۆك/١ + ئێن] ، (نت.) یارییێکی کوردەوارییە، کچۆلە دەیکەن یەکێکیان دەبێتــە بۆك و یەکێکیش زاوا و لاســای گەوران دەکەنەوە .

بۆكدابەزاندن ــ (مصت. مت .) هێنانە خواری بۆك (بــوك) لــە خوانی زێن پاش ئــەوەی دەگاتــە بەرماڵی زاوا . ● **دەڵەی بۆکی بۆ دابەزیوە** ــ (کن.) زۆر بە پەلەیە ، ئۆقرە ناگرێ . تێبـ ــ بە کەسێــك دەگوترێ کە لە شــوێنێك بــێ و پەلە بکا بۆ رۆیشتن .

بۆكسوارکردن ــ (مصت. مت .) بۆك لەبەر ماڵی بابی سواری (ماین) کردن تەسلیمی بۆکێنیــان کردنــی تایبەتگوێزنەوە ماڵی زاوا . تێبـ ــ ئەم کارە تەنیا لە ناوی شێرەتان و دەولەمەنــدانی شارانی کوردســتــان باوبۆ ، بۆکی فەقیر و هەژاران بــە پێیان دەگوێزرایەوە .

بۆكگواستنەوە ــ (مصت. مت .)ــ بردنی کچێکی بە مێرد درابێ ، لــە ماڵی باوکیڕا بۆ مــاڵی مێــردی ، بەپێی ڕێوشوێنێکی تایبەتێ کە بــۆ ئەم کارە باوە .

بۆكگۆڕینەوە ــ (مصت. متــ.) پێــك‌گۆڕینەوەی دوو بــوکان کــە ژن‌بەژنەیــان پێــکرابێ . تێبـ ــ ژن‌بەژنە لە کوردستــان ڕەسمــە ، لەناو عەشــیرەتاندا باوە لە حاڵەتێکی ئاوادا هەر لایەی کچی خۆیان دەگەڵ بۆکنێ خۆی ڕەوانە دەکا و لە نێوەی ڕێگا تۆشی یەکتر دەبن و بۆکی هەر لایەك دەدرێتە دەســت بۆکــنێ لایەکەی تر و هەرکەسە بۆکی خۆی دەبا و بەرەو مــاڵ دەگەڕێتــەوە ، هێندێ جار لەسەر ئەوەی کێهەلا دەبێ بۆکی خۆی لەپێشدا تەسلیم بکا دەمەقــاڵێ پەیــدا بوە و کار کەوتۆتە شەڕە تفەگ و (شــایێ) بۆتە (شێن) .

بۆکنێ ــ [بۆك/١ + ئن + ٣ــ ئێ] ، (صت. مت.) ، (مک.) ئــەو کەسانەن کە لە ماڵی زاوایڕا دەچن بۆ ماڵی بۆکێ و لەوسەرەوە دەگەڵ خۆیانی دێنن .

بۆکەبەبارانە ــ (نت.) ، (سیم . مک.) داوەڵێکە لە کاتی بێ‌بارانیدا منــداڵان دوو داران ڕاســت‌وچەپ لێك دەبەستن و پەڕۆ و پاڵی پێــدا دەدەن بە جۆرێ شێوەی ئادەمێزاد بدا و بە ماڵانەوە دەیگێڕن و ئــەو گۆرانیە دەڵێن : « بۆکە بەبارانــی دەوێ ، ئاوی بن دەغلانی دەوێ ، دەرزی کچۆلانی دەوێ . » و چۆنە بەر هەر ماڵێك جامێ ئاو بەســەر خۆیان و بۆکیاندا هەڵدەپڕژێنن و دیاریەکیشیــان دەدەنێ . لــە کوردەواریێ بڕوایان وایە کە ئــەم کارە دەبێتە هــۆی ئەوەی بــاران بباریێ . ★ (سیمە.) بۆکەبەبارانێ . (سنە.) وەوڵە بارانێ .

بۆکەبەبارانێ ــ (نت.) ، (سیمە.) تم : بۆکەبەبارانە .

بۆکەسەماکەرە ــ [بۆك/٣ + ٣ــ ئە/٢ + سەماکەر + ەــ ئە/٢] ، (نت.) بۆکێکە کچۆلان دروســتی دەکەن ، پارچە قوماشێك بە شکلی

ئینسان هەڵدەدرۆن و لۆکەی تێداخنن و بە ئەندازەی خۆی جلکی ژنانەی بۆ دەدرۆن و دەبەری دەکەن.

بۆکەشۆشە — [بۆك/٣ + ٣ـ ئە/٢ + شۆشە] ، (نت.) ، (کعر.)، (نت.) ١ـ بۆکی منداڵانەیە کە لە باغە و شتی وا دروستکرابێ. ٢ـ (کن.) ئادەمیزادی ناسك و نازداری بە ناز پەروەردەکراو .

بۆکێنێ — [بۆك/١ + ئێنێ] ، (نت.) ، (نت. ، صد.) ئەو ماوەیەیە کە کچێکی تازەشوکردوو ، بەپێی داب و دەستور بە (بۆك) حیساب دەکرێ .

بۆلەرزە — (نت.) ، (مک.) تە : بۆمەلەرزە .

بۆڵ — (نا.) ، (سنـ. ، هـو.) خۆڵێکی لە سوتانی دار ، ڕەژێ و ئەو جۆرە سوتەنییانە دەکەوێتەوە. ★ (کعر. ، مـک.) خۆڵەمێش ، خۆڵەکەوە . (بک.) خۆڵێ .

بۆڵاو — [بۆڵ + ١ـ ئاو/١] ، (نت.) ، (سنـ. ، هو.) خۆڵەمێشێ کە تێکەڵ بە ئاو کرابێ . ★ (سیمـ.) خۆڵاو . تێبـ ــ وەکو دەزانین ــ خۆڵەمێش ماددەیێکی (قەلەوێ)یە و لە کوردستان هەر لە کۆنەوە بۆ هەندێ سەنعاتی کشتوکاڵی وەکو ڕەنێوهێنانی کشمیش و سەبزە و دروستکردنی مرەبا و ئێتش و کاری ڕەنگرێـزێ ، دەیکەنە ئاوەوە و ئەو جۆرە شتانەی تێهەڵدەکێشن تا لە ئەنجامی گەرمکـردن و کوڵاندن شکڵیان نەگۆڕێ .

بۆڵەمڕ — [بۆڵ + ٣ـ ئە/٢ + مڕ ؟] ، (نت.) ، (سنـ. ، هـو.) خۆڵەمێشـی داغ . ★ (مـک.) زێلەمۆ . (سیهـ.) ژێلەمۆ . (کیـ.) ژێلە . (جنـ.) بێلمر .

بۆڵەمۆرە — [بۆڵ + ٣ـ ئە/٢ + وەر (؟) + ٥ـ ئە/١] (نت.) ، (؟) تێژاوی خۆڵەمێشە ، بەناو ڕەزان و بـن‌دار و درەختـاندا دەیڕشێنـن ، بۆ لەنـاوبردن و قڕتێخستنی هێندێ جڕوجانەوەر (وەکو کرم و . . .) یا ئیشك‌کردن و سوتاندنی (کیمیایێ) گژوگیای زیانۆ . تێبـ ــ أ) من ئەم ووشەیەم لە (فیش)ەکاندا نوسیوە مانـاشم لێداوەتەوە ، بێ ئەوەی دیاری بکەم لـە کێـم بیستـوە یـا لـە کوێـم وەرگرتـوە و لـە چ نـاوچەیێکی کوردستان دەیڵێن ، ڕوانێمە هەمو ئـەو قاموسـانەش کە لەبـەر دەستمدان و لـە هیچیاندا نـەم دۆزیـەوە و کە تێشـی دەفکرێم بە ووشەیەکی ڕەسەنی کوردێ دەهاتە بەرچاو ، بۆیە نوسیم . ب) کەرتی (وەر) کە لەم ووشەیەدا دەیبینن لە زمانی پەهلەوێدا بە شێوەی (ڤەر) چەند مانای هەیـە کە یەکێکیان (خۆڵەمێـش)ە هاوتایـەکی زۆر نزیکیشی هەر لە پەهلەوێدا هەیـە ئەویش (ڤەڕ)ە (تە : فرە ، پفا ، ل ــ ٥٠٤) دوور نیە کەرتی (مڕ) لە ووشەی (بۆڵـەمڕ)دا هـەر (ڤەڕ)ی پەهلەوێ بێ .

بۆلێلە — [بۆم + لێڵ + ٥ـ ئە/٢] ، (نت.) ، (مک.) ماوەیێك پاش ئاوابونی ڕۆژ لە ئاسۆ ، کە دنیا

نە بەتەواوێ ڕۆنـاك بێ و نـە تەواویش تاریك . (عا.) غسق .
بۆلێلێ ــ [بۆلێلە + ٣ ــ ئێ] ، (نت.) ، (مک.) ڕەنگێ کە لە کاتی (بۆلێلە)دا لە دنیا دەنێشێ ، نـە ڕەشە و نە سپێ و زیـاتر بـەلای ڕەنگی خۆلەمێشیـێـکی مەیلـەو ڕەش‌دایە .
بۆم ــ [ست : بـومی . ، پە : بۆم ، سانسکرێتیی : بهومـی] ، (نا.) زەوێ ، ئەرز ، خاك ، وولات.
تێب ــ ئەم ووشەیە لـە کوردیـدا لەبیران چۆتـەوە و بـە تەنیـایێ دەکارناکرێ ، تەنیـا لە ووشـەی (بۆمەلەرزە)ی (سنـ. ، کعر.)دا دەبیندرێ و لـە (بولـەرزە)و (بۆلێـلـە)ی موکریانیـشدا هەنکاوێکیتر چۆتە پێش و دەنگی (م) لە ئاخرەکەی کەوتوە و لە قالبی (بۆ)دا دەیبینین .
بۆمەلەرزە ــ [بۆم + ٣ــ ئە/٢ + لەرز (لەرزین) + ٥ــ ئە/١] ، (نت.) ، (سنـ. ، کعر.) هەژان و لەرینەوەی توند و تیژ یا سـوکی هێندێ شوێنی (گۆ)ی زەویە .
تێب ــ تا ئێستا هۆی ئەم هەژانە بـە ڕاستێ نەزانراوە و لەم بابەتـەوە ڕای جۆراوجۆر لە ئارادا هەیـە . لە کاتی لەرینەوەی زەوێدا گەلـێ جار دەنگێکی وەکو گرمەی هەور یـا تەقەی تۆپ دەبیسـترێ . ئـەو شوێنەی کە لە کاتی بۆلەرزەدا لـە هـەمۆ شوینێـك تونـد و تیـژتر دەلەرێتەوە ، بە زاراوەی زانستێ پێی دەڵێن (کوانۆ ــ کانـون ــ ی ناوەوە) و ئەو شوینەش کە لـە هەمۆ شوێنێکی دیـکە کەمتـر دەلەرێتەوە (کوانـوی دەرەوە) ، دورێ ئەم دۆ جێگەیە لێکتر لە ١٨ کیلۆمیتر تا ٦٠ کیلۆمیترە .
بۆن ــ [ست : بەڤەئیتی . ، پە : بوتـەن .] (مصـت. لا.) ١ــ مەوجودیەتی گیاندار یا شتێـك :: ئەم کەلاوانە جاران شار بـۆن ، ئێرە قەت ئاوەدانـێ لێ نەبـوە ، ڕۆستەم پاڵـەوان بـۆ ، خـۆزگە منداڵەکەتان کوڕبـا (بابـە) . □ « ئەگەر بە چاوی خۆم نەمدیبا بۆتە ڕمۆزن ، بـاوەڕم نەدەکـرد . » ، (چیرۆکی فۆلکلۆرێ) . ئەم کوڕە دەبێتە زانایەکی گەورە . نابێتـە پیاو . ٢ــ گوران و درسانی شەتلی گیا و سەوزە :: تۆتنەکەی شەماڵ باش بوە . هێشتا باینجـانەکانی کوێخـا تۆفیـق نەبـوون . ٣ــ پێگەیشتنی هێندێ خواردەمەنێ . :: ئەم چایە هێشتا نەبوە بیخەوە سەر ئاوور . قبولیەکە زۆر بـاش لێندراوە بەلام تۆزێکی ماوە ببێ . ٤ــ فیعلی مـساعیدە و دەگەڵ هێندێ فیعلی دیـکەدا تـەرکیب دەبـێ و یارمەتێ (سەرفـکردن)یان دەدا بـۆ سیغەی جیاجیا . :: دوێنێ بۆی نەکرابۆ بچێ . قەلـەمەکەی لـێ بەجێ‌مابۆ . ڕدێنی نەتاشیبو . تارە ڕۆیشتبۆ (ڕۆیبۆ) . ٥ــ دارایێ و مالکییەت . :: بۆن و نەبۆن بە دەست خولایە ، کەسێکی کار نەکا چۆنی دەبێ . ★ هەبۆن . **بۆن بە ...** گۆڕانی گیاندار یا شتێ لە حالێکەوە

بۆ حاڵێکی دێ . □ «کەوی لێبوە بە زڕەکەو . » ، « خۆی لێبوە بە شت . » ، « بوە بە ماصتی مەیتو»، « گوێلکی خۆماڵێ بە گا نابێ » .

له ... بوّن ــ وجودی گیانداریّ یا شتێ له شوێنێ :: له بەغدا بوم ، ئەو ساڵەی لە تەورێزێ بوین ، ئوتۆمبێلەکەی لەبەر دەرکێ بوّ ، ئیمرۆ خەڵکێکی زۆر لە سەرا بوّن ، کتێبەکەی لەسەر مێزەکە بو چیلێهات . تێب ــ بە قسەی دوکتۆر معێن . (تە : بورهان ، ج ١ ، ل ــ ٣١٤) ئەم مەصدەرە لە (بهەڤ ، بهو)ی ئاریایی و (بەڤەئیتی) ئاوێستایی و (بهەڤەتی = بو)ی سانسکرێتی کەوتۆتەوە .

بوّنەوە ــ ا بوّن + ٢ ــ ئەوە /١ و ٢] ، (مصد.) ١ ــ وەکو فیعلی مساعید دەگەڵ (ناو)ێك تەرکیب دەبێ : ا) مەوجودیەتی دوبارەی ئەو شتەی (ناو)ە کە نیشانی دەدا و جارێك لە مەوجودیەت کەوتوە ، دەگەیێنی :: زیندوبوّنەوە ، پەیدابوّنەوە . ٢ــ دوپاتەبێ کار یا ڕوداوێك دەگەێینێ . :: شەڕبونەوە ، گومبوّنەوە .

بە ــ [ست : ئوبە ، پە : پەت] ، (ئم .) ئامرازە و بوّ ئەم مەبەستانە بەکاردێت : ١ــ بۆ پێشاندانی شوێنێ کە پێیدا دەرباز دەبن :: بە بندیوارەکەدا بڕۆ . دوێنێ بێرە (بەئێرە)دا هاتین . بەم کۆڵانەدا بڕۆن دەگەینە ماڵی خاڵم . ٢ــ دەگەڵ (ناو) تەرکیب دەبێ و دەیکاتە بەند :: بە ئەسپایێ ، بە خێرایی ، بە چاوی سوك ، بە گورجێ □ « ئەوەی بە بێوەژنێ دەیکەی بە کچێتێ کردبات . » ٣ــ بۆ دیاریکردن و نیشاندانی ڕێگا و ئامرازێ کە ئیشێکی پێ پێکدێت :: خەڵك ئێستا بە فڕۆکە و ترومبیل دەچنە سەفەران . جاران بە گوێدرێژ و بارگین لە جێگایەکیرا دەچوّنە جێیەکی تر . فەرامەرز بە خەنجەر وورچێکی کوشت . بە مست لە لوتی دا . ٤ــ بۆ سوێندخواردن :: بەسەری کاکم . بە گۆڕی شەهیدان . بەو قەبرەی جوانەمەرگەکەی تێچوە . بە شەرەفی هەرچی مەردە . بە پیری هەورامان . □ «سوێندەکە بە گوڵ بێ . » ٥ــ دەکەوێتە نیوان دوّ ناوی وەکو یەکەوە و شێوەی بڕانەوە و جێبەجێبوّنی کارێك پێشان دەدا . :: نامەکەیان دەست بەدەست برد تا گەیشتە خاوەنی شارەکەیان ماڵ بە ماڵ پشکنێ قسەکانی موّ بە مو بۆ گێڕامەوە . ٦ــ بۆدیاریکردنی ئەندازە و نرخی شتێ و پرسیار لەو ئەندازە و نرخە ، بەکاردێت . :: ئەم کتێبەت بە چەند کڕیوە ؟ ئەمە چەندی بە چەند . لە لادێ دەغڵ بە پێوانە و لە شارستان بە کێشان . □« هەموّ شتێ بە خوێ ، خوێش بە مەعنا . » ٧ــ بۆ تێکهەڵەنگوتن و لێك نیزیك بوّنەوە . □ «کێو بە کێو ناگا ، ئادەمێ بە ئادەمێ دەگا . »، « چاو بە چاو دەکەوێتەوە » . ٨ــ لە پێش ناوێکەوە دێ و دەیکا بە صفەت . :: بەجەرگ ، بەهۆش ، بەکار ،

بەتـام ، بەپێـز . ٩ـ (مبتـدا) و (خەبەر) تێكدەكاتەوە و نیشاندەدا ئەو (ناو)ەی لە (مبتدا)كـەدا هـاتوە خـاوەنی ئەو شـتەیە كە لـە (خەبەر)ەكەدا باسكراوە. :: مریشكەكە هـەر گارەگارێتی بـە هێلكەیە . ئاردەكە بە پێزە . ١٠ـ بۆ گۆڕانـی شتێك لە حالێكەوە بۆ حالێك :: بۆ بە تنۆكی ئاو ، لە ئەژنۆ بەرەژێری بۆ بە بەرد ، « لەپڕێ نابێ بە كوڕێ». ١١ـ بۆ پێشاندانی كات و جێگا :: بەو قرچـە قرچـی نیوەڕۆیـە لـە كوڵان دەسـوڕایەوە . بـە شـەوی تارێك دەرزێ پێوە دەكـا . ١٢ ـ دەستاودەسـتكردنی شـتێك نیشاندەدا :: كتێبەكەی دا بـە نەریمان ، ترومبیلەكەی بـە خـدر فرۆشتوە . ١٣ـ پەیوەندێ (ناو) یا (فیعل)ێك دەگەڵ ئەو (زەمـیر) یا (ناو)ە پێشان دەدا كە لە دوایەوە دێت . □ «كە من نەخلی مرادم بێ سەمەر بێ + بەمن چێ باغی عالـەم جوملە بەر بێ . » (؟) . تێبـ ـ لەو شیعرەدا نیشـانمان دەدا كە (باغـی عالەم) هیچ پەیوەندێكی دەگەڵ (من) نیە كە لە پاش (بە)وە هاتوە .

بە ئالـۆش ـ (صــتـ.) تـە : ئالۆشاوی /٢ب .

بەئەسپایێ ـ(بنت.) تە: ئەسپایێ .

بەئەنداز (ە) ـ (بنت.) لە قەدەر حاڵ ، نە زۆر نە كەم ، بە حیسـاب . □ « نەڕۆی فەرش گوڵ ، مەسـت مەست بـە ئەنـداز + گرتشـان چۆپێ وێنەی چوپێ باز ». (خانا ـ ٦٢) .

بەبا ـ [بە/٨ + با] ، (صـتـ.) حـالی دێـلەصەگێـكی هەوەسـی جوتبونی دەگەڵ (گوڵ) تێدا پەیدا بوبێ .

بەباچون ـ [بە/٣ + ٣ـ با/١ + چـــون] ، (مصـــتـ. لا.) لەدەستدەرچونی شتێك بە هاسانێ ، لەكیسچونی شـتێ (مـــاددێ یا مەعنەوێ) بە خۆڕایێ .

بەبادان ـ (مصتـ. متـ.) زایەكردنی شتێ ، بە هێچێ شتێك لە دەستخۆ دەركردن . :: شێرە ئەو هەمـــو پارەیەی هەبو بە بای دا .

بەباكردن ـ (مصـــتـ. مــتـ.) لێكجوداكردنـــــەوەی (دان) و (كاوكوت)ی خەرمانی گەنم و جـۆ . تێبـ ـ پاش گێرە ، بە شەنە خەرمان بە (شەنە) بۆ هەوا هەڵـدەدەن ، كاوكوت سوكە (با) دوری دەخاتەوە و (دان) قورسە لـە شوێـنی خـۆی دەكەوێتە خوار . ★ شەنكردن . هەڵاویشتن /٢ .

بەبارێكاخستن ـ [بە/٣ + ٢ ـ بار/١ + یەكا (یەك + ٣ ـ ئا/١) + خســتن] ، (مصـتـ. مـتـ.) ، (سیـە.) لابەلاكردنی كارێك ، لـە ڕاوەستاوێ (ركـود) ڕزگاركردنی مەسەلەیەك . :: هێندە ساوەساوی لێ مەكەن و ئیشەكە هەرچـیزوتر بەبارێـــكا بخــەن . ★ (مكـ.) بەلایەكداخستن .

بەبالآبڕان ـ [بە/٣ + بالا/١ + بڕان] ، (مصتـ. لا.) ، (كنـ.) ١ـ بە قیسمەت بون ، بە نسیببون :: دەیگوت من ناچم با ئەو جارە یەكێكی

تر بچێ خۆ بە بالاَی من نەبڕاوە .
٢ــ کارێك کە لە هەمۆ کەس چاتر بە کەسێ بکرێ یا شتێ بۆ یەکێ لە هەمۆ کەس زیاتر دەست بدا :: ئەوە هەر بە نەوزاد دەکرێ دەڵەی بە بالاَی بڕاوە .

بەبالاَبڕین ــ (مصد. مت.) تە : بەبالاَگرتن .

بەبالاَداهەلکوتن ــ (مصد. مت.) ، (کن.) باسی چاکەی کەسێ کردن ، پەسن‌دان ، تاریف‌کردنی .

بەبالاَگرتن ــ (مصد . مت.) جلوبەرگی درواو ، یا قوماش بە بەژنی ئینسانێك پێوان بۆ زانینی گەورە و پچکۆکێ و درێژێ و کورتێ (بۆ جلکی حازر) و زانینی ئەندازەی (بۆ قوماش) ★ بەبالاَبڕین .

بە برینگ ئەنگوتن ــ (مصد. مت.)، (مک.) تە : بە برینگ هەڵگەڕان .

بە برینگ‌کەوتن ــ (مصد. مت.)، (مک.) تە : بە برینگ هەڵگەڕان .

بەبرینگ هەڵگەڕان ــ (مصد. مت.) ، (مک.) باش دەبڕینەوە نەهاتنی خورێ ، ئەوەش لەبەر نەخۆشی‌یەکە، مەڕ لە وەختی بڕینەوەدا توشی دێت . ★ بە برینگ ئەنگوتن ، بە برینگ کەوتن .

بەبڕشت ــ (صت.) ١ــ حاڵی دەغڵ و دانێ کە زۆری لێ هەڵبگیرێ :: برنج لە گەنم بە بڕشت ترە . ٢ــ حاڵی کەسێکی سەلیقەی بە کاران بشکێ ، سەری لێ دەربچێ .

بەبلە ــ [بەبە + لە (پب.)] ، (نت.) ، (سن.) تە : بەبە .

بەبۆ ــ [؟] ، (نا.) ، (مک.) گوێزێکە لە یاری (سافێن)دا دەشکێ و منداڵەکان بۆ چنینەوەی کاکڵەکانی پەلاماری دەدەن و هاوار دەکەن بەبۆیە ، بەبۆیە .

بەبۆن‌کەوتن ــ(مصد. لا.) نەخۆش بونی منداڵی ساوا لەبەر ئەوەی بۆنێکی بە سەردا چوبێ . تێب ــ لە کوردەوارێدا وا دەزانن کە منداڵی ساوا لەبەر ئەوەی زۆر ناسکە ، بۆنی توندی صابون و عەتر و ... ئەو جۆرە شتانە کاری لێ دەکا و نەخۆشی دەخا . :: ئەبەرۆ کچێ نیزیکی منداڵەکە نەکەوی بۆنی لاوانتەت لێدێ و منداڵەکەم بە بۆن دەکەوێ .

بەبوك‌بردن ــ (مصد. مت.) ، (کن.) جنێوە و کەسێکی ئەم قسەیەی پێ‌دەگوترێ وەکو پێی بلێن : (ژنە و بە مێردی دەدەن) وایە .

بەبە ــ (نا.) منداڵی ساوا . تێب ــ ئەم ووشە لە زمانی منداڵەوە هاتوە کە بە هاوچەشنێکی خۆی دەڵی و گەورەش وەری‌گرتوە و بە منداڵی دەڵێتەوە و بۆ لاواندنەوە و ژێرکردنیش بەکاری دێنن . ★ بەبەکە . (سن.) بەبلە .

بەبەرەوەهەبۆن ــ [بە/١١ + ٣ــ بەر + ٣ــ ئەوە/٢ + هەبون] ، (مصد. لا.) جێگاهەبۆن بۆ ئیشێك بۆ شتێك ، ماوەهەبون بۆ کردنی کارێ . :: بۆچی پەلەتانە ، هێشتا شەو زۆری بەبەرەوەیە . نەختێکی دیکەش دیوارەکە بکێشنە پێش بۆ حەوشە زۆری بەبەرەوە هەیە . زۆر

تەواو کورت بۆن هیچیان بەبەرەوە نیـە .

بەبەکە ــ [بەبە + ١ ــ ئەکە] ، (نتـ.) تم : بەبە .

بەپشت ــ [بە/٨ + پشـت] ، (صتـ.) ، (مکـ.) حاڵی پەلەگەنمێکی پڕ دانەچێنـدرابێ بەڵام خـۆی لێك‌دابێتەوە و جێگای بەتاڵی تێـدا نەبیندرێ .

بەپێ ــ (صتـ.) ، (مکـ.) حـاڵی ئەوکەسەی لە ڕێڕۆینا خێرابێ ، خۆش دەڕوا . ★ (سنـ. هو.) بەلەپا . قۆچاغ . بەلەپێ .

بەپێی‌فیلان ــ (کنـ.) زۆروزەبەند، ئێکجار زۆر .

بەپیرەوەچۆن ــ [؟]، (مصتـ. متـ.) ١ــ بۆ بەخێرهاتن‌کردنی کەسێ لـە ماڵ یا لـە شارچونـەدەرەوە ٢ــ (مجـ.) دەگەڵ کارێ یا مەسەلەیـێ بـە خـۆشێ ڕۆبـەڕۆبۆن و پەسندکردنی . :: خەڵکی شار تـا تاسلۆجە بەپیریەوە چۆن . خەڵـك ئێستا بەپێر کتێبی کوردییەوە دەچن . ★ پێشوازکردن . بەرەوپێرچۆن . (جنـ.) پێشوازکردە .

بەپیرەوەهاتن ــ (مصتـ. لا.) تم: بەپیرەوەچۆن . :: خەڵکی سلەیمانێ تا دۆزخورماتو بەپێر مەیتی شـێخ لەتیفەوە هاتبۆن . تێبـ ــ أ) جیاوازێ ئەمەیان دەگەڵ (بەپیرەوەچۆن) هەر ئەوەندەیە کە ئەمەیان یەکێك دەیلێ خۆی دەگـەڵ ئەو کەسـە بێ کـە پێشوازێ لێ کرابێ ، بەڵام ئەویتـر کەسێك دەیلێ خەبەرەکە بگێڕێتەوە. ب) لە هەردوکیاندا ، پاش (بەپێر) یا ناوی کەسێ یا زەمێرێك دێت .

بەتاك ــ (صتـ.) ، (کمر.) تم : ئاواڵـە/١ ★ (بـکـ.) ڤـەکرێ . (جنـ.) وا .

بەتاڵ ــ [عا.] ، (صتـ.) ١ ــ حاڵی دەفر یا هەر شتێکی دیـکەی بۆ ئەوە دروست‌کرابێ لە لاوە شتێکی تێ‌بکرێ (بۆ هەڵگرتن یا گوازتنەوە) و هێچی تێدانەبێ . :: قاپی بەتاڵ . جەواڵەکە بەتاڵە . ★ خالێ (عا.) ، (بکـ.) ڤالا . // پڕ . ٢ــ حاڵی خانۆ یا ژۆرێکی کەسی تێدانەبێ و بـۆ ئەوە دەس‌بدا ماڵێکی بچێتە نـاو تێیدا دانیشێ . :: بابزانین ئەم ماڵە ژۆری بەتاڵیان هەیە بە کرێی بدەن . هەر لەم گوزەرە چوار دۆکانی بەتاڵ هەیە . ★ (مکـ.) چۆڵ . (کمر.) چۆڵ . (هو.) واق . (سنـ.) ئاواق. ٣ــ (مجـ.) ئادەمیزادێکی ئاقڵی بـە شـت نەشـکێ و لـەکاران سـەرەودەرنەکا . :: تەماشـای قەڵافەتی مەکەن هەر زۆر بەتاڵە . ٤ــ (مجـ.) کتێـب یـا ووتـار و نوسراوێکی (بێر)ێکی دەرنەخا و مەعنایەك بە دەستەوە نەدا ، تەنیا ووشـە بێ و ڕێزکرابێ . :: ئـەم مەقالەیە چەنـدە دۆرودرێژە کەچێ بەتاڵە .٥ ــ ناتەواوێ چەشنەکارێك کە ڕێ و شوێن و مەرجی تایبەتییان بۆ داندرابێ و ئـەگەر یـەکێ لـە مەرجەکانی کەل بـۆ هەمـۆ کارەکە زەدەداربێ . ☐ «هـەرچەند نوێژ دەکەم نوێژم بەتاڵـە + ئەلحەمد دەخوێنم تۆم لە خەیاڵە » (فۆلکلۆر) ــ یەکێك لە مەرجەکانی نوێژ ئەوەیە

کە دەبێ نوێژکەر مێشکی خۆی بۆ یادی خوا تەرخان بکا و لە کاتی نوێژا بیر لە هیچیتر نەکاتەوە ــ « کە زۆر هات قەوالّە بەتالّە » (قابالە) بۆ ئەوەیە بە بەلّگە و دەلیل نیشانبدات خاوەن ملك کێیە، بەلاّم کە کار هاتە سەر «زۆر» دەلیل و مەنتیق دەچنەوە مالّی خۆیان بۆیەش «قەوالّە» کە «بەتالّ»ە **بەتالآیی ــ** [عا. کو.] ، [بەتالّ + ئایی/١] ، (نت.) تە : بۆشایی/٢ و ٣ .

بەتالّبوون ــ [عا. کو.] ، (مصە. لا.) ١ــ هیچ دە دەفردانەمان :: قاوورمەمان نەماوە کۆپەکە بەتالّبوە. هەردوو شووشەکە بەتالّبوون ئەو هەمویان چوون خواردووتەوە . ٢ــ چۆلّبوونی خانوو و هەر شتێکی لەم بابەتە . :: ژوورەکە سەری مانگ بەتال دەبێ . ٣ــ هیچ نەزانین ، ئاقلّبەشت نەشکان . :: پەککوو لەو کابرایە ! نازانم ئینسان چۆن وا بەتالّ دەبێ . ٤ــ بێ ناوەرۆکبوونی کتێب و نووسراو .. تێبـ ــ پێویستە وورد ببینەوە کە مەصدەری (بوون) لەم ووشەیەدا لەوانەیە بۆ زەمانی (حالّ) و (مضارع) بێ .

بەتالّپێ ــ [عا. کو.] ، (نت.) پیاوێك کە لە جێگایەك بێ و هیچ ئیش و کارێك ڕانەپەڕێنێ . :: ئەی ئەو هەموو بەتالّ پێیانە چن لە دیوەخان ؟

بەتالّکردن ــ (مصتە. متە.) ١ــ هیچ شتێ دە دەفرێکدانەهێشتن . :: شووشەکانیان هەموو بەتالّکردبوو ، دەمی بە جامی دۆیەکەوە نا تا بەتالّی نەکرد دەمی هەلّنەگرت . ٢ــ چۆنەدەر لە خانوو ، ژوور ، ... و چۆلّکردنیان. :: ئەرێ ئەم خانوەمان کەی بۆ بەتالّدەکەی ؟ ژوورەکەم هەر بەتالّنەکرد .

بەتالّ و حەتالّ ــ [= عا : بطّال و عطّال] ، (صت.) ١ــ حالّی کەسێکی هیچ پیشەیەکی نەبێ . :: زۆر هەتا ئێوارێ بەتالّوحەتالّ دەسوڕێتەوە. ٢ــ حالّی دەفرێکی هیچی تێدانەبێ. :: گۆزەکە بەتالّوحەتالّە چۆرێك ئاو چیە تێدا نیە .

بەتانی ــ [= عا : بطّانیة] ، (نا.) ، (کعر.) پێخەفێکی فەرەنگییە بۆ خەوتن لە باتی لێفەی کوردەواری بە خۆیدا دەدەن . ★ (کئێر .) بەتوو، (مکـ.) عەدیالّ. (سنـ.) ئەدیالّ، ئەبیالّ .

بەترپێرار ــ [بەتر + پێرار] ، (نتـ. ، بنتـ.) تە : بەسرپێرار. هسـ: بەترپێرێ (تە : تێبـ.) .

بەترپێرێ ــ [بەتر + پێرێ] ، (نتـ. ، بنتـ.) تە : بەسرپێرێ. تێبـ ــ من وای بۆ دەچم کە (بەسر) لە (بەتر = بەرتر) بە مانای پێشتر کەوتبێتەوە و ئێستاکێ بە تەواوی برەوی سەندوە و لە مەلّبەندەکانی لەهجەی ناوەندی زمانی کوردی ئەوانەی (بەتر) بەکاردێنن زۆر نین، بەلاّم لە لەهجەی باکوریدا وەکوو خۆی ماوە . :: بەترپێر ، بەترپێرار (تە : کف . ــ ل ٨٨/٨٩ و ژابا ، ل ــ ٨٧) و لە مەلّبەندی گەرمیانی کوردستانی عێراق (بەسترپێرێ ، بەسترپێرار)یش دەوێژرێت .

بەتفەڕ ــ (صت.) تە : بەدفەڕ .

بەتلاندن ــ [عا. کو.] ، (مصت . مت.) ، (مکـ.) لەناودان ، لەناوبردن، رایەکردن ، لەدەستخۆدەرکردن . :: نـەچی بێبەتلێنی ، لـە مێـژە بەتلاندۆمە . چابـۆ بەتلاندت ئـەو بارگێنە لاتە کەڵکی هیچی پێوەنەبۆ .

بەتویکڵ ــ (صت.) حاڵی قسەیەکی سەرەڕای مانای ئاشکرای ، مانایەك یـا چەند مانـای دیکەشـی تێـدا بخوێندرێتەوە . تێبـ ــ زۆر جاران ئەو مانا نهێنییانە ، لاتاو یا جنێوێکی سۆکەڵە دەبن کە بۆ گاڵتەوگەپ و پێکەنێن دەگوترێن .

بەتۆ ــ [بە/٨ + تۆ (تۆم)] ، (صت.) ، (مکـ.) حاڵی ڕەپستەیەکی چڕوپڕ بێتە بەرچاو .

بەتەقەکەوتن ــ (مصت. لا.) ، (کەر.) بەشـەرمدا کـەوتن و دەس هەڵـگرتن لـە کـارێ . بەخۆداشکانەوە لە شتێ یا لە کارێ ، وازهێنان .

بەتەگە ــ [بە/٨ + تـەگە] ، (صت.) ، (مکـ.) حاڵی بزنێکی مەیلی جۆتبۆنی دەگەڵ (نێریێ) بزۆتبێ .

بەتەڵەب ــ [کو. عا.] ، [بە/٨ + تەڵەب] ، (صت.) حاڵی ئەسپێکی هەوەسـی جۆتبۆنی دەگەڵ مایـین هاتبێتە سەر .

بەتەما ــ [کو. عا] ، [بە/٨ + تەما (تەماح)] ، (صت.) حاڵی کەسێکی کە چاوی لـەوەبێ یەکێتر لەباتێ ئەو ئیشـێك بکا . چاوەنواڕ ئومێدەوار :: بـە تەمای من مەبن ئێمشەو نایـەمەوە . □ « بەتەمای فرۆی مانگا زەردە » . « بەتەمـای نیسکێ لە ئیمانی مەگەڕێ » (خا ، پەند ، ل ــ ١٠١) .

بەتەماح ــ [کو. عا.] ، [بە/٨ + تەمـاح (طمـع)] ، (صت.) تەماحکار .

بەتەنگەوەبۆن ــ [بە/٨ + تەنگ + ٣ــ ئـەوە/١] ، (مصت. لا.) خەمڵەشتێخواردن . ئیهتیمام بەکار و مەسـەلەیێ یـا کەسـێدان . دەربەست بۆن. :: خۆی دەربازدەکا بە تەنگەوە مەبن . ئەوە چیە هێندە بۆی بەتەنگەوەن .

بەتەوسەوە ــ [بە/٨ + تەوس + ٣ــ ئەوە/١] ، (بنت.) قسەکردن بە شـێوەیەکی وا کـە بۆنی گاڵتە پێکردن و بەسـۆکتەماشـاکردن و تانۆتی تێدابەدیبکرێت .

بەتیسك ــ (صت.) ، (مکـ.) حاڵی مەڕێکی تیسکی خوریێ درێژ بێ بەلام شاش بێ .

بەتین ــ (صت.) ١ــ گەرم :: ئەم سۆبەیە زۆر بە تینە ، هەتاوی بەغدا هێندە بە تینە گۆشت دەبرژێنێ . ٢ــ (مج.) بەهێز . بەقەوەت .

بەجەرگ ــ (صت.) پیاوی ئازا و نەترس :: کابرایەکی بەجەرگە لـە پەنجا سواران ناگەڕێتەوە .

بەجەرگی ــ (حمص.) ئازایەتی ، چاونەترسی .

بەجێ ــ (صت.) حاڵی کارێکی بە شیوەیێکی ڕێكوپێك ئەنجـامدرابێ، بەو جۆرەی پێویستە ، بەچەشنێکی لێوەشاوە . :: زۆر بەجێیە ئەگەر بچن لـە خەسـتەخانە سـەرێکی

لێ بدەن .

بەجێگەهاوردن ــ (مصد. مت.) ، (سن .) تم : بەجێ گەیاندن .

بەجێ گەیاندن ــ (مصد. مت.) ئەنجامدان ، جێبەجێ کردن ، پێکهێنان :: نیەتمە دۆ ڕەکات نوێژی ئەم سەبەینەی حازری بەجێ دەگەیێنم . پەیمانێکی دابۆ بە جێی نەگەیاند . ★ (سن.) بە جێگەهاوردن ، (مک.) بە جێ هێنان، (سیم .) بەجێ هاتێن .

بەجێ مان ــ (مصد . لا .) ١ــ دواکەوتنی کەسێ لە هاوڕێکانی :: کوڕینە تۆزێ یەواش بڕۆن مامە حەمە هەر بەجێ دەمێنێ . ٢ــ مانەوەی شتێ یا کەسێ لە شوێنێك :: قەلەمەکەم لەسەر مێزەکە بە جێماوە . ئێمە هاتینەوە و خەسرەو لەوێ بەجێما .

بەجێهاتن ــ (مصد. لا.) ١ــ وەدێ هاتنی ئاوات و مەبەست و ئارەزۆ. ٢ــ جێبەجێ بۆنی کارێك .

بەجێ هاتێن ــ (مصد. مت.) ، (سیم.) تم : بەجێ گەیاندن .

بەجێ هێشتن ــ (مصد. مت.) ، (مک.) ١ــ تەرك کردنی شتێك یا کەسێك لە شوێنێك و دەگەڵ خۆنەبردنی . :: خەسرەومان بەجێ هێشت ئاگای لە ماڵێ بێ.میوانەکان بەجێ نەهێڵی ، جانتاکەی لە ئوتێل بەجێ هێشتبۆ . ٢ــ تێپەڕین لە شوێنێ ، دێیەك و ... و .. خستنەپشت سەرێ :: کەرکۆکمان بەجێ هێشت ئینجا بیرمان کەوتەوە کە دەبۆ بچین کەباب بخۆین ، ئەمۆ چەند لە مێژە (قەمتەرە)مان بەجێ هێشتوە .

بەجێ هێنان ــ (مصد. مت.) ، (مک.) تم : بەجێ گەیاندن .

بەچ ــ (نا.) تم : بەچە . هس : وەچ تێبـ ــ بەلای منەوە هەر ئەم (بەچ)ەیە کە ووشەی (بچوك) و وەچەکانی لێ پێکهاتوە .

بەچاوەوەبۆن ــ (مصد.) لە چاوی پیسەوە تۆشی نارەحەتی هاتن . کارکردنی (چاووزار) لە کەسێ . ● « دوم ! بەچاومەوەبێ » ، (مک.) ڕستەیەکە بۆ ترساندن یا تۆرەکردنی کەسێ دەگوترێ . :: دایکم ! ئەم منداڵە هێندە مەگێرە با خوڵانەخواستە بە چاوەوە نەبێ. ★ بە چاوی پیسەوە بۆن .

بەچاوەوەکردن ــ (مصد. مت.) بەهێزی (چاوەزار) کەسێك تۆشی نارەحەتی یا زیانکردن . :: هێندە کوتی : گوڵدانەکە جوانە جوانە! تا بە چاوەوەی کرد و شکا.

بەچاوی پیسەوەبۆن ــ (مصد . لا.) تم : بەچاوەوەبۆن .

بەچکە ــ [بەچ + کە] ، (نت.) ١ــ تم : بەچە/١ و ٢ . ٢ــ جۆجەڵەی باڵندە و بچوکی هێندێ گیانداران . :: بەچکەچۆلەکە ، بەچکەسەگ ، بەچکەگورگ . ★ بێچو .

بەچنگ ــ (صت.) ١ــ پیاوێ کە بۆ پەیداکردنی بژێوی خۆی ماندوبۆن نەزانێ ، وەکو دەڵێن لە بەردی ڕەق نان پەیداکا . ٢ــ کوڵنەدەر .

بەچە ـ [پە : قەچەك ، بەچەك]. [بەچ + ە ـ ئـە/١] ، (نـتـ.) ١ـ منداڵی ئادەمیزاد . ٢ـ تە : بەچکە /٢ . ★ بەچکە . (لو.) بەچ ، بەچە. (بک. ، سنـ. ، فیـ. ، هو. ، زا .) زارۆ ، زارۆڵە . (با.) بچۆك . ٣ـ کوڕێکی هێشتا تۆکی لێنەهاتبێ . ★ لۆسکە ، هەتیو .

بەچەباز ـ [بەچە/٣ + ٣ـ باز /١] ، (نفا. ، صفا.) ئەو کەسەی ئالوودەی جوتبون دەگەڵ منداڵـی بێتوك بێ . ★ هەتیوباز ، منداڵباز.

بەچەبازێ ـ (حمصـ.) ئەنجامی کاری ئەو کەسەی حەز لە لۆسـکە دەکات . ★ هەتیوبازێ .

بەچەك ـ (صتـ.) کەسێکی تفەنگ، دەمانچە و . . . و . . . هەڵگرتبێ . :: سوارەکان بەچەکن یان نا. هەزار سواری بەچەکیان سازداوە . ★ چەکدار .

بەحەشت ـ (نا.) ، (مکـ.) تە : بەهەشت .

١ـ بەخت ـ [پە : بەخت] ١ـ هێزێکی نادیارە ، ئادەمیزاد لە زۆر کۆنەوە بۆ خۆی ڕەچاوکردوە و لای وایە هـەر چـاکە و خراپەیـەکی بەسـەری بە هۆی ئەو هێزەیـە . ● ((**بەختینوستوە**)) ، (کنـ.) هەمیشـە تێدەشکێ و دە کاراندا سەرناکەوێ. ((**بەختی وەك صەگ دەوەڕێ**)) ، (کنـ.) هەر کارێکی دەستی بداتێ ، سەردەکەوێ . ((**بەختی بەستراوە**))، (کنـ.) بە کچێـك دەگوتـرێ کە خوازبێنی کەری نەبێ . ☐ ((دەچمە سەر سوڵتانی ، چلدانەی دەگرمەوە، بەختی خۆم و چاو جوانێ ، بە تاقێ دەکەمەوە)) (فۆلکلۆر.) تێبـ ـ ئەم وشـەیە لە (ئاوێسـتا)دا بە شێوەی ناوی مەفعوڵ (بەختە) بە مانای (بەشدراو ، بڕیار دراو) هاتوە و لە زمانی سانسکریتیدا بـە شـکڵ (پهەکعا) بە مانای شتێکی بەخشراو لە هەندێ شوێنی ئاوێستاشدا شکڵی (بغە ، بغا)ی بە مانای (بەش) وەرگرتوە . (تە : پە ، یگد ، جـ ٢ ، لـ ـ ١١٥ و معین ، بورهان ، جـ١ ، لـ ـ ٢٣٩) ٢ـ (مجـ.) پەنا ، داڵدە، تێبـ ـ یەکێك کە بیەوێ کەسێکی دێ لە کارێك یا ڕۆداوێکدا کۆمەگی پێبکا یا بەڵایەکی لێوەدوورخـا ، پەنـا دەباتە بەر بەختی ئـەو کەسـە . ((دەغێلی بەختتبم .)) ؛ ((خـۆم خسـتە بەختیتۆ و تۆش کەیفی خۆتە)) ڕستەیێکن کە لەو جـۆرە کاتانـەدا دەگوترێن ، جاروبارەش پەنا دەبرێتە بەر بەختی کەسێکیتر لەلای کابرای مەبەست خۆشەویست بێ . ((خۆم خسـتە بەختی بابت)) ئەمە هەمـوی لەوەڕا دێت کە ئینسان (بەخـت)ی وەکو هێزێکی ئاگادار ، بۆ خـۆی داناوە کە دەتوانێ هەمو شـتێـکی بەسـەربێنێ ، جا بۆ ئەوەی (بەخت)ی خۆی لە خۆی نەتۆرێنێ لەسەر خۆی بە پێویست دەزانێ ئەگەر یەکێـك خۆی خستە بەختیەوە ، دەبـێ ئیشەکەی هەرچێکی بێت هەوڵبدا بۆی جێبەجێکات . ★ ئیقباڵ ، تالـع ، تاڵە ، چـارە ، شـانس ، نسیب ، نگین . (بک.) سعود .

٢ـ بەخـت ـ (نمـصـ.) تـە :

بەخت‌کردن . تێب ــ أ) بەلای منەوە ئەم ووشـــەیە و (بەخشـــین) و (بەشینەوە) و (پەخش) و (بەش) هەموویـــان لە سەرچـــاوەیەکەوە کەوتونەتەوە و لە ڕێـگای گۆڕان و گەشەکردنا بە قۆنـــاغی زمـــانی (پەهلەویی)دا تێپەڕیون کە قۆنـاغی پێش قۆناغی ئێستـــای زمـــانی کوردییە و لێك‌ترازاون و هەر لـکەی ڕچەی تایبەتی خۆی گرتوتە پێش و مانای جۆربەجۆریان هێناوەتە گۆڕ . ئەم ووشەیە و (١ــ بەخت) لـــە سیـغەی مەفعولی ئاوێستـــایدا (بەختە) ماونەوە و توزێ گۆڕانیان بەسەردا هـاتوە و ماناکەشیـــان دژوەستاوە . ب) ئەم ووشەیە بـە تەنیـایی لە زمـــانی کوردیـــدا دەکارناکرێ و بە هۆی فیعلی مساعدی (کردن) مەصدەری (بەخـت‌کردن) لێ‌داتاشراوە .

بەخت‌ڕەش ــ [١ــ بەخت/١ + ڕەش] ، (صـــــت.) ١ــ تـــــە : بەدبەخت .

□« ڕەشە بەختـــم بە خەلــك
صەگ دەوەڕێ »
«ڕەشەمێ بۆ ، بە من پشتیلە وەڕی»
(پیرەمێرد)

٢ــ ئافرەتێکی شوی‌کردبێ و لـــە ماڵ و مێردی ناڕازی بێ . □ «دەك بەخت ڕەش خۆی ... بۆ مێردی کردی . » .

بەخت‌کردن ــ [٢ــ بەخت+کردن]، (مصت. مت.) لەدەســـت‌دەرکردنی شتێك ، ماڵی‌خۆ بە بێ جێ تەخشان پەخشان‌کردن ، دۆڕاندن لە قومارا.

:: ئەو هەموو ماڵەی بۆ بەجێ‌مابـو ساڵێ وەرنەسوڕایـەوە هەمـوی بەخت‌کرد . هەزار دینـاری بـــە پۆکەر بەخت‌کرد . **خۆبەخت‌کردن ــ** (مصت. لا.) گیانی خۆدۆڕانـدن ، سەر لە ڕێگای شتێکادانـان . مردن لە پێناو نەتەوە و نیشتمان یـــا بیروباوەڕدا .

بەخت‌وەرگەڕان ــ [١ــ بەخـت /١ + وەرگەڕان] ، (مصت. لا.) ، (مک.) چەواشەبونی ئەحواڵی کەسێك لە باشی‌ڕا بۆ خراپی . :: دەك ڕەببی تەخت و بەختی وەرگەڕێ .

بەختە ــ (نا.) ١ــ « بەرخەنێرێکی لە دو ساڵان گـەورەتر بـێ . » (جێد ، ل ــ ١٤) . ٢ــ « بەران و سابرێن » (خا ، ب ١ ، ل ــ ١٤٢). ٣ــ « بەران ، خرت ، سابرێن » (معر. کشت ، ب ١ ، ل ــ ٤٢). ٤ــ (مک.) بەرانی خەسێنراو .

بەختەباران ــ [١ــ بەخت/١ + ٣ــ ئە/٢ + باران/١] ، (نـت.) مانگی (مایس) ، دەکەوێتە نێوانی (نیسان) و (حوزەیران) ، سی و یەك ڕۆژە . سێیەم مـانگی بەهار . تێب ــ بۆیە ئەم ناوەی لێنداوە چونکو خۆی لەو مانگانە نیە بە شێوەیێکـی ئاسـایی بارانی تێدابباریێ ، بـــەڵام ڕێی دەچێتێ بباریێ و ڕێشی‌تێدەچێ نەباریێ ، بارین و نەبارین بە بەختە .

بەختەبەران ــ [١ ــ بەخت /١ + ٣ ــ ئە/٢ + بەران] ، (نت.) بەرخێکە لە دو ساڵ گەورەتر بێ و خـاوەنی هەڵبـژاردبێ لە دوارۆژا ببێتە (بەران) ، بەڵام هێشتـــا

نەزانێ لە کاتی خۆیـا بۆ (بـەران) دەستدەدا یان نا .

بەختەوەر ــ [١ــ بەخت/١ و ٢ + ئـەوەر] ، (صـت.) ، (مـک.) خاوەنبەخت ، کەسێ بەختی هەبێ. :: منداڵێ بەختەوەریە.★ (کعر.) بەختیار .

بەختەوەرێ ــ [بەختـەوەر + ٢ــ ئێ] ، (حمصـ.) تە : بەختیارێ ١/ .

بەختیار ــ [١ــ بەخت / ١ + یار] ، (صت.) ١ــ تە : بەختەوەر :: خۆی بە بەختیار دەزانێ . ٢ــ ناوە بۆ نێرینە .

بەختیارێ ــ [بەختیار + ٢ــ ئـێ] ، (حمـصـ.) ١ــ حـاڵەتی کەسێکی خاوەنبەخت و بەختەوەر. :: بەختیارێ لەمە زیاتر چۆن دەبێ؟ ٢ــ نـاوی عەشیرەتێـکی گەورە و ئازایە ، عەشیرەتی لوڕی گەورە . تێبـ ــ گومانم لەوەدا نیە کە نـاوی ئەم عەشیرەتە هیـچ پەیوەندیـکی دەگەڵ(بەخت)و(یار)دا نیە کە ووشـەی (بەختیار)ی ئیمڕۆ هەیەتی و باش دەزانین ووشەیێکی تازەیە . بـەڵام بە دوری نازانم کە ئەم نـاوە لـە (ئەپاخذیذرە ، ئەپـاختـەرە)ی ئاوێستایی بە مانـای (باکـوڕ = شیمال) کە لە زمانیپەهلەویدا بۆتە (ئەپاختەرە) کەوتبێتەوە . (تـە : معین ، بورهان ، جا ، ل ــ ٢٠٤).

بەخزمەت ــ [بە/٨ + خزمەت] ، (صت.) ١ــ حاڵی کەسێـکی لـە پیـاوەتی خۆیـــەوە مشـــوری خەڵك بخوا و بە خەمیانەوە بـێ و لە ئیش و کاریاندا یارمەتییانبدا . ٢ــکەسێکی بە ڕۆخۆشی میواندارێ ئەو کەسانە بکا کە ڕو دەکەنە ماڵێ ، ئەوەی زۆرخزمەتی میوان دەکا . ★ خزمەتگوزار .

بەخشین ــ ١ــ (مصت. مت.) لێبوردن، لێخۆشبون، عافوکردن. :: خودا بێبەخشێ . ئەوجارەش دەتبەخشێن جارێـکیتر شتـی وا نەکەی . ٢ــ (مصت. لا.) شتێك بە خۆڕایی و بە بێ پـارە دان بـە کەسێك . :: جوامێر ئەسپەکـەی بەخشیـوە . **پێبەخشیـن** ــ ١ــ (مصت. مت.) لەبەر خاتری یەکێك یا شتێك لە کەسێ خۆشبون . :: بڕۆ ئەوا بە گـوڕی پێشـەوامـان بەخشـێ . بـــەم برادەرانـــەت دەبەخشین . ئەو جارەش بە ئێمەی ببەخشە . ٢ــ (مصت. لا.) ، أ) تە : بەخشـین/٢ . ب) خۆشبون لە قەرز :: ئەوەی ماوە پێتدەبەخشـــم . کوڵێ پارەی لابو هەموی پێبەخشی.

بەخشینەوە ــ [بەخشین + ٢ــ ئەوە /١] ، (مصت. مت.) ، (مک.) تە : بەشینەوە .

بەخوێکردن ــ (مصت. مت.) ، (سنـ.) تە : بەخێوکردن .

بەخۆداهـاتن ــ (مصـت. لا.) ١ــپێگەیشتن و هەڵدانی گیاندارێکی زیندو ، گەورەبون و قەڵەوبونی . (عا.) نمو. ٢ــ دەستبەخۆداهێنان، خۆئارایشدان ، خۆجوانکردن .

بەخۆفشـین ــ (مصتـ. لا.) ، (مک.) شانازێ بەخۆوەکردن ، بـە دەسـت و باسکی خۆنازیـن . ::

ڕۆستەمی زاڵیتیش وا بە خۆی نەفشیوە.

بەخۆنازین ــ (مصتـ. لا.) لەخۆڕازیبوون ، لەخۆبایی‌بوون .

بەخۆوە ــ (صتـ.) حاڵی ئینسانی قەڵەوی تێکسمڕاو . ★ تەنومەند.

بەخەبەر ــ [کو. عا.| ، (صتـ.)، (مکـ.) ١ــ کەسێکی لە ناو نوێندا بێ بەڵام نەخەوتبێ ، جا نوستبێ و هەڵستابێت یا هێشتا خەوی لێ‌نەکەوتبێ :: دوێنێ شەوێ سەعات ببێ بە چواریش هەر بە خەبەربووم . ٢ــ موتڵەقی کەسێکی نەنوستبێ :: بزانە ئاغا بەخەبەرە یا نوستوە . ★ (سنـ.) خەوەر ، بێدا ر. (بکـ.) هشیار. (جنـ.) بیار .

بەخەمکردن ــ (مصتـ. متـ.) ، (کنـ.) تە : بەخێوکردن .

بەخێرگەڕان ــ (مصتـ. لا.) گۆڕانی کارێك یا ڕوداوێك کە لەسەرەتاوە چاوەنوارێ چاکەی لێ نەکرێ ، یا هەر لە خۆیەوە دیار بێ کە خراپە، بەڵام کاتێ ئەنجامەکەی دەردەکەوێ ئاشکرا دەبێ کە باش بوە :: ئەو گرتنەی بۆ بە خێر گەڕا. ★ (مکـ.) وەخێرگەڕان .

بەخێرهاتن‌کردن ــ (مصتـ. متـ.) خۆشی و بێشی‌کردن دەگەڵ میوان یا هەر کەسێکی‌تر کە دێتە ماڵێ یا شارێك و کەیف‌خۆشی پێشان‌دان لە هاتنی . تێبـ ــ لەم کاتانەدا ڕستەی : بەخێربێن ، بەخێر هاتن ، یا خوا بە خێر بێن ، سەر چاوان هاتن بە مێوانەکە دەگوترێ. ژنانی کورد لەم بابەتەوە کەس دەسکیان لەدو ناکا . ★ بەخێرهێنان .

بەخێرهێنان ــ (مصتـ. متـ.) تە : بەخێرهاتن‌کردن :: کچم هەڵسە بڕۆ مێوانەکان بە خێر بێنە .

بەخێوکردن ــ (مصتـ. متـ.) ١ــ گەورەکردن و پێگەیاندنی منداڵ ، لە لایەن‌دایك ، بابیەوە . □«کوڕم بەخێوکرد بە نوقڵی شاری‌+ڕەزاشا گرتی و کردیەئیجباری » (فۆلکلۆر). ٢ ــ هەڵگرتنەوەی منداڵێکی فڕێدرابێ یا دۆزینەوەی منداڵێکی وون‌بوبی یا کەسی نەبێ و گەورەکردن و پێگەیاندنی :: هەتیوێکی بێ دایك و باب بۆ خات نازدار بەخێوی‌کرد . ئەوەتا ئەمەگی دەداتەوە . مام بارام بەمەلۆتکەیی لە مزگەوت دیتویەوە و بەخێوی‌کردوە . ٣ــ ڕاگرتن و خاواندنەوەی گیاندارانی دیکە . :: خواڵێخۆش‌بو نەجمەددین مەلا پشیلەی بەخێودەکردن ، لە سیتەك تۆتکە تانجیەکم بەخێوکردبو . ٤ــ ئاگاداری‌کردنی کشتوکاڵ و گژوگیا و پێگەیاندنیان :: کاك ئیحسانی کەرکوك هەر خەرێك‌بو گوڵی بەخێودەکرد . ★ (سنـ.) بەخوێ‌کردن . (بکـ.) خودێ‌کرن . (سیمـ. ، مکـ.) پەروەردەکردن .

بەد ــ [ستـ : ڤەزدەنگهـ ، پهـ : ڤەت . ڤەتەك] ، (صتـ.) ، (بکـ. ، نو. ، جنـ .) ١ــ حاڵی کەسێك یا شتێکی چاك‌نەبێ . □« بەد نەبێ بەدخانە بە یاد ناکا » . ٢ــ حاڵی کەسێکی ئەو صفەتەی تێدا نەبێ کە

پێویستە ببێ . :: برایەکی بەدی هەیە (یانی ئەو کەسە نیە کە ڕێ و شوێنی برایەتی بەجێدەگەیێنێ .)
٣ـ ئادەمیزادی شەڕانێ کە خەزی لە خراپەکردن بێ . :: منداڵێکی بەدە خوا بیباتەوە و ڕزگارمان بێ .
٤ـ دەچێتە سەر گەلێ ووشە و دەگەڵیان تەرکیبدەبێ و دەیانکاتە (صفەت) :: بەدئەدا ، بەدپێلە ، بەدخۆ ، بەدڕەووشت . تێب ـ لە زمانی پەهلەویدا (ڤەتەك) بۆ ئینسان و (ڤەت) بۆ شتی دی دەکارکراوە .

بەدئەدا ـ [بەد /١ + ١ـ ئەدا /١] ، (صت.) ، (مک.) حاڵی کەسێکی ڕەوەشت و ڕەفتاری نەچێتە دڵی خەڵکەوە .

بەدانکەوتن ـ (مصت. لا.) ١ـ نەخۆشکەوتنی ئاژەڵ و پاتاڵ لەبەر زۆرخواردن. (مج.) نەخۆشکەوتنی ئینسان لە ئەنجامی زۆرخۆرێدا .

بەدئەسڵ ـ [کو . عا.] ، (صت.) تە : بەدڕەسەن .

بەدبەخت ـ [پە : ڤەتبەخت] ، [بەد/٤ + ١ـ بەخت /١](صت.) ئەو کەسەی دەست بۆ هەر کارێك دەبا بە دەستیەوە نایەت ، کەسێکی بەختیار نەبێ . ★ (بک.) بێبەخت. چارەڕەش بێئیقباڵ ، بێتاڵع ، بێشانس .

بەدبەختی ـ (حمصـ.) ئەنجامی بێئیقباڵی .

بەدبێژ ـ (صت.) تە : بەدگۆ .

بەدبێن ـ (صت.) ئەوکەسەی عاقیبەتی هەمو کارێکی بە خراپ دێتە بەرچاو . ئەوەی بە چاوی ناهومێدی دەڕوانێتە دنیا .

بەدبینی ـ (حمصـ.) ئەنجامی کارێ یا هەمو کاران بە خراپ دیتن. بە چاویلکەی ڕەش تەماشای دنیاکردن .

بەدپەسند ـ (صت.) ، (کێڕ.) ١ـ کەسێکی بە هاسانی هەمو شتێکی وەبەر دڵنەکەوێ . ٢ـ کەسێکی لە هەڵبژاردنی شتێ یا کەسێ بێسەلیقەبێ و شتی خراپ یا کەسێکی خراپ هەڵبژێرێت . ★ (سنـ.) بەدپەسەن .

بەدپەسەن ـ (صت.) (سنـ.) تە : بەدپەسند .

بەدتوخم ـ (صت.) ، تە : بەدپەسند . بەدڕەسەن .

بەدجسن ـ (صت.) ، (مک.) تە : بەدڕەسەن .

بەدجنس ـ (صت.) تە : بەدڕەسەن .

بەدچارە ـ (صت.) خاوەنی دەموچاوی ناشیرین . ★ (سن .) بەدچێرە ، بەدسەکوت . (مک.) ناحەز ، ناشیرن ، (سیم.) ناشیرین ، بەدفەساڵ ، بەددیمەن . (جنـ.) بەدگل .

بەدچێرە ـ (صت.) ، (سنـ.): بەدچارە .

بەدحاڵ ـ (صت.) کەسێکی گوزەرانی ناخۆشبێ .

بەدحیساب ـ [کو. عا.]،(صت.)، (کێڕ.) ئینسانێکی لە سەودا و مامەڵەدا سەرڕاست نەبێ ؛ ئەو کەسەی قەرزی خەڵك ناداتەوە .

بەدحیسابی ــ (کو. عـا.) ، (حمصـ.) ناڕاستی لە سـەوددادا ؛ قەرزکوێری .

بەدخوا ــ (صتـ.) ، (مکـ.) تە : بەدخواز .

بەدخواز ــ (صتـ.) ؛ (کعر .) ئەو کەسەیە خراپەی خەڵکی دەوێ. ★ (مکـ.) بەدخوا . (جنـ.) بەدها.

بەدخو ــ (صتـ.) ، (مکـ.) ١ــ کەسێکی عادەتی خراپی هەبـێ :: ئەرێ ئەو منداڵە بۆچی وا بەدخوە. ٢ــ یەکێکی ڕەفتـاری دەگەڵ خەڵك باش نەبێ ★ بەدڕەووشت .

بەدخۆبوّن ــ (مصتـ. لا.) ١ــ گۆڕانی ڕەووشت و خۆی کەسـێ لە چاکەوە بۆ خراپە . :: ئـەرێ خۆ جاران وا نەبۆ ئەوە بـۆچی وا بەدخۆ بوە . // بەدخۆکردن . ٢ــ کەسێکی هەر لە ئەسڵا توند و تێژ و بەدخۆبێ .

بەدخۆکردن ــ (مصتـ. متـ.)١ــ گۆڕینی ڕەووشت و خۆی کەسێك لە چاکیڕا بۆ خراپی . ٢ ــ یەکێك فێری ڕەووشتی خراپکردن . :: دادە گیان ژنی چاك بە منداڵەکەمان لێ بەدخۆ مەکە .

بەدخۆیی ــ (حمصـ.) ١ــ ئەنجامی کـاری کەسێـکی بەدخـۆ ، ڕەووشتخـراپی . ٢ــ (مجـ.) فێز ، تڕزلی .

بەددیمەن ــ (صـتـ.) تـە : بەدچارە .

بەدڕا ــ (صتـ.) کەسێکی ڕێگەی خراپەی گرتبێ ، کەسێکی بێروڕای چەوت و ناڕاسـتی هـەبێ جـا دەربارەی هەر شتێك بێ . تێبـ ــ کەرتی (ڕا) لەم ووشەیەدا یان بـە مانای (ڕێگا)یە یا بە مانای (بیروڕا) .

بەدڕایی ــ (حمصـ.) بە ڕێگەی خراپـەدا ڕۆیشتـن ، خـاوەنی بیروڕای (لـە هەر بابەتێـکەوە) چەوتبوّن .

بەدڕەتـەوە ــ [بـەد/٤ + ڕەتەوە] ، (صتـ.) ، (سنـ.) تـە : بەدڕەسەن .

بەدڕەسەن ــ (صتـ.) هـەر گیاندارێکی ئەسڵ و نەسەبی بـاش نەبێ . ★ بەدئەسڵ ، بەدجسن ، بەدجنس ، بەدتوخم ، بەدنەژاد ، بەدڕەتەوە ، ناڕەسەن ، نانەجێب .

بەدڕەفتار ــ (صتـ.) ، (مکـ.) کەسێکی شـێوەی هەستـان و دانیشتن و جوڵانەوەی دەگەڵ خەڵك باش نەبێ .

بەدڕەفتاری ــ (حمصـ.) دەگەڵ خەڵکی باش نەبوّن ، خراپ جوڵانەوە دەگەڵ خەڵك .

بەدرەقەکردن ــ (مصتـ. متـ .) بۆ ڕێزلێگرتن (// پێشوازکردن) ، بۆ پاراستن لە مەترسیبیان ، بـۆ پێشاندانی ڕێگا ، دەگەڵ کەسـێ ڕۆیشتن . تێبـ ــ أ) مـن بـۆم سـاغنەبۆوە کە بنج و بناوانـی ووشەی (بەدرەقە) چیە و لە کوێڕا هاتوە و داخوا ووشەیەکی کوردی پەتییە یا لە زمـانێکی بێگـانـە خوازراوەتەوە . مامۆستا توّفیـق وەهبی (تە : هبێد ــ ١٠) وەکو هێندێ ووشەی خوازراوەیتر هێچ نیشانەیەکی لەبەردەم ئەم ووشـەیە

دانەناوە ، ئەمە وا دەگەیێنێ کە ئەوان ئەم ووشەیە بە ووشەیەکی کوردێ دەزانن . مردۆخ (تە : ب١، ل ١٢٦) لە هاوتا عەڕەبیەکانی ئەم ووشەیەدا (بەدرەقە)ی نەنوسیوە و بە ووشەیەکی کوردێ داناوە . دوکتۆر معین (تە : فەرهەنگ ، ج١، ل ــ ٤٨٢) ئەم ووشەیەی بە عەڕەبێ داناوە کەچێ (المنجد)م سەنگ‌وسۆزندا ، ووشەی (بەدرەقە)م تێدا نەدۆزیەوە . ب) بەدرەقەکردنی کەسێ ئەوە ناگەیێنی کە هەتا ئاخری دەگەڵی بڕۆن .

بەدرەمە ــ [؟] ، (نا.) جۆرێ مێش‌هەنگوینی کەوێ نەکراوە . لە هەنگی ماڵێ پچۆکترە و ڕەنگی ڕەشە، درێژتر و چالاکتریشە، زیاتر لە قەڵشتی ڕەوەزەبەردانـدا شانە دەکا کە بە زەحمەت پیاو دەتوانێ بیگاتێ و هەر بۆیەشە هەنگوینەکەی کە پێی دەڵێن هەنگوینی شەمەترێلکە یا شەمەتلێنکە و لە هەنگوینی ئاسایێ باشتر و خۆشترە زۆر کەم دەستدەکەوێ و یەکێکە لەو شتە نایابانەی کە لە کوردستانەوە بۆ هەندەران بە دیارێ دەبەن تێبـ ــ من ئەم ووشەیەم نەدەزانێ و تەنیا هەنگوینی شەمەترێلکەم بیستبوو . (خا .) ، (هێدی) و (معر .) هەرسێکیان ئەم ووشەیان نوسیوە و من لەوانم وەرگرتوە و بۆ مانا لێدانەوەکەشی زیاتر لە فەرهەنگی کشت‌وکاڵی مامۆستا شێخ مارفی قەرەداغێ کەڵکم وەرگرتوە . ★(مک.) شەمەترێلکە ؟ (سیمە.) شەمەتلێنکە؟.

بەدڕەنگ ــ (صت.) حاڵی هەر شتێکی ڕەنگی ناشیرن و تەڵخبێ ، هەر شتێکی ڕەنگی ئاودار نەبێ ، هەر شتێکی ڕەنگەکانی مات و بێ بریسکە بێ .

بەدڕەووشت ــ (صت.) تە : بەدخۆ .

بەدڕەووشتێ ــ (صت.) تە : بەدخۆیی .

بەدزمان ــ (صت.) ١ ــ ئەو کەسەیە جوێن بە خەڵك دەدا . ★ (مک.) زمان‌پیسێ . (سنـ.) بەدزوان، زوان‌تاڵ . جوێن‌فرۆش . جنێوفرۆش . (جنـ.) بەدزۆ .

بەدسرشت ــ (صت.) ئەو کەسەی کە بە تەبیعەت حەز لە ئازاردان ، زیان‌پێگەیاندن و ناڕەحەت‌کردنی خەڵك بکا و خراپەی خەڵکی پێ‌خۆش‌بێ .

بەدسەکوت ــ (صت.) تە : بەدچارە .

بەدشکڵ ــ (صت.) ١ ــ ئادەمیزاد یا هەر شتێکی دیکە کە شکڵی ڕێك‌وپێك نەبێ و دیمەنی نەچێتە دڵەوە . ٢ــ تە : بەدقەوارە .

بەدعەمەل ــ [کو. عا.] ، (صت.)، (کئێر.) تە :بەدکار .

بەدفەڕ ــ (صت.) ١ــ کەسێکی بە کردەوە یا بە قسە ئازاری خەڵك‌بدا . ٢ــ منداڵی بزۆز و شەڕانێ و شەیتان . تێبـ ــ دەنگی (د) لەم ووشەیەدا بە جیرانەتێ دەنگی (ف) دەگۆڕێ بە تەواوێ وەکۆ دەنگی (ت) لە دەم دەردەچێ ، لە ووشەی (بەدفەڕی) و

(بەدفەساڵ)یشدا هەروایە .
بەدفەڕێ ــ (حمصـ.) ئەنجامی کردەوەی مرۆڤی بەدفەڕ .
بەدفەساڵ ــ [کو . عا.] ، (صتـ.)، (سیمـ.) تە : بەدچارە .
بەدقەوارە ــ (صتـ.) ، (کئێر .) ، کەسێکی قەد و باڵای نارێك بێ . ★ بەدشکڵ/٢ .
بەدقەوڵ ــ [کو . عا.] ، (صتـ.) ، (کئێر.) کەسێکی قسەی خــۆی نەباتەسەر ، ئەوەی وەعدەدەدا و بە جێێ ناگەیێنێ .
بەدکار ــ (صتـ.) ١ــ ئەو کەسەی خراپە دەکا (لەهەر بابەتێـك بێ) . ٢ــ ئەوەی لە ڕێی داب و دەستوری کۆمەڵایـەتێ و دینــێ خـــراپ دەجوڵێتەوە . ٣ــ ئەوەی زیان بــە خەڵك دەگەیێنێ و حەز بە خراپەی خەڵـك دەکا . ★ بەدعەمــــەل ، بەدکردار .
بەدکردار ــ (صتـ.) تە : بەدکار .
بەدگومـان ــ (صــتـ .) حـالّی کەسێکی لە هەمێ کاران بە شکە و بە باری خراپەدا لێکیاندەداتەوە . ★ دڵپێس ، (ســنـ.) دڵچەپــەڵ . دڵکرمۆڵ . (جنـ.) بەدگمێ .
بەدگومانێ ــ (حمصـ.) لێکدانەوەی خراپ دەربارەی کەسێ یا کارێ یا ڕێداوێك شکی خراپەکردن .
بەدگۆ ــ (صتـ.) کەسێکی بە خراپە باسی یەکێك دەکا ، ئەوەی بۆ خەڵك چاکەی بەدەمدا نایە، کەسێکی زمانی بە چاکە نـاگەڕێ . ★ بەدبـێژ ، بەدوێژ .
بەدگۆیێ ــ (حمصـ.) ئەو کارەی کە ئادەمیزادی بەدبێژ دەیکا .
بەدگۆیێ کردن ــ (مصتـ. متـ.) بە خراپە باسی کەسێ یا کەســانێ یا شتێ کردن . زمان بە چاکەنەگەڕان.
★ (جنـ.) بەدگۆیێ کردە .
بەدلغاو ــ (صتـ.) ١ــ ئەسپ یــا هەر وولاغێکی دیکەی سوارێ کــــە قبوڵنەکا لغاوی دە دەمی بکرێ . ٢ــ (کنـ.) ئادەمیزادی سەرکێش و کەللەڕەق .
بەدڵ ــ [بە/٢ + دڵ] ، (بنتـ.) بە ئیخلاسەوە ، بە خۆشێ ، بــە ئارەزۆیەکی زۆرەوە . :: بە دڵ حەزم دەکرد منیش هاتبام . بە دڵ وازی لێهێنا .
بەدڵبـــوون ــ (مصــــتـ. لا.) پەسندبوونی شتێ یا کەسێ لە لای یەکێکی تر . :: ئەم کابرایەم زۆر بە دڵە . زۆریش بە دڵی نەبێ بەڵام هەرچێ .
بەدڵوداو ــ (بنتـ.) ، (مکـ.) بە حەزلێکردنێکی ئێجگار زۆرەوە ، بە پەرۆشەوە . تێبـ ــ من وا تێدەگــەم (داو) لەم ووشەیەدا (داوا) بێ و دەنگی (ئەلف)ی دوایێ کەوتبێ .
★ بە دڵ و گیان .
بەدڵوگیان ــ (بنتـ.) تە : بەدڵ و داو .
بەدلەونێسان ــ (مصتـ. لا.) ١ــ تە : بەگیانکەوتن . ٢ــ پەسندبوون و قبــوڵکردنی کارێ یا شـــتێ یــا مەسەلەیەك و کەسێك لەبەر چاوی یەکێکیتر . :: ئەم هەراوهۆریایەی بە دڵەوە نەدەنێسا .
بەدمدادان ــ (مصتـ. مــتـ .) ،

(مکـ.) ١ــ ماوەی قسەکردن لیٚبڕینەوە و بیٚدەنگکردنی کەسیٚك . ★ دمگرتن . (کعر.) دەمگرتن . ٢ــ (کنـ.) کافیبونی خواردەمەنی بۆ ئەو خەلکانەی لە مالیٚك یا هەر جیٚگایەکیتر بن . :: جا ئەوەندە ترێیە بە دمیکیدا دەدەی (بەشی ئەو هەموانە ناکا) .

بەدمدادانەوە ــ (مصتـ. متـ.) ، (مکـ.) بەرپەرچدانەوەی کەسیٚکی قسەدەکا و قسەکانی بە دلی یەکیٚك نەبی کە دەیان بیسی .

بەدمەس ــ (صتـ.) ، (سنـ.) تم : بەدمەست .

بەدمەست ــ (صتـ.) ، (کئێر .) کەسیٚکی لە کاتی خواردنەوەی ئاردق و شەراب و ... و ... دا هەراوهۆریا بکا و خەلك ئازار بدا و قسەیان پیبلی و شەڕوشوڕ بنیٚتەوە یا دەست بوەشیٚنی . تێبـ ــ دەنگی (س) لەم ووشەیەدا تۆزی تیژە و لە (ص)ی عەرەبی نیزیك دەبیٚتەوە .

بەدمەستی ــ (حمصـ.) ئەو کارانەی پیاوی بەدمەست دەیانکا .

بەدمەوەدان ــ (مصتـ. لا.) ، (مکـ.) ماوەدان بە کەسیٚك بۆ ئەوەی لەسەر کاریٚکی دەستی پیٚکردوە بڕوا. ★ لەدۆدان . تێبـ ــ ئەم مەصدەرە زیاتر بۆ ماوەی قسەکردن بەکاردیٚت و هاوتاکەی مانایەکی گشتیتری هەیە .

بەدناو ــ (صتـ.) ، (کعر. ، سنـ.) کەسیٚکی ناوبانگی بە خراپە دەرکردبی. ★ بەدنیٚو .

بەدناوبون ــ (مصتـ. لا.) ناوزڕانی کەسیٚك لەبەر کرداری خراپ ، لەهەر بابەتیٚكبی .

بەدناوکردن ــ (مصتـ. متـ.) دەربارەی کەسیٚك لەناو خەلکا بە خراپ دوان و ناو زڕاندنی لە کۆمەلگادا .

بەدناوی ــ (حمصـ.) بە خراپە ناوبانگ دەرکردن .

بەدنمەك ــ (صتـ.) کەسیٚکی چاکە و پیاوەتی خەلکی لەبەر چاو نەبی. تێبـ ــ لە کوردەواریدا هەروەکو لە نیٚو زۆر میللەتانی دیکەشدا باوە ، ئەگەر دو یا چەند کەس پیٚکەوە نانیان خوارد یا یەکیٚك لە مالی کەسیٚکا نانی خوارد (نمەکی یەکتریان کرد) دەبی مافی ئەم نان و نمەکە بپاریٚزری و خەیانەت بە یەکتری نەکەن . ★ سپلە . بیوەفا . پینەزان .

بەدنمەکی ــ (حمصـ.) کاری لەبەر چاوڕانەگرتنی هەقی نان و نمەك . ★ بیوەفایی . سپلەیی .

بەدنەژاد ــ (صتـ.) تم : بەدڕەسەن .

بەدنیٚو ــ (صتـ.) ، (مکـ.) تم : بەدناو .

بەدویٚژ ــ (صتـ.) (سنـ.) تم : بەدگۆ .

بەدەر ــ [بە/٢ + دەر] ، (بنتـ.) تم : بیٚجگە .

بەدەردخواردن ــ (مصتـ. لا.) تم: بەکارهاتن .

بەدەست ــ (صتـ.) ١ــ دەستڕۆییو ، خاوەندی مال و

دەوڵەت . ٢ـ ئازا ، دلێر .

بەدەستگرتن ـ (مصتـ. متـ.) ١ـ گرتنی گیانداریێکی ڕابکا بەبێ یارمەتی هیچ هۆیەك . :: ئەوەندە بەفر باری پەنجا چۆلەکەمان هەر بە دەست گرت . ٢ـ (مجـ.) چونی زاوا بۆ لای بوك و جوتبونی دەگەڵی وەکو ژن و مێردان . :: سێ مانگە بوکیان بۆ گواستوتەوە هێشتا بە دەستی نەگرتوە . ★ بونەزاوا ، بەزاوابون .

بەدەستەڵات ـ | بە /٨ + دەست + ٣ـ ئە/٢ + هەڵات] ، (صتـ.) ١ـ خاوەن زۆر و توانست (مقتدر). ٢ـ کەسێکی قسەی بڕوا ، پیاوێ کە لای خەڵك ، لێپرسراوانی دەوڵەت و ئیدارەکانی قسەی بخوا .

بەدەستەوە ـ (صتـ.) ١ـ ئامادە و حازر بۆ ڕاپەڕاندنی کاران . :: نیگەران مەبە ئەم پیاوە هەمێشە بە دەستەوەیە و چی پێبڵێین وا دەکا . ٢ـ بەلاوەنراو . :: سێ جار هەشت بیست و چوار ، ئەوە چوار دو بە دەستەوە .

بەدەستەوەدان ـ (مصتـ. متـ.) ١ـ تەسلیم کردنی کەسێك کە پەنای بردبێتە بەر کەسێکیتر . بە غەنیمەکەی :: قەت باوەڕمەکەن بە دەستمانەوە بدا . تێبـ ـ ئەم ووشەیە زیاتر بۆ کەسانێکی لە ترسی حکومەت خۆیان شاردبێتەوە ، بەکاردەهێنرێ . ٢ـ تەسلیم کردنی هەر شتێك بە کەسێکیتر :: زۆر گیان سەختە ڕوح بە دەستەوە نادا. بە دەستیەوە نەدەدا بە زۆر لێمانئەستاند .

بەدەستەوەگرتن ـ (مصتـ. متـ.) ١ـ هەڵگرتنی شتێك بە دەست بە جۆرێکی وا کە دیار بێ . :: چەمەدانێکی بە دەستەوە گرتبو دەچو بۆ گاراژ . کاغەزێکی شڕی زەردی بە دەستەوە گرتبو هەرتاوەناتاوێ دەیگوت : ئەوەتا بەڵگەی تاوانت . پاشان بومدەرکەوت (خەونامەی سەید ئەحمەدی مەدێنە)یە . ٢ـ (مجـ.) شتێك کردنە بەهانە بۆ کردن یا نەکردنی کارێك :: ژیرکردنی منداڵەکەی بەدەستەوە گرتوە و خۆ دە هیچ کارێکی دیکە ناگەیێنێ .

بەدەڵ ـ [عا: بدل] ، (نا.) ، (کعر.) پارەیەکە ئەو کەسانەی وەختی سەربازیان دەهات ، دەیاندا بە حکومەت و لەباتی ئەوەی دوساڵ عەسکەری بکەن چەند مانگێك خزمەتیان دەکرد . هس : بەدەڵ .

بەدەڵ ـ [عا.] ، (نا.) ، (مکـ. سنـ.) کاڵای خراپ و بازاڕی ، کاڵایەکی بەدانستە دروستنەکرابێ . // ئەسڵ ، عەسڵ . ★ جەڵەب ، جەڵەبێ . (جنـ.) بەدەڵ . تێبـ ـ ئەم ووشەیە لە (بەدەل)ی عەرەبی وەرگیراوە کە مانای (لە جێگەی ، لەباتی)یە و هەر بۆیەش لە زمانی کوردیدا ئەو مانایەی وەرگرتوە چونکو (کاڵای بەدەڵ) لە جێی ئەسڵ دادەندرێت .

بەدەم ـ [بە/٨ + دەم] ، (صتـ.) ١ـ ئینسانی قسەزان ، کەسێکی توانای قسەکردنی زۆربێ ★ بەدەموپل . دەمەوەر . ٢ـ قسەی

بە زارێ ، ڕاسپێری نەنوسراو .
(عا.) شفهی :: هەمۆ شتێکم بۆ نوسیوە ؛ بە دەمیش پێی بڵێ زۆری سڵاو لێدەکردن .

بەدەمار ــ [بە/٨ + دەمار] ، (صت.) ١ــ حاڵی ئینسانێ کە قبوڵ نەکا لە لای ئەو کەسێك دەست بۆ کەسێکی تر درێژ بکا یا قسەی سوکی پێ بڵێ . ٢ــ کەسێکی گوێنەداتە هیچ مەترسی و خەتەرێك و سوکایەتی بۆ خۆی و خەڵکی تریش لە هیچ کەس قبوڵ نەکا . ٣ــ (مجـ.) بەشەرەف ، بەناموس .

بەدەمویل ــ (صت.) تە : بەدەم .

بەدەن ــ [= عا : بدن] ، (نا.) تە : ١ــ بەندەن .

بەدیارەوەدانیشتن ــ (مصت. مت.) چاوەدێری کەسێك یا شتێك کردن . :: بەدیارەوە دانیشتن مەبادا کارێکی هەبێ . ئەوە بە دیارمەوە دانیشتوی کەچی ؟

١ــ بەدێ ــ [١ــ با + ئەدێ] ، (بنت.) ، (مک.) تە : ئەدێ .

٢ــ بەدێ ــ [پە : فەتیە] ، (حمصد.) خراپبون ، شەڕانێبون .

بەدێکردن ــ [بە/٨ + دێ (دیتن) + کردن] ، (مصت. مت.) لە دورەوە دیتنی شتێك ، بەرچاوخستنی ، (عا.) مشاهدة .

١ــ بەر ــ [ست : پەرە] ، (نا.) لاوتەنیشتی هەر شتێك :: ئەمبەرەوبەری چۆمەکە هەمۆی بۆتە خانۆ . گەڕەکی (کەرخ) دەکەوێتە بەری ڕۆژاوای (دەجلە) . □

« ئەمبەرەووبەرە ، ناسکە دولبەرە ، لەسەر ماچێکی شەڕە خەنجەرە » (فۆلکلۆر) .

بەربە ــ ... (بنت.) جوڵان یا جوڵاندنی شتێك بۆ لایەك دیار دەکا. :: بەربە کەرکوك ڕۆیشتن ، مەڕەسورەکان بەربە چیا هەڵکشان ، بەربە ئێمە هەڵیانبڕن. ★ بەرەو...

بەرەو ــ (بنت.) تە : بەربە ... ٢ــ لای پێشەوە (بۆ جێگا) :: بەردەرگا . بەربۆك . بەردەست بەبەر ماڵی ئەواندا تێپەڕین . لەبەر هەتاو خۆیان هەڵخستبۆ . □«بەرت بابێ و پشتت کەندەڵان» (خا ، پەند ، ل ــ ١٠٩) ●

بەری‌بابەردە ــ (کن.) لە شوێنی خۆت هەڵستە ، جێگا چۆڵکە ، وازبێنە .

٣ــ پێش ، لە پێش (بۆکات) □ « بەر لە مەلا ئەچێتە مزگەوت » ، «بەر لە وەستا دوکان گەرم ئەکا» ، «بەر لەوەی بگاتە بوار دەرپێ دائەکەنێ » (خا ، پەند ، ل ــ ١١٢ ، ١١٣) **بەرلە** ... لە پێش ... :: ئیمپڕاتۆری ماد ٥٥٩ساڵ بەر لە دایكبونی عیسا ڕۆخاوە . **بەرلەمە ــ** (بنت.) پێش ئەو شتەی کە بۆ قسەکەر و بیسەر ڕونە . :: ئوتومبێلەکەی بەر لەمەیان تێپەڕی کێ بۆ .

بەرلەوە ــ (بنت.) پێش ئەوە . :: زۆر سەیرە بەرلەوەی دەموچاوی پشوا بەرچایێ دەخوا . ٤ــ دامێن و لای خوارەوەی هەر شتێك ، ژێر :: بەرزگ ، بەرسمێڵ ، دێبەر ، بەرەتەشێ .

٢ــ بەر ــ [ست : فۆئیری ــ یا ــ

ڤۆئورو] ، (نا.) پاپایێ شتی چندراو بە دەست یان بە مەکینە (قوماش و ئەو جۆرە شتانە) :: ئەم قوماشـە دۆبەرە ، هەرتیری بەرپان .

٣ـ بەر ـ (نا.) ١ـ دیوی ناوەوەی ئەو شـتانەی دۆ ڕۆ یـا دۆ لایـان هەیە و بە چاو فەرقیان دەکرێ . :: بەری دەسـت ، بـەری پێ ، ئـەم قۆماشە بەر و پشتی لێك‌ناكرێتەوە . ☐ « وەکو نێسك وایە بەر و پشتی بۆ نیە » (مەتەلی کوردێ) . ٢ـ تە : ئاستەڕ/١ :: بەری کەوا ، بـەری کولێجە ، بەری پالتۆ .

٤ـ بەر ـ [پە : بەر] ، (نـا.) ١ـ میوەی درەخت و گیـاوگۆڵ . ٢ـ مناڵی گیانداران و ئادەمیزاد کە هێشتا لە زگی دایکیانـدا بن . :: داری بەرێ (داری‌میوە) ، ڕەزەکەمان ئەمساڵ بـەری نەگرتـوە . کـچێ تۆزێکی بەش بدەن خەریـکە بـەر داوێ. ٣ـ ئەوەنـــدە میـــوەی کە پێگەیشتبێ و بۆ لێکردنەوە دەست بدات . گژوگیـای دەست‌چێـن کە چەند جار سـەر هەڵدەداتـەوە ، ئەوەندەی بە جارێك دەدروێتەوە :: وێنجـەکە تـا ئێستـا دۆ بەرمـان دروۆتەوە و ئێستاش داشتۆمانە بەری سێیەمیشی دەدروۆینەوە. تەڕەکارێ، هەر بەرێکی لێدەکرێتەوە و بەرێکی دیکەی پێ‌دەگا .

٥ـ بەر ـ (نا.) ، (مک.) ١ـ تە : بەرگەدە . ٢ـ (مجـ.) تۆکێك کە لـە خوار مسولدانی ئادەمیزاد دێت .
★ تۆکەبەر ، مۆی‌بەر .

٦ـ بەر ـ [ڤەر = سیـنگ] ، (نا.) لەشی ئادەمیزاد :: کراسـەکە بە بەری نـاکا . کەواکـەی هێنـدە تەنگە بە هەزار حـاڵ دە بەریـەوە دەچێ . جلکت دەبەر کە و بڕۆ بـۆ مەکتەب .

٧ـ بەر ـ (نا.) هێزێکە، کە پاش خوێندنەوەی شتێك (شیعر ، ووتار ، کتێب ...) لە قوژبنێکی مێشکی ئینسانا ڕاگیریـان دەکا و لـە کاتی پێویستـا بێ ئەوەی تەماشای کتێب و ... بکا دەیانڵێتەوە . (عا.) حافظة. تێب ـ ئەم ووشـــەیە لـــە (بێر) وەرگیراوە . هـس : لەبەرکردن .

٨ـ بەر ـ (نا.) ئازاد . تێب ـ ئەم ووشەیە بەم مانایەی هەمێشە دەگەڵ فیعلی یاریدەدەری (دان) و (بـۆن) هاتوە و بە تەنیایێ مانا نادات . تە : بەربۆن ، بەردان .

٩ـ بەر ـ (نا.) تە : بەرگە .

١٠ـ بەر ـ تە : وەبەرخستن .

١١ـ بەر ـ (پـ.) پاشبەندێکە بـە دوایێ ناوانەوە دەلکێ و دەیانکاتـە (صفا.) و مانای (بردن) لە ناوەکە زیاد دەکا . :: پێغەمبەر ، فەرمانبەر، دڵبەر ، بارەبەر . تێب ـ ئەم پاشبەندە لە مەصدەری (بردن) داتاشراوە (تە : ٢ـ ئەر/٢) .

١٢ـ بەر ـ (نا.) تە : ٢ـ بۆر .

١ـ بەرات ـ [عا.] ، (نـا.) ١ـ جیرە و مواجبی (میرزا) و (مەلا) و ئەو جۆرە کەسانە لە ناو کوردەوارێدا :: مامۆستا بیست تەغار گەنم و صەد تمەنێش بەراتت دەدەینێ وەرە لای ئێمە . ٢ـ (کێیر.) کاغەزێکە تاجران لە نێو خۆیاندا معامەلەیان پێدەکرد .

تێبـ ـ أ) بازرگانێـك لە شـارێك هێندێکی پارە تەسلیمی تاجرێـك دەکرد ، ئەوێش لەسـەر پـەڕە کاغەزێك بە کورتێ بۆ تاجرێکی کـە لە شارێکی دیکە سەودا و مامەڵەی دەگەڵی هەبۆ، دەینوسێ: فلاّنکەس! ئەوەنـدەم پـارە لە فلاّن تـاجر وەرگرتوە ، تکایە کە ئەو کاغەزەتان پێگەیشت دوای ئەوەندە ڕۆژە (یا دەستبەجێ) بێدەن بە خۆی یا بـەو کەسەی بۆی حەوالـە دەکـات . بازرگانی یەکەمێش کە ئەو کاغـەزەی وەردەگرت لە پشتەوەی دەینوسی : تکایە ! تکایە پارەی ئەم (بـەرات)ە بدەن بە فلاّنە تاجر و ئیمزای دەکرد. ب) ئەمە وەختێك بوە کە هێشتـا (بانك) و (ئەسکیناس) لە کوردستان نەهاتۆتە کایەوە و ئالوویر بە دراوی زیو بوە و ناردنی مەبلەغێـك لـە شارێکەوە بۆ شـارێك دژوار بوە ، ئێستـا کە (بانـك) لە هەمـوو مەڵبەندەکانی کوردستـاندا زۆرن ، چەك (صەك) جێگـەی بـەراتی گرتۆتەوە . ٣ــ گرمۆلەیەکی پچۆکە بەزێدێ لە خـاکی سەر مەرقـەدی (شێخ عەدێ) دروستیدەکەن و بـۆ متفەڕك هەڵیدەگرن . (تم : هبێد ، ل ــ ١٢ ؛ ١ــ بەرات .)

٢ــ بەرات ــ جـێژنی بـەرات ، شەوی بەراتێ ، شەوی ١٥ی مانگی شاپان . تێبـ ــ دەڵێن کە لەم شەوەدا ڕزق و ڕۆزێ خەڵکی دیاریێ دەکا .

بەراتخۆر ــ (صت.) ئەو کەسەیە کە (١ــ بـەرات/١) وەردەگرێ و ئیشێك دەکا .

بەراز ــ (ست : ڤەرازە) ، (نا.)، (نێو . ، بکـ.) ١ــ گیاندارێکی بەهێز و قورسە ، لەوانەیە بەچکەی خۆیـان بە شیری مەمکان بەخێودەکەن ، سمی هەیە ، پێستی ئەستورە ، تـوکی کورت و زەقە ، لمۆزی هەیـە ، دوو ددانی لەولاولای دەمی هـاتونەدەر (شـفـرە) یـان پێدەڵێـن ، بـۆ خۆپاراستن و شەڕکردن کەلکیـان لێوەردەگرێ . ★ (نێو.) خوگ ، وەراز . (جـنـ.) وراز . تـێبـ ــ ١) ئادەمێزاد لە زۆر کۆنـەوە بـەرازی کـەوێ کـردوە و بـە (ڕەوە) بەخێوی کردوە ، لـە دەوروبـەری چەمچەماڵ (کوردسـتانی عێـراق) دێیەکی کۆن بە ناوی (چەرمۆگ) لە ژێر خاك دەرکەوتـوە زانایـانی باستاناس لایان وایە یەکێکە لـەو شوێنانەی ئادەمێزاد پاش ئـەوەی ئەشـکەوتنشینێ بەلاوەنـاوە ، ئاوەدانیکردۆتەوە و شتی وای تێدا دۆزراوەتەوە کە پێشاندەدەن خەڵکی ئەم (دێ) کۆنە بەرازیان بەخێوکردوە پاش بڵاوبونەوەی ئیسـلامەتێ لـە کوردستان و مسوڵمانبونی زوربـەی زۆری کوردان و لەبەر ئەوەی کـە خـواردنی گۆشـتی بەراز لـە ئیسلامەتێدا ڕەوا نیە،تۆوی (بەرازی کـەوێ) لـە کوردستـانا بڕاوەتـەوە و (فەلـە)ی کورد کەم تا بێشێـك لە ماڵانـا بەخێویدەکەن ، بەڵام بەرازی کێوی لە گەلێ شوێنی کوردستانا هەیە . ب) بەرازی کێوێ زیاتر لە ناو زۆنگ و مێشە و دارستاناندا دەژی و شەوانە

دەردەکەوێ و زەوێ دەکێڵێ و زیان بە باغ و کشتوکاڵ دەگەیێنێ . ج) بەراز گیاندارێکی قەڵەوە و گۆشت و خەزوبەزێکی زۆری هەیە ، دەست و قاچی لەچاو گەورەیێ جەستەی کورتن ، ملی ئەوەندە نیە کە بتوانێ سەری بەم لاولای خۆیدا وەرچەرخێنێ . د) بەرازی نێر یا گۆلەبەراز (بزەك) و (بەکانە)ی پێدەڵێن و دێڵەکەشی (مالۆس)ی ناوە . مالۆس هەر عومری گەیشتە نۆ مانگ توانایێ ئەوەی دەبێ بەکانە هەڵبگرێ و ساڵێ دوو جار ، لەسەرەتای بەهار و پاییزا دەترەکێ و هەرجارە ٦ – ١٢ بەچکەی دەبێ کە پێی دەڵێن (کۆدەڵە) یا (بزەڵە) . بەراز تا پازدە ساڵان دەژی . ٢– (مج.) پیاوی قەڵەوی کورتەبنە .

بەرازیغەزریو – ١– بەرازێکی زڕی هەڵستابێ و هەرچێ بێتە پێشێ پەلاماری بدا . ٢– (کن.) ئادەمیزادی زڕێئەستور کە هەر پێش بخواتەوە . :: تەماشای هەر دەڵەی بەرازی غەزریوە .

بەرازخۆر – (نت. ، صت.) ١– کەسێکی گۆشتی بەراز بخوا . ٢– لەقەبی عەشیرەتی کوردی قەڵخانییە کە لە مەڵبەندی کرماشان دادەنیشن و تا ئێستاش گۆشتی بەراز دەخۆن .

بەرازە – [بەراز + ٥– ئە/١] ، (نت.) دوو ددانی گەورەیە کە وولاغی بەرزە پاش ئەوەی تەخت دەبێ و لە شتێلە پاك دەبێتەوە ، لە تەمەنی ٤ – ٦ ساڵیدا دەری‌دەکا .

بەرازدوان – [بەراز/١ + ٣– ئە/٢ + وان] ، (نت.) ئەو کەسەیە کە دەچێتەبەر زەوەی بەرازان . شوانی بەرازان :: شێخی سەنعانێ حەوت ساڵان بەرازەوانی کرد .

بەرامبەر – [١– بەر/١ + ٢– ئان/٣ + ١– بەر/١] ، (صت.) ١– حالی دوو کەس یان دوو کۆمەڵە خەڵك یان دوو شت کە هێندێ لێك‌دووربن و زۆویان دە یەکتری بێ :: دوکانی باوکی شێرکۆ بەرامبەری مالی پێرۆتە . لەشکریان بەرامبەر وەستاوە . □ « بەرامبەرم دامەنیشە ، جەرگت دەرهێنام لە زێشە » (فۆلکلۆر) . ٢– حالی دوو شتی بە تەنیشت یەکەوەی لێك‌جیاواز کە بلێندییان وەك یەك بێ :: سەری شێرکۆ بەرامبەر شانی شابازە . تەرازووەکە بەرامبەرە (کاسەکانی لەسەر یەك خەت ڕاوەستاون) ٣– لەباتێ ... ، مقابل ... لە جێگەی ... :: بەرامبەر بە پیاوەتێ فەرهاد مەگەر بیکوژێ و باقێ بداتەوە . تێب – دەنگی (ن) لە پاشبەندی (٢– ئان)دا بە جێرانەتێ دەنگی (ب) لە ووشەی (١– بەر/١)دا دەگۆڕێ و دەبێتە (م) .

بەرامبەربوون – (مصت. لا.) ١– ڕووبەڕووی یەك هەڵکەوتنی دوو شت . :: جاران مالی شێرکۆ دەگەڵ مالی نەوزاد بەرامبەربوون . دوو لەشکرەکە بەرامبەری یەك بوون و سەرلەبەیانێ شەڕ دەستی پێ‌کرد . ٢– هاوسەنگ‌بوونی دووشت . ٣– وەك یەك بوونی بەرزایێ دوو شت . ٤–

ڕاستڕاوەستانی شەیێنی تەرازو .

بەرامبەركردن ـ (مصتە. متە.) ١ـ پێك‌گرتنی دوو شت (نوسراو...) بۆ دەرخستنی فەرق و جیاوازیان . (عا.) مطابقة . ٢ـ وەك یەك لێ‌كردنی بەرزایی ، قورسایی و ... و ... چەند شتان .

بەرامبەرگی ـ [بەرامبەر+ ١ـ ئەك/٢ + ئێن] ، (نتە.) ، (سنە.) تە : بەربەرەكانێ . تێبـ ـ دەنگی (ن)ی پاشبەندی (ئێن) لەم ووشەیەدا و لە گەلێ ووشەی تری لەم بابەتـەدا دەكەوێ .

بەرامبەروەستان ـ (مصتە. لا.) ١ـ ڕووبەڕووی كەسێك وەستان (تحدی‌كردن) . ٢ـ دژایەتی‌كردنی كەسێ بە كـردەوە . ٣ـ جوابـە جەنگێ‌كردن دەگەڵ كەسـێ . ٤ـ هاوسەنگ‌بون .

بەرامبەری ـ (حمصـ.) ١ـ وەك یەك بـون لە درێـژی ، بـەرزی ، قـورسی و ...و... دا . ٢ـ دژایەتی ، ناحەزی ، نەیاری .

بەرامبەری‌كردن ـ (مصتە. لا.) ١ـ وەكو یەك لێهاتن ، هاوتـابون ، هاوسەنگ‌بون لە هەمو بابەتێكەوە . ٢ـ دژایەتی‌كردن .

بەرامپێل ـ [١ـ بەر/٢ + ٢ـ ئان/١ + پێل] ، (نتە.) ، (هلە.) تە : بەرهەڵبێنە . تێبـ ـ جیاوازێـكی پچوك لە نێـوان (بەرامپێـل) و (بەرهەڵبێنە)دا هەیـە ، هـەرچی بەرامپێلە لە بنەنگڵەوە ڕەت‌دەبێ و دوو لكی لەسەر شان گرێ دەدرێ ، بەڵام شێوەی گرێ‌دانی (بەرهەڵبێنە)

وا نیە (تە : ـ) .

بەرامە ـ (نا.) ، (سنـ.) تـە : بون و بەرامە .

بەران ـ (نا.) شەكەنێرێكە تەمەنی لە چوار ساڵان تێپەڕیبێ و شاخ و سەر و سەكوتی جوان و ڕێك‌وپێك بێ ، بە تایبەتی بە خێوی دەكەن و دەیڕەنگێنن و لە كاتی پێویسـتدا (كاتی تایبەتی هەیە) بەری دەدەنە ناو مەڕان بۆ ئەوەی ئاوسیان‌كا . ★ (بكـ.) بەران . (جنـ.) غورچ . (سنـ.) قۆچ ، بەران . هـس : (ڕۆسـی) بەران = مەڕ .

بەرانپۆز ـ (صتە.) ، (سنـ.) حاڵی ئینسانێ كە لوتی هـەر لە نێـوان (برۆ)یانەوە بە زەقی هاتبێتە خـوار تا دەگاتە سەر تفنگی ● كەسێـكی كەپۆی كەوانەیی بێ . ★ (مـكـ.) قەپۆزبەران .

بەرانپێچ ـ [١ـ بەر/٢ + ٢ـ ئان/١ + پێچ (پێچان)] ، (نتە.) تە : بەرهەڵبێنە .

بەرانەكێوی ـ [بەران + ٣ـ ئە/٢ + كێو + ٣ـ ئی] ، (نـتە.) نێرەی مەڕەسور .

بەراو ـ [١ـ بەر/٢ + ١ـ ئـاو/١] ، (نتە.) تە : ١ـ ئاوی/١ . ٢ـ (مجـ.) ، (مكـ.) ڕەوا . (عا.) مباح . :: باوكی كردوته بـەراوی خەڵـك (بەلایەوە هیچ نیـە ئەگەر خەڵـك قسەی ناشیرن بە باوكی بڵێـن) ، بەراویان كردوە (وایان لێكردوە كە لای ڕەوابێ جوێنی پی بدەن و قسەی پێ بڵێن و تورەش نەبێ) .

بەرئاووردكردن ـ [فر. كمر.] ،

(مصـ. مـ.) ١ـ هەڵسەنگاندنی دوو یا چەند شتان لەچاویەکتر لەلای چەشـن و جنسیانەوە . ٢ـ دیاری‌کردنی نرخی شتێك . (عا.) تخمین .

بەراوێتە ــ [٤ـ بەر/٢ + ئاوێتە (= ئاویشتو)] ، (صـ.) حاڵی مەڕ یا بزنێ کە بەچکەی بەناوەخت فڕێ‌دابێ .

بەرایێ ــ [١ـ بەر/٢ + ئایێ /٢] ، (نـ.) سەرەتای کۆمەڵە خەڵکێ ، چەند کەسێك کە بۆ هەر مەبەستێك بێ وەپێش کۆمەڵە خەڵکێك دەکەون و هێندێك دوور لە پێشیانەوە دەڕۆن . :: بەرایێ لەشکر گەیشتە شار ، بەرایێ سوارەکان لە دێ دەرچوون (عا.) طليعة ، مقدمة الجيش . ★ (مکـ.) پێشایێ .

بەرایێ‌دان ــ (مصـ. لا.) ماوە ، مەجال ، فتوا بۆکردنی کارێك ، ئامادەبوون بۆ جێبەجێ‌کردنی مەسەلەیەك . :: چاو بەرایێ نادا پیاو بچێتە ماڵیان . چوون دڵت بەرایێ دەدا! قسەی وای پێ بڵێی .

بەرباد ــ [فر.] ، (صـ.) خراپ ، وێران :: دار و نەداری لە قومارا بەربادکرد ، حاڵی بەربادە ● ئێجگار بەربادە (کنـ.) زۆر خراپە . تێبـ ــ لە بەکارهێنانی ئەم وشەیەدا هەمیشە (خراپی) یا (وێرانی) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەبەستەی کە لە پێشدا قسەی لێکراوە . ئەگەر باسی دەوڵەمەندێ و فەقیرێ‌بێ ئەوە وا دەگەیێنێ کە زۆر فەقیرە ، خۆ ئەگەر باسی ساغێ و نەخۆشێ بێ ئەوا مانای ئەوەیە کە زۆر نەخۆشە .

بەربار ــ [١ـ بەر/٤ + ١ـ بار /١] ، (صـ.) ١ـ حاڵی وولاغێکی هاتبێتە ئەوەی باری لێ‌بندرێ . ٢ـ (مجـ.) گوێ‌لەمست . **هاتنەبەربار ــ** ڕام‌بوونی وولاغ بۆ بارهەڵگرتن . ٢ـ گوێ‌لەمست‌بوونی کەسێك ؛ مل‌کەچ‌کردنی یەکێك بۆ فەرمان .

هێنانەبەربار ــ ١ـ ڕام‌کردن و ڕاهێنانی وولاغێك بۆ بارهەڵگرتن . ٢ـ (مجـ.) ڕام‌کردن و مطيع‌کردنی کەسێك بۆ ڕاپەڕاندنی ئێشێ .

بەربانگ ــ (نـ.) ١ـ تە : ئیفتار ٢ـ خواردنێ کە ڕەمەزانان بۆ ڕۆژوو شکاندن ئامادە دەکرێ .

بەربانگ‌کردنەوە ــ (مصـ. لا.) شکاندنی ڕۆژوو . شت خواردنی ڕۆژووەوان پاش ئەوەی وەختی شەرعێ دادێت .

بەربـوارد ــ (نـ.) ، (هـا.) بەردیلێکی بەرانی نەخواردبێ ، شەکەمێی ئەستیور ★ (مکـ.) بەربواردوو .

بەربواردوو ــ (نـ.) ، (مکـ.) تە : بەربوارد .

بەربۆرە ــ (نـ.) ، (سیمـ.) ١ـ « تۆو وەشاندنە بە ئەرزەوە پێش ئەوەی بکێڵرێت . بەرچێن » (معر ، کشت ؛ ب ١ ؛ ل ــ ٤٢) ٢ـ هەروا لە خۆڕایێ ، بێ‌تێبینێ و بیرکردنەوە. (عا.) ارتجال . ٣ـ لە پێش هەموو شتێکدا . :: لەبەربۆرە پێیان‌گوتم تۆ هەر گوێ‌بگرە . لەبەربۆرە بڕیاردەدەن .

بەربۆسە ــ [١ـ بەر /٤ +

بۆسە] ، (نت .) ، (مك. ، هـ ل.) ئامرازێکە (بۆسە)ی پێ لە نێچر توندەکرێ و نایەلێ بجوڵێ و جێگای (سەرەمژان)یش لە ناو بۆسەدا تەحدید دەکا .

بەربوك ــ [١ــ بەر/٢ + بوك/١]، (نت.) ، (مك. ، سیم . ، بك.) ژنێکە دەگەڵ بوك دەچێتە مالی زاوا و دەیکاتە پەردەوە و خەبەری (بەزاوابون)ی زاوا و (ڕوسوری) بوك بە کەس و کاری هەرتکیان ڕادەگەیێنێ . تێبـ ــ لە ناو کوردەواریدا ئافرەتی ئاوا لە هەمو شوێنێك هەن کە هەر لە خوازبێنیڕا تا شەوی بوکێنێ دەگەڵ بوك و زاوا و مالی هەردوولا خەریك دەبێ و ئەرکی بەجێ‌گەیاندنی داب و دەستوری شایێ و خەنەبەندان و هەمام لەمیش‌کردن و ... دەکێشێ . ★ (بك.) بەربو . (سیم . ، سنـ.) پێخەسو ، پاخەسو .

بەربوکێ ــ (حمصـ.) ١ــ ئەو کارەی بەربوك دەیکا ، جێبەجێ‌کردنی کاری کوڕ و کچێك کە دەبنە ژن و مێرد . ٢ــ (مجـ.) ڕێکخستنی نێوانی دو کەسان یا زیاتر ، هەلسوڕان و چالاکێ بو ڕاپەڕاندن و بە ئەنجام‌گەیاندنی کارێك کە پێوەندێ ڕاستەوخوی بەو کەسەوە نەبێ :: نازانین کاك حەمەحەسەن ئەم بەربوکییەی لەچیە ؟ تێبـ ــ بە مانای دوەم تانوتی تێدایە .

بەربون ــ [٨ــ بەر + بون (فە.)] ، (مصتـ. لا.) ١ــ هاتنەدەری کەسێك لە زیندان ، ئازادبون لە بەندێخانە :: گیراوە سیاسیەکان هەرچی هەبون بەربون . دە ڕوژ دەبێ شێرکو بەربوە . ٢ــ پەت‌پساندنی وولاغێکی بەسترابێتەوە . :: عەوول ئێسترەکە بەربوە بەرەو باخی ئاشی چو ، بڕو بزانە نایگریتەوە . ٣ــ تەواوبونی مانگ‌گیران و ڕوژگیران :: ئەو سالە مانك‌گیرا دو سەعاتی کێشا ئینجا بەربو . **تێبەربون** ــ (مصتـ. متـ.) کەوتنەگیانی یەکتری گیانداران کەوتنەگیانی شتی لە لایەن گیاندارێکەوە یا زیاتر . :: گوێلکەکە تێبەربو بڕو بیگرەوە (کەوتە گیانی دایکی بو شیر خواردن) **تێکبەربون** ــ [تێك (دە + یەك) + بەربون] ، (مصتـ. متـ.) چڕژانە ناو یەکتری دو دەستەگیاندار بە نیازی شەڕ و دوژمنایەتی . :: چومەوە مالێ منداڵەکان تێکبەربون . لەشکری (مامەش) و (دیبوکرێ)یان لە دەشتی (مەحمەشە)ی تێکبەربون . تێبـ ــ ئەم ووشەیە وەختێك دەکاردەکرێ کە ئەو کەسەی قسە دەکا ، لە کارەکە ناڕازی بێ و بە چاوی سوك تەماشای بکا . **لێبەربون** (مصتـ. لا.) تڕکەندنی کەسێ . :: مەحمود ئاغا یەکێکی لێبەربو خوی‌کرد بە نوستو . ئاگای لە خوی نەبو هەر دەڕوی و لێی‌بەردەبو .

بەربونەوە ــ [١ــ بەر/٤ + بونەوە] ، (مصتـ. لا.) ١ــ کەوتنەخواری شتێ یا گیاندارێك لە جێگەیەکڕا بو جێگەیێکی دیکەی کە

لەچاو ئەوی پێشوو نزمتربێ . ٢ــ بەلاداهاتن و کەوتنە سەرزەوی ئادەمێزاد لە شوێن خۆی :: کوڕە دلێر هێندە مەچوە سەر گوێسوانەکە بەر دەبێتەوە . چاوی لەبەر پێی خۆی نەبوو دە بەردەکە هەڵەنگوت و بەربووەوە . ★ بەرەوەبوون .

لێبەربوونەوە ــ (مصت. لا.) کەوتنەخواری شتێك لە شتێکی تر . :: پەرداغەکەی لە دەست بەربووە و شکا ، دەرپێی لێبەربووە ، توندی بگرە با لێت بەرنەبێتەوە . ★ لێبەرەوەبوون .

بەربەخت ــ [١ــ بەر/٤ + ١ــ بەخت/١] ، (نت.) کچێکی وادەی مێردکردنی هاتبێ .

بەربەر ــ [ئینگلیسی : باربر] ، (نا .) ، (کعر .) ئەو کەسەی پێشەی سەروڕدێن تاشین خەڵکە . (سیم. سن.) سەرتاش ، دەلاك/١ . (کئیر.) سەلمانی . (بک.) سەرتراش، (جن.) دەللاك .

بەربەران ــ (نت.) (مك.) شەکەمێیەکی گەیشتبێتە پایز و ئامادەبێ بەران بخوا .

بەربەرەکانی ــ [١ــ بەر/١ + ١ــ بەر/١ + ١ــ ئەك/١ + ٣ــ ئانێ/٢] ، (نت.) ، (مك.) ١ــ تە : ئینکەبەرێ ★ ڕقەبەرێ، قینەبەرێ. ٢ــ ڕووبەڕووی یەك وەستانی دوو یا چەند کەس ، هەیئەت و ڕێکخراو ، دەزگای کۆمەڵایەتی یا پارتە سیاسییەکان بۆ بێهێزکردن ، تێکشکاندن و لە مەیداندەرکردن . (عا.) مجادلة ، مقابلة ، منافسة :: واز بێنە تۆ ناتوانی بەربەرەکانێ ئەم کابرایە بکەیت . بەربەرەکانێ نەتەوەی کورد دەگەڵ ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانە . ★ (سن.) بەرامبەرکێ . (مک.) ملە ، ملانێ .

بەربەرۆچکە ــ [١ــ بەرا (بەربە ...) + ڕۆچ + کە (ئم : پچووکێ)]، (نت.) ، (مک.) پەنادێوار یا هەر باپەنایەکی دیکە کە زستانان هەتاوی تێبکا ، جا خەڵکی لێکۆدەبێتەوە و خۆیان لەبەر تاو گەرم دەکەنەوە ، یا منداڵان یاری لێدەکەن . تێب ــ کەرتی (ڕۆچ) لە زمانی پەهلەویدا بە (ڕۆژ) وەتراوە و هەروەکو خۆی ماوەتەوە .

بەربەژن ــ (نت.) ١ــ دوعا و نوشتەیەکی بە شکڵی چوارگۆشە دە بەرگدەگیرێ و ڕاست و چەپ دە ملدەکرێ و بە لاتەنیشتەوە شۆڕدەبێتەوە . (عا.) حەمایەڵ . ٢ــ خشڵێکی ژنانەی کوردەوارییە بە شکڵی حەمایەڵ لە ئاڵتوون و ... دروستدەکرێ .

بەربەست ــ [١ــ بەر/٢ + بەست (بەستن)] ، (نت.)١ــ کاری پێشپێگرتن بە ڕۆیشتنی ئاو . ٢ــ (مج.) کاری دروستکردنی هەر جۆرە مانعێك لە پێش جێبەجێبوونی کارێك یا کەسێك (بۆ هەر مەبەستێك بێ) .

بەربەستکردن ــ (مصت. مت.) ١ــ دروستکردنی مانعێك لەسەر ڕێگای ئاوێکا بۆ ئەوەی لە شوێنێکدا پۆنگ بخواتەوە و زۆر بێ یا بۆ ئەوەی بەلایەکدا نەڕوا کە مەبەست

نەبێ . ٢ـ پێکهێنانی مانعێکی ماددیێ یا مەعنەویێ لە پێش کەسێك یا جێبەجێبونی کار و مەسەلەیەکدا . ★ (سنـ.) بەربەس کردن .

بەربەس کردن ـ (مصد. مت.) ، (سنـ.) تە : بەربەستکردن .

بەربەسێل ـ [بەر (بەرخ/١) + بە/٣ + سێل (ساج)] ، (نتـ.) ، (مکـ.) چێشتێکی هەندێ مەڵبەندی کوردستانە یا گۆشتی بەرخ لەسەر ساج بە ڕۆنی کەرە سوردەکەنەوە و ماستی مەڕانی بۆ خاودەکەنەوە و بە سەریدا دەکەن . ★ (کیـ.) قوڕاو .

بەزبێل ـ (نتـ.) ، (سنـ.) تە : بەرەجۆت .

بەربێلا ـ [١ـ بەر/٢ + بێلا ؟] ، (نتـ.) ، (مکـ.) شوێنێکی دانیشتنە لە شێوەی میعماریێ کوردیدا ، سەری داپۆشراوە و سێ لای ژورە (هەڵدەکەوێ کە هەرسێ لاش نەبێ)و بەردەمی حەوشەیە . ★ بەرهەیوان، پێش‌هەیوان . تێبـ ـ (هەیوان) لەوانەیە لە نهۆمی دوەمی خانوش بێ . بەلام (بێلا) هەر لە ئاستی حەوشەدایە .

بەربێنکە ـ [١ـ بەر/٢ + بێن (مکـ : شارویران) تە : بەرهەڵبێینە

بەرپابون ـ (مصد. لا.) (کئێر.) سازبون ، دروستبون ، دامەزران . هەڵگیرسان . (بۆ ئاژاوە و شەڕ و شۆڕ) .

بەرپاکردن ـ (مصد. مت.) سازدان و دروستکردن ، دامەزراندن ، هەڵگیرساندن .

بەرپان ـ [٢ـ بەر + پان] ، (صتـ.) حاڵی قوماشێکی کە لە هاوچەشنەکانی خۆی پانتربێ . // بەرتەسك .

بەرپشتێبند ـ (نتـ.) جێگایەکە لە جلوبەرگی کوردیدا ، دەکەوێتە نێوان قەدەکانی پشتێندی کوردیێ و ئەو شوێنەی لەشی ئینسان کە پشتێندی لەسەر دەبەستریێ . :: خەنجەرێکی دەسك‌ماهێ دەبەر پشتێندی دابۆ .

بەرتاشێن ـ [٥ـ بەر/٢ + تاشێن] ، (مصد. مت.) ، (مکـ.) خاوێن‌کردنەوەی (بەرگەدە) لە (تۆکەبەر) بە گوێزان و چەقۆ یا هەر شتێکی تر . □ (داشتەمر)ێ ژنیان دەهێنا ، (هەمزاوا)یێ (بەر)یان دەتاشی . تێبـ ـ ا) ئەم کارە زیاتر بە دەرمانێك کە پێی‌دەڵێن (داڕۆ) ئەنجام دەدریێ ، لەو حاڵەتەدا مەصدەری (داڕۆگرتن) بەکاردێت . ب) داشتەمر و هەمزاوا دۆ (دێ)ن لە ڕۆژاوای شاری مەهابات .

بەرتاو ـ (نتـ.) ، (مکـ.) هەر جێگایەکی خۆری تێکردبێ . :: منداڵێنە بڕۆنە بەر تاوەکە بۆ خۆتان گەپێ بدەن . ★ بەرخۆر ، بەرڕۆژ، بەرهەتاو .

بەرتێلانە ـ [؟] ، (نتـ.) ، (سنـ.) دیاریێ و کەلوپەلێکی لە ماڵی زاوا وە بۆ ماڵی بۆکێی ڕەوانەدەکەن . // (سنـ.) ناوتێلانە = جیاز . تێبـ ـ ئەم ووشەیەم لە (مردۆخ ، ب ١ ، ل ـ ١٣٩) وەرگرتوە ، هەرچەندە (مردۆخ) خۆی ووشەکەی بە فارسێ ئاوا مانا لێداوەتەوە کە لەسەرەوە

نوسرا ، بەلام بە عەرەبی ووشـەی (برطيل)ی نوسیوە کە وا دەگەیێنێ لای وابوبێ ئەم ووشەیە لە (بەرتێل) داتاشرابێ ، سەرنجێ لە ووشـەی (ناوتێلانە)ی بن لەهجەی سنەیێ بۆمان دەردەخا کە ووشەی (بەرتێلانە) دەبێ لە [١ـ بەر/٣ + تێلانە] دروستبوبێ و (تێلانە)ش لە [تێل + ئانە/٢ یا ٣] پێکهاتبێ . (تێل) هەر لە بن لەهجەی سنەیدا بە (خێل) دەلێن و لە موکریانیشدا (تێلای چاو) هەیە کە ڕەنگە پێوەندێکی یان بە (تێلانە)وە هەبێ و ئەگەر لەم بۆچونەمدا بە هەلە نەچوبم مانای ووشـەی (بەرتێلانە) دەبێتە (پێش چاوپێکەوتن) ، پێش ئەوەی زاوا چاوی بە بوکێ بکەوێ .

بەرتێل ـ [عـا.] ، (نا.) پـارە یا هەر شتێکی دیکە کە بۆ وەدەست هێنانی قازانجێکی ناڕەوا (ماددی و مەعنەوی) یـا ڕاپەڕانـدنی کار و مەسەلەیەك لە دایرەکانی حکومـەت (جاران مەحکەمەی قازیش) بەکێك دەیـدا بە کاربەدەسـتێك . ★ ڕیشودت . (سنـ.) بەرتێـل ، ڕیشەت . (بکـ.) بەرتێل ، ڕوشەت، ڕوشەت .

بەرتێل‌خواردن ـ (مصـد. مت .) تم : بەرتێل‌وەرگرتن .

بەرتێل‌خۆر ـ (نتـ . صفـا .) کەسێکی ئامادەبێ بەرتێل وەربگرێ، حالی ئەو کاربەدەستەی کاری خەلك ڕاناپەڕێنێ ، یا گـرێ و گولـی تێدەخا و هەتا پارەیێك شتێـکی نەدەنـێ جێبەجێی نـاکا . :: بەرتێل‌خۆرێکی عەجایبە . کوڕە تۆ بەرتێلخۆرت نەدیوە ، ئەمـە کـەی بەرتێلخۆرە .

بەرتێل‌دان ـ (مصد. لا.) دانی پارە یا هەر شتێك بە کاربەدەستێکی دەولەت لە لایەن کەسێکەوە ، بـۆ ئەوەی ئیشێکی بۆ جێبەجێ کات .

بەرتێل‌وەرگرتن ـ (مصد. لا.) قبول‌کردنی دیاری و پارە وپول لە لایەن کاربەدەستێکی میری‌یەوە بـۆ ڕاپەڕاندن یا ڕەواندنەوەی گیروگرفت لـە کـاری کەسێکدا . ★ بەرتێل‌خواردن .

بەرتێڵ ـ (نا.) ، (سنـ.) تمـ : بەرتێل .

بەرجەوەن ـ [؟] ، (نا.) (سنـ.) دیمەن ، چاوەنداز (تم : مردۆخ . ب ١ ، ل ـ ١٣٩) . تێبـ ـ مردۆخ ئەم ووشەیەی بـەم جـۆرە مانـا لێداوەتەوە کە نوسراوە ، بەلام مـن وادەزانم کە دەگەل (بەرجەوەند و بەرژەوەند) ا یەکبن .

بەرخەوەند ـ (نتـ.) ، (مکـ.) تم : بەرژەوەند .

بەرچا ـ (نتـ.) ، (مکـ.) خواردنی بەیـانان کە لەپێش چاخواردنەوەدا دەخورێ و زیاتر ماست و پەنێـر و کەرە و هێلکە و ئەو جۆرە شتانەیە . ★ بەرچایێ ، بەرقەنەنە ، بەرقلیان. (مکـ.) قاولتون . (بکـ.) خورتێنێ .

بەرچاو ـ ١ـ (نتـ.) ئەو شتانەی کە چاوی ئادەمیـزاد دەیانبینـێ ، ئەوانەی کە لە نیزیـك ئینسـان هەلکەوتون :: بڕۆ لاچۆ بەرچـاوم چول‌کە . □ « کـە تۆ ڕۆیـێ ،

لەبەرچاوم ــ کورەی خاکێ بە ئاودا چۆ + لەپاش تۆ ئەی گوڵی نەوڕەستە خاکی کوێ بەســـەردا کـــەم » ؛ (وەفایێ ؛ کۆڕ ، ل ــ ٧٤) ٢ــ (صتـ.) حاڵی هەموو ئەو شتانەی کە لەپێش چاوی ئینسان بن . (مجـ.) ئاشکرا ، دیار . (عا.) واضح . ★ (بکـ.) بەرەچاڤ .

بەرچاوتەنگ ــ (صتـ.) ، (مکـ . ، سـیمـ. ، ســــنـ.) ١ــ حـــاڵی ئادەمیزادێکی توند دەست بە ماڵی خۆیەوە دەگرێ و بەخشندەیێ لەسەر ناکا هیچ ، بۆ ماڵ و منداڵی خۆشی بـە زەحمەت لە دڵی دەبێتەوە و لایوایە هەر دەستێ لێ دا و لێـی خەرجکرد دەبڕێتەوە و لە برســان دەمرێ . ★ (مکـ.) لەچەر ، ڕژد . پێسکە . (سنـ.) دەس‌ووشــك . (جنـ.) چەش‌تەنگ . ٢ــ ئەو کەسەی چاوی بەرایێ نادا خەڵك لە خۆشیێدا ببینێ و حەز ناکا خەڵـك هێچیـان هەبێ .

بەرچاوتەنگی ــ (حمصـ.) ئەنجامی کار و کـــــردەوەی پیاوێـــــکی بەرچاوتەنگ . ★ ڕژدێ ، لەچەرێ، پیسکەیێ .

بەرچاوخستن ــ ١ــ (مصتـ. لا.) لەپێش‌چاوڕاگرتنی شتێ یا مەسەلە و کارێك بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێ . ٢ــ نیشان‌دانی شتێك بەکەسێ یـا کەسانێ . **لەبەرچاوخستن ــ** (مصتـ. متـ.) بێ‌نرخ‌کردنی کەسێ یـا شتێ لەلای یەکێك و بێ‌ئەهمیەت‌کردنی . بێ‌قەدر و قیمەت‌کردن .

بەرچاوکە ــ (نتـ.) ، (کمـر.) پارچە قایشێـــکە هێندێـــکی ڕێشۆڕێشۆ کراوە و لە ســـەری ووڵاغ (ئەســـپ ، ئێســتـــر ، گوێدرێژ)ی دەبەستـن و بـە نێو چـاوانیاندا شۆڕدەبێتـــەوە بــۆ ڕەواندنەوەی مێش و مەگەز . تێبـ ــ ئاشکرایە ئێ ئەســـپ دەگەڵ ئــێ ئێستر و گوێدرێژ فەرقێکی هەیە و بە مت‌وموورۆ یا زێو دەیرازێننەوە . ★ (مکـ.) پێشچـاوکە . (سنـ.) بەرچاوە . (سیمـ.) بەرچاوگە/٢ .

بەرچاوگە ــ (نتـ.) ، (سیهـ.) ١ــ خشـڵێکی ژنانەیە لە ئاڵتون ، زێـو یا مت‌وموورۆ دروستی دەکەن و ژنان لە نێوەی لای پێشەوەی سەریـان قایمی دەکەن و بـە ناوچاوانیـاندا دێتەخوار . ★ (مکـ.) پێشەسەر ٢ــ تم : بەرچاوکە .

بەرچاوە ــ (نتـ.) ، (سنـ.) ١ــ تم : ئافتاب‌گـــەردان . ٢ــ تـم : بەرچاوکە .

بەرچایێ ــ (نتـ.) تم : بەرچا .

بەرچنە ــ (٤ــ بەر/١ + چـن (چنین) + ٥ــ ئــە/١) ؛ (نتـ.) سەوەتەیێکی پچکۆڵەیە بە شکـڵی (هەڕەم ، لە بنەوە بارێکە و هەتـا دێ بەرینتر دەبێ، زیاتر بۆ چنینەوەی میوە لە درەخت بەکاردێت تا پاشان بکرێتـــە سەبـــەتەی گەورە . :: بەرچنەیەك ترێـــی (خەمزە)مـــان بۆهاتوە . کوڕینە یەکێکتان بچێتـە (ئۆمەرەگەدە) لای کاك جەلالی حەمەی سەعید بەرچنەیێ هەنجیر بێنن . تێبـ ــ لەوانەشە لەباتێ [٤ــ بەر/١]ی ئەم ووشەیە [١ــ بەر/٣] بێ ئەوکاتە

ماناکەی دەبێتە (پێش‌چنە) .

بەرچەپ ــ (نت. ، صت.) دژ . پێچەوانە . (عا.) منافس . خصم .

بەرچێڵە ــ [١ــ بەر/٤ + چێڵە ؟] ، (نت.) ١ــ (مک.) چەرمی ملی ڕەشەوولاغ کە بۆ خوڕەوە دادەچۆڕێ . ٢ــ (؟) یەخە (تم : گم ، مەهاباد ، ل ــ ٧٣) .

بەرچێن ــ (١ــ بەر/٣ + چێن (چاندن) [، (نت.) تم : بەربۆرە/١ .

بەرچێغ ــ (نت.) ١ــ دارێکی ڕاستە بەقەدەر بالای ئینسانێک (کەمتر یا زۆرتر) درێژە ، لە ڕەشماڵ و سەربانان و .. و .. چەند دانەیەك دەچەقێنن و چێغی بە دەوردا دەگێڕن . ٢ــ هەمــوو دارێکی ئاوا ، جا بۆ گێڕانی چیغ دەکاربکرێ یان نا .

بەرخ ــ [پە : ڤەرەك ، ڤەڕەك] ، (نا.) ١ــ بەچکەی نێر و مێی (مەڕ) پێش ئەوەی بۆ بڕێنەوە دەستبدا . ★ (بک.) بەرخ . (جن.) برە . (زا.) ڤەرێ ، ڤەرێك . ٢ــ (مج.) لەبەر خۆشەویستی یا بۆ سەرکۆنەکردن بە منداڵ و هێندێ جار بە گەورەش دەگوترێ :: بەرخم . بەرخی بابە تۆزێك هۆشت بێنەوە بەرخۆت ٣ــ یەکێکە لە دوازدە برجی ئاسمان کە بە عەرەبی پێی دەڵێن (حمەل) .

بەرخی‌نێر ــ (نت.) ١ــ تم : بەرخەنێر . ٢ــ (کن.) منداڵی نێرینە ● **بەرخی نێر بۆ سەربڕینە ــ** (کن.) پیاو بۆ ئەوەیە لە پێناو شتێکا خۆی بەخت‌کات . تێبــ ئەوە ئاشکرایە کە مەڕداران (بەرخی‌مێ)

سەرنابڕن .

بەرخستن ــ (مصت. لا.) تم : بەرفڕێدان .

بەرخوردار ــ [٤ــ بەر/١ + خور (خواردن) + دار (ئم.)] ، (صفا .) ئەوکەسەی کەڵکی لە کارێ یا شتێ وەرگرتبێ ، لە کار و زەحمەتی خۆی نەتیجەی باشی دەست‌کەوتبێ (بەری لێ خواردبێ) . ●**بەرخورداربی ــ** ڕستەیەکە بۆ چاکە خواستن و دڵڕاگرتن بە یەکێك دەگوترێ . جاروبارەش بەپێی جێگا و شێوەی قسەکردن دەگۆڕێ و بۆنێکی تۆڕەیی و نارەزایی لێدێ .

بەرخۆڵە ــ [بەرخ/١ + ئۆڵە /٢] ، (نت.) ١ــ بەرخێ کە هێشتا ساوابێ ٢ــ (مج.) دایك بۆ خۆشەویستی منداڵی خۆی پێ‌دەلاوێنێتەوە . □« ئۆخەی بەرخۆڵەی شیرێنم ، یاخوا مەرگت نەبینم » .

بەرخەبەبە ــ [کو. عا.] ، (نت.) ، (مک.) تم : بەرغەبەبە .

بەرخەگەل ــ [بەرخ/١ + ٣ــ ئە/٢ + گەل] ، (نت.) تم : بەرخەل .

بەرخەل ــ [بەرخ/١ + ئەل (گەل)] ، (نت.) ڕانێکی هەموی بەرخبێ . ★ (مک.) بەرخەگەل . بەرغەل .

بەرخەلەوان ــ [بەرخەل + ٣ــ ئە/٢ + وان] ، (نت.) شوانێکی ڕانی بەرخان دەباتە لەوەڕ . ★ (مک. بەرغەلەوان ، بەرخەوان . (بک.) بەرخڤان .

بەرخەمێ ــ [بەرخ/١ + ٣ــ ئە

/۲ + مێ] ، (نت.) بەچکەی مێیینەی مەڕ .

بەرخەنێر ــ (نت.) بەچکەی نێرینەی مەڕ . □« قەومەکان بەو زاتە وا حوکمی لەسەر بەحر و بەڕە + بەرخە نێرێ گەر نەنێرێ هەر کەسێ خاوەن مەڕە » (ڕەزا ــ ۱٥٠) .

بەرخەوان ــ [بەرخ/۱ + ۳ــ ئە/۲ + وان] ، (نت.) تە : بەرخەلەوان □ « بۆ خۆت ئەحوالی لادێ چاك ئەزانی + یەکێ جۆتیار . یەکێکی بەرخەوانە » (گم. ، مەلا ، ل ــ ۲٤) .

بەرد ــ [؟] ، (نا.) ۱ــ جیسمێکی ڕەق و سەختە ، لەسەر زەوێ و ناو کان و شاخ و چیایان زۆرە ، گەورە و پچوك و کۆمای زۆر زل (شاخ)ی هەیە ، شکڵێکی سابیتی نیە و گەلێ ڕەنگی تێدا دەبیندرێ ، لە عەناسوری جیاجیای کیمیایێ پێکهاتوە . ۲ــ ئەوەی لە ئەنجامی تەفاعولی کیمیایێ لەناو هێندێ ئەندامی لەشی ئینساندا (گورچیلە و .. و ..) دروستدەبێ . :: ئەمە بەردی دەگورچیلەی دایە ، دەبێ عەمەلیات بکرێ . ★ سەنگ ، کوچك . (بك.) بەر ، کەڤر . (جن.) بەرد . (زا.) بێر . ۳ــ پارچەیەك ئاسن یا هەر ماددەیێکی تری لەم بابەتە کە کێشانەی دیارە و بۆ دیاریکردنی قورسایی ئەو شتانەی کە بە کێشان دەکردرێن و دەفرۆشرێن ، دەخرێتە تای تەرازوو . تێب ــ ئێستاش لە دێهاتی کوردستان گەلێ جێگای وای هەیە کە (بەرد) بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێت . ★ سەنگ ● **بەرد .. لێباری** ــ (کن.) توشی بەڵا بێ . **بەردی بن‌گۆم** ــ (نت.) ، (کن.) بۆ شتێکی کە لە دەس‌چۆبێ و دۆزینەوەی گران و دژوار بێ یا هەر نەدۆزرێتەوە . **بەردی سارد و گەرم** ــ (نت.) ، (کن.) نسکۆ و گێروگرفتی ڕۆژگار :: یا خوا قەت بەردی سارد و گەرمت وەبەر پێ نەیێت . **لەبەرددان** ــ (مصت. لا.) ، (کن.) بەفێڕۆدان و فەوتاندنی شتێك .

بەرداش ــ [بەرد/۱ + ۱ــ ئاش /۱] ، (نت.) تاتە بەردێکی سەختە خڕ دەتاشرێ بۆ نانەوەی ئاش ، هەر ئاشێك دوو بەرداشی هەیە و لەسەر یەك دادەندرێن ، ئێ ژێرەوەیان دادەمەزرێنرێ و ئێ سەرەوەیان دەگەڕێ و دانەوێڵە دەهاڕێ . ★ بەرێ ئاش ، کەڤری ئاشی . (زا.) بێری‌ئاریش .

بەردان ــ [۸ــ بەر + دان (فع.)] ، (مصت. مت.) ۱ــ تە : ئازادکردن/۱ :: حەپسە سیاسیەکانی عێڕاق لە شۆڕشی چاردەی تەمۆزا بەردران . ۲ــ تە : ئازادکردن/٥ :: جوامێر ژنەکەی بەرداوە و ژنێکی دیکەی هێناوە . ۳ــ ترکەندن :: هەر منداڵە کە یەکێکی بەردەدا و دایکی چەپۆکێکی پێدادەدا . ٤ــ دەست‌هەڵگرتن لە پاسەوانێ باغ و بێستان ، لە پاییزاندا لەبەر ئەوەی هێچی‌تر (بەر) نادات :: بێستانەکەی ئاغا سەید جامیان بەرداوە ئیمڕۆ

منداڵان چۆبوون سێ چوار ترێزۆیان دێتبۆوە . **تێبەردان** ـ [تێ (دە + ی) + بەردان] ، (مصت. مت.) . ١ـ بەرەڵلاکردنی کار و بەرخ و گوێلك و ... بۆ ئەوەی دایـکیان بمژن:: جارێ بەرخەکان تێبەرمەدەن. ٢ـ هاندانی سەگ بۆ ئەوەی بکەوێتە گیانی کەسێ یا گیانداری :: هەر بەم وولاتەدا بێن سەگیان تێبەردەدەین . ٣ـ ڕسـت لە تاژێ دامـاڵین و بەرەڵلاکردنی بۆ گرتنی نێچیر . :: دوو کەروێشکمان دیت تێمان بەردان هێچیان نەکوشت . **تێكبەردان** ـ [تێك (دە + یەك) + بەردان] ، (مصت. مت.) ١ـ هاندانی دوو یا چەند کەس یا دوو یا چەند دەستـە ئینسان یا گیانـداری تر و بـەگژ یەکاکردنیان :: ئەو قسانەت بۆیەیە تێکمان بـەردەی . ٢ـ (مـجـ.) فیتنەپێ‌کردن .

بەردانەوە ـ [١ـ بـەر/٤ + دانـەوە] ، (مصـت. متـ .) خستنەخوارەوەی شتێ یا کەسێ لە شوێنێکی بەرزڕا :: فڕۆکە بۆمبای بەردایەوە . پەرداغەکەی بەردایەوە و شکاندی. ●**وەك لەبانێك بەر ... دەنەوە وابۆ** ـ (کن.) ئاگا ...لەهێچ نەبۆ ، لە پێشدا هێچ شتێك ... لەو کارەیا ئەو قسەیەی نەدەزانی. (عا.) موباغەتەکرا . ★ (هل.) تۆپێك .. لەخۆ .. دێت .

بەرداوێژ ـ [بەرد/١ + ئاوێـژ (ئاوێشتن)] ، (نت.) مەسافەیە ، ئەوەندەی یەکێك لە شوێنێـکەوە بەردی بێکاتێ ، زۆرترین لە ٧٠/٦٠ میتر تێ‌ناپەڕێ :: لێرەڕا تا هۆو دارە دوو بەرداوێژ دەبێ و نابێ .

بەرداوێ ـ [بـەرد/١ + ٢ـ ئاوێ] (صت.) حاڵی زەوییەکی بەردی زۆر بێ . :: ئـەو مەزرایـە زۆر بەرداوییە جۆتی لێ‌ناگەڕێ .

بەردایێ ـ [بەرد/١ + ئایێ/٢] ، (صت.) ، (مک.) تم : بەردەڵان/٢ .

بەردباران ـ(نت.) تم: بەردەباران.

بەردبارانکردن ـ (مصت . مت.) تم : بەردەبارانکردن □ « خـۆم بەخۆمم کـرد ، بەردبـارانم کەن ، ئامۆزاگیان . » (فۆلکلۆر) .

بەردتـاش ـ (نفـا.) ، (تت.) بەردتراش .

بەردتراش ـ (نفا.) کەسێـکە (بەرد)ان لێك و لۆس دەکا تا وای لێبێ بۆ ئەوە دەست بدا لە هێنـدێ شـوێنی خـانۆبەرەدا کەڵـکی لێ‌وەربگێرێ . ★ (سیم.) نەقار. (عا.) . (کێبر.) سەنگتراش .

بەردڕکانە ـ [٦ـ بـەر + دڕ (دڕان) + ئك + ئانە/٢] ، (نـت.) هەرشتێکی وەکو پارە ، جلوبەرگی کۆن کە لە کاتی دەبەرکردنی بـەرگی تازە بدرێ بە کەسێ یا میواندارێکی بەو بۆنەوە بۆ دۆست و رەفیـقان بکرێ . تێبـ ـ ئەم ڕەسمە لە نێـو ئـاغاوەتی کوردا بـاوبوە کە جلـکی تازەیان بۆ خۆیان دەکرد ، کۆنەکەیان دەدا بە دەست و پێوەند .

بەردکارێ ـ (حمص.) هەڵچنینی دیوار یا هەر کارێکی تری (بەنایێ) کە کەرستەکەی (بـەرد) بێ . :: ئێمرۆش بەردکاریمان ماوە .

بەردکێش ـ [بەرد/١ + کێش (کێشان)] ١ـ (نفا.) کەسێکە لە دەشت و چیا (بەرد) کۆدەکاتەوە بە کرێ ، یا بۆ فرۆشتن کێشەوەی دەکا بۆ ئاوەدانی . ٢ـ خەڕەکێکە لە دار و تەختە دروستدەکرێ و جوتێکی پێکەوە دەبەستن و بەسەر پشتی گوێدرێژیدا دەدەن و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك (بەرد)ی پێ‌کێشەوە دەکەن .

بەردڵ‌کەوتن ـ (مصد. متـ.) جیسمێك لە دەرەوە (بەرد ، گوللە ...) لە دڵی کەسێك بدات . :: گوللەکە بەردڵی کەوتبۆ بۆیە لە جێی خۆی سارد ببۆوە . ٢ـ شتێکی مەعنەوی (شیعر ، قسە ، گۆرانی ، ...) یا (ئاکار، کردەوە، ڕەووشت و خۆ، ...)ی کەسێك یاخۆ هەر خودی پیاوەکە (لەبەر هەرچێکی بێت) جێگایەك لە دڵی کەسێ یا کەسانێ‌دا بکاتەوە و پەسند بکرێ . ★ چونەدڵەوە ، وەبەردڵ‌کەوتن .

بەردۆخ ـ (نت.) چەرخی خەڕەکی خوری‌ڕستن .

بەردۆگ ـ (نت.) ئەو پێستەیە کە دۆگی مەڕ دادەپۆشێ ، لە کوردەواری دەهێنندێ برێن و کوان و ... ئەوانەی دەگرن ★ (بک.) بەردۆڤ .

بەردەهەڵقەن ـ (نفا.) ، (مک.) تە : بەردەهەڵکەن .

بەردەهەڵکەن ـ [بەرد/١ + هەڵکەن (هەڵکەندن)] ، (نفا.) کەسێکە لەوکان و جێگایانەی خڕکە بەرد دەگەڵ گڵ و خۆڵ تێکەڵە ، بە کرێ بۆ خەڵکێ ، یابۆخۆی هەڵدەکەنێ و دەیفرۆشێ . ★ بەردەهەڵقەن .

بەردەباران ـ [بەرد/١ + ٣ـ ئە/٢ + باران/٢] ، (نت.) ١ـ جۆرە سزایەکە بۆ تاوانباران لە کۆنەوە لە کۆمەڵگاکانی ئادەمیزادا باوبوە . (عا.) ڕەجم . ★ سەنگەسار . ٢ـ تە : بەردەباران‌کردن/٢ .

بەردەباران‌کردن ـ (مصد. متـ.) ١ـ تاوانبارێك بەهۆی (سزا)یە گەیاندن . تێبـ ـ ئەم کارە بە شێوەی جیاجیا ئەنجام دراوە ، لە هەندێك کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتا ، کابرای تاوانباریان تا ناوقەدی لە زەوی گرتوە و دەستیان‌کردوە بە بەردتێگرتنی هەتا مردوە . لە هێندێکیشیان لە دەشتایێك ڕایان‌گرتوە و خەڵکیان لە دەورەی کۆکردۆتەوە و بۆ هەر لایەك ڕای‌کردبێ بەردی پێدادراوە . ★ سەنگەسارکردن . ٢ـ زۆر بەرد بە جێگەیێك‌دا دان و تێبـ ـ ئەم کارە بە نیازی تۆڕەکردن و سوکایەتی بەسەر خاوەنی جێگەکە هێنان‌دەکرێت .

بەردەباز ـ [بەرد/١ + ٣ـ ئە/٢ + باز (بازد)] ، (نت.) بەردێ یا چەند بەردێك کە لەناو جۆگە و چۆمی تەنکاودا دای‌دەنێن و خەڵك بەسەریاندا لە ئاوەکە دەپەڕنەوە □ « سەر بەردەبازی ڕێتە ، تەن تەختەبەندی جێتە + دڵ مەیلی خاکی پێتە ، ڕوح ماڵی خۆتە بێبە » (مکـ ، نالی ، ل ــ ٣٩٥) . ★ (مک.) پردەباز .

بەردەپێ ـ [بەرد/١ + ٣ـ ئە/٢ + پێ] ، (نتـ.)، (مکـ.) جۆرێك خڕکە بەردی بێ‌سوچی سەخت و ڕەقە و لەبەر ئەوەی پتەو نیە و کون‌کونە لەچاو حەجمی سوکە . تێبـ ـ لە کوردەوارێدا بۆ خاوێن‌کردنەوەی چڵکی قاچ لە حەماما (زیاتر ئافرەت) بەکاری‌دێنن ، هەروەها بۆ خۆش‌کردن و زیادە تۆك لە کەوڵ کردنەوە کەڵکی لێ‌وەردەگیرێ ؛ بەردە مەڕمەڕ و ئەو جۆرە شتانەشی پێ دەسونەوە و پێی سافدەکەن .

بەردەچەرخ ـ [بەرد/١ + ٣ـ ئە/٢ + چەرخ] ؛ (نتـ.) ؛ (کعر.) تە : بەردەچەخماغ .

بەردەچەخماغ ـ [بەرد/١ + ٢ـ ئە/٢ + چەخماغ] ؛ (نتـ.) ؛ (مکـ.) جۆرێك بەردی سەخت و ڕەقە ، کە ئاسنی لێ‌بدرێ وەکو بەردەستێ پڕیشکی ئاگری لێ‌دەبێتەوە ، لە فابریقە دەیتاشن و لێك و لوسی دەکەن و دەیکەنە دانەی بچوك بچوك، لە چەرخی پوشو ، بەنزین و غازدا بەهۆی لێ‌خشانی توپی چەرخەکەوە ئاگر دەکاتەوە . ★ (کعر.) بەردەچەرخ .

بەردەرکە ـ (نتـ.) ، (مکـ.) تە : بەردەرگا .

بەردەرگا ـ[١ـ بەر/٢ + دەرگا]، (نتـ.) ، (کعر.) ١ـ نێزیکی دەرگای حەوشەی ماڵ بە دیوی کۆڵانێدا . ٢ـ گۆڕایێ (گەورە یا پچوك) لەپێش خانویێك بەلای دەروازەی خانودا . ★ (مکـ.) بەردەرکە . :: منداڵێنە بڕونە دەرێ لەبەر دەرگا بۆ خۆتان یاری بکەن .

بەردەڕێژ ـ [بەرد/١ + ٣ـ ئە/٢ + ڕێژ (ڕشتن) ، (صتـ.) حاڵی جێگا و ڕێگا یا کۆڵان و خەیابانێ کە بەردی تێ‌گیرابێ تا چاڵ و چۆڵی تێدا نەمێنێ و ڕاست و ڕەوان بێ . یا لە کاتی بارانا نەبێتە قوڕ و زەلەق . ★ (کئێر.) سەنگچن؛ سەنگ‌فەڕش.

بەردەڕێژکردن ـ (مصتـ. متـ.) ڕێژکردن و قایم‌کردنی بەرد بە پانایی و درێژایی ڕێگا و کۆڵان و خەیاباندا :: لەسەری خەیابانێڕا تا بەرماڵی خۆمان بەردەڕێژکراوە . ★ سەنگچن‌کردن ، سەنگ‌فەڕش‌کردن.

بەردەزۆرە ـ [بەرد/١ + ٣ـ ئە/٢ + زورە] ؛ (نتـ.) ؛ (مکـ .) بەردێکی سەخت و ڕەقە ڕەنگی سورێکی زەردباو یا زەردێکی مەیلەو سورە . تێبـ ـ ناوەکەی لەوەوە هاتوە کە بە دەست پێداخشاندن هەست بە زبرایی دەکرێ و دەشکرێ بە (زورە) و بۆ تیژکردنی داس و چەقۆ و ... بەکاردێت . ئەو شتانەی بەم بەردە تیژدەکرێن پاشان بە (هەسان) دەیانساون تا دەمەکەیان کەند و کلۆیان تێدا نەمێنێ .

بەردەس ـ (نتـ.)، (سیمە.، سنـ.)، تە : بەردەست .

بەردەست ـ (نتـ.) ، (مکـ.) ١ـ مرۆڤێکی لە کارێکا و لە ژێر چاوەدێرێدا یارمەتی کەسێك دەدا . ئەو کەسەی لە ژێر دەستی کەسێکا کاردەکا . :: با ئەو کچۆلەیە بەردەستی چێشتکەرەکە بێ . ٢ ـ ژۆرێکە لە ناو ماڵی دەوڵەمەندانداا ؛

تەرخاندەکریٚ بۆ دانیشتن و کاری
ناوماڵ تێداکردن . :: پچوٚ ژوٚری
بەردەستان کتێبێك لەوێیە بۆم بێنە.
٣ـ هەر شتێکی لە هاوچەشنەکانی
خۆی جیابکرێتەوە بۆ ئەوەی
دەم‌ودەست کەلکی لیٚ‌وەربگیریٚ ::
دەفتەری بەردەست ، کتێبی
بەردەست ، پۆلی بەردەست . ★
(سیمە. ، سنە.) بەردەس .

بەردەستیٚ ـ [بەرد/١ + ئەستیٚ]،
(نتە.) جۆرە بەردێکی سەخت و رەق و
ساف و لۆسە، بە(ئەستیٚ) لێیدەدەن
پزیشکی ئاگری لیٚ‌دەبێتەوە .

بەردەستیٚ ـ(حمصە.) ١ـ کارێکی
کەسیٚ لە ژێر چاوەدێریٚ کەسێکی
دیکەدا دەیکا . :: تۆ بەردەستیٚ‌بکە
با زۆ تەواو بیٚ . ٢ـ مل‌کەچ‌بوونی
کەسێك یا کۆمەڵێك خەڵك یا
میللەتێك بۆ کەسیٚ یا کۆمەڵ و
میللەتێکی دیکە :: ئێتر جۆتیاری
کورد لە بەردەستیٚ رزگاری بوە . ★
ژێردەستەییٚ . (سنە.) بەردەستیٚ .

بەردەسیٚ ـ (حمصە.) ، (سنە.)
تم : بەردەستیٚ .

بەردەشۆر ـ [بەرد/ ١ + ٣ـ ئە
/٢ + شۆر (شۆرتن) ، (نتە.) کاری
جوداکردنەوەی بەرد و زیخ لە
هەندیٚ دانەوێڵە .

بەردەشۆرکردن ـ (مصتە. متە.)
شوشتنەوەی هێندیٚ دانەوێڵەی
وەکۆ برنج ، نیسك ، ساوار و ...
بۆ ئەوەی ووردەبەرد و زیخ و شتی
دیکەی لەم بابەتە ، کەتێیاندا
هەبێت جیاببێتەوە . تێب ـ أ) ئەم
کارە بەو جۆرە دەبیٚ کە دانەوێڵەی
مەبەست دە ئامانێکی پەل دەکەن و
ئاوی وەسەر دەگێرن و پاشان لاری
دەکەنەوە بۆ سەر دەفرێکی دیکە و
دانەوێڵەکە چونکۆ سۆکترە لە بەرد
دەگەڵ لۆزەوی ئاوەکە زۆتر دەرژێتە
ناو دەفری دوەم و بەرد و زیخەکە لە
بنی دەفری یەکەمدا دەمێنێتەوە ،
ئەم کارە ڕدنگە دو سیٚ جار
دۆپاتبکرێتەوە تا دانەوێڵەکە بەردی
لیٚ‌دەبڕیٚ . ب) یەکێك لە شێوەکانی
جیاکردنەوەی (زێڕ) لە زیخ (لەو
شوێنانەی کە زێڕ دەگەڵ زیخ
تێکەڵاوە) بەردەشۆرکردنە .

بەردەعازەبە ـ [بەرد/١ + ٣ـ
ئە/٢ + عازەب + ٥ـ ئە/١] ،
(نتە.) گاشەبەردێکە لە لادێی
کوردستان . جحێڵان هێزی خۆیانی
پیٚ تاقیٚ‌دەکەنەوە . تێب ـ نیاز لەم
تاقیٚ‌کردنەوە ئەوەیە بزانن باڵق‌بوون و
کاتی ئەوەیان هاتوە ژن بێنن .

بەردەقانیٚ ـ [بەرد/١ + ٣ـ ئە/٢
+ قانیٚ (؟)] ، (نتە.) ، (کعر.)
ئامرازێکە لە (بەن) دەچندریٚ
ناوەڕاستەکەی پانە و بەرەبەرە
بارێك‌دەبێتەوە ، پاشان لە هەردۆ
لایەوە نێزیکەی ٢٠ ـ ٣٠
سانتیمترێکی وەکۆ گوریسێکی
بارێك دەهۆندرێتەوە . لە
ڕابردۆییێکی کۆنا وەکۆ
(چەك)ێك لە ناو لەشکراندا
باو بوە و دەگەڵ دوژمن شەڕیان
پێکردوە ، بەردێکیان خستۆتە
ناوڕاستەکەی و لاسکەکانیان بە
دەستەوە گرتوە هەڵیان سوڕاندوە ،
لەپڕ لاسکێکیان بەرداوە و (بەرد)ەکە

بە تەووژمی هەڵسوڕاندنەکەی پێشوو دەرپەڕێوە. ★ (کئێر .) قۆچەقانێ. (سنه.) قەڵماسك . (جف. ، جنه.) قەڵماسەنگ . تێبـ ـ ئەم ئامرازە تا سەرەتای ئەم چەرخەش لە شارەکانی کوردستانا بۆ (شەڕەگەڕەك) بەکاردەهێنرا ، بەڵام ئێستا تەنیا بۆ یاری منداڵان و چۆلەکەکوشتن بەکاردێت ، شکڵێشی گۆڕاوە و لە کوردستانی عێراق بۆ شکڵی تازەی ناوی (دارلاستێق) و لە کوردستانی ئێران (قۆچەقانێ جێر) پەیدابوە .

بەردەقسڵ ـ (نت.) جۆرێك بەردە ، ناوی کیمیایی (کاربۆناتی کالیسیۆم)ە ، لە (کان) دەریدێنن و دە کۆرەی تایبەتیدا دەیسووتێنن ، دەبێتە ئاهەك (قسڵ) . بۆ پتەوێ و قایمێ لە بناغەی دیوار و شمشەکێشانی ناو حەمام و ... و .. کەلکی لێوەردەگیرێ .

بەردەگەچ ـ (نت.) ، (سیم.) تم : بەردەگێچ .

بەردەگێچ ـ (نت.) ، (مک.) بەردێکە لە تەبیعەتدا زۆرە ، ناوی کیمیایێ (سولفاتی کالیسیۆم)ە کە هێندێك (ئاو)ی تێدایە ، لە کۆرەی تایبەتیدا دەیپێژن ، ئاوەکەی دەڕوا و خۆی دەبێتە (تۆز)ێکی سپێ ، بۆ کاروباری بەنایێ بە تایبەتێ ـ سپێکاریێ ناو خانوو بە کەلك دێت . ئەم بەردە لە هەموو پارچە و مەڵبەندەکانی کوردستان بە زۆری دەستدەکەوێ . ★ (سیم.) بەردەگەچ .

بەردەلینگ ـ [٣ـ بەر/٢ + دەلینگ] ، (نت.) ، (مك.) تێلماسکە قوماشێکە بە دێوی ناوەوەی دەرەلینگی ڕانك و پانتۆڵی کوردیدا دایدەدروون .

بەردەڵان ـ [بەرد/١ + ٣ـ ئە/٢ + ڵان (پب.)] ، (نت. ، صت.) ١ـ شوێنێکی بەردی زۆربێ . ٢ـ حاڵی جێگایەکی بەردی زۆر هەبێ . ★ بەردایێ .

بەردەڵانێـ(نت.) جێگای بەردەڵان.

بەردەم ـ (نت.) ١ـ لای پێشەوەی شتێك . :: بە بەردەمی دوکانی وەستا فەرەجدا بڕۆین سڵاوێکی لێبکەین . ٢ـ (مج.) لە حزوورا ، لای کەسێ . تێبـ ـ لەم حاڵەتەدا هەمیشە (لە)ی لە پێشەوە دێت :: لە بەردەمی قازێ ئیقراری کرد .

بەردەمۆر ـ [بەرد/١ + ٣ـ ئە/٢ + مۆر] ، (نت.) ، (کئێر.) شتێکی چوارسووچی درێژۆکە ، یا خڕە لە گڵی (کەربەلا) و (نەجەف) دروستدەکرێ و ئایەتێکی قورئان یا ناوی دوازدە ئیمامانی لەسەر دەنووسرێ ، پێڕەوانی مەزەبی (شیعە) لە کاتی (سوژدە)ی نوێژا ناوچەوانی دەنێنە بان . تێبـ ـ ئەگەر بە ڕێکەوت (بەردەمۆر) بە دەستەوە نەبێ ، تەزبێحێکی کە هەر لەو گڵە متفەڕکە دروستکراوە دەتوانێ جێگەی بگرێتەوە .

بەردەمەڕمەڕ ـ (نت.) بەردێکە لە تیرەی ئەو بەردانەی لە (کالیسۆم) دروستبۆن . پاش ئەوەی لە (کان) دەردێنرێ بە شێوەی تایبەتێ

لێك‌ولوس دەكرێ و بریقەیێكی تایبەتی هەڵدێنێ ، تا ئەندازەیێك زۆنە ، لە كاروباری بەنایی و ڕازاندنەوە (دێكۆر)ی دەر و ژووری خانوو ، بەكاردێت ، زۆر ڕەنگی هەیە و گەلێ شتی دیكەشی لێ دروستدەكرێ . تێب . أ) ئەم ووشەیە وەختێك دەكاردەكرێ كە باسی (بەرد)ە كەبێ لە حاڵەتی پێش‌ساف‌كردن و ساوینەوەی‌دا . ب) بە قسەی ژابا (تە : ل ــ ٣٩٥) ووشەی (مەڕمەڕ) لە (مارمارۆس)ی یۆنانی وەرگیراوە و فڕەنسی پێی دەڵێن (ماربڕ) و لارۆس (تە : ل ــ ٥٥٠) دڵێ ئەم ووشەیە لە (مارمۆر)ی لاتینی خوازراوەتەوە .

بەردەنوێژ ــ (نت.) تەڵە بەردێكی پانە یا (چەند دانەیەك) لە كەنار حەوزی مزگەوتان و كانیاوی سەر ڕێگا و بانان جێگەی بۆخۆش‌دەكەن و دای دەنێن ، نوێژی لەسەر دەكرێ . ★ تات ، تاتەنوێژ .

بەردەواز ــ (نت.) تە : بەردەباز .

بەردەوان ــ [بەرد/١ + ٣ ــ ئە/٢ + وان] ، (نت. ، صت.) ١ــ كەسێكە كە دەتوانێ بە شاخی سەخت و زەرد و ماهان هەڵگەڕێ و سەركەوێتە سەر . ٢ــ ناوە بۆ كوڕان . ★ شاخەوان .

بەردەوك ــ [١ــ بەر/٢ + دەو (دەم) + ئك] ، (نت.) ، (بك.) ئەو كەسەیە كە پیاوێكی گەورە (ئاغا ، مێر ، پاتشا) هەڵی دەبژێرێ و هەمیشە دەگەڵ خۆی دەیگێڕێ و دەبێتە مەحرەمی ڕازی . (عا.) نەدیم . ★ هاودەم ، هامڕاز . تێب ــ ژابا (تە : ل ــ ٤٤) دەڵێ ئەم ووشەیە بە مانای (مەحرەمی ڕاز)ە و مانای لۆغەتی ووشەكە ئاوایە : « ئەو كەسەی كە پیاو دەتوانێ دەمی خۆی لەلا بكاتەوە و قسە بكا . » .

بەردیل ــ [أ] ، (نت.) ، (هـ.) بەرخە مێیەكی دوو ساڵی تەواوكردبێ و پێی نابێتە سێ ساڵان . ★ (مك.) شەكەمەڕ .

بەردین ــ [بەرد/١ + ئین] ، (صت.) حاڵی هەرشتێكی لە (بەرد) دروست‌كرابێ . ★ بەردینە .

بەردینە ــ [بەرد/١ + ٢ــ ئینە]، (صت.) تە : بەردین . :: شێرە بەردینەكەی (بابل) دنیای بە شكلی (ئافرەت) خستۆتە ژێر چنگالی خۆی .

بەرزۆژ ــ (نت.) تە : بەرتاو .

بەرز ــ [ست : بێرێزە . پە : بورز] ، (صت.) ، (كعر. ، سن. ، بك. ، جن.) ١ــ درێژ بە باری قیتاییدا :: هەڵگورد چیایەكی بەرزە . ئێستا خانوبەرەی بەرز باوە ◻ « باڵاكەت بەرزە بەقەد چناری + هەرچی تۆی ناوێ بەردی لێباری » (فۆلكلۆر) . ٢ــ حاڵەتی هەندێ شت كە لە باری ئاسایی خۆیان دەردەچن و زیاد دەكەن :: بە دەنگی بەرز قسە مەكەن . ٣ــ گەورەیی پایە و دەرەجەی كۆمەڵایەتی كەسێك و نرخی كارێ یا شتێك :: نالی شاعیرێكی بەرزی نەتەوەی كوردە . دیمۆكراتی ئامانجێكی بەرزە. ٤ــ موتڵەقی بڵیند .

بەرزاخ ــ [١ــ بەر/٤ + زاخ] ، (نت.) ، (سنـ.) تە : بەرکاو .

بەرزایی ــ [بەرز + ئایی/١] ، (نت.) تە : بڵندایی .

بەرزبوونەوە ــ (مصت. لا.) ١ــ بزووتنەوە و جووڵانەوەی شتێك یا گیاندارێك لە ژێرڕا بۆ لای سەرووی خۆی ، بە جۆرێکی وا کە کەم و زۆر لە شوێنی پێشووی دوورکەوێتەوە ، دەکرێ لەم حاڵەتی دوورکەوتنەوەیدا بە شوێنەکەی پێشوویەوە نووسابێ یا لێی جودابووبێتەوە ، جیابوونەوەکەشی یەکجاری بێ یا بۆ ماوەیەك :: فڕۆکەکە هێندە بەرزبووتەوە هەر بەقەدەر ، چۆلەکەیەك دیارە . ئەم بارانەی دوایی زۆر باش بۆ دەغڵ بستێك بەرزبوونەوە . ئەم دیوارە دوێنێ و ئیمڕۆ باش کاری تێداکراوە ، دووگەز بەرزبووتەوە . ٢ــ زیادبوونی پایە و مەقامی کەسێك :: ئێستا زۆر بەرزبووتەوە هێندەی نەماوە ببێتە وەزیر . ئەوەی هێچی دەباراندا نەبێ کە بەرزبووەوە لە خۆی بایی دەبێ . ★ بەرزەوەبوون .

بەرزپەڕین ــ (مصت. لا.) ، (سنـ .) تە : بەرزفڕین .

بەرزڕفین ــ (مصت. لا.) ، (کمر.) تە : بەرزفڕین .

بەرزفڕین ــ (مصت. لا.) ١ ــ باڵگرتنەوەی باڵندە بۆ بڵیندایی زۆر. ٢ــ (مجـ.) لە هەموو بابەتێکەوە، خۆ زیاتر لەوەی کە هەیە خستنە بەرچاو . ★ خۆهەڵکێشان . ٣ــ چاو دە پایە و مەقامی زلی کۆمەڵایەتی . سیاسی ، ... و ... بڕێن □« بەرزفڕین ملی پیاو ئەشکێنێ » .

بەرزکردن ــ (مصت. متـ.) ١ــ تە : بەرزکردنەوە . ٢ــ (مجـ.) زیادکردنی پایە و مەقامی کەسێ .

بەرزکردنەوە ــ (مصت. متـ.) ١ــ شتێك یا کەسێ لە شوێنی خۆی بەرەوژوورتر کردن :: منداڵەکەی بەرزکردەوە و کوتای بە عەرزا . ٢ــ شت بەسەریەکا کەڵەکەکردن بە جۆرێ کە لە ئاستی زەوی‌ڕا بڵیندبێ . :: بەقەد کێوێك فەردە شەکریان لەم دەشتە بەرز کردبۆوە . ٣ــ (مجـ.) تە : بەرزکردن/٢ :: نانی سوێرە هەر کەسێ بەرزی دەکاتەوە پاشان دەلاقی ڕۆدێت .

بەرزگ ــ [١ــ بەر/٤ + زگ] ، (نت.)، (مکـ.) ١ــ تە : بەرمسوڵدان. ٢ــ شوێنی لای خوارەوەی گیاندارانی چوارپێ . :: گورێسەکە بە بەر زگی ووڵاغەکەدا بەرە و لەولاوە بێهێنەوە سەر پشتی ★ (سیمـ.) بەرسك.

بەرزە ــ [؟] ، (صت.) ، (بکـ.) تە : بزر .

بەرزەبلێس ــ (نت.) کەسێکی لەناو قسەی خەڵکا هەڵبداتێ و قسەکەی پێببڕێتەوە .

بەرزەپێ ــ [بەرز/٤ + ٣ــ ئە/٢ + پێ] ، (بنت.) بە شێوەیەکی تەواو لە جێی خۆهەڵستان و لەسەر قاچ وەستان :: هەر هاتە ژوورێ هەموویان بەرزەپێ لەبەری هەڵستان .

بەرزەجۆڕە ــ (نت.) ، (سنـ.) حەشورەیەکە وەکوو (کوللە) وایە ،

بەلام پچوکترە و ڕەنگی شێنە ، لەناو دەغلاندا دەژێ ، هەمێشە زێقەزێق و جێرەجێر دەکا و دەنگی تیژە . (عا.) زێــز ، صرار . ★ جڕجـــڕە . بەرزەچڕە .

بەرزەچڕە ــ (نت.) ، (سنـ.) تم : بەرزەچڕە .

بەرزەحەوایلە ــ (نت.) ، (سنـ.) تم : بادەوە .

بەرزەدەماغ ــ [بەرز/٤ + ٣ــ ئــە/٢ + دەمـــاغ] ، (صتـــــ.) لوتبەرز ، لەخۆڕازی ، ئەو کەسەی بە خۆی دەنازێ ، ڕۆحزل .

بەرزەکیبانان ــ [بەرز + ١ــ ئەك /٢ + ١ــ ئی + ١ــ بان/١ + ٢ــ ئان/١] (نت.) ، (کعر.) ١ــ مەوجـــودێکی ئەفســانەیە ، بــەو جۆرەی لە چیرۆکەکانی فولکلۆریدا باسی کراوە زۆر درێژ و بالابلیندە، هەر لە سەربانان قیت دەبێتەوە و خۆی پێشانی خەلکی دەدا ، یــا بە پێلەقە بانەکە دەکوتێتەوە و گازی خەلکی مالەکــە دەکات ، کە بــۆی چون لەبەر چاوان وون دەبێ . ٢ــ (مجـ.) کەسێکی بێهەستوخوست لە گێروگرفت یا گونگەل و گێچەلان ڕزگاری دەبێ و بۆی دەردەچێ :: ئاژاوەکەی نایــەوە و خــۆی وەك بەرزەکی بانان بۆیدەرچو .

بەرزەلنگ ــ (نت.) گیایــــەکی بۆنخۆشی بەدەوامە، دەگەل جاترە و نەعنا و پنگ ، یەك (تیرە)ن ، لــە شوێنی خیــك شێندەبێ . گول و گەلاکەی هەرتکیان بۆنیان هەیە .

بەرزەوولاخ ــ [بەرز/ ٤ + ٣ــ ئە/٢ + وولاخ] ، (نت.) ، (کعر.) ئەسپ ، ئێستر . ★ (مکـ.) وولاغی بەرزە .

بەرزەوەبون ــ (مصتـ. لا.) ، (سنـ.) تم : بەرزبونەوە .

بەرزەهەوایلە ــ [بــەرز/٤ + ٣ــ ئە/٢ + هەوا + ئێلە] ، (نت.)، (سنـ.) ١ــ تم : بادەوە . ٢ــ یارییەکی مندالانەیــــە ، بەرد بـــۆ هـــەوا هەلداوێژن و هــــەولدەدەن کــــە دێتەوە خوار بیگرنەوە و نەیەلــــن بکەوێتە عەرزێ .

بەرزێتی ــ (نت.) تم : بەرزایی :: پایەی کــەم شاعــیری کورد دەگاتە بەرزێتی نــالی . تێب ــ هـــس : « هەرابێرێزەئیتی » کە لە زمــانی ئاوێســتاییدا بە (چیای ئەلبورز) لە باکوری تاران گوتراوە ، « هەرا » بە مانای چیاو « بێرێزەیتی » بــــە مانای (بەرزێتی)یە .

بەرزیلان ــ (نت.) ، (سـنـ.) تم : ئەسکەملە .

بەرزین ــ (صتـ.) حالی نۆمایەکی وەختی ئەوەی هاتبێ بگیرێ و زینی بخرێتە ســەر پشــت ، جوانوێکی هاتبێتە ئەوەی سوار هەلبگرێ .

بەرژەنەك ــ [٢ــ بەر + ژەن + ١ــ ئەك/٣] ، (نت.) ، « دارێــکی تەنکی پانە لەبــەر دەمــی (دانــە) و (گورد)ا دائــەنرێ بۆ ڕاگرتنــــی ئەندازەی پانی تەنراوەکە بۆ ئەوەی خواروگێر نەبێ » (خا. ، ب١ ، ل ــ ١٥٦) .

بەرژەوەند ــ [؟] ، ١ــ (نمصـ .)، (مکـ.) لێكدانــــەوەی کــــاران .

ووردبۆنەوە و تێوەڕامان بۆ دیاریکردنی چاکی و خراپی . ٢ـ (نا.) ؛ (کعر.) مەسەلەحەت ، لێوەشانەوە .

بەرسك ــ (نت.) ؛ (سیم.) تە : بەرزگ .

بەرسمێڵ ــ [١ــ بەر/٤ + سمێڵ] ؛ (نت.) زێدە تۆکی سمێڵ کە بەسەر لێوی سەرەوەی مرۆڤا بەرەو ناودەمی دێتە خواری . □ « قەپۆزت دانەپۆشی بەرسمێڵت + بەسەر ملتا نەبێ وەك یالی کەمتیار» (ڕەزا ــ ٢٣) ★ (بک.) بەرسمبێل .

بەرسمێڵ کردن ــ (مصت. مت.) قرتاندنی زێدەمۆی سمێڵ و لێكولۆس کردنی دەگەڵ سنووری لێوی سەرەوە .

بەرسێلە ــ [؟] ، (نت.) ، (کعر.) ترێیەکە هێشتا ئاوی تێنەگەڕابێ و شیرن نەبۆبێ . تێب ــ أ) من زیاتر بۆ ئەوە دەچم کە (سێلە) لەم وشەیەدا هاوتای (شیرە) بێ ، جا یا بەسەر زار و زمانانەوە وای بەسەر هاتوە یاخۆ شکڵێکی کۆنتری (شیرە)یە . ب) بەرسێلە ماددەی (ترشی تارتارات)ی تێدایە و ترشە، لە کوردەواری دەیکەنە هێندێ چێشتانەوە تا ترشیان بکا و بۆ دابەزاندنی پلەی گەرمای لەشی نەخۆش بەکاری دێنن . بەسیرە ، بەسێلە . (کئیر.) قۆرە . (سن.) هاڵە .

بەرغەبەبە ــ [١ــ بە/٤ + غەبەب (عا. + ئە/١)] ، (نت.) ، (مک.) پێستی ژێرچەنەکەی ئینسانی قەڵەو کە لەبەر قورسایی ، یا ئی پیاوی پیر کە لەبەر بێگۆشتی داچۆڕابێ . ★ بەرخەبەبە . (زا.) بەرکور .

بەرغەل ــ (نت.) ، (مک.) تە : بەرخەل .

بەرغەلەوان ــ (نت.) ، (مک .) تە : بەرخەلەوان .

بەرفڕێدان ــ [٤ــ بەر/٢ + فڕێدان] ، (مصت. لا.) تە : بەرهاویشتن :: مەڕەکانمان ئەو ساڵ لە (سەرما)ن زۆریان بەریان فڕێدا .

بەرقلیان ــ (نت.) ، (سن.) تە : بەرچا .

بەرقەد ــ (نت.) ، (مک.) تە : بەرکاو تێب ــ زیاتر دەگەڵ وشەی (شاخ) ئیزافە دەکرێ . :: بەرقەدی شاخی .

بەرقەنە ــ (نت.) تە : بەرچا .

بەرك ــ (نا.) ، (بک.) تە : گولله. تێب ــ لە نێوان دەنگی (ر)و (ك)دا بزوێنە کوردی هەیە (بەر ، ك) .

بەرکار ــ (نت.) هەر شتێکی ئامادەکرابێ بۆ ئەوەی دەکاربکرێ یا کارێکی لەسەر بکرێ .

بەرکاو ــ [١ــبەر/٤ + کاو = کێو] ، (نت.) ، (سن.) دامێنی چیا و کێو ★ (سن.) بەرزاخ ، کەمەر (تە : مردۆخ ، ب١ ، ل ــ ١٤٩) ، (مک.) بەرقەد .

بەرکوت ــ [١ــ بەر/٢ + کوت (کوتان)] ؛ (نت.) بەشێکە لە دەغڵی درواوەی هێشتا گیرەنەکراو ، کە لەبەر پێویستی جیادەکرێتەوە و

سوردەکرێ .

بەرکوڵ ـ [١ـ بەر/٤ + کوڵ (کوڵین)] ، (نت.) هێندێك چێشتە کە پێش ئەوەی بۆ هەموو خەڵکی ماڵ تێ‌بکرێ ، دەکرێتە قاپێکەوە . تێب ـ ئەمە زیاتر بۆ منداڵان تێدەکرێ و دەیاندەنێ بیخۆن ، یا بۆ کەسێك (زیاتر کابان) کە زووتر برسی بووبێ .

بەرکوڵکردن ـ (مصد. لا.) خواردنی چێشت پێش ئەو خەڵکانەی کە دەبێ لێی‌بخۆن .

بەرکۆ ـ [؟] ، (نت.) ، (سن.) گۆپکەیێکە لە لای پێشەوەی (زین)ی کوردیێ ، لە سواربوونا دەستی پێدەگیرێ و لە کاتی پێویستیشا دەستەجڵەوی بەسەردا دەکرێ . ★ (بک. ، مل.) قەرپۆز .

بەرکۆش ـ [١ـ بەر/٤ + کۆش]، (نت.) بەرهەڵبێنەی پچووك .

بەرکەکردن ـ [عا. کو.] ، [بەرکە (برکة) + کردن] ، (مصد. لا.) ، (مک.) زیادکردن و زەووزووکردنی گیاندارانی کەوێ :: وەحە وەح یا خوا بەرکە نەکەی ، خۆشیرەکەی ڕشت . تێب ـ جاروبارە دایکان کە توورە دەبن وەکوو (تۆك) بە منداڵی خۆیانی دەڵێن .

بەرکەڵ ـ [١ـ بەر/٤ + کەڵ]، (نت.) ڕەشەووڵاغی سێ ساڵانە کە بۆ ئەوە دەستدا کەڵ‌بگرێ .

بەرکەمەرە ـ [بەر (بەرد) + کەمەرە] ، (نت.) ، (مک.) جۆرەبەردێکە لە هێندێك شوێنی کوردستانی ئێران (ئەوەندەی من پێم شك‌دێت) ، وەکوو خەڵوز ئاگر دەگرێ و دەگەشێتەوە و بۆ گەرم‌کردنی سەماوەر بەکاری‌دێنن . تێب ـ ١) (بەرکەمەران) ناوی دێیەکە لە مەڵبەندی لاجانێ نیزیکی (خانێ) ئەو بەردەی زۆرە . ب) ئەگەر ئەم ناوە لەباتێ : ڕەژێ بەرد ، زوغاڵ سەنگ و (فحم الحجری) دەکاربکرێت جێی خۆیەتی .

بەرکەوتن ـ [١ ـ بەر/٤ + کەوتن] ، (مصد. لا.) (سیم.) ١ـ هەڵەنگوتنی جیسمێك دەجیسمێکی دیکە :: بەردێکی بەرکەوت سەری شکا ، گوللەی بەرکەوت ★ پێکەوتن . (مک.) وێکەوتن . ٢ـ بوون بەبەژێر شتێکەوە :: دیوارەکە ڕووخا دوو کەسی بەرکەوت ، بەر ترومبێل کەوت و مرد . ٣ـ بەشی‌پێ‌بڕان ، بەنسێب‌بوون :: هەر سەری کێلۆیەك شەکری بەردەکەوێ . کوڕە داینێ ئەوەندت بەرناکەوێ . هەر ئەوەندەم بەرکەوت . ★ (مک.) وەبەرکەوتن . **وەبەرکەوتن** ـ (مصد. لا.) ، (مک.) تم : بەرکەوتن/٣ .

بەرگ ـ [١ـ بەر /٢ + ئگ] ، (صف.) ، (سن.) تم : ٢ـ بەرین . تێب ـ ا) لە نێوان دەنگی (ر) و (گ)دا سۆکە دەنگێکی (هەمزە) دەبیسترێ کە پاشماوەی (ئگ)ە و بە تەواوێ نەسواوە ، بە کورتێ ئەوەی پێی دڵێن بزوێنە کوردێ لەم ووشەیەدا و لە ووشەی (بەرگین)دا خۆی دەنوێنێ . ب) هەروەکوو لەسەرەوە باس‌کرا (ا) ئەم ووشەیە جۆرێك لەدەم دێتەدەر دەگەڵ ووشەی (بەرگ) کە هەر لە دوای ئەمەوە

دێت جیاوازە ، هەر بۆیەش ژمارەم بۆ هێچ کامیان دانەناوە و نەم‌کردن بە (١ــ بەرگ ، ٢ــ بەرگ) ئەگەرچی هەرتکیان هەروەك یەك دەنوسرێن ، ئەمەش یەکێکە لە کەم‌وکوڕێ ئەلفوبێتکەکەمان کە تا ئێستا چارەی بۆ نەدۆزراوەتەوە .

بەرگ ــ [سنـ : فەریـکە . پە : فەرك ، فەرگ ، فەلگ .] ، (نـا.) ١ــ بەشێکە لە گیاوگوڵ و دارودرەخت ، پان و تەنکە ــ شکڵ و پانایێ بە پێی دار و گیا دەگۆڕێ ــ بە ساقەتێ گیا و لكوپۆپی دارانەوە نوساوە ، ڕەنگی سەوزە . سەوزاییشی لە گیاوگوڵی جۆربەجۆرا دەگۆڕێ ــ ئەم بەشەی گیاوگوڵ ئیشك دەبێ و ئێ داران زوربەیان لە پاییزا دەوەرێ . □ « مسولمانان بزانن شەو چ وەختە ، کە بولبول عاشقی بەرگی درەختە » (فۆلکلۆر) ★ (مکـ. ، سنـ. ، سیمـ.) گەڵا . (جنـ. گیلا = گەڵای ئیشکی دار) ، (سەردەشت) گەڵ . (هلـ.) پەلك . (هو.) بەرگ . (سنـ.) پەلگ . (بکـ.) بیرێ ، بەلگ . (زا.) ڤێلگێ ــ لێوپۆپ و گەڵای دار ــ (تم : ژابا ــ ٥٥) ، (جنـ.) بەلگ . هـس : (عا.) وەڕەق ، وەڕەقە (محر : بەرگ) ٢ــ ئەو شتانەیە کە مرۆڤ پاش جیابونەوەی لە ژیانی حەیوانێ بۆ داپۆشینی لەش و بەربەرەکانێ دەگەڵ سەرما و گەرما ، داهێناوە و دەبەری دەکا . شێوەی دروست‌کردن و ئەو ماددەیەش کە لێی دروست‌دەکرێ وێڕای ژیانی ئادەمیزاد و پێشکەوتنی شارستانێتێ گۆڕاوە تا وای لێهاتوە کە ئیمڕۆ دەیبینین و هەر نەتەوەیەی بەرگی نەتەوایەتێ تایبەتێ هەیە . □ « پاتشا بەرگی نوێت لێ مەبارەك نەبێ » ، «هەرچەندە کە ڕۆتم بە خودا مائیلی ڕۆتم + بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە » (مکـ. نالێ : ل ــ ٥٢٤) ★ (سنـ.) سێپاڵ . (سیمـ.) جلوبەرگ . (مکـ.) شمەك ، جل ، جلك (ککـ.) کاڵا ، کەلپەل ، کەل‌وپەل .

بەرگی‌سەفەر ــ(نتـ.) ئەو جلکانەی ئینسانێك بۆ سەفەر دەبەری‌دەکا ، سەفەرەکە دەیسەپێنێ کە دەبێ چ جۆرە بەرگێك دەبەرکات ، بۆ نمونە ئەگەر یەکێك بچێ بۆ (ڕاو) و زستانێش بێ جۆرە جلکێ دەبەردەکا و بۆ هەمان مەبەست لە هاوینا جۆرێکی دیکە و ...و...

بەرگی‌شایێ و شێنان ــ (نتـ.) دو جۆرە جلکن : یەکیان ئاڵ و والایە بۆ (شایێ) و پیاو خۆشی دەگەڵ دەڕازێنێتەوە . ئەوی دیکەیان (ڕەش) یا (خمی)یە بۆ سەر پرسە و بۆ ئازیەتبارێ دەبەردەکرێ . **« بەرگی شایێ و شێنانی هەر نەوەیە»** ، (کنـ.) نەدارە و بۆ هەمو جۆرە ڕۆداوێك تەنیا دەستە جلکێکی هەیە . **بەرگی غەزەبی دەبەرکرد** ــ (کنـ.) ڕقی هەڵستا و تورەبو . ٣ــ شتێکە لە قوماش ، کاغەز ، چەرم و ... دروست‌دەکرێ و بە پێی مەبەست شکلی دەگۆڕێ ، هەمو یا بەشێ لە بەعزە شتێکی پێ دادەپۆشن

تا لە چلکن‌بون ، شـکان ، و . . . بیپارێزێت :: بەرگی (کابە) هەمۆی ئایەتی قورئانی لێنوسراوە . بەرگی ئەم سەنێرە بە جارێك چلکن بـوە بیگۆڕن . ٤ــ بەشێك لە چەند بەشی کتێبێك کە لە بەشەکانی دیـکەی جوداکرابێتـەوە و بـە جیـا جزۆبەندکرابێ . :: بەرگی پێنجەمی « فەرهەنگی فارسی » بەرگی دوەمی « قامۆسی زمانی کوردی » .

بەرگایێ ــ [١ــ بەر/٢ + گا + ٣ــ ئێ] ، (نت.) کەسێکە کە بـۆ ڕاهێنان و فێرەجۆت و گێرەکردنی گاجۆتێ کە تازە (نیر)ی خرابێتـە سەر ملی ، لە پێش جۆت دەڕوا .

بەرگاییلکە ــ [١ــ بەر/٢ + گا + ئێلکە] ، (نت.) باڵندەیەکی پچۆکە لە تێرەی چـۆلەکە و کاتێ جـۆتێر جۆت لێدەخوڕێ لەبەردەم جۆتەکەوە هەڵدەقونێ . ★ کلك هەڵتەکێنە ، کلك هەڵسەنگێنە .

بەرگ‌پێداگرتن ــ (مصتـ. متـ.) داپۆشینی لێفە و هەرچێ وەکو لێفە بێ ، بە (بەرگ /٣) . ★ (سـیـم.) بەرگ‌پیاگرتن .

بەرگ‌پیاگرتن ــ (مصتـ. متـ.) ، (سیم.) تم : بەرگ‌پێداگرتن .

بەرگ‌تێ‌گرتن ــ [بـەرگ/٣ + تێ (دە + ی) + گرتن] ، (مصتـ. متـ.) کتێب ، دەفتەرو . . . لە مقەبیا یا کاغەزەوە پێچان .

بەرگ‌تێ‌هەڵکێشان ــ [بەرگ/٣ + تێ (دە + ی) + هەڵ (پێبـف.) + کێشان] ، داپۆشینی سەرتین ، دۆشەگ و . . . کە (بەرگ/٣) یـان وەکو کیسـە بۆ دروستدەکرێ .

بەرگدرۆ ــ [بـەرگ/٢ + درۆ (درۆن)] ، (نفا. ، صفـا.)ئەو کەسەیە کە قوماش بە ئەنـدازەی قـەد و بـاڵای خـەڵك دەبڕێ و دەیدروێ و دەیکـا بـە جلـك . ★ جلدرۆ . خەیات (عا.) .

١ــ بەرگرتن ــ [١ــ بەر/٢ + گرتـن] ، (مصتـ. متـ.) ١ــ ڕێگابڕینەوە لە شتێ یا کەسێ تـا نەتوانێ کارێکی دەیەوێ بیـکات :: بەری ئەستێلەکە بگرن . دەنۆ لاچۆ بەری مەگرە هەر ئێستا بۆ حـەوت پشتێ ئاقڵ دەکا . ★ پێش‌گرتن . ٢ــ ڕێگەبڕینەوە لە تەشەنەکردنی هەندێ برین و نەخۆشی پێسـت (ئاگرە ، بێرۆ . . .)بە پێی داب و دەستوری کوردەواری . تم : ئاگرە (تێب .) .

٢ــ بەرگرتن ــ[٩ــ بەر + گرتن] ، (مصتـ. متـ.) ، (مک.) تـم : بەرگەگرتن .

بەرگرێ ــ [١ــ بەر/٢ + گـر (گرتن) + ٢ــ ئێ] ، (نمصـ.) ، (نت.) پێـش لە پێشـکەوتن و سەرکەوتنی نەیـار و دوژمنـان بڕینەوە ، بەرامبەر دوژمن وەستان و خۆڕاگرتن . (عا.) دیفاع ، مقاوەمە :: وەزێری بەرگرێ . ئیستیعمار و کۆنە پەرستان بەرگرێ بڕۆتنـەوەی نەتـەوایەتێ ئازادیخوازانەیـان پێناکرێ . ★ (سـنـ.) بەرگـل . (بکـ.) بەرەوانێ .

بەرگن ــ [؟] ، (نت.) ، (سـیـم . ، مک.) خورێ بەرخ کە بۆ یەکەم جار

دەبڕێتەوە . لە خوری دیکە نەرم ترە ، لە کوردستان زیاتر دەستەوانە و سەرکڵاوە و ... لێدروستدەکەن . ★ (بک . جنـ . هل.) لوا . (لو.) بەرگێ .

بەرگە ــ | ست : قەرەنگە . | ، (نا.) ، (مک.) توانستی خۆگرتنی ئینسان یا هەر گیاندار و شتێ لە پێش هێزێکی ماددێ یا مەعنەوێ.

بەرگەپشتێ ــ | بەرگ/٣ + ٣ــ ئە/٢ + پشتێ | ، (نت.) ، (سیم.) تە : بەرگەسەرتین تێبـ ــ پشتێجۆرە سەرتینێکە .

بەرگەدەمانچە ــ (نت.) پارچەیەك چەرمە بە شکڵی دەمانچە ، دوو توێ دەیدرۆن و دەمانچەی دەخەنە ناو .

بەرگەسەرتین ــ (نت.) ، (کئێر.)، کیسەیەکی ئوستوانەیی شکڵە ، لە چیت یا بلۆرێ دروستدەکرێ و (سەرتین)ی دە ناو دەندرێ . ★ (مک.) بەرگەسەنێر . (سیم.) بەرگەپشتێ .

بەرگەسەعات ــ (نت.) ، (مک.) کیسەیێکی پچوکە لە قایش یا مەخمەر دروستدەکرا یا لە (دەزو) دەچندرا و سەعاتی سەرقاپداری دەخرایە ناو ، بۆ ئەوەی لە گیرفانا ژەنگ نەهێنێ .

بەرگەسەنێر ــ (نت.) ، (مک.) تە : بەرگەسەرتین .

بەرگەشت ــ | فر. | ، (نمصد.) تە : بازگەشت .

بەرگەشتبونەوە ــ | فر. کو.| ، (مصت . لا.) ، (مک.) تە : بازگەشتبونەوە :: پیاو نابێ لە قسەی خۆی بەرگەشتبێتەوە . □ « یارەببێ خولایە تۆبە و ئەستەخفیرولڵا ، بەرگەشتبومەوە » (ڕستەیێکە بەکێك دەیڵێ کە (کفر)ێکی بە دەمدا هاتبێ .

بەرگەکتێب ــ (نت.) ١ــ دو پارچە مقەببا یا چەرم یا کاغەزی ئەستور و ... کە هەمو پەڕەکانی کتێبێك (پاش جزوبەندکردن) دەگرێتە ناو خۆی و لە پەڕپوتبون دەیپارێزێ . ٢ــ پارچەیەك کاغەز یا هەر شتێکی دیکەی لەم باباتەیە ، لەسەر (بەرگەکتێب /١)ەوە دە کتێبانەوە دەیپێچرێ تا چڵکن نەبێ .

بەرگەگرتن ــ (مصت. لا.) ، (مک.) ڕاوەستان ، خۆڕاگرتن ، مقاوەمەتکردن ، دەوامهێنان :: ئیمپریالیزم بەرگەی خەباتی میللەتان ناگرێ . دێزە و گۆزەی خاراو چاتر بەرگە دەگرن . چوارپێنەیکەن بەرگەی ئەم زستانەناگرێ. لەشکری بێ پێروباوەڕ بەرگەی شەڕ ناگرێ. ئەم قوماشە عەمارەپۆیە بەرگەی شوشتن‌ناگرێ .

بەرگەلێفە ــ | بەرگ/٣ + ئە/٢ + لێفە | ، (نت.)، (مک.) پارچەیەك (بلۆرێ)یە بە بەری لێفەوەی دەدرۆن و کە چڵکن‌بو لێی دەکەنەوە بۆ شوشتن . ★ (کەر.) متێل . (کئێر.) مەلافە .

بەرگەنەگرتن ــ (مصد. لا.) خۆ پێ ڕانەگیران لە پێش ڕوداو و کارەسات و زەبروزەنگ و هەر جۆرە هێزێکی بە جۆرێك لە جۆران چەشنێ قورسایێ دەخەنە سەر

ئینسانێ یا شتێ و کاریتێدەکەن .

بەرگێرخستن ـ (مصت. مت.) ، (سیم.) تم : بەگێرهێنان .

بەرگێرکەوتن ـ (مصت. لا.) ، (سیم.) تم : بەگێرکەوتن/٣ .

بەرگێرهاتن ـ (مصت. لا.) ، (کعر.) تم : بەگێرکەوتن .

بەرگێرهێنان ـ (مصت. مت.) ، (کعر.) تم : بەگێرهێنان .

بەرگێن ـ [١ـ بەر/٢ + ئـگ + ێن] ، (صمف.) ، (سنـ.) تم : ٢ـ بەرێن .

بەرلێخواردن ـ [٤ـ بەر/١ + لێ (لە + ی) + خواردن] ، (مصت. مت.) ١ـ خواردنی میوەی باغێك :: کوا هەر دەڵەی باغم هەیە ، باغم هەیە ئێمە بەرمان لێنەخوارد . ئێستا خەرێکی باغ دەچەقێنی کەنگێ بەری لێدەخۆی ٢ـ (کنـ.) کەڵكوەرگرتن لە شتێ ، نەتیجەوەرگرتن :: بەم هەمۆ ڕەنجە منداڵەکانی پێگەیاند بەری لێنەخواردن . جوانەمەرگە ! بەری لە ژیانی خۆی نەخوارد .

بەرماغ ـ [تو.] ، (نا.) قامیشەجگەرە .

بەرماڵ ـ [١ـ بەر/٢ + ماڵ] ، (نت.) ١ـ دۆتەختە (کوێن)ی گەورەیە ، کاتێ باوبژ یا باران دەنێو ڕەشماڵێ دەکا ، لەولایەی باران و ... تێیدەکا ، بە پێشیەوە دەگرن . ٢ـ جاجمی شەقە کە جۆلای کوردستان دەیتەنن . پێخەف یا کەلوپەلی دیکەی تێوەدەپێچن وەکو پێخەفیش کەلکی لێوەردەگیرێ . ٣ـ پارچەیەك خام یا تەختەیەکی پچۆکی قاڵێ ، یا قوماشێکی تایبەتییە و جۆلا دەیتەنێ و پاك و خاوێن ڕایدەگرن و بۆ نوێژ لەسەرکردن تەرخان دەکرێت . ★ (ها.) دۆگرد . تێب ـ وا دەزانم ئەم ووشەی (بەرماڵ) دە لە پێش هەمۆ ماناکانی دیکەیدا بۆ مانای یەکەم دەکارکراوە و بۆ مانای سێیەمی لەبەروێچوون (لەباری تەنێتنەوە) داهاتوە . ● **بەرماڵی لەسەر ئاو دەگەڕێ** ـ (کنـ.) پیاوی چاك و موسڵمانە ، دەست و دڵی پاکە .

بەرمسوڵدان ـ [١ـ بەر/٤ + مسوڵدان] ، ئەو بەشەی زگی ئادەمیزاد کە دەکەوێتە خوار نێوك و ژۆر بەرگەدە . ★ (سنـ.) بانبانەگا.

بەرمۆر ـ [٦ـ بەر + مۆر (مۆرێ)] ، (نت.) ، (مک.) خشڵێکی ژنانەیە، لە متومۆرێی جۆربەجۆر و هەڕەمە (لە باری ڕەنگ و شکڵەوە) دەیهۆننەوە و کچان و ژنان دە ئەستۆیانی دەکەن . تێب ـ ژنە دەوڵەمەندان لە بەردی بە قیمەت (کارەبا ، یاقوت ، شەوە ....و....) دروستیدەکەن و ژنە فەقیر لە مۆرێی جەڵەبێ . ★ (سیم.) گەردانە ، ملوانکە . (سنـ.) ملودن ، ملوێنك . (کئێر.) گەردنبەند . (مک.) ملوێنکە . (جنـ.) گەلۆوەن . تێب ـ ئەو هاوتایانە کەم و زۆر لە لایەن شکڵ و ئەو شتانەی کە لێیان دروستدەکرێن کەم و زۆر جیاوازێکیان هەیە، بەلام ئەوەندە هەیە کە هەمۆیان بۆ ڕازاندنەوەی (مل) و (گەردن) بەکاردێت .

بەرمەمکان ــ [١ــ بەر/٤ + مەمك + ٢ــ ئان/١] ؛ (صت.) ئەو ماوەیەی دایکێك لە مەمکی خۆی شیر دەدا بە منداڵ . ئەو ماوەیەی منداڵێك بە شیری مەمکی دایکی بەڕێدەچێ :: یەکێکی تازە پێهەڵدەگرێ و یەکێکی بەرمەمکانیشی، هەیە .

بەرمەمکانە ــ [بارمەمکان + ٥ــ ئە/٢] ؛ (صت.) حاڵی منداڵێکی ساوا کە هێشتا شیری مەمکی دایکی دەخوا و لە مەمکێ نەکرابێتەوە .

بەرنیبل ــ (نا.) . (کعر.) تم : بۆشکە . تێب ــ ئەم ووشەیە بە ڕێگای زمانی ئینگلیسی‌دا ، لە کوردستانی عێراق هاتۆتە ناو زمانی کوردێ ، ئەسڵەکەی لە ئینگلیزیدا (بار ــ ڕێل)ە کە ئەویش لە (بارێل)ی فڕەنسی وەرگیراوە (تم : قامۆسی باغەڵی ئۆکسفۆرد ، ١٩٦١ ، ل ــ ٥٧) بەڵام بۆم ساغنەبۆتەوە و نازانم دەنگی (م)ی چۆن لێ‌پەیدابوە .

بەرنامە ــ (نت.) ، (کئێر.) ١ــ ئەو کارانەی لە کۆبونەوەی ئەنجمەن ، هەیئەتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ... یا ئاهەنگ و جەژنی نەتەوایەتی و ...دا دەکرێن یا تاقە ئینسانێك لە ڕۆژێکا یا لە ماوەیێکا دەیکا :: بەرنامەیەکی باشیان بۆ جێژنی نەوروزی پار سازکردبوو . کاکە دلێر ئێمشەو بەرنامەتان چیە ؟ ٢ــ کاغەزێکی سپای کارەکانی (ژمارە ١)ی لێ‌دەنوسرێ و پێشان‌دەدا چ کارێك لە پێشدا دەکرێ و چی بەدوادا دێت . ٣ــ لیستەیێکە نیشان‌دەدا کە قوتابیانی کلاسێك لە هەفتەیەکدا چ دەرسانێ دەخوێنن و فلانە ڕۆژ لە فلانە سەعاتا دەبێ چ بخوێنن . تێب ــ (بەرنامەج = برنامج)ی عەرەبی هەر (بەرنامە)ی کوردییەکە ڕێگای فارسییەوە وەریان‌گرتوە .

بەرنوێژ ــ [١ــ بەر/٤ + نوێژ] ؛ (نت.) تم : ئیمام/٢ . ★ پێشنوێژ .

بەروبوخچە ــ [کو. تو.] ؛ [٤ــ بەر/٤ + و + بوخچە] ؛ (نت.) هەمو ئەو بوخچانەی کە لە ماڵێکی کوردەوارێدا هەیە یا ئافرەتێك هەیەتی :: نازدنین خێرا دەستی بە ناوماڵەکەدا بێنە و بەروبوخچەت لە گۆڕێ هەڵگرە .

بەروبۆ ــ [٤ــ بەر/١ + و + بۆ] ؛ (نت.) ١ــ ئەوەی بە هۆی کشتوکاڵ لە زەوی وەردەگیرێتەوە یا بە هۆی کارگە و فابریقەوە دروست‌دەکرێ . (عا.) مەنتوج ، سەمەر ؛ مەحسوڵ . ٢ــ (مج .) نەتیجە و ئەنجامی هەرکردەوە و کۆششتێك چاکبێ یا خراپ :: بەروبۆی خەباتی دژی ئیمپریالیزم ئازادی میللەتانە . تێب ــ بەلای منەوە ، ووشەی (بۆ) لە مەصدەری (بوون) وەرگیراوە و لە ئەسڵا (بو ، وە)یە کە سیغەی موفڕەدی غایبی زەمانی حالە . ★ بەرهەم .

بەروبۆدرێژ ــ [١ــ بەر/٢ + و + بۆ (بون) + درێژ] ؛ (صت.) حاڵی کار ، مەسەلە یا شتێ کە زۆر بخایێنێ یا وا دیاربێ کە زۆر دەخایێنێ . :: زستان بەروبۆی درێژە . ئەم کارە بەروبۆی درێژە ،

بەم هاسانییانە نابڕێتەوە . تێبـ ــ هەروەکوو کەرتەکانی ئەم ووشەیەیان لێ پێکهـاتوە بۆمان دەردەخـەن ، ووشەی (بەروبوو) هیچ پێـوەندیی دەگەڵ (بەروبـو)ی بە مانـای (سەمەر) نیە . ★ درێژخایێن .

بەروبێشکە ــ [٤ــ بەر/٤ + و + بێشکە] ، (نت.) لانکی منداڵ و هەموو ئەو کەلوپەلەی بۆ پێچانەوەی منداڵ دەناویدا پێویستـە ، جا منداڵەکەی تێدابێ یان تێدانەبێ :: کچێ ئـەوە چ دەکەی وەرە ئـەم بەروبێشکەیە لێرە لابەرە .

بەرواپشت ــ [٣ــ بەر/٢ + وا (= واژ) + پشت] ، (صـت.) ، (سنـ.) تم : بەروپشت .

بەروانك ــ (نت.) ، (سنـ. ، بك.) تم : بەروانکە . تێبـ ــ لە نێوان دوو دەنگی (ن) و (ك)دا بزوێنـە کوردیی هەیە .

بەروانکە ــ [١ــ بەر/٢ + وان (ئمـ.) + کە (ئمـ.)] ، (نت.) ، (مک. ، سیمـ.) پارچەیەك قوماشە دەیدروون و بە بەرسینـگی منـداڵی ساوایـەوە دەگرن و لە پشت مل و ناوقـەدی منداڵەکە لە پشتەوە گرێ دەدرێ بۆ ئەوەی جلکەکانی پیس نـەبێ . ★ (بک. سنـ.) بەروانك .

بەروپشت ــ (صـت.) ، (مـک.) حاڵی جلك و کەلوپەل و ... کە بە جۆرێ دەبەرکرابێ یا داندرابێ دیوی ناوەوەیان (٣ ــ بەر) بە دەردوەبێت . ★ (سنـ.) بەرواپشت . (سیمـ . ، بک.) بەرەواژ . (مک.) بەراوەژوو . (جنـ.) چۆوارشە (چەواشە) .

بەروپشتئەتلەس ــ (صـت.) ، (مک.) ١ــ لێفە و هەر شتێکی دیکەی لەم بابەتە کە هەردوو ڕووی لە قوماشی (ئەتلەس) بێ . تێبـ ــ عادەت وایـە ڕووبەکی لێفە لە قوماشێکی نایـاب دەبێ و ڕووەکەی دیکەی (چیت) دەبێ ، جـا ماڵـە ئەعیـان و دەولەمەندان هەموویان هەر ئەتلەس کـردوە . ٢ــ (مجـ.) سەیدێکی دایکیشی و باییشی هەرتك (سەیید) بن ★ (سیمـ.) تان و پۆ ئاورێشم .

بەروپشتکردن ــ (مصت. متـ.) هێنانەپێشـەوەی لای پشـتەوەی هەندێ پارچەی جلك (کراس و ...) لەبەر هەر هۆیەکی بێ .

بەرودوا ــ [١ــ بەر/٢ و ٣ + و + دوا] ، (صـت.) جۆری جووڵان و بزووتنی چەند گیاندار یا بزوانـدنی چەند شت لە شوێنێ بۆ شوێنێکی تر ، بە شێوەیـەکی ئەوتـو کە هێندێك لێك دووربن یا تۆزێ وەخـت بکەوێتە نێوان . یەك لە دوای یـەك :: هەموتان بەرودوا بچنەدەر (هەموو دەرکەون بەڵام پێکەوە نا). سوارەکان خەریکن بەرودوا دەگەنە بەر ئاوایی (هەموویان وێکڕا ناگەنێ) .

بەرودواخستن ــ (مصت. متـ.) جێگۆڕکێ کردن بە چـەندکار یـا چەندکەس و ... کە تەرتیبێـکی تایبەتیان وەرگرتبێ .

بەرودواکەوتن ــ (مصـت. لا.) پاش‌وپێش‌بـوونی چەنـد کارێ یا کەسانێ کە بۆجێ‌بەجێ‌بـوون یـا جێ‌بەجێ‌کردنی کار و مەسەلەیەك بە جۆرێکی تایبەت ڕێزبوبن و دەقیـان

گرتبێ .

بەرۆك ــ [١ــ بەر/٢ + ئۆك /٢] ، (ند.) پێشەوەی کەوا یا کراس لە حاستی ملڕا تا دەگاتە نێوەی سینگ . ئەودندەی لە کراسی کوردێدا بە (یەخە) دادەنەدرێ . هس : (بک.) بەرێك (= گیرفان) . ★ یەخە .

بەرۆكبەردان ــ (مصد. مت.) وازلە کەسێ هێنان ، شەڕلەیەکێ لادان . دەستلەکەسێ هەڵگرتن □ « صەد جارم گوت تۆم ناوێ ، ئێتر بەسیە و پێیناوێ ، بەردە ! بەردە ! بەردە ! دەبڕۆ بەرۆکم بەردە » (فۆلکلۆر) . ★ یەخەبەردان .

بەرۆكگرتن ــ (مصد. مت.) شەڕ بە کەسێفرۆشتن ، گێچەڵ دەیەکێ هاڵاندن . ★ یەخەگرتن .

بەرۆ ــ (صمف.) تە : ٢ــ بەرێن .

بەرۆش ــ [؟] ، (بک.) ، (نا.) دەفرێکی مەعدەنە چێشتی تێدا لێدەنێن و بۆ ئێش و کاری تری ناوماڵێش بە کەڵكدێ ، گەورە و پچۆکی هەیە . ★ مەنجەڵ (= عا: میرجەل) ، قازان (تو.) . تێب ــ وەکو دەبینێن ئەو ناوانەی بۆ ئەم ئامرازە بەکاردێن یەکیان عارەبێ و ئەویتریشیان تورکییە ، ئەگەر چی بە پێی بەرنامەی ئەم قامۆسە دەبوایە ووشەی (بەرۆش) وەکو هاوتای مەنجەڵ و قازان بنوسرێت ؛ بەڵام چونکو ووشەیەکی ڕەسەنە ڕەنگە خراپ نەبێ لە لەهجەی ناوەندی زمانی کوردێشدا بێتەوە مەیدان و هەر ووشەیەکی تری لەهجەکانی دیکەی زمانەکەمان کە دەینوسم هەر بۆ ئەم مەبەستەیە .

بەرهاویشتن ــ ١ــ هاتنەدەری بەچکەی گیانداران و منداڵی ئادەمیزاد بە مردویێ لە زگی دایکیان پێش ئەوەی مانگ و ڕۆژی خۆیان تەواوکردبێ . :: بەریهاویشت . تێب ــ ئەم ووشەیە زیاتر بۆ ئادەمیزاد و (بەرفڕێدان) بۆ گیانداری تر بەکاردێت . ★ (مک.) لەبەرچون . (سیم.) لەبارچون . بەرفڕێدان . ٢ــ (کن.) سوێبونەوەی کەسێك بۆ خواردەمەنییەك کە بەکێکی دێ لەبەرچاوی دەیخوا :: کچێ دە تۆزێکی بەش بدەن خەریکە بەر داوێ .

بەرهەتاو ــ (ند.) ، (کعر.) تە : بەرتاو .

بەرهەڵبێنە ــ [١ــ بەر/٢ + هەڵ (پێبف.) + بێن + ە + ئە/١] (ند.) ، (مک.) پارچەیەك قوماشی چوارگۆشەیە زیاتر لە خامی شین یا سپی دروستدەکرێ و کابان و بێرێ کاتی ئێش و کاری ناوماڵ و مەڕدۆشین و ... بە پێش خۆیانەوە دەگرن و لەناو قەدیانی گرێ دەدەن بۆ ئەوەی جلکیان پیس نەبێ . □ « بەرهەڵبێنە و بەرهەڵبێنە ، بەرهەڵبێنەی خام هەڵاوە،هەر دەڕۆی و دەکراوە...»، « کابانی گەورە ماڵان لە خۆیدا بەرهەڵبێنە » (فۆلکلۆر) : ★ (هل.) بەرامپێل ، بەرانپێچ . (شاروێران) بەرێنکە .

بەرهەڵست ــ (ند.) ، (تد.) هەر

جۆرە مانیعێکی ماددیّ یا مەعنەویّ
کە لە پێش جێبەجێبوّن یا ئەنجامدانی
کارێك و ڕاپەڕاندنی مەسەلەیەك و
لابەلاکردنی کێشەیێ ، دروستدەبیّ
یا دروستدەکرێت :: ئیمپریالیزم
بەرهەلستی گەشەکردنی ئابوریّ
وولاتە پچکۆلەکانە .

بەرهەلستیّ ـ (حمص.) ئەنجامی
کارێکی (بەرهەلست) دەیکا ؛
پێشگرتن بە جێبەجێبوّن و
ڕاپەڕاندنی کاروکێشە و مەسەلەیەك .

بەرهەلێخ ـ [۱ـ بەر/۲ +
هەلێخ (هەلئێخستن)] ، (نت.) ،
(مک.) دیوارێکە لە پێش دیوارێکی
دیکەکە شکستبیّ و هاتبێتە ئەوەی
بڕۆخیّ ـ دروستی دەکەن تا
ڕایبگریّ هەتا ئەو دەمەی دیوارە
کۆنەکە سەرلەنویّ دروستدەکەنەوە
یا چاکی دەکەنەوە .

بەرهەم ـ (نت.) ، (کعر.) ، (تد.)
۱ـ تە : بەروبوّ :: کەلاش و تەشیّ
بەرهەمی هەورامانە . بەشی زۆری
بەرهەمی کوردستان ئێ کشتوکالە.
۲ـ ئەوەی لە کار و چالاکیّ مێشکی
ئادەمیزاد (شیعر ، نوسین ، ووتار
...) دەکەوێتەوە :: « مەم و زین »
بەرهەمی مێشکی شاعیری گەورەی
کورد « خانیّ »یە . تێبـ ـ ا) نازانم
ئەم ووشەیە ، کەنگیّ داتاشراوە و
کیّ دایتاشیوە و چۆنی داتاشیوە .
ب) لە زمانی پەهلەویدا (بەرهەمەك)
بە مانای : (تێکەل ، ئامێتە ،
موزەککەب)ە (تە : فرە ، پفا ، ل ـ
۷۰) و لە فارسیدا بە مانای
(کۆکراودوە ، پەریشان ، ئالۆز)
هاتوە . (تە : معین ، فەرهەنگ ،
ج ۱ ، ل ـ ۵۱٦) .

بەرهەمهێنان ـ (مصد. تد.) ،
(کعر.) ۱ـ دروستکردنی شت لە
فابریقە . ۲ـ بە هۆی کاری بیر و
مێشکەوە شتێك (شیعر ، مەقالە و
کتێب) خستنەمەیدانەوە . ۳ـ بە
هۆی کشتوکالەوە دانەوێلە و ...
زیادکردن . ★ (مک.) ڕەنێوهێنان
(تەنیا بۆ بەندی ۳) . (کعر.)
ئینتاج (عا.)، (کێر.) تەولید (عا.).

بەرهەنگ ـ [؟] ، (نت.) ، (مک.)
نەخۆشییێکە تۆشی بۆریّ
هەناسەکێشان دەبیّ و پیاو
تەنگەنەفەس دەکا ؛ ئەم نەخۆشیە
زیاتر مروّڤیّ دەساڵەوەچوّ
دەگرێتەوە . (عا.) ڕەبو .

بەرهەنگدار ـ (صت.) ، (مک.)
کەسێکی نەخۆشیّ (بەرهەنگ)ی
هەبیّ .

۱ـ بەرە ـ [۱ـ بەر/۱ + ەـ
ئە/۱] ، (نت.) تیرەوتایەفە :: بەرەی
زێڕنیّ تیرەیەکن لە عەشیرەتی
مەنگوڕ .

۲ـ بەرە ـ [۱ـ بەر/۲ + ەـ
ئە/۱] ، (نت.) ئامرازێکی سیّ
لکی چەرمە (هەندیّ جار
نەخشێنراوە و ڕازاندراوەتەوە) ، بۆ
ئەوەی (زین) لەسەر پشتی وولاغ
لەو شوێنە بوەستیّ کە پێویستە و
بۆ دواوە نەخزیّ ، لکێکی بە ناو هەر
دوّ دەستی وولاغا تێدەپەڕیّ و لە بەر
زگیدا بە ناوەڕاستی (تەنگە)وە
دەبەستریّ و دوّ (لك)ەکەی تریشی
بەملاولای ملی وولاغا دەقەلتاغی زین

گرێ دەدرێ .

٣ــ بەرە ــ [٢ــ بەر + ٥ــ ئە/١] ، (نت.) زیادە پانایی‌پەنجەی گۆرەوی کوردی . تێبـ ــ گۆرەوی کوردی کە داگیرسێندرا لە (گۆ)یەکەوە دەست‌پێدەکا و هەروا لێی زیاددەکەن (بەرەی دەدەن) تا پانایی بە ئەندازەی دڵخوازی لێدێت و ئەوجار لەسەر ئەم پانایییە دەڕۆن تا دەگاتە (پانێ)ی و دەستدەکەن بە کەم‌کردنەوەی (گۆ)یەکانی (دەیکوژێننەوە) .

٤ــ بەرە ــ [؟] ، (نت.) (مک .) مەودای نێوان (جۆلا) تا (شە) و (گورد) تێبـ ــ ئەم ووشەیە برایەکی کوڕە جۆلای موکریانی بە هۆی مامۆستا (هێمن)ەوە بۆی ناردبووم ، چۆنی ئەو نووسیویە منیش لەسەرەوە نووسیم بێ ئەوەی تێ‌بگەم کە ئەم مەودایە لەجۆلایەدا چ کارێك‌دەکا و زیاد و کەمی لەسەر بەرهەمەکە تەئسیری چیە ؟

٥ــ بەرە ــ [؟] ، (نت.) ، (مک.) یەکێکە لەو نەخۆشییانەی (مەڕ) دەیگرێ ، گوانی ڕەق دەبێ و ژان‌دەکا .

٦ــ بەرە ــ [؟] ، (نا.) ، (هو.) دەرگا . (تم : مردۆخ ، ب ١ ، ل ــ ١٥٨) .

بەرەباب ــ [١ــ بەرە + ١ــ باب /١] ، (نت.) هەمۆ ئەو کەسانەی لە عەشیرەتێکدا، لە باوکێك کەوتبنەوە، بەو حیسابەی کە هەر عەشیرەتە لە پێشدا لە چەند (برا) یا (خزم) پێکهاتبێ و زەووزۆیان کردبێ و زۆربۆبن ، بۆ ناسینەوە یان بە ناوی باوکێکی کۆن (نسبیا) هەڵدەدرێن :: عەشیرەتی دزەیی چوار بەرەبابی گەورەن .

بەرەبەرە ــ [٤ــ بەر/٣ + ٣ــ ئە/٢ + ٤ ــ بەر/٣ + ٥ــ ئە/١]، (بنت.) وورده وورده ، نەختە نەختە ، کەم‌کەمە ، تۆزە تۆزە :: بەرە بەرە هەوا سارد دەبێ . بەرەبەرە خۆی دووردەکاتەوە .

بەرەبەهار ــ [١ــ بەر/٣ + ئە/٢ + بەهار] ، (نت.) ، (مک.) ماوەیەك پێش ئەوەی زستان تەواوببێ ئاخر و ئۆخری زستان . :: بەرەبەهارە گۆشت و خوێن دەژێتەوە .

بەرەبەیان ــ [١ بەر + ٣ــ ئە /٢ + ٢ــ بەیان] (نت.) .

١ــ کاتی یەکەمین ڕۆناکایی ڕۆژ تاریکایی شەو دادەدڕێ . ★ شەبەقی .

٢ــ (مج.) سەرەتای دەست‌پێکردنی گەلێ شت:: باپیرانی نەتەوەی کورد لە بەرەبەیانی دێرێکا لە کوردستان بوە .

بەرەبەری بەیان ــ کاتیکە هێشتا ساغ نەبۆتەوە شەوە یا ڕۆژ .

بەرەتەشی ــ [١ــ بەر/٤ + ٣ــ ئە/٢ + تەشی] ، (نت.) پارچەدارێکە وەکو سەلکەتەشی وایە ، خڕ تاشراوە (جاروبار دەشی نەخشێنن)و لەنێوەڕاستیا بە قەددەر ئەستوورایی کلکەتەشی کونێکی تێدەکرێ و بۆ دۆ مەبەست دەخرێتە سەرتەشێ : أ) بۆ ئەوەی لەنگەری تەشی ڕابگرێ و یارمەتی بدا کە باش بخولێتەوە. ب)

بۆ ئەوەی هەڵکردنی ڕیس لەسەر کلکەتەشی ڕێك بخات .

بەرەتێ ـ (نت.) ، (سن.) تم : برێتی .

بەرەجۆت ـ [٤ـ بەر/١ + ٣ـ ئە/٢ + جۆت] ، (نت.) هەمو حاسڵاتێکی جۆتیرێك لە کەژێکیدا لە جۆت و گاوکاری خۆی کۆی دەکاتەوە . ★ (سن.) بەربێل ، بەرەجفت .

بەرەجەژنان ـ (نت.) ، (سیم.) تم : بەرەجێژنان .

بەرەجێژنان ـ [١ـ بەر/٣ + ٣ـ ئە/٢ + جێژن + ٢ـ ئان/٢] ، (نت.) ، (مک.) چەند ڕۆژ پێش ئەوەی بێتە جەژن (نەورۆز ، ڕەمەزان ، قوربان ، ...) □ «ئاغا ! مامۆستا حاجی مەلا شەفیع دەیفەرمو بەرجێژنانە ! ، چێژنانە برنج و ڕونمان بۆ دەنێرێ یا پۆلمان دەداتێ ؟ » .

بەرەدان ـ [٣ـ بەرە + دان (فە.)] ، (مصت. مت.) ، (مک.) زیادکردنی ژمارەی (گۆ)ی گورەوێ و دەستەوانە و ... ئەو جۆرە شتانە، کە لەسەر نۆکی پەنجەڕا تەسکە و بۆ پانکردنی هەر ناوبەناو چەند گۆیەکی لێزیاددەکەن . :: دۆ شێشی دێکەش بچنە ئەوجار بەرەی بدە . نابێ گۆرەوێ پاش دوازدە شیش چێدی بەرەبدرێ . هس : (کعر.) بەرەپێدان .

بەرەڕەت ـ [١ـ بەر/٤ + ٣ـ ئە/٢ + ڕەت (ڕەتاندن)] ، (نت.) ، (سن.) چاڵێکە بۆ (نێچیر) هەڵیدەکەن و سەری دادەپۆشنەوە، کە نێچیریان هەڵستاند ڕاوی دەنێن و هەمو ڕێگایەکی لێدەبڕنەوە ئەوە نەبێ کە بۆ لای چاڵەکە دەچێ ، ئەوجار لە هەمو لایەکەوە دەیڕەتێنن تا وەسەر چاڵەکە دەپەڕێ و تێدەکەوێ .

بەرەژان ـ [١ـ بەر/٣ + ٣ ـ ئە/٢ + ژان] ، (نت.) وردە ژان یا ژانێکی درۆزنەیە چەند ڕۆژێك پێش ئەوەی ئانرەت بزێ ، تۆشی دێت .

بەرەژۆر ـ [١ـ بەر/١ + ٣ ـ ئە/٢ + ژۆر] ، (نت.) ، (مک .) ١ـ لای سەردوەی مەجلیس و دیوەخانان (لەچاو دەرگا) :: فەرمو! فەرمو ! بەرەژۆرتر هەڵکشێ . ٢ـ لای سەردوە لەچاو هەر شتێکیتر :: زۆرابی لە بەرەژۆر خۆیەوە دانابو .

بەرەژێر ـ [١ـ بەر/١ + ٣ـ ئە/٢ + ژێر] ، (نت.) لایخوارەوە // بەرەژۆر .

بەرەگە ـ [١ـ بەر/٣ + ٣ ـ ئە/٢ + گە (جێگە)] ، (نت.) لای پێشەوە :: بەرەگەی لێگرتوە .

بەرەگەڵ ـ (نت.) ، (سەردەشت) ، تم : بەرەگەڵا .

بەرەگەڵا ـ [٤ ـ بەر/١ + ٣ ـ ئە/٢ + گەڵا] ، (نت.) یەکێکە لە (بەر)ەکانی دارمازو «... سۆری سپی واشە لە گەڵای مازودار دەرئەچێ » (تم : خا ، ب١ ، ل ـ ١٦٣) .

بەرەلا ـ (صت.) ، (سن.) تم : بەرەڵلا .

بەرەڵدا ــ [١ــ بەر/٢ + هەڵدا (هەڵدراو)] ، (صت.) ، (مک.) تە : بەرەڵلا .

بەرەڵلا ــ [= بەرەڵدا] (صت.) (سیم. ، مک.) ١ــ حاڵی کەسێکی گوێنەداتە هیچ ڕێوشوێن و داب‌ودەستوری ناو کۆمەڵ و خۆی چی پێ باش بێ ، ئەوە بکا . (عا .) غیر ملتزم . تێب ــ ئەم ووشەیە بە تەنیا وەکو صفەتێکی سەلبێ دەکاردەکرێت . ٢ــ حاڵی دەشتێکی پان و گەورەی چیای بەرزی تێدانەبێ ● **بەرەڵلایە** ــ گوێ‌ناداتە هیچ دەربەندی هیچ پەیمان و قەول و قەراری خۆی نیە . ★ (سن .) بەرەلا ، تەرە ، وێڵ . (مک.) بەرەڵدا .

بەرەڵلابون ــ (مصت. لا.) ١ ــ هاتنەدەر و ڕزگاربونی کەسێ یا گیانداری لە بەند و داوێکی گەڕان و هاتوچۆی لێ‌بەستبێتەوە. ڕزگاربون لە بەندیخانە و دیلی :: ئەوە سێ ڕۆژە گورون بەرەڵلابوە کوڕینە ئێسترە زەرد بەرەڵلابوە بزانن نایگرنەوە . ٢ــ حاڵەتی بێ‌بەند و باری و گوێ نەدانەهیچ لە کەسێکدا :: کابرایەکی بەرەڵلابو .

بەرەڵلاکردن ــ (مصت. مت.) ١ــ تە : ئازادکردن/١ . ٢ــ کردنەوەی وولاغێکی بەسترابێتەوە یا هەر نەبەستنەوەی :: شێخ ڕەزا ئەسپە ڕەش بەرەڵلاکە با بۆ خۆی لەو بەردێیە بلەوەڕێ . ٣ــ وێڵ‌کردنی کەسێ (منداڵ یا گەورە) بە هەر نیازێ‌بێ یا لەبەر کەمتەرخەمێ :: کچێ پیرۆزخان ئەوە بۆچی ئەو منداڵەت بەرەڵلاکردوە ئوتومبیل دەیکا بەژێرەوە .

بەرەڵلایێ ــ (حمص .) ١ــ ئەوەی لە ئینسانێکی بێ‌بەندوبار ڕوددەدا ، کاری یەکێکی بەرەڵلا . ٢ــ چلۆنایەتێکی نارێك و پێك لەناو کۆمەڵدا کە کەس گوێ‌نەداتە هیچ و هیچ داب و دەستور و قانونێ تێیدا فەرمانڕەوا نەبێ . (عا.) فوضی . :: نازانین ئەو بەرەڵلایێیە تا کەنگێ هەر درێژدەبێتەوە .

بەرەمەشکە ــ [٤ــ بەر + ٢ ــ ئە/٢ + مەشکە] ، (نت.) هەمو بەرهەمی ڕۆنی کەرە (بک : نفیشك ، نویشك)ی ماڵە کوردێك لە ڕۆژێکدا ٢ــ (مجـ.) ، (صت.) حاڵی ڕۆنی کەرە ، کە ڕۆژێك بەسەر ڕەنێوهێنانیدا تێ‌نەپەڕیبێ . تێب ــ لە کوردەواریێ خۆماندا ، کە ڕۆنی کەرە هاتەبەرهەم ئەوێ ڕۆژێ هەرچی لێی‌خورا و ئەوی دەمێنێتەوە خوێی دەکەن و هەڵیدەگرن بۆ قاڵ‌کردن .

بەرەنگار ــ [١ــ بەر/٢ + ئەنگو (ئەنگوتن) + ئار/٢] ، (نمصـ .)، (مک.) لە پێشەوە ، سەردەرهێنان لە پێشەوە و ڕوبەڕو تێك‌هەڵەنگوتن . تێب ــ أ) ئەمە مانای لوغەتی ئەم ووشەیە کە چ جاران بە تەنیایێ دەکارناکرێ و دەگەڵ فیعلی مساعدی (بڕن) و جار و بارەش دەگەڵ مەصدەری (هاتن) تەرکیب دەبێ و مەصدەرێکی تازە دروست دەکا . ب) بە پێی ئەو کەرتانەی ئەم ووشەیان لێ‌پێکهاتوە ، دەبێ شکلی پێش

ئێستای (بەرەنگوار) بوبێ ، جـا دەنگی (و) لەبەر قورسی (تلفظ) سواوە .

بەرەنگاربون — (مصد. لا.) ، (مك.) ١ــ تێـك هەڵەنگوتـن ، توشی‌یەکترهاتن . ٢ــ پێکاهاتنی دو کەس یا زیاتر . بەگژیەکا چـون . دەگژیەکڕاچون :: بەرەنگاری بـوم . بەرەنگارم بو . بوچی لە خـوڕایی بەرەنگاری ئەم کابرایە بوی .

بەرەوپێرچون — (مصد. لا.) تە : بەپێرەوەچون .

بەرەوپێرهاتن — (مصد. لا.) تە : بەپێرەوەهاتن .

بەرەوە — [١ــ بەر/٢ + ٣ — ئەوە/٣] ، (نت.) پێشەوە ، نێزیکتر :: وەرنەبەرەوە ، چونەبەرەوە تێبـ — من لە باسی (٢ــ ئەوە)دا (تـە : قامـوس : ب ١ ، ل — ١٩٠) نەمزانیوە کە ئەم ئامرازە دەگـەڵ هێندێ ناوی وەکو (١ــ بەر/٢ ، ...) تەرکیب‌دەبێ و ناوێکی تـازەی لێ‌دروست‌دەکا ، بویە (٢ــ ئـەوە) کە دو مانام لێداوەتەوە دەبێ مانای سێیەمیشی بو ڕەچاوبکرێ کە لـە سەرەوە باس‌کرا بەم جـورە (٣ــ ئەوە/٣) دێتەگوڕێ .

بەرەوەبون — [١ــ بەر/٤ + ٢ــ ئەوە/٢ + بون] ، (مصد. لا.) تە : بەربونەوە . **لێ‌بەرەوەبون** — (مصد. لا.) تە : بەربونەوە (لێ‌بەربونەوە) .

بەرێ — [١ــ بەر/٣ + ٤ــ ئێ] : (بند.) پێشـان ، لەوەوپێـش :: ساڵانی بەرێ زستانان بەفـر زور دەباری .

١ــ بەرتین — [٢ــ بەر + ئێن]، (صد.) ، (مك.) حاڵی هەر شتێکی پان بێ ، ئەو شتەی تەسك و تەنگ نەبـێ . ★ پان :: شـاروێران دەشتێکی پان و بەرتینە لە موکریان .

٢ــ بەرتین — [١ــ بەر/٢ و ٣ + ئێن] ، (حمف .) ١ــ زەمانێکی پێش ئێستا ، (عا.) سابق ، سالف . ٢ــ حاڵی هەر کەسێ یا هەر شتێ کە لە وەختێکا باسی دەکرێ لە شوێنێك بێ کەوتبێتە دواوە :: سەربازەکـەی بەرتین دوگـنەکەی دانەخستبو (بەلای ئەو سەربازەدا تێپەڕبوین و ئێستـا کە باسی دەکەین بەجێمان هێشتوە) . ★ بەرگ . بەرگین ، پێشو ، بەرو تێبـ — هەر چەندە ئەم ووشەیـە ، یەکەندەردو وا دێتە بەرچـاو کـە هەروەکو لەسەرەوە نیشان دراوە لە [١ــ بەر/٢ و ٣ + ئێن] پێکهاتبێ ، بەڵام ئەوە ئێ ئەم قوناغەی ئێستای زمانی کوردیە و من وای بو دەچـم قوناغی پێش ئێستای (بەرگـین BERIGIN) بوبێ کـە ــ ئێستاش لە بن‌لەهجەی سنەیی و جافی‌دا هەر ماوە و پێش ئەویش (بەروئێن) .

بەرتینایی — [١ــ بەرتین + ئایی /١] ، (حمص.) ، (مك.) نێـوانی ئەو سەرە و سەری شتێکی پـان ، نێوانی دو (حد)ی کە پانی شتێکیان لێ‌دەبڕێتەوە . □ « لە درێژایـی دەردێنێ دەبەرتینـایی دەکاتـەوە » (فولکلور) . تێبـ — لـە موکریـان ئەم مەتەڵە بەم جورەیە و لە هێندێ مەڵبەندی دیکەی کوردستان لە باتی ووشەی (بەرتینایی) پانایی گوتراوە.

★ پانایی .

بەڕ ـ (نا.) ، (سنە. ، بک.) تە : بەڕە .

بەڕاست ـ (بنت.) تە : بەڕاستی .

بەڕاستی ـ (بنت.) لەواقیعدا ، واقعا حقیقیا :: بەڕاستی دنیایەکی سەیرە ! تێبـ ـ ئەم ووشەیە ئەگەر بە شێوەی پرسیار بگوترێ بۆ ئەوەیە ئەو قسەیەی بیستراوە جەختبکرێتەوە :: جا هەر بەڕاستی سەرتان شکاند ؟ ★ بەڕاست .

بەڕۆژۆ ـ (صت.) حاڵی ئینسانێکی بە پێی ڕێوشوێنی کە ئیسلامەتی دایناوە ، لە بەرەبەیانەوە تا ڕۆژاوا هیچ ناخوا و ناخواتەوە .

بەڕۆژۆبوون ـ (مصت. لا.) گرتنی (ڕۆژۆ) بەو جۆرەی ئیسلامەتی ڕێوشوێنی بۆ دیارکردوە .

بەڕوو ـ [پە : بەلوت] ، (نا.) ١ـ بەری دارێکی گەورەی جەنگەڵییە ، نوێکلێکی تەنك بەڵام سەختی هەیە کە ڕەنگی قاوەییە ، لە سەرێکەوە کڵاوەییێکی گرنج گرنجی سەخت و مەیلەو شینی پێوەیە . ئەم دارە لە لێرەکانی کوردستان زۆرە و «بەڕوو بە کاڵی ، بەڕوو بە کوڵاوی ، بەڕوو بە برژاوی» دەخورێ و لە هێندێ شوێن (دێیەکانی دوری ناو لێرەواری سەردەشت) دەشکرێ بە نان . ★ (بک.) بەڕوو . (جنـ.) بەلی . (هو.) بەلو . ٢ـ یەکێکە لە بەرەکانی دارمازو تێبـ ـ أ) بە ڕای من (بەڕوو) ی شکڵێکی کۆنترە لە (بەلوت)ی پەهلەوی کە کراوە بە عارەبی و بۆتە (بەللوط) . ب) « لاروس »یش و «معین»یش هەرتکیان (بەڕوو) بە یەکێ لە بەرەکانی (دارمازو) دەزانن . ج) بەڕووی دارمازو لە کوردستان تەنیا ئاژەڵ دەیخوا .

بەڕوودار ـ (نت.) داری بەڕوو کە بڕابێ و ئیشك کرابێتەوە بۆ سوتاندن یا کاروباری دارتاشی و بەنایی . // داربەڕوو .

بەڕووله ـ [بەڕوو + لە (ئە : پچوکی)] ، (نتـ.) ، (مکـ.) ١ـ خەیار و ترۆزی کە لە حاڵەتی (قێسکەیی)دەرچوبن و بۆ خواردن دەس بدەن بەڵام زۆر گەورە نەبوبن . ٢ـ سینگێکی پچکۆڵانەیە لە شێوە و ئەندازەی بەڕوو دەخرێتە کونی (شێلەیە)ی (هەوجاڕ)ەوە تا لە شوێن خۆی ڕابوەستێ و نەهێڵێ لە باسکێش بێتەدەرێ . ★ گابینجە .

بەڕوولەخۆرە ـ [بەڕووله/٢ + خۆر (خواردن) + ە ـ ئە/١] ، (نتـ.)، (مکـ.) کونی شێلەیە کە (بەڕووله/٢)ی تێدەخرێ بۆ ئەوەی لە باسکێشی توندکا .

بەڕە ـ [؟] ، (نا.) ، (سیم . ، مکـ.) ڕایەخێکی ئەستورە ژنانی کوردەواری لە بەنی ڕەنگاوڕەنگ ، بە ئەوارەی گەورە و پچوك دەیتەنن . ساکار و نەخشینی هەیە و بێتیسکە □ « بەرە لە لای تەکییەوە دەدرێ » (فۆلکلۆر .). ★ (بک.) بەڕ ، بەڕك . (سنـ .) بەڕ . گلیم .

بەڕێبردن ـ (مصتـ. متـ.) تە : بەڕێوەبردن/٢ .

بەڕێبــــوون ـ (مصـــت. لا.) ڕۆیشتن بۆ جێگایـەك . کەوتنـە ڕێــگا :: بەیــانی زۆ بەڕێبــوین دەمەدەمی ئێواری گەیشتینــەجێ . ★ وەڕێکەوتن .

بەڕێچوون ـ ١ـ (نت.) هەموو ئەو شتانەی بۆ ژیانی کەسێك پێویستە :: ئەم بەستەزمانە خۆ کەسی نیـە ، کێ ـ بەڕێچوونی دەدا . ٢ـ (مجـ.) ژیان :: جا ئەگەر هێچ کارێك نـاکا ئەدێ بەچی بەڕێدەچێ (دەژێ) .

بەڕێکردن ـ (مصت. متـ.) ١ـ خستنەڕێی کەسێ یا کەسـانێ کـە بچن بـۆ شـوێنێ یـا لـە ماڵێك میوانبوبن و بــڕۆن :: دەگــەڵ حاجیمەلا محەممەدی تا (ماسوێ) چوین بەڕێمانکرد بۆ حەج // بـە پێروەچوون . ٢ـ (مجـ.) هەبـوونی توانایی (زیانر مەعنەوی) و لێهاتوویی بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی مێواندارێ :: کابانی وەکو خورشـیـد خـانم هەرنابێتەوە ، ئەوەندەی بڵەی یەك و دۆ صەت میوانیش بـان هەمـوی بەڕێدەکردن .

بەڕێوجێ ـ (صت.) حاڵی کارێك یا قسـەیەك کە بە شێوەی ڕێكوپێك و لە شوێن خۆیدا بکرێ و ئەنجـــام بدرێ . // بێڕێوجێ .

بەڕێوەبردن ـ (مصت. مت.) ١ـ تم : ئیدارەکردن/٢ . ٢ـ ژیاندن و دابێنکردنی پێداویســتی ژیــانی کەسێ. ★ بەڕێبردن .

بەڕێوەبەر ـ (نفا.) ، (تت.) ئەو کەسەی کارێك هەڵدەسـوڕێنێ . (عا.) مدیر .

بەزینگاڵ ـ [بە/٨ + ڕینگاڵ] (صت.) (مک.) حاڵی مەڕێکی خوری لەشی زۆر پڕنەبێ بەڵام تیسکی زور درێژبێ . ★ (هل.) بەڕینگۆڵ .

بەز ـ [أ] ، (نا.) ، (کعـر . ، کثیر . ، بک.) ماددەیێکی چـەوری سپیە ، لەسەر گۆشت و لە نــاو زگی ئادەمیزاد و هێندێ گیـانداری دیـکەدا . **بەزیچاو** ـ (نتـ.) ، (سیـه . ، سنـ .) گۆشتە زۆنێـکی لە ناوچاوی ئادەمیزاد پەیدادەبێ .

بەزاز ـ [= عا : بزاز] ، (صت.)، (کثێر.) تم : بازرگان/١ .

بەزانـدن ـ (مصتــ. متــ.) دەرپەڕاندنی کەسێ لە مەیدانـێکی چالاکیدا . شکاندن و مەغلوبکردن :: بەرەی میللەتان و ئازادیخوازان ، بەرەی کۆنەپەرستان و ئەوانەی مافی میللەتان پێشێلدەکەن ، دەبەزێنێ .

دابەزانـدن ـ [دا (پێبفـ.) + بەزانـدن] ، (مصـت. مـت.) ١ـ هێنانەخواری یەکێك لەسەر پشـتی ئەسپ و هەموو جـورە هۆیـەکی هاتوچۆ . :: دەسـتی گرت و لــە ئۆتۆمبێلەکە دایبەزاند . هەیتەیەکی وایە سواران لە ئەسپی دادەبەزێنێ. لەشکرێکی زۆریان بە پاراشوت لەو دەشتە دابەزاندوە . ٢ـ لە پـایەو پلەی کۆمەڵایەتی و. . هێنانەخوارەوە :: بە جارێك چەند پلەیان دابەزاند و کردیانەوە مودیـر . ★ (کـعر.) داگرتن . **هەڵبەزاندن** ـ [هــەڵ (پێبف.) + بەزاندن] ، (مصت. مت.) ١ـ شتێك یا کەسێك لە خوارەوەڕا بۆ لای ســەرەوە هەڵاویشـــتن و

جوڵاندن :: منـــداڵەکە هێنـــدە هەڵمەبەزێنە با ئازاری نەگا . ٢ــ (مجــ.) تەشقەلەپـــێ کردن . کارەسات بەسەر هێنان .

بەزاوابــوون ــ (مصتــ. لا.) ١ــ ئەنجامدانی کاری ژن و مێردایەتــی لە لایەن کەسێکەوە کە تازە ژنی بــۆ کوێزرابێتەوە . تێبـ ــ زیاتر مەبەست لابردنی کچێنی (بوك)ە لە لایـــەن (زاوا)وە ، کە لە زۆر کۆمەڵگاکاندا گرینگی تایبەتی هەیە و بە مایـــەی (ڕۆسووری) بــوك دادەنـــدرێ :: هێشتا بەزاوا نەبوە . ٢ــ (مجە.) ژن هێنان :: یاخوا بە زاوابی (یاخوا ژن بێنی) .

بەزم ــ [پە : بەزم] ، (نا.) ١ــ کۆڕی کەیف و ڕابواردن و خواردنەوە :: بەزمێك بۆ ئەو سەری دیارنەبۆ □« ڕۆم کردە بەزمی خــاسی برازا ئەزێزدکەم ئەمشـــەو بە صـــەد تەوازوع و ئیـــخلاس و ســـەرکزی » (ڕەزا ــ ٥٤) . ٢ــ (مجە.) بــۆ دەربڕینی توڕەیـــی و نـــاڕەزایی بەکاردێت :: ئای بەزمە ها !

بەزمپێگرتن ــ (مصتـ. متـ.) ، (مکـ.) ١ــ شەڕفرۆشتن بە کەسێ ، شڵتاغپێکردن ، تەشقەلەکردن بــە یەکێ :: شێرکۆ بەزمێکی بە سیروان گرت مەگەر هەر خۆی بزانێ چــۆن بۆ . ٢ــ (مجە.) وەختپێڕابواردن ، دەماغتەختکردن بە کابرایێ :: دەبڕۆ واز بێنە بەسمان بەزم پێبگرە .

بەزمگرتـــــن ــ (مصتـــــ. لا.) پێکەوەنان و سازکردنـــی داوەت ، گۆوەند و کۆڕی کەیف و ڕابواردن .

بەزمگا ــ [بەزم/١ + گا (جێگە)]، (نتـ.) ، (تتـ.) ئەو جێگەیەی کــۆڕی شایی و کەیفی لێدەگیرێ .

بەزموڕەزم ــ (نتـ.) ١ــ کۆڕی بەزم کە دەنگەدەنگ و هەرا و قیژەقیژی تێـــدابێ . ٢ــ (مجـ.) هـــەرا و چەقەچەقی منداڵان لە ناو مـــاڵا :: منداڵینە ئـــەم بـــەزم و ڕەزمـــەتان لەچیە ؟ تێبـ ــ ووشەی دووەم (ڕەزم) لە زمانی پەهلەویـــدا بە مـــانای (جەنگ)ە و فارسی ئێستا ئـــەم ووشـەیەی هەر بە مانای خۆی لــە پەهلەوی خواستۆتەوە .

بەزوبنێشت ــ (نتـ.) ، (مـکـ.) هەتوانێکی کوردەوارییـــە ، لــە تێکەڵکردنی (بەز)ی خاوی مەڕ یــا بزن دەگەڵ (بنێشت) دروســـت دەبێ و دەخرێتە سەر هەندێ برینی وەکو سوورەکوان و دوومەڵ و ... بۆ ئەوەی بگا و دەمی بکاتەوە و کێم و هەوایەکی تێدا کۆبۆتـەوە بێتـەدەر (دەربێ) .

بەزە ــ (نا.) . تم : بەزەیی .

بەزەتـــاو ــ (نتـ.) ، (کعـــر.) کاریداغکردنی هەندێ جێگای لەش کە قەڵشابێ یا برینداربێ ، بە بەزی حەیوان . تێبـ ــ کەمێ (بـەز) لــە پەڕۆیەکەوە دەپێچن و بە ئـــاوری ڕادەدێرن تـــا ڕۆن دەردەکـــا و دەیساوون بە شوێنیدا کە مەبەستە تا دێ ســـارد دەبێتەوە ، ئــەگەر پێویست بۆ هەمیســـان گەرمـــی دەکەنەوە .

بەزەرەك ــ [أ] ، (نا.) ، (کئیر.) تۆوی گیای کەتان . تێبـ ــ ١ــ ئەم

تۆوە تۆزێ لە هەرزن درشتترە ، ڕەنگی قاوەیییە و شکڵی پانکەڵەیە و چەورە . ٢ـ لە کوردەواریێ خۆمان دەیکوتن و دەگەڵ دۆشاو گەرمی دەکەن و دەیکەنە هەتوان (مەڵحەم)، هەندێ کوان کە بنیان ڕەقە و دەرنابن لێیدەنێن . برێنەکە دەگەیێنێ و کێم و هەوایێکی تێدابێ دەیکێشێ . ٣ـ لە سەنعاتکارێدا ڕۆنیلێدەگرن بۆ : أ) چێشتلێنان (ڕۆنی گیا هێندێکیان لەم ماددەیەن ـ دهن بذر الكتان) ، ب) بۆ بۆیەکاریێ و ڕەنگکردنی دار و دێوار و دەرك و پەنجەرە ، لە پێشدا لەسەر ئاگر ڕۆنەکە تۆزێ گەرم دەکەن و ئەو شتەی ڕەنگکردنی مەبەست بێ ، بە فلچە ئەم ڕۆنەی لێدەدەن (ڕتۆبەت) و (شە)یان دەکێشێ و ئیشکیاندەکاتەوە ، ئەوجار ڕەنگیان تێشەڵدەسوێن . ٤ـ جاران ئەم ڕۆنەیان بۆ (چرا) و (چۆڵەچرا) وەکو ڕۆن گەرچەك بەکارهێناوە .

بەزموێ ـ (نت.) ، (هل. ، سن .)
تم : بەزەیێ .

بەزەیێ ـ [بەزە + ٢ـ ئێ] ، (نت.) هەستی دڵسوزێ بەرامبەر گیروگرفت و ئێش و ئازاری خەڵك.
تێب ـ ووشەی (بەزە) لە (بەچەك ، بەزەك)ی پەهلەویێڕا هاتوە کە لەو زمانەدا بە مانای تاوان و گوناهبوە و ئێستا مانای (ڕوحم و شەفەقەت)ی وەرگرتوە .

بەزەیێپێداهاتنەوە ـ (مصت . لا.) هەستبەهاودەردێکردن ، ناڕەحەتبوون بە ئێش و ئازار و گرفتاریێ کەسێك . :: کافربەزەیی پێدادێتەوە . ★ زگبێسێتان .

بەزیادکردن ـ (مصت . مت .) هەڵگرتنی سفرە و نان و خوان لەبەردەمی خەڵکی ماڵ و ... پاش ئەوەی تێردەخۆن :: ئافرەت وەرە بە زیادیکە . تێب ـ ئەم مەصدەرە لەوەڕا پەیدابوە کە بە پێی ڕێوشوێنی ئیسلامەتێ دەبێ پاش نانخواردن سوپاسی خوا بکرێ و لە کوردەوارێدا بە ڕستەی : (خوایە زۆر شوکر لێت بەزیادبێ) یا ڕستەی لەم بابەتە ئەنجام دەدرێت .

بەزیان ـ (مصت. لا.) ، (سن.)
تم : بەزێن/١ .

(ـ بەزێن) ـ ١ـ (رب . فع.) ڕێشەی فیعلە لە مەصدەری (بەزاندن) بۆ سیغەی (مضارع) :: دەبەزێنم . بێبەزێنە . خوا یاربێ هەر دەیان دەبەزێنێن بۆ کوێدەچن . ٢ـ (پب.) دەگەڵ ناوێك تەرکیب دەبێ و دەیکاتە ئیسمی فاعیل :: لۆتێبەزێنە .

بەزێن ـ (مصت. لا.) ١ـ لەمەیداندەرچوون ، شکان بەرامبەر دوژمن . کۆڵدان ، وازهێنان :: کەڵەبابی سێروان بەزێ . خەباتکاری بەڕاستێ بە لێدان و گرتن نابەزێ . لەشکری خاوەن بیروباوەڕ بەزێنی بۆ نیە . ٢ـ (بک.) جۆڵان . خێرا ڕۆیشتن :: ببەزە (خێراکە) گورجبە ، خۆشبڕۆ تێب ـ ئەم مەصدەرە لە مەصدەری (ڤازێتەن)ی پەهلەوێ کەوتۆتەوە کە ئەوێش لە (ڤەز)ی ئاوێستایێ گۆڕاوە و لە

لەهجەی باکوریدا ماناکانی هەروەکو پەهلەوی و ئاوێستایی (تە : نرد ، یفا ، ل ــ ٤٦١) ماوەتەوە . بەلام لە لەهجەی ناوەندیدا ئەسلی مەصدەرەکە مانایەکی تری وەرگرتوە ــ ئەگەرچی ئەو مانا تازانەشی بە جۆرێك لە جۆران هەوێنێکی مانای کۆنەکانی تێدایە ــ و تەنیا هەندێ ووشەی کە لێی‌داتاشراوە ، وەکو : هەڵبەزینەوە، بازدان و ... و ...) مانای کۆنی ڕیشەکەیان پاراستوە . ★ (سن.) بەزیان . **دابەزین** ــ [دا (پێبف.) + بەزین] ، (مصت. مت .) ١ــ هاتنەخوار لەسەر پشتی ئەسپ و هەمو هۆیەکانی لەم بابەتە :: سوارەکان هەر دڕ سێ‌یەکیان لەبەر ماڵێك دابەزین ، لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزن . ٢ــ هاتنەخوار لە شوێنێکی بەرزترەوە (نسبیا) بۆ جێگایەك :: ئێستا بۆیان دانەبەزی گێزەر بەربای عومریان بکەی ٣ــ کەم‌بونەوەی پلەی گەرما و سەرما و ... :: گەرما زۆر دابەزیوە ، زستان وا خەریکە تەواو دەبێ نابینی سەرما چەند دابەزیوە .

هەڵبەزین ــ [هەڵ (پێبف.) + بەزین] ، (مصت. لا.) خۆهەلاویشتن بە تەکانەوە ، لە ژێرڕا بۆ سەرەوە :: هێندە هەڵمەبەزە . ئەوە چێتە هەر هەڵدەبەزی . تێب ــ ئەم مەصدەرە زیاتر لە حاڵەتی(نەفی)دا بەکاردێت و بۆ حاڵەتی (ئیجاب) هەڵبەزهەڵبەزکردن یا هەڵبەزینەوەمان هەیە .

بەزیو ــ [نمف . بەزین] گیاندار یا ئادەمیزارێکی لە مەیدان ڕای‌کردبێ ، کەسێکی لە شەڕا (هەر جۆرە شەڕێك‌بێ) شکابێ ، کەسێکی وازی لە خەبات هێنابێ ، ئەوەی کۆڵی‌داوە .

بەژ ــ [؟] ، (نا.) ، (بک.) زەویەکی پشت‌گوێ‌خرابێ، ئەرزێکی ئاوی نەبێ ، زەوی نەکێڵراو و بێ‌حاسڵ (تە : ژابا ، ل ــ ٥٠) ★ بەژێ . تێب ــ ئەم ووشەیە لە ساڵانی جەنگی دودمەوە ، لە لەهجەی ناوەندیدا بە مانای (بر)ی عارەبی دژی (بەحر) دەکاردەکرێت .

بەژن ــ (نا.) ، (بک. ، کعر. ، کێر.) ١ــ درێژایی لەشی ئادەمیزاد :: بەژنی دەڵەی چنارە . ★بالا ، قەد . ٢ــ درێژایی کراس و ... لە ملی‌ڕا تا داوێنی :: کراسەکەت زۆر درێژە چوار پەنجەی لە بەژنی‌دەرێنی باشە .

بەژنوبالا ــ (نت.) ، (مک. ، سیم.) دیمەنی ئادەمیزاد سەرتاپا خوار :: دایکی دەبەر ئەم بەژن و بالایەی مرێ .

بەژەك‌کەوتن ــ (مصت. لا.) ، (مک.) نەخۆش‌کەوتنی منداڵی ساوا لە چەند ڕۆژی هەوەڵی هاتنەدنیای‌دا. تێب ــ لە کوردەواریدا نەخۆشی چەند ڕۆژێکی سەرەتای عومری منداڵ لە زۆر خواردنی (ژەك) دەزانن.

بەژێ ــ (نا.) ، (بک.) تە : بەژ.

١ ـ بەس ـ [سن : ڤەس . بە : ڤەس] ، (کعر. ، کئێر ، بک.) ١ـ (نا. صت.) ئەندازەی کافی لە هەر کارێک ، هەر شتێک □ « باوەلێ ! باوێکی بەسە » . بەسمە، کوڕە کەچەڵ کەسمە ، (خا ، پەند ، ل ـ ١١٦) . نا شەش گەز چیت بۆ کراسی ژنانە بەسە . ٢ـ (ش.) لە شوێن : بەسە ، بەسیە ، بەسیەتی، با بەس بێ ، واز بێنە (بێنن) دەکاردەکرێ . □ « بەس بێرە و بچۆ، بەس کە تەماشا، دایکی صەت کوڕبی ، پێت دەکەم حاشا » ، (فۆلکلۆر) . ٣ـ (بن.) تەنیا ، زیاتر نا :: بچۆ هەر ئەوەندەی پێ بڵێ و بەس . تێب ـ ئەسڵی ئەم ووشەیە لە ئاوێستاییدا بە مانای : ئارەزۆ ، ویست و خواهیشت بوە و لە پەهلەویشدا بە مانای : زۆر ، زیاد. ئێستاش ئەم مانایانەی بە شێوەیەکی مەنفێ (سەلبێ)تێدا بەدێدەکرێ . ★ (جنـ.) وەس .

٢ ـ بەس ـ (نا.) ، (سنـ.) تم : بەست/١ تێب ـ دەنگی (س) لەم ووشەیەدا تۆزێ گیراو (مشدد) تەلەففوزدەکرێت .

بەسام ـ [بە/٨ + سام] ، (صت.) ماڵی کەسێ یا شوێنێ کە چاو پێکەوتنی ترسی (ماددێ) یا مەعنەوێ بخاتە دڵانەوە :: ئەشکەوتە گەورەکەی چەمی ڕەزان هێندە بەسام بۆ پیاو ئەترەشی دەچۆ . تێب ـ کەرتی دوەمی ئەم ووشەیە لە (سەم ، سەمم)ی پەهلەوێ بە مانای ترس و خۆف کەوتۆتەوە .

١ـ بەست ـ (رێ. فع.) ڕەگی مەصدەری (بەستن)ە ، وەکو پاشبەند بە دوایێ (ناو)انەوە دەنوسێ و ئەو مەدلولانەیان لێ زیاددەکا . ١ـ تەعەهود و ئیلتیزام ، بە تەنگەوەبۆن بۆ کارێ ، کەسێ یا شتێ نیشاندەدا :: دەربەست ، ئەم کابرایە هیچ دەربەست نیە . ٢ـ بێ ئیلتیزامێ و نەبەسترانەوە بە هیچ شتێ و هیچ کەس ، دەنوێنێ :: سەربەست : سەری نەبەستراوەتەوە (ئازادە) . ٣ـ وەکو (مصت.) دەکاردەکرێ ، ئەوەیان تەنیا لە ووشە گەلێدایە کە لە فارسێڕا پەڕیونەتە ناو زمانی کوردێ لە کوردستانی ئێران :: بەندوبەست : تەگبیر و ڕێککەوتنی دۆ یا چەند کەسێ .
(زیاتر سەلبێ) . تێب ـ ژمارەی ئەم ووشانەی بەم (پاشبەند)ە دروست دەبن و ئەوانەش کە وەکو (مصت.) تێیاندا دەکارکراوە ، زۆر کەمن . هس : بەند/٩ .

٢ـ بەست ـ [نمف : (بەستن)] ئەم ناوە وەکو (پاشبەند) دەگەڵ ناو تەرکیب دەبێ و ناوێکی تازە پێکدێنێ و ئەوەندەی من پێم شک بێ هەر ووشەی (دەربەست) کە بۆ خانۆ بەکاردێت بەم پاشبەندە دروستبوە .

٣ـ بەست ـ (نا.) ، (هلـ. ، کیـ.) تم : بەستۆڕە .

٤ ـ بەست ـ (نا.) تم : بەند/١ .

بەستران ـ (مصت. لا. فجـ.) ، (شێوەیێکی تری مەصدەری لازمی

(بەستـن)ە :: دەمت بەسترابو قسەت نەکرد وا دیارە ئەم کوڕە بەستراوە بۆیە هەر نابێ بە زاوا .

بەسترانەوە ــ [بەستران + ٢ــ ئەوە/٢] ، (مصـد. لا.) ١ــ گرێدرانی گیاندارێك بە شوێنێکەوە :: ئەسپەکە بە کۆلەکەی هەیوانەوە بەستراوەتەوە . ٢ــ بۆڕخواردن لە مجادلەی زانستێ و ...و ...دا .

بەستراو ــ (نمف. : بەستران)

١ــ **بەستن** ــ [ست : بەند . ، پە : بەستەن] ، (کئێر. ، کعر. ، بکـ. ، سنـ .) ١ــ (مصـ. لا.) ڕەقبونی ماددەیێکی تراو بە هۆی سەرمای زۆر ، بونەسەهۆڵ :: ئەوشۆ هێندە سارده هەرچی ئاو هەیە دەیبەستێ. چۆمەکە بەستویە ، تفت هەڵاویشتبا دەیبەست ، دەستی بە ئالقەڕێزی دەرکەوە بەستویە . ٢ــ (مصـ. متـ.) پێکەوەلکاندن و لێكتوندکردنی دوو یا چەند شت ، بەبەن و پەت و ... :: هەردوو دەستی دزەکەیان لە پشتەوە بەست . خێرا پشتێنەدت بەستە . بارەکانیان بەستبو . برازاوا پشتێندی بوکێ دەبەستێ . ٣ــ (مصـ. متـ.) مەنعی هاتوچۆکردن بە ڕێگایەکدا بۆ هەر مەبەستێ بێ :: دز ئەم ڕێگایەیان بەستوە . ☐ « وا ڕێگەتان دەبەسترێ عێلاتی جاف و بلـباس ، گەر مردوون لەگەرمان ممنوعە بچنەکوێستان »، (گە : حاجی قادر ، ل ــ ٥٠) . ٤ــ (مصـ. متـ.) ، (سـنـ.) دەرمانکردنی برین و تێوەپێچانی پەڕۆیەك کە بۆ ئەم کارە دروستدەکرێ یا هەر تۆماشێکی دیکە . (عا.) تضمید :: ئەوە کێ ئەم زامەتی بەستوە . ٥ــ (مصـ. متـ.) ، (سنـ .) پێوەدان و داخستنی دەرگا . ٦ــ (مصـ. متـ.) مەنعکردنی کەسێك ــ بە هۆی نوشتە و سیحر و جادوو ــ لەوەی شەوی زاوایەتی بتوانێ دەگەڵ (بوك) جوتبێ . تێبـ ــ لە ناو کوردەوارێدا ئەگەر کوڕێك دڵی بە کچێکەوە بێ و بدرێ بە یەکی تر ، کاتێ دەستی لە هەمو لایەك دەبڕێ دەچێتە لای نوشتەنوس و جادوبازان ، بۆ ئەوەی (زاوا)ی بۆ ببەستێ تا نەتوانێ کچێنی بوکێ هەڵبگرێت ، جادوبازیش ناڵەکەرێ یا قفڵێ ژەنگاوی دێنێ و چەند قسەیەکی کە خۆشی مانایان نازانێ و هەر لە ئەسڵیشا مانایان نیە بە سەریدا دەخوێنێ و قفڵەکە دادەخا یا ناڵەکەرەکە بە بزمار لە شوێنێ دادەکوتێ . باوەڕ وایە کە تا ئەم سیحرە ڕاستەوخۆ (کردنەوەی قفڵەکە یا هەڵکێشانی ناڵەکەرەکە) یا بە هۆی (دوعای چاك) هەڵنەوەشێتەوە ، کوڕە نابێ بەزاوا . ڕەنگە گەلێ جار وا هەڵکەوتبێ کە کوڕێك یەکەندەردو بە زاوا نەبوبێ ، بەڵام ئەمە لەبەر ڕێ و شوێنی کۆنی بوك و زاوایێبوە کە دۆست و ئاشنای زاوا لە ژورێك کۆدەبونەوە و کوڕەیان دەکردە پەردەوە بۆ لای بوك و خۆیان چاوەنوارێیان دەکرد.

★ (جنـ.) بەستە .

بێبەستن ــ (مصـد. متـ.)

١ـ توندکردنی شتێك،پێچانی شتێك بەشتێکی دیکە. ٢ـتوندو قایم‌کردنی دوو شت بە شتێکی تر . :: ها ئەم دەسڕەیە برینەکەتی پێ ببەستە .

پێوەبەستن ـ (مصد. مت.) ١ـ لکاندنی شتێك لە لاوە بە شتێکی ترەوە :: هەر کەسێ بێرەدا ڕۆیوە ، پەڕۆیەکی بە داری ئەم (چاك)ەوە بەستوە . ٢ـ نیسبەت‌دانی کارێك یا شتێك بە کەسێك :: بەستەزمانە ئاگای لە هیچ نەبوو ، بە زۆر ئەم ئیشەیان پێوە بەستە . ٣ـ میقدارێك پارە و پوول لە ئەستۆی ئافرەتێك بارکردن ، ئەم کارە بۆ تۆڵەلێ‌کردنەوەیە و لە وەختێکا دەکرێ کە مێردەکەی بە نابەدڵی یا تۆڕەیی تەلاقی دەدا و تا ئەو پارەیە تەسلیمی مێردەکەی نەکات ، بە پێی شەرع ناتوانێ شووبکاتەوە . :: چۆن خولا هەڵدەگرێ ، ئەم ژنە فەقیرە هەزار تمەنیان پێوە بەستوە .

تێ‌بەستن ـ (مصد. مت.) ١ـ شتێ یا چەند شت لە ناو پارچە قوماش یا چارشێو و چارۆکە و.. دانان و کردنیان بە پڕێسکە و بەستە و ... :: ئەم بەربێنکەیە چکۆلەیە هەموو جلەکانی تێ‌نابەسترێ ـ ئەو نوێنانە دە جاجمەکە بەستە . ★ تێ نان . تێوەبەستن . ٢ـ گرێ‌دانی شتێ (پەڕۆ، بەرد، ....،...) بە شتێکی ترەوە :: پشیلەکەیان خستە ناو گونیەیەکەوە بەردێکیان تێ‌بەست و فڕێیان‌دایە بنی گۆمەوە .

تێك‌بەستن ـ [تێك (دە + یەك) بەستن] ، (مصد. مت.) ١ـ گرێ‌دانی چەند گیاندار یا شت بە هۆی گوریس ، زنجیر و ... ، :: جاران پیاوخراپ و سەگیان تێك‌دەبەست . ئێستریك و گوێدرێژێکی تێك‌بەستوە ئەوە گۆیا جووت دەکا . ٢ـ (مج.) وەکو یەك حیساب‌کردنی دوو یا چەند ئینسان بۆ مەبەستێکی تایبەتی :: نابێ بایز و باپیر تێك‌بەستن . **تێوەبەستن** ـ (مصد. مت.) تە : تێ‌بەستن/١ .

دابەستن ـ [دا (پێغ) + بەستن ١] ، (مصد. مت.) ١ـ بەخێوکردنی گیاندارێك ، (مەڕ ، بزن ، قەلەموون ، گوێلك و ..) بە جۆرێکی تایبەتی ، بۆ ئەوەی قەڵەو بێ و پاشان سەری ببڕن :: ماڵێ کاکەحەمە دوو مەڕیان دابەستوە . ٢ـ (مج.) ڕاگرتن و بەخێوکردنی ئینسانێك لە ماڵێك یا لە هەر شوێنێکی تر بێ ئەوەی هیچ کارێ بکات :: یا شێخ خوا سەلامەتت‌کا ئەم هەموو (چەورە)یە چۆن دات‌بەستوون . ٣ـ توندکردنی خورجین و هەگبە و ئەو جۆرە شتانە لەسەر پشتی وولاغ و سەربانی ئۆتۆمبێل و .. و .. :: ئەم بەرچنە هەرمێیە لەسەر بارە دارەکە دابەستە . کەڵەبابێکیشی لەسەر سەبەتە ترێیەکانەوە دابەستبوو . ئەوە چیە لە پاشتەرکی ماینەکە دات‌بەستوە ؟ ٣ـ دەست‌کردن بە کارێك و واز لە کاری دیکە هێنان :: هەر ئێستا نوێژمان دابەست . کوڕە (گورگ نەخۆرە)ئەوە بۆ نەچووی

جۆتەکە دابەستێ ؟ منداڵێنە ئەو هەرا و زەنا زەنایە چیە داتان بەستوە ؟ ٤ـ مجادەڵە و جوابە جەنگی‌کردن :: باش نیە ئاوا دەگەڵ ئەم منداڵە دادەبەستێ .

لێبەستن ـ [لێ (ل + ێ) بەستن)] ، (مصد. متد.) گرێدان و قایم‌کردنی کەسێ یا شتێ لە شتێکی‌تر :: دەستی بگرە و بیبە لە هۆو دارەی ببەستە و تادەتوانی دارکاری‌کە □ « سەری نایەشێ پەڕۆی لێدەبەستێ . » (فۆلکلۆر.)

لێکبەستن ـ [لە + یەك بەستن]، (مصد. متد.) لەیەکتر توندکردنی چەند شت یا چەند کەس بە جۆرێکی مەعلوم نەبێ کێهەیان لە کێهەقایم کراوە :: هەر دۆ دزەکانیان لێکبەستبۆ . ئەو دۆ کۆلەکانە لێکبەستن و بەرمێچەکەیان دەن ، چاتری ڕادەگرن .

هەڵبەستن ـ [هەڵ (پێشـ.) + بەسن] ، (مصد. لا.) ١ـ بەرزکردنەوەی دیوارۆکە یا هەر شتێکی تری لەم بابەتە بۆ هەندێ مەبەستان :: گۆڕیچەکەیان بە بەرد و قسڵ هەڵبەست .ئەم (بەند)ە بە هەرەوەزێ چەند (دێ) هەڵبەستراوە . ئاخوڕەکەیان باش هەڵبەستوە . ٢ـ پێچانی سەر و چاو یا دەم و لوت لەبەر نەخۆشێ (هەڵامەت ، ددان‌ئێشە و .. هتد) یا بۆنەناسرانەوە :: وەختی نوستن پێچوازێك بخۆ و دەم و لوتت هەڵبەستە تا بەیانێ عەلەمەت لێدەبڕێ . ددانم کیسی کردوە بۆیە سەر و چاوم هەڵبەستوە . ٣ـ ڕێکخستن و دروست‌کردنی قسە و دەنگ و باسی ناڕاست :: ئەم بەند و باوە هەمۆی درۆیە و هەڵبەستراوە . خوا پێم‌نەگرێ ئەم قسەیە بێ و تۆ هەڵت‌بەستوە . ٤ـ چنینەوەی بنی ڕیشۆی دەسەسڕ و مشکێ و ئەو جۆرە شتانە بە دەرزێ و قولاپ پاشس بادانی ڕیشوەکە .

بەستنەوە ـ [بەستن + ٢ـ ئەوە/٢] ، (مصد. متد.) ١ـ گرێدانی گیاندارێك بە پەت و گوریس و .. بە جێگەیێکی سابیتەوە (دیوار ، سنگ ، ...) بۆ ئەوەی وون نەبێ یا هەڵ نەبێ :: ئەسپەکە لەسەر ئاخوڕەکە ببەستەوە . لە زیندان پیاوکوژەکانیان بەزنجیر دەبەستەوە. ٢ـ بۆڕدان و پەكخستنی کەسێ لە مجادەلەیێکی سیاسێ ، عیلمێ و ...دا :: ئەم منداڵە بە منداڵێ خۆیەوە ئەو پیاوە زرت و زەلامەی بەستەوە .

بەستۆڕە ـ [؟] ، (نت.) ، (مد.) شوێنی ڕۆبار و چۆمێکی زستانان و بەهاران ئاوی پێدا دێت و هاوینان ئیشکی دەکا و خێز و چەوی تێدادەبێ . ٢ـ شوینێکی وەختێك چەم و ڕوبار بۆبێ . ٣ـ ناوی سەیرانگایەکە لە نیزیکی شاری هەولێر . تێبـ ـ بە ڕای من ئەم ووشەیە لە (فیستەرەك)ی پەهلەوێ کەوتۆتەوە کە مانای (جێگەی خەو ، پێخەفی ڕاخراو)دەدا و ئێستاش لە زمانی فارسیدا (بستەر) هەر بەم مانایە دەکاردەکرێ و لە لەهجەی

باکوریدا (تە : ژابا ــ ٥١) بستەر بە جلی ئەسپ دەلێن ، بەلام قەناتی کوردۆ ووشەی (بستەر)ی لە فەرهەنگی خۆیدا نەهێناوە . فارسی (بستەری ڕۆدخانە) بەو جێگایە دەلێ کە ڕۆبار و زێی پێدا دەڕوات.

بەستۆ : [؟] ، (نا.) ، (سن.) کوپەلەیێکە لە گل دروست‌کراوە ، ڕەنگێکی شینی لێدەدەن و لە ئاگرا سوردەکرێتەوە و ڕەونەقێکی لێ پەیدادەبێ . ★ بەستۆکە . تێب ــ لە زمانی عەرەبی قسەکردنا ووشەی (بەستۆکە) و لە فارسیشدا (بەستۆ) هەر بەو مانایە بەکاردێت .

بەستۆکە ــ [بەستۆ + کە (ئم : پچوکی)] ،(نت.) تە : بەستۆ . تێب ــ وەکو دوکتۆر معین دەلێ (تە : معین، فەرهەنگ ، ج ١ ، ل ــ ٥٣١) لە لەهجەی تەفریشیدا (بەستۆلە) دەلێن .

١ــ بەستە ــ [٢ــ بەست + ٥ــ ئە/١] ، (نت.) ، (کثیر .) ١ــ کەمێك کەلوپەل و کالا یا هەر شتێکی دیکە کە لە قوتو یا کیسەیەکی کاغەزەوە پێچرابێ :: بەستەیەك چا ، دو بەستە سیغار . ★ (کعر.) پاکەت. ٢ــ تورەکە یا پارچە قوماشێکی شتی تێخرابێ و سەری دروابێ . تێب ــ هەندێ جار ئەم ووشەیە بە تەنیایی وەکو (نمف .) لە مەصدەری بەستن بەکاردێت .

٢ــ بەستە ــ [؟] ، (نا.) ، (کعر.) گورانی سوك و لەبار کە هەوا و شیعرەکانی مایەی فولکلوریان هەبێ . // مەقام . :: ئاگربارانە، کراس زەردێ، کوێستانان خاڵ‌خاڵ، عەمرەکەم سەلتەنە ، لە بەستە خۆشەکانی کوردێن . تێب ــ أ) من نازانم بۆچی ئەم ناوە لە گورانی نراوە . لە ئازربایەجانی سۆوێتی هەر ئەم ووشەیە بە عەینی مانا دەکاردەکرێ و لەمەشی زیاتر (بەستەکار)یش بەو کەسە دەلێن کە (هەوا) بۆ ئەم چەشنە گورانییە دادەنێ ، دیارە کە هەرتك ووشە (بەستە) و (بەستەکار) پەیوەندێکیان دەگەل زمانی (ترکی) نیە کە (ئازربایەجانی) شێوە یا لەهجەیێکێتی . ب) دوکتۆر معین لە باسی ووشەی (بەستە)دا دەلێ : « ٢١ــ (شیعر) شیعرێکی‌برێتی بێ لە چوار نیوە شعر . ٢٢ــ (موسیقا) ئاهەنگێکی مۆسیقایە لە (حەسار) و (سێگا) و (حیجاز) پێکهاتوە. » ، (تە : فەرهەنگ، ج ١ ، ل ــ ٥٣٢). ج) لە موکریان ووشەی (بەند) لەباتی بەشێکی گورانی بەکار دێت و سەربەندیش ئەو شیعرانەن کە لە گورانیدا دوپات‌دەکرێنەوە و زیاتر گورانی بە ناوی (سەربەند)ەکەیەوە هەلدەدرێ . د) زمانی عەرەبیش لە عیراق ئەم ووشەیەی کردوتە (پەستە) و بە عەینی مانا بەکاری‌دێنێ . ه) لەو باوەڕەدام کە (بەند)ی موکریان و (بەستە)ی سلەیمانی لە پێشدا هەر یەك مانایان هەبوە و پاشان هەریەکەیان مانایەکی تایبەتی وەرگرتوە و دەگەڕێنەوە سەر (بەند)ی ئاوێستایی و (بەستەن)ی پەهلەوی کە دوەمیان

لە یەکەم وەرگیراوە .

بەستەزمان ــ[١ــ بەستە+زمان]، (صت.) ، (مک.) پیاوی بێ دەم وپل و دەستەوەستان . ئینسانی بێ دەستەڵات ★ (سیم.) بەسزمان ، بەسەزمان .

بەستەك ــ [٢ ــ بەست + ١ ــ ئەك/٣] (نت.) ، (کعر. ، بک.) پێخەفی پێویست بۆ تاقە نەفەرێك (لێفە ، دۆشەك ، ...، پشتێ) کە دە جاجم یا چارشێوێکەوە دەپێچرێ :: پاڵ بدە بە بەستەکەکەوە . ★ (مک.) دەستەنوێن .

بەستەڵەك ــ [٢ــ بەست + ئەڵ / ١ + ١ــ ئەك/١] ، (نت.) ، (مک. ، سیم.) حاڵەتی دەشت و دەر و کۆچە و کۆڵان ، کاتێ دەرەجەی سەرما دادەبەزێ بۆ ژێر سیفر و ئاو دەیبەستێ.:: سەرما و بەستەڵەکێك بۆ ئێسترەکە بە هەزار حاڵ قاچی بە ئەرزەوە گیردەبۆ . ★ سەهۆڵ بەندان .

بەستەنێ ــ [٢ــ بەست + ئەنێ]، (نت.) ، (کئێر.) خواردەمەنییەکی ساردە لە شیر و شەکر و ماددەیێکی تام و بۆنخۆش دروستدەکرێت . ★ (کعر.) دۆندرمە.(مک.) حەلاوێ. تێب ــ ١) شیرەکە دەکرێتە ناو دەفرێکی ئوستوانەیێ تایبەتێ و تۆزێ لە شتێکی تام و بۆنخۆش شەکرەکەی تێدا دەتاوێنرێتەوە و (گوڵاو ، وانێل ، ئاویمێوە و..)ی تێدەکرێ و ماددەیێکی نوسەك (چرێش یا سەهلاب ...)یشی لێزیاددەکرێ ، ئەوجار دەخرێتە ناو بەرمیلێکی بچوك (دار یا تەنەکە) و دەوروبەری پڕدەکەن لە (بەفر) و دەست بەسوڕاندنی دەفرەکە دەکەن تا شیر و شەکرەکە لە ناویدا دەمەیێ و وەکو سەهۆڵی لێدێت . ب) ئەمە شێوەییێکی سەرەتایێ سازکردنی (بەستەنێ) بۆ لە کوردستان ، پاشان وای لێهات کە دەفری ناوەڕاست بە شێوەیێکی میکانیکی (بەچەرخ) بسادەدرا و دەسوڕێندرا ، بەڵام ئێستا مەکینەی تایبەتێ هەیە کە بە کارەبا ئیشدەکا. ج) کەرتی (ئەنێ) لەم ووشەیەدا پاشبەندە و کاری (ئەمەنێ) دەکا . من پێشان هەستم پێنەکردوە و بۆیەش لە بەرگی یەکەمی ئەم قاموسەدا نەم نوسیوە . :: سوتەنێ (= سوتەمەنێ) .

بەستێن ــ [٣ــ بەست + ئێن]، (نت.) ، (مک.) تیزماڵکە زەوێکی بە خێز و چەوە ، لە هێندێ فەسڵی ساڵا ئاوی چەم و ڕۆبارانی لێدەکشێتەوە ★ (کک.) شاتی . هس : بەست . بەستۆرە . :: چوار بێستانێکی لە بەستێنی چۆمی کردوە زۆر خۆشە .

بەسرپێرار ــ [نت. ، بنت.] ، (کئێر. ، کعر.) سێ ساڵ لەمەوپێش . ساڵێك پێش پێرار . (بک.) بەترپێرار .

بەسرپێرێ ــ (نت.، بنت.) ،(کعر.، کئێر.) دوو ڕۆژ پێش دوێنێ ، سێ ڕۆژ پێش ئیمڕۆ . ★ بەترپێرێ (تە. تێب.) ، (بک.) بەترپێرێ .

بەسزمان ــ (صت.) ، (سیم.)

تە : بەستەزمان .

بەسن ــ (مصد.، متە.، لا.) ، (سنە.) تە : بەستن . تێبـ ــ ئەم مەصدەرە و گەلێکی تریش ، لەبن لەهجەی سنەیدا (ت)ەکەی نیزیك دەبێتەوە لە دەنگی (س)و بۆیە لەباتی دەنگی (ت) گوێمان لە دەنگی (س)ێکی تۆزێ گیراو (مشدد) دەبێ.

بەسەراچوون ــ (مصد. لا.) ، (سیمە.) تە : بەسەرداچوون .

بەسەربردن ــ (مصد. متە.) ، (مکـ.) ١ــ دەربازکردن و ڕابواردنی وەخت و هەرچێ پێوەندی بە وەختەوە ببێ و مانای وەختی تێدابێ . :: عومرێکمان لە بەغدایە بەسەربرد . ٢ــ بە سەهۆبردنی کەسێك لە هەر کارێ‌دابێت :: بزانە بەم قسانە بە سەرمان نابەی. هس: سەرکردن .

بەسەرچوون ــ (مصد. لا.) ١ــ تێپەڕین و ڕابردنی وەخت ، دەم و وەعدە و کات .

□ « وەڕەقڕێزان خەزان کەوتە ڕەزان ، وەضعی چەمەن گۆڕا»

« بەسەرچوو فەصلی گوڵگەشت و تەماشای باغ و صەحرام کەم »

(کوڕ : وەفایی ، ل ــ ٧٣).

٢ ــ سەهۆکردن لە قسە و حیساب و...و... دا بەسەردابڕین .

بەسەردابڕین ــ [بە/١٢ + سەر + دا (= ٣ــ ئا) +بڕین | ، (مصد. متە.) بە زۆر شتێك بە کەسێ قبوڵکردن ، جا بۆ قازانجی بێ یا تۆشی زیانی بکا . :: خۆی بە سەردا بڕی . پاش ئەوەی کە لێی قەوما کچەکەیان بە سەردا بڕی لێم‌وەرنەدەگرت ، بە زۆر و بە خواهیشت بەسەری‌دا بڕیم .

بەسەرداچوون ــ (مصد. لا.) ، (مکـ.) گەیشتنە لای کۆمەڵە خەڵکێك کە خەریکی کارێك بن . :: ئێمە بەسەردا چوین نانیان دەخوارد . بەسەردا نەچوباین بە خەنجەران یەکتریان پارچەپارچە دەکرد . ★ (سیمە.) بەسەراچوون.

بەسەردادان ــ (مصد. متە.) ١ــ پۆشینی عەبا و چارشێو و دەسماڵی ژنانە . :: ئافتاو عەباکەت بە سەردا دە و بچۆرە ماڵی فەریدەخان بڵی تا ئێرە تەشریف بێنێ . دەسماڵێکی بەسەردا دابوو دەتگوت پەڕی مێشییە . ٢ــ بە چەپۆك لەسەری کەسێك‌دان . :: وەها تونـد بەسەرێدا دا ئاوری لە چاوان دەرپەڕی . ٣ــ هێرش بردنە سەر دوژمن :: نیوە شەوێ بە سەرماندا دان نەمان هێشت جۆقەواریان لێ‌دەرچێ .

بەسەرداڕۆییشتن ــ (مصد . متە .) سەرکۆنەکردن ، سەرزەنشت‌کردن :: زۆری بەسەردا ڕۆییشتین بێ فایدەبوو ★ بەسەرداڕۆیین . بەسەرداهاتن /٢ .

بەسەرداڕۆیین ــ (مصد. متە.)، (مکـ.) تە : بەسەردا ڕۆییشتن .

بەسەرداهاتن ــ ١ــ (مصد. لا.) بیر و هەوەسی کردنی‌کارێ یا قسەیێك ، کەوتنە مێشکی کەسێکەوە :: وام بەسەردا دەهات دەمگوت هەڵستم و زللەیەکی

لێدەم . هەر بە سەرێدا هـات دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکا . ٢ـ (مصد. متـ.) تمـ : بەسـەردا ڕۆیشـتن . :: هێنـدەی بەسەرداهاتین تا وازمان پێ لـە سەفەرەکەی هێنا .

بەسەرداهێنان ـ [بە/١٢+سەر + دا (= ٣ـ ئا) + هێنـان] ، (مصـد. مت.) ، تـاوانی کار و کردەوەیێك خستنە ئەستۆی کەسێ :: ئاگای لە هیچ نەبـوو کەچـێ دزیەکەیان بەسەرداهێنا . ★ بـە ئەستۆداهێنان . بەملداهێنان . خستنە ئەستۆ .

بەسەرزمانەوەگرتن ـ (مصد . لا.) ، (مکـ.) زۆر گوتنـەوەی قسەیێك یا باسێك :: ئەوە بۆچـێ باسی ئەم کابرایەت بە سەر زمانەوە گرتوە و هەردەیلێیی و دەیلێیەوە .

بەسەرکردنەوە ـ (مصد. مت .)، (مکـ.) ١ـ ئەژماردن یـا هەر وا بەچاو ، ووردبوونەوە لەو شتانەی لە شوێنێك داندراون ، بـە نـیازی ئەوەی کە بزاندرێ تەواون یا وەك خۆیان ماوون . :: دە بڕۆن ئـەو مەڕانە بەسەرکەنەوە .

٢ ـ **تە : بەسەرگرتنەوە . ٣** ـ سەر لە دۆست و خزم و ناسیاودان . :: ئەوە چۆن بۆ بە سەرت کردینەوە.

بەسەرگرتنەوە ـ (مصد. مت.) ١ـ ناسینەوەی مەڕ و گاو و گوڵێ کە دزرابێ یا وونبوبێ . :: لـە مەڕەکان حەوتیانم لای کوێخا فەرەج بەسەرگرتـەوە . ٢ـ (مج .) دۆزینەوەی هەمو شتێکی گومبـوو یـا دزراو .

بەسەرهات ـ (نت.) ، (تت.) ١ـ هەمو ئەو کارەساتانەی لە ژیانا بۆ کەسێ یا میللەتێك و کۆمەڵێـك ڕوی دابێ . ٢ـ موتڵەقی ڕوداوێکی معیـن . ★ (مکـ. ، سـ.) سەرگوزەشتە . (بکـ.) سەربوری ، سەربوهور .

بەسەرهاتن ـ (مصد. لا .) ڕوداوێکی ناخۆش بۆ کەسێ یـا کەسانێ هاتنەپێش . :: وەك بەسەر ئێمە هاتوە بەسەر کەس نەیێ .

بەسەرەوەگرتن ـ (مصد. مت.) گرتنی پیاوێکی بێـگانە دەگـەڵ ئافرەتێك لە کاتی کاری تایبـەتی ژن و مێردایەتیـدا :: پیاویـان بەسەرەوەگرتبا ، نەك درۆی کردبا .

بەسەرەوەگەڕان ـ (مصد. مت.) ١ـ سەردان لە کۆمەڵێ خەڵـك کە لە چەند شوێنی دوور لەیەکترین (بۆ هەر مەبەستێ بێ) . :: دە بڕۆ بەسەر منداڵەکانەوە بگەڕێ مەبـادا شتێکیان پێبوێ . ٢ـ (مج.) مڵ و مۆکردن و خـۆ بـەم و بـەو بەخێوکردن .

بەسەرەوەنان ـ (مصد. لا.) بە یەك بین خواردنەوەی هەر شتێکی تراو (ئاو ، ماصتاو ، ئارەق و ...و ...) کـە دەقاپێـكدابێ . :: پەرداغەکەی هەڵگرت و بەسەریەوە نا . جامی دۆیەکەی بەسەرەوە نا و تا چۆڕی لێنەبڕی دایئەنـایەوە ☐ « پیاڵەکەی نـا بەسەریـەوە و پێکێـکی کەی بـو خـۆی دروستکردەوە و وتی : » (بلە :

ژان ، ل ــ ٩٥) .

بەسەزمان ــ (صت.) ، (سیمە.) تە : بەستەزمان .

١ــ بەش ــ [ست : بەغا . ، پە : بەخش] ،(نا.) ، (کئێر. ، کەر. ، بک.) ١ــ هەر پارچەیەك لە شتێك کە لەت و کوت کرابێ ، جا ئەم لەتانە هەمۆیان بە قەد یەك بن یا گەورە و چۆك ، قورس و سۆك ، و ... بن . هەر (جزء)ێك لە ئەجزای (کل)ێك . :: دنیا سێ بەشی ئاو و بەشێکی ووشکانییە . بەشی زۆری قسەکانی دەربارەی نەخۆشێ زەردۆیێبۆ . ٢ــ نەختێ لە شتێ کە بۆ چەند کەس تەرخان کرابێ . ئەو نەختەی بەریەکێکیان دەکەوێ. (عا.) حصة ، سهم . :: بزانن بەشی خۆی چەندی بەردەکەوێ بێدەنێ . بەشی خۆی بە زیادەوە وەرگرتوە و هێشتاش نارازییە . ٣ ــ رزق و رۆزێ . قیسمەت و نسیب . □ « بەشی قرژەی نان و گۆشتە » ، «یاخوا بەشت هەر دۆزمانێ بێ » . «خوایە رازیم بە بەشت » . ٤ــ پارچەیەك ، هێندێك و نەختێك لە شتێ کە بەشەریکایەتێ ئێ چەند کەسان بێ. :: ئەم ئوتۆمبێلە بەشی خەسرەوی پێوەیە . ئەم خانوە بەشی هەتیوی پێوەیە ؛ بێئاگاداری قازێ نافرۆشرێ. ٥ــ مەلبەند، ناوچە یان هەر هەرێمێکی وولاتێك :: شاری هەلەبجە لە بەشی شارەزۆرە ، بەشی جوانرۆ دەکەوێتە جنوبی کوردستانی سنە . بەشی موکریان لە کوردستانی ئێرانە .

بەش‌بەحالی ... رستەیەکە، یەکێك لە سەرەتا یا دوایی قسەی زیاددەکا تا ئەو کەسانەی گۆیان لە قسەیەتی نەیبەنە سەرخۆیان :: بەش بەحالی خۆم دەلێم پیاوی ! درۆزن رۆی رەش بێ. **بەشی‌خولا ــ** (نت.) ، (مک.) تە : بەشی خوا . **بەشی خودا ــ** (نت.) ، مک.) تە : بەشی خوا .

بەشی خوا ــ (نت.) ، (سیم .) هەرچی لە لایەن خواوە بە ئادەمیزاد بگا ، وەکو : رزق و رۆزێ ، بەختەوەرێ و بەدبەختێ، بەلا و نەگبەتێ و نەخۆشێ ، منداڵ و ... :: بەشی خوایە و شوکرانەی دەوێ . ★ (مک.) بەشی خودا ، بەشی خولا .

بەش‌چۆنەوە سەربەشان ــ (کن.) بە کەسێك دەگوترێ : « رەببێ بەشت بچێتەوە سەربەشان » بە نیازی ئەوەی ئەو کەسە کەسێکی نیزیکی بمرێ و بێتە میراتگری و هێشتا میراتەکە بەش‌نەکرابێ خۆشی بمرێ و بەشەکەی ئەو بە سەر میراتگرەکانی مردۆی پێشۆدا بەش‌کرێتەوە .

٢ــ بەش ــ [؟] ، (صت.) ئاواڵەداپچڕاو ، لێك‌کراوەوە . :: برینەکەی دەمی بەش‌کردۆتەوە . تێبـ ــ أ) ئەم صفەتە زیاتر بۆ دەمی گیاندار و برین بەکاردێت . ب) من وای بۆ دەچم کە ئەم ووشەیە دەگەڵ (١ــ بەش) هەر یەك بن و یەکێك لە مەعناکانی (١ــ بەش) بێ ،

چونکو وەختێ (دەم) دادەپچڕێ یا (بڕین سەری دەکاتەوە ، ڕاستییەکەی ئەوەیە (کل)ێك دەبێتە دۆ (جزء) سەرەڕای ئەوەش چونکۆ زۆر لەم بۆچوونەی خۆم دلنیانەبوم وەکو واحیدێکی سەربەخۆ حیسابم کرد و بە جیا نوسیم .

٣ـ بەش ـ (صت.) (مک.) حالی گایەکی ناوچاوانی تا سەر دەمی سپی بێ ، خۆی ڕنگی چدەبێ ببێ. □ « وەك گای بەش وایە » . ★ (هل.) قەش . ٢ـ حالی بزنی ناوچاوان سپی . ★ (مک. ، هل.) قەشان . ٣ـ (هل.) حالی مانگایەکی ناوچەوان سپی .

بەش‌بڕان ـ (مصت. لا. فجـ.) بێ‌نسیب بونی کەسێ لە شتێ (ماددێ مەعنەوێ) کە بە هیوا بوبێ پێی بگا و دەستی‌کەوێ .

بەش‌بڕاو ـ (نمف : بەش‌بڕان) کەسێکی بە هەوای شتێك بوبێ دەستی کەوێ و دەستی نەکەوتبێ

بەش‌بەش ـ (صت.) حالی شتێك ، جێگایەك یا وولاتێك کە پارچە پارچە و لەت و کوت کرابێ .

بەش‌بەش‌کردن ـ (مصت. متـ.) شتێك ، جێگایەك یا وولاتێك کردنە چەند پارچە :: گوشتەکە بەش‌بەش کەن و ببەن بۆ ئەو مالانە. ئیستیعمار نەبا کەس نەیدەتوانی ئەم وولاتە وا بەش‌بەش‌کات .

بەش‌خواردن ـ (مصت. متـ .) ١ـ بێ‌بەهرەکردنی کەسێك لەوەی بۆی دیاری‌کرابێ :: فەرزندە چوە دەرێ هەتا هاتەوە بەشەکەیان خواردبۆ . ٢ـ (مجـ.) بە ناڕەوا دەست ، دە مالی خەلکی نان و دەست بە سەر هێندێکی یا هەموی دا گرتن . :: مامەکەیان بەشی ئەو هەتیوانەی هەر خوارد .

بەش‌خواردن ـ (مصت. لا. فجـ.) بێ‌بەهرەبون ، مەحرومبون :: مندالینە هەرچی درەنگ‌بێتەوە بەشی دەخورێ .

بەش‌خوراو ـ(نمف : بەش‌خوران، کەسێکی بەشی خورابێ ، شتێکی لێ‌داگیرکرابێ ، بە زۆر مالی زەوت‌کرابێ . :: ئەی بەش‌خوراو خۆمان .

بەشدار ـ (صفا.) ١ـ حالی کەسێکی بەشی لە شتێکدا هەبێ . ● ((**ئەگەر بەشە بەشدارین**)) . (کـ.) ئەگەر شتێك بەش دەکەن ئێمەش بەشی خۆمان دەوێ . تێبـ ـ بە لای منەوە ، ئەم ووشەیە ، هەر بۆ ئەو کاتە بەکاردێت کە یەکێك بە حەقانەت و ڕاستێ بەشی دە شتێکدا هەبێ و ئەگەر ویستی وەری بگرێ ، نەك ئەوەی کە (بەش)بخاتە ناو شتێکەوە (ببێتە شەریك تێیدا) . جیا بویە وا تێدەگەم : « بەشداری خەمتانم » یا « لە خۆپێشاندانەکەدا بەشداربو» کە تازە لە (مساهمة) و (اشتراك)ی عەرەبی‌ڕا تەرجەمەکراوون، لە جێی خۆیان نەبن و بۆ ئەم تەرحە شتانە : هاوبەش ، هاوبەشێ ، بە باشتر دەزانم ٢ـ (مجـ.) ، (مک.) صەگ . تێبـ ـ بەو ئیعتیبارەی کە هەرچی لە مالێ بخورێ بەشی ئەوی تێدایە و

دەبێ بیدرێتێ .

بەشقم ـ [محر : بەشـــکم] ، (تب . ، بنت .) ، (مکـ.) تم : بەشکە.

بەشك ـ [کو. عا.] ، [بە/٨ + شك] ، (صفا.) حاڵی کەسێـکی گومانی لە کەسێ لە کارێ ، . . . هەبێ :: هـەر لـــە هەوەڵـــەوە لێیبەشكبوّن . لە خوّی بەشك نەبێ قسـەی وا ناکا .

بـــەشکردن ـ بەسبـــوّن ، کیفایەتبوّنی میقدارێك لە شتێ بوّ مەبەستێ :: سێ میتر فاسوّنیا بـوّ کوّت و شاڵوار بەشدەکا. چێشتەکە زوّرە سێ کەسی دیکەش بێـن هەر بەشدەکا . کەوشـەکەی برزوّ بەشی سێ مانـــگی نەکرد . دەســـتی پێوەنەگرتبا توّتنـــەکەی بـــەشی هەفتەیێـکی نەدەکردە □ « زیـاتر بـیری لـە پـارەی ســەرفترەکە دەکردەوە، چوّنی خەرجکات، بەشی کاسە جێژنەش بکا ، جێژنانەیەکیش بوّ ژنەکەی و منداڵەکانی بکرێ » . (قزڵجی : پێکەنین ـ ٧٣) .

٢ـ (مصد. مت.) (کل)تێككردن بـە چەند (جزء) سا بوّ هەر مەبەستێ بێت . :: ئێوارە کە مەڕ هـاتەوە حەیوانەکانمان بەشکرد . پشکیان لێهاویشـــــت و خانوەکەیـــان لێبەشکردن. منداڵینە بچن نوقڵان بکڕن و بـوّ خوّتـان بەشی کەن . بەشناکرێ . بەشنەدەکرا . بەشی دەکەین . **دابەشکردن** ـ (مصد . مت.) ١ـ تم : بەشکردن/٢ . ٢ـ تم : بەشینەوە . تێب ـ وا تێدەگەم جیاوازێکی پچوّك لـە نێوان ئـەم

مەصدەرە و مەصدەری بەشکردن /٢دا هەبێ ، ئەویش بـە لای منەوە ئەوەیـــە کە (دابـەشکردن) بـوّ ژمارەیێکی نـامەعلوّمی خەڵك دەبێ بەکاربێت و (بەشـکردن/٢) بـوّ ژمارەی دیار و مەحدوّد .

بەشکم ـ [بە/٢ + شـك + ئم (زەمیری : من)] ، (تب. بنت.) تم : بەشکە .

بەشکو ـ [بە/٢ + شك + ئو (زەمیری : ئێوە)] ، (تب. ، بنت .) تم : بەشکە .

بەشکە ـ [بە/٢ + شك + ١ـ ئـــە] ، (تب . ، بنت . (ئـەدێ ئەگەر . . . ، ئەگەر هـاتوّ . . . ، ئەیکە . . . ، هاتووا . . . ، تێبـ ـ أ) ئەم ووشەیە هاوتای زوّرە کە هەر یەکەیـــان هێنـــدێك دەنـــگیان (هێندێـــکیانلە ناوەڕاســـــت و هەموّیـــانلە دوایێ) لێزیادکراوە ، دەنگەکانی دوایێ بـە لای منـــەوە (زەمێر)ن ، لە ڕابوّردوّدا (بەشـــکم) دەگەڵ (بەشکو) بە پێی زەمیرەکەی دوایێ مـــانای جیاواز بوە ، بـــەلآم بەرەبەرە ئـــەو فەرق و جیاوازییە لەناوچووە و هەموّ ووشەکان یەك مانایان بوّ ماوەتەوە . ب) تەلەففوزی ئەم ووشـــانەش گوّڕانی بەســـەردا هاتوە و بە لای منەوە لە ڕابوردوّدا (بە ، شکم = بەشکی من) گوتراوە و لە قورســـایێ تەلەففوز خراوەتـــە ســـەردەنگی (ش) بەلآم ئێســـتا ئەم قورساییە هاتوّتە سەرکەرتی دوایێ ووشەکە . . . ج) وەکوّ نیشانم داوە کەرتی (شك) لەم ووشـــەیەدا هەر

(شك)ی عارەبییە ، بەڵام من خۆشم لەم (شك)ە بەشـکم . ★ بەشقم . بەشکم . بەشـکێکم . بەشـکێکو ، بەشکو ، بەشکەم . بەشکێ .

بەشکەم ــ [بەشکە + ئم (زەمیری من)] ، (تب . ، بنت .) تم : بەشکە .

بەشکێکم ــ [بە/٢ + شـك + ئێك (= ٣ ــ ێ) + ئم (زەمیری : من)] ، (تب. ، بنت .) تم : بەشکە.

بەشکێکو ــ [بە/٢ + شك + ئێك (= ٣ــ ئێ) + ئۆ (زەمیری : ئێوە)]، (تب . ، بنت .) تم : بەشکە .

بەشکێ ــ [بە/٢ + شك + ئێ (زەمیری : وێ = ئەو)] ، (تب . ، بنت .) تم : بەشکە .

بەشورار ــ [بە/٨ + شـوار] ، (صت .) ، (مک .) حاڵی صابونێکی باش کەفبکا .

بەشۆ ــ (صت.) ، (کعر. ، سنـ.) حاڵی ئافرەتێکی کە شوی‌کردبێ. :: مامبارام سێ کچی بەشوی هەیە و دوانیشی لە ماڵەوە عازەبن . ★ (مک.) بە مێرد .

بەشۆدان ــ (مصت . مت .) ، (کعر. ، سنـ .) ١ــ ژن یا کچێ لە پیـــاوێك مـــارەکردن . ٢ــ هەڵخـەڵەتاندن و تۆشی‌بەڵاکردنـی کەسێ .

بەشـەر ــ [عا.] ، (نـا.) تم : ئادەمێزاد .

بەشەرت ــ [کو. عا.]، [بە/٨ + شەرت (شرط)] ، (صت .) بە پێی قەرار و مەدارێکی لە پێشدا قسەی لێ‌کرابێ . :: بە شـــەرتێ دەگەڵت دێم کە تۆ هیچ قسـە نەکەی . بە شەرت دەگەڵی ئاشت‌بۆتەوە . خۆ تۆ بە شـەرت نەبویتـە ئەنـدام .

بە شەرتی چەقۆ ــ ١ــ ڕستەیێکە شوتی‌فرۆش بـەکاری‌دێنن ، بـەو مانایە کە ئامادەیە بە چەقۆ شوتی لەت‌بکا و ئەگەر نەگەیشتبێ کڕیار هەڵی‌نەگرێ . ٢ــ (مج.) بە دوای بڕوبیانۆدا گەڕان بۆ ئەوەی ڕێگە لە جێبەجێ‌بونی کـار و مەسـەلەیەك ببڕێتەوە . دانانی (شروط تعجیزی) لە پێش کارێك. :: ئەوەی تۆ دەڵەی دۆستایەتی بە شـــەرتی چەقۆیە و سەرناگرێ .

بەشێنەوە ــ [بەشێن (بەخشین+ ٢ــ ئەوە/٢] ، (مصت. مت.) ١ــ دابەش‌کردنی شتێك بە خۆڕایی :: شیرنی دەبەشنەوە. گۆشتی قوربانی دەبەشێتەوە **ئا ! ئا ! دەبەشنەوە** ــ ڕســـتەیێکە بەسەرســـوڕمانەوە دەگوترێ . زیـاتر دوکاندار بـــە کڕیارێکی دەڵێ کە نرخێکی وا بـۆ کاڵایەك بڵێ نەچێتە عەقڵەوە . ★ بەخشێنەوە . دابەش‌کردن/٢ .

بەشێنی خواردن ــ (مصت. مت.)، (کنـ .) ١ــ فرۆشـتنی بەرهـەم و حاسـڵاتی کشـــتوکاڵ ، بـەرلە پێگەیشتنی فرۆشتن . ٢ــ (مج.) هـەمۆ بەرهەمێـکی دێـکە ، بـەم دەردەبردن . تێب ــ ئەم مەصدەرە لـەوەڕا پەیـدابوە کە جـوتێرانی کوردســتان ، لەبـەر نـەداری و دەسکورتی پێش ئەوەی حاسڵاتیان پێ‌بگا ، لە شـاران بـە بازرگانیان دەفرۆت و پارەیان لێ‌وەردەگرت . ئەوجار کە حاسڵەکەیان پێدەگەیێ،

یا ده‌یان‌فرۆشت و قه‌رزی كابرایان ده‌دایه‌وه یا هه‌ر حاسڵه‌كه‌یان ته‌سلیم ده‌كرد و خۆیـان هیچی وایان بـۆ نه‌ده‌مایه‌وه . جا له‌م به‌ینه‌دا ئه‌گه‌ر قسـه لـه چۆنێتی حاسـڵه‌كه‌یان هاتبایه گۆڕ ، ده‌یان‌گوت : « به‌من چی ! من به‌شێنی خواردۆمه » .

« به‌عاسته‌م و دۆ به‌لا » — (بنت .)، (مك .) زۆركه‌م :: به عاسته‌م و دۆ به‌لا له‌به‌ری هه‌ڵستا .

دۆ به‌لا به‌ولاوه چۆ . به عاسته‌م و دۆ به‌لای مابۆ لـه بانه‌كه بكه‌وێته خوار . تێب — نازانم ووشه‌ی (به‌لا) لێره‌دا هـه‌ر (بلاء)ی عه‌ره‌بییه یا شتێكی تر .

به‌عینوان — [كو. عا.] ، (صت .) حاڵی ئافره‌تێـكی جـوان و كۆك و پۆشته و شۆخ‌و شه‌نگ و له‌خۆبایی، ئافره‌تی به شه‌خسیه‌ت .

به‌غیره‌ت — [كو. عا.] ، (صت.) ئازا و نه‌ترس (ماددی و مه‌عنه‌وی) □ « وه‌كو شـێر وه‌رنـه مه‌یدانی جه‌ڕاره‌ت » .

« بـه‌غیره‌ت بن ، بـه‌غیره‌ت بن ، به‌غیره‌ت» (مگ : مه‌لا — ١٦) .

به‌غیل — [محر . عا : به‌خیل] ، (نفا. ، صـ .) كه‌سێكی چاوی بـه حاڵخۆشـی خه‌ڵك هه‌ڵنـه‌یه‌ت . كه‌سـێكی حه‌ز بـه‌ده‌وڵه‌مه‌ندی ، خۆشبه‌ختی و . . . و . . . نه‌كات . تێب — مانای ئه‌م ووشه‌یه له‌كوردیدا، هیچ پێوه‌ندیكی ده‌گه‌ڵ مانای ئه‌سڵه عه‌ره‌بییه‌كه‌یـدا نیـه و مانـای (حه‌سۆد)ی عه‌ره‌بی ده‌دا . به‌ڵام له بن‌له‌هجه‌ی سـله‌یمانیدا شـكڵ و ماناكه‌ی هیچ ده‌ستی لێ‌نه‌دراوه و به‌مانای (رژد)ی كوردییه .

به‌غیلی — [به‌غیل + ٢— ئی] ، (حمصـ .) كارێـكی مرۆڤی به‌غیل ده‌یكا . حه‌سـاده‌ت . حه‌سـۆدی (عا.) .

به‌غیلی پێ‌بردن — (مصتـ. لا.)به ئاواتی حاڵناخۆشـی ، لێ‌كه‌وتن و فه‌قیربـوونی كه‌سـێكه‌وه‌بۆن . داواكاری ڕۆداوی ناخۆش (له هه‌ر بابه‌تێك بێ) بۆ كه‌سێ بۆن .

به‌فاڵ — [كو. عا.] ، [به/٨ + فاڵ (= فحل)] ، (صت.) حـاڵی ماكه‌ر و ماینێكی هه‌وای جۆت بۆنیان ده‌گه‌ڵ نێره‌كه‌ر و ئه‌سپ كه‌وتبێته سـه‌ر ● **« له چ حاڵ به‌فاڵی »** — (مك .) مه‌ته‌ڵێكه به كه‌سێ ئه‌ووترێ كه چلۆنایه‌تی ڕاسـته‌قینه‌ی حاڵی ده‌گـه‌ڵ ئـاوات و كـرده‌وه‌ی ڕێك‌نه‌كه‌وێ .

به‌فر — [ست : فه‌فره . ، په : فـه‌رف] ، (نتـ.) ١— كلـوی شه‌شپه‌ڕی سۆكه به دێمه‌ن وه‌ك لۆكه وایه ، زستانان كاتێك پله‌ی گه‌رما داده‌به‌زێته خوار (.) هه‌ڵمی ئاو كه له ئاسمانا وه‌ستاوه ده‌بێته‌وه ئاو و دێته خوار و له سـه‌رمای نیزیك زه‌ویدا ده‌یبه‌ستێ . ٢— (كعر.) سه‌هۆڵی ده‌سـكرد . ★ (بك .) به‌رف ، به‌فـر . (جف.) بـه‌رف . (جـف .) بـه‌ور . (زا .) وه‌وری . (هو.) وه‌رو . **بـه‌فری یه‌كشه‌وه** — [١— به‌فر + ١— ئی + یه‌ك + شه‌و + ه — ئه/١] ، (نتـ.)

١ــ هەر بەفرێکی شەوێك بەسەر بارینیدا تێپەڕبێ و هێشتا تۆز و خۆڵی لێ نەنیشتبێ و بۆر و چڵکن نەبوبێ. ٢ــ (کنـ.) ڕەنگی زۆر سپێ.

بەفری پیرێژن ــ (نتـ.) بەفرێکە لە کاتی سەرمای پیرێژنێدا (حەوتوی دوایی مانگی ڕەشەمە) دەبارێ .

بەفرانبار ــ [١ــ بەفر + ٢ــ ئان/١ + بار (بارین)] ، هەوەڵ مانگی زستانی بە حیسابی نەورۆزێ سێ ڕۆژە ، (٢١ی کانونی یەکەم ــ ٢١ی کانونی دوەم) . ★ (کئێر .) دەی (فر .) .

بەفراو ــ (نتـ .) ١ــ ئاوە ، کە هاوینان بەفری تێدکەن تا ساردبێ و بۆ خواردنەوە دەستبدا. ٢ــ ئاوێکە کە هەوا گەرم بۆ لە توانەوەی بەفری شاخان پەیدا دەبێ و بـۆ شـیو و دۆڵان دێتـەخوار . ٣ــ (کعر .) ئاوێـکە سـەهۆڵی دەسـکردی تێ خرابێ .

بەفر بەسـەر ــ (صتـ .) حاڵی ڕێگا و بان و دەشت و دەر کە بەفر داپۆشیبن و لەبەر سـەرمای زۆر بەستبێتی و کاتێ پیاو بەسـەریدا بڕوا قاچی دانەچێ . ★ (سنـ .) بەفرەسەر ڕچە/٢ .

بەفرخۆرکە ــ (نتـ .) پرۆشـە بەفرێکە لە ئاخروئۆخری زستانا و پاش ئەوەی تەشقی زەوێ دەشکێ، لـە هەورێـکی ئەسـتوری چڵـکن دەبارێ و پاش ئەوە گەڵێ شوێنی پێدەشـتان بەفریان لێدەچێتەوە و دەبنە ڕەشانگ .

بەفرفرۆش ــ (نفا.) کەسێکە زسـتانان بـەفر لـە چاڵێـکا کۆدەکاتەوە و بە هاوین دەیهێنێتەوە بازاڕ و دەیفرۆشێ .

بەفرماڵ ــ [١ــ بـەفر + ماڵ (ماڵین)] ، (نتـ .) ، (کعر .) شتێکە وەکو بێڵ (پانتر و گەورەتر) لە چەند پارچە تەختە دروسـت دەکرێ ، بەفری سەربان و حەوشە و . . . ی پێ دەماڵنەوە . ★ بەفرماڵك ، (مکـ.) وەروەرە .

بەفرماڵك ــ (نتـ.) تە : بەفرماڵ .

بەفرودۆشاو ــ (نتـ.) ، (مکـ.) بەفـری داناردانای ئاخروئۆخری زستان و سەرەبەهارە کە لە هێندێ نواڵ و قەدپالان دەمێنێتەوە دەگەڵ دۆشاوی ترێ تێکەڵی دەکەن و بە چەشنی شەربەت دەیخۆنەوە .

بەفرەچاڵ ــ [بـەفر/١ + ٣ــ ئە/٢ + چاڵ] ، (نتـ .) ، (سنـ .) تە . چاڵەبەفر .

بەفرەژیلکە ــ [بەفر/١+ ٣ــ ئە /٢ + ژیل + کە (ئە : پچوکی)] ، (نتـ.) جۆرێك بەفرە، کلۆی ووردە ، لە حاڵەتی نێوان بەفر و تەرزەدایە. تێبـ ــ کەرتی (ژیل) لەم ووشـەیەدا، بە لای مـنەوە هـەر (ژیـلە)ی بنلەهجەی (لوڕێ)یە کە بە مانای تەرزەی وورد هاتوە (تە : لوڕێ ، ل ــ ٧٧) ★ بەفرەلۆکە .

بەفرەسەر ــ (صتـ.) ، (سنـ.) تە : بەفربەسەر .

بەفرەلۆکە ــ [بەفر/١ + ئەڵ/١ + ئۆکە] ، (نتـ.) تە : بەفرەژیلکە.

بەفیز ــ [بـە/٨ + فـیز] ، (صتـ.) حاڵی کەسێکی ئیفـادەی

هەبێ ، تەکەببور بەسەر خەڵکا بکا. (ی.) مەغرور ، موتەکەبیر . ★ بەهەوا .

بەق ــ (نا.) ، (هو.) نێرەکەو .

بەقا ــ [عا : بقاء = مانەوە] ، (نا.) ١ــ باوەڕ ، بڕوا :. پیاوێکی درۆزنە بەقای پێ مەکە . ٢ــ وەفا. □ «دنیا بەقای بۆ کەس نیە » .

بەقاپێکردن ــ [عا. کو.] ، (مصد. مت.) تە : باوەڕپێکردن .

بەقاڵ ــ [عا = بقال] ، (نا.) دوکاندارێکە ، خواردەمەنیی وەکو برنج و ڕۆن و پەنیر و ماست و میوەجات و کەوەر و پیواز و سەوزی تر دەفرۆشێت .

بەقاڵی ــ (حمص .) کار و پیشەیێکی بەقاڵ دەیکا .

بەقبەقۆ ــ [ند] ، (نت.) ، (سن.) دەنگی کۆتر . ★ (مک.) گمەگم . هس : (هو.) بەق.

بەقنگاخستن [بە/١٢ + قنگ + ٣ــ ئا + خستن] ، (مصد. مت.) ، (سیم.) تە : بەقۆنداخستن.

بەقۆنداخستن ــ [بە/١٢ + قۆن + دا + خستن] ، (مصد. مت.) ، (مک.) وەدواخستن . وەدرەنگیخستن . کەمتەرخەمیکردن لە جێبەجێکردنیکاران .

بەقەد ــ [بە/٢ + قەد] ، (بند.) بەئەندازەی ... ، هێندەی .. □ « بەقەد ئەو کێوەی غەم لە دڵم بارە»، (فۆلکلۆر) . ●«بەقەدبەڕەی خۆت پێڕاکێشە » ، (تە : خا ، پەند ، ل ــ ١١٩) ، (کنـ.) لە ئەندازەی توانستی خۆت زیاتر داوا مەکە .

بەقەڵفەزچوون ــ [بە/٣ + قەڵفەز ؟ + چوون] ، (مصد. مت.)، (مک.) دڕانی جلوبەرگ، لە ئەنجامی لێگیربوونی تەڵەزمەدار ، بزمارێکی لەشوێنێك داکوترابێ . بەردێکی نوكتیژی دەرپەڕیو و هەرشتێکی تری لەم بابەتە . تێب ــ ١) ئەم جۆرە (دڕان)ە هەمیشە شکڵی زاویەی قایمەی هەیە و (زاویە) کە ئەو شوێنەیە کە تەڵەزم یا ... ی لێگیربوە . ب) من نەمتوانی بزانم وشەی (قەڵفەز) ئەسڵی چیە و لە کوێڕا هاتوە ، بەڵام بە دووری نازانم کە دەگەڵ وشەی (قەڵبە)ی بن لەهجەی سلەیمانیی پێوەندێکی نیزیکیان هەبێ هەرتکیان ئەسڵیان یەكبێ ...و) مامۆستا خاڵ (قەڵفەز)ی بە (تاقگە) مانالێداوەتەوە . (تە : خا ، ب ٣ ، ل ــ ٥٦) .

بەقەم ــ (نا.) ، (کمر.) ڕەنگێکی کاڵبێتەوە . تێب ــ ١) ئەم وشەیە لە (بەگەم)ەوە شێوەی عەرەبیی دراوەتێ و کراوە بە (بەققەم) و گەڕاوەتەوە ناو زمانی کوردیی . ب) لە ئەسڵا بە درەختێکی مەڵبەندی ئەمریکای جنوبی گوتراوە کە بە فرەنسی (کامپێشی) ناوە و ماددەیێکی تێدایە بە لاتینیی پێی دەڵێن (هێماتۆکسیلۆن) ، ئا لەم ماددەیە ڕەنگی سوور ، شین ، بنەوش ، بۆرورەش سازکراوە و زیاتر بۆ ڕەنگکردنی خوریی و

ئاوریشم بەکارهاتوە چونکو لـــــە مانەدا درەنگتر کاڵدەبێتــــەوە ، بەڵام بۆ لۆکە و کەتان زۆ دەچێتەوە. ج) وەکو دەبینن لە زمانی کوردیـدا شێوەی گشتێ دراوەتێ و بۆ هـەر ڕەنگێکی بچێتەوە بەکاردێت . ★ (هل.) زاج .

بەقەوەت ـ [کو. عا.] ، [بە/٨ + قەوەت = عـا : قوة] ، (صتـ.) تم : بەهێز .

بەقیناکەوتن ـ (مصتـ. لا.) ، (سیمە.) تم : بەقین داچوون .

بەقین‌داچوون ـ (مصتـ. لا.) ، (مکـ.) ڕقهەڵستان لە کەسێ یـا کەسانێ و پێداگرتن لەسەر ئـەم ڕقە و خۆدوورگرتن لە ئاشتبوونەوە. :: لێمان بە قینداچوە و سێ ڕۆژە چۆتە ماڵی خاڵی و نایەتەوە . ★ (سیمە.) بە قیناکەوتن . (مکـ.) بە قینداکەوتـن . بەڕقداچـوون . بەڕقداکەوتـن . تێبـ ـ لــەم مەصدەرەدا وشەی (قین) هـەر (کین)ی پەهلەوییە کە دەنگی (ك) تێیدا لە پاش بڵاوبوونەوەی ئیسلامـەتێ گۆڕاوە و بۆتە (ق) .

بەقین‌داکەوتن ـ (مصتـ. لا.) ، (مکـ.) تم : بەقین‌داچوون .

بەکار ـ [بـە/٨ + کـار] ، (صتـ.) حاڵی کەسێکی چـالاکبێ ، زۆر هەڵسوڕێ و تەمبەڵ نـەبێ و خۆی لە ئیش‌کردن دوورنەگرێ .

بەکارهـــاتن ـ (مصتـ.لا.) دەستدانی شتێك بۆ مەبەستێ . فایدەهەبوون . بەکەڵك‌هاتن :: وازی لێ بێنن ئەم کابرایە بەکاری هێـچ نایە . ئەم هەمـــو ئاسنەواڵــەت کۆکردۆتەوە بەکاری چێ‌دێن .

بەکارهێنان ـ (مصتـ. متـ.) کەڵك‌وەرگرتن لە شتێ ، لە کەسێ بۆ هەر مەبەستێك بێت :: ئـەم قەڵەمە با بۆ تۆ بێ هێشتا بەکارم نەهێناوە. ئەمانە خەڵك بۆ مەبەستی تایبەتێ خۆیان بەکاری‌دێنن .

بەکاوەخۆ ـ [بە/٢ + کاوەخۆ؟]، ١ـ (بنتـ.) بەهێـواشێ . بـێ تاڵوکەکردن، لەسەرخۆ. ٢ـ (صتـ.) حاڵی ئادەمیزادێکی لـە کارانـدا لەسەرە خۆ بێ و تاڵوکەنەکا .

بەکرە ـ [= عا : بەکـەرە] ، (نا.) ، (کعر.) ١ـ ئامرازێکە بـە شکڵی ئوستوانە لە تەختە دەکرێ و نـاوقەدی بـارتێك‌کراوەتەوە ، ئەوسەرەوسەر کونەودێودەکـرێ ، دەزوی لەسەر هەڵدەکەن . ٢ ـ ئامرازێکی خڕە لە ئاسن ، وەکو دو پارچە ئاسن پێکـەوە نوسـابن و هێندێکی لێك‌دوربن ، گوریـس ، زنجیر یا هەر شتێکی لەم بابەتە بەو نێوانەدا ڕەت دەبێ و لەسەرێکەوە بە دەست یا هەر هێزێـکی تـر ڕادەکێشرێ و سـەرەکەی تـری دە(بار) یا شتێکی قورس دەخرێ . بۆ داگرتن و هەڵگرتنی باری قـورس بەکاردێـت . ★ (کئـێر.) ١ـ غەرغەرە . (سنـ.) قرقرە .

بەکرێ‌گرتن ـ (مصـتـ. متـ .) وەرگرتنی هەر شتێـك (خـانو ، ئەسپ ،...و...) لە خاوەنی بـۆ ڕاپەڕانـدن و جێبـەجێ‌کردنی مەبەستێکی خـۆ ، بەرامـبەر بـە

هێندێك پارە كە لە پێشدا لەسەری ڕێك‌دەكەون . :: خانووەكەی بە هەزار دینار بەكرێ‌گرتوە . دەگەڵ میرزا قاسمی قادری و یاهو دوو ئێسترمان بە كرێ‌گرت و چوینە مەرگەوەڕ .

بەكرێ‌گیراو ـ (نمف.) ١ـ هەر شتێكی بۆ جێبەجێ كردنی مەبەستێ لە خاوەنی وەرگیرابێ و پارەی بدرێتێ . ٢ـ (تت.) هەر كەسێكی بە پارە یا بەرامبەر پاراستن ، پشت‌گرتن یا هەر جۆرە یارمەتی‌دانێك ، خزمەتی كەسێ یا هەیئەتێكی كۆمەڵایەتی (دەوڵەت ، ... ، .) بكات . (عا.) عەمیل :: بەكرێ‌گیراوانی ئیمپریالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست . بەكرێ‌گیراوانی شەریكەی‌نەوت . تێب ـ ئەم مانایە هەمیشە بۆ مەبەستی (سەلبی ـ مەنفی) بەكاردێت .

بەكۆمەڵ ـ [بە/٢ + كۆمەڵ] ، (بنت.) هەموو پێكەوە ، بەتێكرایی . :: خەڵكەكە كۆبونەوە و بە كۆمەڵ ڕۆیان‌كردە بەر دەركی سەرا . كوڕینە وا بە كۆمەڵ مەڕۆن با فرۆكە نەتان بینێ .

بەكەرەم‌نەمان ـ (مصت. لا.) ، (مك.) لەكاركەوتن . بێ‌كەلك‌بوون . بێ‌خاسیەت‌بوون .

بەكەرەم‌هاتن ـ (مصت. لا.) ، (مك.) تم : بەكارهاتن .

بەكەلك‌هاتن ـ (مصت. لا.) ، (مك.) تم : بەكارهاتن .

بەكەڵ ـ [بە/٨ + كەڵ] ، (صت.) حاڵی مانگایەكی هەوای جووت‌بوونی دەگەڵ (گا) دەسەردابێ .

بەكەڵك‌هاتن ـ (مصت. لا.) ، (كعر.) تم : بەكارهاتن .

بەكەیف ـ [كو. عا.] ، [بە/٨ + كەیف] ، (صت.) دڵخۆش . بەدەماغ . خۆشحاڵ .

بەكێش ـ (صت.) حاڵی مرۆڤێكی لە كاراندا پشووی درێژبێ و لەمەیدان دەرنەچێ و واز لە جێبەجێ‌كردنی كارەكە نەهێنێ .

بەگ ـ [ست : بغە ، بگە . پهـ : بەگ = خوا] ، (نا.) ١ـ (كئێر. كعر.) نازناوێكە بە نیشانەی بە گەورەزانین و ڕێزلێگرتن ، لە پاش ناوی سەرۆكی هێندێ لە عەشیرەتەكانی كوردستان (جاف ، جوانڕۆیی ، بانەیی ، فەیزوڵڵابەگی و ... و ....) دێت . :: ڕۆستەم بەگ ، عەبدوڵڵابەگی میسباح ، داوود بەگی جاف . ٢ـ (كعر.) لە دەوری دەستەڵاتی عوسمانییاندا، لە عێراق و كوردستانی عێراقیش (وەكو هەموو شوێنێكی دیكەی ئیمپڕاتۆرێتی عوسمانی) بە هێندێ كاربەدەستان گوتراوە و ئێستاش هەر بەكاردێت، بەڵام زۆر لە جاران كەمتربوە و شیوەی ڕەسمی‌بوونی خۆشی لەدەست‌داوە . ٣ـ (كعر.) بە نیشانەی ڕێزگرتن ، لە قسەكردنا دەخرێتە دوای ناوانەوە ، بێ ئەوەی ئەو كەسە خۆی سەرەك‌عەشیرەت یا كاربەدەستێكی میری بێ . تێب ـ أ) ئەم ووشەیە بە هۆی دەستەڵاتی عوسمانییانەوە ، لە هەموو خاكی

ئیمپراتـــۆریەتی عوسمـــانیدا بڵاوبۆتـــەوە و گەلێ گۆڕانیشـــی بەسەردا هاتوە : لە زمانی عەرەبی و فارسیدا بۆتە (بێگ) ، ترك خۆیان دەڵێن (بەی، بێی) ، لە تونس (بای) دەگوترێ . ب) بۆنە بـــاوی ئـەم ووشەیە لە حـکومەتی (ترکـــانی عوسمانی)دا وەکو لـــە قەبێـــکی ڕەسمی ، وای لە هەندێ کەس کردوە کە ڕەگەزی بەرنەوە سەر زمانـــی تورکی ، لەوانە ــ کە بەلای منـــەوە زۆریش سەیرە ــ خوالێخـــۆش بو دوکتۆر (معین)ە (تە : فەرهەنگ ، ج ١ ، ل ــ ٥٦٠ ، ٦٣١) . بــەلام مامۆستا تۆفیق وەهبی (تە : هێبد، ل ــ ١٠) وەك ووشەیەکی ڕەسەنی کوردی نوسیویانە .

بەگرتدان ــ [بــە/٣ + گــرت (گرتن) + دان (فعـ.)] ، (مصت. مت.) بۆنە مایەی گیران و بەندکرانی کەسێ .

بەگزادە ــ (نت.) ، (کعــر. ، کئێر.) ١ــ هەمو ئەو کەســانـــەی لە بنەماڵەی (بەگ)ێك دەکەونەوە :: بەگزادەی جـــاف ، بەگـــزادەی فەیزوڵلابەگی، بەگزادەی هەورامان. ٢ ــ (مجـ.) خاوەن بنەماڵـــە و نیشان ، نەجیب ڕەسەن . (عـا.) نەبیل .

٣ــ (بکـ.) ئـەوانەی بـە دێهـاتی کوردستانـــەوە دەخولێنـــەوە و دەهۆڵ و زوڕنا لێـدەدەن. (تە : ژابا ، ل ــ ٥٣ و ٥٤) . تێب ــ بەلای منەوە دەبێ بە نیشانەی قەدزرانین و حورمەتگرتنی هونەری ئەوکەسانە، ئەو لەقەبەیان درابێتێ .

بەگڕاچوون ــ [بە/١٢ + گڕ + ٣ــ ئــا (دا) + چـــوون (فعـ.)] ، (مصت. مت.) ، (ســـیمـ.) تـــە : بەگڕداچوون .

بەگڕداهاتن ــ (مصــت. لا.) . (مکـ.) پەلاماردرانی کەسـێك لـە لەلایەن کەسێکی ترەوە بە نیازێـکی خراپ ، جا چ بە قسە و دمەقاڵـــە بێ یا بە تێلا و هەر شتێکی لـــەم بابەتە . تێب ــ ئەم مەصدەرە لــــە حاڵێکدا دەکاردەکرێ کە ئەو کەسەی بەگڕیداچوون ، کارەساتەکە بــــۆ یەکێکی تر بگێڕێتەوە . :: هەر لـــە هێچ و خۆڕایی بەگڕمداهات .

بەگڕداچوون ــ (مصت. متـــ.) ، (مکـ.) پەلاماردانی کەسێك لە لایەن یەکێکی ترەوە بە نیـازی شـــەڕ و خراپە . (هس : بەگڕداهاتن) . ★ (مکـ.) دەگڕڕاچوون .

١ــ بەگوڕ ــ [بە/٢ + ١ــ گوڕ]، (بنت.) بەهێــــز ، بەقـــــەوەت ، بەتوندی ، بەتین و تاقەت . :: بــە گوڕ خۆی هەلاویشت و بەســـــەر دیوارەکەدا بازدیدا .

٢ــ بــەگوڕ ــ [بـــە/٨ + ١ ــ گوڕ] ، (صت.) حاڵی کەسێـــــکی هێز و تاقـــەتی زۆری هەبــێ . :: جوامێر پیاوێکی بەگوڕە .

بەگوڕەگوڕ ــ [بـــە/٨ + ٢ ــ گوڕ + ٣ــ ئــــە/٢ + ٢ــ گـــوڕ (رڕ . فعـ.)] ، (صــت.) حـاڵی کەسێکی بە نەڕەنەڕ و دەنگی بڵیند و توڕەییەوە قسەبکا □ « مەنگوڕم بە گوڕە گـوڕم ، مامەشـم بــــە

مشەمشم » . (فۆلکلۆر.) :: کوڕە هیچ نیە ئەوە هەمیشە هەروا بە گوڕەگوڕە .

بەگون — [بە/٨ + گون] ، (صت.) ١— نێرینەی هێندێ گیانداران کە صفەتی نێرینەیێ تێدا زۆر دەرکەوێت . ٢— (مجـ.) حالی ئادەمیزادی بەزەبروزەنگ .

بەگوێدادان — (مصت. مت.) بە شێوەیێکی ناڕاستەخۆ ، مەبەستێك دە کەسێ گەیاندن . :: وا دیارە هێندێ قسەیان بەگوێدا داوە .

بەگەنکردن — [تو. کو.] ، [بەگەن + کردن] ، (مصت. لا.) ، (کک.) بەلاوە باش بوونی کاری ، شتێ یا قسەیێ . :: ئەگەر کراسەکە بەگەن ناکەی بۆی دەبەینەوە . ★ پەسندکردن .

بەگیانکەوتن — (مصت. لا.) ١— بە چاکێ و خێرایێ هەزم بوونی خواردەمەنیێك :: هێندەت پەلەکرد نەتهێشت نانەکەمان بە گیانی بکەوێ . ٢— خواردەمەنیێك لە لایەن کەسێکەوە :: ترخێنەم بە گیان ناکەوێ ★ بەدڵەوەنوسان .

بەگیر — [بە/٨ + گیر] ؛ (صت.)، (کعر.) تم : بەگیرگە .

بەگیرگە — [بەگیر + گە (= ئك + ە— ئە/٢] ، (صت.) ، (مك.) حالی کەسێکی لەسەر قسە و لە کاراندا زۆر خۆ ڕاگرێ ؛ کەسێکی بەرامبەر ڕۆداوان یا خەڵکی کەمتر خۆ بەدەستەوە بدا .

بەگیرخستن — (مصت . مت .) ، (مك . سیمـ .) تم : بەگیرهێنان .

بەگیرکەوتن — (مصت. لا.) ، (کعر.) ١— گرفتاربوونی کەسێك بە دەستی کەسێکی تر (بە هەر شێوەیێك و بۆ هەر مەبەستێ بێ) . ٢ — تووشی نارەحەتێ و گیروگرفتبوون . ★ (کێـر.) وەگیرکەوتن . ٣— پەیدابوونی شتێکی کەسێك پێویستیبێ :: خەیار بەگیر نەکەوت ترێزوم کڕی . ★ (کێر.) وەگیرکەوتن . (کعر.) بەرگیرکەوتن، بەرگیرهاتن .

بەگیروەستان — (مصت . لا.) وەڕان‌کەوتنی ئەندامێك یا جێگایەکی لەشی ئادەمیزاد و لە کارکەوتنی ★ (مك.) ڕاگیران .

بەگیرهاتن — (مصت. لا.)، (کعر.) تم : بەگیرکەوتن .

بەگیرهێنان — (مصت. مت.) ، (کعر. ، کێر.) ١— دۆزینەوەی کەسێك کە خۆی لە ڕووبەڕووبوون دەگەڵ کەسێ یا کەسانێ بپارێزێ :: لە کۆچەی ماڵی خۆیان بەگیرمان هێنا هەر چۆنێ بێ لەم دوو سێ ڕۆژانەدا بەگیریدێنین . ٢— پەیداکردنی شتێکی پێویست :: هەموو کتێبخانەکانی بێروت گەڕام کتێبێکیان ڕاسپاردبوم بەگیرمهێنا. ★ (مك.) وەگیرهێنان (مك. ، سیمـ.) بەگیرخستن سیمـ . بەرگیرخستن ، بەرگیرهێنان .

بەل — [؟] ، (صت .) ، (کعر .) ١— قیت ، قنج ، ڕاست . (عا.) قایم ، عەمودێ . (هبێد : ل — ١٠) ٢— « بزنی گوێلول . شتێکە کە شۆڕبوبێتەوە و تەکەتەکی بێ. (زا.)

گیانداری گوێ‌قوت. » (تم : خا : ب ١ ، ل ــ ١٧١) . ٣ــ (هــل .) حاڵی هەر شتێکی وەکو لوولە وابێ (لوولەتفەنگ و . . .) کە لە شوێنێکدا لەبەر هەرچی بێ گوشاد بوبێتەوە :: ئەم تفەنگە لوولەکەی بەلە .

بەلاداکردن ــ (مصد . متـ .) ؛ (کعر.) ١ــ هەڵدانــەوە و دەبــەر پشتێند چەقاندنی شــاقەلی کەوای شــۆڕی کوردێ. ٢ــ (مج.) خــۆ ئامادەکردن بۆ جێبەجێ‌کردنی کار و فرمانێ □ « بــەلادابکەن چــاکی مەردایەتی ، درێغی مەکەن گیان لە کوردایەتی » (ئ) .

بەلاداکەفتن ــ (مصد . لا .) ؛ (سنـ .) تم : بەلاداکەوتن .

بەلاداکەوتن ــ (مصد. لا.) ١ــ لەسەر لاتەنیشتێ ڕاکشانی ئادەمیزاد ★ پاڵکەوتن. ڕاکشــان . درێژبوون. (سنـ .) بــەلادا کەفتن . ٢ــ (تم : بەلاداهاتن/١ .

بەلاداهاتن ــ (مصد. لا.) ١ــ کەوتنەخواری کەســێك (بــە پێوە ڕاوەستابێ یاخۆ دانیشتبێ) لەبەر بێ‌خەوێ ، مەستێ ، یا نەخۆشێکی کتوپڕ و هــەر هۆیەکی تری لــەم بابەتانە . ★ بەلاداکەوتن/٢ .

بەلاشــی ــ [بە /٢ + لاش ا ، (بنتـ .) ؛ (کعر.) ١ــ بەخــۆڕایێ ، بێ‌پارە . ٢ــ بێ‌هۆ ، بێ‌سەبەب . :: بــەلاش و حەلاش ئــەو هــەمۆ ڕێگایەت داینەبەر ٣ــ (کنـ.) هەرزانێ نرخی کاڵایەك :: وەرەترێ ! بەلاش. تێبـ ــ بەنازەوا گەلێ کەس (بۆ نموونە : ژابا تم ، ل ــ ٥٤) ئەســڵی ئــەم ووشەیە دەبەنەوە سەر (بلاشیء)ی عەرەبێ و من خۆشم لە پێشدا هەر وام دەزانی . أ) « بورهانی قاتیع » ئەوەی (موحەممەدی عەبباســێ) پێیاچۆتەوە لــە لاپــەڕەی ١٩٩دا ووشــەی (بیلاژ)ی نوسیوە و بە : بێ سەبەب ، بێ‌هۆ ، بێ‌قەدر مانای لێ‌دەداتەوە . ب) هەروەکو لــە سەرەوە نیشانم داوە ، من ئــەم ووشەیە بە (مرکب) دەزانم کــە کەرتێکی (لاش ــ یا ــ لاژ)ە ؛ بــۆ ئەم کەرتە لــە (ئاوێســتــایێ) و (پەهلەوێ)دا مانایەکم نەدۆزیەوە . دوکتور (معین) لە لاپەڕەی ٣٥٢٧ی بەرگی دوەمی (فەرهەنگ)دا چوار ووشــەی (لاش)ی نوسیــوە : ١ــ لاشە ، کەلاك ، کەلەش . ٢ــ بۆ ئەم لاشەیان دوو ئەسڵی داناوە یەکیان (لاش و ماش)ی فارسێ و ئەویتریان (بلاشیــی)ی عەرەبــێ و ئــەو مانایانەی بۆ هێناوە ، هێچ‌وپــوچ ، نزم ، بێ ئیعتیبار ، پارەی کــەم ، کەم و نرخی هەرزان . هەر لە ڕێزی ئەم (لاش)ەیاندا ووشــەی (بەلاش)ی بە بێ‌هۆ ، بێ‌سەبەب (عبث) مانــا لێداوەتەوە و (لاش)ی سێیەم لــە لەهجەی (مەرغوز)یــدا مانــای (تالآن)ی بۆ دۆزیوەتەوە . (لاش)ی چوارەمیــش مانــای (تــرێ لێکردنەوە)یە . ج) وەکو دەبینــن هەمۆ ئەو مانایایەی کە لەســەرەوە باس‌کران دەگەڵ مانــای ووشــەی (بەلاش) کە ئێستا لە کوردستانی عێراق لە زمانی کوردیدا باوە ، ڕێك دەکەون.

بەلان – [بەی/١ + ٢– ئان/ ٧] ، (نتـ.) ئادەمیزادی کەلەگەت و هەلچوو .

بەلاوەچوون – (مصتـ. لا.) ١– نیزیك‌بوونەوە لە کەسێ یا لە شتێ :: بەلای ئاگرەکەوە نەچێ دەسووتێی. نەخەلەتابی جارێکی دێ بەلای ئەم کابرایەوە بچی دەتکوژم ها) ٢٠ – تە : بۆچوون /٢ .

بەلاوەنان – (مصتـ. متـ.) دوورکردنەوەی کەسێ یا شتێ ، لە کارێك یا جێگەیەك :: ئەوە بۆچێ وا بەلاتەوە ناوین هەرلێمان ناپرسی؟ دەگەل دەستی خووت ئەم کورسییەش بەلاوە بنێ .

بەلایەکداخستن – (مصتـ. متـ.)، (مکـ.) تە : بەبارێکاخستن .

بەل‌بوون – [بەل/٣ + بوون (فعـ.)] ، (مصتـ. لا.) ، (هلـ.) هەلتۆقین و دەرپەڕینی شتێکی وەکوو لوولە ، لە دیوی دەرەوە و گوشاد و فرەوان بوونەوەی لەناوەوە. :: ئەوە ئەو تفەنگە بە چێ وا بەل‌بوە.

بەل‌کردن – [بەل/٣ + کردن]، (مصتـ. متـ.) ، (هلـ.) ئاوسان و گەورەبوونی قەوانی فیشەك لە لوولەی تفەنگەنکدا لەبەر فرەوانی جێگەی فیشەك و ئەوشاری گازی باڕووت .

بەللێ – [محر. عا.] ، (بنـ.) ، (مکـ.) بەلێ تێبـ – ئەم ووشەیە هەر (بەلێ)یە و لەو جێگایانەشدا دەکاردەکرێ کە پێویست بێ (بەلێ) بگوترێ ، بەلام دەکارکردنی هەم بەڕاستنەزانین و نارازێتی لەو قسەیە دەگەیێنێ کە بەکێك کردبێتی و هەم گالتەپێکردنیش .
★ (سنـ.) بەلێ .

بەلۆکە – [بەل /١ + ئۆکە] ، (نتـ.) ، (سنـ.) پارچە گۆشتێکی پچووکە لە زارکی شەرمی ئافرەتا .
★ (مکـ.) بەلە . مێتکە . نێوەڕۆکە. (سیمـ . ککـ .) قیتکە . (جـفـ.) نێوەر . (بکـ.) چۆچەلە .

بەلە – [بە/١ + ٥– ئە/١] ، (نتـ.) ، (مکـ.) تـە : بەلۆکە ●

دێدبەلەقێت – (کنـ .) ئافرەتی ڕۆهەلمالراو کە بە هیچ بارێك لەبار نەکەوێ . هس : (لـو.) بەلە = چیلکە .

بەلەبارێکە – [بە/١ + ٣– ئە/٢ + بارێك/١ + ٥– ئە/١] ، (نتـ.) ، (کئێر. ، کعـر.، جـنـ.) ١– ئادەمیزادی بەژن‌درێژی لاواز و ڕەقەلە ٢– حالی مرۆڤێکی ئاوا :: پیاوێکی بەلەبارێکەی زەردەلەشی لەکن بوو . تێبـ – ئەم ووشەیە ئەگەر دەگەل ناوێك لە حالەتی (ئیزافە)دا بوو ئەوا (صفەت)ە ئەگینا (ناو)ە .

بەلەباقە – [؟] ، (نتـ.) ١– دەردێکە دوچاری بزن دەبێ ، لە بارەی دەخا و دەیکوژێ □ « یەك دانوو دەیکوشت ، یەك بەلەباقە » (سیف القضات) .
٢– (مجـ.) سووکە جنێوێکە ، لە وەختێکا منداڵێ بە قسە و هەرا خەلك وەڕەز بکا ، پێی‌دەدرێ . هەروەك بلێین : دە بێبڕەوە ، ووستبە ، دەنگت بڕێ .

بەلەبەل – [بەل/٢ + ٣– ئە /٢ + بەل/٢] ، (نتـ.) لەرەلەر ،

تەکەتەك .

بەلەبەل‌کردن ــ (مصتـ. لا.) لەرینەوە ، لەرزانەوە .

بەلەپا ــ (صتـ.) ، (سنـ. ، هو.) تە : بەپێ .

بەلەپێ ــ (صتـ.) تە : بەپێ .

بەلەچەك ــ [؟] ، (نتـ.) ، (مکـ.) ١ــ تاسـمە **کولـەکەی شـیرنە** ، هاوینان لەبەر هەتـاو ئیشـکی دەکەنەوە و هەڵیدەگرن بۆ زستان . ٢ــ خواردنێکی کوردەواریە لـە (بەلەچەك/١) و نیسك و کشمیش دروستدەکرێ .

بەلەدیە ــ [عا.)] ، (نا.) تە : شارداری ، شارەوانێ .

بەلەسە ــ [؟] ، (صـتـ.) ، « گیانداری یاخێ . » تە + خا : ب ١ ، ل ــ ١٧٤ .

بەلەسەبـوون ــ (مصتـ. لا.) « یاخێبوون » تە ــ خا : ب ١ ، ل ــ ١٧٤ .

بەلەشوانـە ــ (نـتـ.) ، تـە : بەناشوانە .

بەلەفیترە ــ [بەلە (؟) + فیتـر (فیتراندن) + ٥ــ ئە/١] (نتـ.) ، (کێر. ، کعر.) نەخۆشی زگ‌چوونە تۆشی ئاژاڵ و پاتاڵ دەبێ . هس : (جنـ.) بەلەریقە = ئیسـحالێ بە شیددەت (بۆ ئینسان) تە : لورێ، ل ــ ١٥ .

١ــ بەلـەك ــ [؟] ، (نتـ.) ، (کعر. ، سنـ.) گیایەکی دەشتەکییە و تا میترێك بەرزدەبێتـەوە ، لـە کوردستان زۆرە ، رەگ و ریشـەی ئەم گیایە بۆ خۆش‌کردنی تـامی دەرمانان کەلکی لـێ وەردەگـیری . هەروەها لە شوێنـانی گـەرم شەربەتێکی لێدەگـرن کە تـۆزێ شیرنایێ هەیـە و خواردنـەوەی دەرۆنی مرۆڤ فێنك‌دەکاتـەوە . (عا.) عەرەق سوس (عرق لۆس). ★ (مکـ.) مێکوك .

٢ــ بەلەك ــ [؟] ، (نتـ.) ، (کعر. ، کێر .) بەشێکە لـەلاقی ئادەمیزاد ، دەکەوێتە نێوان ئەژنۆ و قولاپەی پێ . لۆلاك و گۆشتێکـی بەدەورەوەیەتی بە تێکڕایێ .

بەلەك‌پێچ ــ [٢ــ بەلەك + پێچ (پێچان)] ، (نتـ.) ، (مکـ.) شتێکە وەکو کەزۆ ، پان تر و تەنکتر بـۆ گورج و گۆلێ لە بەلەکی دەهاڵێنن . تێبـ ــ لە قولاپەی پێڕا دەسـت بە لێهاڵاندنی دەکەن و لای خوارەوەی هەر قەدێکی بەرە و ژوورتر تۆزێك دەکەوێتە لای سەرەوەی قـەدی بەرەژێرتر لە خـۆی ، تـا دەگاتـە نیزیکی ئەژنۆ دەبڕێتەوە لاسکێـکی درێژۆکەی پێـوە . . . بە پێیقـایم دەکەن لەباتێ ئـەوەی بـە تایبەتێ بێچنن لە تیزماڵـکە قوماشیشـی بەکاردێنن .

بەلەم ــ [؟] ، (نا.) ، (کعر.) ١ــ کەشتی زۆر بچکولە کە لـە تەختە دروستدەکرێ و بەهێـزی (سەولە) لەسەر چەم و ڕۆبـاری گەورە دەگەڕێ . ★ (کێر.) لۆتکە (ڕۆسـێ) . قایق ، (ترکێ) ٢ــ (مجـ.) دەوری پەلی درێژۆکە کـە پلاو و قبـولێ تێـدەکرێ . ★ (کێر.) بلوت .

١ـ بەڵا ـ (ئە.) ، (مک.) تە : بـا .

٢ـ بەڵا ـ [عا.] ، (نا.) ١ ـ شتێ یا بەسەرهـات و ڕووداوێـکی خراپ کە توشی کەسێك دێت و بە زەحمەت چارەی بۆ دەکـرێ . ☐ « هـەر دەڵەی بـەڵای خوایە » ، « بەڵایەك لە ئاسمان بێتـە خـوار خەتای ... ی تێدایە » ، «بەڵایەکە بۆ خۆی » .

بەڵای‌لابـەلا ـ (نتـ.) بـەڵا و ناڕەحەتێکی پیاو چاوەڕوانی نەبێ و لەلاوە توشی بێت :: ئەم کابرایانـە وەك بەڵای لابەلا وان پیـاو دەبـێ خۆیان لێ‌لادا .

بەڵای‌ناگەهان ـ (نت.) بەڵایـەکی کتوپر و لە نەکاو (= ناگەهان) بدا بەسـەر کەسێـکدا :: فڕۆکـە وەك بەڵای ناگەهان گەیشـتە سەرمان . ٢ـ (مجـ.) ، (صتـ.) زۆر زرینگ و زێت ، فێڵباز ، کارلەدەس‌هاتو :: بەڵایەکە بۆ خۆی ● **بێ‌بەڵابێ ـ** ١ ـ بۆ دەربڕینی ناڕەزایی و توڕەیی لـە قسـە و کـردەوەی کەسێـك بەکاردێت . تێبـ ـ بە پێـی ڕادەی (توڕەیی) ووشـەی (بـەڵا) درێژدەکرێتـەوە :: بێ‌بەڵابـی واز بێنە. ٢ـ بۆ دەربڕینی ناڕەزایی ڕووت بەبێ توڕەیی . تێبـ ـ لەم حاڵەتەدا ڕستەکە بێ‌درێژکردنـەوەی هیـچ ووشەیەك و بێ ئەوەی قورسایـی بخرێتە سەر هیچ پیتێـك لـەدەم دەردەچێ ☐ « وورچە قوڵە بـێ بەڵابێ ، لەبن داری بێ‌گەڵابێ » .

بەڵاگەردان ـ [٢ ـ بەڵا/١ + گەردان] ، [عا. کـو.] ، (نفـا.) کەسێك یا شتێك یا ڕوداوێك کـە ئەوەی لێ‌ڕەچاو بکرێ پێشی بـەڵا بگرێ (وەکو : صەدەقە ، نەدر ، خێروخێرات) و لە مـرۆف دوری خاتەوە . ★ بەڵاگێڕ ، بەڵاگێڕەوە .

بەڵاگێڕ ـ [٢ـ بەڵا/١ + گێـڕ (گێڕان)] ، [عا. کو.] ، (نفا.) تە : بەڵاگەردان . تێبـ ـ بـەڵای منەوە ئەسڵی ئەم ووشەیە دەبـێ (بەڵاوەگێڕ) بوبێ و کەرتی (وە)ی لێکەوتوە . ●« **صەدەقە و بـەڵا گێڕبێ** » کاتێ کەسێـك زەرەر و زیانێکی (ماددی) لێدەکەوێ ئـەم ڕستـەیەی بـۆ دڵخۆشی‌دانەوە پێ‌دەگوترێ .

بەڵاگێڕەوە ـ [٢ـ بـەڵا/١ + گێڕەوە (گێڕانەوە)] ، [عا. کو.] ، (نفا.) تە : بەڵاگەردان .

بەڵالێدان ـ [عا. کو.] ، (مصد. لا.) ١ـ گرفتاربـوون . توشـی ناڕەحەتی‌هاتن . ٢ـ (مجـ.) نەمان، فەوتان : لەناوچوون :: دەك بەڵا لەم حاڵەدا . بەڵای لێدا ژیانی قـوڕ دەرکان .

بەڵاڵوك ـ [بەڵ (بۆڵ) + ١ ـ ئاڵو (تێبـ ـ) + ئوك] ، (نت.) ، ١ـ (سیم. مک.) ١) دەڕەختێکـی کێوییە لە جسنی داری ئاڵوباڵو ، بەرەکەشی هەر ئاڵوباڵوە بەڵام دەنکی ووردترە و گۆشتیشی کەمترە . ب) بەری ئەم دارە تێبـ ـ ا) بەڵای منەوە ئەسڵی درەختی ئاڵوبـاڵو هـەر ئەمەیـە و کەوێ‌کراوە و بۆتـە دەسچێن . ب) لە کوردستان ئـەم

داره زۆره ، بەرەکەی دەخورێ و ناوکەکەی دەکوتن لە باتیی دەرمانی ڕەوانی (مسهل) بەکاریدێنن . ★ (سنە.) بەلاّلۆکە کێفیلە . ٢- (سنە.) تم : ئالۆبالۆ .

بەلاّم - [؟] ، (بنە. ، بد.) ، (کعر. ، سنە.) بۆ ئەم مەبەستانە بەکاردێت . ١- بۆ تێکبەستنی دوو مەبەستی لێکجیاواز . :: بچن بەلاّم زۆر دامەنیشن . ٢- بۆ ددان بەمەبەستێکدا هێنان،تەصدیق‌کردنی کارێك :: ئەوە ئێشە کەوایە بەلاّم تۆش حەقتە . ٣- بۆ سەرنج ڕاکێشان یا ووریاکردنەوەی کەسێك کە کارێك نەکا :: بەلاّم نەچی بۆی بگێڕێتەوە . بەلاّم نەچی لەوێ دای‌کوتی ، منداڵێنە بچن بۆ خۆتان یاری بکەن بەلاّم جلکەکانتان پێس‌نەکەن . ٤- بۆ ترساندن و هەڕەشەلێکردن :: چی‌دەکەی بیکە بەلاّم لە بیرت نەچێ . جارێ دەنگ ناکەم بەلاّم هەرروای ناخوا . ٥- بۆ دیاری‌کردنی زۆر و زەبەندیی شتێ . :: جوان بەلاّم جوان . ئازا بەلاّم چ ئازایەك . ٦- بۆ دیارخستنی سەرنەکەوتن لە کارێکا . زۆرم هەوڵدا بەلاّم دەرگاکەم هەربۆنەکرایەوە . زۆری دەگەڵ خەرێك بۆم بەلاّم دەگەلّم نەهات . زۆر دەخوێنێتەوە بەلاّم هیچ حاڵیی نابێ . ★ ئەمما . وەلێ . (مکە.) بەلاّن . (بکە.) لێ .

بەلاّن - [؟] ، (بنە. ، تبـ.) تم : بەلاّم .

بەلّخە - (نا.) ، (سنە.) تم : بڕەك . تێبـ - تەنیا (مردۆخ) ئەم ووشەیەی نوسیوە (تم : مردۆخ ، ج ١ ، ل - ١٨٣) هس : (پەلّخ و پالاّغ) بەچکەی گامێش و (بەرخ) بەچکەی مەڕ .

بەلّغ - (نا.) ١- (کئێر.) توێژێکی سپیە بەرەبەرە لە ناو کەترێ و کۆپی سەماوەردا کۆدەبێتەوە تا دێ ئەستورتر دەبێ. تێبـ - ئەمە لەو ماددانە پەیدا دەبێ کە لە ناو ئاودا تواونەوە و بەکوڵاندن هێندێکی لێ‌جیادەبێتەوە و دەنیشێ . ٢- (کعر.) ئەو توێژەیە کە لە ئەنجامی جگەرەکێشان و چاخواردنەوە دەنیشێتە سەر ددان و ڕەنگی دەگۆڕێ . ٣- (کعر.) تم : ٣- بار .

بەلّغەم - (نا.) ماددەیێکی لیچقی سپی شتێن‌باوە بەیانیان لە گەرۆی پیاوی ڕۆژوەوان و ئارەق‌خۆر و ئەو کەسانەی بە هۆی (سەرما)وە توشی کۆخە و هەلاّمەت دەبن ، دەردەکەوێ . چڵمێکە کە بەرێگای قوڕگدا دێتەدەر . هس ، فلێگم (ئینگلیزی) و فلێگمۆن (فرەنسی) هەر بەم مانایە . **بەلّغەم‌پێدانەدان** - (کنـ.) بۆ بە پیاونەزانین و بە هیچ و پوچ‌زانینی کەسێك . :: یەکێکی وایە بێ‌بێتنی بەلّغەمی پێدانادەی .

بەلّك - (بنـ.) ، (سنـ.) تم : بەلّکو .

بەلّکم - (بنتـ.) تم : بەلّکو .

بەلّکو - [بەلّك + ١- ئو] ، (بنتـ.) ڕەنگە ، لەوانەیە ، ڕێی تێدەچێ ، تەقا بەشکو :: تۆ ئێستا

بچۆ بەڵکو لەوێ بێ . بەڵکو ئەم کابرایە نەیەوێ من ببێنێ . « بەڵکو مریشکەکان هێلکەیان نەکرد » تێب — أ) ئەم وشەیە هاوتای زۆرە: بەڵك، بەڵکم ، بەڵکە ، بەڵکەت ، بەڵکەم، بەڵکەن ، بەڵکی ، بەڵکین ، بەڵکینا ، بەڵکینێ . جا بەلای منەوە هەمو ئەوانە ووشەی (بەڵك)ن و سەرف‌کراون و زەمیرێکی شەخسییان پێوە لکاوە . دڵنیام کە هەر یەکێ لەوانە لە وەختێکی رابردوودا مانای خۆی هەبوە و لە شوێنی تایبەتی خۆیدا بەکارهێنراوە ، بەڵام بەرەبەرە ئەو تایبەتەی خۆیان لەدەستداوە و بوونە ووشەیەك کە مانایەك و چەند شکڵی هەیە . ب) لەبەر ئەوەی کەرتی یەکەمی ئەم ووشەیە و هەمو هاوتاکانی (بەڵ)ە و دەگەڵ (بەل)ی عەرەبی بە مانای (بەلام)ی کوردی وێك‌دەچن ، زۆرکەس یەکەندەردو وا دەزانێ کە ئەسڵی ئەم ووشەیە عەرەبی بێ . (تم : معین، فەرهەنگ، ج ١ ، ل — ٥٧١) بەڵام مامۆستا تۆفیق وەهبی وەك ووشەیەکی کوردیێ‌پەتی نوسیویانە . ★ (بکە.) بەڵکو ، بەڵکێ .

بەڵکە — (بنە.) تم : بەڵکو .

بەڵکەت — (بنتە.) تم : بەڵکو .

بەڵکەم — (بنتە.) تم : بەڵکو .

بەڵکەن — (بنتە.) تم : بەڵکو .

بەڵکی — (بنتە.) تم : بەڵکو .

بەڵکین — (بنتە.) تم : بەڵکو .

بەڵکینا — (بنتە.) تم : بەڵکو .

بەڵکینێ — (بنتە.) تم : بەڵکو .

بەڵگ — (نا.) تم : بەرگ .

بەڵگ‌وبن‌کردن — [بەڵگ + و + بن/٧ + کردن (فعە.)] ، (مصتە. متە.) ١— لەناوبردن . فەوتاندن . خراکردن . ڕیشەدەرهێنان سەرەوژێرکردن . ٢ — ئەودیوەودیوکردن ، پشکنین . زۆرگەڕان بە دوی شتێکا . تێب — (بەڵگ‌وبن) لەم مەصدەرەدا وەك ووشەیەکی تێکەڵ (مرکب) کەلکی لێوەرگیراوە و بۆ هەریەك لە ماناکانی مەصدەرەکە مانایەکی بۆ ڕەچاودەکرێ . بۆ مانای یەکەم : (بەڵگ‌کردن بەڕیشەی دار و ڕیشەکردن بە گەڵا) و بۆ مانای دوەم : (سەرتاپاخوار ، هەمو لایەك ، هەر لە گەڵای دارڕا تا دەگاتە ڕەگ و ریشەی) . ب) ئەم‌بیستوە و ئەم‌دیوە ئەم ووشە تێکەڵە بە تەنیایێ دەکارکرابێ .

بەڵگە — [بەڵگ + ە— ئە/١] ، (نتە.) ١— نیشانەی ماڵی دزراو کە بە دەست کەسێکەوە بگیرێ . ★ (جنە.) بەڵگە . ٢— (تتە.) دەلیل . بورهان . سەنەد . موستەمسەك .

بەڵم — (نا.) ، (کێر. ، کعر. ، سنە.) ، لاسك و ساقەتی گیای برنج ، پاش ئەوەی چەڵتوکەکەی لێ‌جیادەکرێتەوە . ئەو بەشەی گیایەکەیە کە لە گەنم و جودا دەیکوتن و دەبێتە (کا.) .

بەڵمەڕیش — (صتە.) حالی کەسێکی ڕدێنێکی چڕوپڕ و فشی هەبێ . □ « ڕیشی دەڵێی باقە بەڵمە » .

بـەڵمێ ــ (بن.) ، (سن.) تە : بەڵلێ .

بەڵەد ــ [= عا : بەلەد = شار ، ووڵات] ، (ص.) حاڵی کەسێکی لـە ڕێگا و بان و ناوشار یا لە ئیشێك چاك بزانێ . :: بەڵەدێکمان دەگەڵ بنێرن تا ئەو دێیەمـان ببـا . مـن بەڵەدی ئەم ڕێگایە نەبۆم .

بەڵەدبۆن ــ [عا. کو.] ، (مصد. لا.) ١ــ شارەزابۆنی کەسێ لـــە ڕێگاوبـان و ... ٢ــ فێربـۆن و شارەزابۆن لە ڕێگاوبان و ... تێبـ ــ لەم دۆ مانایانە یەکەمیـان بۆ ئـەو کەســـانەیە کـە لـــە وەختـی قسەکردنا شارەزابێ و بە ڕێگاوبان بزانێ ، دۆهەمیشیان بۆ ئەوانە کە لە کاتی باسکردنا شارەزانین . :: دۆ سێ جار هاتوچۆ بکەی بەڵـەد دەبێ .

بەڵەدێ ــ [عا. کو.] ، (حمصد.) زانینی ڕێگاوبان، شارەزایێ :: باشە بۆ بەڵەدێ دەگەڵتان دێم . ببۆرن بۆ بەڵەدێ پێشتان دەکەووم .

بەڵەك ــ [؟] ، (صـ.) ، (کێر. ، کعر.) ١ــ حاڵی گایـەکی ڕەنـگی ڕەش و سپێ یان سپێ و سۆر بێ . ٢ــ هەر شتێکی دۆ ڕەنگی ڕەش و سپێ :: بورجی بەڵەکی مەم و زینان لە جزیرێیە . ٣ــ حاڵی کەسێـك نەخۆشێ بەڵەکێ گرتبێ .

بەڵەكبۆن ــ (مصد. لا.) تۆشی نەخۆشێ بەڵەکێ هاتن .

بەڵەکێ ــ (نت.) نەخۆشییەکە ، پێستی مرۆڤ دەیگرێ و هێندێـك شوێنی پەڵەپەڵە دەبـێ و ڕەنـگی دەگۆڕێ (لەچاوشوێنـەکانی تـری لەش سپێ دەبـێ) . تێبـ ــ ئـەم نەخۆشینە ئەنجامی پشێوێ یەکە ، کە لە ئیشـوکاری لوەکانی (غـدە) لەشی ئادەمیزادا بەدێدێت و کاری خۆیـان (دەردانی هۆڕمـۆن) بـە ڕێكوپێـکی پێ جێبەجێنـاکرێ . لەوانەشە هێندێك (طفیلی) کە بە چاو نابیندرێن و لەسەر پێستـی ئینسان دەژین ببنە هـۆی ئـەم نەخۆشییە و لە کاتێـکی ئـاوادا چارەکردنی هاسانترە .

بەڵێ ــ [محر . عا. بلی]، (بن.) ١ــ بە نیشانەی ، بەڕاستزانین ،و تەئکید لەسـەر قسەیـەك کە بـە شێوەی پرسـیار یا خەبـەردان دەگوترێ. :: ئاگات لێیە ئەم برادەرە چێ پێکردم ؟ بەڵێ . هـەمۆ ڕۆژێ بەیانێ دەست و چاوتان بە صابۆن بشۆن . بەڵێ . هۆشەنگ چۆ بۆ مەکتەب ؟ بـەڵێ . جلکەکانت بـۆ هێنایـەوە ؟ بـەڵێ . ٢ــ وەڵامی بانگرکردنە:: پیرۆت! بەڵێ ماموستا. ٣ــ ئەگەر بـە شێوەی پرسـیار یا سـەیرپێهاتن لـەدەم دەربچێ ، نیشـانەی بەڕاسـتنەزانین و دڕدۆنگێیە لە قسـەیەکی کرابێ یا تورەیێ لەو قسەیە دەگەیێنێ . :: دەمەویست زۆتر بێم بـەڵام میوانم هات . بەڵێ ! لەبیرمچۆ کتێبەکەت بۆ بێنمەوە . بەڵێ ؟ **بەڵێ بەڵێ ــ** (بنت .) تەئکیدێکی زیاتر لە (بەڵێ/١ و ٢) دەگەیێنێ .

بەڵێن ــ [بەڵێ + ئێن] ، (نت.) گفت و پـەیمان و دەستـەبەرێ بۆ

جێبەجێ کردنی فرمانێك :: بەڵێن بێ تا هەم نایدوێنم ★ بەڵێنێ .

بەڵێندان ـ (مصد. لا.) ڕازی بوون، وەعدەدان :: بەڵێنتان دەدەمێ تا مردن دەگەڵتانبم . بەڵێنی داوە ئیتر دەم لە جگەرە نەدا . بەڵێنمان بدەیە ئیتر قومار نەکەی .

بەڵێنێ ـ [بەڵێ + ئێنێ]، (نت.) تە : بەڵێن .

بەم ـ [ند.] ، (نا.) دەنگی گڕ و گەورەی ئادەمیزاد یا ئامرازەکانی مۆسیقایە لەرینەوەی لە دەنگی زیل کەمترە . هس : زێل و بەم .

بەمبێرد ـ (صت.) ، (مک.) تە : بەشۆ .

بەمبێرد دان ـ (مصت . مت .) ، (مک .) تە : بەشۆدان/١ .

١ـ بەن ـ (نا.) قەزوان . تێب ـ ئەم وشەیە بە تەنیایێ لەبیرچۆتەوە، بەڵام لە وشەی (بنێشت و دارەبەن)دا ماوە . هس : [پە : ڤەن. ست : ڤەن] بە مانای دار . درەخت.

٢ـ بەن ـ (نا.) خوریێ ، مەرەز و مۆ کە پاش بەشانەکردن ، بە تەشی ڕێسرابێ و بادرابێ، بۆ ئەوەی بیکەن بە گورەوێ و ئەو جۆرە شتانە . :: ئەم بەنە زۆر خاوە . ئەو ماشەرە بەنانە بەرە بۆ خمخانە . ئەم بەنە پسۆك پسۆکە چیە هێناوتە . ●

بەنی تۆ بە من با نادرێ ـ (کن.) لە فڕوفێڵ و کاروباری تۆ ناگەم . دەرەقەتت نایەم. تێب ـ لە قسەکردنا زەمیری (تۆ) و (من) دەگۆڕدرێن بە ناو یا زەمیرێکی تر . :: بەنی خوسرەو بە تۆ با نادرێ . خوسرەو بەنی کاوسی پێ با نادرێ . ★

٥ـ بەند .

١ـ بەنا ـ (نا.) ، (کعر. ، سن.)، « گیایەکی کوێستانییە ، لاسکی وەك کەنگر و گەڵای وەك کەرەوز وایە » (تە ، خا ، ب١ ، ل ـ ١٧٥). « گیایەکە دەخورێ وەکو کەما وایە دەیبرژێنن و دەیخۆن» (تە : مردۆخ، ب١ ، ل ـ ١٨٩) . « گیایەکی کوێستانیە ئەکرێت بە گزرە بۆ زستانی ئاژاڵ .» (تە : معر ، کشت، ب ١ ، ل ـ ٥١) . «ناوی گیایەکە» (تە : هبێد : ل ـ ١٠) . تێب ـ من خۆم ئەم ووشەیەم نەدەزانی و نەشم بیستبێو بۆیە هەرچی لە قامۆسەکاندا لە سەری نوسرابێ وەکوو خۆی هێناومەتە ئێرە ، بەڵام بەلای منەوە ئەوەی تۆزێ زیاد لەسەر ئەم گیایەیان نوسیوە ، ئەوەیان نوسیوە کە لە خەڵکیان بیستوە .

٢ـ بەنا ـ [محر، عا : بناء] ، (نا.) ، (سیم . ، سن .) ئەوکەسەی پیشەی خانۆدروستکردنە . ★ (مک . ، بک .) بەننا .

بەناشوانە ـ [١ـ بەنا + شوان + ٥ـ ئە/١] ، (نت .) ، (سیم .) « گیایەکی بۆنخۆشە بۆ تام و بۆندارکردنی ماست بەکاردێت » هبێد ، ل ـ ١٠) . تێب ـ مردۆخ ووشەی (مەنێ)ی وەکو هاوتای (١ـ بەنا) نوسیوە کەوا وێدەچێ (مەندێ)ی موکریانێ بێ و بە پێی ئەو تاریفەش کە مامۆستا وەهبێ بۆ (بەناشوانە)یان نوسیوە دەبێ ئەمەیان

مەندێ بێ نەك (١ــ بەنا) کە مردۆخ نوسیویە .

بەنایی ــ [عا. کو.] ، (حمصـ.)، (سیم . ، سـنـ .) کاروپیشـــەی کەسـێکی خانـو ، دیـوار و ... دروستدەکات .

بەنبڕ ــ [٢ــ بەن + بڕ (بڕین)]، (نت .) ، (کن .) چەقۆ ، تیخ و ...

●**بەنبڕم ددانە ــ** (کن .) بێچەك و سیلاحم ، هیچم پێناکرێ .

١ــ بەند ــ [ستـ : ، پهـ : بەند] ، (نـا.) ، (مک . ، سـیم .) ١ــ دیوارۆکەیەکە بە تەیمان و چیم یا هەر کەرەستەیێکی تر لە پێش چەم و ڕۆباران دروست دەکرێ ، بۆ ئەوەی ئاوەکەی پۆنگ بخواتەوە و حەوالەی بەرزبێتـــەوە تا ئەوەندەی پێویستە بەلایەکی ترا لابدرێ و بکرێتە سەر جۆگەیێکی دیـکە و بـۆ داشـتنی کشتوکاڵ کەلکی لێ وەربگیرێ . ★ (سنـ.) بەنگە . ٢ــ ئەو جۆگە زلە (شەقەجۆ)یەیە کە بـەو جۆرەی سەرەوە لــە لایەکی دیـکەڕا ئاوی دەکرێتە ســەر و پێیدا دەڕوا بـۆ شـــوێنی مەبەســـت. تێبـ ــ ا) ئەگەرچی ووشەی (بەند) لـەم قامۆسەدا وەکو چەنـد واحیدێکی جیاجیا نوسراوە ، بەلاَم لەڕا ستیدا هەمویان هەریەکن و لە ئەسـلێك وەرگیراون ، ئەوەی وای لە من کرد لێکیـــان هەلاَوێرم ئــەو مانـــا جۆربەجۆرانــە یـــا ووشـــەکانن کــە بـــە مانـــای لێــــكدوور لەم ووشەیە کەوتونەتــەوە . ب) ووشەی (بەند)و (٢ــ بەن) بە ڕای من هەریەکن ، یەکەمیان بە شێوەی ئاوێستایی خۆی ماوەتەوە و مانای زۆری بۆ پەیدابوە ، دوەمیان تۆزێك گۆڕانی بەسەردا هاتوە و بۆتە نـاو بۆ شتێکی تایبەتی و زەووزۆشی لـە (بەند) کەمترە . ج) هەر ئێستا لە بنلەهجەی سنـــە و سلەیمانـــێدا ووشەی (بەند) جۆرێ لـــەدەم دێتـــەدەر کە بـــە عاستەم و دۆبـــەلاَ دەنگی (د)ەکەی دەبیســـترێ کـــە شێوەیـــــەکی دەنـــگی (گ)ی وەرگرتوە و لە هێندێك وەچی ئـەم ووشەیەدا بە تەواوی بۆتە (گ) :: بنەبەنگە (بنەبەندگە) .

٢ــ بەنـــد ــ (نمصـــ.) ١ ــ گیرۆبون و وێستان لە شوێنێك . (عا.) تەئخیربـون ٢ــ (مـجـ.) گیرۆدەیی و گرفتاری ، حەپس . ٣ــ (مجـ.) تم : بەندیخانە .

٣ــ بەند ــ (نا.) ، (مـک.) ١ــ پارچەیەك لە گۆرانی و بەستە و مەقام تا ئەو جێگایەی لە دوای هەمو پارچـــەکانا دۆپاتەدەکرێتـــەوە . :: بەندێك بارانەمـــــان بـــو بلێ . بەندێکیش بەسەر زاوایدا هەلدە . ٢ــ گفتوگۆی نێوان ئەوبنداران ، کە لە فۆلکلۆری کوردێـــــدا وەکــــو (بەیت)ەکانی کوردی بەناوبانگن :: بەندی ئازێزە ، بەندی گولێگولێ . ٤ــ (سنـ.) هەریەك لەو پارچـــە ئێسقانە پچوکانەی کە لە پەنجـــەی دەست و قاچی ئادەمیزادا هەن . ★ (سنـ.) بەنگە . ٤ــ (سنـ.) قەفی قامیش، حەیزەران و قوڕغو. تێبـ ــ هەروەکو لە بنلەهجـــەی سنەیـــیدا

باوە ، دەنگی (د) لەم ووشەیەدا دەکرێ بە ژێر لێوەوە و دەنگی (ن)یش توزێ دەگیرێ . ٥ــ (تد.) پارچەیەکی دیار و سەربەخوی : قانون ، بەیماننامە ، قونتراتنامە ، پێڕەو و پرۆگرامی پارتی سیاسی و کومەڵەی جوربەجور . ★ ماددە .

٤ــ **بەند** ــ (نا.) ، (کنێر. ، کعر.) کومەڵی کاغەزی سپی بو نوسین ، رۆژنامە و کتێب و ... و ... کە بە جیا دە بەرگێکی کاغەزی ئەستورەوە دەپێچرێ و برێتیە لە ٥٠٠ تەبەق . :: رۆژنامەی (نور) رۆژانە ٥٠/٦٠ بەند کاغەزی پێدەویست .

٥ــ **بەند** ــ (نا.) هەرشتێکی وەکو هەودایەك وابێ و دو شتان پێکەوە ببەستێتەوە ، یا بەکێکیان بەوی دیکەوە هەڵاوەسێ :: بەندە سەعات . بەندی کەوش . بەندەخوێن . **بەندی جگەر** ــ (نت.) تم : بەندی جەرگ و دڵ .

بەندیجەرگ‌ودڵ ــ [٥ــ بەند + ١ــ ئی/١ + جەرگ + و + دڵ] ، (نت.) ١ــ هەر شتێکی ماددێ کە جەرگ و دڵی مروڤ دەگەڵ لەشی پێکەوە دەبەستێتەوە . ٢ــ (کن.) خوشەویستی زۆر . تێب . ١) مەبەست لە مانای یەکەم ئەوەیە ژیانی مروڤ بەندە بەو دو ئەندامە ، واش زانراوە کە ئەوانە بە هوی هەودایەکەوە بە لەشەوە بەندکراون . ب) ئاشکرایە ژیان خوشەویستە و هەر شتێکیش مایەی ژیان بێ خوشەویست دەبێ ، جا بەندی جەرگ و دڵ کە بە مایەی ژیان ناسراوە مانای دوەمی بە کینایەی خوشەویستی زۆر و خوشەویست لێ کەوتوتەوە و زیاتر دایکان بە منداڵی خویانی دەڵێن . **بەندی دڵ** ــ (نت.) تم : بەندی جەرگ و دڵ .

٦ــ (ــ **بەند**) ــ (پب.) ١ــ بە دوای ناوێکەوە دەلکێ و مانای بەرهەڵستی (کارکردن) یا (کارتێکردن)ی ئەو شتە دەدات کە (ناو)ەکە دەینوێنێ . :: تێغبەند . گوللەبەند ، دێوبەند . ٢ــ بەدوای ناوێکەوە دەنوسێ و مانای بەستنەوەی لێ‌زیاددەکا . □ «کەری شین ، کەربەندی شین ، دەیبەستیەوە ، بە گوریسی شێن»، (کن.) شوتی . ★ وەند . (سن.) وەنگ‌بێن .

(ــ **بەندان** ــ) ــ [٦ــ (ــ بەند) + ٢ــ ئان/٦] ، (پبت.) پاشبەندێکە بە دوای هەر ناوێکەوە بلکێ ، پێشاندەدا کە مەدلولی ئەو ناوە بە کومەڵ پێکدێت یا بە کومەڵ دەگێرێ و دەگەڕێ . :: ڕێبەندان. سەهوڵبەندان . خەنەبەندان .

بەنداو ــ [١ــ بەند/٢ + ١ ــ ئاو/١] ، (نت.) ئەو ئاوەیە کە بە هوی هەڵبەستنی (١ــ بەند/١)ەوە بە جوگەی تایبەتی (١ــ بەند/٢)دا دەڕوا . هس : کانیاو (کانی ئاو = ئاوی کانی) . چەماو (ئاوی‌چەم) .

بەندبوون ــ [٢ــ بەند/١ + بوون]، (مصد. لا.) (مک.) مانەوە لە

شوێنێك . گیرۆبوون . وێستان :: سەعاتێکم لەسەر بەندبن یا لەسەر شێرکۆ بەند نەبین . هەرچی دەکەین خوێنی بەندنابێ .
لێبەندبوون ــ [لێ (لە + ی) + بەندبوون] ، (مصد. مت.) نیوە زۆر و نیوە خواهیشت ، شتێ لە کەسێ سەندن . :: ئەو قەڵەمە لە خوسرەو بەندبوم . وازی نەهێنا تا پێنج دیناری لێبەندبو . خۆت ماندوو مەکە شێرکۆ لەوانە نیە بتوانین هیچی لێ بەندبین .
پێوەبەندنەبوون ــ (مصد. لا.) ١ــ گیرنەبوون و ڕانەوەستانی شتێ بە شتێکی دیکەوە :: هەرچی دەکا شەدەکەی بەسەرەوە بەندنابێ . ٢ ــ (کن.) بێئیختیار تڕ لێبەربوون .
بەندرۆ ــ [٢ــ بەن + درۆ (دروون)] ، (نت.) ، (مک.) هەودا بەنی تایبەتییە ، سازدەکرێ و دادەندرێ بۆ دروونی زارکی تێر و جەواڵ و ... تێب ــ لە لادێی کوردستان ، ئەو هەودا بەنانە وەکو کەلوپەلی ناومال تەماشادەکەن ، دەخوازرێتەوە یا بە قەرز وەردەگیرێ و پاشان دەدرێتەوە بە خاوەنی .
بەندکردن ــ [٢ــ بەند/١ + کردن]، (مصد.مت.) ١ــ قایم کردنی شتێك بە شتێکەوە. ٢ــ گیرۆکردن و پەلخستنی کەسێ لە شوێنێ . ٣ــ حەپسکردن ، خستنەزیندان .
بەندوباو ــ [٣ــ بەند/١ + و + ٢ــ باو] ، (نت.) قسەی هەڵبەستراو ، پڕوپاگەندەی ناڕاست و ناشیرن دەربارەی کەسێ .
بەندوباوهەڵبەستن ــ (مصد. لا.) سازکردن و بڵاوکردنەوەی قسە و قسەڵۆك دەربارەی کەسێ بۆ بەدناوکردنی .
بەندوبەست ــ (نت.) ، (کئێر.) تەگبیرکردن و ڕێككەوتنی دوو یا چەندکەس ، بۆ کردنی کارێ دژی کەسێ یا کۆمەڵێ . پێلان ، (عا.) مؤامرة . تێب ــ هەرچەندە کەرتەکانی ئەم ووشەیە کوردین ، بەڵام بەلای منەوە وەکو (زاراوە) لە فارسیڕا هاتۆتە ناو زمانی کوردی ، ئەگەرچی زمانی فارسی ووشەکانی وەك صەتان و هەزاران ووشەی تر لە پەهلەوی (کوردی) خواستۆتەوە .
١ــ بەندۆکە ــ [؟] ، (نت.) گیایەکە بەهاران لە دەم جۆگا و چەمان شین دەبێ . بۆ خواردن دەسدەدا . :: کۆزەڵە و بەندۆکە ★ بەنۆڵە .
٢ــ بەندۆکە ــ [٥ــ بەند + ئۆکە] ، (نت.) قەیتان یا پارچە قوماش یا هەر شتێکی لەم بابەتانەیە، تیلماسکێکی باریکی لەولاولای تاسکڵاوی ژنان یا کڵاوی لبادی درووێنەوانان قایم دەکرێ و دەخرێتە ژێر چەنەوە بۆ ئەوەی کڵاوەکە بەسەریانەوە ڕابوەستێ .
بەندە ــ [٢ــ بەند/٢ + ٥ــ ئە /١] ، [پە : بەنداك] ، (نت.) ، (کئێر. ، بک. ، سیە .) ١ــ عەبد. خولام. نۆکەر. ٢ــ (کئێر.) نوسەر یا قسەکەر ، لە نوسین و قسەکردنا

بۆ نیشاندانی ئەدەب و تواضع و دەربڕینی ڕێز و حورمەتی خۆی بەرامبەر ئەو کەسەی قسەی دەگەڵ دەکا ، لەباتی زەمیری (من) ئەم ووشەیە بەکاردێنێ :: بەندە زۆر زۆ عەرزم کردی ★ (سنە ، جنە) بەننە . ● **بەندەناس هەر خودایە** — (کنە) ١— هیچ کەس بەو جۆرەی پێویستە هەمۆ شتێکی کەسێکی تر نازانێ . ٢— هەر خوا خەڵك دەناسێ و لە ڕۆی کردەوەی خۆیان — کە خەڵکی تر نایزانن — ڕەفتاریان دەگەڵ دەکا . **بەندەی بێ عەیب نابێ** — (کنە) ئینسانی کامڵ دەستناکەوێ و هەر کەسێ هەرچەندەی بێ عەیب بێتە بەرچاوان هێشتا عەیبی وای هەیە و لە وەختێکا لێیدەربکەوێ .

بەندەخوێن — [٥ — بەند + دەخوێن] ، (نت) ، (سیمە) هەرهەودا و بەنێکی دە پزۆی دەرپێ ، پانتۆڵ ، ڕانك و پێجامە هەڵبکێشرێ بۆ ئەوەی لە ناوقەدی ئینسان توندیکا . ★ (مکە ، بکە ، زا .) دۆخین (مەنگوڕایەتی) دیخۆن .

بەندەر — [؟] ، (نا.) ، (کێیر.) شوێنێکە لە قەراخ دەریا ، یان چەمی گەورە خۆش دەکرێ ، کەشتی لەنگەری لێدەخەن ، بار دادەگرن یا بار هەڵدەگرن . ★ (کعر.) مینا (عا.) . ٢— شار و ئاوەدانێکی لە نیزیك شوێنێکی وا دروستکرابێ . شاری کەنار دەریا .

بەن دەمبێن — [٢— بەن + دەم + ٢— بێن] ، (نت.) ، (مکە .) بەنێکە (دەمبێن)ی زاری گاگێرەی پێ دە شاخی دەبەستن .

١— بەندەن — [؟] ، (نت .) ١— دامێن و لای خوارۆی شاخ و چیا . ٢— کێوێ کە زۆر بڵیند نەبێ زنجیرەیەك لەم جۆرە کێوە .

٢— بەندەن — [محر. عا : بدن] ، (نا.) لەشی ئادەمێزاد .

بەندەیەتی — [بەندە/١ + ئەتی] ، (حمصە.) تە : بەندەیی .

بەندەیێتی — [بەندە/١ + ئێتی] ، (حمصە .) تە : بەندەیی .

بەندەیی — [بەندە/١ + ٢— یی] ، (حمصە.) عەبدایەتی . خوڵامەتی . نۆکەری . ★ بەندەیەتی . بەندەیێتی .

بەندی — [٢— بەند/٢ + ٢— یی] ، (صتە .) ١— حاڵی ئەو کەسەی خرابێتە زیندانەوە . ئەوەی لە ئازادی بێبەشکرابێ . ٢— (مجە.) تە : بەندە/١ تێبـ — لە لەهجەی باکۆری زمانی کوردیدا دەنگی (د) لەم ووشەیە فڕێ دراوە یا خۆی سواوە و (بەنی) ماوەتەوە کە لە ووشەی (ئەزبەنی)دا دەیبیین .

بەندیخانە — [بەندی/١ + خانە] ، (نت .) ١— جێگایەکە ئەو کەسانەی تێدازادەگرن کە لەسەر تاوانێك حوکمدەدرێن و بۆ ماوەیەك ئازادیان لێزەوتدەکرێ ، یا ئەو کەسانەی پێویست دەکا تا ڕۆژی موحاکەمە لە دەرەوە نەبن :: بەندیخانەی نوگرەسەلمان لە عێراق . بەندیخانەی قەسری قەجەر لە تاران. ٢— (مجە.) هەر شوێنێکی ناخۆش و تاریك و

تنۆك .
بەن‌سامۆتە ــ (نت .) ، (سیمـ .)
تم : بەن‌سامۆرتە .
بەن‌سامۆرتە ــ [٢ــ بەن + سامۆرتە ؟] ، (نت .) ، (مک .)
پەتێکی باریکە بە دانستە دەهۆندرێتەوە، خورجین ، هەگبە و ... پێ لە‌پاش تەرکی زین دادەبەستن . ★ (سیمـ .) بەت‌سامۆتە . تێب ــ وا دەزانم لە موکریان لە شێوەی (بەن‌سامۆرتکە) شدا دەگوترێ . چونکو دڵنیا نەبوم نەم‌نوسی .
بەنکاڵە ــ [٢ــ بەن + کاڵە] ، (نت .) ، (مک .) هەودایەکی ئەستورە (چەند هەودا بەنی ئاسایی پێکەوە بادراون) کاڵەی خاوی پێ لە قاچ توندەدەکەن . **بەنکاڵە دە بەنکاڵەخستن** ــ (بەنکاڵەلە بەنکالەگرێدان) ــ (کنـ .) بونەبەر هەڵست بۆ کاری یەکێك . گێچەڵ و تیتاڵ بە کەسێ کردن .
بەنکەشێ ــ [٥ــ بەند + کەشێ]، (سنـ ، جن .) تم : بەنکێشێ .
بەنکێشێ ــ [٥ــ بەند + کێشێ (کێشان)] ، (حمصـ.) ، (مک.) کاری پڕکردنەوەی کەلێن و درزی نێوان ڕیزەکانی خشت و بەرد ، لە دیوی دەرەوەی دیوار و پایەی خانو ، بە گێچ یا چیمەنتۆ ... بۆ جوانی و قایمی .
بەنگ ــ [ست : بەنگهە . سانسکریتی : بهەنگا . پە : مەنگ]، (نا .) تۆزێکی تایبەتییە لە گەڵا و گوڵی گیای (شەدانە) سازدەکرێ ، بە ئاو یا شیر دەیگرنەوە و دەیخۆنەوە ، بە نێر گەڵە ، سەبێلە و سیغاریش دەیکێشن . مەستی و سەر خۆشی دەدا ، بەنگ‌کێش شتی پچوکی لێ گەورەدەبێ ، جۆگەلە ئاوی لێ‌دەبێتە زێ . ★ (کعر .) حەشیشە .
بەنگ‌کێش ــ (صت .) ١ــ ئەو کەسەی بەنگ‌دەکێشێ . ٢ــ (کنـ.) مرۆڤی گێژوویژ .
بەنگ‌کێشان ــ (مصت . لا .) بەکارهێنانی بەنگ وەکو جگەرە .
بەنگە ــ [بەند + گە] ، (نت .) ، (سنـ .) ١ــ تم : ١ــ بەند/١ . ٢ــ تم : ٣ــ بەند/٤ . (تم : مردۆخ ، ج ١ ، ل ــ ١٩٤) .
بەنۆڵە ــ [؟] ، (نت.) تم : ١ــ بەندۆکە (معر . ، کشت ، ب ١ ، لـ ٥١) .
بەو ــ [٢ــ ب + ئەو ؟] سیغەی ئەمرە بۆ کەسی دوەم لە بن‌لەهجەی جافیدا ☐ « بەو بەو بەو خانم خاسەکەم ، پابنی وەبان دیدە ڕاسەکەم » ، (فۆلکلۆر) ★ (سنـ . ، جف .) بێ ــ (مک .) ، کعر . ، بک .) وەرە .
بەور ــ [پە : بەبر] ، (نا.) گیاندارێکی گەورەی گۆشتخۆری دڕندەیە ، لە جەنگەڵەکانی ئاسیا و ئەمریکا و ئەفریقا هەیە ، پشت و لاتەنیشتەکان و قاچ و قولی ڕەنگێکی نارنجی زۆر جوانە ، بەرزگ و ژێرمل و دەم و چاویشی سپییە و هەمو لەشی دێغ‌دێغی ڕەشی تێدایە .

دوّ صەت كیلوّ قورسـی دەبیّ و ٢٥ ساڵێك دەژیّ . بە شەو ناخەویّ و لە لێرەكان خـوّی ماتدەكا و بـە تایبەت پەلامـاری ئادەمیزاد دەدات هەر بوّیە لە زمانی هیندیدا ناوێكی لیّنراوە كە بـە كوردیّ دەبێتـە (پیاوخوّر) . **بەوری بەیان ــ** (نت.) ١ــ بەوری زوّر بەهەڵمەت ٢ــ (كن.) پیاوی زوّر ئازا و پەلاماردەر . تێب ــ من نازانم ووشەی (بەیان) لێرەدا لە كویّڕا هاتوە بـەڵام ئەوەندە دەزانم كە ئەم ووشەیە بە تێكڕایی ئەم دوّ مانایەی هەیە كە باسم كردن .

بەوز ــ (نا.) ، (سیم.) تم : بوّز.

بەوش ــ (نا.) ، (سیم. ، سن .) « دارێكی دانەداری پانە ؛ ئەیخەنە ناوەندی تان و پوّی جاجمەوە بـوّ ئەوەی كە پێی بكوتن و سفتی كەن»، (تم : خا ، ب ١ ، ل ــ ١٧٨) . تێب ــ ئـەم تاریفـە دوّ ئـامرازی جوّلایی دەگرێتەوە : یـەكیّ (شــە)یە و ئەویتریـان (دەفە)یە كـە شـــەی لەناودایـە و هاتـوّچوّ دەكـا بـوّ كوتانەوە و سفتكردنی .

بەها ــ [پە : ڤەهاك] ، (نا.) ١ــ نرخ ، قیمەت :: بەهای دانەیەكی نیو دینارە . بەهای ئەم كتێبە دوّ دینارە . ٢ــ (بكـ.) أــ نرخ، قیمەتــ (عـا.) الثمن . بــ گـران . زوّر قیمەت:: گەلەك بەهایە (زوّرگرانە). تێب ــ أ) ئەم ووشـەیە بـەم مانایە و شێوەی دەكاركردنە (مانای ژمارە ١) تازە لە مەڵبەندی لەهجەی ناوەندیّ زمـانی كوردیدا بوّژێنراوەتـەوە . ب) ئـەم ووشـــەیە لـە مەڵبەندی لەهجەی ناوندیدا شكڵ و مانای زوّر گوّڕانی بەسـەردا هاتـوە ، لـە (ڤەهاكر)ی پەهلەویڕا بوّتە با (تم : ەــ با) و ماناشی لە نرخ و قیمەت ڕا بوّتە معادل . ئەگەر بیانویستبا بڵێن : قیمەت ئـەم كتێبە چەندە ، نەدەگوترا بەهای ئەم كتێبە چەندە ؟ بەڵكو دەیانگوت : ئـەم كتێبە بایی چەندە ؟ ج) لـە لەهجـەی باكوّریّ زمانی كوردیدا لـە باری شـكڵەوە قوّناغێـكی (تطور)ی بڕیوە و لـە (ڤەهاك)ی پەهلەویّ ڕا بوّتە (بەها) ، لـــە لایـــەنی ماناشــــەوە مانـا پەهلەوییەكەی پاراستوە و مانایەكی تریشی (گران) بـوّ پەیدابوە. د) زمانی فارسیش ئەم ووشـەیەی لـە (ڤەهاك)ی پەهلەویّ خواستوّتەوە ، زوّریش ڕێی تێدەچیّ پاش ئەوەی (ڤەهاك) لە زمانی كوردیدا تطوری كردوە و بوّتە (بەها) ڕاستەوخوّ لە زمـانی كوردیّ خواســتبێتەوە و ئێستا مانا و شكڵی بە شێوەی كوّنی لە فارسـیدا ماوە و ئـەمە كارێكی ئاساییە ، زمانێك كە ووشـەیێك لە زمانێكی تر دەخوازێتەوە لە ڕێگای تطوری تەبیعیّ لای دەدا و لە باری شـــكڵ و مانـاوە كـەمتر گوّڕانی بەسەردا دێت . بەڵام لە ئەسـڵی زمانـــەكەدا كـــە ووشــــەكەی لیّخوازراوەتەوە (تطور طبیعی) بـە ڕچەی خوّیدا دەڕوا و بوّیە ووشـەكە لە هەموّ بابەتێكەوە گەلیّ گوّڕانی تێدا بەدیّ دێت .

بەهار ــ [ڤەهار] ، (نا.) ، (بكـ.، نێو . ، جن .) ١ــ یەكەمین فەسڵە

لە چوار فەسڵەکەی ساڵ . بە پێی ئاو و هەوای نیوکورەی باکوری زەویّ ، لەو رۆژەوە دەست پێدەکا کە ڕۆژ دەچێتە بورجی (بەرخ)ەوە ئەویش دەکەوێتە ٢١ی مارت (نەورۆز)و لە ٢١ی حوزەیران دەبڕێتەوە . بەهار سێ‌مانگی ٣١ ڕۆژییە و لە موکریان ناوی مانگەکان بەم جۆرەیە : خاکەلێوە . بانەمەڕ . جۆزەردان★ (هاـ.) بوهار. بووار. (هو.) وەهار . تێبـ ــ ژابا ووشەی (ڤەنگری) ئاوێستایێ بۆ (بەهار) دیاری‌کردوە (تم : ژابا ، ل ــ ٦١). ٢ــ لە لادێی کوردستانا لە باتێ (ساڵ) بەکاردێت . :: ئەم بەهارە دەبێتە سێ بەهار وەتمان جوانەمەرگ بوە (دۆساڵ تەواو بوە و ساڵی سێیەم دەستی پێکردوە . بچینەوە بەهاریّ ووسو عومری دەبێتە حەوت بەهار (شەش ساڵی تەواو دەکا و پێی دەنێتە ساڵی حەوتەم) . ٣ــ خونچە گوڵی داری نارنج و لێمو و پرتەقاڵ . :: ماڵی بەگزادە جافان حەڵوای بەهار و گوڵەزەرد باش دروستدەکەن . ٤ــ ناوە بۆ ئافرەتان. **بەهاری عومر**ــ (نت .) دەوری گەنجێتی و لاوێتی .

بەهاری کوردیّ ــ (نت.) تم : بەهار/١ . تێبـ ــ وەکو دەزانین بەهار یەکێکە لە چوار فەسڵەی ساڵ و لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزەوە (٢١ی مارت) دەس‌پێدەکا . بەڵام لە ناوچەی (کرند)ی مەڵبەندی کرماشان ، پاش ئەوەی بە حیسابی نەورۆز چل و پێنج ڕۆژ لە زستانی ڕابرد ، دەڵێن بەهارە و ناویشیان ناوە (بەهاری‌کوردیّ) و سێ مانگ سێ‌مانگ حیسابی دەکەن و هاوین و پاییز و زستان دەبەنەسەر . بەلای منەوە ئەم حاڵە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە (نەورۆز) وەکو ئێستا سابیت نەبوە (تم : نەورۆز) .

بەهارات ــ [؟] ، (نا.) ، (کمر.) تم : ئەزبێ . تێبـ ــ نەم توانیوە بەڕاستی بزانم کە ئەسڵی ئەم ووشەیە لە کوێڕا هاتوە ، بەڵام زۆر بۆ ئەوە دەچم کە ووشەیەکی (هیندیّ) بێ و لە کوردستانی عێڕاق هاتبێتە ناو زمانی کوردیّ .

بەهاران ــ [بەهار /١ + ٢ــ ئان/٢] ، (نت .) وەختی بەهار . فەسڵی بەهار □ « بەهاران چ مەحزوّن دەناڵێنێ بولبول ، لە عیشقی تۆیە ئەی گوڵ » ، (؟) .

بەهاربەند ــ [بەهار /١ + ٦ــ بەند/٢] ، (نت .) جێگایەکە وەکو بەرهەیوان لایەکی بەرەڵلایە ، کاتێ تەشقی سەرما دەشکێ و بەرزە وولاخ لە تەوێلە گەرمایان دەبێ لەوێ دەیانبەستنەوە .

بەهارستان ــ [بەهار/١ + ئستان /١] ، (نت .) بەهارێکی خۆش کە لە هەموو لایەك هەوا خۆش‌بۆبێ‌و دار پشکوتبن و دەشت و چیمەن بە گوڵان ڕازابنەوە . □ « هەموو دنیا بەهارستانە ئیمڕۆ ، لە لای من هەر چلەی زستانە بێ تۆ .» (؟) .

بەهارۆ ــ (نت .) ، (مک .) تم : بەهارە/١ .

بەهارەــ [بەهار/١ + ٥ــ ئە/١]،

(نت.) ١ـ (کعر. ، بک. ، جذ.) گەنمێکە لە بەهارا تۆو دەکرێ ، بە باشێ ناوبانگی هەیە . ٢ـ کۆمەڵە شیعرێك کە بەسەر بەهارا هەڵدرابێ و پەسنی جوانێ و خۆشێ دەدا :: « لە برادەر و ڕەفیقان مزگێنێ بێ بەهارە » ، (بەهارەی ئەحمەدی کوڕ) . « ووتم بە بەختێ خەوالوێ ... » ، (بەهارەی حاجی قادری کۆیێ) . « شێرین بەهارە بەهاری شادان » ، (بەهارەی مامۆستابرایم) .

بەهارەکانێ ـ [بەهار/١ + ٣ـ ئە/٢ + کانێ] ، (نت.)، هەندێ کانیاو کە لەسەرە بەهارا دەتەقنەوە و زۆری پێناچێ ووشکی دەکەن .

بەهارەکێڵ ـ [بەهار/١ + ٣ـ ئە/٢ + کێڵ (کێڵان)] ، (صت.)، (مک.) حاڵی زەویەکی لە بەهارا کێڵرابێ .

بەهارەوار ـ [بەهار/١ + ٣ـ ئە/٢ + وار (هەوار)] ، (نت.) شوێنێکە نێزیك (دێ)یەك ، بەهاران کە دنیا تۆزێ گەرم داهات لادێیێ و مەڕداری کوردستان لە خانوان دەردەچن و لەوێ چادر هەڵدەدەن تا وەختێ ئەوە دێ بچنە کوێستانان.

بەهارێ ـ [بەهار/١ + ٣ـ ئێ]، (صت.) حاڵی هەر شتێکی پێوەندی بە بەهارەوە هەبێ . هەر شتێکی بۆ فەسڵی بەهار دەستبدات . ☐ « بڵێ پێم ، گوڵەکەی بەهارێ ، لە تۆ تا بە کەی جودابم ؟ + وەرەوە بە شەرتێ جاران ، ڕۆژێ صەد جارت فیدابم » (کوڕ : وەفایێ ، ل ـ ٤٨) . :: سیروانم دیت دەستێ جلکی بەهاری دە بەردابێ .

بەهانە ـ [پە : ڤەهان ، ڤەهانەك] ، (نا.) ، (مک. ، بک.) ١ـ هەر هۆ و بەڵگە و دەلیلێکی کەسێك ئەنگێزە (دافع و ئەسباب)ی ڕاستەقینەی کار و کردەوەیێکی خۆی لە ژێردا بشارێتەوە. ٢ـ هۆ، بەڵگە و دەلیلی ناڕاست و بێجێ ، بۆ خۆرزگارکردن لە تەنگ و چەڵەمە و گیروگرفت یا وەڵامدانەوەی پرسیار . :: بە بەهانەی دژایەتێ دەگەڵ وولات ئازادیخوازانیان دەخستە زیندانەوە. بە بەهانەی ئاوخواردنەوە خۆی لێدزینەوە ☐ « ئێستە بەهانەم بۆ ئەدۆزنەوە » « گفتی دوژمنم بۆ ئەقۆزنەوە » « ئێژن پف ئەکەی لە هەمەدانا » « ئارد ودبا ئەدەی لە خۆراسانا » . (هەژار : بۆ کوردستان ، ل ـ ٧٨) هس : ١) بۆنە . (مک.) پەڵپ ـ ب) ؛ (پە.) ڤەهانیك : سەبەب . سەبەبکار . مەعلوول (تم : فرە ، پفا ، ل ـ ٤٤٧) . ★ (جـف.) بیانگ . (سن.) بیانك . (مک. ، سیم.) بیانوێ .

بەهانەپێگرتن ـ (مصت. ، مت.) تم : بیانوێپێگرتن .

بەهانەهێنانەوە ـ عوزری نابەجێ نیشاندان . کردەوەیێکی نابەجێ و ناڕاست بە قسەی ساختە ڕاست نیشاندان ـ (عا.) تبریر الموقف .

بەهبەهـ ـ (ئـم.) ١ـ بۆ بەچاکزانین و خۆشهاتن لە شتێ ،

کاریَ یاخود کەسێك :: بەهبەهـ
لەم دەست و نەخشـە . ٢ـ بـۆ
سەرسوڕمـان و ناڕازێـتیَ و
پیَخۆشنەبوَن :: بەهبەهـ ! وەڵـڵا
بابە تەواومانکرد .

بەهرە ـ [لەپهـ : بەهـرەك] ،
(نا.) ، ١ـ لێهاتوویَ و قابلیەتێکی
تەبیعییە کە لای خەڵکیَ پەسندە و
بە چاك حسێبدەکریَ و لە هێندیَ
کەسا دەردەکەویَ . :: شاعـیریَ
بەهرەیە . زێرەکیَ بـە زۆر نیـە
بەهرەیە . ٢ـ قازانج و دەسکەوتی
ماددیَ یا مەعنەوییە کە لە سەودا و
کڕین و فرۆتن یـا بەخێـوکردنی
ئاژاڵ و پاتاڵ یا خزمـایەتیَ و ...
دەس کەسیَ دەکەویَ . :: مەڕداریَ
بەهرەی زۆرە . منداڵی ئەم زەمانـە
بەهرەیان بۆ خۆیان نیـە چ جـای
دایك و باب . ★ (بك.) بـەهر =
بـەش . (جن.) بەهـەرکردە =
بەشکردن. تێبـ ـ لەهجەی باکوریَ و
جنوبیَ زمانی کوردیَ مـانای ئـەم
وشەیان بە شکڵی سەردەمی زمانی
پەهلەویَ پاراستوە .

بەهرەمە ـ [؟] ، (نا.) ، (سیمـ.)
ئامرازێکە دارتاشان دار و تەختەی
پیَ کوندەکەن . ★ (مکـ.) مەتکەب.
(= عا : مثقب) .

بەهمەن ـ [پهـ : ڤەهـومەن] ،
(نـا.) ، (کێر.) ١ـ مـانگی
یازدەهەمی ساڵی ئێرانییە و دوەمین
مانگی زستانە . دەکەوێتە (٢١ی
کانونی دوەم ـ ٢١ی شوبات) ، سیَ
ڕۆژە . ★ (مکـ.) ڕێبەندان . ٢ـ
ناوە بۆ پیاوان . تێبـ ـ وشـەی
ڤەهومەن کە ئێستا بۆتە بەهمەن بە
مانای چاکڕەووشت هاتوە و لـە
ئەسڵا ناوی یەکیَ لە ئەمشاسپەندانی
دینی زەڕدوشتییە. (ئەمشاسپەند)ی
ئێستا لە (ئەمێشۆشپەند)ی پەهلەویَ
وەرگیراوە . ئەویش لە ئاوێستاییڕا
هێناویەتە سەر ڕچـەی زمـانی
پەهلەویَ . لە ئاوێستادا (ئـە +
مێشە + سـپێنتە) بوە و پارچەی
یەکەمی ئەم ووشەیە ئاوێستاییـە
ئامرازی (نەفی)یە و (مێشە) بـە
مانای مەرگ هـاتوە کە ئـەم دوَ
پارچەیە مانایان دەبێتە (بیَمەرگ =
ئەوەی نـامریَ) و بە ڕای مـن
ووشەی (هەمیشـە)ی کـوردیَ
ئێسـتا لەم ووشـە تێکەڵـە
کەوتۆتەوە و جەوهـەری مانـاکەی
پاراسـتوە . کەرتی سێیـەم کە
(سپێنتە)یە بە مانای پاك و خاوێن و
(مقدس)هاتوە و مانای (ئەمێشـە
سپێنتە)ی ئاوێستـاییَ دەبێـتە
(ئەو مقدسەی مردنی بۆ نیە) .

بەهەشت ـ [ست : ڤەهیشتـە
(نێر) ، ڤەهێشتا (میَ) = باشترین،
چاکترین . پهـ : ڤەهیشت] ، (نا.)
١ـ جێگایەکە وەکو بـاغ و هەمـوَ
چەشنە خواردەمەنیَ و خواردنەوە و
کەیف و ڕابـواردن و کۆشـك و
خانۆبەرەی جوان و ڕازاوەی لێیە .
لە تەوڕات و ئینجیـل و قـوڕئانی
پیرۆزا باسیکراوە و خوا تەرخانـی
کردوە بۆ ئەو کەسانەی لە دنیـادا
لە فەرمانی دەرناچن و خراپەناکەن و
لە پاداشتی ئـەوەدا لـەم شوێنـە
نیشتەجیَ دەکرێن . ٢ـ (مجـ.)

وولات و شوێنێکی خۆش ئـــاو و هەوا و پڕ گوڵ و گوڵزار و سەوزە و شینایی . ماڵێکی ڕازاوە و ڕێك و پێـــك و خـــاوێن . **بەهەشـــتیڕۆوی زەمین** ــ ١ــ (کن.) تە : بەهەشت /٢ . ٢ــ هێندێ جێگای دەسکردی ئادەمیزاد کە خۆیان ناوی بەهەشتیان لێناوە . تێب ــ دەستەڵاتدارانی پێشوو بـاسی بەهەشتـــیان بیستـــوە ، هێندێکیان کە لافی خودایەتییـــان لێداوە بۆ بەربـــەرەکانێ دەکـــەن بەهەشتی خوا و هێندێکیشیان بـــۆ کەیف و ڕابواردنی خۆیان ئیلهامیان لەو قسە و باسانـــەی دەربـــارەی بەهەشت کراوە وەرگرتوە و لاسایان کردۆتەوە و جێگایەکی خـــۆش و ڕازاوەیان دروستکردوە و ناویـــان نـــاوە بەهەشـــت :: بەهەشـــتی شەدداد .

بەهەشتینێرەکەر ــ (کن.) دنیا بە نیسبەت ئەو کەسـانەی گـــوێ نادەنە هێچ و خەمیهێچ شتێکیـــان لەبەر نیە . ☐ « دنیا بەهەشـــتی نێرەکەرە » تێب ــ مامۆستا خاڵ ئەم مەتەڵەی ئاوا نوسـیوە : « دنیـــا بەهەشتی کەرانە » (تە : خا ، پەند، ل ــ ٢١٨) . ★ (مک.) بەحەشت . جەننەت (عا.) .

بەهەشتی ــ (صت.) ١ــ کەسێکی دانیشتـــوی بەهەشـــت . ٢ــ پیاوچاك ، پیاویخوایی . تێب ــ زیاتر ئەم ووشەیە لە باسی یەکێکی مردوودا دەکاردەکرێ ، بە نیشانەی ئەوەی کە پیاوێـــکی چـــاكبوە و خوابردوێەتە بەحەشـــت و بـــۆ پێخۆشبونی خزم و کەس و کاری .

بەهێندگرتن ــ (مصت. متـ.) ، (مک.) بەچاوی حورمەت و قـــەدر تەماشای کەسێ کردن ئەهمیەتدان بە کەسێ .

بەهەوا ــ [بە/٨ + هـــەوا] ، (صتـ.) تە : بەفێز .

بەهی ــ [بە : بێهـ .] ، (نا.) ، (سیمـ.) ١ــ بەری دارێـــکە لـــە چەشنی دارەسێـــو ، دەسنێـــژە ، ڕەنگی زەرد و گۆشتی زبر و ئاودارە، بۆنێکی خۆشی هەیـــە ، پایـــیزان پێـــدەگا ، بە کاڵی دەخـــورێ ، دەپیشـــێنرێ ، دەکرێتـــە دۆڵمە و مرەبا . دەنکەکەی وەکو چایی لـــە ئاوا دەم دەکەن تراوێـــکی لینجـــی لێسازدەبی بۆ بڕینەوەی کۆخـــە و هەڵامەت و نەرمکردنەوەی ســـینگ دەیخۆنەوە . ★ (مک.) بێ . (سنـ.) بەی ، (بکـ.) بێهـ . ٢ــ داری ئـــەم میوەیە .

بەهێز ــ [بە/٨ + هێز] ، (صتـ.) ١ــ حاڵی هەر گیاندارێك توانستی زۆربێ ، قەوەتی ماددیێ یا مەعنەویێ زۆربێ :: ڕۆستەمی زاڵ پاڵەوانێکی بەهێز بو . ٢ــ حاڵی هەر شتێکی لە چاو شتی وەك خۆی توانستـــی زۆرتر بێت :: بۆمبای ئاتۆم بەهێزە. بەیانەکە زۆر بەهێز بو . ٣ــ حاڵی هەر هەیئەتێکی کۆمەڵایـــەتێ کـــە توانستی ڕاپەڕاندنی ئیش و کارێك یـــا بەربـــەرەکانێ دەگـــەڵ هاوچەشنەکانی خـــۆی زۆر بـــێ :: سۆڤیێت لەباری چـــەکی ئاتـــۆمێ بەهێزە . تێب ــ ووشەی (هێز)

لە (هەزەنگهـ.)ی ئاوێستایی بە مانای بالآدەســـت ، زۆردار و قــەوەت وەرگیراوە ، (فەزەنگهـ.)یش لــە ریشەی فیعلی ئاوێســتایی (هــەز) داتاشراوە کە گەلێ مانای هەیە .

بەهێ ــ (نا.) ، (با.) تــم : ئازیەت . تێب ــ ئــەم ووشــە (باکۆری)یەش وەکو گەلێ ووشــەی تری لەهجەکانی زمانی کوردی ، بە هێوای برەوپێدانی لە لەهجــەی ناوەندیدا ، نوسراوە .

بەهێبدار ــ (صت.) ، (با.) تم : ئازەیەتبار .

بەی ــ (نا.) ، (سنـ. ، هــو.) تم : بەهێ . □ «خالێ دێم جە بەین دۆ بەیانەوە + وەبــانی بەینــدا مەشنیانەوە » ، (بێسارانی) .

١ــ بەیات ــ [؟] ، (نــا.) ١ــ هەوایەکە لە هــەوا کلاسیــکیەکانی مۆسیقای کوردی و چەند جۆرێــکی هەیە ، مۆسیقــای کــوردی و ئازربایجانی و فارسی لەم هەوایانەدا شەریکن . :: بەیاتی‌کورد . بەیاتــی تورك . بەیــاتی شــیراز . بەیــاتی ئیسفەهان . ٢ــ ناوی عەشیرەتێکە لە کوردستانی عێراق .

٢ــ بەیات ــ (صـ.) ١ــ حــالی نان و کولێرەی کۆن کە چەند ڕۆژی بەسەردا تێپەڕیبێ :: ئەو نــانە بەیات بوە ناخورێ . ٢ــ چێشت و هەر خواردەمەنێکی شەو لێنرابێ و مابێتەوە بۆ بەیانی . ★ (سنـ .) پەزێرە . شەومەنــە . (جــنـ .) شۆومەنێ . تێب ــ سەروسەکوتــی ئەم ووشەیە لە عەڕەبی دەچێ ، بــە لامەوە سەیر بۆ کە (معین) بــە فــارسی دانابێ کە تەماشــای (المنجد)م کرد زمانی عەڕەبی سیغەی (بائت)ی هەیە ، ئەویش بۆ ئاو یــا شیر کە شەو داندرابێ بۆ بەیانی تــا سارد بێت .

بەیانە ــ [؟] ، (نـ.) ڕۆن‌دۆگ . (تم : هبێد ، ل ــ ١٤ . خا : ب ١، ل ــ ١٧٩ . معر : کشت ، ب١ ، ل ــ ٥٢) .

بەیاخ ــ (نا.) ، (سیمـ.) تم : ئالآ . هــس ، بەیداغ .

بەیاخدار ــ (نت.) ، (سیمـ.) ١ــ ئەوکەسەی لە نــاو لەشــکر و مەیدانی شەڕا ئالآی هەڵدەگرت . ٢ــ (کنـ.) « ئافرەتی بێ شــەرمی شێرەت » (تم : خا ، ب ١ ، ل ــ ١٧٩) .

بەیــادکردن ــ (مصــت. لا.) وەبیرهێنانەوەی دۆست و خزم و کەس و کار و شوێنێك و...□«بەد نەبێ بەدخانە بە یادناکا » .

بەیــادی‌کردن ــ (مصــت. لا.) « بێ‌خەوی و بێ‌کەیفییــە ، کە لــە نەخۆشی یا لەڕانەهاتنی شوێنێــك پەیدا ئەبێ » (تم : خــا ، ب ١ ، ل ــ ١٧٩) .

بەیار ــ (نا. صـ.) ، (مکـ. ، سنـ. ، سیمـ. ، بکـ.) زەویەکــی ماوەیەك بێ نەکێڵدرابێ و کشتوکاڵی لێ‌نەکرابێ . هــس : بۆرە .

بەیاز ــ [= عا : بیاض] ، (نا.) دەفتەرێکی شیعری بە شێوەیێــکی هەڕەمــــە و نازێــك و پێــك تێدانوســرابێتەوە ★ کەشکۆڵ/٣

هس : (لو.) بەیاز : جێگای چۆڵ.

بەیازە ــ [؟] ، (نا.) ، (سنە.) کلکێکی شلك و ساوای هێندێ درەختان کە لێیان دەبڕدرێ و لە جێگەیێکی ترا دەچەقێنرێ (دەنێژرێ) و خۆی ڕێشە دادەکوتێ و دەبێتە دارێکی سەربەخۆ . ★ قەڵەم . (تم : مردۆخ ، ج ١ ، ل ــ ٢١٦) .

١ــ بەیان ــ [؟] ، (نا.) ١ــ وەختێکە لە نێوان شەو و ڕۆژاندا ، دنیا ڕۆناك دەبێ بەڵام هێشتا خۆر هەڵنەهاتوە . دوایی شەو و سەرەتای ڕۆژ . ئەو کاتەی کە نوێژی سبەینانی تێدادەکرێت . لە شەبەقەوە تا خۆرهەڵات . ★ سبە . سبەینە . (بک.) سپێدە ، سەب . (فی.) شەوەکێ ، (لو.) صۆ ، شۆوصۆ . تێب ــ ١) وا دەزانم ئەم ووشەیە لە ووشەی ئاوێستایی (بەمە) بە مانای ڕۆناکایی و درەوشانەوە، وەرگیراوە کە لە زمانی پەهلەویدا بۆتە (بام) و بێجگە لە ماناکانی ئەسڵی ئاوێستایی ، مانای (وەختی سبەینێ)شی بۆ پەیدابوە . ب) دوو ئیحتیمال هەیە بۆ پەیدابوونی ئەم ووشەیە . یەکیان ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ (بەمە)ی ئاوێستایی دەگەڵ (٢ــ ئان/١) یا (٢ــ ئان/٢) تەرکیب بووبێ و بوبێتە (بەمەئان) و (بەمەیان) و (بەوەیان) و (بەمان) . دوەمیان ئەوەیە کە (بەمە)ی ئاوێستایی بوبێتە (بام)ی پەهلەوی و ئەوجار دەگەڵ یەکێ لە (ئان)ەکانی تەرکیب بوبێ و (بامان) یا (بامیان)ی لێ سازبوبێت و لە قۆناغێکی دوایی ترا (باویان) و (بایان)ی لێ کەوتبێتەوە و لەم قۆناغەی ئێستای‌دا چوبێتە قالبی (بەیان)ەوە . ج) وەکو یەکێ لە هاوتاکانی ئەم ووشەیە لە لەهجەی مەزنی باکوریدا (سەب)م نوسیوە، ئەم ووشەیە ئێ بن‌لەهجەی (هەفێرکی)یە ، لەباتی بەیانی باش دەڵێن : (سەبا ڤە بخێر) لەم ڕستەیەدا (سەبا) لە ووشەی (سەب) و (٤ــ ئا) کە ئامرازی ئیزافەیە پێکهاتوە . ٢ــ تم : بەیانی.

٢ــ بەیان ــ [عا : بیان] ، (نا.) ١ــ شەرح و تەفسیر . ٢ــ تم : بەیاننامە .

بەیانان ــ [١ــ بەیان + ٢ــ ئان /٢] ، (بنت.) تم : بەیانی/٢ .

بەیانکردن ــ [عا. کو.] [٢ــ بەیان+ کردن] ، (مصت. لا.) شەرح‌کردن ، ئاشکراکردن ، لێکدانەوە .

بەیاننامە ــ [عا. کو.] [٢ــ بەیان + نامە] ، (نت.) ، (کثێر.) نوسراوێکە دەوڵەتان ، کۆمەڵە و پارتە سیاسییەکان و ئەو جۆرە ڕێکخراوانە ، لە کاتی پێویستدا بڵاوی دەکەنەوە و بیروڕا و هەڵوێستی خۆیانی بەرامبەر مەسەلەیێك یا ڕوداوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێدادەردەخەن . :: بەیاننامەی کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتوەکان دەربارەی مافی مرۆڤ . بەیاننامەی یازدەی ئازار دەربارەی مافی نەتەوایەتی گەلی

کورد لە کوردستانی عێراق . ★ (کعر.) بەیان .

بەیانەکێ ــ [١ــ بەیان + ئەکێ /١] ، (بنت.) تم : بەیانی/٢ .

بەیانێ ــ ١ــ (نت.) ڕۆژێکە ڕاستەوخۆ بە شوێن ئەو ڕۆژەدا دێت کە تێیداین . ڕۆژێک دوای ئیمڕۆ . (چوارشەممە لە چاو سێشەممۆ ، بەیانییە) :: بەیانێ بچۆ باشترە (ئیمڕۆ مەچۆ) بەیانێ جێژنە (ئیمڕۆ جەژن نیە) ★ سبەینێ (بک.) سوبەهێ . (سنـ.) سبێ ، سۆزێ . ٢ــ لە وەختی بەیاندا ★ بەیانەکێ بەیانان ، بەیانییان .

بەیانییان ــ [بەیانێ/٢ + ٢ــ ئان/٢] ، (بنت.) تم : بەیانێ/٢ .

بەیبۆن ــ (نا.) تم : بابنەپێچ .

بەیت ــ [عا.] ، (نا.) ١ ــ شێوەیێکی فۆلکلۆری ئەدەبیاتی کوردییە ، چیرۆکێکی ئەفسانەیی ، داستانێکی دلداری ، مێژوویی یا هەر ڕوداوێکی‌ترە ، شاعیرانی نەناسراو لەسەر وەزن و قافیەی تایبەتی کردوویانە بە شیعر و دەماودەم گەڕاوەتەوە و گەیوەتە دەستی ئێمە . :: بەیتی کاکەمەم و خاتوزین ، بەیتی خەج و سیامەند ، بەیتی دمدم . ٢ــ (کنـ.) قسەی دوورودرێژی بێ بەڵگە و بناغە :: ئەوە چیە دەڵێی بەیتمان بۆ دەکەی (قسەکانت هەر قسەن) . دوو سەعات بەیتی بۆ کردین (قسەی‌کرد) قسەیەکی نەکرد وە قسان بچێ .

بەیتی‌بلە ــ (نت .)] واداره بەیتێك بوە دوور و درێژ و خەڵکی وەپێکەنین خستوە ، بەڵام ئێستا بەیتێك بەم ناوە لەناو بەیتەکانی کوردیدا بەرچاو ناکەوێ] . (کنـ.) قسەی دوورودرێژ . ☐ « گوێ بگرە برا ئەم غەزەلەم نسحەت و پەندە + وا تێمەگە بەیتی بلەیە ، مەیکە بەخەندە » (مەلامارف) .

بەیت و بالۆرە ــ (نت.) تم : بەندوباو . **بەیت و بالۆرە بۆهەڵبەستن** ــ سازکردن و بڵاوکردنەوەی بەندوباو دژی کەسێ یا کەسانێ .

بەیتوباو ــ (نت.) تم : بەندوباو

بەیتوباو بۆڕێکخستن ــ تم : بەیت و بالۆرە بۆهەڵبەستن . ☐ « ... ناوونێتکەیەکی زۆریان داخست و هەزاران بەیت و باویان بۆ ڕێك‌خست . » (قزلجی پێکەنێن، ل ــ ١٠٤) .

بەیچەڵ ــ [بەی + چەڵ]، (صنـ.) حاڵی ئافرەتێکی سكوزا نەکا ، نەزۆك بێ . تێبـ ــ وەکو نیشاندراوە، ئەم ووشەیە لە دوو کەرتی (بەی) و (چەڵ) سازبوە . کەرتی یەکەمیان (بەی) شێوەیەکی تری ئامرازی نەفی (بێ)یە کە لە ووشەی (بەیدەس)ی بنلەهجەی سلەیمانێدا دەبیندرێ، کەرتی دوەم (چەڵ) من وای بۆ دەچم هەر ئەو (چەڵ)ە بێ کە لە ووشەی (ڕەچەڵەك)دایە .

بەیداخ ــ (نا.) ، (سنـ.) ، تم : ئاڵا .

بەیداغ ــ (نا.) ، (مکـ.) تم : ئاڵا. تێبـ ــ ڕەنگە یەکەندەردوو وا بێتە

بەرچاو کە ئەم ووشەیە لە (بەیرەق، بایراق) وەرگیرابێ کە هێندێ لە زانایان لایان وایە ووشەیەکی ترکییە ، بەلام من وای بۆ دەچم کە لە (بەیرەق)ی عارەبییەوە هاتوە کە بەکێك لە ماناکانی (ڕێ‌پێشاندەر)ە و خۆشی لە ووشەی (پیادەك = پیاوە)ەوە کراوە بە عارەبێ .

بەیدەس ــ [بەی (بێ) + دەس]، (صت .) ، (سیم .) حالی کەسێکی دەستەلاتی نەبێ ، توانستی نەبێ ، زەعیف و بێ‌هێز بێ ، نفوزی نەبێ. ★ بەیدەست .

بەیدەست ــ (صە .) ، (سیم .) تم : بەیدەس .

بەیدەست‌کردن ــ (مصت . مت .)، (سیم .) تم : بەیدەس‌کردن .

بەیدەس‌کردن ــ (مصت . مت .) ، (سیم .) زاڵبون بە سەرکەسێدا لەهەر لایەنێك بێ ، مەغلوب‌کردنی یەکێ . بە زەویداکوتانی یەکێ لە زۆرانێدا . هێزی بەربەرەکانێ لێ‌بڕین ★ بەیدەست‌کردن .

بەیرەم ــ [أ] ، (نا.) ، (سنە.) ، تم : باریە .

بەیعەت ــ [= عا : البیعة] ، (نا.) عەهد و پەیمان .

بەیعەت‌پێکردن ــ (مصت . لا.) ڕازی‌بون بە سەرۆکایەتی کەسێ و جڵەوی کاروباری خۆی تەسلیم‌کردن. هەڵبژاردنی سەرۆکی وولات بە شێوەی ئیسلامەتی. تێب ــ أ) بۆ کردنی کەسێ بە خەلیفەی ئیسلام ، موسولمانان کۆدەبنەوە و تەگبیر و ڕاوێژ دەکەن تا ڕایان دێتە سەر یەکێك بێکەن بە خەلیفە . ئەوجار یەکەیەکە هەڵدەستن و دەستی ئەو کەسە دەگرن و دەڵێن : بەیعەتم پێکردێ . ب) خوالێخۆش‌بو قازی محەممەدی شەهید سەرۆکی ئەوە کە بە شێوەیەکی گشتی و ئیمڕۆیی بۆ پێشەوایی و سەرۆکایەتی حکومەتی میللی کوردستان هەڵبژێردرابو ، تا ماوەیێکیش هەر کەس بۆ دیتنی دەچو داوای لێدەکرد (بەیعەتی پێ‌بکا) و دەیگوت تا سەرۆکایەتیەکەی شێوەی شەرعی و ئیسلامەتی وەربگرێ .

بەین ــ [عا.] ، (نا.) ١ــ دوری دو شت لە یەکتر :: مالی دارا و خوسرەو هەر دو مالیان بەینە نێوانیان هێندە خۆشە مۆیان دە بەینەوە ناچێ . ٢ــ پەیوەندی نێوان دو یا چەند کەسان . □ « تۆ دور و من دور ، بەنێیك ببەستێن + بەفرمێسکی چاو ، جۆگێك هەڵبەستێن » . بەینیان تێك‌چوە . ئێستا بەینم لەگەلی نیە . ٣ــ ئالۆدەبێ، گیرۆدەبێ شتێك :: بەینی دەگەڵ جگەرە نیە . ٤ــ وەخت ، دەم ، زەمان :: بەینێکە دیار نیە . لەم بەینانەدا چاوم پێکەوت . بەینێ لەمەوپێش لێرەبو . **بەین‌بەین** ــ ناو بەناو ، جاروبارە :: بەین‌بەین سەریان لێ‌بدە .

بەینەت ــ [أ] ، (نا.) ، (هو.) وەفا . پەیمان . □ « ئامانێ بەڵکم ئێتنە چەپ‌گەردەن + هەر پاسە شادیش نیەن بەینەتش » (مکب : مەولەوێ ، ل ــ ١٦٨) .

بەیەوە ــ [ٲ] ، (نـا.) کۆمەڵـە بەفرێـکی (نا) لـە شـوێنانەوە هەڵێگرتبێ و دە شـوێنێکی قوڵی پەسـتاوتبێ . تێب ــ هـەمۆ ئـەو فەرهەنـگانەی لـەبەر دەسـتمابۆن پشکنیمن ، تەنیا مامۆسـتا تۆفیق وەهبێ ئەم ووشـەیەی نۆسیبۆ .

خوێنــەرانی بەڕێــز !

ئەگەر لە بیرتــان مابێ لە چەند شوێنی سەرەتاکەی بەرگی یەکەمی ئــەم « قامۆس »ەدا مەترسێ خۆم دەربڕیوە کە ڕەنگە « قامۆس » شتێکی بۆ ڕێــك بکەوێ و تەواوبۆن بە خۆیەوە نەبینێ ، ئاشکرایە هەمیشە مەترسێ لە ڕۆداوی خراپ و کارەساتی نالەبار و سەلبێ (مەنفی) دەکرێ کە ببێتە بەرهــەڵستی جێبەجێبۆنی کاران . جا هەر بۆیە منیش ئەوەی بە خەیاڵمدا نەهاتبێ ئــەوە بوە کە ڕۆداوێکی چاك و کارەساتێکی لەبار و ئیجابێ (مثبت) ببێتە بەرهەڵست و کۆسپی سەرڕێگای قامۆس .

ئەم بەرگی دوەمە تەواو نەکەوتبوە ژێر چاپ ، هەرای میللەتانی ئێران دژی ڕژێمی شاهەنشاهێ دەستی پێکرد و بە پێی پەرەسەندنی ئەم شۆڕشــە چالاکێ منیش لە نۆسینەوە و ڕێکخستنی فیشەکانی ئەم بەرگە ، لە کورتێدەدا و بۆمە دەنکە گەنمی نێوان دۆ بەرداشان . لــە لایەکەوە « قاموس »ە و دەستی پێکراوە و هەرچۆنێ بێ دەبێ تەواو ببێ و هێچ نەبێ ئەوەندەی لە ووزەدایــە کاری لەسەر بکرێت ، لەلایەکی تریشەوە چلۆنایەتێ ئێران مەیدانی خەبــاتی سیاسێ نەتەوەی کوردی خۆش کردوە و چەشنی میقناتیس ڕامدەکێشێ .

ئەم حاڵەی من بۆ بە هۆی بەدێهاتنی هەندێ کەم و کۆڕێ لەم بەرگەدا کە هێندێکیان ، خوێنــەوارانی بەڕێــز بــە سەلیــقە دەتوانــن بیزانــن و هێندێکیشیان کە ڕەنگە زۆریش نەبن ، وا لە خــوارەوە عەرزتــان دەکرێ :

١ــ هەڵەی چاپی تێدایە کە لەدواییدا غەڵەتنامەی بۆکراوە .

٢ــ بە پێی ئەو دەستۆرەی کە بۆ ڕێکخستنی ئەم قامۆسە ڕەچاوم کردوە و لە سەرەتای بەرگی یەکەما نیشانم داوە ، ووشەی گەلێ (مرکب) کە لە حاڵەتی ئیزافەدا بن دەبێ لە ژێر (ماك)ێکی ئەسلێدا بنوسرێن ، بەلآم لە هەندێ شوێنی ئەم بەرگەدا هێندێك لەم چەشنە ووشانە وەکو ماکێکی ئەسلێ لەسەری دێڕەوە نۆسراون .

٣ــ ئەم بەرگە ئەگەرچێ لە (ســەربەڕ)ەکەی نۆسراوە . (ب) بــەلآم ووشەکانی کە بە [ب + (ی ، ێ ، ێ)] دەستپێدەکەن تێیدانیــە و ئــەو کۆمەڵە ووشەیەم بە ناچارێ هەڵگرتوە بۆ سەرەتای بەرگی سێیەم .

هەینێ ١٩٧٩/٦/٢٢

بەغدا

نرخی (٢٥٠) فلسه

٣٠٠٠ دانه لەم کتێبە لەچاپ دراوە
دەست پێ‌کردنی لەچاپدان ١٩٧٩/١/١٥
لێ‌بونەوە لە چاپ ١٩٧٩/٨/٣٠

لە کتێبخانەی نیشتمانیدا
ژمارە ١٢٤٧ی ساڵی ١٩٧٩ی دراوەتێ